٤

# جەوهەر و کاکڵەی مافەکانی مرۆڤ


نووسین:

VIBELE BLAKER STRAND

KJETIL MUJEZINOVIC LARSEN

وەرگێڕان: ئیبراهیم ساڵحڕاد (لاجانی)




**پێشکەشە بە:**

گیانی پاکی ڕێبەری گەورەی میللەتەکەمان دوکتور شەرەفکەندی کە فێری کردم و دەرسی دادام کە لە کوردستاندا، خەبات بۆ ماف و ئازادییە ئینسانیەکان لە خەبات بۆ مافە نەتەوایەتیەکانی میللەتی کورد و تێکۆشان بە دژی تەبعیزی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی لێک جیاناکرێنەوە.

# جەوهەر و کاکڵەی مافەکانی مرۆڤ

☐

VIBELE BLAKER STRAND
KJETIL MUJEZINOVIC LARSEN
وەرگێڕان: ئیبراهیم ساڵحڕاد (لاجانی)

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبی تیشک
٢٠٢١ی زایینی

# جەوهەر و کاکڵەی مافەکانی مرۆڤ


**نووسین:**

VIBELE BLAKER STRAND

KJETIL MUJEZINOVIC LARSEN



**وەرگێران:**

**ئیبراهیم ساڵحڕاد (لاجانی)**

**بەراوردی دەقی کوردی و نۆرویژی:**

**عەبدوللا حیجاب**

**پیتچن: عەلی لاله**

**چاپخانەی زانا (سلێمانی)**

**لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبی «تیشک»**

**ژمارە (٤)**

دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

www.govartishk.com



سەرجەم مافەکانی ئەم بەرهەمە بۆ گۆڤاری تیشک پارێزراوە.



Gyldendal – Kundeservice - 01 42 03 22 - sentralbord@gyldendal.no - Organisasjonsnummer 899 163 946 – Besøksadresse - Sehesteds gate 4 - Oslo 0164 – Postadresse - Postboks 6860, St. lavs plass. Oslo 0130

# پێڕست


له جیاتی پێشه‌کی بۆ چاپی کوردی ........ ۹

پێشه‌کی ........ ۱۱

به‌شی یه‌که‌م / مه‌به‌ست له مافه‌کانی مرۆڤ چیه؟

۱.۱ پێناسه ........ ۱۳

۱.۲ په‌ره‌سه‌ندنی مێژوویی مافه‌کانی مرۆڤ ........ ۱۴

۱.۲.۱ ساڵه‌کانی پێش ۱۹۴۵ ........ ۱۴

۱.۲.۲ بیرۆکه‌و ئیده‌ئاڵسازی، قبووڵ کردن، جێبه‌جێو پیاده‌کردنی مافه‌کانی مرۆڤ ........ ۱۵

۱.۲.۳ به‌یاننامه‌ی جیهانیی مافه‌کانی مرۆڤ ........ ۱۶

۱.۳ دابه‌ش نه‌بوون، لێک جیانه‌کرانه‌وه‌و جیهانی بوونی مافه‌کانی مرۆڤ ........ ۱۸

۱.۳.۱ مافه‌کانی مرۆڤ لێک جیا ناکرێنه‌وه‌و به یه‌که‌وه به‌ستراون ........ ۱۸

۱.۳.۲جیهانی بوونی مافه‌کانی مرۆڤ و زه‌وت نه‌کرانی ئه‌وان له هیچ هه‌لومه‌رجێکدا ........ ۲۰

۱.۴ چ که‌سانێک خاوه‌ن مافن یا کێن ئه‌وانه‌ی مافیان هه‌یه؟ ........ ۲۲

۱.۵ کێ له پێوه‌ندی ده‌گه‌ڵ مافه‌کانی مرۆڤ دا ئه‌رکی ده‌که‌وێته سه‌رشان؟ ........ ۲۴

۱.۶ نێوه‌رۆکی به‌رپرسایه‌تیی ده‌وڵه‌ت سه‌باره‌ت به مافه‌کانی مرۆڤ ........ ۲۶

به‌شی دووهه‌م / سیسته‌می نێونه‌ته‌وه‌یی مافه‌کانی مرۆڤ

۲.۱ په‌یماننامه وکۆنڤانسیۆنه نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه‌کانی پاراستنی مافه‌کانی مرۆڤ ........ ۳۵

٢.١.١ گرینگترین پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و................................................ ٣٥
٢.١.٢ تایبەتمەندی‌یە هاوبەشەکانی میکانیزمەکانی چاوەدێریی ................................................................. ٤٢
٢.١.٣ شوورای مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.......................................................................... ٤٨
٢.١.٣.١ ئەرکو مەئموورییەتی شوورا ................................................................................................. ٤٨
٢.١.٣.٢ چاو پێداخشاندنەوەی دەورەیی هەموو لایەنە .............................................................................. ٤٩
٢.١.٣.٣ سازوکار و پرۆسەدیرە تایبەتی‌یەکانی شورا ............................................................................... ٥٢
٢.١.٣.٤ میکانیزمو پرۆسەدیرەکانی پێوەندی‌دار بە سکاڵا کردن.......................................................................... ٥٣
٢.٢ پەیماننامە ناوچەیی‌یەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ............................................................................. ٥٤
٢.٢.١ کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆپاراستنی مافەکانی مرۆڤ............................................................................. ٥٤
٢.٢.١.١ کارکردی کۆنڤانسیۆنەکە.................................................................................................... ٥٤
٢.٢.١.٢ دادگای ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤ........................................................................................... ٥٧
٢.٢.٢ چەند کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی دیکە ............................................................................................ ٦٠
کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی سەبارەت بە قەدەغەبوونی ئەشکەنجە. ................................................................... ٦٢
کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا سەبارەت بە پاراستنی کەمایەتی‌یە میللیو نەتەوەیی‌یەکان.................................................. ٦٣
مەنشووری یەکیەتیی ئۆرووپا بۆ مافە بنەڕەتی‌یەکان............................................................................. ٦٤
٢.٢.٣ کورتەیەک سەبارەت بە چۆنیەتیی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ناوچەکانی دیکەی دونیا............................. ٦٤
٢.٢.٣.١ پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنەکانی دیکەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ............................................................ ٦٤
٢.٢.٣.٢ ئەمریکا............................................................................................................................. ٦٥
٢.٢.٣.٣ ئەفریقا ............................................................................................................................. ٦٦
٢.٢.٣.٤ ئاسیا ................................................................................................................................ ٦٧
٢.٣ پرنسیپە سەرەکیەکانی چۆنیەتی پیادەکردنی کۆنڤانسێۆنە نیونەتەوەییەکان........................................................ ٦٨
٢.٣.١ مێتۆدەکانی یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤو سەرچاوەکانی................................................................ ٦٨
٢.٣.١.١ ئەسڵە سەرەتایی‌یەکان........................................................................................................ ٦٨
٢.٣.٢.١ ئەسڵی کارایی .................................................................................................................. ٧٢
٢.٣.١.٣ ئەسڵی لێکدانەوەی دینامیکی کۆنڤانسیۆنەکان ............................................................................. ٧٤
٢.٣.١.٤ ئەسڵی لێکدانەوەی ئامانجدار................................................................................................. ٧٦
٢.٣.٢ بوارو مەیدانەکانی بەکارهێنانو کار پێکردنی کۆنڤانسیۆنەکان ............................................................... ٧٨
٢.٣.٣ مەرجەکانی پێ‌ڕاگەیشتنی نێونەتەوەیی بە سکاڵاو شکایەتە تاکەکەسی‌یەکان....................................................... ٨٢
٢.٣.٤ پرنسیپی رێژەیی.................................................................................................................. ٨٦
٢.٣.٥ دەسەڵاتی دەوڵەتو پرنسیپی چاوپۆشی لێ‌کردن ............................................................................ ٨٧

بەشی سێهەم / مافە سەرەکی و بنەڕەتیەکان


٣.١ مافی بەرابەریی هەمووان بۆ پاراستن لە بەرامبەر جیاوازیدانان‌دا .............................................................. ٩٣
٣.١.١ جیاوازی‌دانان‌و هەڵاواردن لە کۆنڤانسیۆنە جۆراوجۆرەکان‌دا. ..................................................... ٩٤
٣.١.٢ پێوەندیەکانی نێوان پاراستنی تاکەکەس‌و پاراستنی گرووپی‌و بەکۆمەڵ. ......................................... ٩٧
٣.١.٣ چوارچێوە وسترەکتوری قەدەغەبوونی جیاوازی‌دانان ................................................................ ٩٩
٣١.٣.١. شێوە لاوەکی‌و غەیرە لاوەکی‌یەکانی قەدەغە بوونی جیاوازی‌دانان.................................................. ٩٩
٣.١.٣.٢ کەی جیاوازی‌دانان ڕوو دەدات؟.................................................................................... ١٠٢
٣.١.٤ لایەنە سترۆکتووری‌یەکانی پاراستن بەرانبەر بە جیاوازی‌دانان ...................................................... ١٠٤
٣.٢ مافی ژیان.................................................................................................................. ١٠٩
٣.٣ قەدەغە بوونی ئەشکەنجە ........................................................................................... ١١٣
٣.٤ قەدەغە بوونی کۆیلەتی، بێگاری‌و کاری زۆرەملی.................................................................. ١١٩
٣.٥ مافی ئازادی‌و ئەمنیەت‌و ئاسایشی شەخسی ..................................................................... ١٢٢
٣.۶ ئازادیی هاتوچۆ........................................................................................................ ١٣٠
٣.٧ مافی بەرانبەریی بەرامبەر قانوون، مافی دەستڕاگەیەشتن بە مەحکەمەو دادگایەکی عادڵانە ........ ١٣٣
٣.٧.١ بڕیارەکانی کۆنڤانسیۆنەکان.......................................................................................... ١٣٣
٣.٧.٢ کێشە مەدەنی‌و جینایی‌یەکان........................................................................................ ١٣٥
٣.٧.٣ نێوەرۆک‌و پێداویستی‌یەکانی موحاکەمەیەکی عادڵانە............................................................ ١٣٧
٣.٨ ڕێز گرتن لە ژیانی شەخسی‌و بنەماڵەیی‌و هتد .................................................................. ١۴١
٣.٩ ئازادیی دین‌و روانگە فەلسەفی‌یەکانی ژیان ...................................................................... ١۴۵
٣.١٠ ئازادیی بەیان‌و ڕادەربڕین......................................................................................... ١۴٩
٣.١١ ئازادیی کۆبوونەوەو پێک‌هێنانی کۆڕو کۆمەڵەکان................................................................. ١۵٣
٣.١٢ مافە سیاسی‌یەکان ................................................................................................. ١۵۵
٣.١٣ مافی خوێندن ......................................................................................................... ١۵٨
٣.١٣.١ سەرەتا.................................................................................................................. ١۵٨
٣.١٣.٢ دەستڕاگەیشتن بە خوێندن ........................................................................................ ١۶٠
٣.١٣.٣ مافی دایک‌و باوکان.................................................................................................. ١۶٢
٣.١٣.۴ ئەو داواکاری‌یانەی لە پێوەندی دەگەڵ نێوەرۆکی خوێندن‌و فێربوون‌دا......................................... ١۶٣
٣.١۴ مافی کار ................................................................................................................ ١۶۶
٣.١۵ مافی هەبوونی ستانداردێکی ژیانی جێگای ڕەزامەندی............................................................. ١٧٠
٣.١۵.١ سەرەتا.................................................................................................................. ١٧٠

٣.١٥.٢ مافی سەرپەناو شوێنی ژیان «خانوو» ........ ١٧٢
٣.١٥.٣ مافی دەستڕاگەیشتن بە خواردەمەنی ........ ١٧٥
٣.١٥.٤ دابین بوونی ئاو ........ ١٧٧
٣.١٦ مافی دەستڕاگەیشتن بە پێداویستی‌یە تەندرووستی ولەش‌ساخی‌یەکان ........ ١٧٩
٣.١٧ مافی بیمەی کۆمەڵایەتی ........ ١٨٥
٣.١٨ مافە کولتووری‌و فەرهەنگی‌یەکان ........ ١٨٩
٣.١٩ مافی خاوەنداریەتی ........ ١٩٢
٣.٢٠ مافەکانی منداڵ ........ ١٩٣
٣.٢٠.١ سەرەتا ........ ١٩٣
٣.٢٠.٢ پرنسیپی وەبەرچاوگرتنی باشترین قازانجو بەرژەوەندی‌یەکانی منداڵ ........ ١٩٤
٣.٢٠.٣ مافی ژیان‌و گەشەو هەڵدان ........ ١٩٧
٣.٢٠.٤ مافی منداڵ بۆ گوێ لێ گیران ........ ١٩٩
٣.٢١ مافەکانی کەمایەتی‌یەکان,گەلان‌و خەڵکە بوومی‌و خۆجێی‌یەکان ........ ٢٠١
٣.٢٢ مافەکانی پێوەندی‌دار بە ژینگەوە ........ ٢٠٥
٣.٢٣ مافی بەهرەمەند بوون لە سازوکارە قانوونی‌یە کارا و کاریگەرەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ........ ٢٠٧
بەشی ٤ / سنوردانان و ڕیزپەڕەکان
٤.١ میتۆدو شێوە جۆراوجۆرەکانی سنووردارکردن و ئیستیسنا دانان ........ ٢٠٩
٤.٢ پابەند نەبوون ........ ٢١٠
٤.٣ مافی دەست تێوەردان ........ ٢١٥
٤.٤ لێکدانەوەی یاساکانی پێوەندی‌دار بە سنووردار کردن‌و ئیستیسنا دانان ........ ٢١٨
بەشی پێنجەم / بەرەو داهاتوو
سەرچاوەکان ........ ٢٢٣

## لە جیاتی پێشەکی بۆ چاپی کوردی

شـــتێک هەیە کە ئێمە مامۆســـتایان هەرگیز بە ئەندازەی پێویســـت فێری نابین. ئەویش چۆنیەتی فێرکردن و بردنەپێشی بایەخە دیمۆکراتیکان و ڕێگاخۆشکردن بۆ فێرکردن و پیادەکردنی ئەوان بە شـــێوەیەکی باش و مەحکەمە. ئاســـانە بچینە ژێر کاریگەری ئەو کەسانەمان کە لە نێو ئێمەدا چاک پەروەردەکراون تا دونیا پێناسە بکەن. گوێ گرتن لەو کەسانە کە بە دڵی ئێمە پێناسەی ڕاستیەکان دەکەن، دەتوانێ شتێکی خۆش بێ. لەو ڕێگایەوە دەتوانین گوێمان لە دەنگەکان بێ و دێمۆکراسیش بەڕواڵەت وەبەرچاوگیرابێ، بەڵام وەک مامۆستا قەت ناتوانین هەر بەوە ڕازی بین. ئێمە دەزانین کە لەو بارەوە پێویســـتیەکی زۆرترمان هەیە. لەســـەرمانە ڕێگاو مەیدان بۆ بیستنی دەنگە کز و لاواز و بێ دەنگەکان و تەنانەت دەنگە ســـەرکوتکراوەکانیش خۆش کەین. پێویستە لەسەرمان پشتیوانی و ئەمنیەت و ئاسایش بۆ بیستنی ئەودەنگانە بخولقێنین کە دەتوانن شتی تازە و ڕوانگەو بیرو بۆچوونی تازە بێننە پێشەوە، تەنانەت ئەگەر بمانبەنە ژێر پرسیاریش. لە ڕاستی دا لەسەرمانە فێربین و خۆمان لەســـەر ئەوە زۆرتر ڕابێنین کە ببینە گوێ گرێکی باش. وەک مامۆســـتا هەر ئەوەندە بەس نیە کە منداڵان و لاوان بەرینە نێو دونیا، بەڵکوو پێویســـتە لە کاتی کارکردن دەگەڵ ئەواندا دونیاش بێننە نێو کارەکەمانەوە. لەو ڕێگایەوە مامۆســـتاکان دەبنە قوتابی و قوتابیەکانیش دەبنە مامۆســـتا. دیارە کارێکی لەو چەشـــنە پێویســـتی بە ئازایەتیە، بەڵام تەنیا لەو ڕێگایەوە لاوان و مێرمنداڵان دەرفەتی وەک یەکـــی ئەوتۆیان بۆ دەرەخســـێ تا لە بنیات نان و شـــکڵ پێدانی داهاتـــووی خۆیاندا پێکەوە بەشداری بکەن. ئەوان شایانی ئەوەن کە گوێیان  لێ بگیرێ و شانسی ئەوەشیان بدرێتێ کە بتوانن

گوێ لە کەسانی دیکە بگرن. دیارە ئەوە کارێکی ئاسان نیە، بەڵام ئیمکانی جێ بەجێ بوونی هەیە.

هەندێک ئینسان هەن هەمیشە شتێکی کەمێک زیاتریان پێ یە. ئەوان وادەکەن کە بیرەکان، ڕوانگەکان، تاقی کردنەوە و ڕامان و باس و لێکدانەوەکان، وەک تۆو لە نێوماندا بڵاو ببنەوە و دەبنە هاندەرێک تا چ لە نێو پۆل و چ لەدەرەوەی پۆلدا کەمێک باشتر گوێ بگرین. بۆ من ئیبراهیم سالح ڕاد یەکێک لەو کەسانەیە. هەرجارێک کە دەیبینم و تووشی دەبم بۆمن وەک ئەوە وایە کە چاوێکی گشتی بە دونیایەدا بگێڕم. کەم کەسم دیوە بە ئەندازەی ئەو پڕ زانیاری بێ و وەک نابراویش بەرانبەر قوتابی و خوێنکاران ئاوا دڵ گەورەو سنگ فراوان بێت. ئاخر زانیاریت لەسەربابەتێک هەبێ شتێکەو، بیرو باوڕو ئیدەکانت بکەیە کردەوە و ڕەفتار، شتێکی تر. ئیبراهیم هەردووکیان بە یەکەوە ئەنجام دەدا. هەرچەند دەزانم کە ئیبراهیم هەرگیز ئەوەم لێ قبووڵ ناکا، بەڵام دەبێ بڵێم کە لەو کاتانەدا کە وەک هاوکار کارمان پێکەوە کردوە، ناوبراو یارمەتی بەوە کردوە کە پتر گەشەبکەم و ببمە مامۆستایەکی باشتر و ئینسانێکی کامڵتر. لەو بارەوە سوپاس گوزارم. هەربۆیەش نوسینی ئەو چەند دێڕانە لە جیاتی پێشەکی بۆ وەرگێڕانی ئەو کتێبە بەنرخە بۆ سەر زمانی کوردی بە شانازی دەزانم. من بڕوای قوڵم بەوە هەیە کە بە چاوێکی گشتی دونیا ببینم و هەروەاش تەماشای بکەم. ئەوەش ڕەنگە ئیمکانی ئەوەمان بۆ پێکبێنێ تا فێربین باشتر گوێ لەو بابەتانەش بگرین کە باسی ئەوەدەکەن کە دونیا پێویستە چۆن بێت. ئەو دونیایەی کە پێکەوە دەمانەوێ درووستی کەین.

Cecilie Perez

بەرپرسی بەشی فرە کولتور و فرەفەرهەنگی لە دەستەی بەرێوەبەرایەتی سەندیکای پیشەیی مامۆستایان لە پارێزگای ڤیکن لە نۆروێژ

مارسی ٢٠٢١

# پێشەکی

ئــەم کتێبە بریتی‌یە لە کورتەباســێک ســەبارەت بەو مافو ئازادی‌یانەی مرۆڤ کە لە سیســتەمو میکانیزمە نەتەوەیی‌و نێونەتەوەیی‌یەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ دا، دەپارێزرێن. مەبەست لەو کتێبە ئەوەیــە کە هەموو ئەوانەی دەیانەوێ لەســەر مافەکانی مرۆڤ زانیاری وەدەســت خەن، بێ‌ئەوەی پێویســت بێ لە پێش دا ســەبارەت بە بابەتەکە زۆر بزانن، بتوانن بیخوێننەوەو کەڵکی پێویســتی لێ‌وەرگرن.

لەبەرئەوەی تێکۆشاوین کە تەنیا جەوهەرو کاکڵی باسەکان بخەینە بەرباس، بابەتەکان بە کورتی دارێژراون. بەڵام لە هەمان کاتدا، هەوڵمان داوە سەرچاوەی جۆراوجۆری دیکە لە کۆتایی بابەتەکان دا، بۆ ئەو خوێنەرانە کە دەیانەوێ شــارەزایی زۆرتر لەســەر بابەتێکی دیاری‌کراو، وەدەســت خەن، دەستنیشان کەین.

زۆر سوپاســی Agneszka Cybulska دەکەین کە لە رەوتی ئامادەو کۆنترۆڵ کردنی چۆنیەتیی کتێبەکــەدا، هاوکاری‌یەکی زۆری دەگەڵ کردین. هەر بەو جۆرە سوپاســی Ida .V . Kyhringش دەکەین کە لە هیچ یارمەتی‌و هاوکاری‌یەکی پێویســت لە کاتی ئامادەکردنی کتێبەکەدا، درێغی‌یان لەگەڵمان نەکرد.

Oslo Oktober 2015

Vibeke Blaker Straud

Kjetil Mujezinovic Larsen

# بەشی یەکەم
# مەبەست لە مافەکانی مرۆڤ چیە؟

## ١.١ پێناسە

بەزەحمەت دەتوانین بەشێوەیەکی وردو هەمولایەنە زاراوەی «مافەکانی مرۆڤ» پێناسە بکەین. بەشێوەیەکی ئاسایی دەگوترێ مافەکانی مرۆڤ، ئەو مافو ئازادی‌یانەن کە بۆ هەر مرۆڤێک بە حوکمی ئینسان بوونی، لەبەرچاو دەگیرێن‌و بە ڕەسمی ناسراون. بەو حاڵەش پێناسەیەکی لەو چەشنە کە زۆرتر لە یاسای سروشتی‌یەوە(Natural Law) سەرچاوە دەگرێ، لە کردەوەدا و لە کاتی بەکارهێنان‌دا، سنووردارەو تووشی ئاستەنگمان دەکات. لەوەش زیاتر، تەنانەت ئەگەر بمانەوێ مافەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمایەکی قانوونی‌و حقووقیشەوە پێناسە بکەین، بەزەحمەت دەتوانین پێناسەیەکی باش بەدەستەوە بدەین.

بە شێوەیەکی گشتی لە پێناسەکردنی مافەکانی مرۆڤدا دەگوترێ: ئەو مافو ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یانەن کە تاکەکەس، بەگوێرەی پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکان‌و عورفی نێونەتەوەیی، لە بەرامبەر کاربەدەستانی دەوڵەت‌دا، لێ‌یان بەهرەمەند و بەرخوردارە»[1]. واتە مافەکانی مرۆڤ بەو مافو ئازادی‌یانە دەگوترێن کە بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکان‌و عورفو پراکسیسی نێونەتەوەیی، تاکەکەس لە بەرامبەر کاربەدەستانی دەوڵەت‌دا دەپارێزن‌و کاربەدەستانی دەوڵەت ئەرک‌دار دەکەن تا بۆ هەموو کەسێک، لەبەر چاویان بگرن.

1. Hostmalingen (2012) s.33

ئەو مافو ئازادی‌یانە «بێ وەبەرچاوگرتنی ئەو سیســـتەمە قانوونی‌یەی کە مرۆڤی لەنێودا دەژی، تەعبیر لە ویستو داخوازە بنەڕەتی‌یەکانی تاکەکەس دەکەن»[1]. یا «ئەو تێبینیو داخوازە ئەخلاقی‌یە بنەڕەتی‌یانەن کە هەموو سیستەمە حقووقیو یاساییەکان، کەمو زۆر بەگوێرەی بەندەکانی دەستووری وڵاتو ڕێککەوتننامـــە نێونەتەوەیی‌یەکان، پێویســـتە دابینو دەســـتەبەریان بکەن»[2]. خاڵی بەهێزی ئەو جۆرە پێناســـەیە ئەوەیـــە کە زاراوەی مافەکانی مرۆڤی لەگەڵ یاســـا و قانوون لێک گرێ دەدا. بەومانایەی کە مافەکانی مرۆڤ لەلایەن سیستەمی حقووقیو قەزاییەوە، دەپارێزرێن.

بەڵام ئەو پێناسەیە خاڵێکی لاوازیشی تێدایە. ئەویش ئەوەیە کە تا ڕادەیەک ئەوە ڕەد دەکاتەوە کە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ، سەربەخۆ لە یاساو قانوونەکانی وڵاتو ڕێککەوتننامە نێونەتەوەیی‌یەکان هەن یا وجوودیان هەیە. یانی ئەو ڕاســـتی‌یە دەخاتە پشـــت گوێ کە مافەکانی مرۆڤ ســـەربەخۆ لە یاســـاو قانوونەکانـــی وڵاتو پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکان، هەنو پێویســـتە وەبەرچاو بگیردرێن. بەگوێـــرەی پێناســـە قانوونی‌یەکە، مافەکانی مـــرۆڤ ئەو نۆرمانەن کە ئەکتـــەرە نێونەتەوەیی‌یەکان واتە دەوڵەتەکان، لەســـەریان ڕێککەوتوونو پێیان دەڵێن مافەکانی مرۆڤ. پێناســـەیەکی لەو جۆرە مەیدانێکـــی تەنگەبەرمـــان دەخاتە بەردەم، بەڵام لە کردەوەدا دەتوانێ ئەو مەبەســـتانە دەســـتەبەر بـــکات کە ئێمە لـــەو کتێبەدا بەدوایانەوەین. ئاخر کاتێک ئێمە لەو کتێبەدا باس لە مافەکانی مرۆڤ دەکەین، مەبەســـتمان ئەو مافو ئازادی‌یانەن کە لە یاســـاکانی وڵاتان و کۆنڤانســـیۆنو پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکاندا، باســـیان لێ دەکرێ، نـــەک مافەکانی مرۆڤ بەو جۆرەی کە وەک فکرو ئیدەو نۆرمی ئەخلاقی هەنو قسەیان لەسەر دەکرێ.

## ۱.۲ پەرەسەندنی مێژوویی مافەکانی مرۆڤ

### ۱.۲.۱ ساڵەکانی پێش ۱۹۴۵

مافە نێونەتەوەیی‌یەکانی مرۆڤ بەو جۆرەی کە ئێســـتا لێ‌یان تێ‌دەگەین، بەشێوەیەکی سەرەکی لە دوای ساڵی ۱۹۴۵ەوە گەشەیان کردووە، بەڵام لەڕاستی‌دا ئەوان ئاکامی پەرەسەندنێکی دوورودرێژن کە چەند هەزار ساڵی خایاندوە.

ئەو پێناســـەیەی لە ســـەرەتای ئەم باسەدا بۆ مافەکانی مرۆڤمان کرد، لەسەر بناخەی یاسای سروشـــت(Natural Law) دامەزراوە. دوکتورینی یاسای سروشت، سێسەد ساڵ پێش لەدایکبوونی مەســـیح لە یۆنانی کۆن دا لەسەر دەستی فەیلەســـووفە ڕوواقیەکانەوە (Sofists) سەری هەڵداوە. بەگوێرەی دوکتورینی یاســـای سروشت، هەموو مرۆڤەکان بەشـــێوەیەکی گشتیو بنەڕەتی خاوەنی هەندێک مافو ئەرکن کە دەکەونە ســـەرووی هەمووی ئەو یاسا وقانوونانەی کە مرۆڤ خۆی دیاری

1. Opshal (1995) s.219 / Aah (2015) s.22
2. Andernas/ Fliflet (2006) s.379

کـــردوون یان ڕێکیخســـتوون. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە دواتر بوو بە بەردی بناخەی گەشەســـەندنی بیرۆکەی بایەخی ئینســـانی (human Value). بیرۆکەیەک کە دەڵێ بە گشـــتی هەموو ئینسانەکان نرخو بایەخی ئینسانیی وەک یەکیان هەیەو خاوەنی عیزەت و کەرامەتن. هەزاروپێنجسەد ساڵ بەر لەو دەم، ئەوان هەندێک یاســـاو ڕێســـای تایبەتیان بۆ پاراستنی خەڵکی سیڤیلو بێدیفاع لە کاتی شەڕدا پەرەپێدابوون. بەڵام بۆ یەکەم جار لە دوای پەیدا بوونی فەیلەسووفە ڕواقیەکانەوە بوو کە ئەو بیرۆکەیە چرۆی کردو گەشـــەی ســـەند کە دەڵێ مرۆڤەکان خاوەنی هەندێک مافو ئازادین، کە چ لە کاتی شەڕو چ لە کاتی ئاشتیدا، نابێ پێشێل بکرێنو پێویستە لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتو کەسانی دیکەوە، بپارێزرێن.

دواتـــر بـــەرە بەرە بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێگای پەســـەند کرانی ئـــەم پەیماننامانەوە کە لێرەدا ناویان دەبەین، پتر پەرەی ســـەند. پەســـند کرانی پەیماننامەیMagna Carta لە ئینگلستان لە ســـاڵی ١٢١٥دا، پەســـند کرانی بەیاننامەی Bill of Rights لە ئینگلســـتان لە ساڵی ١٦٨٩دا، پەسند کرانی بەیاننامەی سەربەخۆیی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٧٦دا، پەسند کرانی بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ لە فەرانسە لە ساڵی ١٧٨٩دا. دواتر لە ماوەی ساڵانی نێوان ١٨٠٠ تا ١٩٠٠دا زۆربەی یاساو ڕێســـاو پرنســـیپەکانی نێو ئەو پەیماننامانە لە دەستوورو یاســـای بنەڕەتیو قانوونی ئەساسی وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا جێگای خۆیان کردەوە.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، دونیا شاهیدی گەلێک ڕووداوی گەورەو پڕ لە کارەسات بوو. شـــەڕەکانی یەکـــەمو دووهەمی جیهانـــی، بەکارهێنانی بۆمبای ئەتۆم، ژینۆســـایدو قەتڵوعامی جوولەکەکان، ئەمانەو گەلێک کارەساتی دیکە، وەک قەیرانی ئابووریی ساڵەکانی نێوان شەڕی یەکەمو دووهەمی جیهانی، بوون بە هۆی ئەوە کە ئەو وشیاریو ئاگاهییە پەرە بگرێ کە پێویستە سنوورێک بۆ چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی وڵاتان لە بەرانبەر هاووڵاتیاندا دابنرێ. لە ساڵی ١٩٤٥دا ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتـــووەکان(United Nations) دامەزرا. ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەمەبەستی ڕاگرتنو پاراستنی ئاشتیو ئەمنیەتو ئاسایشی نێونەتەوەییو «پەرەپێدانو بردنە پێشی ڕێـــزو حورمەت بۆ مـــافو ئازادییە بنەڕەتییەکانـــی مرۆڤ بۆ هەموو ئینســـانەکان، بێهیچ جۆرە جیاوازیدانانێک لەسەر ئەساسی ڕەگەز، جنسیەت، زمانو دین، دامەزرا»[1]. بەو جۆرە لە ساڵی ١٩٤٨دا بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن کۆڕی گشـــتیی ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، پەسندو بڵاو کرایەوە.

### ١.٢.٢ بیرۆکەو ئیدەئاڵسازی، قبووڵ کردن، جێبەجێو پیادەکردنی مافەکانی مرۆڤ

بیرۆکەو ئیدەئاڵســـازی، قبووڵ کردن، جێبەجێو پیادەکردنو پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤ بە سێ

1. FN pakten,art. 1 (3)

قۆنـــاخدا تێدەپەڕێ. ئەو قۆناخانە پێیان دەگوترێ قۆناخی بیرۆکەو ئیدەئال‌ســـازی، قۆناخی قبووڵ کردن‌و قۆناخی جێبەجێ کردن‌و پیادەکردن. مەبەست لە ئیدەئاڵ‌سازی بریتی‌یە لە چەکەرەکردن‌و پەرەســـەندنی بیرۆکەو ئیدەی مافەکانی مرۆڤ وەک بایەخێـــک لە ڕێگای بیرکردنەوەو لێکدانەوەی فەلسەفی‌و سیاسی، یان بەشێوەیەکی دیکەی لەو چەشنە.

مەبەســـت لە قبـــووڵ کردن‌و بەئەرێنی دەرهێنانـــی مافەکانی مرۆڤ، بریتی‌یـــە لەوەی کە ئەو بیرۆکەو ئیدە ئالانە، لە فکرو ئیدەوە بکرێنە مافو بەگوێرەی یاساو قانوون دابڕێژرێن ولە پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکان‌و یاساو قانوونی وڵاتەکان‌دا جێیان بۆ بکرێتەوە. واتە لە ئیدەو فکرەوە ببن بە نۆرمو یاساو ڕێسا. مەبەست لە جێبەجێ کردن و پیادە کردن بریتی‌یە لەوەی کە ئەو مافو ئازادیانە لە ڕێگای میکانیزمی پێویستەوە لە کردەوەدا بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانگرنەوە، بەرجەستەو جێبەجێ بکرێن‌و بەگوێرەی قانوون دەســـتەبەر بکرێن. واتە لە نۆرمێکی نووســـراوی سەر کاغەزەوە ببنە واقعییەتێکی عەینی‌و مافێکی قانوونی کە لە دادگاکان‌دا پیادە بکرێن.

هەموو ئەو قۆناخانە، لە پەرەســـەندن‌و چوونە پێشـــی مافەکانی مرۆڤدا، بایەخ‌و گرنگیی تایبەت بە خۆیان هەیەو پێویســـت بوونە و ئێســـتاش هەر بە پێویســـت دەزانرێن. ئەمـــڕۆش ئەو قۆناخانە پێکەوە دەڕۆنە پێش. لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا، ئیدەئاڵ‌سازی‌و بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ هەر وا پتر دەوڵەمەند دەبێ‌و ئیدەو فیکری نوێ لەو بارەوە سەر هەڵدەدەن‌و دێنە گۆڕ. هەر لەو کاتەدا، بەردەوام بیرۆکەو ئیدەی تازەش ســـەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا، پەسند دەکرێن‌و بە شکڵ‌و شێوەی پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنی نوێ دێنە کایەوەو لەلایەن وڵاتانەوە قبووڵ‌و ئیمزا دەکرێن. هـــەر بەو جـــۆرە بەردەوام ئەو مافو ئازادی‌یانـــە کە لە پەیماننامـــە نێونەتەوەیی‌یەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤدا پەسند کراون، تادێ پتر لەلایەن دەوڵەتەکانەوە ڕێزیان لێ دەگیرێ، دەپارێزرێن‌و بێ جیاوازی بۆ هەموان جێبەجێ‌و پیادە دەکرێن.

### ١.٢.٣ بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ

بەیاننامـــەی جیهانیـــی مافەکانی مـــرۆڤ وەک بڕیارنامەیەک لەلایەن کۆڕی گشـــتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە لە ڕۆژی ١٠ی دیسامبری ١٩٤٨ی زایینی‌دا پەسند کرا.[١] کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە ساڵی ١٩٤٦ی زایینی‌یەوە کاری لەسەر ئامادە کردنی ئەو بەیاننامەیە دەســـت پێ‌کردبوو، نەیتوانی بەیاننامەکە بەجۆرێک ئامادە بکا کە ببێتە تێکســـتێکی قانوونی‌و هەموو وڵاتانی ئەندام ناچار بکا کە وەک یاســـا پەیڕەویی لێ بکەن‌و ببێتە کۆنڤانسیۆنێکی نێونەتەوەیـــی. هەر بۆیە لە جیاتی ئەوە، ســـاخ بوونەوە کە لە پێش‌دا ڕاگەیەندراوێک ســـەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ بڵاو کەنەوە. واتە بەیاننامەیەک کە وڵاتەکانی ئەندام لە باری یاســـایی‌یەوە ئەرک‌دار

---

١. بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، لەو تێکستانە کە لە دونیادا، بۆ سەر زۆرترین زمان وەرگێردراوە. www.ohchr.org

نەکا کە ناچار بن پەیڕەویی لێ بکەن. بەمجۆرە دواتر لەســەر کۆنڤانســیۆنێک یان پەیماننامەیەکی لەو بابەتە ڕێککەوتن کە لە باری قانوونی‌یەوە وڵاتەکان ئەرک‌دار و ناچار بکات پەیڕەویی لێ بکەن[١].

بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە پێشــەکی‌یەکو ٣٠ ماددە پێک هاتووە. پێشەکی‌یەکە باس لەو پرنســیپە گشــتی‌یانە دەکات کە بەیاننامەکەیان لەسەر بنیات نراوە. وەک ئەوە کە «قبووڵ کردنو دان نان بە بایەخی ئینسانیو مافی وەک یەکی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی مرۆڤایەتی، کە لە هیچ کاتێکدا ئەو بایەخو مافانەیان لێ زەوت ناکرێن، بە بەردی بناخەی ئازادی، عەداڵەتو ئاشتی لە دونیادا بەحیساب دێ». پێشەکیی بەیاننامەکە لەوەش زیاتر دەڕواتە پێشو دەڵێ ئەو بەیاننامەیە «بە ئامانجی هاوبەشی هەموو گەلانو میللەتەکان» لەقەڵەم دەدرێ. بەندی یەکەمی بەیاننامەکە بناخەی بیرۆکــەی مافەکانی مرۆڤ دادەڕێــژێو دەڵێ: «هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک دەبنو لە ڕووی کەرامەت، شکۆمەندیو مافەکانیانەوە یەکسانن. هەمووان خاوەنی ژیریو ویژدانو دەبێ بە گیانێکی برایانە دەگەڵ یەکتر ڕەفتار بکەن».

بەیاننامەکــە ڕوانگەیەکی بەرینی بۆ مافەکانی مرۆڤ هەیەو مافە مەدەنیو سیاســیو ئابووریو کۆمەڵایەتــیو فەرهەنگی‌یــەکان دەگرێتە خــۆ. ماددەکانی دوو تا بیســتویەک، گرینگترین مافە مەدەنیو سیاســی‌یەکان، وەک مافی ژیان (ماددەی٣)، قەدەغەبوونی شکەنجە (ماددەی٧)، ئازادیی بەیان (ماددەی ١٩)، دەخەنە بەر باس. ماددەکانی بیســتودوو تا بیســتوحەوت گرینگترین مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری‌یەکان، وەک مافی بیمەو زەمانەتی کۆمەڵایەتی (ماددەی ٢٢) مافی کار (ماددەی ٢٣) مافی بەرخورداربوون لە ستانداردێکی ژیان کە پێداویستی‌یەکانی مرۆڤ دابین بکا (ماددەی ٢٥)، مافی خوێندن (ماددەی ٢٦) دەگرنە خۆ. لە کۆتایی‌دا لە ماددەی بیستوهەشتەم دا بەیاننامەکە پێ لەسەر پێویستیی لەگۆڕێ دابوونی «نەزم یا سیستەمێکی کۆمەڵایەتیو نێونەتەوەییی ئەوتۆ کــە بتوانێ هەموو ئەو مافو ئازادی‌یانە جێ‌بەجێو پیادە بــکا کە لە بەیاننامەکەدا هاتوون»، دادەگرێ (ماددەی٢٨).

جێگەو پێگەی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە ڕووی قانوونیو یاسایی‌یەوە جێگای باسو لێدوانی زۆرو دژ بە یەکە. ئەگەر وەک بڕیارنامەیەکی پەسند کراو لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ســەیری بکەین، خۆی لە خۆی‌دا لە باری قانوونی‌یەوە ئەرکی یاسایی ناخاتە سەر شانی دەوڵەتەکانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان. بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەگوترێ کە ئەمڕۆ زۆربەی بەندەکانی بەیاننامەکە «بەڵام نەک هەموویان» وەک بەشێک لە عورفو پراکسیسی نێونەتەوەیی تەماشایان دەکرێ[٢]. لە حاڵێکی ئاوادا بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی، لە باری قانوونی‌یەوە، پێویستە جێبەجێ بکرێن ودەوڵەتەکان پەیڕەوی‌یان لێ بکەنو وەبەرچاویان بگرن.

---

١. تەماشای خاڵی ١، ٢ کۆنڤانسیۆنی نەتەوەیەکگرتووەکان، پەسندکراوی ساڵی ١٩٦٦ بکە.

٢. عورفی نێونەتەوەیی بەو پراکسیسە دەگوترێ کە دەوڵەتەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەڕێوەی دەبەن، هەربۆیەش وەک یاسا دەناسرێت. Evidence of general practice accepted as law

## ۱.۳ دابەش نەبوون، لێک جیانەکرانەوەو جیهانی بوونی مافەکانی مرۆڤ

### ۱.۳.۱ مافەکانی مرۆڤ لێک جیا ناکرێنەوەو بە یەکەوە بەستراون

مافە نێونەتەوەیی‌یەکانی مرۆڤ چ لە باری نێوەرۆکو چ لەو بارەوە کە چ ئەرکێک دەخەنە سەر شانی دەوڵەتـــەکان، مەیدانێکی بەرین بۆ خۆیان داگیر دەکەن. ئامانجی هەندێک لە مافەکانی مرۆڤ هەر لە بنەڕەتڕا ئەوەیە کە ســـنوورێک بۆ ڕەفتارو هەڵسوکەوتی دەوڵەت بەرانبەر بە تاکەکەس دابنێن (ئەرکە نەرێنی‌یەکان). Negative Obligations

بەڵام لەلایەکی دیکەوە مەبەســـت لە زۆربەی هـــەرە زۆری مافەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە دەوڵەت ناچار بکات هەموو ئەو مافو ئازادی‌یانە بۆ تاکەکەسەکان دابینو دەستەبەر بکات کە لە بەڵگەنامەو رێککەوتننامـــە نێونەتەوەیی‌یـــەکان‌دا هاتوون (ئەرکـــە ئەرێنی‌یـــەکان Positive Obligations. لە هەمـــان کات‌دا زۆربەی مافەکانی مرۆڤ کـــەموزۆر لایەنو رەگـــە جۆراوجۆرەکانی ئەرکە نەرێنیو ئەرێنی‌یەکانیان لەخۆیان دا جێ کردوونەتەوە.

پەســـند کرانی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکان (International covenant on civil and political rights)و کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی‌یەکان (International covenant on economic, social and cultural rights) لە ساڵی ۱۹۶۶دا، لە هەندێک هەلومەرجدا وەک بەڵگەیـــەک بـــۆ ئەوە بەکار دەبرێ کە مافەکانی مرۆڤ کاتاگۆریـــی جۆراوجۆریان هەیەو لێک جیاوازن.

مافە مەدەنیو سیاســـی‌یەکان بە «نەوەی یەکەمی ماڤەکان» ناســـراون. ئەو مافانە بە شێویەکی ئاسایی ئەرکە نەرێنی‌یەکان دەخەنە سەر شانی دەوڵەت. مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری‌یەکان کە بە (نەوەی دووهەمی مافەکان) ناســـراون، ئەرکە ئەرێنیو پۆزەتیڤەکان دەخەنە ســـەر ئەستۆی دەوڵەت. ئەو پرسە جۆراوجۆرانەی کە بەردەوام دێنە پێشەوەو دەبنە مایەی هاتنە کایەو پەسندکرانی مافی دیکە، وەک ئەو مافانەی پێوەندی‌یان بە ژینگەو پەرەسەندنەوە هەیە، پێیان دەگوترێ (نەوەی سێهەمی مافەکان)[1].

بەکارهێنانی مافەکانی مرۆڤ وەک کاتەگۆریی لێک جیاو بەشێوەی (نەوەکان) مەترسیی ئەوەی تێدایـــە کە وا تێبگەین هەندێک لەو مافانە لەوانـــی دیکە گرنگترن. ئەوەش بەنۆرەی خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی پێوەندیـــی کاریگەرو زیندووی نێوان مافەکانمان لەگەڵ یەکتر لەبەرچاوان ون بێو لە ئـــاکامدا ئەو پێوەندی‌یـــە گرنگە نەبینین کە لە نێوان مافەکان‌دا هەیە. بۆ نموونە مافی تاکەکەس بۆ دەنگ‌دانـــی ئازادانە لە هەڵبژرادنێکی ئازاد دا، تەواو بە مافێکی سیاســـی لەقەڵەم دەدرێ[2]. لەیەکەم چاوخشاندن‌دا وا دێتە بەرچاو کە ئەو مافە بەشێوەیەکی کلاسیک سەر بە نەوەی یەکەمی مافەکانە

---

۱. تیئۆریی (نەوەکانی مافەکانی مرڤ) بۆ یەکە جار لەلایەن یاساناسی چێکیKarl Vasak داهێنرا. Vasak 1977
۲. تەماشای خاڵی ۴.۱۲ بکە

کــە ئەرکی نەرێنی دەخاتە سەرشـــانی دەوڵەت. واتە دەوڵەت نابێ ڕێـــگا لەوە بگرێ کە تاکەکەس بتوانێ لە هەڵبژاردن‌دا بەشـــێوەیەکی ئازادانە تەعبیر لـــە ڕەئیی خۆی بکاو نەزەری خۆی لە ڕێگای دەنگ‌دانەوە دەرببڕێ. بەڵام کە لە نزیکترەوە تەماشـــای ئەو وێنەیە دەکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە مەسەلەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە.

یەکەم: دەنگ‌دان پێویستیی بەوەیە کە دەوڵەت لە پێش‌دا گەلێک هەنگاوی پێویست هەڵبگرێ تا هەڵبژاردن بەشـــێوەیەکی دروســـت بەڕێوە بچێ. بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن خەرجی پێویستە، بۆیە مافـــی تاکەکان بۆ دەنگ‌دان کاتێک دابین‌و دەســـتەبەر دەبێ کـــە دەوڵەت بۆ جێبەجێ بوونی ئەو مافـــەی ئەوان، ئەرکی خۆی بەڕێوەبـــەرێ. بەو جۆرە دەبینین کە جێبەجێ بوونی ئەو مافە، ئەرکی ئەرێنی دەخاتە سەر ئەستۆی دەوڵەت.

دووهەم: مافی تاکەکان بۆ دەنگ‌دان ناتوانرێ لە ماف‌و ئازادی‌یەکانی دیکەی مرۆڤ جیا بکرێتەوە. چونکە هەرکام لەو ماف و ئازادیانە نرخ‌و بایەخی خۆیان هەیە بۆ ئەوەی تاکەکان بتوانن لە پرۆسەی هەڵبژاردن دا ئازادانە دەنگ بدەن . لەو پێوەندی‌یەدا مافی خوێندن ڕۆڵی ســـەرەکی دەبینێ. ئاخر خوێنـــدن ئەو تواناو لێوەشـــاوەیی‌یە بە تاکەکان‌و ئەندامانی کۆمەڵگا دەبەخشـــێ کە بتوانن ڕوانگەو بۆچوونی تایبەت سەبارەت بە پەرەسەندنی کۆمەڵ لە خۆیان دا پەروەردە بکەن. بۆیە ئەو پێوەندی‌یە نزیک‌و گرینگەی کە لە نێوان خوێندن‌و دابین‌و دەســـتەبەر بوونی مافە مەدەنی‌و سیاســـی‌یەکان‌دا هەیـــە، وا دەکا کە مافی خوێندن هاوکات وەک مافێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، مەدەنی‌و سیاسی چاوی لێ بکرێ.[1]

لەلایەکی دیکەوە هەموو تاکەکان مافی ئەوەیان هەیە کە بە هیچ جۆر بۆ نموونە لەسەر ئەساسی کەم‌ئەندام بوون، جنسیەت، زمان، دین‌و مەزهەب، یان ئیتنیسیتە لە پێوەندیی لەگەڵ دابین بوونی مافـــی خوێندن‌و مافی دەنـــگ‌دان‌دا جیاوازی‌یان دەگەڵ نەکرێ. واتـــە دەوڵەت دەبێ بە یەک چاو تەماشایان بکات. پرنســـیپی جیاوازی‌دانەنانی دەوڵەت لە پێوەندی لەگەڵ دابین‌و دەستەبەر کردنی هەموو ماف‌و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ دا، پرنسیپ‌و مافێکی جەوهەری‌یە لە یاسای نێونەتەوەییی مافەکانی مرۆڤ‌دا و هەموو مافە مەدەنی، سیاسی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتی فەرهەنگی‌یەکان دەگرێتەوە. بۆیە ئەو ئەسڵە گرنگە خۆی لە خۆی‌دا ئەرکە نەرێنی‌و ئەرکە ئەرێنی‌یەکانی لە خۆی‌دا جێ کردوونەتەوە.[2]

ئەو نموونەیەی ســـەرەوە کە لە پێوەندیی دەگەڵ مافی دەنگ‌دانی تاکەکەس‌دا باسمان لێ کرد، پێوەندیی نزیک‌و کاریگەریی هەموو مافەکانی مرۆڤ دەگەڵ یەکتر زۆر بەڕوونی دەردەخات.

بەیاننامـــەی جیهانیـــی مافەکانـــی مرۆڤ، مافـــە مەدەنی، سیاســـی، ئابـــووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکانـــی لەخۆی دا جێ کردوونەتـــەوە. بەیاننامەکە نەک هەر هیچ جیاوازی‌یەک لە نێوان

---

١. تەماشای خاڵی ٤.١٣ بکە.
٢. تەماشای خاڵی ٤.١ بکە.

مافــەکان‌دا دانانێ، بەڵکوو هەموویان پێکەوەو وەک یەک پاکەیج تەماشــا دەکات. گرنگی‌و بایەخی دابەش‌نەبوونی ماف‌و ئازادی‌یەکانی مــرۆڤ‌و هاوپێوەندی‌و لێک گرێدراویی ئەوان لەگەڵ یەکتر، لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانسی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ‌دا، کە لە ڤیەن لە ساڵی ۱۹۹۳دا پێک هات، بە باشترین شێوە بەو جۆرەی خوارەوە بەیان کراوە:

> All human rights are universal, indivisible and interdependent and interrelated. The international community must treat human rights globally in a fair and equal manner, on the same footing and with the same emphasis.[1]

ئەو کتێبە لەســەر ئەو بناخەیە داڕێژراوە کە مافەکانی مرۆڤ جیهانین، لێک گرێ‌دراون‌و لێک جیا ناکرێنەوەو پێکەوەن. بۆیە لە جیاتی ئەوەی بێین مافەکان دابەش کەین بە مافە مەدەنی، سیاســی، ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگیەکان‌و بەو جۆرە لێ‌یان بدوێین، تێ‌کۆشــاوین نێوەرۆکی هەندێک لەو مافانە شــی کەینەوەو باســی گرینگی‌و بایەخی ئەوان بکەین. لەبەر رووناکیی ئەو بۆچوونە دایە کە بەشــی ســێهەمی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ باس لەسەر ماف‌و ئازادی‌یەکان[۲]. لەوبەشەدا، ئێمە هەندێک مافمان خســتوونەتە بەر باس کە پێمان وایە نەخشی سەرەکی دەگێڕن‌و گوێمان نەداوەتە ئەوەی کە ئەو مافە کە باســی لێوە دەکرێ، سەر بە چ کاتەگۆری‌و نەوەیەکە . بەو حاڵەش ئیمکانی نیــە کە بەتەواوی لە کاتی باس‌و لێکۆڵینــەوە لە مافەکان‌دا، گوێ نەدەینە چۆنیەتیی دابەش بوونی ئــەوان بە مافە مەدەنی، سیاســی، ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یــەکان. لەبەر ئەوەی کە خۆی لە خۆی‌دا پەســند کرانی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی‌و سیاســی‌یەکان‌و کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکان لە ساڵی ۱۹۶۶دا، بەشێوەی دوو پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنی لێک جیا، بۆخۆی جۆرێک قبووڵ کردنی ئەو جیاوازی‌یەیە.

لە بەشــی ســێهەمدا دا ئێمە ئەو ۱۴ مافانەمان خســتوونەتە بەر باس کە پێمان وایە لەژیانی تاکەکەسەکاندا و هەروها لەژیانی کۆماڵگادا، نەخشێکی سەرەکی دەگێڕن. بۆیە لەوێ دا باسی هەموو مافەکانمان نەکردووە.

## ۱.۳.۲جیهانی بوونی مافەکانی مرۆڤ و زەوت نەکرانی ئەوان لە هیچ هەل‌ومەرجێک‌دا

مەبەســت لەوەی کە دەڵێیــن مافەکانی مرۆڤ جیهانیین ئەوەیە کە مرۆڤــەکان لە هەر کوێ بن، مافــی وەک یەکیــان هەیەو مافەکانی مرۆڤ هەموو ئینســانەکان بێ هیچ چەشــنە جیاوازی‌یەک دەگرنەوە. ئەوەش پێوەندی‌یەکی زۆر نزیکی لەگەڵ ئەو راستی‌یە هەیە کە مافەکانی مرۆڤ لە هیچ

---

1. Vienna declaration and program of Action, punk 5.

۲. لە بەشی چوارەم دا ژمارەیەک لە مافەکانی مرۆڤ بە وردی شی کراونەتەوە..

هەڵومەرجێکدا زەوت ناکرێن، پێخوســـت ناکرێنو ناخرێنە پشت گوێو لە مرۆڤ جیا نابنەوە. واتە ئـــەو مافانە بە بەشـــێکی گرنگ لە مەوجوودیەتی مرۆڤ دادەنرێـــنو ناکرێ لێی جیا بکرێنەوە. هەر بۆیەش ناکرێ لێی زەوت بکرێن. بە جۆرێکی تر دەتوانین بڵێین کەمافەکانی مرۆڤ حاشا هەڵنەگرن.

ئـــەو راســـتی‌یەی کە پێ لەســـەر ئـــەوە دادەگرێ کـــە مافەکانی مرۆڤ جیهانییـــنو لە هیچ هەڵومەرجێکدا ناکرێ زەوت بکرێنو لە وجوودی ئینسان جیا ناکرێنەوە، لە پێشەکیی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکانو پەیماننامەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی‌یەکاندا بەو جۆرە بەیان کراوە:

> The inherent dignity and of the equal and inalienable rights of all members of the human family is the foundation of freedom, justice and peace in the world.

لـــە کردەوەدا جیهانی‌بوونی مافەکانی مرۆڤ، لە هـــەر وڵاتێکدا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بارودۆخو هەلومەرجی تایبەتیی ئەو وڵاتە. بۆ نموونە گەلێک فاکتۆری مێژوویی، سیاســـی، فەرهەنگیو ئایینی لـــە هەر وڵاتێکدا لە گۆڕێ دان کە شـــوێن لەســـەر ئەوە دادەنێن بە جۆرێکـــی جیاواز لە وڵاتانی تر، هەڵس‌وکەوت لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ بکرێ. ئەو ڕاســـتی‌یە لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانســـی جیهانیـــی مافەکانی مرۆڤ کە لە ڤیەن لە ســـاڵی ١٩٩٣دا پێک هات، بەو جۆرەی خوارەوە ڕەنگی داوەتەوە.

> While the significance of national and regional particularities and various historical cultural and religious backgrounds must be borne in mind, it is the duty of States, regardless of their political, economic and cultural systems, to promote and protect all human rights and fundamental freedoms.[1]

کە واتە مەبەســـت لـــە جیهانی بوونی مافەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە هەموو دەوڵەتەکان ئەرکی ســـەر شانیانە، ئەو مافانە کە لە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانو عورفو یاساو پراکسیسی نێونەتەوەیی‌دا بە مافی مرۆڤ ناسراون، بۆ هەموو ئینسانەکان دابینو دەستەبەر بکەن . ئەوە کە مافەکان بەشێوەیەکی کۆنکرێـــت چ دەگرنە خۆ، یـــان نێوەرۆکیان چی‌یە، تـــا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتـــەوە بۆ چۆنیەتیی تەرجومەو لێ‌حاڵی بوون لە نێوەرۆکی ئەو مافانە. بۆ نموونە کە لە کام یەک لە کۆنڤانســـیۆنەکاندا هاتوون و لە چ بارودۆخێکدا پیادە دەکرێن؟ یان لە چ ســـەرچاوەیەکی یاسایی‌دا باسیان لێ کراوە؟ دیـــارە لە کاتی لێکدانـــەوە و دیاریکردنی نێوەرۆکی مافەکاندا هەڵومەرجـــی تایبەتی هەر کام لە وڵاتانی ئەندامی کۆنڤانســـیۆنەکەش وەبەرچاو دەگیردرێ. چونکە چۆنیەتی هەڵس‌وکەوتو ڕەفتاری

1. Vienna Declaration and program of Action. Punkt 5.

ئەو دەوڵەتە لە پێوەندی دەگەڵ ئەو مافانەدا بایەخو گرینگی‌یەکی سەرەکیی هەیە. بەڵام هەر لەو کاتەش‌دا ئەوە گرنگە کە هەموو دەوڵەتەکان لە سەریانە ئەو مافو ئازادی‌یانە بۆ هەموو مرۆڤەکان کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتداریەتی‌و حاکمییەتی قانوونیی ئەوان، دابین‌و دەستەبەر بکەن.

## ۱.۴ چ کەسانێک خاوەن مافن یا کێن ئەوانەی مافیان هەیە؟

وەڵام بەو پرسیارەکە کە کێ خاوەن مافە؟ پێوەندیی بەوەوە هەیە کە چۆن یاسا وقانوون لە وڵاتێک‌دا دادەڕێژرێ‌و چۆنیش تەرجومەی بۆ دەکرێ‌و لێی تێ‌دەگەین. پێش هەر شتێک دەگوترێ کە مافەکانی مرۆڤ، مافی تاکەکانن. واتە ئەو مافانەن کە تاکەکانی کۆمەڵ لێ‌یان بەرخوردار دەبن. بەڵام ئایا سنوورێک هەیە بۆ ئەوەی کە کام لە تاکەکان لەلایەن مافەکانی مرۆڤەوە دەپارێزرێن؟

لە کاتێک‌دا وا دێتە بەرچاو کە دەستووری وڵاتی نۆرویژ کە لە ساڵی ۱۸۱۴ دا پەسند کراوە، تەنیا مافی هاووڵاتیانی نۆرویژ دەپارێزێ، ئەمڕۆ ئیتر ئەوە بۆتە پرنسیپێکی گشتی کە ئەو دەستوورە مافەکانی هەموو مرۆڤەکان بێ‌جیاوازی دەپارێزێ، بێ‌وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ئەوان نۆرویژین یا نا. واتە قانوونی ئەساسیی نۆرویژ بناخەیەکی قانوونی پێک دێنێ کە بەگوێرەی ئەو، مافی هەموو ئینسانەکان دەپارێزرێ[1]. چۆنیەتیی دارشتن و فۆرمۆڵەکردن‌و تۆنی دەنگی ئەو وشانەی کە لە فەسڵی چوارەمی دەستووری نۆرویژدا کە باس لە مافەکانی مرۆڤ دەکاو بەندەکانی ئەو بەشەیان پێ نووسراوە، وەک «هەر کەس»، «هەمووان»، «هەموو ئینسانێک»، «هیچ کەس» «هەر مرۆڤێک»، ئەو ڕاستی‌یە دەردەخا کە مافەکانی مرۆڤ کە لەو بەشەی دەستووری نۆرویژدا هاتوون لە یەکەم چاو گێران‌دا هەموو ئەو ئینسانانە دەگرنەوە، کە لەسەر خاکی دەوڵەتو وڵاتی نۆرویژن.

لەلایەکی دیکەوە پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ، بێ گوێ دانە ئەوەی کە کێ هاووڵاتی‌یەو کێ هاووڵاتی نیە، مافی هەموو تاکەکان وەک یەک و بێ‌جیاوازی دەپارێزن[2]. بەگوێرەی ئەو کۆنڤانسیۆنانە هەموو مرۆڤەکان مافی وەک یەکیان هەیە.

لە ماددەی یەکەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ‌دا هاتووە کە دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەو ڕێککەوتننامەیە، ئەرکی سەر شانیانە کە مافەکانی مرۆڤ، «بۆ هەر کەسێک کە دەکەوێتە ژێر حاکمییەتو دەسەڵاتی قەزایی‌و قانوونیی ئەوان، دەستەبەر بکەن».

لە ماددەی (۱) ۲ی پەیماننامەی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان‌دا هاتووە کە دەوڵەتەکانی ئەندام لەسەریانە ئەو مافانەی کە لەو پەیماننامەیەدا هاتوون بۆ «هەموو ئەو کەسانە دابین‌و دەستەبەر بکەن کە لەسەر خاکی ئەو وڵاتانەن یان لە باری قانوونی‌یەوە دەکەونە ژێر حاکمییەتو دەسەڵاتی قەزایی ئەوان». کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکان، لەو بارەوە ڕاستەوخۆ باسێک

---

1. Dok. 16 (2011 – 2012) s. 44-45.
2. Ibid. S 44.

ناهێنێتە گۆڕ، بەڵام ماددەی (٣) ٢ی ئەو ڕێککەوتننامەیە دەڵێ کە وڵاتانی تازە گەشەسەندوو یان وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندندا، لەسەریانە مافە ئابووری‌یەکانی هاووڵاتیانیان دابینو دەستەبەر بکەن. هەر بەو پێیە ناڕاستەوخۆ کۆنڤانسیۆنەکە ئەرک دەخاتە سەر شانی دەوڵەتەکانی ئەندام کە هەموو ئەو مافانەی کە لە کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری‌یەکاندا هاتوون، بۆ هەموو ئەو کەسانە دابینو دەستەبەر بکەن کە لەسەر خاکی وڵاتەکانی ئەوانن یان دەکەونە ژێر سێبەرو دەسەڵاتداریەتیی حاکمییەتی قەزاییو قانوونیی ئەوان»[1].

ئەوە کە ئایا بۆ نموونە مافەکانی مرۆڤ، هەموو ئەو کەسانە دەگرنەوە کە لەسەر خاکی وڵاتی نۆرویژن، پێویستیی بە روونکردنەوەی زۆرتر هەیە. ئایا لە هەندێک بواردا جیاوازی لە نێوان مافی بیانی‌یەکانو مافی هاووڵاتیانی نۆرویژی دا هەیە؟

بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤ، مافی بەشدار بوون لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا، مافێکە کە بۆ گەل واتە خەڵک لەبەر چاو گیراوە. هەر بۆیە دەوڵەت ناچار دەکات کە داوا بکات کە ئەو کەسەی دەیەوێ لەو مافە کەڵک وەرگرێ، پێویستە هاووڵاتیی نۆرویژ بێ و ڕەگەزنامەی وڵاتی نۆرویژی هەبێ. لەلایەکی دیکەشەوە بیانی‌یەکان وەک هاووڵاتیانی نۆرویژ لە بەرانبەر (دەرکردن)ی زۆرەملی دا، پارێزراو نین. بەتایبەت ئەوە وەختێک ڕاستە کە ئەگەر کەسێک بەشێوەیەکی نایاسایی لە سەر خاکی وڵاتێکی ئەندامی کۆنڤانسیۆنەکە بێت. ئێمە لە بارودۆخیکدا دەژین کە خەڵکێکی زۆر لە دونیادا ئاوارەو لێقەوماونو بەدوای سەرپەنایەکدا لە حاڵی گەڕانو هاتوچۆ دان. هەر بۆیە مافەکانی ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانە کە بەشێوەیەکی نایاسایی لە وڵاتێکدا بەسەر دەبەن، بەردەوام تا دێ پتر جێگای باسو لێکدانەوەی جۆراوجۆرن.

ئینسانەکان هەمیشە هەروەک تاکەکەس دەرناکەونو کار ناکەن. ئەوان جارجار پێکەوە لێک کۆ دەبنەوەو ڕێکخراو و کۆڕو کۆمەڵی تایبەتیو گشتی، وەک گروپی ئایینیو مەزهەبی پێک دێنن. مافەکانی مرۆڤ زۆر لەو چالاکیو کارو کردەوە دەستەجەمعی‌یە جۆراوجۆرانەش دەپارێزنو دەیانخەنە ژێر سێبەری چەتری پاراستنی خۆیان. واتە ئەو کەسە چالاکانەی کە لێک کۆ دەبنەوەو بەشێوەی گروپ دەگەڵ یەکتر چالاکیی جۆراوجۆر پێکەوە بەڕێوە دەبەن، لەلایەن پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤەوە پارێزگاری‌یان لێ دەکرێ.

ئازادیی پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوەی هێمنانە، ئازادیی پێکهێنانی سەندیکاو یەکیەتی‌یە پیشەیی‌و نەقابی‌یەکان، جۆرێک لەو چالاکی‌یانەن کە بەشێوەی دەستەجەمعی بەڕێوە دەچن. ئەو مافو ئازادی‌یانە لەلایەن ماددەی ١١ی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤو ماددەی ٢٢ی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکان، پارێزگاری‌یان لێ دەکرێ. هەروەها مافی بەڕێوەبردنی چالاکیی دینیو مەزهەبی بەشێوەیەکی دەستەجەمعی لە لایەن ماددی (١) ٩ی کۆنڤانسیۆنی

1. Ibid. S 44-45

ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤو ماددەی (١) ١٨ی پەیماننامەی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکان دەپارێزرێ. ماددەی ٢٧ی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکان، ئەو مافە بە کەمایەتی‌یە ئیتنیکی، ئایینیو زمانی‌یـــەکان دەدات کە «پێکەوە دەگەڵ ئەندامانی دیکەی ســـەر بە گروپەکەی خۆیان، فەرهەنگو کولتووری خۆیان بەرێوەبەرنو چالاکیو ڕێورەســـمو مەراســـیمە ئایینیو مەزهەبی‌یەکانی خۆیان جێبەجێ بکەنو زمانی خۆیان بەکار بەرن».

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش ئەویش بریتی‌یە لەوەی کە مافەکانی کەسایەتی‌یە حقووقی‌یەکان، چـــۆن دەپارێزرێن؟ مەبەســـت لە «کەســـایەتیی حقووقیو قانوونـــی» بریتی‌یە لـــە کۆمپانیەکان، دامەزراوەکان، ســـەندیکاو دامودەزگاو ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانو شـــتی دیکەی لەو چەشنە. ئەوانە وجوودی فیزیکیو ماددی‌یان نیە، بەڵام مەوجوودیەتی قانوونی‌یان هەیە. ئەو مەسەلەیە تا ڕادەیەکی زۆر لە کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مـــرۆڤ دا ڕوون کراوەتەوە. لە هەندێک هەلومەرجی تایبەتی دا ئەو کەسایەتی‌یە حقووقیو قانوونی‌یانەش لەلایەن سیستەمی پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە دەپارێزرێن[١].

لەو کتێبەدا ئێمە باس لە پاراستنی تاکەکانو گروپو دەستەو تاقمە جۆراوجۆرە ئینسانی‌یەکان دەکەین، بۆیە لێرەدا کەسایەتی‌یە حقووقی‌یەکان ناکەونە بەر باس.

### ١.٥ کێ لە پێوەندی دەگەڵ مافەکانی مرۆڤ دا ئەرکی دەکەوێتە سەرشان؟

بەگوێـــرەی کۆنڤانســـیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ، ئەرکی ســـەر شـــانی دەوڵەتە کە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ، بۆ هەمووان بێ جیاوازی دابینو دەستەبەر بکات.

ســـەرچاوەی ئـــەوەش دەگەڕێتەوە بـــۆ یاســـای نێودەوڵەتـــی(International Law) کە وەک سیســـتەمێک لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا وجوودی هەیە. کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ، بریتیین لە چەند پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی کە بەگوێرەی یاسای نێونەتەوەیی، دەوڵەتەکانی ئەندام لەسەریان ڕێککەوتوونو ئەو پەیماننامانە ئەرکەکانی دەوڵەت بەرانبەر بە تاکەکەسەکان ڕێک دەخەن.

پەســـند کرانی ئەو پەیماننامانـــە لەلایەن دەوڵەتەکانی ئەندامەوە ئەرکی قانوونی دەخاتە ســـەر شـــانی دەوڵەتەکانی ئەندام. ئەو ئەرکانە لە خودی کۆنڤانســـیۆنەکانەوە سەرچاوە دەگرن. بۆ نموونە لە ماددەی یەکەمی کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مـــرۆڤدا هاتووە کە «وڵاتانی هاوپەیمان کە ئەو پەیماننامەیەیان پەســـندو ئیمزا کردوە، هەموو ئەو مافانە دابینو دەستەبەر دەکەن» کە لەو کۆنڤانسیۆنەدا هاتوون. هەر بەو جۆرە لە ماددەی دووهەمی کۆنڤانسیۆنی ماڤە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری‌یەکان دا و لە ماددەی دووهەمی کۆنڤانســـیۆنی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکانیش دا هاتووە کە «هەرکام لە وڵاتانی هاوپەیمان لەو کۆنڤانســـیۆنەدا» ئەرکیان دەکەوێتە ســـەر شان کە ئەو مافانە

---

1. Se Emberland (2006) og Dok. 16 (2011- 2012) s.45

دابینو دەستەبەر بکەن کە لەو پەیماننامەیەدا هاتوون.

بەو جۆرە هەموو کاربەدەستانی دەوڵەتو ئەو کەسانەی کە لە لایەن دەوڵەتەوە ئەرکو کار بەڕێوە دەبەن، ئەرکیان دەکەوێتە سەر شان کە مافەکانی مرۆڤ پیادە بکەنو لە ڕەوتی کار دا وەبەرچاویان بگرن. ئەوە هەموو کارمەندانو کاربەدەستانی دەوڵەت لە هەموو ئاستەکاندا دەگرێتەوە. چ لە ئاستی محەللی، چ لە ئاستی ناوچەییو ئۆستانیدا و چ لە ئاستی میللیو دەوڵەتدا، هەموو کارمەندەکانی دەوڵەت لەو بارەوە ئەرکیان دەکەوێتە سەر ئەستۆ. بۆ نموونە لە نۆرویژ کاربەدەستانی دەوڵەت لە هەر ئاستو پلەو پایەیەک دابن، چ لە کۆمۆندا، یان لە ئاستی پارێزگاو چ لە ئاستی دەوڵەتدا کار بکەن، ئەرکی ئەوەیان دەکەوێتە سەر شان کە ڕێز لە مافو ئازادییەکانی مرۆڤ بگرنو لە کارو بەرپرسایەتیی ڕۆژانەیاندا تێکۆشن جیبەجیو پیادەیان بکەن. هەر سێ بواری دەسەڵاتی دەوڵەت، واتە دەسەڵاتی یاسادانانو قانوونگوزاری، دەسەڵاتی دادوەریو دەسەڵاتی ئیجراییو بەڕێوەبەری، وەک یەک لەو بارەوە بەرپرسایەتییان دەکەوێتە ئەستۆ. هەر بۆیەش ئەگەر کاربەدەستو کارمەندێکی دەوڵەت، لە هەر جێگایەک مافەکانی مرۆڤ بخاتە ژێر پێو وەبەرچاویان نەگرێ، دەوڵەت بەرپرسایەتیی ئەو کارە وەئەستۆی خۆی دەگرێ. واتە بێوەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کێ لەو بارەوە گوناهبارە، دەوڵەت دەکەوێتە ژێر لێپرسینەوە.

کاتێک دەڵێین کە ئەوە کاربەدەستانی ڕەسمیی دەوڵەتن کە لە پێوەندی لەگەڵ دابینو دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤدا ئەرکیان دەکەوێتە سەرشان، بەو مانایەیە کە ڕەفتارو کارو کردەوەی کەسانی دیکە کە بەشێوەی شەخسی مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن، وەک پرنسیپ بە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لەقەڵەم نادرێ. ئەگەر کەسێک، کەسێکی دیکە بکووژێ، ئەوە کردەوەیەکی جینایەتکارانە ڕووی داوەو بەگوێرەی یاسای سزادان، دادگاکانو سیستەمی قەزایی وڵات تاوانبار سزا دەدەن. بەڵام ئەو کارە بە پێشێل کرانی مافی ژیانی ئەو کەسەی کە بۆتە قوربانی بەحیساب نایەت. بەو حاڵەش لە هێندێک هەلومەرجدا دەوڵەت ئەگەر هیچ هەنگاوێکی بۆ پێشگیری کردن لە ڕوودانی کردەوەی لەو جۆرە لەلایەن کەسانی شەخسییەوە هەڵنەهێنابێتەوە، لەو پێوەندییەش دا بەرپرسایەتیی دەکەوێتە سەر شان . دواتر لەو بارەوە پتر دەدوێین.

لە لایەکی دیکەشەوە گەلێک ئەکتەر هەن کە کارو کردەوەکانیان شوێن لەسەر ئازادیو مافەکانی ئینسانەکان دادەنێن. ئەوەش بەو مانایەیە کە ئەو پرنسیپەی کە دەڵێ ئەوە تەنیا دەوڵەتو کاربەدەستانی دەوڵەتن کە لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا ئەرکیان دەکەوێتە سەر شان، پێویستە سەر لەنوێ چاوی پێدا بگێردرێتەوە. بۆ نموونە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان لە پێوەندی دەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا ئەرکیان دەکەوێتە سەر شان. مەسەلەیەکی دیکەش کە لەوەش گرینگتر وئاڵۆزترە بریتییە لە بەرپرسایەتیی کۆمپانیاو شیرکەتو دامودەزگا بازرگانیو دامەزراوە سەنعەتیو پیشەسازییەکان لە پێوەندی دەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا.

کۆمپانیـــا گەورەکان لـــە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا، تا ڕادەیەکی زۆر شـــوێنەوار لەســـەر مافەکانـــی مـــرۆڤ دادەنێن. بۆ نموونە ئەوان لـــە پێوەندی دەگەڵ کارمەنـــدو کرێکارەکانی خۆیان دا ئەرکیـــان بەرامبەر پاراســـتنی مافی مرۆڤ دەکەوێتە ئەســـتۆ (ســـەعاتەکانی کارو هەلومەرجی کارکردن). لە لایەکی دیکەشـــەوە ئەوان بەرانبەر مافی مرۆڤی ئەو کەســـانەش ئەرکیان دەکەوێتە ســـەر شـــان کە بە جۆرێک پێوەندی‌یان دەگەڵیان هەیە. ئەو مەسەلەیە بەشـــێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆنڤانســـیۆن‌و پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤـــەوە رێک خراوە. (هەرچەند لەو بارەشـــەوە دەوڵەت ئەرکی دەکەوێتە ســـەر شـــان کـــە پێش بە لەژێرپێنانـــی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن کۆمپانیاو دامەزراوە ئابووری‌یەکانەوە بگرێ). تا ئێستا گەلێک ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وەک ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار و ڕێکخراوی نێونەتەوەیی بۆ هاوکاریی ئابووری‌و پەرە ئەستاندن (OECD)، ژمارەیەکی زۆر بەخشنامەو ڕێنوێنی‌و ڕێوشوێنی جۆراوجۆریان لەوبارەوە ئامادەو پەســـەند کردوون. مەبەست ئەوەیە کە کۆمپانیاو شـــیرکەتو دامەزراوە ئابووری‌و پیشەســـازی‌یەکان بتوانن لەکاروباری خۆیاندا ئەو ڕێوشـــوێنانە وەبەرچـــاو بگرن تا مافەکانی مرۆڤ بپارێـــزن و بەرپرســـایەتییش بەرانبەر کۆمەڵ قبـــووڵ بکەن. لەو بوارەدا بـــەردەوام ئاڵوگۆڕی باش بەقازانجی جێ بەجێ بوون و بەڕێوەچوونی ئەو بەخشنامەو ڕێنوێنی‌و ڕێوشوێنانە، کە بۆ مەبەستێکی لەو چەشنە ئامادەو پەسند کراون، ڕوو دەدات.

### ١.٦ نێوەرۆکی بەرپرسایەتیی دەوڵەت سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ

بەشـــێوەیەکی گشـــتی لە پێوەندی دەگەڵ مافـــە ئابـــووری، کۆمەڵایەتی، کولتـــووری، مەدەنی‌و سیاسی‌یەکاندا دەگوترێ کە دەوڵەت سەبارەت بە مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان، ئەرکێکی نەرێنیی دەکەوێتە سەر شان، بەو مانایەیە کە دەبێ پاسیڤ بێ. واتە دەوڵەت پێش بەوە نەگرێ کە تاکەکەس کەڵـــک لە مـــافو ئازادی‌یەکانی خۆی وەرگرێ. بەڵام لەلایەکی دیکەوە لـــە پێوەندی دەگەڵ مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکاندا، دەوڵەت ئەرکی دەکەوێتە ســـەر شـــان تا بەشـــێوەیەکی چالاک تێکۆشێ هەموو تواناکانی خۆی بەکار بێنێ تا ئەو مافانە بۆ تاکەکان دابین‌و دەستەبەر بکات. ئەمەش پێوەندیی بەوەوە هەیە کە چۆن کۆنڤانسیۆنەکان خۆیان بەشێوەی جیاواز دەڕواننە نێوەرۆکی ئەو ئەرکانەی کە لە پێوەندی دەگەڵ کۆنڤانسیۆنەکاندا دەکەوێتە سەر شانی دەوڵەتەکان.

ماددەی (١) ٢ی کۆنڤانســـیۆنی مافە مەدەنی‌و سیاســـی‌یەکان بەم جۆرە تەعبیر لەو مەسەلەیە دەکا.

ئەرکی ســـەر شانی هەر کام لە وڵاتانی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە یە کە ڕێز لەو مافانە بگرن کە لەو پەیماننامەیەدا هاتوون‌و بۆ هەموو ئەو کەســـانەیان دابین‌و دەستەبەر بکەن کە لەسەر خاکی ئەوان یان لە ژێر حاکمییەتی یاســـایی‌و قەزایی ئەواندا بەســـەر دەبەن. بـــێ وەبەرچاوگرتنی هەر

چەشنە جیاوازی‌یەک.

هەر بەو جۆرە لە ماددەی (۱) ۲ی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکانیش دا هاتووە:

هەمـــوو دەوڵەتانی هاوپەیمانـــی ئەم ڕێککەوتننامەیە ئەرکی سەرشـــانیانە کە چ بە تەنیاو چ لە ڕێـــگای هاوکاری‌و یارمەتیـــی نێونەتەوەیی‌یەوە، بە تایبەتی یارمەتیی ئابووری‌و تکنیکی، تێکۆشـــن هەموو ئەو مافانە کە لەو پەیماننامەیەدا هاتوون لە ڕێگای دەکار کردنی میکانیزمی تایبەتی‌یەوە، بۆ نموونە لە ڕێگای یاسادانانەوە، بەرەبەرە جێبەجێ وپیادە بکەن.

دابەشـــکردنی بەو جۆرەی ئەرکەکانی دەوڵەت بە ئەرکە نەرێنـــی‌و ئەرکە ئەرێنی‌یەکان، لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەگوترێ مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان دەکرێ لەلایەن دادگاکانەوە جێبەجێ‌و دابین‌و دەستەبەر بکرێن. بەڵام مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکان لە بەر ئەوەی خۆی لە خۆی‌دا ئامانجن، ناکرێ لە ڕێگای دادگاکانەوە جێبەجێ‌و دەستەبەرو پیادە بکرێن[1].

تێگەیشـــتنێکی لـــەو جـــۆرە ناتوانـــێ ئەوەمان بـــۆ ڕوون بکاتەوە کـــە چۆن کۆمیتـــەی مافە مەدەنی‌و سیاســـی‌یەکان‌و کۆمیتـــەی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتـــی‌و کولتووری‌یەکان، لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا لێکدانەوە بۆ دابین‌و دەستەبەر بوون‌و جێبەجێ کردنی ئەو مافانە دەکەن کە لە پەیماننامەی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌و پەیماننامەی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکان‌دا هاتوون.

ئەمڕۆ گەلێک نموونەمان هەن کە دەری‌دەخەن دادگاکان لە ئاستی جۆراوجۆری میللی، ناوچەیی‌و نێونەتەوەیی‌دا چۆن مافە کۆمەڵایەتی‌یەکان جێبەجێ‌و پیادە دەکەن‌و بڕیاریان لەسەر دەدەن.ئێستا لە هەموو ناوچەکانی دونیا دا نموونەی لەو جۆرە لە گۆڕێ دان[2]. بۆیە لە جیاتی ئەوەی کە مافەکان بە جۆرێک دابەش بکەین کە ئەرکی نەرێنی یا ئەرکی ئەرێنی بخەنە ســـەر شـــانی دەوڵەت، وا باشە ئەوە قبووڵ بکەین کە هەموو مافەکان وەک یەک پاکەیج ببینین کە هەموویان پێکەوە گرێ دراون، هەرکامیان گۆشـــەیەک لە ئەرکی دەوڵەت لە بەرانبەر دابین‌و جێبەجێ کردنیان دا، پڕ دەکەنەوە. واتە مافەکان ئەرکی جۆراوجۆر دەخەنە سەر ئەستۆی دەوڵەت. دەکرێ مافێک ئەو ئەرکە بخاتە سەر شانی دەوڵەت کە پێش بەوە نەگرێ کە تاکەکەس بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مافەی خۆی هەوڵ بدا. کەچی ڕەنگە لە هەمان کات‌دا هەر ئەو مافە ئەو ئەرکەش بخاتە سەر شانی دەوڵەت کە بەشێوەیەکی چالاک‌و کاریگەر تێ‌کۆشـــێ تا ئەرکی خۆی ســـەبارەت بە دابین‌و دەستەبەر کردنی ئەو مافە بۆ ئەو کەســـە وەئەســـتۆ بگرێ[3]. لەبری ئەوەی سەیری ئەوە بکەین کا ئاخۆ فلانە ماف سەر بە کام جۆر لە مافەکانە، وا باشـــە سەرنج بدەینە نێوەرۆکی بەرپرسایەتی‌و ئەرکی دەوڵەت سەبارەت بەو مافە. ئەمە

1. Fredman (2008) s. 66

2. Langford (2008).

3. Fredman (2008). S. 69

باشترین لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنو تێگەیشتنمان سەبارەت بە چۆنیەتیی دابینو دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ دەخاتە بەر دەست[1].

بەرپرسایەتیی دەوڵەت سەبارەت بە جێبەجێ کردنی مافەکانی مرۆڤ لە سێ بواری جۆراوجۆردا خۆی نیشان دەدا. ئەرکی دەوڵەت بۆ ڕێزگرتن (to respect) لە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ، ئەرکی دەوڵەت بۆ پاراستنی (to protect) مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤو هەروەها ئەرکی دەوڵەوت بۆ دابینو دەستەبەر کردن ( to realize) هەموو مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ.

مەبەست لەوە کە دەوڵەت ئەرکی سەر شانیەتی کە ڕێز لە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ بگرێ ئەوەیە کە دەوڵەت نابێ ڕێگا لەوە بگرێ کە تاکەکەس لە مافو ئازادی‌یەکانی خۆی کەڵک وەربگرێ. ئەوە بە ئەرکێکی نەرێنی دادەنرێو دەخوازێ کە دەوڵەت لەو بارەوە پاسیف بێو پێش بە جێبەجێ بوونی ئەو مافە نەگرێ. دەوڵەت ناتوانێ لەو بوارەدا دەخالەتێک بکا کە ببێتە هۆی ئەوەی کە تاکەکەس کەڵک لەو مافانەی خۆی وەرگرێ، بە جۆرێک کە کەمتر بێ لەوەی کە حەقی خۆیەتی[2].

مەبەست لە ئەرکی دەوڵەت بۆ پارێزگاری لە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە دەوڵەت ڕێگا نەدا مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ لەلایەن کەسانو ئەکتەرە خسووسیو شەخسی‌یەکانەوە پێشێل بکرێن. واتە دەوڵەت پێش لەوە دەگرێ کە ئەکتەرە شەخسیو خسووسی‌یەکان مافو ئازادی‌یەکانی تاکەکەس پێشێل بکەن. ئەمە ئەرکێکی ئەرێنی‌یە. واتە دەوڵەت بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە دەبێ چالاک، هەڵسوورو ئاکتیو بێت، ئەوەش(ئەرکێکی ئەرێنی)یە. ئەوە کە لەو بارەوە ئەو ئەرکەی دەوڵەت تا کوێ دەڕواتە پێش، پێوەندیی بە نێوەرۆکی هەر کام لەو مافو ئازادی‌یانەوە هەیە کە بەشێوەیەکی کۆنکرێت لە بەر باس دان.

مەبەست لە ئەرکی دەوڵەت بۆ دابینو دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە دەوڵەت بەشێوەیەکی چالاکو هەڵسوور ئەرکی جێبەجێ کردنی مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ وەئەستۆ بگرێو بۆ دابینو دەستەبەر کردنو پیادە کردنیان لە هەموو ئیمکاناتو میکانیزمێکی پێویست کە لەبەر دەستی دان کەڵک وەرگرێ. ئەو ئەرکە هەموو بەشە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت دەگرێتەوە. دەسەڵاتی یاسادانانو قانوونگوزاری، دەسەڵاتی جێبەجێ کردنو هەروەها دەسەڵاتی دادوەریو قەزایی. مافەکانی مرۆڤ پێویستە لە ڕێگای کاربەدەستانی دەوڵەت، لە ڕێگای دانانی یاساو قانوونی تایبەتی‌یەوە، لە ڕێگای پیادە کردنی ئەو یاسا و قانوونانەوە، لە ڕێگای سیاسەتگوزاریو بەرنامەڕێژیی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی‌یەوە، لە ڕێگای بەرنامەڕێژیو بودجەبەندی‌یەوە، لە ڕێگای دەست نیشان کردنی پێداویستی‌یە بنەڕەتیو گرنگەکانەوە، لە ڕێگای فێرکردنو پەروەردە کردنەوە و لە ڕێگای دادگاکانەوە پیادە بکرێن. ئەمەش ئەرکێکی پۆزەتیڤو ئەرێنی‌یەو هەر بۆیە ئەرک دەخاتە

1. Ibid. S 70
2. Kapittl 5.

سەر شانی دەوڵەت کە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە چالاکو ئاکتیڤ بێت.

ئـــەوە کـــە قووڵاییو بەرینایی ئەو ئەرکە تا کوێیە، پێوەندیی بە نێوەرۆکی هەر مافێکەوە هەیە کە بەشێوەی کۆنکرێت باسی لێوە دەکرێ.

کۆمیتەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان تا ئێستا چەند جار ئەوەی ڕاگەیاندوە کە ماددەی (١) ٢ی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکان، هەر دوو توخمی ئەرکە نەرێنیو ئەرکە ئەرێنییەکانی لە خۆیدا جێ کردوونەتەوە.

> «The legal obligation under articel 2, paragraf 1, is both negative and positive in nature».[1]

مەبەست لە ئەرکە نەرێنییەکانی دەوڵەت لەو پێوەندییەدا بریتییە لە:

> «Stats Parties must refrain from violation of the rights recognized by the Covenant, and any restrictions on any of those rights must be permissible under the relevant provisions of the Covenant».[2]

لەلایەکی دیکەشەوە مەبەست لە ئەرکە نەرێنییەکانی دەوڵەت لەو بوارە دا بریتییە لەوە کە:

> «adopt legislative, judicial, administrative, educative and other appropriate measures in order to fulfil their legal obligations … There may be circumstances in which a failure to ensure Covenant rights as requires by article 2 would give rise to violations by States Parties of those rights, as a result of States Parties' permitting or failing to take appropriate measures or to exercise due diligence to prevent, punish, investigate or redress the harm caused by such acts by private persons or entities».[3]

لێـــرەدا دەبینین کە ئەرکی دەوڵەت بۆ پاراســـتنی مافو ئازادییەکانی مـــرۆڤ بریتییە لەوەی کە هەنگاوی پێویستو زەرووری هەڵگرێ تا مافو ئازادییەکانی مرۆڤ لە لایەن ئەکتەرو کەسایەتییە شەخســـییەکانەوە نەخرێنە ژێر پێو پێشێل نەکرێن. هەروەها ئەرکی دەوڵەت بۆ دابینو دەستەبەر کردنـــی مافەکانی مرۆڤ ئەوە دەگرێتـــەوە کە دەوڵەت ئەرکی دامەزراندنـــی دامودەزگای قانوونی، قەزایی، ئیجرایـــیو پەروەردەییو میکانیزمی جۆراوجۆری دیکە بۆ دابین بوونی مافو ئازادییەکانی مرۆڤ بگرێتە ئەستۆی خۆیو بۆ جێبەجێ کردنیشیان هەنگاوی پێویست باوێ.

هەر بـــەو جۆرە ئەو مافانەی کە لە پەیماننامەی مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەهەنگییەکانیش

1. FN menneskerettskomite General Comment No.31 (2004) punkt 6.
2. Ibid.
3. Ibid. Punkt 7 og 8.

دا هاتوون، ئەرکی نەرێنیو ئەرێنی دەخەنە سەر شانی دەوڵەت[1].

لێرەدا مەبەســـت لە ئەرکە نەرێنییەکانی دەوڵەت ئەوەیە کە بەرتەسک کردنەوەی «ئەو مافانەی کە دەوڵەت لەو کۆنڤانسیۆنەدا بەرعۆدەیان بووە» تەنیا ئەو کاتە رێگای پێ دەدرێ کە ئەو مەرجانەی لە ماددەی چوارەمی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکاندا هاتوون، وەبەرچاو گیرابن. مەبەســـت ئەوەیە کە هەر چەشنە بەرتەســـک کردنەوەیەکی مافەکان، «پێویستە بەگوێرەی قانوون بێ، لەگەڵ سروشـــتی مافەکان ســـازگار بێو پێداویســـتییەکانی گشـــتییەکانی کۆمەڵگایەکی دێمۆکرات لەبەرچاو بگرێ».

هەر لەو پێوەندییەدا کۆمیتەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە:

> While the Covenant provides for progressive realization and acknowledges the constraints due to the limits of available resources, it also imposes various obligations which are of immediate effect.[2]

لێـــرەدا کۆمیتەی مافە ئابـــووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکان ئەوە دەڵێ کە پێویســـتە جیاوازی لـــە نێوان ئەرکە فەوریو بێئەملاو ئەو لاکانی دەوڵەت ســـەبارەت بە پیـــادە کردنی مافەکانو ئەو ئەرکانەی دیکەدا دابنێین کە دەڵێ دەوڵەت لەســـەریەتی بەرەبەرەو بەگوێرەی ئیمکانات، ئەو مافانە پیادەو دابینو دەســـتەبەر بکات. مەبەســـت لـــە ئەرکە فەوریو بێئـــەولاولاکان ئەوەیە کە هەر لە یەکەم ســـاتەکانی مۆر کران، پەسند کران و قبووڵ کرانی کۆنڤانسیۆنەکەوە، دەوڵەت ئەرکی لەسەر شـــانە بە هەموو تواناوە بۆ جێبەجێ کردنو دەســـتبەرکردنی ئەو مافانـــە هەنگاو هەڵبگرێ کە لە کۆنڤانسیۆنەکەدا هاتوون. ئەوە بە تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەرکە نەرێنییەکانی دەوڵەت لەقەڵەم دەدرێ. ئەو قســـەیە بەو مانایەیە کە مافە مەدەنیو سیاســـییەکان دەستبەجێ و بێئەملاولا دوای پەسند کرانی پەیماننامەکە لەلایەن دەوڵەتەوە پێویستە پیادەو جێبەجێ بکرێن.

ئەوە بـــە تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەرکە نەرێنییەکانی دەوڵەت لەقەڵەم دەدرێ. بێ ئەوەی کـــە وەک تایبەتمەندییەکی هەمیشـــەیی دابنرێ. ئەو قســـەیە ئەو مانایەش دەبەخشـــێ کە مافە مەدەنیو سیاسییەکان دوای پەســـند کرانیان، دەستبەجێو بێئەملاولا دەکەونە حاڵی جێبەجێ کرانەوە. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکاندا، دەوڵەت دوو جۆرە ئەرکی لە یەک کاتدا دەکەونە ســـەر شان. ئەرکە فەوریو بێئەملاولاکان لە پێوەندی لەگەڵ پیادە کردنی مافەکاندا لە لایەک و هەروەها ئەو ئەرکانەش کە دەوڵەت لە پێوەندی دەگەڵ هەوڵدان بۆ

1. CESCR General Comment No. 3 (1990) punkt 1, der komiteen fremhever at det er «significant similarities» mellom statsforplikesene etter SP art. 2 og etter ØKS art.2.
2. ØKS-komiteesn General Comment No.3 (1990) punkt 1.

دابینو دەســـتەبەر کردنی ئەو مافانەدا کە بەشێوەی بەرەبەرەو بەگوێرەی ئیمکانات لە درێژخایەن‌دا لە لایەکی دیکەوە، دەکەونە سەر شانی.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەرکی دەوڵەت ســـەبارەت بە جێ‌بەجێ کردنو پیادە کردنی بەرەبەرەی ئەو مافانەی کە لە کۆنڤانســـیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی‌یەکان‌دا هاتوون، کە بەگوێرەی ماددەی دووهەمی کۆنڤانسیۆنەکە دەوڵەت بە پێی ئیمکاناتی بەردەستی لەو بارەوە ئەرکی دەکەوێتە سەرشان، کۆمیتەی مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، پێ لەســـەر ئەوە دادەگرێ کە ئەرکی دەوڵەت لەو بارەوە لەســـەر بناخەی بەڕەســـمی ناسینی ئەو ڕاستی‌یەوە دامەزراوە کە:

> Full realization of all economic, social and cultural rights will generally not be able to be achieved in a short period of time. In this sense the obligation differs significantly form that contained in article 2 of the international Covenant on Civil and Political Rights which embodies an immediate obligation to respect and ensure all of the relevant rights. Nevertheless, the fact that realization over time, or in other words progressively, is foreseen under the Covenant should not be misinterpreted as depriving the obligation of all meaningful content. It is on the one hand a necessary flexibility device, reflecting the realities of the real world and the difficulties involved for any country in ensuring full realization of economic, social and cultural rights. On the other hand, the phrase must be read in the light of the overall objective, indeed the raison d etre , of the Covenant which is to establish clear obligation for States parties in respect of the realization of the rights in question. It thus imposes an obligation to move as expeditiously and effectively as possible towards that goal.[3]

کاکڵی ئەو قسەیە ئەوەیە کە دەوڵەت ئەرکی سەر شانیەتی هەموو هەنگاوێکی پێویست بۆ جێ‌بەجێ کردن، پیادە کردنو دابین کردنی ئەو مافە هەڵگرێ کە لە بەر باس دایە.

ڕەنگـــە دادگاکان ئازادی‌یەکی زۆر لە پێوەندیی ئەوە دا کە دەســـەڵاتی یاســـادانان کام ڕێگا بۆ جێ‌بەجـــێ کردنی مافێک هەڵدەبژێرێ، بدەنە دەســـەڵاتی قانوون‌گوزاری. بـــەو حاڵەش بەگوێرەی کۆنڤانســـیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی‌یـــەکان گەلێک لایەنی ئەرکەکانی دەوڵەت لە

3. Ibid. Punkt 9.

پێوەنـــدی دەگەڵ پیـــادە كردنی ئەو مافانەدا كە لەو پەیماننامەیەدا هاتوون، دەســـتبەجێ دەكرێ لەلایـــەن دادگاكانـــەوە جێبەجێو پیادە بكرێن. واتە دادگاكان دەتوانـــن بەگوێرەی ئەو ئەركانە كە بەپێی رێككەوتننامەكە دەكەونە سەر شانی دەوڵەت، بڕیار بدەنو هەڵوێست وەرگرن[١].

كۆمیتەی مافە ئابووری، كۆمەڵایەتیو كولتووری‌یەكان ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە ئەركی دەوڵەت بۆ دابینو دەستەبەر كردنی مافە ئابووری، كۆمەڵایەتیو فەرهەنگی‌یەكان بێ‌وەبەرچاوگرتنی هەر چەشنە جیاوازی‌یەک دەستبەجێو فەوری دەبێ وەبەرچاو بگیردرێ. هەروەها هەر بەگوێرەی كۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، كۆمەڵایەتیو فەرهەنگی‌یەكان یەكێكی دیكە لە ئەركە فەوریو دەســـتبەجێ‌یەكانی دەوڵەت كە بایەخێكی زۆر گرینگیشـــی هەیە، ئەوەیە كە دەڵێ دەوڵەت لەسەریەتی كە بەمەبەستی پیـــادە كردنی ئەو مافانەی كە لە كۆنڤانســـۆنەكەدا هاتوون، «هەنـــگاو هەڵگرێ». ئەركی دەوڵەت بۆ هەنگاوهەڵگرتنـــی كاریگەرو چالاک بەمەبەســـتی پیـــادە كردنی مافەكان نابێ «ببەســـترێتەوە یان سنووردار بكرێت بە وەبەرچاوگرتنی هەندێک تێبینیی دیكەوە»[٢]. ئەوە بەو مانایەیە كە:

> While the full realization of the relevant rights may be achieved progressively, steps towards that goal must be taken within a reasonably short time after the Covenant's entry into force for the State concerned. Such steps should be deliberate, concrete and targeted as clearly as possible towards meeting the obligations recognized in the Covenant.[3]

بـــێ وەبەرچاوگرتنی ئـــەوەی كە دەوڵەت چ ســـەرچاوەیەكی ئابووریی لەبەر دەســـت دایە، ئەركی سەرشانیەتی كە چاوەدێریی ئەوە بكات كە تا چ ڕادەیەک مافە ئابووریو كۆمەڵایەتیو كولتووری‌یەكان جێبەجێ دەكرێن. لەوەش زیاتر دەوڵەت ئەركی ئەوەشـــی لە سەر شانە كە «ستراتێژی و پرۆگرامی جۆراوجۆر» بۆ بردنە پێشو دابین كردنی ئەو مافانە دەكار بكا[٤].

ســـەبارەت بەوەش كە مافە ئابووریو كۆمەڵایەتیو فەرهەنگی‌یەكان پێویســـتە لە چ ئاستێک دا جێبەجێو وەبەرچاو بگیردرێن، كۆمیتەی مافە ئابووریو كۆمەڵایەتی‌یەكان دەڵێ:

> A minimum core obligation to ensure the satisfaction of, at the very least, minimum essential levels of each of the rights is incumbent upon every State party. Thus, for example, a State party in which any significant number of individuals is deprived of essential foodstuffs, of essential primary health care, of basic shelter and housing, or of the

1. Slik også Dokument 16 (2011- 2012) s. 60.
2. CESCR General Comment No. 3 (1990) punkt 2.
3. Ibid.
4. Ibid.

most basic forms of education is, prima facia, failing to discharge its obligations under the Covenant.[1]

واتە دەوڵەت ئەرکی ســـەر شانیەتی کە بە پێی ئەو سەرچاوە ئابووری‌یانەی کە لەبەر دەستی دان ، لانی کەمی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکان بۆ هەمووان بێ‌جیاوازی، دابین‌و دەستەبەر بکات. لە حاڵەتێکی ئاوادا بۆ ئەوەی دەوڵەت بەوە تاوانبار نەکرێ کە کۆنڤانســـیۆنەکە پێ‌شێل دەکا، لەسەریەتی کە نیشان بدا:

«that every effort has been made to use all resources that are at its disposition to satisfy, as a matter of priority, those minimum obligations»[2]

دەبێ بڵێین کە هەر چەشـــنە پاشەکشـــەو کەمتەرخەمی‌یەک ســـەبارەت بە جێبەجێ کردنی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکان هەر لە بنەڕەتڕا کێشـــەخوڵقێنە. لەو بارەوە کۆمیتەی مافە ئابـــووری‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یـــەکان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا پێ لەســـەر ئەوە دادەگرێ کە: بۆ گرتنە پێشی هەر چەشنە «retrogressive measures» پێویستە کە

«the most careful consideration and would need to be fully justified by reference to the totality of the rights provided for in the Covenant and in the context of the full use of the maximum available resource».[3]

---

1. Ibid. punkt 10.

2. Ibid.

3. bIbid. Punkt 9.

# بەشی دووهەم
# سیستەمی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ

## ٢.١ پەیماننامە وکۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ

### ٢.١.١ گرینگترین پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤو ئەو میکانیزمانەی ئەوان بۆ چاوەدێری بەسەر چۆنیەتیی جێبەجێ بوونی کۆنڤانسیۆنەکان‌دا بەکاریان دێنن.

بەشـــێوەیەکی ئاســـایی دەتوانین کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی پاراســـتنی مافەکانی مرۆڤ بکەین بە دوو بەشـــەوە. پەیماننامـــە جیهانیو سەرتاســـەرییەکان کە هەموو دەوڵەتەکانـــی دونیا دەتوانن پێیانەوە پەیوەست بنو ببنە ئەندامیان. هەروها پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنە ناوچەییەکان کە تەنیا ئەو دەوڵەتانـــە بۆیان هەیە ببنە ئەندامیان کە لەو چوارچێـــوە جوغرافیاییەدا هەڵکەوتوون کە ئەو ناوچە دیاریکراوەی پێ دەناســـرێتەوە (ئۆرووپا، ئەفریقا، ئەمریکاو هتد)[١]. لە ئاستی جیهانیو نێوەنەتەوەییدا نـــۆ دانە پەیماننامەی نێونەتەوەییمان بۆ پاراســـتنی مافەکانی مرۆڤ هەن کـــە لە لایەن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسند کراون. ئەو نۆ پەیماننامانە دەگەڵ بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، پێکەوە، جەوهەری سیستەمی پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ پێک دێنن[٢].

---

1. Her i punkt 2.1 introduseres de internasjonale konvensjonene, mens de regionale konvensjonene introduseres i punkt 2.2 nedenfor. Konvensjonens materielle rettigheter diskuteres i kapitel 4.

2. Det er definisjonsspørsmål hva som regnes en konvensjon om «menneskerettigheter». ILO-konvensjonen om urfolks rettigheter er sentral på sitt område og behandles i punkt 4.22 nedenfor. Folkemordskonvensjonen og flyktningkonvensjonen kan også regnes som menneskerettskonvensjoner, men behandles ikke i det følgende.

کۆنڤانسیۆنی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ریشەکێش کردنی هەموو شکڵو شێوەکانی ڕەگەزپەرەستیو جیاوازیدانان لەســەر بناخەی رەگەز کە لە ٢١ی دیســامبری ١٩٦٥ پەسند کراو لە ٤ی ژانویەی ١٩٦٩دا کەوتــە حاڵەتــی جێبەجێ کردنەوە. وڵاتی نۆرویژ لە رۆژی ٦ی ئۆگســتی ١٩٧٠دا چووە پاڵ ئــەم پەیماننامەیەوە[1]. ئەو کۆنڤانســیۆنە هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانانو هەڵاواردن لەســەر بناخەی رەگەز، رەنگی پێست، رەچەڵەک، قەومو نەتەوەو ئیتنیستی قەدەغە دەکات. بەندی یەکەمی کۆنڤانســیۆنەکە مەیدانو زەمینە مادیەکانی دەکار کردنو بردنە پێشی کۆنڤانسیۆنەکە دەستنیشان دەکات. ماددەی دووهەم بەشــێوەیەکی گشــتی هەموو جۆرەکانی ڕەگەزپەرەستیو جیاوازیدانانی ڕەگەزی قەدەغە دەکا. هەروەها ئەرک دەخاتە ســەر شــانی دەوڵەتەکانی ئەندام کە سیاســەتێک بگرنە پێش کە ببێتە هۆی ڕیشــەکێش بوونی جیاوازیدانانی ڕەگەزی لە هەموو شــکڵو شێوەکانی خۆیدا. سیاسەتێک کە ویکهەڵکردنو لێک تێگەیشتن لە نێوان هەموو گەلانو میللەتانو دەستەو تاقمە ئینســانییە جۆراوجۆرەکان دا تەشــویقو پەرە پێ بدا. ماددەی سێهەم بەشێوەیەکی تایبەتی جیاوازیدانانــی ڕەگەزیو لێک هەڵاواردنی ڕەگەزیو ئاپارتاید قەدەغە دەکات. ماددەی چوارەم هەر چەشــنە پرۆپاگەندەو تەبلیغاتێک قەدەغە دەکا کە ببێتە هۆی تەشویقو پەرەپێدانی جیاوازیدانانی ڕەگەزیو لێکهەڵاواردن لەســەر بناخەی ڕەگەز. ماددەی پێنجەمی پەیماننامەکە ناوی بەشێک لەو مافە مەدەنی، سیاســی، ئابووریو کۆمەڵایەتیو کولتوورییانە دەبا کە دەوڵەت پێویستە «بەتایبەتی» دابینو دەستەبەریان بکات.

کۆمیتــەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ قەدەغە بوونی جیاوازیدانانی ڕەگەزی چاوەدێری بەسەر چۆنیەتیی جێبەجێ کردنو پیادە کردنی پەیماننامەکە لەلایەن دەوڵەتەکانەوە دەکا.

کۆنڤانســیۆنی مافە ئابــووری، کۆمەڵایەتیو کولتوریەکان (CESCR) کە لە ١٦ی دیســامبری ١٩٦٦دا پەســند کراو لە ڕۆژی ســێهەمی ژانویــەی ١٩٧٦دا کەوتە حاڵەتــی جێبەجێ کردنەوە. ڕۆژی ١٣ی ســیپتامبری ١٩٧٢ وڵاتی نۆرویژ بەو پەیماننامەیەوە پەیوەســت بوو[2]. ئەو کۆنڤانسیۆنە پەیماننامەیەکی گشــتییە کە کۆمەڵێک لە مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکان دەپارێزێ. مــاددەی شەشــەم مافی هەبوونی کار بۆ هەموان دەپارێزێ، مــاددەی حەوتەم دەڵێ هەموان مافی ئەوەیــان هەیــە کە لە هەلومەرجێکی عادڵانەدا کار بکەن. واتە هەمــووان حەقی ئەوەیان هەیە کە لــە بارودۆخێکی عادڵانەدا کار بکەن. ماددەی هەشــتەم مافی پێکهێنانی ســەندیکاو یەکیەتییە پیشــەییو نەقابییەکان دەپارێزێ، ماددەی نۆهەم مافی زەمانــەتو بیمەی کۆمەڵایەتی دەپارێزێ. مــاددەی دەهەم بەرگریو حیمایەت لە بنەماڵە دەکا. ماددەی یازدەهەم مافی دابین بوونی ژیانێکی ســتاندارد بۆ هەمووان دەســتەبەر دەکا. ماددەی دوازدەهەم دەڵێ هەمــووان مافەی ئەوەیان هەیە

1. Konvensjonen gjelder som norsk lov, jf. Diskrimineringsloven om etnisitet, § 5.
2. Konvensjonen gjelder som norsk lov, jf. Menneskerettsloven § 2(2).

کە دەســـتیان وەئاســـتی هەرە بەرزی ئیمکاناتی لەش‌ســـاغی‌و دەرمانیی مەوجـــوود ڕابگا. ماددەی ســـێزدەهەم مافی خوێندن بۆ هەمووان دەپارێزێ. ماددەی چواردەهەم مافی هەمووان بۆ خوێندنی ســـەرەتایی‌و ناوەنـــدی بەبێ بەرانبەر دەســـتەبەر دەکا. ماددەی پانزدەهەم مافی بەشـــداری کردن لە ژیانی کولتووری‌و فەرهەنگی‌و پێشـــکەوتنە زانســـتی‌یەکان دا دەپارێـــزێ. کۆمیتەی ڕێکخراوای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکان، چاوەدێری بەســـەر چۆنیەتیی پیادەکردنی ئەم پەیماننامەیە دا لەلایەن دەوڵەتەکانەوە دەکات (CESCR-Committee)[1]. شـــایانی باســـە کە پرۆتۆکۆڵێکی ئیزافی‌و ئیختیاری بۆ ئەم کۆنڤانسیۆنە لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا پەسند کراوە. ئەو پرۆتۆکۆڵە دەرفەت‌و شانسی ئەوە بۆ تاکەکەسەکان پێک دێنێ تا سکاڵاکانیان لە پێوەندی لەگەڵ پێ‌شـــێل کرانی ئەو مافانەی لەو کۆنڤانســـیۆنەدا هاتوون بەرنە بەر دەمی کۆمیتەی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و داوای پێ‌ڕاگەیشـــتن‌و گێڕانـــەوەی ماف‌و قەرەبوو کردنەوەی ئەو پێ‌شێل‌کاریانە بکەن کە لە لایەن دەوڵەتەوە بەرانبەریان کراوە. ڕۆژی ١٠ دیسامبری ساڵی ٢٠٠٨، ئەم پرۆتۆکۆلە لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پەسند کرا و ڕۆژی ٥ی مانگی مای ساڵی ٢٠١٣ دا کەوتە حاڵی جێ‌بەجێ کردنەوە.

هەر بەو جۆرە کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکانیش لە ١٦ی دیسامبری ساڵی ١٩٦٦دا، پەســـند کرا و لە ڕۆژی ٢٣ی مارســـی ســـاڵی ١٩٧٦دا کەوتە حاڵەتی جێ‌بەجێ کردنەوە. نۆرویژ لە ڕۆژی ١٣ی ســـێپتامبری ســـاڵی ١٩٧٢دا ئەو پەیماننامەیەی قبووڵ کردو بەڕەســـمی چووە ناو پەیماننامەکەوە[2]. ئەو پەیماننامەیە ژمارەیەکی زۆر لە مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان دەستەبەر دەکات. وەک ماددەی شەشـــەم مافی ژیان دەپارێزێ، ماددەی حەوتەم هەرچەشنە ئەشکەنجەیەک قەدەغە دەکات، ماددەی هەشتەم کۆیلەتی‌و بازرگانی بەکۆیلەوە لە هەموو شکڵ‌و شێوەکانی‌دا قەدەغە دەکا. ماددەی نۆهەم مافی ئازادی‌و ئەمنیەت‌و ئاسایشـــی شەخســـی بۆ هەمووان دەستەبەر دەکا. ماددەی دەهەم دەڵێ هەموو ئەوانەی کە بە هەر هۆیەکەوە ئازادی‌یان لێ زەوت کراوە، پێویستە بەشێوەیەکی ئینســـانی‌و مرۆڤ‌دۆســـتانە هەڵس‌وکەوت‌و ڕەفتاریان دەگەڵ بکرێ. واتە ئەو کەسانەی کە گیراون یان لە زیندان دان، بەپێی یاســـا مافی ئەوەیان هەیە بەشێوەیەکی ئینسانی ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێ. ماددەی یازدەهەم هەر چەشـــنە گرتن‌و زیندانی کردنێک بەهۆی قەرزەوە قەدەغە دەکات. ماددەی دوازدەهـــەم مافـــی هاتوچۆی ئازادانە بۆ هەمووان دەپارێزێ. ماددەی ســـێزدەهەم دەڵێ دەوڵەت لە پێوەندی لەگەڵ وەدەرنانی بیانی‌یەکان دا لەســـەریەتی کە هەموو ئەو یاســـاو قانوون‌و ڕێ‌وشوێنانە وەبەرچاو بگرێ کە مافە بنەڕەتی‌یەکانی بیانی‌یەکان دەســـتەبەر دەکەن. ماددەی چواردەهەم مافی

1. CESCR ble ikke opprettet ved vedtakelsen av konvensjonen, men først ved ECOSOC Resolusjon 1985/17 (28.5.1985).

2. Konvensjonen gjelder som norsk lov, jf. Menneskerettsloven § 2(3).

هەموو کەســێک بۆ دادگایــی کردنێکی عادڵانە دەپارێزێ. مــاددەی پازدەهەم مافی هەموو کەس لــە کاتی ســزا دان دا دەپارێزێ کە بەگوێرەی ئەو قانوونانە ســزا بدرێن کە لــە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا وەک قانوون ناسراون. ماددەی شازدەهەم دەڵێ هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە لەلایەن قانوونەوە وەک کەس یا شەخسێکی حقووقی بناسرێ. ماددەی حەڤدەهەم مافی هەمووان بۆ ژیانی تایبەتیو ژیانی بنەماڵەییو خێزانی دەستەبەر دەکا. ماددەی هەژدەهەم ئازادیی بیرو عەقیدە، ئازادیی ویــژدانو دینو مەزهەب بۆ هەمووان دەپارێــزێ. ماددەی نۆزدەهەم ئازادیی بیــرو باوەڕو ئازادیی بەیان دەســتەبەر دەکات. ماددەی بیســتەم تەبلیغاتو پروپاگەندەی شــەڕ قەدەغە دەکا. ماددەی بیســتویەکەم ئازادیی پێکهێنانی کۆڕوکۆبوونەوەی هێمنانە دەپارێزێ. ماددەی بیســتدووهەم ئازادیی پێکهێنانو دامەزراندنی کۆڕو کۆمەڵو سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەییو نەقابییەکان دەپارێزێ. ماددەی بیستوســێهەم بنەماڵەو خێزان وەک بەردی بناخەی کۆمەڵگا دەناسێو ئەو مافە بە هەموو کەس دەدات کە ئازادانە هاوسەرگیری بکەن. ماددەی بیستچوارەم شوێنو پێگەی قانوونیو یاسایی منداڵ دەپارێزێ. ماددەی بیســتوپێنجەم مافی هەمووان بۆ بەشــداری لــە هەڵبژاردنو کاروباری گشــتیی کۆمەڵدا مسۆگەر دەکات. ماددەی بیستوشەشــەم هەر چەشنە جیاوازیو هەڵاواردنێک قەدەغە دەکات. ماددەی بیســتحەوتەم ئەو مــافو ئازادییانە دەپارێزێ کە بــۆ کەمایەتییەکان لەبەرچاو گیراون. کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، چاوەدێری بەســەر چۆنیەتیی پیادە کردنی بەندەکانی ئەو پەیماننامەیە دا لەلایەن دەوڵەتەکانەوە دەکات.

شایانی باسە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەمەبەستی هەرچی باشتر پیادە کرانی بەندەکانی ئــەم پەیماننامەیە دوو پرۆتۆکۆلی زیادیشــی پەســند کردوون کە دەوڵەتــەکان دڵخوازانە دەتوانن پەیڕەوییان لێ بکەن. یەکەمین پرۆتۆکۆڵ هاوکات لەگەڵ پەســند کرانی پەیماننامەکەدا پەســند کــراو کەوتە حاڵی جێبەجێ کردنەوە. بەگوێرەی ئەو پرۆتۆکۆڵە، تاکەکەســەکان مافی ئەوەیان پێ دەدرێ کە سکاڵاو شکایەتی خۆیان سەبارەت بە پێشێل کرانی ئەو مافانەی کە لەو پەیماننامەیەدا هاتوون بۆ پێڕاگەیشتن بەرنە بەر دەمی کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان. پرۆتۆکۆڵــی دووهەم ســزای ئیعدام قەدەغە دەکات. ئەو پرۆتۆکۆڵە لە پازدەی دیســامبری ســاڵی ١٩٨٩دا پەسند کرا، لە ڕۆژی یازدەی جولای ١٩٩٩دا کەوتە حاڵی جێبەجێ کردنەوە.

کۆنڤانســیۆنی لەنێو بردنی هەموو شــکڵو فۆرمەکانی جیاوازیدانان بەرانبەر بە ژنان لە ١٨ی دیســامبری ساڵی ١٩٧٩ دا پەسند کراو لە ڕۆژی ٣ی سێپتامبری ساڵی ١٩٨١دا کەوتە جێبەجێ کردنەوە. نۆرویژ ڕۆژی ٢١ی مانگی مای ســاڵی ١٩٨١ پەیوەســت بوونی خۆی بەو کۆنڤانسیۆنەوە ڕاگەیاند[1]. ئەو پەیماننامەیە ئەرک دەخاتە سەر شانی دەوڵەتەکان تا سیاسەتێک بگرنە پێش کە ببێتە هۆی لەنێو بردنی هەموو جۆرە جیاوازی دانانێک کە دەگەڵ ژنان دەکرێ (مادەی دووهەم). لەوەش

1. Konvensjonen gjelder som norsk lov, jf. Menneskerettsloven § 2(5).

زیاتر پەیماننامەکە ئەو ئەرکە دەخاتە سەر شانی دەوڵەت کە هەموو جۆرە ئامرازو میکانیزمێک بەمەبەستی دابین کردنی دەرفەتو شانسی وەک یەک لەگەڵ پیاوان، بۆ پەرەسەندنو پێشکەوتنی ژنان دەکار بکەن، «ماددەی سێیەم». هەروەها ئەرک دەخاتە سەر ئەستۆی دەوڵەتەکانی ئەندام کە بەمەبەستی ڕیشەکێش کردنی هەموو ئەو بیرە کلێشەییو دوگمانەی کە لە پێوەندی دەگەڵ ژناندا لە گۆڕێ دان، سیاسەتو میکانیزمی پێویست بگرنە پێشو بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونە دواکەوتووانە کە ڕێگا لە چوونە پێشو گەشەی ژنان شان بە شانی پیاوان دەگرن، هەنگاوی پێویست هەڵگرن (ماددەی چوارەم). دواتر پەیماننامەکە ژمارەیەک بڕیار بەمەبەستی وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی سەرەوە لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵدا، ڕیز دەکا. وەک بەشداریی ژنان لە هەڵبژاردنو کاروباری سیاسیو گشتیی کۆمەڵدا (ماددەی حەوتەم). مافی هاووڵاتی بوون (ماددەی نۆهەم)، مافی خوێندن (ماددەی دەهەم)، مافی کار کردن (ماددەی یازدەهەم)، دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە لەشساغیو تەندروستییەکان (ماددەی دوازدەهەم) و زۆر ماف و ئازادیی دیکەش.

کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ قەدەغە بوونی جیاوازیدانان بەرانبەر ژنان، چاوەدێری بەسەر چونیەتیی پیادە کرانی ئەم پەیماننامەیەدا دەکات، تا بزانێ دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە چۆن بەندەکانی پەیماننامەکە پیادە و جێبەجێ دەکەن. ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەمەبەستی باشتر بەڕێوە چوونی ئەم کۆنڤانسیۆنە، پرۆتۆکۆڵێکی زیادیو دڵخوازانەی پەسند کردوە. بەگوێرەی پرۆتۆکۆڵەکە تاکەکەسەکان مافی ئەوەیان هەیە لە پێوەندی دەگەڵ پێشێل کرانی ئەو مافو ئازادییانەی لەو پەیماننامەیەدا هاتوون، سکاڵای خۆیان بۆ پێڕاگەیشتن بەرنە بەردەمی کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی جیاوازیدانان بەرانبەر بە ژنان. ئەو پرۆتۆکۆلە ڕۆژی ٦ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٩٩ پەسند کراو ڕۆژی بیستودووی دیسامبری ساڵی دووهەزاری زایینی کەوتە جێبەجێ کردنەوە.

کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ قەدەغە کردنی ئەشکەنجەو هەر چەشنە سزا و کردەوەیەکی دیکەی پڕ لە سووکایەتیو بەکەمگرتن، ئەم کۆنڤانسیۆنە ڕۆژی ١٠ی دیسامبری ساڵی ١٩٨٤ پەسند کراو ڕۆژی ٢٦ی مانگی ژوئەنی ساڵی ١٩٨٧ی زایینی، کەوتە حاڵی جێبەجێ کرانەوە. ڕۆژی ٩ی مانگی ژولای ساڵی ١٩٨٦ی زایینی، نۆرویژ بەڕەسمی پێبەند بوونی خۆی بەو کۆنڤانسیۆنەوە ڕاگەیاند[1]. کۆنڤانسیۆنەکە بەشێوەیەکی گشتی ئەشکەنجە قەدەغە دەکات (ماددەی یەکەم)، هەروەها هەندێک بڕیاری تایبەتی دیکەش لە پێوەندی دەگەڵ قەدەغە بوونی ئەشکەنجە دا دەخاتە سەرشانی دەوڵەتانی ئەندام، وەک ئەوە کە هیچ کەس نابێ بۆ وڵاتێک یان ناوچەیەک بە زۆری ڕەوانە بکرێتەوە کە ئیحتیمالی هەبێ لەوێ ناوبراو تووشی ئەشکەنجە بێ، (ماددەی سێیەم).

1. Konvensjonen anses som gjennomført i norsk rett gjennom straffeloven (1902) § 117a / straffeloven § 174.

مـــاددەی چـــوارەم دەڵێ بەگوێرەی یاســـا نەتەوەیی ومیللییەکان هەموو جۆرەکانی ئەشـــکەنجە قەدەغـــەن. بەگوێرەی ماددەی یازدەهەمی کۆنڤانســـیۆنەکە پێویســـتە لەســـەر دەوڵەتەکان هەموو ڕێوشوێنو ئامرازو میکانیزمێک بەکار بەرن تا لە کاتی گرتنو زیندانی کردنی کەسەکان، پێش بە هەر چەشـــنە ئەشـــکەنجەیەک بگرن. بەگوێرەی ماددەی چواردەهەم ئەو کەسانەی دەبنە قوربانیی ئەشکەنجە، بەپێی قانوون مافی قەرەبووکردنەوەو وەرگرتنی خەسارەتو چارەسەری وهەڵسانەوەیان هەیە. بەگوێرەی ماددەی پازدەهەم هەر چەشـــنە دان پیێدانان، ئیعترافێک کە لە ژێر ئەشـــکەنجەدا وەرگیرابێ، لە دادگاکان وەک بەڵگە بەحیســـاب نایە. کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ قەدەغە بوونی ئەشـــکەنجە، چاوەدێری بەســـەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ئـــەو پەیماننامەیە دا دەکا. هەروەها ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەمەبەستی جێبەجێ کرانی هەرچی باشتری پەیماننامەکە پرۆتۆکۆڵێکی زیادیو ئیختیاریی پەســـند کردوە. بەپێی ئەم پرۆتۆکۆڵە، کۆمیتەیەکی تایبەت لە ژێر سەرپەرستیی کۆمیتەی قەدەغە بوونی ئەشکەنجەدا بۆ پێش گرتن لە ڕوودانی ئەشکەنجە پێک دێ. ڕۆژی ١٨ی دیسامبری ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی ئەم پرۆتۆکۆڵە پەسند کراو ڕۆژی ٢٢ی ژوئەنی ساڵی ٢٠٠٦ کەوتە حاڵی جێبەجێ کردنەوە. نۆرویژ ڕۆژی ٢٧ی مانگی ژوئەنی ســـاڵی ٢٠١٣ بەڕەسمی پەیوەست بوونی خۆی بەو کۆنڤانسیۆنەوە ڕاگەیاند[1].

کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵ لە ڕۆژی ٢٠ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨٩دا پەسند کراو ڕۆژی ٢ی سیپتامبری ساڵی ١٩٩٠ی زایینی کەوتە حاڵی جێبەجێ کرانەوە. ڕۆژی ٨ی ژانویەی ساڵی ١٩٩١ی زایینی، نۆرویژ بەڕەسمی چووە ناو پەیماننامەکەوە[2]. ماددەی سێهەمی پەیماننامەکە وەک ئەسڵێکی گشـــتی دەڵێ لە هەر چەشـــنە بڕیارو ڕەفتارێکدا کە منداڵ بگرێتەوە، پێویســـتە باشترین قازانجو بەرژەوەندییەکانـــی منداڵ وەبەرچـــاو بگیردرێن. واتە وەبەرچاوگرتنی قازانـــجو بەرژەوەندییەکانی منـــداڵ دەبێ بە بـــەردی بناخەی هەموو ئەو جۆرە بڕیارو کردەوانـــە دابنرێ کە بە جۆرێک منداڵ دەگرنەوەو شـــوێنەواریان لەسەر منداڵ دەبێ. دواتر پەیماننامەکە باس لەو مافانە دەکا کە بۆ هەموو کەسانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵی پێویستە لەبەرچاو بگیردرێن وەک: ماددەی شەشەم، مافی ژیان بۆ هەمـــوو منداڵان دەپارێزێ. ماددەی حەوتـــەم، ئەو مافە بە هەموو منداڵان دەدات کە ناویان هەبێو مافـــی هاووڵاتییان پـــێ بدرێو وەک هاووڵاتی ناویان تۆمار بکرێ. ماددەی هەشـــت ئەو مافانە بە منداڵ دەدا کە هەویەتو ناسنامە، ئیدەنتێتی خۆی بپارێزێ. ماددەکانی نۆهەمو دەیەم ئەو مافانە بە منداڵ دەدەن کـــە نابێ لە باوکو دایکیان جیا بکرێنەوەو هەڵاوێردرێن. ماددەی یازدەهەم فڕاندنی منـــداڵ بۆ دەرەوەی وڵات قەدەغە دەکات. ماددەی دوازدەهەم ئەو مافە بە منداڵ دەدات کە گوێی لێ بگیردرێ. ماددەی ســـێزدەهەم مافی ئازادیی بەیان بۆ منداڵ دەپارێزێ. هەر بەو جۆرە ماددەی

1. Se punkt 3.3.3 om gjennomføring av denne protokollen i nors rett.

2. Konvensjonen gjelder som norsk lov, jf. Menneskerettsloven § 2(4).

چواردەهەم ئازادیی بیرو باوەڕو عەقیدە، ئازادیی ویژدانو دینو مەزهەب بۆ منداڵ دەستەبەر دەکات. ماددەی پازدەهەم ئازادیی پێکهێنانی ڕێکخراو و کۆڕو کۆبوونەوەی هێمنانە بۆ منداڵان بەڕەسمی دەناسێ. ماددەی شازدەهەم مافی ژیانی تایبەتیو بنەماڵەیی بۆ منداڵان دەستەبەر دەکات. کۆمیتەی مافەکانی منداڵی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان چاوەدێری بەسەر چۆنیەتیی جێبەجێ کرانی بەندەکانی ئەم پەیماننامەیەدا دەکا و لەو بارەوە دەوڵەتانی ئەندام دەخاتە ژێر چاوەدێری کە چۆن بۆ پیادە کردنی ئەم پەیماننامەیە کار دەکەن. ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەمەبەستی پیادە کردنو جێبەجێ کرانی هەرچی باشتری ئەم پەیماننامەیە سێ پرۆتۆکۆڵی زیادیو دڵخوازانەی دیکەشی پەسند کردوون. پرۆتۆکۆڵی یەکەم کە لە ڕۆژی ٢٥ی مانگی مای ساڵی ٢٠٠٠دا پەسند کراو ڕۆژی ١٢ی مانگی فێوریەی ساڵی ٢٠٠٢ کەوتە جێبەجێ کردن. ئەم پرۆتۆکۆڵە مافەکانی منداڵ لەسەردەمی شەڕو کێشە چەکدارییەکاندا دەپارێزێ. پرۆتۆکۆلی دووهەم کە لە ٢٥ی مانگی مارسی ساڵی ٢٠٠٠دا پەسند کراو ڕۆژی ١٨ی ژانویەی ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی کەوتە جێبەجێ کردنەوە، تایبەتە بە پاراستنی منداڵان لە بەرانبەر بازرگانی کردن بە منداڵانەوە، کڕینو فرۆشتنی منداڵان، لەشفرۆشیو کەڵکی جنسی وەرگرتن لە منداڵانو پۆرنۆگرافیی منداڵان. پرۆتۆکۆڵی ژمارە سێ کە ڕۆژی ١٩ی دیسامبری ٢٠١١ی زایینی پەسند کرا و ڕۆژی ١٤ی ئاپریلی ساڵی ٢٠١٤ کەوتە جێبەجێ کردنەوە. بەگوێرەی ئەم پرۆتۆکۆڵە دەرفەت بە تاکەکەس دەدرێ سکاڵاو شکایەتی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ پێشێل کرانی بەندەکانی ئەم پەیماننامەیەدا بەرێتە بەردەم کۆمیتەی مافەکانی منداڵی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پاراستنی مافی کرێکارانی بیانیو ئەندامانی بنەماڵەکانیان. ئەم کۆنڤانسیۆنە ڕۆژی ١٨ی دیسامبری ساڵی ١٩٩٠ی زایینی پەسند کراو ڕۆژی ١ی ژولای ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی کەوتە جێبەجێ کردنەوە. ئەم پەیماننامەیە ئەو مافو ئازادییانە دەپارێزێ کە بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی کرێکارانی بیانیو ئەندامانی بنەماڵەکانیاندا گرنگو پڕبایەخن . کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافی کرێکارانی بیانی، چاوەدێری بەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونو پیادە بوونی ماددەکانی ئەو کۆنڤانسیۆنەدا دەکا.

کۆنڤانسیۆنی مافەکانی کەسانی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت. ڕۆژی ١٣ی دیسامبری ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی ئەم کۆنڤانسیۆنە پەسند کراو ڕۆژی ٣ی مانگی مای ساڵی ٢٠٠٨ کەوتە حاڵی جێبەجێ کردنەوە. نۆروێژ ڕۆژی ٣ی ژوئەنی ساڵی ٢٠١٣ ئەم کۆنڤانسیۆنەی ئیمزا کردو پابەند بوونی خۆی بە بەندەکانی ئەم پەیماننامەیەوە ڕاگەیاند[1]. ئامانجی ئەم کۆنڤانسیۆنە ئەوەیە کە بەشێوەیەکی کاریگەر مافەکانی مرۆڤ بۆ کەسانی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت

1. Konvensjonen er ikke inkorporert i nors lov, men den anses som gjennomført blant annet ved diskriminering- og tilgjengelighetsloven.

مســـۆگەر بکات. بەندی پێنجەمی کۆنڤانسیۆنەکە بەشـــێوەیەکی گشتی هەرچەشنە جیاوازیدانانو هاڵاواردنێک بەرانبەر کەســـانی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەتی قەدەغە دەکات. ماددەکانی شەشەم وحەوتەمی پەیماننامەکە بەشێوەیەکی تایبەتی ژنانو منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەپارێزن. ماددەی هەشتەم ئەرک دەخاتە سەر شانی دەوڵەتەکان کە تێبکۆشن ئاستی هوشیاریو ئاگاهی ســـەبارەت بە مافەکانی کەســـانی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەتی لە نێو کۆمەڵدا بەرنە ســـەر. بەگوێرەی مـــاددەی نۆهەمی پەیماننامەکـــە دەوڵەتەکان لەســـەریانە هەلومەرجێک بخوڵقێنن کە کەســـانی کەمئەندامو خاوەن پێداویســـتیی تایبەت بێجیاوازی دەســـتیان وە شوێنە گشـــتییەکانی وەک باڵەخانەکان، بیناکان، کەرەسەکانی هاتوچۆ و گواستنەوە، کاناڵەکانی وەرگرتنی زانیاریو هتد ڕابگا. واتە کۆنڤانسیۆنەکە گەلێک بڕیار ڕیز دەکات کە بەگوێرەی ئەوان مافە مەدەنیو سیاسییەکانی کەمئەندامان دابینو دەستەبەر دەکرێن. وەک مافی ژیان، یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا، دەستڕاگەیشـــتن بە سیســـتەمی قەزاییو دادگاکان، مافی ئازادیو ئەمنیەتو ئاسایشی شەخسی، قەدەغەبوونی ئەشـــکەنجە، پاراســـتن  لە بەرامبەر ســـزاو هەڵسوکەوتی غەیرە ئینسانیو ڕەفتاری پڕ لە ســـووکایەتیوبەکەم گرتن و تەحقیر. دواتر کۆنڤانســـیۆنەکە ئـــەو مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییانـــە باس دەکات کە پێویســـتە دەوڵەتەکانی ئەندام بۆ کەمئەندامانو کەســـانی خاوەن پێداویستیی تایبەتی دابینو دەستەبەریان بکەن. وەک: (مافی خوێندن، لەشساخی، دەستڕاگەیشتن بە ئیمکاناتی تەندروســـتیو دەرمانی، مافی کار، مافی ســـتانداردێکی ئەوتۆی ژیان کە پێداویستییە بنەڕەتیو ڕەفاهییەکانی مرۆڤی کەمئەندام دەستەبەر بکا.

کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی کەمئەندامانو کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتی، چاوەدێری بەســـەر چۆنیەتیی جێبەجێ بوونو پیادە کرانی ئەم کۆنڤانســـیۆنەدا دەکا. بە مەبەســـتی باشـــتر بەڕێوەچوونی ئەو پەیماننامەیە، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتـــووەکان پرۆتۆکۆڵێکی زیادیو ئیختاریی پەســـند کردوە. پرۆتۆکۆڵەکە هاوکات لەگەڵ کۆنڤانسیۆنەکەدا پەسند کراو کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە. جیا لە سیســـتەمی نێونەتەوەیی پاراســـتنی مافەکانی مرۆڤ، یاســـاکانی عورفی نێونەتەوەیی(Customary Law) مافەکانی مرۆڤ دەپارێزن. بەڵام لە کردەوەدا یاسای عورفی نێونەتەوەیی زۆرتر لە پێوەندی لەگەڵ یاســـای گشـــتیی نێونەتەوەیی دا کارکردی هەیە. هەر بۆیە عورفی نێونەتەوەیی لە پێوەندی دەگەڵ پاراســـتنی مافەکانی مرۆڤدا نەخشێکی کەمتری هەیە. لەو کتێبەدا زۆر بەکەمی باسی یاسای عورفی نێونەتەوەیی دەکەین.

## ۲.۱.۲ تایبەتمەندییە هاوبەشـــەکانی میکانیزمەکانی چاوەدێریی بەسەر جێبەجی کرانی کۆنڤانسیۆنەکاندا

لەو کورتەباســـەی کە لەســـەرەوەدا باســـمان کرد، بۆمان دەردەکەوێ کە هەر کام لە کۆنڤانسیۆنە

نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤ، کۆمیتەیەکی تایبەت بەخۆیان بەمەبەستی چاوەدێری بەسەر پیادە کردنی بەندەکانی کۆنڤانسیۆنەکەدا دامەزراندوە. ئەو میکانیزمە پێی دەگوترێ (treaty body) یا کۆمیتە. هەر کام لەو کۆمیتانە لێوەشاوەیی‌و شارەزایی‌و توانایی ئەوەیان هەیە کە چاوەدێری بەسەر چۆنیەتیی جێبەجێ بوونی نێوەرۆکی کۆنڤانسیۆنەکەی تایبەت بە خۆیان‌دا بکەن. ئەو کۆمیتانە هەموویان بەسەر یەکەو پێیان دەگوترێ سیستەمی (The Human Rights Treaty Bodies).

وەک باسمان کرد ژمارەی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤ کە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسند کراون، نۆ دانەن. هەر بۆیە ژمارەی ئەو کۆمیتانەش کە بۆ چاوەدێری بەسەر جێبەجێ بوونی ئەوان لە نێو سیستەمی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا پێک هاتوون بریتی‌یە لە نۆ کۆمیتە[1]. کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکان، کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە جیاوازی‌دانانی ڕەگەزی، کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە جیاوازی‌دانان بەرانبەر بە ژنان، کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ قەدەغە بوونی ئەشکەنجە، کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی منداڵ، کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی کرێکارانی بیانی‌و ئەندامانی بنەماڵەکانیان[2]، کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتی، کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کەسانی بێ‌سەروشوێن‌کراو. هەر کۆنڤانسیۆن یا پەیماننامەیەک، کە کۆمیتەیەک بۆ چاوەدێری بەسەر چۆنیەتیی پیادەبوونی‌دا دادەمەزرێنێ، دەسەڵاتی ئەوەشی هەیە کە سەبارەت بە چۆنیەتیی کار کردن، پێک‌هاتن‌و لێوەشاوەیی‌و شارەزایی ئەو کۆمیتەیە، بڕیاری پێویست بدات[3]. تایبەتمەندیی هاوبەشی نێوان هەموو ئەو کۆمیتانە ئەوەیە کە ئەندامەکانیان لەسەر بناخەی لێوەشاوەیی‌و شارەزایی شەخسی وپسپۆڕبوونیان لەو بوارەدا کەکاری تێدا دەکەن، هەڵدەبژێردرێن. واتە ئەوان لەو کۆمیتانەدا نوێنەرایەتیی وڵاتەکانی خۆیان ناکەن.

بەگشتی ئەم کۆمیتانە شەش میکانیزمی جۆراجۆر بەمەبەستی دابین‌و دەستەبەر کران‌و پیادە کردنی کۆنڤانسیۆنەکان بەکار دەبەن: ئامادەکردنی دوا ڕاپۆرتی خۆیان سەبارەت بەو ڕاپۆرتانە کە وڵاتی ئەندام هەر چەند ساڵ جارێک پێشکەشی کۆمیتەکەی دەکەن، میکانیزمی سکاڵاو شکایەت لەلایەن ئەو کەسانەی کە دەڵێن مافو ئازادی‌یەکانیان پێ‌شێل کراون، بڵاو کردنەوەی تێبینی‌یەکانی خۆیان لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکانی پێوەندی‌دار بە مافەکانی مرۆڤەوە بەشێوەیەکی گشتی،

1. Egentlig ti, siden TK oppretter to komiteer: FN torturkomite og FN underkomite for forebygging av tortur. Disse behandles samlet i fortsettelsen.

2. Denne behandles ikke videre, siden Norge ikke har ratifisert CMW.

3. SP art. 28-45, CESCR art. 16-22, RDK art 8-16, KDK art.17-22, YK art.17-24, BK art.43_45, CMW art.72_78, CRPD art.34_39, CED art.26-36..

میکانیزمی ســکاڵاو شــکایەت کردن لەلایەن دەوڵەت یان چەند دەوڵەتێکەوە بەگوێرەی پرۆســە دیاری‌کراوەکانی بەرز کردنەوە ی ســکاڵا[1]، میکانیزمەکانی تەحقیــقو لێکۆڵینەوەو دەرکردنو بڵاو کردنــەوەی بەیاننامەو ڕاگەیەندراوی تایبەت ســەبارەت بە چۆنیەتیی وەزعــی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتێــکدا. دیــارە بەکارهێنانی هەر کام لەو ســازوکارو میکانیزمانە، پێوەندیــی بەوە هەیە کە ئەو کۆمیتەیە دەتوانێ تا چ ڕادەیەک یەکێک لەو میکانیزمانە بەکار بێنێ. واتە چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەم میکانیزمانــە لەلایەن کۆمیتەکانەوە، لە کۆمیتەیەکەوە بۆ کۆمیتەیەکی دیکە بەهۆی ئەو ئیمکاناتەی کە لەبەر دەستی کۆمیتەکە دایە، گۆڕانی بەسەردا دێ.

گرینگترین میکانیزمی چاوەدێری کردنی چۆنیەتیی پیادە کردنی ئەو کۆنڤانســیۆنانە ئەوەیە کە هەر دەوڵەتێک ئەرکی سەرشــانیەتی هەر چەند ســاڵ جارێک ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل سەبارەت بە چۆنیەتیی پیادە کردنی هەر کام لە کۆنڤانســیۆنەکان پێشکەشی کۆمیتەی تایبەت بەو کۆنڤانسیۆنە بکات کە ئەرکی ڕاگەیشــتنو چاوەدێریی کۆنڤانســیۆنەکەی پێ‌ئەســپێردراوە. دەوڵەتەکانی ئەندام ئەرکــی سەرشــانیانە کە ناوبەناو ئەو جــۆرە ڕاپۆرتانە ئامادە بکەنو لە کاتــی دیاری‌کراوی خۆی‌دا پێشکەشــی ئەو کۆمیتە جۆراوجۆرانەیــان بکەن کە بۆ چاوەدێری بەســەر چۆنیەتیی پیادە کرانی کۆنڤانسیۆنەکان‌دا لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا دامەزراون. پرۆسەی ئامادە کردنو پێشکەش کردنی ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە بەم جۆرەی خوارەوەیە.

هەر وڵاتێک کە کۆنڤانســیۆنێک قبووڵ دەکا، دوو ســاڵ پاش ئیمزا کردنی کۆنڤانســیۆنەکە لەســەریەتی یەکەمیــن ڕاپۆرت ســەبارەت بەو هەنگاوانە کــە لە پێوەندی دەگــەڵ پیادە کردنی کۆنڤانســیۆنەکەدا هەڵی‌هێناونەتەوە ئامادەو پێشــکەش بە کۆمیتەی پێوەنــدی‌دار بە پەیماننامەکە بکا. دواتر هەر چەند ســاڵ جارێک لەو بارەوە ڕاپۆرتێکی تازە ئامادەو پێشــکەش دەکات. ئەو ماوەیە هەندێک جار هەر دوو ساڵ جارێکەو هەندێک جاریش پینج ساڵە. لەو ڕاپۆرتەدا دەوڵەت، بەشێوەیەکی گشــتیو ڕوون هەموو ئەو کارو کردەوەو سیاســەتو بەرنامانەی خۆی دەخاتە ڕوو کە بۆ جێ‌بەجێ کردنی بەندەکانی پەیماننامەکە گرتوونیەتە پێش. شــایانی باســە لەو ڕاپۆرتەدا پێویستە ئەو کەندو کۆسپو گیرو گرفتانەش بخرێنە بەرچاو کە ڕێگا لە پیادە کردنو بردنە پێشی پەیماننامەکە دەگرن. لەو پێوەندی‌یەدا جۆرێکی دیکەش لە ڕاپۆرت‌دان لە ســێبەری ئەو سیستەمەدا گەشەی کردوە. ئەو جۆرە پراکسیسە پێی دەگوترێ ڕاپۆرت دانی سێبەر، کە لەوێ‌دا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بــۆ نموونە ئەو ڕێکخــراوە غەیرە دەوڵەتی‌یانەی کە لەو وڵاتــەدا کارو چالاکی‌یان هەیە، ڕاپۆرتێکی ســەربەخۆو هاوتەریب لەگەڵ ڕاپۆرتی دەوڵەتەکە پێشــکەش بە کۆمیتەی ناوبراو دەکەنو لەوێ‌دا ئەوانیــش ڕوانگەو بۆچوونو نەزەراتی خۆیان ســەبارەت بە چۆنیەتیی پیــادە کردنی پەیماننامەکە

1. Statsklageprosedyrer er opprettet for alle de ni konvensjonene bortsett fra CRPD. Prosedyrene er imidlertid aldri benyttet for noen konvensjon og behandles derfor ikke nærmere i det følgende.

لەلایەن دەوڵەتی ناوبراوەوە دەخەنـــە بەرچاو. ئەو جۆرە ڕاپۆرتدانە زۆر گرنگە. لەلایەک کۆمەڵگای مەدەنـــی لە ئامادە کردنی ڕاپۆرتی دەوڵەتی ناوبراودا، بەشـــداری دەکاتو ڕووناکایی دەخاتە ســـەر گەلێک لایەنی دیکەی مەسەلەکە کە لە ڕاپۆرتەکەی دەوڵەتدا باسیان لێ نەکراوە. هەر ئەو کارە لەو بارەشـــەوە بە کارێکی گرنگ دادەنرێ کە دەوڵەت ناچار دەکا تێکۆشێ لە ئامادە کردنو پێشکەش کردنـــی ڕاپۆرتەکەیدا ڕاســـتی‌یەکان بەیان بکات. هەر کات دەوڵەت ڕاپۆرتی خۆی پێشـــکەش بە کۆمیتەکە کرد، کۆمیتەکە لە یەکەم قۆناخدا هەڵســـەنگاندێکی گشتیو کاتیی بۆ ڕاپۆرتەکە دەکاتو پاشـــان لیســـتەیەک لەو بابەتو مەســـەلانە ئامادە دەکا کە پێویســـتە باسو لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکـــرێو بۆ ئەو دەوڵەتەیان دەنێرێ کە ڕاپۆرتەکەی ئامادەو پێشـــکەش کردوە. بەو جۆرە کۆمیتەکە ئەو باسو بابەتانە دەگەڵ دەوڵەتەکە دەخاتە بەرباسو پاشان کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ باس لەسەر ڕاپۆرتەکـــە پێک دێو لەوێدا لایەنـــە جۆراوجۆرەکانی ڕاپۆرتەکە لەبـــەردەم کۆمیتەکەدا دەخرێنە بەرباسو هەڵســـەنگاندن. لەسەر بناخەی ئەو باسو هەڵسەنگاندنانەو ئەو زانیاری‌یانەی کە لەو بارەوە لەبەر دەســـت دان، کۆمیتەکە دوا ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆی لەســـەر ڕاپۆرتەکەی دەوڵەت بەیان دەکات. ئـــەو کارە پێی دوترێ «Concluding observation». لـــەوێدا کۆمیتەکە پوختەیەک لەو کارو هەنـــگاوە ئەرێنـــیو پۆزەتیڤانە دەخاتە بەرچاو کە دەوڵەتی ناوبـــراو بۆ جێبەجێ کردنو پیادە کردنی کۆنڤانســـیۆنەکە هەڵی‌گرتـــوون. دواتر ئەو لایەنو خاڵە جۆراوجۆرانە دەستنیشـــان دەکات کە دەوڵەتی ناوبراو پێویســـتە بۆ جێبەجێ کردنی پەیماننامەکە کاریان لەســـەر بکاتو لە ڕاپۆرتی دەورەی داهاتـــوویدا وەڵامیان بداتەوە. بەو جۆرە کۆمیتەکە ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆی ســـەبارەت بـــە چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی پەیماننامەکە دەخاتە بەردەســـت دەوڵەتەکـــەوەو داوا دەکا کە بۆ پیادەکرانی پەیماننامەکە پێشـــنیارو ڕێنوێنی‌یەکانی کۆمیتەکە لەبەرچاو بگرێ. هەر بۆیە لە دەورەی داهاتووی هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی دەوڵەتدا، کۆمیتەکە زۆرتر ئەو باسو بابەتانە دەخاتە بەرباس کە لە دەورەی پێشوودا، بۆ کار لەسەر کردن بە دەوڵەتی ناوبراوی پێشنیار کردبوون. هەروەها بەمەبەستی هەرچی باشـــتر جێبەجێ کردنی ئەو کۆنڤانســـیۆنانە، بۆ هەرکام لەو نۆ کۆمیتەیە، سیســـتەمێکی ســـکاڵاو شکایەت کردنیش دامەزراوە[1]. بەگوێرەی ئەو سیســـتەمە هەر کەسێک کە پێی وایە مافو ئازادی‌یەکانی پێشـــێل کراون، دەتوانێ سکاڵای خۆی بەمەبەستی پێڕاگەیشتن بەرێتە بەردەم ئەو کۆمیتەیـــە کـــە پێوەندیی بەو مافو ئازادی‌یەوە هەیە کە ناوبراو پێـــی وایە لەلایەن دەوڵەتەوە لێی پێشێل کراوە.

جارێ بەشـــێوەیەکی کاتی ئەو پرۆسەدیرانە کە ڕێگا بە شـــکایەتو سکاڵای تاکەکەس دەدەن، دڵخوازانەن. واتە هەرکام لە دەوڵەتانی ئەندام پێویســـتە لە پێشدا لێوەشـــاوەییو ســـەڵاحیەتی ئەو کۆمیتەیە بۆ پێڕاگەیشـــتن بە شکایەتی کەســـێک لە دژی دەوڵەتەکە پەسند بکەن، جا پاشان ئەو

---

1. Individklageprosedyren under CMW har pr. juli 2015 foreløpig ikke trådt i kraft.

سیســـتەمە دەکەوێتە حاڵی جێبەجێ کردنەوەو تاکەکەس دەتوانێ سکاڵاکەی بۆ کۆمیتەی ناوبراو بەرز کاتەوە[1]. ئەگەر دەوڵەتێک لە ســـەرەتادا ســـەلاحیەتی کۆمیتەکە بۆ پێراگەیشتن بەو سکاڵایانە پەسندو قبووڵ بکا، ئیدی لێرە بەدواوە لەسەریەتی بەو بڕیارو ڕوانگەو بۆچوونانەی کە کۆمیتەکە لە پێوەندی لەگەڵ پێڕاگەیشـــتن بە ســـکاڵاکان دا ڕایاندەگەیەنێ، پابەند بێ. بەوجۆرە ئیتر دەوڵەت ناتوانێ پێش بەوە بگرێ کە تاکەکەسەکان سکاڵاو شکایەتی خۆیان لەمەڕ پێشێل کرانی مافەکانیان، نەبەنە پێش کۆمیتەی ناوبراو.

ســـکاڵاکان بەگوێرەی هەندێک ڕێوشـــوێنی دیاری کـــراو لەلایەن کۆمیتەکـــەوە دەکەونە بەر لێکۆڵینەوە. دواتر ئەو پرۆســـەیە بەوە کۆتایی پێدێ کە کۆمیتەکە ڕوانگەو بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ســـکاڵاکە ڕادەگەیەنێو بڕیاری پێویست دەدات. شایانی باســـە کە ئەو کۆمیتانە دادگا نین. هەر بۆیە حوکمی قانوونی دەرناکەنو دادگا بەڕێوە نابەنو ڕاســـتەوخۆ گوێ لەو کەســـە ناگرن کە سکاڵا بەرز دەکاتەوە. هەموو پرۆسەکە بەشێوەی نوسراو دەچێتە پێش. لەوەش زیاتر بڕیارو ڕوانگەو ئاکامی نەزەرو بۆچوونی ئەو کۆمیتانە ئەرکی قەزاییو قانوونی ناخاتە ســـەر شـــانی ئەو دەوڵەتە کە سکاڵای لـــە دژ بەرز کراوەتەوە. بەوحاڵەش زۆر وێکچوون لە نێوان ئەو ڕێوشـــوێنو پرۆســـەدیرانەدا هەیە کە کۆمیتەکان بەگوێرەی ئەوان لە ســـکاڵاکان دەپرسن، لەگەڵ ئەو ڕێوشوێنو پرۆسەدیرانەی کە دادگاکانی مافی مرۆڤ لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان دا بەکاریان دەبەن. بەڵام یەک شت ڕوونە. ئەویش ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتەی کە هاوپەیمانی کۆنڤانســـیۆنەکەیە لەسەریەتی پەیڕەوی لە ڕوانگەو نـــەزەرو بۆچوونو بڕیارەکانی ئەو کۆمیتەیە بکات کە بەگوێرەی پەیماننامەکە بۆ چاوەدێری بەســـەر چۆنیەتیی پیادە کردنو جێبەجێ کردنی بەندەکانی کۆنڤانسیۆنەکە پێک هاتووە.

لەلایەکـــی دیکەشـــەوە ژمارەیەکی زۆر لـــەو کۆمیتانە تێبینیو ڕوانگـــەی جۆراوجۆری خۆیان ســـەبارەت بە مافەکانی مـــرۆڤو چۆنیەتیی جێبەجـــێ کردنیان بڵاو دەکەنەوە. بـــەو کارە دوترێ تێبینییە گشتییەکان (General Comments). کۆمیتە جۆراوجۆرەکانی وەک (Human Rights Committees, CESCR, ,CRC, CAT, CMW, CRPD) لـــەو کۆمیتانـــەن کـــە لەو بوارەدا زۆر چالاکن. دەبێ بگوترێ هەندێک جار بەو تێبینییانە دەوترێ پێشـــنیارو ڕاســـپاردە گشـــتییەکانی کۆمیتەکان (General Recommendations). شایانی باسە کە ئەو جۆرە ڕاسپاردەو تێبینییانەش هیچ بناخەیەکی قانوونیو یاساییان نیە، بەڵام بەو حاڵەش هیچ کاتێک لەو بارەوە شکو گومان لە گۆڕێ دانەبووە کە ئەو کۆمیتانە ســـەلاحیەتو لێوەشاوەیی ئەوەیان هەیە کە سەبارەت بەجێبەجێ بوونی بەندەکانی ئەو پەیماننامانەی کە بۆ چاوەدێرییان دامەزراون، تێبینیو ڕاســـپاردەکانی خۆیان بەشـــێوەی گشـــتی ڕاگەیەنو بڵاو بکەنەوە. ئەو تێبینیو ڕاسپاردە گشـــتییانە ڕوانگەو بۆچوونی کۆمیتەکان ســـەبارەت بە مەسەلە گرنگەکانی پێوەندیدار بە چۆنیەتیی پیادە کردنی پەیماننامەکان

---

1. Norge har avgitt slik erklæring for S, RDK og TK, men ikke for CESCR, BK eller CRPD (pr juli 2015).

نیشـــان دەدەن. بۆ نموونە کە چۆن لە نێوەرۆکی ماددەکانـــی پەیماننامەکان تێدەگەین‌و چۆن ئەو ماددانە لێک دەدەینەوەو چۆن لە کردەوەدا بەکار دەبرێن؟ یا ئەرکی دەوڵەتەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئامادە کردنی راپۆرتەکاندا؟ یان ئەوە کە ئەرکی دەوڵەت بەگوێرەی هەر کام لە کۆنڤانســـیۆنەکان چی‌یەو ئەو ئەرکە لە کردەوەدا چ دەگرێتەوە؟ دەبێ بگوترێ کە هیچ کام لەو ڕاســـپاردەو تێبینی‌یە گشـــتی‌یانە لە باری قانوونی و حقووقی‌یەوە ئەرک ناخەنە ســـەر شانی دەوڵەتەکانی ئەندام، بەڵام لە کردەوەدا بایەخێکی گەلێک گرنگیان هەیە. چونکە ئەو تێبینی‌و ڕاســـپاردە گشـــتی‌یانە لە ڕاستی‌دا باشـــترین، هەمەلایەنەترین‌و سەلاحیەت‌دارترین تێگەیشـــتن‌و لێکدانەوەی مومکین لە ماددەکانی کۆنڤانسیۆنەکان بەدەستەوە دەدەن. لەوەش زیاتر کۆمیتەکان لە جێبەجێ کردنی ئەرک‌و کارەکانی خۆیاندا، بۆ نموونە لە پێوەندی لەگەڵ ڕاگەیشـــتن بەو ســـکالایانەی کە دەخرێتە بەردەســـتیان، یان لە پێوەندی لەگەڵ هەڵســـەنگاندن‌و پێڕاگەیشـــتن بە ڕاپۆرتی دەوڵەتەکان دا، لەبەر ڕووناکایی ئەو ڕاســـپاردە گشـــتی‌یانەدا هەنگاو داوێن. بەو جۆرە ئەو ڕاســـپاردە گشـــتیانە لە کردەوەدا دەبنە چرای ڕێنیشـــاندەری دەوڵەتەکانی ئەندامی پەیماننامەکان کە چۆن ماددەکانی پەیماننامەکان لێک دەدەنـــەوەو لە کردەوەدا بەکاریان بەرن‌و لە قانوون‌و یاســـاکانی وڵاتەکانی خۆیان دا بیان‌گونجێنن‌و جێیان بۆ بکەنەوە.

میکانیزمێکـــی دیکە کە کۆمیتەکان بۆ بردنە پێشـــی کاری خۆیان بەکاری دەبەن بریتی‌یە لەو بەیاننامەو ڕاگەیەنراوانە کە جارجار لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلە جۆراوجۆرەکاندا بڵاویان دەکەنەوە.

ئـــەو میکانیزمە پێی دەگوتـــرێ (Substantive statements) بۆ نموونـــە زۆر جار کۆمیتەکان بەیاننامەو ڕاگەیەنراو ســـەبارەت بە وەزعی مافی مرۆڤ لە وڵاتێک‌دا، لە دەرەوەی ڕێوشـــوێنەکانی پێوەندی‌دار بە سیســـتەمی ڕاپۆرتی دەوڵەتەکانـــەوە، بڵاو دەکەنەوە. لەوەش زیاتـــر ئەو بەیاننامانە دەرفەت بۆ کۆمیتەکان پێک دێنن کە چالاکانە لە کاروباری کۆنڤانســـیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ دا بەشـــداری بکەن‌و بتوانن شـــوێنەوارو کاریگەریی خۆیان لەســـەر ئەو بوارە جۆراوجۆرانەی مافەکانی مرۆڤ دانێن کە لەگەڵ شـــارەزایی‌و کارو ئەزموون‌و لێوەشـــاوەیی‌و بەرپرسایەتیی ئەوان دا دێنەوە.

شـــەش دانە لەو کۆمیتانە ســـەلاحیەت‌و دەســـەڵاتی ئەوەیـــان هەیە کە ســـەبارەت بە وەزعی مافەکانی مرۆڤ پرســـیار لە دەوڵەتەکان بکەن‌و داوای ڕوونکردنەوەی پێویست بکەن. ئەو میکانیزمە پێـــی دەگوتـــرێ (Inquiry Procedures). ئەو کۆمیتانەی ئەو ســـەلاحیەتەیان پێ دراوە بریتیین لە کۆمیتـــەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکان، کۆمیتەی قەدەغە کردنی ئەشـــکەنجە، کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ســـەبارەت بـــە جیاوازی‌دانان بەرانبەر بە ژنان، کۆمیتەی مافەکانی منداڵ‌و هەروەها کۆمیتەکانی CRPD و CED.

هـــەروەک میکانیزمی تایبەت بە ســـکالاو شـــکایەتی تاکەکەس، ئەو پرۆســـەدیرەش واتە ئەو

میکانیزمـــە ئەو کاتـــە جێبەجێ دەبێ کە دەوڵەتەکان لە پێش‌دا ســـەلاحیەتی ئەو کۆمیتانەیان بۆ بەکارهێنانـــی ئەو میکانیزمە پەســـندو قبووڵ کردبێ. یانی لەپێش‌دا دەوڵەتەکانی ئەندام پێویســـتە ســـەلاحیەتی ئەو کۆمیتانەیان بۆ هێنانە گۆڕی پرسیارو لێکۆڵینەوە کردن لە دەوڵەتەکان سەبارەت بە وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتەکانیان‌دا، بەڕەسمی قبووڵ کردبێ.  بۆ نموونە نۆرویژ سەلاحیەتی کۆمیتەی مافەکانی منداڵو کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ســـەبارەت بە جیاوازی‌دانان بەرانبەر بە ژنانی بۆ پرسیار کردنو ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی لەو چەشنە پەسند کردوە. کاکڵی ئەم میکانیزمـــە بەو جۆرەیە کە هەر کات کۆمیتەکە زانیاریـــی باوەڕپێکراوی (reliable Information) سەبارەت بە پێشێل کرانی بەرینو سیستماتیک  واتە

(grave or systematic violations)ی کۆنڤانسیۆنەکە لە لایەن دەوڵەتی ناوبراوەوە، پێ گەیشت ، دەتوانێ دەســـتبەجێ بەهاوکاری لەگەڵ دەوڵەتەکەدا، دەست بکات بە ئەنجام دانی لێکۆڵینەوەی پێویست. دەبێ بگوترێ ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە بە نهێنی بەڕێوە دەبردرێنو هەمیشەش بە هاوکاری دەگەڵ ئەو دەوڵەتە بەڕێوە دەبردرێن کە لێکۆڵینەوەکە ڕووی لە ئەوە.

هەمـــوو کۆمیتـــەکان لـــە کاروباری خۆیـــان‌دا لە لایـــەن کۆمیســـاریای بـــەرزی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتـــووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ (OHCHR) پشـــتیوانی‌یان لێ دەکرێ[۱]. لەو دوایی‌یانەدا گەلێک ڕیفۆرم لە کۆمیســـاریای بەرزی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ‌دا پێک هاتوون. مەبەســـت لەوئاڵوگۆڕانە بریتی‌یە لەوە کە کاروباری کۆمیتەکان بە شـــێویەکی کاریگەرترو کاراتـــر بڕواتە پێش. ئەنجامدانی ئـــەو ڕیفۆرمانە ئاکامی بڕیارنامەیەکە کە ســـاڵی ۲۰۱۴ لە کۆڕی گشـــتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان(General Assembly of The United Nations) دا لەو بارەوە پەسند کرا. بەگوێرەی ئەو بڕیارنامەیە گەلێک ئاڵوگۆڕ لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کارو باری کۆمیتەکان‌دا پێک هاتوون[۲].

### ۲.۱.۳ شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان

#### ۲.۱.۳.۱ ئەرکو مەئمووریيەتی شووڕا

شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، UNHRC (لێرە بەدواوە تەنیا هەروەک شووڕا ناوی دەبەین) ساڵی ۲۰۰۶ جێگای کومیسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤی گرتەوە (لێرە بەدواوە تەنیا هەر وەک کومیســـیۆن ناوی دەبەین)[۳]. ئەو کۆمیسیۆنە نیشانی دابوو کە بەهۆی ئەو لاوازی‌یانەی بەدەستیانەوە گیری کردبوو، نەی‌دەتوانی بە شێویەکی کاریگەر کار بۆ بردنە

---

1. For mer informasjon, se http://www.ohchr.org/EN/HRBodies/Pages/HumanRightsBodies.spx.
2. Resolusjon A/RES/68/268 (9.4.2014)
3. Resolusjon A/RES/60/251 (3.4.2006)

پێشـــی مافەکانی مرۆڤ بکات. هەر بۆیە شـــووڕای مافەکانی مرۆڤ لە جێگای ئەو دامەزرا تا بتوانێ ئەرکەکانی کۆمیسیۆنەکەو ئەو دەسکەوتانەی کە کۆموسیۆنەکە تا ئەو دەم وەدەستی هێنابوون پەرە پێ بداو بەرێتە پێشـــێ. مەبەســـتێکی تر لە دامەزراندنی ئەم شـــووڕایە ئەوە بوو کە ئەو لاوازی‌یانە چارەســـەر بکرێن کە کومیسیۆنەکە بەدەستیانەوە دەیناڵاند. یەکێک لە ئامانجە بنەڕەتیەکانی شووڕا ئەوەیە کە:

Promotion and protection of human rights should be based on the principles of cooperation and genuine dialogue and aimed at strengthening the capacity of member states to comply with their human rights obligation for the benefit of all human beings[1].

ئەو شـــووڕایە ئۆرگانێکە بۆ هاوکاریو دیالۆگو بنیاتنانو پەرەپێدانی شـــارەزاییو لێوەشـــاوەیی‌یە پێویستەکان، نەک جێگایەک بۆ ڕەخنەگرتنو بەرەنگاربوونەوەی لایەنەکان لەگەڵ یەکتر.

ئەرکی مەیدانیو مەوئموورییەتی شووڕاکە گەورەو بەرینە. ئەو ئەرکو مەئموورییەتە بریتی‌یە لە:

«Promoting universal respect for protection of all human rights and fundamental freedoms for all, without distinction of any kind and in equal manner»[2].

شـــووڕای مافەکانی مرۆڤ لـــە ٤٧ وڵاتی ئەندام پێک دێ، کە لەلایەن کۆڕی گشـــتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بەگوێرەی دابەش بوونێکی جوغرافیایی دیاری دەکرێن. ١٣ ئەندام لە ئەفریقا، ١٣ ئەندام لە ئاســـیا و ناوچەکانی دەریای ئارام، کاریبیاو ئەمریکای لاتین٨ ئەندام، ئۆرووپای ڕۆژاواو باکووری ئەمریکا ٧ ئەندام، و ٦ ئەندامیش لە ئۆرووپای ڕۆژهەڵاتەوە. هەر دەوڵەتێکی ئەندام دەتوانێ بۆ ماوەی ســـێ ســـاڵان وەک ئەندامی شوورا کار بکاو حەقی ئەوەشـــی هەیە بۆ جاری دووهەمیش هەڵبژێردرێتەوە، پێش ئەوەی لەلایەن وڵاتێکی دیکەوە جێگاکەی پڕ بکرێتەوە.

شـــۆڕای مافەکانی مرۆڤ بۆ بردنە پێشـــی ئەرکو ئامانجەکانی خۆی لە گەلێک میکانیزم کەڵک وەردەگرێ. لێرەدا ئێمە تەنیا باســـی ســـێ دانە لەو میکانیزمانە دەکەین کە زۆر گرنگن . ئەوانیش بریتییـــن لە: چاو پێداخشـــاندنەوەی دەورەیی و هەموو لایەنـــە UPR، میکانیزمە تایبەتی‌یەکانو میکانیزمەکانی سکاڵاو شکایەت کردن.

### ٢.١.٣.٢ چاو پێداخشاندنەوەی دەورەیی هەموو لایەنە

ئەم سیستەمە کە پێی دەگوترێ «Universal Periodic Review» لەلایەن زۆر کەس لە شارەزایانەوە

1. Ibid. fortalen
2. Ibid. Art. 2.

بە گرینگترین داهێنانی شوورای مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە بەراورد دەگەڵ کۆمیسـیۆنەکەی پێش خۆی لەقەڵەم دەدرێ. بەگوێرەی ئەو میکانیزمە، وەزعی گشـتیی مافەکانی مرۆڤ، بەشێوەیەکی هەموو لایەنە لە هەر کام لە وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا، بێ‌وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ئایا ئەم وڵاتە پەیماننامەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤی قبووڵ کردوون یا نا، بەشێوەی دەورەیی دەخرێتە بەرباس‌و لێکۆڵینەوە. بەم جۆرە بە پێچەوانەی کاری کۆمیتە تایبەتی‌یەکانی کۆنڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ، کە هەر کام لەوان بەتەنیاو بەشێوەیەکی سـەربەخۆ تێ‌دەکۆشن چاوەدێری بەسەر چۆنیەتیی جێ‌بەجێ کردنی کۆنڤانسیۆنەکان‌دا بکەن، ئەم میکانیزمە بەشـێوەیەکی گشتی‌و ئاشکرا، چاوەدێری‌و کۆنترۆلی وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا دەکا. یەکێکی دیکە لە جیاوازی‌یەکانی ئەم میکانیزمە لەگەڵ چۆنیەتیی کاری کۆمیسـیۆنەکەی پێش خۆی ئەوەیە کە لەو سیستەمەدا، ئەوە دەوڵەتەکانن کە لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی وەزعی مافی مرۆڤ لە وڵاتێک‌دا، ڕەخنەو پێشـنیار ئاراستەی ئەو دەوڵەتە دەکەن کە وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتەکەی‌دا لە ژێر هەڵسـەنگاندن‌و لێکۆڵینەوە دایە[1]. قازانجەکانی ئەم کارە لەوە دان کە ئەو ڕەخنەو پێشنیارانەی کە لەو بارەوە ئاراستەی دەوڵەتی ناوبراو دەکرێن، مەشـرووعییەت‌و حەققانیەتی زۆرتریان هەیەو ئەرکی زۆرتر دەخەنە سەر شانی دەوڵەت تا وەبەرچاویان بگرێ‌و جێ‌بەجێ‌یان بکات. دەبێ بگوترێ کە ئەو میکانیزمە خاڵی لاوازی خۆشی هەن. هەندێک دەوڵەت ڕەخنە لەو وڵاتانە ناگرن کە پێوەندیی نزیکیان لەگەڵیان هەیە. ئەو وڵاتانەش کە پەرێزێکی جێگای شـک‌و گومانیان سـەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ هەیە، زۆر بە کەمی لە لایەن ئەو وڵاتانەوە کە خاوەن پەرێزێکی خاوێنن، ڕەخنەیان لێ دەگیرێ.

هەر چوار- پێنج سـاڵ جارێـک دەوڵەتەکانی ئەندامـی ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوەیەکی لەو چەشـنە نۆرەیان دێ. بەگوێرەی ئەسـڵە پەسند کراوەکان، لە هەر دەورەیەک دا هەموو دەوڵەتەکانی ئەندام پێوسـتە نۆرەی خۆیان تێ‌پەڕ کەن، پێش ئەوەی کە خولێکی تازەی لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی وڵاتانی ئەندام لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە.

هەڵسـەنگاندنی پەروەندەی مافی مرۆڤی هەر وڵاتێک لەسـەر بناخەی پێنج پرنسـیپ‌و پێوانە بەڕێوە دەچێ[2].

پێش هەموو شتێک، لێکۆڵینەوەکە لەبەر رووناکایی پرنسیپ‌و ئەسڵە پەسندکراوەکانی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتـووەکان‌دا ئەنجام دەدرێ. لە کردەوەدا ڕەنگە ئەمە بایەخێکی زۆری نەبێ، بەڵام ئەو دەرفەتە بۆ وڵاتانی دیکە دەخولقێنێ کە بزانن دەوڵەتانی دیکە تا چ ڕادەیەک هەوڵیان داوە یان هەوڵ دەدەن ئەسـڵ‌و پرنسیپە پەسـند کراوەکانی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان

1. Det er gitt detaljerte og nokså tekniske regler om hvordan en UPR skal gjennomføres i praksis, se http://www.ohchr.org/EN/HRBodies/UPR/Pages/UPRMain.aspx med lenker til videre dokumentasjon.

2. Resolusjon A/HRC/RES/5/1 (18.62007).

پیادە بکەن.

پێوانەی دووهەم بریتییە لە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ. لە کاتی هەڵسەنگاندنی وەزعی مافی مرۆڤ لە هەر وڵاتێکدا، ئەم بەیاننامەیە بایەخێکی زۆر گرنگی هەیە. لە ڕاستیدا ئەم بەیاننامەیە وەک میکانیزمێکی چاوەدێری، کۆنترۆڵ و هەڵسەنگاندن، بۆ نیشان دانی ڕادەی جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانە کە سەبارەت بە پیادە کردنی مافەکانی مرۆڤ دەکەونە سەر شانی دەوڵەت، کەڵکی لێوەردەگیرێ.

پێشتر لە دەورانی کومیسیۆنی مافەکانی مرۆڤدا، ئەو دەرفەتە لە گۆڕێدا نەبوو کە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ وەک پێوانەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتێکدا کاری پێ بکرێ. بایەخی ئەم میکانیزمە لەوە دایە کە دەوڵەتەکان لەبەر ڕووناکایی یاساکانی عورفی نێونەتەوەییشدا دەخرێنە ژێر چاوەدێریو لێکۆڵینەوە. بەتایبەت کاتێک دەوڵەتێک کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیییەکانی مافەکانی مرۆڤی ئیمزا و پەسند کردبن، کە لەوێدا بەندەکانی بەیاننامەکە وەک ماددەی قانوونی و یاسایی بەرجەستە کراون، ماددەکانی بەیاننامەکە بەتەنیا دەتوانن وەک میعیارێک بۆ دەرخستنی ڕادەی پیادە کردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەوڵەتەکەوە بەکار ببرێن. ئاخر ئێستا بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بۆخۆی بۆتە بەڵگەنامەو دۆکیۆمێنتێکی گرنگی یاسایی وحقووقی لە عورفی نێونەتەوەیی دا.

پێوانەی سێهەمیش بریتییە لەو پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییانەی مافەکانی مرۆڤ کە دەوڵەتەکان ئیمزاو قبووڵیان کردوونو وەک لایەنێکی هاوپەیمانی ئەو کۆنڤانسیۆنانە بەرعۆدە بوون کە جێبەجێو پیادەیان بکەن.

دەبێ بگوترێ کە میکانیزمی چاوەدێریی دەورەیی هەموو لایەنە ئەو مانایە ناگرێتە خۆ کە ئەو وڵاتانەی کۆنڤانسیۆنەکانیان ئیمزاو قبووڵ نەکردوون، ناڕاستەوخۆ ئەو حیسابەیان بۆ بکرێ کە قبووڵیان کردوون. ئەوەش تەنگەژەیەک دەخوڵقێنێ. تەنگەژەکەش ئەوەیە کە ئەو میکانیزمانەی بۆ چاوەدێری کردنی کۆنڤانسیۆنە جۆراوجۆرەکان پێک هاتوون، یەکتر دادەپۆشن. ئەو یەکتر داپۆشینی میکانیزمانە، هیچ گیروگرفتێک دروست ناکات تا ئەو کاتەی ئەو میکانیزمانەی کە بۆ چاوەدێری درووست بوون، بریتی بن لە کۆمیتەکانی چاودێریو دادگاکان. بەڵام وەک دەزانن میکانیزمی چاوەدێریی دەورەیی لەلایەن دەوڵەتەکانەوە بەڕێوە دەچێ. لەلایەکی دیکەشەوە وەک باسمان کرد، یەکێکی دیکە لەلایەنە باشەکانی میکانیزمی چاوەدێریی دەورەیی هەموو لایەنە ئەوەیە کە ئەو میکانیزمە هەموو ئەو ئەرکو تەعەهودانە بەسەریەکەوە هەڵدەسەنگێنێ کە دەوڵەتەکە بۆ پیادە کردنو جێبەجێ کردنیان بەگوێرەی پەیماننامەکان، پێیانەوە پابەندە.

پێوانەی چوارەم ئەو ڕاگەیەنراوانە دەگرێتەوە کە دەوڵەتەکان بۆخۆیان یەکلایەنە ڕایاندەگەیەنن. بۆ نموونە دەوڵەتێک لە ڕاگەیەنراوێک دا ڕادەگەیەنێ کە ڕێز لە ژمارەیەک مافو ئازادی دەگرێو بۆ

پیادە کردنیان تێدەکۆشـــێ، بێئەوەی کە کۆنڤانسیۆن یان کۆنڤانسیۆنە تایبەتییەکانی پێوەندیدار بەو مافو ئازادییانەی ئیمزاو پەسندو قبووڵ کردبن.

پێوانـــەی پێنجـــەم بۆ هەڵســـەنگاندنی وەزعـــی مافەکانی مـــرۆڤ لە وڵاتێـــکدا بریتییە لە ڕێوشـــوێنە ئینســـانییەکانی یاسای نێونەتەوەیی شـــەڕ، واتە یاسا ئینســـانییە نێونەتەوەییەکانی کاتـــی شـــەڕ (International Humanitarian Law) یانی ئەو قانوونو یاســـایانەی کە بەگوێرەی یاســـای نێونەتەوەیی پێویســـتە لە کاتی شـــەڕو کێشـــە چەکدارییە جۆراوجـــۆرەکاندا وەبەرچاو بگیردرێن. هەر بۆیە ئەم مەســـەلەیە بایەخێکی زۆر گرنگی هەیە. چونکە جگە لە یاســـای سزادانی نێونەتەوەیی(International Criminal Law)، لە ئاستی جیهانیدا هیچ میکانیزمێکی دیکەمان بۆ چاوەدێری بەسەر بەڕێوەچوونی یاساکانی کاتی شەڕ دا نیە. لە کاتی بەڕێوە چوونی ئەو میکانیزمەدا، هەموو وڵاتەکانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەتوانن چالاکانە بەشداریی باسەکان بنو ڕەخنەو پێشـــنیارەکانی خۆیان ئاراســـتەی ئەو دەوڵەتە بکەن کە پەروەندەکەی لە ژێر لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنو پێڕاگەیشتن دایە.

ئاکامی هەڵســـەنگاندێکی لەو چەشـــنە ئەوەیە کە ســـەرەنجام ڕاپۆرتی کۆتاییی هەڵسەنگاندنو لێکۆڵینەوەکـــە ئامادە دەکرێ. لە ڕاپۆرتەکەدا پێشـــنیارو ڕاســـپاردەی دەوڵەتەکانی ئەندامو وەڵامی دەوڵەتەکـــە خۆی، لەیەک بەڵگەنامەدا ئامـــادە دەکرێن. ئەو دەوڵەتەی کە پەروەندەکەی خراوەتە بەر باسو لێکۆڵینەوە لە وەڵامەکانی خۆیدا بەرعۆدەی سێ مەسەلە دەبێ. ئەو سێ مەسەلەش بریتین لە:

١. پشتیوانی لەو ڕاسپاردەو پێشنیارانە دەکات کە لەلایەن دەوڵەتەکانی ئەندامەوە ئاراستەی کراون.
٢. تێدەکۆشێ هەموو ئەو پێشنیارو ڕاسپاردانە لە نزیکەوە بخاتە بەر لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن، یا
٣. پشتیوانی لەو پێشنیارو ڕاسپاردانە ناکات کە لە ڕاپۆرتەکەدا ئاڕاستەی کراون.

### ٢.١.٣.٣ سازوکار و پرۆسەدیرە تایبەتییەکانی شوڕا

ئەگەر میکانیزمی چاوەدێریی دەورەیی هەموو لایەنە، میکانیزمێکی تازەیە کە شووڕا بەکاری دەهێنێ، میکانیزمو پرۆســـەدیرە تایبەتییەکان لەو کۆمیســـیۆنەوە بۆی بەمیرات ماون کە شووڕای مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان جێگای گرتۆتەوە.

ئەم پرۆســـەدیرە تایبەتییانە لە کەس یان کەسانێکی پســـپۆڕو شارەزای سەربەخۆ پێک دێن کە شـــووڕا ئەرکی چاوەدێریو لێکۆڵینەوەیان ســـەبارەت بە بابەتێـــک (Thematic mandates) یا وڵاتێـــک (Country Mandates) یان ناوچەیەک لە پێوەندی لەگەڵ مەســـەلەی مافەکانی مرۆڤ دا پێدەســـپێرێ. دەکرێ مەئموورییەتێکی لەو چەشنە بە کەســـێکی شارەزاو پسپۆڕ بسپێردرێ کە پێی دەوترێ ڕاپۆرتێری تایبەتی (Special Rapporteur). جاری واشـــە مەئموورییەتەکە بە کۆمەڵە کەســـێکی سەربەخۆ و شـــارەزاو لێهاتوو دەســـپێردرێ کە پێیان دەگوترێ گرووپی کار (Working

Group). ســەبارەت بە ماوەی بەڕێوەچوونی مەئموورییەتەکە یان چۆنیەتیی پێکهاتەو قەوارەکەی، شوورا بەگوێرەی هەڵسەنگاندنەکانی خۆی بڕیار دەدا. بەڵام لە پێوەندی دەگەڵ ئەو مەئموورییەتانەدا کە کار لەســەر بابەتە جۆراوجۆرەکانی مافەکانی مرۆڤ دەکەن، پێویســتە شوورا باڵانسێکی گونجاو لە نێوان ئیمکاناتی تەرخان کراو بۆ لێکۆڵینەوە لەســەر هەرکام لە مافە سیاســی، مەدەنی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکان دا پێک بێنێ[1].

ژمارەی ئەو ســازوکار یا پرۆســەدیرە تایبەتییانە لە حاڵی گۆڕان دایە. لە کاتی نووســینی ئەم کتێبەدا ژمارەی ئەو میکانیزمو پرۆســەدیرانەی بۆ لێکۆڵینەوە لەســەر بابەتە جۆراوجۆرەکانی مافی مرۆڤ دامەزراون، بریتییە لە ٤١ پرۆســەدیرە[2]. ئەو پرۆســەدیرانەش کە بۆ کارو لێکۆڵینەوە لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا دامەزراون ژمارەیان دەگاتە ١٤ پرۆسەدیرە[3]. ئەو پرۆسەدیرە تایبەتییانەی بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتێک پێک دێن، ماوەی کارکردنیان لە قۆناخی یەکەمدا سێ ساڵە، بەڵام ئەو پرۆســەدیرانەی کە بۆ لێکۆڵینەوە لە وەزعی مافی مرۆڤ لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا پێک دێن، ماوەی کار کردنیان لە قۆناخی یەکەم دا یەک ســاڵە. دیارە جاری واشە ئەو ماوەیە بەگوێرەی پێویست دەبێتە دوو ساڵ. هەموو ئەو مەئموورییەتانە دەکرێ نوێ بکرێنەوە، بەڵام هیچ کەسێک زیاتر لە شەش ساڵ، لە یەک مەئموورییەت دا نامێنێتەوەو دەبێ کارەکەی بگۆڕدرێ.

ئەرکــی ئەو پرۆســەدیرو میکانیزمە تایبەتییانە جۆراوجۆرە. بۆ نموونە بەمەبەســتی لێکۆڵینەوە لــە وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتێکدا ڕاپۆرتێرێکی تایبەتی دیاری دەکرێو ســەردانی ئەو وڵاتە دەکا. یا کار لەســەر وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە جێگایەک، ناوچەیەک دا دەکاو لەو بارەوە سەرنجی دەوڵەتــەکان بــۆ وەزعی مافی مرۆڤ لەوێ ڕادەکێشــێ. هەندێک جاریش گروپێکی پســپۆڕ، یان کەســێکی شارەزا، لێکۆڵینەوە لەســەر بوارێکی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ ئەنجام دەدا. جاری واشە ئــەو ئەرکە بریتییە لەوەی کە لە پێوەندی دەگەڵ مەســەلەیەکی تایبەت بــە مافەکانی مرۆڤدا، ئەو پرۆســەدیرە تایبەتییانە ڕوانگەو بۆچوونی شارەزایانەی خۆیان دەردەبڕن. دەبێ بگوترێ کە ئەو میکانیزمو پرۆســەدیرە تایبەتییانە ساڵانە راپۆرتێکی تێرو تەسەل ســەبارەت بە کارو کردەوەکانی خۆیان پێشکەشی شوورای مافەکانی مرۆڤ دەکەن.

### ٢.١.٣.٤ میکانیزمو پرۆسەدیرەکانی پێوەندیدار بە سکاڵا کردن

شــوورای مافەکانی مرۆڤ میکانیزمی سکاڵا کردنی لە کومیسیۆنی مافەکانی مرۆڤەوە بۆ بەجێماوە. ئەو میکانیزمە پێی دەوترێ پرۆســەدیری ژومارە ١٥٠٣[4]. ئەم سازوکارە بریتییە لەمیکانیزمێک کە

1. Ibid. Punkt 54.
2. Full oversikt: http://www.ohchr.org/EN/HRBodies/SP/Pages/Themes.aspx
3. Full oversikt: http://www.ohchr.org/EN/HRBodies/SP/Pages/Contries.aspx.
4. Opprinnelig etablert ved ECOSOC resolusjon 1503 (XLVIII) (27.5.1970), revidert i ECOSOC resolusjon 2000/3 (19.6.2000).

بەشـــێوەیەکی تەواو نهێنی، سکاڵاو شـــکایەت لە پێوەندی دەگەڵ پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤدا دەباتە پێشێ و بە تەواوکەری کاری ئەو کۆمیتانە بە حیساب دێ کە بۆ چاودێری بەسەر جێبەجێ بوونی کۆنڤانسیۆنەکاندا پێکهاتوون. دەبێ بگوترێ ئەو میکانیزمانە بەشێوەیەکی گشتی لە پێوەندی دەگەڵ پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ لە هەمووجێ یەک یان لە هەموو وڵاتاندا کاریان پێ دەکرێ:

«All human rights and all fundamental freedoms occurring in any part of the world and under any circumstances»

بەڵام لە کردەوەدا تەنیا ئەو کاتە کە لە جێگایەک بە شێوەیەکی زەق‌و بەرین و سیستەماتیک ماف‌و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ پێشێل بکرێن، لەو پرۆسەدیرە کەڵک وەردەگیرێ[1].

ئاخربە گوێرەی ئەو ســـازوکارە تەنیا ئەو کاتە سکاڵاو شـــکایەتەکان دەخرێنە بەر لێکۆڵینەوەو پێڕاگەیشـــتن، کە مافەکانی مرۆڤ بەشـــێوەیەکی «consistent patterns of gross and reliably attested violation»[2] پێشـــێل بکرێن. شایانی باسە ئەم پرۆسەدیرانە بەڕادەیەکی سنووردار بەکار دەبرێن. ئامارەکان ئەوە دەردەخەن کە تا ســـاڵی ٢٠٠٦، شووڕای مافەکانی مرۆڤ تەنیا لە پێوەندی دەگەڵ ١٢ وڵاتدا لەم میکانیزمانە کەڵکی وەرگرتووە[3].

## ٢.٢ پەیماننامە ناوچەیی‌یەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ

### ٢.٢.١ کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆپاراستنی مافەکانی مرۆڤ

#### ٢.٢.١.١ کارکردی کۆنڤانسیۆنەکە

هیچ گومانی تێدا نیـــە کە پەیماننامەی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، بۆ وڵاتانی ئۆرووپایی ئەندامی ئەم پەیماننامەیەو بە گشتی‌و بەتایبەتی لە بواری چۆنیەتیی بەرێوەچوونی ژیانی رۆژانەی کۆمەڵ لەو وڵاتانەدا ، بایەخێکی زۆری هەیە. ئەم کۆنڤانســـیۆنە لە ڕۆژی ٤ی نۆڤەمبەری ساڵی١٩٥٠دا پەسند کرا و لە ڕۆژی ٣ی سیپتامبری ساڵی ١٩٥٣دا کەوتە حاڵی جێبەجێ کردنەوە. وەک لە پێشەکیی کۆنڤانســـیۆنەکە دا هاتووە «ئەم پەیماننامەیە وەک یەکەم هەنگاو هاویشتن بۆ بەرەوپێش بردنی ئەو ماف‌و ئازادی‌یە هاوبەشـــانە چاو لێ‌دەکرێ کە لە کۆنڤانســـیۆنەکەدا هاتوون». بەگوێرەی پێشەکیی پەیماننامەکە، ئامانجێکی زۆر گرنگی دیکەی کۆنڤانســـیۆنەکە کە ئێستاش هەمان بایەخ‌و گرینگیی هەیە، بریتی‌یە لە تەشویق و هان‌دان‌و بردنە پێشی تێکەڵاو بوونی وڵاتانی ئۆرووپایی‌و ئاوێتە بوونیان لەگەڵ یەکتر لەســـەر بناخەی «بڕوای راســـتەقینە بەو ماف‌و ئازادی‌یـــە بنەڕەتی‌یانە کە بە بەردی

---

1. Resolusjon A/HRC/RES/5/1 (18.6.20017), punkt 85.
2. Ibid.
3.http://www. ohchr .org/ Documents/HR Bodies /Complaints Procedure /Situations Considered Under Complaint Procedures.pdf

بناخەی ئاشتیو عەدالەت لە دونیادا دادەنرێن».

لــەوەش زیاتــر پەیماننامــەی ئۆرووپاییی مافەکانی مــرۆڤ وەک ئامرازێک بــۆ بردنە پێشو بڵاوکردنەوەی «دێمۆکراسییەکی سیاسیی کاریگەرو کارا» لەو وڵاتانەدا بەحیساب دێ کە پێشتر بە دەست دیکتاتۆریو سەرەڕۆییەوە گیرۆدە بوون. ئێستا ژمارەی ئەو وڵاتانەی ئەندامی پەیماننامەی ئۆرووپاییی مافەکانی مرۆڤن، دەگاتە ٤٧ دەوڵەت. هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئەندامی شووڕای ئۆرووپان، ئەندامی کۆنڤانســیۆنی ئۆرووپاییی مافەکانی مرۆڤیشــن. ئێســتا مەرجی بوونە ئەندام لە شــووڕای ئۆرووپادا، بریتیە لە قبوولکردنی کۆنڤانســیۆنی ئۆرووپاییــی مافەکانی مرۆڤ. واتە ئەگەر دەوڵەتێک داوا دەکات ببێتە ئەندامی شــووڕای ئۆرووپا، دەبێ کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ قبووڵو پەسند بکات.

بێجگە لە کۆنڤانســیۆنە سەرەکییەکە، تا ئێستا شــازدە پرۆتۆکۆلی جۆراوجۆری دیکەش وەک پاشــکۆ بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی پەیماننامەکە پەســند کراون. هەندێک لەو پرۆتۆکۆلانە کە پێیان دەوترێ پرۆتۆکۆڵەکانی ئاڵوگۆڕ پێکهێنان، ئاڵوگۆڕ لە هەندێک لە بڕیارەکانی نێو پەیماننامەدا پێک دێنن. هەر بۆیە پێویستە لەلایەن هەموو وڵاتانی ئەندامەوە سەرلەنوێ پەسندو ئیمزا بکرێنەوە. هەندێک پرۆتۆکۆلی زیادیی دیکە دڵخوازانەن. ئەو پرۆتۆکۆلانە لە پێوەندی لەگەڵ ناســینو پەسند کردنی هەندێک مافی تازەدا پەســند کراون. واتە جگە لەو مافو ئازادییانەی کە لە کۆنڤانســیۆنە ئەسڵییەکەدا هاتوون، مافو ئازادیی دیکە بە سەرجەمی کۆنڤانسیۆنەکەوە زیاد دەکەن. شایانی باسە تەنیا وڵاتانی ئەندامی پەیماننامەکە مافی ئەوەیان هەیە پەیوەست بوونی خۆیان بە پرۆتۆکۆڵەکانەوە ڕابگەیەنن[1].

کۆنڤانســیۆنی ئۆرووپاییی مافەکانی مرۆڤ، بەشێوەیەکی سەرەکی مافە مەدەنییەکان دەپارێزێ، بــەڵام لە هەمان کاتدا هەندێک لە مافە سیاســیو ئابووریەکانیــش دەپارێزێ. بەڵام ئەگەر ئەو پرۆتۆکۆڵە زیادییانە بەحیســاب بێنین کە بۆ دەوڵەمەند کردنو هەرچی باشــتر جێبەجێ کرانی کۆنڤانسیۆنەکە پەســند کراون، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو پەیماننامەیە ژمارەیەکی زۆرو بەرچاو لە مافو ئازادییەکانی مرۆڤ دەپارێزێ. وەک مافی ژیان (ماددەی دووهەم)، قەدەغە بوونی هەرچەشنە ئەشکەنجەو ڕەفتارێکی دژی ئینسانیو پڕ لە سووکایەتی (ماددەی سێیەم)، قەدەغەبوونی کۆیلەتیو هەرچەشــنە بێگارییەک (ماددەی چوارەم)، مافی ئازادیو ئەمنیەتی شەخسی (ماددەی پێنجەم)، مافی کەڵک وەرگرتن لە پرۆسەیەکی عادڵانەو قانوونی لە کاتی دادگایی کردندا (ماددەی شەشەم)، مافی ئەوەی کە لە هیچ هەلومەرجێکدا ســزا نەدرێی بە پێــی قانوونێک کە دوای ئەنجام درانی تاوانەکە پەسندو پیادە کراوە (ماددەی حەوتەم)، مافی ژیانی شەخسیو بنەماڵەیی (ماددەی هەشتەم)،

1. En fullstendig liste over protokollene finnes her: http://covnetion.coe.ont/Treaty/Commun/ListeTraites.asp?MA=3&CM=7&CL=ENG

ئازادیی عەقیدەو بیروبـــاوەڕ (ماددەی نۆهەم)، ئازادیی بەیان (ماددەی دەهەم)، ئازادیی پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوە (ماددەی یازدەهەم)، مافی هاوســـەرگیری (مـــاددەی دوازدەهەم)، مافی بەهرەمەند بوون لـــە میکانیزمەکانی دادگایەکی عادلانە (ماددەی ســـێزدەهەم)، قەدەغە بوونی هەر چەشـــنە جیاوازیدانانێک (مـــاددەی چواردەهەم)، مافی خاوەنداریەتی (ماددەی یەکەمی پرۆتۆکۆڵی ئیزافیی یەکـــەم)، مافی خوێندن (مـــاددەی دووهەمی پرۆتۆکۆڵی ئیزافیی ژمارە یـــەک)، مافی هەڵبژاردنی ئازاد (ماددەی ســـێهەمی پرۆتۆکۆڵی ئیزافیی ژمارە یەک)، قەدەغە بوونی چوونە زیندان لەسەر قەرز (مـــاددەی یەکەمی پرۆتۆکۆڵی ئیزافیی ژمارە چوار)، ئازادیی هاتوچۆ (ماددەی دووهەمی پرۆتۆکۆڵی ئیزافیـــی ژمارە چـــوار)، قەدەغەبوونی دەرکرانی هاووڵاتیان لەلایەن دەوڵەتەوە (ماددەی ســـێیەمی پرۆتۆکۆلی ژمارەی چوارەم)، قەدەغەبوونی دەرکردنو وەدەرنانی دەستەجەمعیی بیانیەکان (ماددەی چوارەمی پرۆتۆکۆڵی ئیزافیی ژمارە چوار)، قەدەغە بوونی سزای مەرگ (ماددەی یەکەمی پرۆتۆکۆڵی ئیزافیـــی ژمارە شـــەش لە کاتی ئاشـــتیدا) هەروەها ماددەی دووهەمی پرۆتۆکۆڵـــی ئیزافیی ژمارە ســـێزدە لە هەموو هەلومەرجێکدا، وەبەرچاوگرتنی هەموو ڕێوشـــوێنە قانوونییە پێویستەکان لە کاتی ناردنەوەی کەســـێکی بیانی (ماددەی یەکەمی پرۆتۆکۆڵی ژمارە حەوت)، مافی پێداچوونەوە بە بڕیارەکانی دادگا لە پێوەندی لەگەڵ تاوانە ســـزاهەڵگرەکان دا (ماددەی دووهەمی پرۆتۆکۆڵی ژمارە حەوتەم)، مافی پاراســـتن لەبەرابەر سزادرانی چەند جارە لە پێوەندی لەگەڵ یەک تاواندا (ماددەی چوارەمـــی پرۆتۆکۆڵی ئیزافیی ژمارە حەوتەم)، یەکســـانیو بەرابەریی نێـــوان ژنو مێرد لە بەرامبەر قانووندا (ماددەی پێنجەمی پرۆتۆکۆلی ئیزافی ژمارە حەوت).

کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپاییی مافەکانی مرۆڤ، جێگایەکی سەرەکی لە باسو بابەتەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ لە وڵاتانی ندامی کۆنڤانسیۆنەکە دا بۆخۆی داگیر کردوە. بەو حاڵەش دەتوانین بڵێین کە لە  پاراستنو دەستەبەر کردنی هەموو مافو ئازادییەکاندا سنوورداره.

کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپاییی مافەکانی مرۆڤ زۆر بەکەمی مافـــە ئابوورییەکان دەپارێزێ. لەوەش زیاتر لە پێوەندی دەگەڵ پاراســـتنی مافە کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکاندا کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپاییی مافەکانی مرۆڤ، هێندەی دیکەش سنوورداره. کۆنڤانسیۆنەکە تا ڕادەیەکی زۆر کەم، ئاوڕ لە پاراستنو باشتر کردنی ژیانو گوزەرانی ئەو دەستەو تاقمو گروپە جۆراوجۆرانە دەداتەوە کە لە کۆمەڵدا لەگەڵ بارودۆخێکی ســـەختو دژواردا بەرەوڕوونو پێویســـتییان بە پێڕاگەیەشـــتن هەیە. وەک منداڵان، ژنان، کەمئەندامانو کەســـانی خاوەن پێداویســـتیی تایبەت، کەمایەتییەکانو خەڵکو گەلە بوومیو خۆجێییەکان. هەر بۆیە ئەو کەسانەی لە پێوەندی دەگەڵ مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی ئورڕپایی دا خەریکی باسو لێکۆڵینەوەن، یان لە سیستەمی قەزاییی ئەو وڵاتانەدا خەریکی بردنە پێشی ئەوانن، پێویســـتە تێکۆشن ئەو کۆنڤانسیۆنە بەو مافو ئازادییانەوە گرێ دەن کە لە پەیماننامە ئۆرووپاییو نێونەتەوەییەکانی دیکەی مافی مرۆڤدا، دەستەبەر کراون.

### ٢.٢.١.٢ دادگای ئۆرووپاییی مافەکانی مرۆڤ

هۆکاری ســـەرەکیی ئـــەوەی کە پەیماننامـــەی ئۆرووپاییـــی مافەکانی مرۆڤ بە بـــەراورد دەگەڵ پەیماننامەکانی دیکە رۆڵێکی ســـەرەکی‌تری هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستی‌یەی کە پەیماننامەی ناوبراو سیســـتەمێکی تایبەتیی بۆ جێ‌بەجێ کردنو پیادەکردنی بڕیارو ڕاسپاردەکانی هەیە. دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، چاوەدێری بەســـەر چۆنیەتیی جێ‌بەجـــێ کرانی پەیماننامەکە لەلایەن وڵاتانـــی ئەندامەوە دەکات. ئەو دادگایە ماددەکانی پەیماننامەکە لێک دەداتەوە، پیادەیان دەکاو لەو ڕێگایـــەوە پەیماننامەکە پەرە پێ دەدا. بڕیارەکانی دادگاکە حوکمی یاســـاییو قانوونی‌یان هەیەو لە باری حقووقی‌یەوە ئەرک دەخەنە سەرشانی هەموو وڵاتانی ئەندام کە پەیڕەوەی‌یان لێ بکەن.

کۆنڤانســـیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ کە لەلایەن ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسند کراون، میکانیزمی جۆراوجۆریان بۆ چاوەدێریو کۆنترۆڵ لەبەر دەست دان، وەک میکانیزمی ڕاپـــۆرت دانی دەوڵەتانی ئەندام بە کۆمیتە تایبەتی‌یەکانو کۆڕی گشـــتی. پەیماننامەی ئۆرووپاییی مافەکانی مرۆڤ سیســـتەمێکی ئەوتـــۆی بۆ کۆنترۆڵو چاوەدێری لە ئیختیاردا نیە. لە سیســـتەمی ئۆرووپاییی مافەکانی مرۆڤدا میکانیزمی سکاڵای کەسەکان سەبارەت بە پێشێل کرانی مافەکانیان، رۆڵی هەرە سەرەکی دەگێڕێ.

سیستەمی چاوەدێریی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپاییی مافەکانی مرۆڤ لە بنەڕەتڕا لە دوو بەش پێک دەهات. کۆمیســـیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤو دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ. کاتێک لە مانگی نۆڤەمبەری ســـاڵی ١٩٩٨دا پرۆتۆکۆڵی ژمارە ١١ی پەیماننامەکە پەســـند کراو بۆ جێ‌بەجێ کردن ڕاســـپێردرا، کۆمیسیۆنەکە هەڵوەشـــا. بەڵام لە هەمان کات دا دەسەڵاتو ئۆتۆریتەی یاسایی دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەرینتر بۆوە. پێشـــتر دادگاکە ناوبەناو بۆ ڕاگەیشتن بە سکاڵای ئەو کەسانە پێک دەهات کە شکایەتیان سەبارەت بە پێشێل کرانی مافەکانیان لەسەر ئەو دەوڵەتانە تۆمار دەکرد کە ئۆتۆریتەو دەســـەڵاتی دادگاکەیان قبووڵ کردبوو. دوای پەسند کرانی پرۆتۆکۆڵەکە دادگاکـــە بوو بە دادگایەکی هەمیشـــەیی. لەوەش زیاتر حوکمو بڕیارەکانیشـــی بوون بە حوکمێکی قەزایـــیو قانوونیـــی ئەوتۆ کە ئەرکی جێ‌بەجێ کردنیان دەکەوێتە ســـەر شـــانی هەموو وڵاتەکانی ئەنـــدام. ئـــەوە بەو مانایەیە کە هەموو وڵاتانـــی ئەندامی پەیماننامەکە، دەســـەڵاتو ئۆتۆریتەی ئەو دادگایە بۆ ڕاگەیشـــتن بە سکاڵای ئەو کەسانە بە ڕەسمی دەناسن کە شکایەتی خۆیان سەبارەت بە پێشێل کرانی مافەکانیان لەلایەن وڵاتانی ئەندامەوە دەبەنە بەردەم دادگاکە[1]. ئێستا ئەو سیستەمی چاوەدێری‌یە کە کاتی خۆی بۆ چاوەدێریی کۆنڤانســـیۆنەکە دامەزرابوو، بەشێوەیەکی سەرەکی تەنیا بایەخی مێژوویی هەیە.

1. EMK åpner også for statsklager, se EMK art.33, og i motsetning til hva som gjelder for FN-konvensjonene, er dette en klageprosedyre som benyttes i praksis, om enn bare i spesielle tilfeller. Se f.eks. EMD, Irland mot Storbritannia (1978) eller EMD, Georgia mot Russland (I) (2104).

پێکهاتەو چۆنیەتیی کار کردنی دادگای ئۆرووپاییی مافەکانی مرۆڤ، بەگوێرەی بەشی یازدەهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ واتە ماددەکانی ١٩ تا ٥١ بەڕێوە دەچێ. ژمارەی قازییەکانی ئەندامی دادگاکە ٤٧ کەســـە. بۆ هەر وڵاتێکی ئەندامی کۆنڤانسیۆنەکە، قازییەک لەبەرچاو گیراوە. شـــایانی باسە ئەو قازییانە لەسەر بنەمای لێوەشـــاوەیی ئەخلاقیو شارەزاییو پسپۆڕیی خۆیان بۆ ئەو پۆستە دیاری دەکرێن، نەک وەک نوێنەری دەوڵەتەکانیان، یان لەسەر بنەمای پێوەندیی ئەوان بە دەوڵەتەکانەوە. دادگاکە بۆ ڕاگەیشـــتن بەو سکاڵایانەی پێی دەگەن، لە چوارچێوەی جۆراوجۆری کار کەڵک وەردەگرێ (if.art. 26). وەک کۆمیتەیەکی یەک کەســـی، کۆمیتەیەکی ســـێ کەســـی، کۆمیتەیەکی حەوت کەسیو هەروەها کۆمیتەیەکی گەورە کە لە حەڤدە قازی پێک هاتووە. کۆمیتە یەک کەســـییەکە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە ئەو سکاڵایانە کە هەر لە بنەڕەتڕا هیچ مەرجێکیان بۆ پێڕاگەیشتن تێدا نیە، ڕەد بکاتەوە. کۆمیتەی سێ کەسییەکەش دەسەڵاتی ڕەد کردنەوەی ئەو سکاڵایانەیان هەیە کە بۆ پێڕاگەیشتن بە دەستی دادگاکە دەگەن. لەوەش زیاتر ئەوان سەڵاحیەتی ئەوەشـــیان هەیە کە بڕیار یان حوکمێک ڕەد کەنەوە کە پێوەندیی بە مەسەلەیەکەوە هەیە کە بۆتە ڕاستییەکی جێگرتووی پراکسیسی دادگای ئۆرووپا. بەگوێرەی ماددەی ٢٩ی پەیماننامەکە، دادگا لەســـەر واقعییەتی پەروەندەیەک بەشێوەیەکی ئاســـایی، لەلایەن یەک قازییەوە بڕیاری پێویست دەردەکا. کۆمیتـــەی گەورە کە لە ١٧ قازی پێک هاتووە، بەشـــێوەیەکی ســـەرەکی تەنیا لەســـەر ئەو مەســـەلەو پەروەندانە بڕیار دەدا کە بەگوێرەی پرنســـیپ، بایەخێکی گرنگو تایبەتییان هەیە. ئەو کۆمیتەیە بە دوو شـــێوە ئەو پەروەندەو مەســـەلانە وەردەگرێ کە بۆ پێڕاگەیشـــتن دەخرێنە بەر دەســـتی. یەکەم، کۆمیتەی یەکنەفەری دەتوانێ بەگوێرەی ماددەی ســـیهەمی پەیماننامەکە پەروەندەیەک بۆ پێڕاگەیشـــتن بۆ ئەو کۆمیتەیە بنێرێ. بەتایبەتی ئەگەر مەســـەلەکە پێوەندیی بە لێکدانەوەی ماددەکانی کۆنڤانســـیۆنەکە یان پرۆتۆکۆلە ئێزافییەکانی سەر بە پەیماننامەکەوە هەبێ، یان کاتێک کۆمیتـــە یەک نەفەرییەکە، بڕیارێکی دا کە ئاکامەکـــەی ناتەبایی لەگەڵ بڕیارەکانی پێشـــووتری دادگاکە هەیە. دووهـــەم، ئەگەر پەروەندەیەک لەلایـــەن دادگای یەک نەفەرییەوە بە بڕیار ڕەد کرابێتەوە، دەکرێ بۆ چاو پێداگێڕانەوەو پێڕاگەیشتن بۆ دادگای کۆمیتە گەورەکە ڕەوانە بکرێ. بۆ ئەو مەبەستە «پێویستە مەسەلەکە پرسیارێکی جیددی سەبارەت بە چۆنیەتیی لێکدانەوەی پەیماننامەکە یان پرۆتۆکۆڵەکان بێنێتە گۆڕێ. یا ئەوە کە مەسەلەکە پێوەندیی بە بابەتێکی گرینگو گشتییەوە هەبێ».

بڕیارەکانـــی دادگای ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە باری یاســـاییەوە، ئەرک دەخەنە ســـەر ئەســـتۆی ئەو وڵاتانەی کە ســـکاڵایان لەســـەر تۆمار کراوە. واتە ئەو وڵاتانەی کە شـــکایەتیان لێ دەکرێ، پێویســـتە بڕیارەکانی دادگاکـــە جێبەجێ بکەن. بەگوێرەی مـــاددەی ٤٦ی پەیماننامەکە، دەوڵەتەکانی ئەندام ئەرکی سەرشـــانیانە کـــە بڕیارەکانی دادگا لە پێوەندی دەگـــەڵ ئەو بابەتانەدا

کــە بەگوێرەی هاوپەیمانی‌یەکە قبووڵیان کردوون، پەســـندو جێبەجێ بکەن». لەو بارەوە کۆمیتەی وەزیرانی شـــووڕای ئۆرووپا، بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دادگاکە، چاوەدێری بەسەر دەوڵەتەکانی ئەندامـــی کۆنڤانســـیۆنەکەدا دەکا. ئەگەر بێتو دەوڵەتێک بەهـــۆی چۆنیەتیی لێکدانەوەی حوکمی دادگا نەتوانێ بڕیاری دادگاکە قبووڵو جێبەجێ بکا، ئەوە بەگوێرەی پەرەگرافی سێهەمی ماددەی ٤٦ی پەیماننامەکـــە، میکانیزمێکی تایبەتی بۆ لێکدانـــەوەی بڕیارەکەی دادگاکە پێک دێو بڕیاری کۆتایی دەدات. ئەگەر کۆمیتەی وەزیرانی شووڕای ئۆرووپا بۆی دەرکەوێ کە دەوڵەتێک لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دادگاکە خۆ دەبوێرێ، بەگوێرەی پەرەگرافەکانی چوارەمو پێنجەمی ماددەی ٤٦ی پەیماننامەکـــە ، میکانیزمێکی تایبەت واتە ڕێکارێکی تایبەت بۆ بردنە پێشـــی ئەو بڕیارەی دادگاکە دەگرێتـــە پێش کە دەوڵەتی ناوبراو خۆ لە جێبەجێ کردنی دەبوێـــرێ. دەبێ بگوترێ ئەو ڕێکارانە پاش پەسندو قبووڵ کردنی پرۆتۆکۆلی ژمارە ١٤ لە لایەن دەوڵەتەکانی ئەندامەوە لە ساڵی ٢٠١٠دا حوکمی یاســـایی‌یان بۆ جێبەجێ کردن پەیدا کرد. بەو حاڵەش لە کردەوەدا هیشـــتاش جێبەجێ نەکراون.

ئێستا دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، وەک دادگایەکی پڕ بەرهەمو خاوەن پرستیژو ئۆتۆریتە ناوبانگـــی دەرکـــردوەو جێگای خۆی کردۆتـــەوە. دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ســـەرەتای دامەزرانیەوە لە ســـاڵی ١٩٥٩ تا کۆتایی‌یەکانی ســـاڵی ٢٠١٤ی زایینی‌یەوە پتر لە ١٨٠٠٠ بڕیاری دەرکـــردوون. لە کـــردەوەدا، دەوڵەتەکانی ئەندامی پەیماننامەکە لەســـەریانە ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکەن کە لەلایەن دادگاکەوە دژ بەوان دەردەکرێن. ســـەرکەوتنی ئەم دادگایە بۆ شـــتێکی دیکەش دەگەڕێتـــەوە. دادگاکـــە ئیعتیبارێکـــی زۆری پەیدا کردوە کە بۆتە هۆی ئـــەوەی ڕادەو ژمارەی ئەو سکاڵایانەی پێی دەگەن، زۆر لە تواناو ئیمکاناتی دادگاکە بۆ پێڕاگەیشتن زیاتر بن. بۆ نموونە تەنیا لە ســـاڵی ٢٠١٠دا نزیکەی ٦١٣٠٠ سکاڵای بۆ پێڕاگەیشتن پێ‌گەیشـــتوون. بەڵام دادگاکە تەنیا توانیویەتی لەو ماوەیەدا بڕیار لەســـەر ٤١٠٠٠ مەســـەلە دەربکاتو ئەو ڕەوتە لە ساڵانی دواتریش‌دا هـــەر ئاوا چۆتە پێش. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر پەروەندە بۆ بڕیار لەســـەردانو پێڕاگەیشـــتن لە نۆرەی پێڕاگەیشـــتندا بمێننەوە. لە ٣١ی ئۆگەســـتی ســـاڵی ٢٠١١دا، ژمارەی ئەو پەروەندانەی کە بۆ پێڕاگەیشـــتن بە دادگای ئۆرووپا گەیبوون، گەیشـــتبووە ١٦٠٢٠٠ کەیس. دوای ئـــەو ڕێکەوتە، پەســـند کرانی پرۆتۆکۆلی ژمارە ١٤، هەندێک ڕێـــکاری تازە هاتنە کایەوە کە بەگوێرەی ئەوان دادگاکە ئاسانتر دەیتوانی سکاڵاکان ڕەد بکاتەوە. لە ڕێکەوتی ٣١ دیسامبری ساڵی ٢٠١٠دا ژمارەی ئەو پەروەندانەی بۆ پێڕاگەیشـــتن لە نۆرە دابوون گەیشتبووە ١٥١٦٠٠ پەروەندە. لە ٣١ی دیســـامبری ســـاڵی ٢٠١٤دا ژمارەی ئەو پەروەندانەی چاوەڕوانی نۆرەی پێڕاگەیشـــتنیان دەکـــرد تا ڕادەی ٦٩٩٠٠ کەیس هاتە خوار. ئەوە لە کاتێک‌دا بوو کە ژمارەی ئەو ســـکاڵایانەی بۆ پێڕاگەیشـــتن بە دادگاکە دەگەیشـــتن هەروەک ڕابردوو زۆرو بەرچاو بوو. ئەو کەم‌بوونەوە بەرچاوە

بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئیتر دادگاکە سـەڵاحیەتی ئەوەی پەیدا کردبوو کە بەگوێرەی ڕێ‌و شـوێنە پەسند کراوەکان، ئەو سکاڵایانە ڕەد بکاتەوە کە دەکەوتنە دەرەوەی چوارچێوەی ئۆتۆریتەی دادگاکە.

شایانی باسـە کە دوو پرۆتۆکۆلی تازەش بەمەبەسـتی پێک‌هێنانی ئاڵ‌وگۆڕ لە پەیماننامەکەدا پەسند کران. تا مانگی یولی ساڵی ٢٠١٥ ئەو دوو پرۆتۆکۆڵە نەکەوتبوونە حاڵی جێ‌بەجێ کردنەوە. بەگوێـرەی پرۆتۆکۆلی ژمارە پازدە، ماوەی بەرز کردنەوەی سـکاڵایەک بـۆ دادگاکە پاش دوابڕیار لەلایەن دادگای وڵاتەکەوە، لە شـەش مانگەوە بۆ چوار مانگ کەم کرایەوە. پێشـتر ئەگەر کەسێک سکاڵای بۆ دادگاکە بەرز کردباوە، پێویست بوو ئەو سکاڵایە لە ماوەی شەش مانگ، پاش ئاخربڕیاری دادگای وڵاتەکە، بە دادگاکە گەیشـتبایە. دوای پەسـند کرانی پرۆتۆکۆلی ژمارە ١٥، ئەو ماوەیە لە شـەش مانگەوە بۆ چوار مانگ کەم کرایەوە[1]. بەپێی پرۆتۆکۆلی ژمارە شـازدەش، میکانیزمێکی تازە دامەزراوە کە بەگوێرەی ئەو ڕێکارە تازەیە دادگای بەرزی وڵاتانی ئەندام، دەتوانن لە پێوەندی لەگەڵ لێکدانەوەی ماناو نێوەرۆکی ماددەکانی پەیماننامەکە، ڕێنوێنی‌و هاوکاری‌و کۆمەگ لە دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرڤ وەرگرن.

### ٢.٢.٢ چەند کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی دیکە

هەرچەند کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپاییی مافەکانی مرۆڤ لە هەموو وڵاتانی ئۆرووپایی‌دا لە پێوەندی لەگەڵ پاراسـتنی مافەکانی مرۆڤ، رۆڵی سـەرەکی دەگێڕێ، بەڵام پێویسـتە وەبیر بێنینەوە کە هەندێک کۆنڤانسـیۆنی دیکەی ئۆرووپایی بۆ پاراسـتن‌و دەسـتەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن وڵاتانی ئۆرووپایی‌یەوە پەسند کراون، کە هەر یەکەیان بەنۆرەی خۆی بایەخێکی زۆری هەیە.

هەندێک لەوان لە چوارچێوەی شـووڕای ئۆرووپا (Council of Europe)دا پەسند کراون. بەڵام هەندێکی دیکەیان دەکەونە چوارچێـوەی دامودەزگاو دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی دیکە. لێرەدا ئێمە باسی چوار لەو کۆنڤانسیۆنانە دەکەین. پەیماننامەی کۆمەڵایەتیی ئۆرووپا (کە سەر لەنوێ جارێکی دیکە پەسـند کراوەتەوە)، کۆنڤانسیۆنی یەکیەتیی ئۆرووپا سـەبارەت بە قەدەغە بوونی ئەشکەنجە، کۆنڤانسیۆنی شـووڕای ئۆرووپا بۆ پاراسـتنی کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکان و مەنشووری یەکیەتیی ئۆرووپا سەبارەت بە مافە بنەڕەتی‌یەکان.

پەیماننامەی کۆمەڵایەتیی ئۆرووپا (European Social Pact)کە لە سـاڵی ١٩٩٦دا پەسند کرا، تایبەتە بە مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و بە تەواوکەری کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپاییی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێ. لە پێشەکیی ئەو پەیماننامەیە دا باس لە گرنگی‌و بایەخی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان بۆ باشتر کرانی ستانداردی ژیانی خەڵک‌و رەفاهـ وخۆش‌گوزەرانیی کۆمەڵایەتیی ئەوان دەکرێ. ئەو پەیماننامەیە بەجۆرێک داڕێژراوە کە ئازادیی تەواو بە وڵاتانی ئەندام دەدات کە لە پێوەندی دەگەڵ

1. Se punkt 2.3.5 om dette.

جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەدا کە بەگوێرەی پەیماننامەکە دەکەوێتە سەرشـانیان، سەرپشـک بن. واتە خۆیان دەتوانن هەڵبژێرن کە کام ئەرک لەو ئەرکانە جێبەجێ بکەن کە پەیماننامەکە دەیخاتە سەرشـانیان. هەر بۆیە بەزحمەت دەزانرێ کە کام وڵات کام ئەرکی بۆ جێبەجێ کردن وەئەستۆی خۆی گرتووە. پەیماننامەکە لە سێ ئاستی جۆراوجۆردا ئەرک دەخاتە سەر شانی وڵاتانی ئەندام.

بەشـی یەکەمی پەیماننامەکە ئاسـتی یەکەمی ئەو ئەرکانە دەستنیشـان دەکات کە پێویستە وڵاتانی ئەندام بەرێوەیان بەرن. لەو بەشـەدا ٣١ ئەسـڵو پرنسیپی گشـتی ڕیز کراون کە وڵاتانی ئەندامـی پەیماننامەکـە «وەک ئامانجی سیاسـەتەکانیان قبووڵیان دەکەنو لـە هەموو ئیمکاناتو ئامرازێکی نیشتمانیو نێونەتەوەیی بۆ جێبەجێ کردنیان کەڵک وەردەگرن».

شایانی باسە کە ئەم ئەسڵانە لە بنەڕەتڕا وەک ماف داڕێژراون، بەڵام ئەوە کە لە فۆرمو شێوەدا زۆرتر وەک ئامانجێکی سیاسـی بەیان کراون، کە ئەرکی سیاسـی دەخەنە سەر شانی دەوڵەتەکان، بەو مانایەیە کە لە باری قانوونیو قەزاییەوە ئۆتۆریتەیەکی سـنوورداریان هەیە[1]. ئەم ٣١ ئەسـڵە بەرانبەرن لەگەڵ ئەو ٣١ ماددەییەی کە لە بەشی دووهەم دا داڕێژراون. بەو مانایە کە هەر چەند ئەو ٣١ ماددەیە ڕاسـتەوخۆ لە باری قەزاییو قانوونییەوە بۆ جێبەجێ کردن ئەرک ناخەنە سـەر شـانی دەوڵەتەکانی ئەنـدام، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو ماددانە ئامانجێکی سیاسـیین کە وڵاتانی ئەندامی پەیماننامەکە پێویستە لەسەریان بۆ بردنە پێشو پیادە کردنیان کار بکەن.

پەرەگرافی «ب»ی ماددەی یەکەمی بەشی سێهەمی پەیماننامەکە ئاستی دووهەمی ئەو ئەرکانە دەست نیشان دەکات کە دەکەونە سەر شانی وڵاتانی ئەندام. لەو ماددەیەدا هاتووە کە هەر وڵاتێکی ئەندامی پەیماننامەکە لەسەریەتی کە «لانی کەم شەش ماددە لەو نۆ ماددانە کە لە پەیماننامەکەدا هاتوون، واتە ماددەکانی ١، ٥، ٦، ٧، ١٢، ١٣، ١٦، ١٩و ٢٠ بۆ جێبەجێ کردنیان بەرعۆدە دەبێت». ئـەو نۆ ماددەیە لە پەیماننامەکەدا بایەخی سـەرەکیو شـوێنی بنەڕەتییان هەیـە، بەڵام وڵاتانی ئەندام هیچ ئەرکی قانوونیو حقووقییان سـەبارەت بە جێبەجێ کردنی هەمووی ئەوان بەگوێرەی پەیماننامەکە ناکەوێتە سـەر شـان، چونکە خۆیان دەتوانن لە نێو ئەواندا شـەش دانەیان بۆ پیادە کردن هەڵبژێرن[2]. ماددەی یەکەمی بەشـی دووهەم پێوەندیی بە مافی کار کردنەوە هەیە. ماددەی پێنجەم مافی خۆڕێکخستنو دروست کردنی کۆڕو کۆمەڵی سیاسیو سینفیو سەندیکایی دەپارێزێ. ماددەی شەشەم مافی کرێکارانو کارمەندان بۆ وتووێژی دەستەجەمعی دەگەڵ خاوەن کارو کارگەو کۆمپانیاکان دەستەبەر دەکات. ماددەی حەوتەم مافەکانی منداڵانو لاوانو مێرمنداڵان بۆ پاراستن، دابین دەکات. ماددەی دوازدەهەم، مافی بیمەی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکات. ماددەی سێزدەهەم

1. Dette underbygges videre av pakten del III art. A(I)(a), som viser til del I som en «erklæring».

2. Europarådet publiserer en oversikt - som oppdateres jevnlig – over hvilke forpliktelser som er aksepter av hver konvensjonsstat. http://WWW.coe.int/t/dghl/monitoring/socialcharter/Presentation/Provisionslndex_ en.asp.

مافی یارمەتیی سوسـیالو یارمەتی‌یە دەرمانیو لەش‌ساخی‌یەکان بۆ هەمووان دەستەبەر دەکات. ماددەی شـازدەهەم ئەرک دەخاتە سەر شـانی دەوڵەت کە لە باری کۆمەڵایەتی، قەزاییو قانوونیو ئابووری‌یـەوە بنەماڵە بپارێزێ. واتە ئەو ماددەیە لە باری ئابووریو قانوونیو کۆمەڵایەتی‌یەوە بنەماڵە دەپارێزێ. ماددەی نۆزدەهەم ئەرک دەخاتە سـەر شانی وڵاتانی ئەندام کە پارێزگاری لە کرێکارانی بیانیو ئەندامانی بنەماڵەکانیان بکەن. ماددەی بیسـتەمیش ئەرک دەخاتە سەر شانی دەوڵەتەکانی ئەندام کە لە سەر بنەمای جنسیەتەوە، جیاوازی لەگەڵ هاووڵاتیانو ئەو کەسانە نەکەن کە دەکەونە ژێر ئۆتۆریتەی یاسـاییو قانوونیی ئەوان. بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ کارپێدانو هەڵبژاردنی کارو پیشەدا.

پەرەگرافی (٢)ی ماددەی یەکەمی بەشـی سێهەم، ئاستی سێهەمی ئەو ئەرکانە دەست نیشان دەکات کە دەکەونە سـەر شـانی دەوڵەتەکانی ئەندام. لەوێدا هاتووە کـە هەموو وڵاتانی ئەندامی پەیماننامەکە «ئەرکی سەرشـانیانە کە خۆیـان بۆ جێبەجێ کـردنو بەڕێوەبردنی ژمارەیەک لەو ئەرکانـە کە لە بەشـی دووهەمی پەیماننامەکە دا هاتوون، بەرعـۆدە بکەن. لەوێدا هاتووە کە هەر وڵاتێکـی ئەندامی پەیماننامەکە «لەسـەریەتی ژمارەیەک لەو ئەرکانە بەڕێوە بەرێ کە لە بەشـی دووهەمی پەیماننامەکەدا هاتوون، بەو مەرجەی کە ئەو ئەرکانەی بەڕێوەیان دەبات لە شازدە ماددە لـەو ماددانەی کە لـە پەیماننامەکەدا هاتوون، کەمتر نەبن، یان لـە ٦٣ بەند لەو بەندانەی کە لە پەیماننامەکـەدا هاتوون کەمتر نەبن». بەشـی دووهەمی پەیماننامەکـە ٣١ ماددە دەگرێتە خۆ کە زۆربەیان لە دوو یان سێ بەند پێک هاتوون[1].

کۆمیتەی ئۆرووپایی بۆ مافە کۆمەڵایەتی‌یەکان، چاوەدێری بەسـەر چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی پەیماننامەکە لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامەوە دەکات. ئەو چاوەدێری کردنە بەشـێوەیەکی سـەرەکی لەسـەر بنەمای ئەو راپۆرتانەوە بەڕێوە دەچێ کە دەوڵەتەکانی ئەندام لە پێوەندی دەگەڵ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان دا پێشکەشـی کۆمیتەکەی دەکەن. جگە لـەوە دامودەزگایەکی تایبەتیش لە کۆمیتەکەدا بۆ راگەیشتن بەو سکاڵایانە کە بەشێوەی دەستەجەمعی دەخرێنە بەر دەست کۆمیتەکە، دامەزراوە. شـایانی باسە ئەو کۆمیتەیە لەو سکاڵاو شکایەتانە ناپرسێتەوە کە لەلایەن تاکەکەسانەوە بۆ پێڕاگەیشتن دەخرێنە بەردەم کۆمیتەوە.

### کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی سەبارەت بە قەدەغەبوونی ئەشکەنجە.

ئەم کۆنڤانسـیۆنە بە جۆرێکە کە بۆ جێبەجێ کردن، ئەرکی ماددی ناخاتە سەر شانی دەوڵەتەکانی ئەندام، بەڵام گەلێک سازوکارو میکانیزمی جۆراوجۆری هەن کە لە رێگای ئەوانەوە پێش لە رووداني

1. Pr mars 2015 har Norge erklært seg bundet av alle bestemmelsene, med unntak av art, 2(7), art 3(1) og (4), art 7(4) og (9), art 8(2), (3) og (5), hele art 18, art 19(8), hele art (26, art 27 (1)(a) og (b) og (3). og hele art 29.

ئەشکەنجە لەو وڵاتانەدا دەگرێ کە کۆنڤانسیۆنەکەیان ئیمزاو قبووڵ کردوە. ئەو کۆنڤانسیۆنە لەلایەن هەموو وڵاتانی ئەندامی شووڕای ئۆرووپاوە پەسندو قبووڵ کراوە. لە پێشەکیی کۆنڤانسیۆنەکەدا باس لەوە کراوە کە بەگوێرەی ماددەی سێهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤ، ئەشکەنجە قەدەغەیە. هەروەها هەر لە پێشەکیی کۆنڤانسیۆنەکەدا هاتووە کە «هەموو ئەو کەسانەی کە ئازادی‌یان لێ زەوت کراوە، پێویستە لە بەرانبەر ئەشکەنجەو هەر چەشنە کردەوەو سزایەکی نائینسانی‌و پڕ لە سووکایەتی‌دا، لە ڕێگای دەکار کردنی میکانیزمو سازوکاری جۆراوجۆری وەک سەردانی شوێنی ڕاگرتنیان، بپارێزرێن. لەو بارەوە پێویستە کە ڕێوشوێنی جۆراوجۆر بۆ پێشگیری لە ئەشکەنجەو ڕەفتاری غەیرە ئینسانی‌و پڕ لە سووکایەتی، هەروەها بۆ بەهێز کردنی مەوقعییەتی ئەوان، وەبەرچاو بگیردرێت[1]. چاوەدێری و کۆنترۆڵی شوێنەکانی ڕاگرتن‌و زیندانی کردنی ئەو کەسانە کە ئازادی‌یان لێ زەوت کراوە، پێش‌گیری لە ڕوودانی ئەشکەنجە دەکات. لەو پێوەندی‌یەدا، دەوڵەتەکانی ئەندام بەرعۆدەن کە هەموو هاوکاری‌یەکی پێویست بکەن تا ئەم میکانیزمە بتوانێ ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکا و سەردانی ئەو شوێنانە بکات کە خەڵکیان تێدا زیندانی یان ڕاگیراوە.

**کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا سەبارەت بە پاراستنی کەمایەتی‌یە میللی‌و نەتەوەیی‌یەکان**

ئەم کۆنڤانسیۆنە گرینگترین ئەو ئەسڵو پرنسیپانە کە دەبێ دەوڵەتەکانی ئەندام بۆ پاراستنی کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکان وەبەرچاویان بگرن، دەست نیشان دەکات. لەو پێوەندی‌یەدا کۆنڤانسیۆنەکە ئەو مافانەی دیاری کردوون کە پێویستە دەوڵەتەکانی ئەندام بۆ هەموو کەمایەتی‌یە میللی‌و نەتەوەیی‌یەکان، دابین‌و دەستەبەریان بکەن[2]. کۆنڤانسیۆنەکە ئەوە ڕوون ناکاتەوە کە مەبەست لە کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکان چی‌یە. واتە لەو بارەوە پێناسەیەک بەدەستەوە نادات. بەڵام وەک پرنسیپێکی سەرەکی پێ لەسەر ئەو ئەسڵە دادەگرێ کە ئەو کەسەی سەر بە کەمایەتی‌یەکی نەتەوەیی‌یە «حەقی ئەوەی هەیە ئازادانە، لەوەدا سەرپشک بێ کە وەک کەسێکی سەربەو کەمایەتی‌یە ڕەفتاری لەگەڵ بکرێ یان وەک کەسێکی دیکەی غەیری ئەوە». ماددەی سێهەم. دواتر کۆنڤانسیۆنەکە ئەو مافانە دەست نیشان دەکات کە پێویستە بۆ کەمایەتیە میللی‌و نەتەوەیی‌یەکان دەستەبەر بکرێن. وەک مافی پاراستنی کولتوورو فەرهەنگی میللی‌و نەتەوەیی، مافی ئەوەی کە بێ‌جیاوازی ڕەفتارو هەڵس‌وکەوتیان دەگەڵ بکرێ، مافی بەکارهێنانی زمانی میللی‌و نەتەوەییی خۆیان، مافی خوێندن‌و گەلێک مافی دیکەش کە پێوەندی‌یان بە بوارە جۆراوجۆرەکانی دیکەی ژیانی ئەو کەمایەتی‌یانەوە هەیە. شایانی باسە کۆنڤانسیۆنەکە خۆی هیچ کۆمیتەیەکی تایبەتی بۆ چاوەدێری بەسەر چۆنیەتیی

1. Komiteen må ikke forveksle med FNs underkomite for forebygging av tortur (SPT), som er opprettet ved tilleggsprotokollen til FNs torturkonvensjon.

2. Norge ble part til konvensjonen 17.mars 1999.

جێبەجێ کرانی پەیماننامەکە دا دانمەزراندوە. کۆمیتەی وەزیرانی شـــوورای ئۆرووپا لەو بارەوە ئەو ئەرکە بەڕێوە دەباتو چاوەدێری بەســـەر بەڕێوەچوونی ئەم کۆنڤانســـیۆنەدا دەکات. بۆ ئەم مەبەستە سیستەمێک دامەزراوە کە وڵاتانی ئەندام ڕاپۆرتی پێویست سەبارەت بە چۆنیەتیی جێبەجێ کردنو بەڕێوە بردنی کۆنڤانسیۆنەکە دەدەنە کۆمیتەی وەزیرانی شووڕای ئۆرووپا.

**مەنشووری یەکیەتیی ئۆرووپا بۆ مافە بنەڕەتییەکان**

ئەو کۆنڤانســـیۆنە بۆ گەشەو پەرەپێدانی مافی مرۆڤ لە ئۆرووپادا بایەخو گرینگییەکی زۆری هەیە. دەبێ بگوترێ کە مەنشـــووری ئۆرووپا بۆ مافە بنەڕەتییەکان، لە باری قانوونیو یاســـاییەوە ئەرک دەخاتە ســـەر شـــانی هەموو وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئۆرووپاو لەسەریانە بەندەکانی ئەم مەنشووە جێبەجـــێو پیادە بکەن. دەبێ بگوترێ کـــە وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئۆرووپا، لە کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤیشدا ئەندامن. دادگای یەکیەتیی ئۆرووپا کە ناوەندەکەی لە لۆگزامبۆرگە، ئەرکی چاوەدێری بەسەر جێبەجێ کردنی ئەم مەنشوورەی دا بە ئەستۆوەیە، واتە چاوەدێری بەسەر دەوڵەتەکانی یەکیەتیی ئۆرووپادا دەکات کە چۆن ماددەکانی ئەم مەنشوورە پیادە دەکەن. ئەمەش لە کردەوەدا هەندێک هاوئاهەنگی لە نێوان وڵاتانی ئەندامدا پێک دێنێ کە لە پیادە کردن دا ئاسانکاری بۆ جێبەجێ کردنی مەنشوورەکە دەستەبەر دەکات. ئەم مەنشوورە نێوەرۆکێکی دەوڵەمەندو بەرینی هەیەو زۆر مافو ئازادی لەخۆی دا جێ دەکاتەوە. وەک مافە مەدەنیو سیاسییەکانو مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکان. ئەو مافانە لە شـــەش بەش دا داڕێژراون. بەشـــی یەکەم کە باس لە نرخو بایەخەکان دەکات. بەشـــی دووهەم باس لە ئازادییەکان دەکات، بەشی سێیەم لە یەکسانیو بەرابەری دەدوێ، بەشـــی چوارەم باســـی هاوپێوەندیو هاوکاری دەکات. بەشی پێنجەم باسی مافی هاووڵاتیان لە وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئۆرووپا دا دەکاتو بەشـــی شەشـــەمیش تەرخان کراوە بۆ عەداڵەتو حکوومەتی قانوون.

**٢.٢.٣ کورتەیەک سەبارەت بە چۆنیەتیی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ناوچەکانی دیکەی دونیا.**

**٢.٢.٣.١ پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنەکانی دیکەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ناوچەکانی دەرەوەی ئوروووپادا.**

لە دەرەوەی ئۆرووپا، لە ئەمریکاو ئەفریقادا، سیستەمی تایبەتی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ پەرەیان ســـەندوە. لە ئاسیادا، تا ئێســـتاش چوارچێوەیەکی دیاریکراو وەک سیســـتەمو یاسا، بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ پەرەی نەســـتاندوە، بەڵام ڕێکخراوی وڵاتانی باشـــووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، خەریکە سیســـتەمێک بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە دادەمەزرێنن. ئەو سیستەمە لە پرۆسەی چوونە پێشی خۆی دایەو بەڕێوەیە تا ببێتە سیستەمێکی ناوچەیی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ئاسیادا. لێرەدا

زۆر بە کورتی باسێکی ئەم سیستەمە ناوچەیی‌یانەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکەین[١].

### ٢.٢.٣.٢ ئەمریکا

سیستەمی نێوئەمریکاییی مافەکانی مرۆڤ بە بەشێک لە ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکایی OAS (Organization Of American Staytes) دادەنرێ. پەیماننامەی نێوان وڵاتە ئەمریکایی‌یەکان لە ساڵی ١٩٤٨دا دامەزراو لە ساڵی ١٩٥١دا بۆ جێبەجێ کردن ڕەسمییەتی قانوونیی پەیدا کرد. سیستەمی نێوئەمریکاییی مافەکانی مرۆڤ لە دوو بەش پێک دێ. بەیاننامەی ئەمریکایی سەبارەت بە مافو ئەرکەکانی مرۆڤ (The American Declaration of the Rights and Duties Of Man) (١٩٤٨) و کۆنڤانسیۆنی ئەمریکایی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ (the Inter American Conventions related to Human Rights) کە لە ساڵی ١٩٧٨ دا پەسند کراو پاشان بۆ کار پێ‌کردن لە ساڵی ١٩٧٨دا باری قانوونیی بەخۆیەوە گرت. لەو سیستەمەدا بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان، دوو ئۆرگانی سەرەکی دامەزراون. کومیسیۆنی نێوئەمریکاییی مافەکانی مرۆڤ (the inter American Commission on Human Rights, IACHR) کە ناوەندەکەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایەو لە ساڵی ١٩٦٠دا دامەزراوەو دادگای نێوئەمریکاییی مافەکانی مرۆڤ (Interamerican Court of Human Rights)کە ناوەندەکەی لە کۆستاریکایەو لە ساڵی ١٩٧٨دا دامەزراوە. (ئەو ساڵە کە کۆنڤانسیۆنی نێوئەمریکاییی مافەکانی مرۆڤ پێک هات).

بەیاننامەی نێوئەمریکاییی مافەکانی مرۆڤ مافە مەدەنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکانی لەخۆ گرتوون. بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەندێک ئەرکیشی دەست نیشان کردوون کە پێویستە تاکەکەس جێبەجێ‌یان بکاتو بەڕێوەیان بەرێ. وەک بەشداری لە هەڵبژاردن‌دا، ماڵیات دان، خزمەتو یارمەتی‌دانی دایکوباوکو کار کردن. ئەو بەیاننامەیە لە باری قانوونی‌یەوە لە بنەڕەتڕا، بنەمایەکی حقووقیی ئەوتۆی نیە کە بۆ وەبەرچاوگرتنو جێبەجێ کردن ئەرک بخاتە سەر ئەستۆی دەوڵەتەکانی ئەندام. بەڵام پراکسیسی تا ئێستای کۆنڤانسیۆنی نێوئەمریکایی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئەوە دەردەخات کە ئەم بەیاننامەیە لە باری قانوونی‌یەوە وەک بناخەیەکی بەهێزی قەزاییو حقووقی ئەرک دەخاتە سەر شانی وڵاتانی ئەندام بەجۆرێک کە ناچاریان دەکات لە کردەوەدا ماددەکانی نێو بەیاننامەکە وەبەرچاو بگرن.

کۆنڤانسیۆنی ئەمریکاییی مافەکانی مرۆڤ تا ڕادەیەکی زۆر وەک کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەچێ. بەڵام لە هەندێک باریشەوە جیاوازیی لەگەڵ ئەو کۆنڤانسیۆنە هەیە. بۆ نموونە کۆنڤانسیۆنی ئەمریکاییی مافەکانی مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ کۆنڤانسیۆنی

---

1. For en mer utførlig sammenstilling, se Kvanvig mfl. (2015). det finnes også en egen regional konvensjon under Den arabiske liga, Den arabiske menneskerettighetspakten av 2004. denne behandles ikke nærmere her.

مافە مەدەنیو سیاسییەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ژمارەیەکی زۆرتر مافو ئازادی لەخۆیدا جێ کردوونەتەوە. وەک مافی خاوەنداریەتی، دەستڕاگەیشتن بە میدیا، ئازاد بوون لە دوورخستنەوە، پاراستن لە بەرابەر دەرکردنو وەدەرنانی دەستەجەمعی، مافی داواکردنو وەرگرتنی پەنا بۆ ئەو کەسانەی پێویستییان پێی هەیە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەم کۆنڤانسیۆنە هیچ ماددەیەکی تێدا نیە کە لەگەڵ ماددەی ٢٧ی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکان بێتەوە یان وەک ئەڵترناتیڤێک بۆ ئەو ماددەیە لەقەڵەم بدرێ. شـایانی باسە ماددەی ٢٧ی کۆنڤانسـیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، تایبەتە بە پاراستنی مافی کەمایەتییەکان. لەوەش زیاتر کۆنڤانسیۆنی ئەمریکایی بۆ مافەکانی مرۆڤ، مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکانیش دەگرێتە خۆ. کۆنڤانسیۆنەکە دەڵێ وڵاتانی ئەندامـی ڕێکخراوی دەوڵەتە ئەمریکاییەکان (OAS) لەسـەریانە بەرەبەرە بۆ پیادە کردنی ئەو مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییانە تێبکۆشـنو وەک ستانداردێکی هاوبەش بۆ جێبەجێ کـردن کاریان پێ بکەن. جیـا لەمانە، ڕێکخراوی دەوڵەتە ئەمریکاییـەکان دوو پرۆتۆکۆڵی ئیزافیی دیکەشـی ئامادەو پەسـند کردوون کە وڵاتانی ئەندام لە جێبەجێ کردنیاندا سەرپشـکن. یەکێک لەو پرۆتۆکۆڵانە پێوەندیی بە مافە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیەو ئەوی تریشـیان پێوەندیی بە هەڵوەشاندنەوەی سـزای ئیعدامەوە هەیە. بەگوێرەی ماددەی ٢٧ی کۆنڤانسیۆنەکە وڵاتانی ئەندام لە کاتی تەنگانەو هاتنە کایەی هەلومەرجی تایبەتیدا، مافی ئەوەیان هەیە خۆیان لە جێبەجێ کردنو وەبەرچاوگرتنی هەندێک لەو مافو ئازادییانە ببوێرن کە لە کۆنڤانسیۆنەکەدا هاتوون. بەڵام لێرەدا ئەو مافو ئازادییانەی کە دەوڵەت دەتوانێ لە هەلومەرجی تەنگانەو تایبەتیدا خۆ لە جێبەجێ کردنیان ببوێرێ، ژمارەیان زۆر لەو مافو ئازادییانە کەمترە کە بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسیو کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، دەوڵەت دەتوانێ خۆ لە جێبەجێ کردنیان ببوێرێ.

### ٢.٢.٣.٣ ئەفریقا

سیستەمی ئەفریقاییی مافەکانی مرۆڤ بەشێکە لە ڕێکخراوی یەکیەتیی ئەفریقا (AU, African Union). ئەو سیسـتەمە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر بناخەی مەنشـووری ئەفریقایی بۆ مافەکانی مرۆڤو مافەکانـی گـەلان واتـە (the African Charter on Human and Peoples Rights) دامەزراوە کە لە سـاڵی ١٩٨٦دا ئیمزاو پەسـند کرا. بەگوێرەی ماددەی سـیهەمی مەنشـووری ئەفریقایی بـۆ مافەکانی مـرۆڤو مافی گەلان، کۆمیسـیۆنی ئەفریقایی، وەک ئۆرگانێکی سـەرەکی بۆ بردنە پێشو پاراسـتنی مافەکانی مرۆڤ ،کە ناوەندەکەی دەکەوێتە گامبیا، پێک دێ . لە سـاڵی ١٩٩٨دا پرۆتۆکۆڵێک پەسـند کرا کە بەگوێرەی ئەو پرۆتۆکۆڵـە دادگای ئەفریقایی بۆ مافەکانی مرۆڤ واتە (African Court on Human and Peoples Rights)، دامـەزرا. دەبـێ بگوترێ کە ئەو دادگایە

لە ســاڵی ٢٠٠٩دا بە ڕەسمی دەســتی بەکار کرد. بنکەی ســەرەکیی دادگاکە دەکەوێتە تانزانیا. شــایانی باسە کە دواتر ڕێکخراوی یەکیەتیی ئەفریقا ژمارەیەک بەڵگەنامەو یاساو قانوونی دیکەشی لــە پێوەندی دەگــەڵ مافەکانی مرۆڤدا پەســندو قبووڵ کردوون کە لەســەریەک بە تەواوکەری پەیماننامەکە بەحیســاب دێن. بۆ نموونە کۆنڤانسیۆنی کامپالا، کە تایبەتە بە پاراستنو یارمەتیدانی ئــەو کــەسو خەڵکانەی لە نێوخۆی وڵاتەکانیان دا لە ئەفریقا بە هۆی شــەڕو کارەســاتی دیکەوە ناچارن شــوێنی ژیانو ماڵوحاڵی خۆیان بەجێ دێڵن[1]. هەروەها پرۆتۆکۆڵێکی زیادیشی لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی ژنان دا پەســند کردوە[2]. جگە لەوە کۆنڤانسیۆنێکی تایبەتیشی لە پێوەندی دەگەڵ دابین کردنی مافەکانی منداڵاندا پەســندو قبووڵ کردوە. بەگوێرەی ئەم کۆنڤانســیۆنە تایبەتییە، کۆمیتەیەکی پسپۆڕو شارەزا بۆ بردنە پێشو پیادە کردنی ئەم کۆنڤانسیۆنە دامەزراوە[3].

لە ســاڵی ٢٠٠٨دا، پرۆتۆکۆڵێکی نوێ پەسند کرا. بەگوێرەی ئەو پرۆتۆکۆڵە ئەم دادگایە لەگەڵ دادگای یەکیەتیی ئەفریقا بۆ مافەکانی مرۆڤ، لێکدرانو بوون بە دادگایەکی تازە. ئەم دادگا تازەیە ناوی لێنرا دادگای ئەفریقا بۆ عەداڵەتو مافەکانی مرۆڤ.

دەبێ بگوترێ کە لە نێو هەموو ئەو بەڵگەنامەو پەیماننامە ناوچەییانەدا کە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ پەسند کراون، تەنیا مەنشووری ئەفریقایی بۆ مافەکانی مرۆڤ، مافە مەدەنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتــیو فەرهەنگیو مافە دەســتەجەمعییەکان وەک مافەکانــی کەمایەتییەکانو گەلانی، پێکەوەو بەســەریەکەوە بەڕەسمی ناسیون. بەشــێوەیەکی گشتی سیستەمی ئەفریقایی بۆ مافەکانی مرۆڤ لەســەر ئەو بنەمایەدا دامەزراوە کە مافەکانی مرۆڤ لە بنەڕەتڕا ئامرازێکن بۆ دابین کردنی پەرەســەندنو پێشکەوتنی هەموو لایەنە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەموو مافەکانی مرۆڤ پیادە بکرێنو وەک بەشێک لە پرۆسەی پرۆگرامی پەرەسەندن، چاویان لێ بکرێو کاریان لەسەر بکرێ.

## ٢.٢.٣.٤ ئاسیا

سستەمی ئاسیایی مافەکانی مرۆڤ، بە بەراورد لەگەڵ سیستەمە ناوچەییەکانی دیکەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا، لە هەموویان کەمتر گەشەی کردوە. ئەم سیستەمە بەگوێرەی پەیمانی ASEAN دروست بووە کە ساڵی ٢٠٠٤ لە نێوان وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا دامەزرا. ئەم پەیماننامەیە پێشنیاری ئەوە دەکا کە بۆ پاراستنو پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی هاوپەیماندا، پێویستە سیستەمێکی تایبەت بەو کارە پێک بێ. ئەو سیستەمە پێی دەگوترێ (ASEAN Human Rights

---

1. Vedtatt 22.10.2009, tilgjengelig på: http://www.unchr.org/4ae9bede9.html.

2. Vedtatt 11.7.2003, tilgjengelig på: http://www.achpr.org/files/instruments/women-protocol/achpr_instr_poro_women_eng.pdf.

3. African charter om the Rights and Aalfare of the Child (29.11.1999). Tilgjengelig på: http://www.au.int/en/sites/default/files/Charter_En_African_on_the_Rights_and_Walfare_of_Child_AddisAbaba_July1990.pdf.

System). لـــە هەمـــان کاتدا پەیماننامەکـــە پێ لەســـەر ئەوە دادەگرێ کە پێویســـت ناکات ئەو سیســـتەمە لە هەمان ئەو ســـازوکارو میکانیزمانە بۆ بردنە پێشـــی کارەکانی خۆی کەڵک وەرگرێ، کە سیســـتەمەکانی دیکەی پاراســـتنی مافەکانی مرۆڤ کەڵکیان لێوەردەگرن. دەبێ بگوترێ کە تا ئێســـتاش هیچ بەرنامەو پلانێک بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بە پاراســـتنی مافەکانی مرۆڤ لـــەو ناوچەیەدا لە گۆڕێدا نیـــە. وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە جارێ تەنیا کۆمســـیۆنێکیان بۆ کاروبـــاری پێوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ دامەزراندوە. ئەو کۆمســـیۆنە پێی دەگوترێ (ASEAN Intergavermental Commission on Human Rights). هەروەها بەیاننامەیەکیشیان لە پێوەندی دەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا بەناوی (ASEAN Human Rights Declaration) پەسندو قبووڵ کردوە . شایانی باسە کە بەیاننامەکە لە باری قانوونیو حقووقییەوە ئەرک ناخاتە سەر شانی وڵاتانی ئەندام. واتە وەبەرچاوگرتنو جێبەجێ کردنی ماددەکانی نێو بەیاننامەکە کارێکی دڵخوازانەیە.

کومیسیۆنی ناوبراو لە ساڵی ٢٠٠٩ دامەزراوە. ئەو کومیسیۆنە وەک ئۆرگان، یان دامەزراوەیەکی تایبەت بۆ مەشـــوەرەت لەگەڵ کردن تەماشـــای دەکرێ. لە ڕاســـتیدا کۆمســـیۆنەکە هیچ ئامڕازو ئیمکاناتێکی تایبەت بۆ چاوەدێری، پیادەکردنو بردنە پێشـــی مافەکانی مرۆڤی لە وڵاتانی ئەندامی پەیماننامەکەدا لەبەردەســـت دا نیە. مەئمووریەتی کۆمیســـیۆنەکە ئەوەیە کە ئەو ستراتیژیانە پەرە پێبدا کە بۆ پیادە کردنو دەســـتەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ لـــە وڵاتانی ئەندامی پەیماننامەکەدا پێویســـتن. ئەو کومیسیۆنە ئۆتۆریتەی ئەوەی نیە کە بتوانێ بەو سکاڵاو شکایەتانە ڕابگا کە لەلایەن تاکەکەسەکانەوە بۆ پێڕاگەیشتن دەخرێنە بەردەستی.

بەیاننامەی ئاسیایی مافەکانی مرۆڤ کە لە لایەن ڕێکخراوی وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە ئامادە کرابوو، لە ســـاڵی ٢٠١٣دا پەســـندو ئیمزا کرا[1]. نێوەرۆکی بەیاننامەکە مافە مەدەنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووریەکان دەگرێتە خۆ. جگە لەوانە، مافی بەرخوردار بوون لە ئاشـــتی، حەقی پەرەسەندن، مافی کەڵک وەرگرتن لە هاوکاریی ناوچەیی لە نێو وڵاتانی ئەندامی پەیماننامەی (ASEAN)دا ســـەبارەت بە دەســـتەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ، بەڕەسمی دەناسێت. دەبێ بگوترێ کە ئەو بەیاننامەیە لە باری حقووقییەوە هیچ ئەرکێک ناخاتە سەرشانی وڵاتانی ئەندام. واتە وڵاتانی ئەندام سەرپشکن لە جێبەجێ کردنی ماددەکانی ڕاگەیەنراوەکە.

### ٢.٣ پرنسیپە سەرەکیەکانی چۆنیەتی پیادەکردنی کۆنڤانسیۆنە نیونەتەوەییەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ

#### ٢.٣.١ مێتۆدەکانی یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤو سەرچاوەکانی

##### ٢.٣.١.١ ئەسڵە سەرەتاییەکان

کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بەگوێرەی قانوونو یاسای نێونەتەوەیی وەک پەیماننامە

---

1. http://www.asean.org/news/asean-stetement-communiques/item/asean-human-rights-declaration

بەحیساب دێن. ئەو کۆنڤانسیۆنانە ئۆتۆریتەی خۆیان لە یاسای گشتیی نێونەتەوییی وەردەگرن، هەر بۆیە لەوێشەوە سەرچاوە دەگرن[1].

لە یاسای گشتیی نێونەتەوەیی‌دا، ماددەی ٣٨، ئەو پرنسیپانە دەست نیشان دەکات کە بەگوێرەی ئـــەوان دادگای نێونەتەوەیی بۆ عەداڵـــەت لە Haag واتە (ICJ) دامەزراوە. ئەو ســـەرچاوانەش کە بۆ چارەســـەری ئەو کێشـــانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی لێکدانەوەی مەســـەلە حقووقی‌و قانوونی‌یـــەکان‌دا دێنە پێش وەدەکرێ کەڵکیان لێ‌وەرگیرێ، هەر لـــەوێ‌دا دیاری کراون. بەو پێ‌یە کۆنڤانســـیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ، ئۆتۆریتەو دەســـەڵاتی قانوونیی خۆیان لەو پرنسیپانە وەردەگرن کە لە یاسای گشتیی نێونەتەوەیی دا هاتوون. بەڵام ئۆرگانە نێونەتەوەیی‌یەکانی پاراستن‌و دەســـتەبەر کردنـــی مافەکانی مـــرۆڤ زۆر کەم‌و تەنانـــەت هەرگیز باس لەوە ناکـــەن کە ئەوان لە بردنە پێشـــی کارەکانی خۆیان‌دا، لەو پرنســـیپانە وەک چرای ڕێ‌نیشـــان‌دەری پراکسیسی خۆیان کەڵـــک وەردەگرن. لە کردەوەدا، هەر یەکێک لەو ئۆرگانانە بۆخۆی ســـەرچاوەیەکی یاســـایی پەرە پێ‌دەدا، کە لە کاتی هاتنە کایەی کێشە حقووقی‌و یاسایی‌یەکان‌دا بۆ دۆزینەوەی چارەسەری وەک ســـەرچاوەیەکی خاوەن دەسەڵات‌و ئۆتۆریتە پەنای بۆ دەبات‌و بەکاری دێنێ. بۆیە تەنیا بە لێکدانەوە لە پراکسیسی هەر کام لەو ئۆرگانانە بەشێوەیەکی سەربەخۆ، بۆمان دەردەکەوێ کە هەر یەک لەوان بۆ چارەسەری کێشە قانوونی‌و یاسایی‌یەکان لە کام سەرچاوەی یاسایی‌و حقووقی سوود وەردەگرن.

لەپێش هەموو شـــتێک‌دا ئەوە مەتن‌و تێکســـتی ئەسڵیی کۆنڤانســـیۆنەکەیە کە وەک سەرچاوە بەکار دێ. بەڵام لە پاڵ ئەوەش‌دا، گەلێک ســـەرچاوەی یاســـایی دیکەش کەڵکیان لێ‌وەردەگیرێ. بۆ نموونە هەر دادگایەک، یان هەر ئۆرگانێک بۆ خۆی خاوەن پراکسیســـی تایبەت بە خۆیەتی‌و لە بردنە پێشی کارەکانی‌دا، لە پێش‌دا پشت بە پراکسیسی خۆی دەبەستێ. یان کەڵک لە پەیماننامەو کۆنڤانســـیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانـــی دیکەی مافەکانـــی مرۆڤ وەردەگرێ. ئۆرگانـــە جۆراوجۆرەکانی دیکەی ســـەر بە کۆنڤانســـیۆنە نێونەتەوەیـــی‌کان زۆر جار لە پێوەندی لەگەڵ مەســـەلە حقووقی‌و یاســـایی‌یەکان‌دا، نەزەرو ڕوانگەو بیرو بۆچوونەکانی خۆیان دەردەبڕن. ئەوەش بۆخۆی زۆر جار وەک سەرچاوەیەکی یاسایی‌و قانوونی بەکار دێت. پێش‌نووس‌و تێکستە قانوونی‌یەکانی دیکەی پێوەندی‌دار بە کۆنڤانســـیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکان، بڵاوکراوەو ڕوانگەو بۆچوونی ئۆرگانە نێونەتەوەیی‌یەکانی دیکەی پاراســـتن‌و پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ، پرنســـیپە قانوونی‌یە گشـــتی‌یەکان، تیئۆری‌یەکانی یاسا و حقووق‌و قەزاوەت، پراکسیســـی دەوڵەتەکان، واقعییەتە بەرچاوەکان‌و زۆر سەرچاوەی دیکەش ،هەر لەو پێوەندی‌یەدا بۆ چارەســـەری مەسەلەو کێشە قانوونی‌یەکان، وەک سەرچاوە لەقەڵەم دەدرێن. بە ئاسانی دەتوانین ئەو ڕوانگەو بۆچوونە جۆراوجۆرانە دەست نیشان کەین کە بە بنەمای پرنسیپەکانی لێکدانەوەی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێن. لەو نێوەدا دادگای ئۆرووپایی

1. Helmersen (2014) kam.2.

بـــۆ مافەکانـــی مرۆڤ ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەگێڕێ. لە ســـاڵی ١٩٧٥ی زایینی‌یـــەوە کە پەروەندەی Golder، لەلایەن دادگای ئۆرووپاوە وەک بنەمایەک دانراوە کە:

«Should be guided by articles 31 to 33 of the Vienna Convention of 23 May 1969 on the law of Threaties[1]»

پەرەگرافی یەکەمی ماددەی ٣١ی پەیماننامەی ڤیەن، ئەو پرنســـیپە گشتی‌یانە دەست نیشان دەکا کە بۆ شـــی کردنەوەو لێکدانـــەوەی پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکان کەڵکیـــان لێ وەردەگیرێ. لەودا هاتووە کە:

A treaty shall be interpreted in good faith in accordance with the ordinary meaning to be given to the terms of the treaty in their context and in the light of its object and purpose.

لێکدانەوەی ئەم بڕیارە کارێکی هێندە ئاسان نیە، بەڵام لێرەدا جێگای ئەوە نیە کە باسی ئەوە بکەین کە ئەم پرنســـیپە خۆی لە خۆیدا لێکدانەوەی جۆراوجۆری بـــۆ دەکرێ. بۆیە بەوەندە ڕازی دەبین کە بڵێین بنەمای هەر جۆرە لێکدانەوەیەکی کۆنڤانســـیۆنە نێونەتەوەیی‌کانی مافی مرۆڤ، پێش هەر شـــتێک، پێویستە لە چۆنیەتیی تێ‌گەیشتن لەو زمانو زاراوانە سەرچاوە بگرێ کە مەتنو تێکستی کۆنڤانسیۆنەکەیان لەبەر ڕووناکایی ئامانجەکانی کۆنڤانسیۆنەکەدا، پێ نووسراوە.

کۆنڤانســـیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانـــی مافی مرۆڤ بە بـــەراورد لەگەڵ کۆنڤانســـیۆنو پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکانـــی دیکـــە خاوەنی هەندێـــک کاراکتـــەرو تایبەتمەندیی تایبـــەت بەخۆیانن. لە کاتێـــکدا کە پەیماننامەو کۆنڤانســـیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکان بەشـــێوەیەکی گشـــتی باس لەو مافو ئەرکو بەرپرســـایەتی‌یانە دەکەن کە دەوڵەتەکان بەرانبەر یەکتر وەئەســـتۆیان دەگرن، کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانـــی مافی مرۆڤ، ئەو کۆنڤانســـیۆنانەن کە چەند دەوڵەت بەگوێرەی ئەوان لەســـەر ئەوە ڕێک دەکەون کە چۆن ڕێز لە مافو ئازادی‌یەکانی تاکەکەســـەکان لەســـەر خاکی خۆیانو لەو

1. EMD, Golder (1975), punkt 29. En nylig bekreftelse finnes i EMD, Hassan (2014). punkt 100: «The starting point for the Court`s examination must be its constant pracrice of interpreting the Convention in the light of the rules set put in the Vinne Convention on the Law of Treaties of 23 May 1969». Se også den mer omfattende sammenfatningen i EMD, Saadi (2008), punkt 62: «Under the Vienna Convention on the Law of Treaties, the Court is required to ascertain the ordinary meaning to be given to the words in their context and in the light of the object and the purpose of the provision from which they are drawn… The Court must have regard to the fact that the context of the provision is a treaty for the effective protection of individual human rights and that the Convention must be read as a whole, and interpreted in such a way as to promote internal consistency and harmony between its various provisions… The Court must also take into account any relevant rules and principles of international law applicable in relations between the Contracting Parties… Recourse mau also be had to supplementary means of interpretation, insluding the preparatory works to the Convention, either to confirm a meaning determined in accordance with the above steps, or to establish the meaning where it would otherwise be ambiguous, obscure or manifestly absurd or unreasonable».

شـــوێنانەدا بگرن کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتو ئۆتۆریتەی قانوونیی ئەوان. لە ساڵی ١٩٦٢دا دادگای نێونەتەوەیی بۆ عەداڵەت (ICJ) ڕای‌گەیاند کە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ، بریتیین لە پەیماننامەیەکی چەند لایەنە کە لە نێوان چەند دەوڵەت دا دەبەسترێن وتایبەت مەندیی خۆیان هەیــە. «having certain special characteriestics»[1] بەو پێ‌یە تایبەتمەندیی هەرە ســەرەکیی کۆنڤانســیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانــی مرۆڤ ئەوەیە کە ئەوان ماف دەدەنە تاکەکەســەکان نــەک دەوڵەتەکان. واتە مافو ئازادی‌یەکانی تاکەکەس لــە بەرامبەر دەوڵەتدا دەپارێزن. ئەو جۆرە تێ‌گەیشتنە لە کاتی لێکدانەوەی ماددەکانی نێو کۆنڤانسیۆنەکان‌دا، بایەخێکی زۆر گرینگی هەیە.

هەندێــک لــەو تایبەتمەندی‌یانە بەگوێــرەی پرنســیپ زۆر گرینگن، هەرچەند لــە کردەوەدا دەکرێ بــە دەگمەن بایەخێکی ئەوتۆیان هەبێ. بۆ نموونە کۆمیتــەی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ لێکدانەوەی کۆنڤانســیۆنی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکان‌دا دەڵــێ «the principle of inter-state reciprocity has no palce»[2] پرنســیپی لێکدانەوەی دوو لایەنە، ئەســڵێکە لە یاســای گشــتیی نێونەتەوەیی‌دا ، بەگوێرەی ئەو، هەر دەوڵەتێک مافی ئەوەی هەیە هەر بەو جۆرە کۆنڤانســیۆنێک لە پێوەندی دەگەڵ وڵاتێکی دیکەدا لێک داتەوەو بەکار بێنێ کە ئەو وڵاتە لە پێوەندی‌یەکانی خۆی‌دا لەگەڵ وڵاتی ناوبراو ئەو کۆنڤانسیۆنە لێک دەداتەوەو بەکار دێنێ. ئەم ئەســڵە بە هیچ جۆرێک کۆنڤانســیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانــی مرۆڤ ناگرێتەوە. هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ لەســەر ئــەو بنەمایە لێکدانەوە بۆ کۆنڤانســیۆنێکی مافەکانی مرۆڤ بکات کە گوایە دەوڵەتێکی دیکە بەو جۆرە لێکدانەوە بۆ ئەو کۆنڤانســیۆنە دەکا. ئەو ئەســڵە لە پێوەندی دەگەڵ ڕەفتارو هەڵس‌وکەوتی دەوڵەت لە بەرانبەر هاووڵاتیانی‌ش‌دا هەر ڕاستە. واتە هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ مافی مرۆڤی هاووڵاتیانی خۆی پێ‌شــێل بکا، یان وەبەرچاو نەگرێ، لەســەر ئەو بنەمایەی کــە دەوڵەتێکی دیکەش ئــەو کارەی کردوەو بەو جۆرە ڕەفتار دەکات. لەوەش زیاتر ئەگەر دەوڵەتی (A) ڕەفتارو هەڵس‌وکەوتی پێچەوانەی ڕێ‌شــوێنە پەسندکراوەکانی مافەکانی مرۆڤ، لەسەر خاکی خۆی‌و لە چوارچێوەی دەســەڵاتی خۆی‌دا لەگەڵ هاووڵاتیانی دەوڵەتی (B) بکا. دەوڵەتی (B) مافی ئەوەی نیە ئەویش لەســەر خاکی خۆی‌و لە چوارچێوەی دەســەڵاتی یاســاییی خۆی‌دا، بە بیانووی بەکارهێنانی پرنســیپی دوو لایەنە هەمان ڕەفتار لەگەڵ هاووڵاتیانی دەوڵەتی (A) بکات. لەلایەکی دیکەشــەوە بەگوێرەی یاسای گشتی نێونەتەوەیی ، پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکان، دەبێ بە جۆرێک لێــک بدرێنــەوە کە تا ئەو جێ‌یەی دەکرێ حەقی حاکمییەتی دەوڵەت، ســنووردار بکەن. بنەمای قانوونیــی ئەم لێکدانەوەیە ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتەی دەچێتە نێو پەیماننامەیەک دەگەڵ دەوڵەتێکی دیکە، یان چەند دەوڵەت و پەیمانێک مۆر دەکا، ئەوە دەزانێ کە بە چوونە ناو ئەو پەیمانەوە، حەقی

1. ICI, Ceratian Expenses of the UN s 157.

2. FNs menneskerettskomite, General Comment No.24 (1994) punkt 17.

حاکمییەتی خۆی ســـنووردار دەکات. ئاخر کاتێک دەوڵەتێک دەچێتـــە هاوپەیمانەتی‌یەک دەگەڵ یەک یان چەند دەوڵەت، ئەوە دەزانێ کە بوون بە ئەندامی ئەو هاوپەیمانەتی‌یە، مەیدانی مانۆڕی لێ کەم دەکاتەوەو حەقی حاکمییەتی میللیی لێ ســـنووردار دەکات. دەبێ بگوترێ کە ئەو مەســـەلەیە لە پێوەندی دەگەڵ ئەو پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یانەی کە بەگوێرەی یاســـای گشـــتیی نێونەتەوەیی دادەمەزرێن، جێگای باس‌و مشـــتومڕە. واتە وەک ئەســـڵێکی بێ‌ئەم‌لاولا قبووڵ نەکراوە. بەڵام ئەو پرنســـیپە لە پێوەندی دەگەڵ لێکدانەوەی پەیماننامەو کۆنڤانســـیۆنە نێونەتەوەیی‌و ناوچەیی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤدا، تەواو راســـتە و هیچ شک‌و گومانێک بۆ کەس ناهێڵێتەوە. ئاخر کۆنڤانسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤ هەر لە بنەڕەت‌را بۆ ئەوە دادەمەزرێن کە دەســـەڵات‌و حەقی حاکمییەتی دەوڵەت ســـنووردارو کەمتر کەنەوە. مەبەست لەو کۆنڤانسیۆنانە ئەوەیە کە دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ چۆنیەتیی هەڵس‌وکەوت‌و ڕەفتار دەگەڵ هاووڵاتیانی خۆی‌و کەســـانی دیکە لەسەر خاکی دەوڵەتەکە سنووردار بکرێت. بۆیە ئەم پرنســـیپە بە جەوهەری کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێ. هیچ دەوڵەتێک ناتوانی بەگوێرەی ویســـت‌و ســـەلیقەی خۆی لێکدانەوە بۆ ئەو کۆنڤانسیۆنانە بکات. هەر جۆرە کارێکی لەو چەشـــنە بۆخۆی بە پەلامار بۆ ســـەر پاراســـتنی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێ کـــە بەگوێرەی کۆنڤانســـیۆنەکانی مافەکانی مـــرۆڤ، دەوڵەت ئەرکی پاراســـتن‌و بەرەوپێش بردن‌و وەبەرچاوگرتنی ئەوانی وەئەستۆی خۆی گرتوە.

لەسەریەک، ســـێ جۆرە لێکدانەوە بۆ کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤ دەکرێن کە بایەخێکی زۆر گرینگیان هەیە. لێرەدا بە کورتی باســـیان دەکەین. پرنســـیپی کارایی واتە (The Principle of effeciency)، پرنســـیپی لێکدانەوەی دینامیکی (evolutiv)، پرنسیپی لێکدانەوەی ئامانـــجدار، (The Principle of Targeted Interpretation). دادگای ئۆرووپـــا بۆ مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی وردو هەموو لایەنە لە پراکسیسی خۆی‌دا لە هەرسێکی ئەو پرنسیپانە کەڵکی وەرگرتوە. بۆیە ئێمەش لێرەدا تێ‌دەکۆشـــین لە باسەکانمان‌دا، لە کاتی لێکدانەوەی کۆنڤانسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤدا، بەشێوەیەکی سەرەکی لەو نەریت‌و سوننەتە کەڵک وەرگرین کە دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ کەڵکـــی لێ وەردەگرێ. ئەو پرنســـیپانە لە لێکدانەوەی هەموو کۆنڤانســـیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤدا کەڵکیان لێ‌وەردەگیرێ، بەڵام ئەوە کە ئۆرگانەکانی هەرکام لە کۆنڤانسیۆنەکان لە کردەوەدا چۆن بەکاریان دەبەن، لە کۆنڤانسیۆنێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕدرێ. لەوەش زیاتر ئەوە کە هەر کام لەو پرنســـیپانە لە چارەسەریی کێشەو مەسەلە کۆنکرێتەکان‌دا، چ بایەخێکیان هەیە، دیسان لە مەسەلەیەکەوە بۆ مەسەلەیەکی دیکە جیاوازە.

### ٢.٣.٢.١ ئەسڵی کارایی

جەوهەری ئەسڵی کارایی ئەوەیە کە لە کاتی لێکدانەوەی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانی

مرۆڤ دا پێویستە هەمیشە مەبەستمان ئەوە بێ کە ئەو ئەسڵە وەبەرچاو بگرین. واتە پرنسیپی «not rights that are theoretical or illusory but rights that are practical and effective».[١] دەستەبەر بکەین. ئەم پرنسیپە لەلایەن دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، لەپێوەندی دەگەڵ کەیسێکدا کە پێی دەگوترێ Airey-cuse، کاری پێکراوەو دواتریش وەک نەریتێک بۆ لێکدانەوەی کۆنڤانسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤ، جێی گرتوە. ئەو کەیسە وێنەیەکی ڕوونمان لە نێوەرۆک‌و جەوهەری پرنسیپی کارایی دەخاتە بەردەست. Airey دەیەویست لە مێردەکەی جیا بێتەوە کە توندوتیژیی دەگەڵ دەکرد. ئەوە مەسەلەیەک بوو کە دەبوایە دادگاکان پێی ڕابگەن. بەشێوەیەکی ڕەسمی هیچ کۆسپێک لەسەر ڕێ نەبوو کە کەیسێکی ئاوا بەریە بەردەم دادگا بۆ ئەوەی کە مافی دەستڕاگەیشتن بە دادگا، بۆ ئەو کەسە کە پێویستی پێیەتی دەستەبەر بکرێ. بەڵام Airey هیچ جۆرە تواناو ئیمکاناتێکی ماڵیی ئەوتۆی نەبوو کە بۆ ئەو مەبەستە موحامی واتە وەکیلێک بگرێ‌و کەیسەکەی بەرز کاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە هیچ جۆرە میکانیزمێک بۆ یارمەتیدانی بێبەرانبەر بەو کەسانەی کە ئیمکاناتی ماڵی‌یان بۆ چوونە بەردەم دادگا نیە، لەگۆڕێ دانەبوو. بۆیە لە کردەوەدا بەشێوەیەکی واقعی کۆسپێکی ڕاستەقینە لەبەردەم چوونە دادگاو دەستڕاگەیشتن بە دادگادا بۆ ئەو ژنە هاتبووە پێش. بەهۆی ئەم کۆسپەوە ناوبراو نەیدەتوانی کەیسەکەی بەرز کاتەوەو بیباتە بەردەم دادگا. لێرەدا وەزعێک بۆ Airey هاتبوە پێش کە نەیدەتوانی بەشێوەیەکی کاریگەرو کارا، کەیسەکەی خۆی بەرێتە پێش. واتە هەر چەند لە باری قانوونی‌یەوە هیچ کۆسپێکی لەپێش دا نەبوو، بەڵام لە کردەوەدا بەهۆی نەبوونی ئیمکاناتی ماڵی بۆ گرتنی وەکیل‌و نەبوونی یارمەتیی دیکەی دەوڵەتییش بۆ کۆمەگ بە ناوبراو تا بتوانێ کەیسەکەی بەرێتە پێش، لە کردەوەدا دەستەوەستان مابۆوە. سەرنجام دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئەوەی بە پێشێل کرانی پەرەگرافی یەکەمی ماددەی شەشەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ لەقەڵەم دا. چونکە ئەو ژنە ئیمکانی ئەوەی نەبوو کە بەشێوەیەکی کارا کەڵک لە دادگا وەربگرێ‌و کەیسەکەی خۆی بەرێتە بەردەم دادگا. لە وەزعێکی ئاوادا مافی ئەو کەسەی کە ئەو گیرو گرفتەی بۆ دێتە پێش، لەجیاتی ئەوەی بەشێوەیەکی (practical and effective) دەستەبەر بکرێ، لە کردەوەدا بەهۆی (theoritical or illusory) دەخرێتە ژێر پێ‌و پێشێل دەکرێ.

بەو شێوەیە دواتر ئەم جۆرە لێکدانەوەیە لەلایەن دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە کاتی ڕاگەیشتن بە زۆر پەروەندی دیکەش دا کەڵکی لێوەرگیراو ئێستا بۆتە ئەسڵێکی جێگرتوو بۆ لێکدانەوەی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤ‌و لەلایەن دادگای ناوبراو کەڵکی زۆری لێ وەردەگیرێ‌و بۆتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ بردنە پێشی کاروباری ئەو دادگایە.

دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەو جۆرە تێگەیشتنەی لە لێکدانەوەی پەروەندی Folgerø

1. EMD, Airey (1979) punkt 24.

بە دژی نۆرویژ بەکار هێنا. ئەو دادگایە بڕیاری دا کە سازوکاری ئازاد بوون لە خوێندنی دەرسی KRL مەسیحییەت، دینو ڕوانگەکانی ژیان لە قوتابخانەکانی نۆرویژدا، ناتوانێ بەشێوەیەکی کاریگەر مافی قوتابیو دایکو باوکەکانیان لە پێوەندی دەگەڵ ئازادیی دینو عەقیدەو بیرو باوەڕەدا، دابینو دەستەبەر بکات[١].

### ٢.٣.١.٣ ئەسڵی لێکدانەوەی دینامیکی کۆنڤانسیۆنەکان

جەوهەری ئەو ئەسڵە ئەوەیە کە دەڵێ هەر جۆرە لێکدانەوەیەک بۆ کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیییەکانی مافەکانی مرۆڤ، پێویستە لەسەر ئەو بنەمایە بێ کە ئەو پەیماننامانە، بەڵگەنامەو پەیماننامەی زیندوونو لە حاڵی گەشەو چوونە پێش دان. هەر بۆیە دەبێ بەگوێرەی وەزعی زەمانو هەلومەرجی ڕۆژ خوێندنەوەو لێکدانەوەیان بۆ بکرێ.

بۆیە دەبێ وەک a living instrument wich… must be interpreted in the light of present-day condition.[٢] سەیریان بکرێ. بۆیە ناکرێ لەبەر ڕووناکایی ئەو هەلومەرجەدا کە کۆنڤانسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤیان تێدا پەسند کراون، ئەو کۆنڤانسیۆنانە لێک دەینەوە. بەڵکوو دەبێ لە بەر ڕووناکایی وەزعی مەوجوودی ئێستادا، خوێندنەوەمان بۆیان هەبێ. هەر بۆیە بە لێکدانەوەو خوێندنەوەی کۆنڤانسیۆنەکان، بۆ نموونە بەگوێرەی پراکسیسی دادگای ئۆرووپا، دەتوانین ئەشکەنجە بەم جۆرە پێناسە بکەین «جیاواز لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی نائینسانی».

> However, having regard to the fact that the Convention is a "living instrument which must be interpreted in the light of present-day conditions"... the Court considers that certain acts which were classified in the past as «inhuman and degrading treatment» as opposed to «torture» could be classified differently in future. It takes the view that the increasingly high standard being required in the area of the protection of human rights and fundamental liberties correspondingly and inevitably requires greater firmness in assessing breaches of the fundamental values of democratic societies[3].

ئەسڵی لێکدانەوەی دینامیکی کۆنڤانسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤ بۆ بەهێز کردنی تاکەکەس، زۆر گرینگو پڕبایەخە. دەتوانین بە سێ جۆر، بەڵگە بۆ بەکەڵک بوونی ئەم میتۆدە بێنینەوە[٤].

---

1. EMD, Folgerø (2007) punkt 100.
2. Formuleringen ble først brukt i EMD, Tyrer (1978) punkt 31.
3. EMD, Selmouni (1999) punkt 101.
4. Backer (2005) s. 427.

یەکەم ئەو مێتۆدە دروســـت و بەجێیە، چونکە کۆمەڵگای ئینســـانی بەردەوام لە حاڵی گەشەو پەرەســـەندنی هەمیشەیی دایە. هەر بۆیە هەمیشـــە هەلومەرجو بارودۆخی تازەی ئەوتۆ دێنە پێش کە پێویســـتە لە کۆنڤانســـیۆنەکاندا، ڕەنگ بدەنەوە. دەکرێ لەو بارەوە پەرەئەســـتاندنو گەشـــەی تێکنۆلۆژیی تازە وەک نموونە بێنینەوە: ئینتەرەنێت، مانگی دەست کرد، چاوەدێری لە ڕێگای ئامرازە تیکنیکی‌یە نوێ‌یەکانەوە، وەرگرتنو ناردنو خەزێنە کردنی زانیاری، گواســـتنەوەی خێراو هۆیەکانی گواســـتنەوە، دەرمانە نوێ‌یەکانو شێووەو مێتۆدە تازەکانی چارەسەریی نەخۆشی‌یەکان. زۆر بەڕوونی دیارە کە ئەگەر لە کاتی پەســـند کرانی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپاییی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٥٠دا، هەلومەرجێکـــی لەو چەشـــنە ئەو دەم لەئارادا نەبوو، بەو مانایە نیە کـــە ئەو هەلمەرجو بارودۆخە نایەنە پێش. بە واتایەکی دیکە لێکدانەوەی کۆنڤانســـیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤ، پێویســـتە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی‌و گەشەسەندنی کۆمەڵگا ئینسانی‌یەکان وەبەرچاو بگرێ.

مەســـەلەی دووهەم ئەوەیە کە لێکدانـــەوەی دینامیکی بۆ کۆنڤانســـیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤ بۆیە ڕاســـتو دروســـتە کە بایەخەکان، نرخەکان، بۆچوونەکان، ڕوانگەو بیرو بـــاوەڕەکانو تەنانەت ڕەفتار و هەڵس‌وکەوتو هەڵوێســـتەکانیش، هەمیشـــە بەگوێرەی تێپەڕینی زەمانو گەشەســـەندنی کۆمەڵ، ئاڵ‌وگۆڕیان بەســـەردا دێ. بۆ نموونە بۆچوونو هەڵس‌وکەوتو ڕوانگەکانی ئێمە ســـەبارەت بە کەم‌ئەندامان، کەســـانی هۆمۆفیلو ئەو منداڵانەی کە لە دەروەی چوارچێوەی ژیانی هاوبەشـــی سوننەتی‌دا لەدایک دەبن، لەچاو ئەو سەردەمەی کە کۆنڤانسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤیان تێدا پەسند کراون، ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتوە. هەر بۆیە ئەو ئاڵوگۆڕانە پێویستە لە لێکدانەوەی کۆنڤانسیۆنەکان‌دا وەبەرچاو بگیردرێن‌و ڕەنگ بدەنەوە.

ئێستا ئەو منداڵانەی لە دەرەوەی چوارچێوەی ژیانی ژن‌ومێردایەتی‌دا لەدایک دەبن، هەروەک ئەو منداڵانەی لە چوارچێوەیەکی لەو جۆرەی ژیانی هاوبەش‌دا لەدایک دەبن، مافی وەک یەکیان هەیە. دایکو باوکەکانیشیان هەر بەو جۆرە. ڕوونە کە لە کاتی پەسند کرانی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانـــی مـــرۆڤدا ئاوا نەبووە. مەســـەلەکە نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کە لە ســـەردەمی ئێســـتادا، کۆنڤانســـیۆنەکان، لە نێوان ئەو منداڵانەدا کە لـــە دەرەوەی ژیانی هاوبەش‌دا لەدایک بوون، لەگەڵ ئەو منداڵانەی لە چوارچێوەی ژیانی هاوبەشـــی ژنو مێردایەتیی سوننەتی‌دا لەدایک بوون، جیاوازی دابنێین[1]. کەیســـی Christine Goodwins دەکرێ لەبەر ڕووناکایی پراکسیسی دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤدا وەک نموونەی زیندووی ئەم باســـە ســـەیر بکـــرێ. دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئێستا شێوەی کارو پراکسیسی خۆی وا گۆڕیوە کە کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپاییی مافەکانی مرۆڤ، بەجۆرێک لێک دەداتەوە کە کۆنڤانسیۆنەکە بتوانێ هەموو مافەکانی هۆمۆفیلەکانو کەسانی دیکەی

1. Et kjent eksempel er EMD, Marckx (1979), hvor en ugift mor måtte adopterer sitt eget barn for å bli rettslig anerkjent som mor, og hvor adopsjonen heller ikke ga fulle foreldrerettigheter. Dette var klar krenkelse av EMG art.8.

تەراجنسی دابینو دەستەبەر بکات[1].

ئەو جۆرە تێگەیشـــتنە لە مێتۆدی لێکدانەوەی دینامیکی کۆنڤانسـیۆنی مافەکانی مرۆڤدا زۆر بەکەمی جێگای کێشەیە. بەڵام لەو بارەوە تێگەیشتنێکی دیکە هەیە کە زۆر جێگای باسو کێشەیە. هەر بۆیەشـــە هەندێک لە دەوڵەتەکان لەســـەر ئەو بڕوایەن کە دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە پێوەندی دەگەڵ دەستەبەر کردنو دابین کردنی مافەکانی مرۆڤدا زۆر لە ڕادەی پێویست زیاتر دەڕواتە پێشو ئۆتۆریتەو دەســـەڵاتی دەوڵەتەکان نادیدە دەگرێ. دەکرێ ئەو مەســـەلەیە بەو جۆرە حاڵی بین کە ئەو جۆرە میتۆدە تا دێ «چوارچێوەی تێگەیشـــتنی خۆی لە کۆنڤانسیۆنەکان بەرینتر دەکاتـــەوە .بەجۆرێک کە تا دێ مافو ئازادیی زۆرتر دەخاتە ژێر چەتری لێکدانەوەو خوێندنەوەکانی خۆی[2]». ڕەخنەکە ئەوەیە کە ئەو جۆرە لێکدانەوەیە، چوارچێوەی مافەکانو تێگەیشتن لەوان بەرین دەکاتـــەوە، بێ ئەوەی بەهۆی گۆڕانکاریـیـــە کۆمەڵایەتیو پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە نرخو بایەخەکاندا، پێویســـتییەکی لەو چەشـــنە هاتبێتە گۆڕ. لێرەدا گیروگرفت ئەوەیە کە مافەکانی مرۆڤ تا دێ پتر لەســـەر حیسابی مەســـەلە کۆمەڵایەتییە ڕەواو بەرحەقەکانی دیکە، بایەخو گرینگیی زۆرتریان پێ دەدرێ. بۆ نموونە پاراستنی ژینگە یان پاراستنی ئەمنیەتو ئاسایشی نەتەوەیی، دوو مەسەلەی زۆر گرینگو پڕبایەخن. ناکرێ لەســـەر حیســـابی وەبەرچاو نەگرتنی ئەو دوو مەسەلە گرینگە، بایەخی زیاتر بە مافەکانی مرۆڤ بدەین. ئەو پســـپۆرانەی ڕەخنەیـــان لە لێکدانەوەی زۆر بەرینو دینامیکی کۆنڤانســـیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤ هەیە، لەو بڕوایە دان کە ئەوە ئەرکی ســـەر شانی کاربەدەستانی دەوڵەتەکانـــە کە لە نێـــوان گرینگیو بایەخـــی مافەکانی مرۆڤو گرینگیو بایەخی مەســـەلەکانی دیکەدا، هاوســـەنگیو هاوئاهەنگی دروســـت کەن. بەجۆرێک کە لێکدانەوەی نێوەرۆکی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافەکانی مرۆڤ، ئەگەر پێویست نەبێو پاکانەی بۆ نەکرێ، بەرین نەکرێنەوە.

### ٢.٣.١.٤ ئەسڵی لێکدانەوەی ئامانجدار

ئەم پرنســـیپە بەتوندی لەگەڵ ئەو دوو پرنســـیپانە لێک گرێ دراوە کە پێشـــتر باســـمان کردن. لەوەش زیاتر ڕاســـتەخۆ پەرەگرافی یەکەمی ماددەی سیویەکەمی کۆنڤانسیۆنی ڤیەن بۆ پەیماننامە نێونەتەوەییەکان دەیگرێتەوە. هەر کۆنڤانســـیۆنێکی مافەکانی مرۆڤ، پێویســـتە بە جۆرێک لێک بدرێتەوەو مانا بکرێتەوە کە لەگەڵ ئەو ئامانجانە بێتەوە کە ئەو کۆنڤانسیۆنە لە پێناو وەدیهێنانیاندا دامەزراوە. زۆر نموونەی وامان هەن کە کەسێک ئەو ئاکامە لە لێکدانەوەیەکی ئامانجدار هەڵدەبژێرێ کە ناتەبایی لەگەڵ ئامانجی سەرەکیی تێکستەکە یان کۆنڤانسیۆنەکە هەیە. لێرەدا بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتر دوو نموونە دێنینەوە.

---

1. EDM, Christine Goodwin (2002) punkt 93.
2. Backer (2005) s. 427.

لە پەرەگرافی یەکەمی ماددەی هەشـــتەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤدا دەگوترێ کـــە «هەموو کەس مافی هەیە کە ڕێز لە «ماڵ»ی بگیردرێ». لە ڕووی زمانەوانییەوە، بەو جۆرە لەو تێکستە دەگەین کە دەڵێ هەموو کەس لە ماڵو خانووی خۆیدا، مافی ئەوەی هەیە کە پارێزگاریی لێ بکرێ. مەبەســـت لە ماڵو خانوو ئەو شوێنەیە کە ناوبراو تێیدا دەژیو لە نێویدا دەحەسێتەوە. بەگوێرەی تێگەیشـــتنێکی لەو جۆرە، کارگەیەک، کۆمپانییەک، یان کارخانەیەک هیچ «ماڵ»ێکی نیە. کەچی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ لە پراکسیسی خۆیدا ئەوەی قبووڵ کردوە کە نەک هەر کەسانی حەقیقی، بەڵکوو کەسایەتییە حقووقیو قانوونییەکانیش تا ئەو جێیەی لەگەڵ بڕیارەکان بگونجێ، خاوەن مافن. دادگای ئۆرووپا بۆ لێکدانەوەیەکی لەو چەشنە ئەم پرنسیپەی وەک بنەما داناوە: «in ceration circumstances the rights guaranteteed by article 8 of the convention may by construed as including the right to respect for a company's registered office, branches or other business premises».[1]

بەگوێرەی بەندی یەکەمی ماددەی دووهەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکان، دەوڵەت لەســـەریەتی کە پارێزگاری لە «هەموو ئەو کەســـانە بکات کە لە ســـەر خاکو لە ژێر دەســـەڵاتو ئۆتۆریتەی ئەو دەوڵەتەدا دەژین». مەبەســـت ئەوەیە کە دەوڵەت تەنیا پارێزگاری لەو کەسانە دەکات کە لەســـەر خاکی ئەو دەوڵەتە دان، لە باری حقووقییەوە لە ژێر ئۆتۆریتەی یاســـاییو قانوونیی ئەو دەوڵەتەدا دەژین. دەبینین کە ئەم ڕستەیە بە ئامرازی پێوەندیی «و» لێک گرێ دراوە. بەو حاڵەش، کۆمیتـــەی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەم مەســـەلەیە وەک بنەمایەک بۆ لێکدانەوەیەکی دیکە دادەنێ کە دەکرێ وەک هەلومەرجو بارودۆخێکی دیکەو ئەلترناتیڤ، بەحیساب بـــێ. لێـــرەدا «و» کە ئامرازی پێوەندییە بۆ لێک گرێ دانی دوو رســـتەکە، بـــە مانای «یا»ش لێک دەدرێتەوە. چونکـــە «it would be unconsiderable to so interpret the responsiblity under article 20 of the convenant as permit a State party to perpetrate violation of the conventant on the territory of an other State, wich violation it could not perpetrate on its own territory».[2]

دیارە بە پێچەوانەشـــەوە نموونەی دیکەمان لەبەر دەست دان کە مرۆڤ بەگوێرەی ئەو زمانە کە تێکستەکەی پێ نووسراوە، ناکرێ ئاکامێکی پێچەوانەی ئەو ئامانجە لە ماناو لێکدانەوەی تێکستەکە وەرگرێ کە کۆنڤانسیۆنەکە لە پێناویدا دامەزراوە. یەک شت ڕوونە، ناکرێ ئێمە پرنسیپی لێکدانەوەی دینامیک، بە جۆرێک بەکار بێنین کە ببێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵە مافێکی دیکە بێنینە کایە کە لە بنەڕەتڕا لە خودی کۆنڤانسیۆنەکەدا نین[3]. بۆ نموونە ناکرێ مافی وەرگرتنی تەڵاق، کە لە ماددەی

1. EMD, Societe Colas Est (2002) punkt 41.
2. FNs menneskerettskomite, Burgos mot Uruguay punkt 12.3.
3. EMD, Cruz varas (1991) punkt 100.

١٢ی کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپـــا بۆ مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، بەو جـــۆرە لێک دەینەوە کە وەک مافی خۆبواردن لە هاوســـەرگیری لەقەڵەم بدرێ[1]. بەشـــێوەیەکی گشتی ئەوە پرنسیپێکی سەرەکی‌یە کە لە کاتی لێکدانەوەو تەفســـیر کردنی ماددەکانی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤدا، پێویســـتە ئەو لێکدانەوەیە هەڵبژێرین‌و بەکار بەرین کە لەگەڵ ئامانجی ســـەرەکیی کۆنڤانسیۆنەکە دێتـــەوەو خزمەت بە بەرەوپێش بـــردن‌و وەدی‌هێنانی ئەو ئامانجانە دەکەن کە کۆنڤانســـیۆنەکە لە بنەڕەت‌ڕا بۆ وەدی‌هێنانیان دامەزراوە.

## ٢.٣.٢ بوارو مەیدانەکانی بەکارهێنان‌و کار پێکردنی کۆنڤانسیۆنەکان

بۆ ئەوەی ڕێککەوتنامەیەکی یاســـایی (بۆ نموونە کۆنڤانســـیۆنێک) حاڵەتی قانوونی بۆ کارپێ‌کردن‌و جێ‌بەجێ کردن پەیدا بکات، پێویســـتە چوار مەرجی ســـەرەکی لە گۆڕێ‌دا بن. پێویستە مرۆڤ لە چوارچێوەو مەحدوودەی ئەو یاســـایانە دابێ، لە باری شەخســـی‌یەوە بکەوێتە چوارچێوەی ئەوانەوە. لـــە باری زەمانی‌یەوە بکەوێتە چوارچێوەی ئەو یاســـایانەو لە باری ماددی‌شـــەوە هەر لە ســـنوورو چوارچێوەی ئەوان دا بێ. لە پێوەندی دەگەڵ کۆنڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ لە کردەوەدا دەرکەوتووە کە ئەوە مەرجی یەکەمە کە لەگەڵ خۆی‌دا کێشـــەو پرســـیاری سەخت‌و دژوار دێنێتە پێشێ. بەڵام لێرەدا ئێمە لە پێش‌دا، کەمێک سەبارەت بە مەرجەکانی دیکە دەدوێین.

مەوداو چوارچێوەی شەخســـیی کۆنڤانســـیۆنەکان دوو لایەنی هەن. بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنەکان کێ ئەرکی جێ‌بەجێ کردنی ئەوانی دەکەوێتە سەر شان. هەروەها چ کەس یا کەسانێک بەگوێرەی ئەو کۆنڤانســـیۆنانە، خاوەنی ئەو مافانەن کە لە کۆنڤانســـیۆنەکەدا هاتوون. لە پێش‌دا باسی ئەوەمان کـــرد کە بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتننامانە کێ خاوەنـــی مافەکانە. لە پێوەندی دەگەڵ ئەوەش کە کێ ئەرکی جێ‌بەجێ کردن‌و دابین‌کردنی ئەو مافانەی دەکەوێتە ئەستۆ مەسەلەکە زۆر روونە. بەگوێرەی کۆنڤانســـیۆنەکانی مافی مرۆڤ، دەوڵەتەکان لە بەرانبەر دابین‌و دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤدا، بەرپرســـن[2]. لە هەندێک کەیســـی دیاری‌کراو و کۆنکرێت‌دا، جارجار ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئایا کام دەوڵەت ئەرکی جێ‌بەجێ کردن‌و دابین کردنی ئەو مافانەی دەکەوێتە سەر شان. بەڵام ئەوە لە کردەوەدا هیچ گومانێک دروست ناکات. ئەگەر بمانەوێ لە پێوەندی دەگەڵ پێ‌شێل کرانی مافەکانی مـــرۆڤدا، ئەکتەرێکی دیکەی یاســـایی بـــە بەرپرس بزانین، دەبێ دەوڵەت بـــە بەرپرس بزانین کە نەیتوانیوە ئەرک‌و بەرپرسایەتی‌یەکانی خۆی بەڕێوە بەرێ‌و بەر بەو پێ‌شێل‌کاری‌یە بگرێ کە هاتۆتە پێش، یان پێویستە هەر چەشنە هێنانە گۆڕی مەسەلەیەکی لەو جۆرە، لە چوارچێوەی یاساو قانوونە جەزایـــی‌و جینائی‌یەکانـــی وڵات‌دا بخرێتە بەرباس‌و لێکۆڵینەوە. ئەو مەســـەلەیە زۆرتر لە پێوەندی

1. EMD, Johanson (1986) punkt 54.

2. Med unntak for at visse internasjonale organisasjoner kan velge å tiltre visse konvensjoner, slik EU har gjort for CRPD.

لەگەڵ بەرپرســـایەتیی کارگەو کۆمپانیە جۆراوجۆرەکان‌دا، بۆ وەبەرچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ، زەق دەبێتەوە کە پێشتر باسمان لێ کردوە.

مەبەســـت لـــە چوارچێوەو مـــەودای زەمانیی کۆنڤانســـیۆنەکانیش ئەوەیە کە لـــە چ کاتێکەوە کۆنڤانسیۆنەکە حاڵەتی جێبەجێ کردن بەخۆوە دەگرێ. ئەوەش دوو لایەنی هەیە. کەی کۆنڤانسیۆنەکە بەشێوەیەکی گشتی حاڵەتی ئیجرایی بەخۆوە دەگرێ؟ هەروەها لە پێوەندی دەگەڵ هەر دەوڵەتێکی دیاری‌کراودا ئەو مەودا زەمانی‌یە لە کەیەوە دەســـت پێ‌دەکات؟ تەنیا کاتێک دەوڵەتێک ســـەبارەت بە پێشـــێل کرانی ئەو مافو ئازادی‌یانە کە لە کۆنڤانســـیۆنێک‌دا هاتوون، بە بەرپرس دەزانرێ کە لەو بارەوە ئەو دەوڵەوتە پێشـــتر کۆنڤانســـیۆنەکەی پەســـندو ئیمزا کردبێو بـــۆ جێبەجێ کردن‌و دابین‌و دەســـتەبەر کردنی، خۆی بەرعـــۆدە کردبێت. واتە پابەند  بە بەڕێوەبردنی کۆنڤانســـیۆنەکە بووبێ. لەوەش زیاتر ئەو پێشـــێل‌کاری‌یە دەبێ لەو مـــەودا زەمانی‌یەدا ڕووی دابێ کە ئەو دەوڵەتە بەڕەسمی پابەند بوونی خۆی بە جێبەجێ کردنی پەیماننامەکە ڕاگەیاندبێ. ئەو جۆرە کەیسانە ئەو کات دێنە پێش کە پێشـــێل کردنی کۆنڤانســـیۆنێک درێژ بوونەوەی پێشێل کاری‌یەکانی ڕابردوو بێ. واتە پێشـــێل‌کاری‌یەکە کاتێک ڕووی داوە کە ئەو دەوڵەتە هێشـــتا کۆنڤانسیۆنەکەی پەسندو ئیمزا نەکردوە، بەڵام دوای پەســـندو ئیمزا کردنیشی، ئەو پێشێل‌کاری‌یانە هەر بەردەوامن. دەکرێ لەو بارەوە حەپس‌و زیندانی کردنی نایاســـایی وەک نموونە بێنینەوە. لە کردەوەدا ئەمە بەو جۆرەیە ئەگەر پێشێل‌کاری‌یەک بە درێژ بوونەوەی پێشێل‌کاری‌یەکانی ڕابردوودا دابنرێ، ئەوە ئەو دەوڵەتە نەک هەر ســـەبارەت بە ئەنجامدانی ئەو پێشـــێل‌کاری‌یە، بەڵکوو سەبارەت بە پێشێل‌کاری‌یەکانی ڕابردووش، بەرپرسایەتیی دەکەوێتە سەر شان. واتە دەبێ سەبارەت بەو پێشێل‌کاری‌یانەش وەڵامدەر بێ کە پێش پەســـندو ئیمزا کردنی کۆنڤانسیۆنەکە لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە لەو وڵاتەدا ڕوویان داوە. بـــەڵام ئەگەر دەرکەوێ کە ئاڵوگۆڕ دروســـت بووەو ئەو پێشـــێل‌کاری‌یە جیـــاوازە لەگەڵ ئەوانەی دیکەی پێش پەسند کرانی کۆنڤانسیۆنەکە، ئەودەم ئەو دەوڵەتە تەنیا سەبارەت بەو پێشێل‌کاری‌یانە بە بەرپرس دەزانرێ کە دوای پەســـند کردنی ئەو کۆنڤانســـیۆنە هاتۆتە پێش. کاتێک کەســـێک لە زیندان‌دا دەخرێتە حەپسی تاکەکەسی، ئیزۆلەو دوورەپەرێز دەخرێتەوە کە پێشتر لە زیندان‌دا بووە، مەسەلەیەکی لەو جۆرە ڕوو دەدا.

مەبەســـت لە مەوداو چوارچێوەی ماددیی کۆنڤانســـیۆنەکان بریتی‌یە لـــە نێوەرۆکی ئەوان. واتە دەوڵەتێک تەنیا بەرانبەر بە دابین‌و دەستەبەر کرانی ئەو مافو ئازادی‌یانە بەرپرسایەتیی لەسەر شانە کە لە کۆنڤانســـیۆنەکەدا باســـیان لێ کراوە. بۆیە ئەگەر پێشـــێل‌کاری‌یەک لە دەرەوەی ئەوان ڕوو بـــدات، دەوڵەت بە بەرپـــرس نازانرێ. ئاخر ئەگەر دەوڵەتێک لە پێش‌دا پابەندیی خۆی بە نێوەرۆکی پەیماننامەکانی مافی مرۆڤەوە ڕانەگەیەنێ، ســـەبارەت بە پێشێل‌کاری‌یەک کە دەکەوێتە دەرەوەی نێوەرۆکی ئەوان، بەرپرسایەتیش  قبووڵ ناکات.

لە پێوەندی لەگەڵ کار پێ کردنی کۆنڤانسیۆنەکاندا، گیروگرفتی ئەسڵی بۆ مەوداو مەحدوودەی مافەکانـــی ئەوان دەگەڕێتەوە. لـــەو بارەوە کۆنڤانســـیۆنەکان خۆیان بە «چوارچێوەی دەســـەڵاتو حاکمییـــەت»ی دەوڵەت واتـــە (jurisdiction) دەبەســـتنەوە[1]. بۆ نموونە کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ماددەی یەکەمی خۆیدا بەو جۆرە ئەو مەسەلەیە بەیان دەکات. دەوڵەتەکان «بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتو حاکمییەتی ئەوان، ئەو مافو ئازادییانەی لەو کۆنڤانســـیۆنە دا هاتوون، دابینو دەســـتەبەر دەکـــەن». بەو جۆرە ئەوە ئێســـتا چ لە پێوەندی دەگەڵ کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤو چ لە پێوەندی دەگەڵ کۆنڤانسیۆنەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بۆتە پراکسیس و وەک پرنسیپ لە کردەوەدا کاری پێ دەکرێ.

مەســـەلەکە زۆر ڕوونە. کۆنڤانســـیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤ ئەرک دەخەنە ســـەر شانی دەوڵەت بەرانبـــەر هەموو ئەو کەســـانەی کە دەکەونـــە چوارچێوەی خاکی ئەو دەوڵەتـــەوە. واتە هەموو ئەو کەسانەی لەسەر خاکی ئەو دەوڵەتەن[2]. بۆ نموونە نۆرویژ لە بەرانبەر هەموو ئەو کەسانەی کە لە سەر خاکی نۆرویژن، لە پێوەندی دەگەڵ کۆنڤانسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤدا بەرپرسایەتیی لەسەر شانە.

لەو پێوەندییەدا دوو حاڵەت هەن کە ئەو ئەسڵە نایانگرێتەوە. حاڵەتی یەکەم ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر مەســـەلەکە بکەوێتە چوارچێوەی خاکی ئەو دەوڵەتەشەوە، دەوڵەتەکە بەرپرسایەتیی ناکەوێتە سەر شان. بەگوێرەی ئەو خاڵە دەوڵەت لە پێوەندی دەگەڵ کۆنڤانسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤدا، هیچ بەرپرســـایەتییەکی ناکەوێتە سەرشان بەرانبەر بە پێشێلکارییەک کە هاتۆتە پێش، بەو مەرجەی ئەو دەوڵەتە کۆنترۆڵی بەســـەر ئەو ناوچەیەدا نەبێ کە ئەو پێشـــێلکارییە لەوێ دا رووی داوە. بەو جۆرەی خوارەوە دەتوانین ئەو بابەتە ڕوونتر بکەینەوە.

بـــۆ نموونە ناوچەیەک کـــە لەلایەن دەوڵەتێکـــی بیانییەوە داگیر کرابێ، یان بەهۆی شـــەڕی نێوخۆیییەوە دەوڵەت دەســـەڵاتی بەسەر ناوچەیەکدا لەدەســـت بدات. بۆ نموونە کاتێک هەندێک دەستەو تاقمی غەیرە دەوڵەتی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەو ناوچانەدا دەسەپێننو دەوڵەت ناچار دەبێ لەوان پاشەکشـــە بکات. یان کاتێک هێزێکی جیاوازیخوازی خاوەن دەسەڵات بەسەر ناوچەیەکدا زاڵەو دەوڵەت کۆنترۆڵی بەسەر ئەو جێیەدا لەدەست داوە، یان جاری وایە دەوڵەتێکی بیانی نفووزو دەسەڵاتی بەسەر ناوچەیەکدا هێندە زۆرە کە دەوڵەت لەوێدا ناتوانێ دەسەڵاتی خۆی بەڕێوە بەرێ. بۆ نموونە ئەو مەســـەلەیە زۆر جار لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی ناوچە شەرقییەکانی مۆڵدۆڤادا باسی لێ کراوە[3]. نموونەیەکی دیکە لەو پێوەندییەدا دەکرێ ئەو ناوچانەی جۆرجیا بن[4]. بەڵام ئەوە لە زۆر

1. EMK, SP, BK, RDK, TK, CMW. Samme realitet gjelder som utgangspunkt også for andre konvensjoner, selv om de ikke sier noe uttrykkelig om anvendelsesområdet.

2. «a State's jurisdictional competance under Article 1 is primarily terrirorial», EMD, Al-Skeini (2011) punkt 131.

3. EMD, Ilascu (2004).

4. EMD, Assamizade (2004).

شوێنی دیکەش‌دا هەر راستە. بەو حاڵەش تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێک کۆنترۆڵیشی بەسەر ناوچەیەکی خاکی خۆی‌دا نەبێ، لە پێوەندی دەگەڵ کۆنڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ‌دا، دیسان بەرپرسایەتیی هەر هەیە. ئەو پرنسیپە شتێکی ئەرێنی‌و پۆزەتیڤە. ئەو دەوڵەتە لەسەریەتی بە هەموو توانەوە تێ‌بکۆشێ کە وەزعی مافەکانی مرۆڤ‌و جێ‌بەجێ بوونی کۆنڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ، لەو شوێنەدا بەباشی بڕواتە پێش. جا با بۆخۆی کۆنترۆڵیشی بەسەردا نەبێ. بەپێی ئەو پرنسیپە لە کۆتایی‌دا، دەوڵەت بەرانبەر وەزعی مافی مرۆڤ لەو شوێنانەش‌دا، هەر بەرپرسە کە کۆنترۆڵی بەسەریان دا نیە. ئەوەش ئەرک دەخاتە سەرشانی دەوڵەت کە لەو بارەوە هەرچی لە توانای دایە، بۆ دابین‌و دەستەبەر کردنی کۆنڤانسیۆنەکان لەو ناوچانەدا بەکاری بێنێ[1].

حاڵەتەکەی دیکە کە ئەو ئەسڵە گشتی‌یە نایگرێتەوە، لە کردەوەدا زۆر گرینگترە. هەر بۆیە لەمێژە وەک بابەتێکی پڕ لە کێشەو ناتەبایی باسی لەسەر دەکرێ[2]. پرنسیپی بەرپرسایەتیی دەوڵەت لە دەرەوەی چوارچێوەی خاکی خۆی‌دا، سەبارەت بە کۆنڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ، ئەوە دەگرێتەوە کە دەوڵەت تەنانەت لە دەرەوەی چوارچێوەی سنوورەکانی خاکی خۆشی‌دا، لە کاتی جێ‌بەجێ کردنی کاروباری حکوومەتی‌و دەوڵەتی‌دا، لە پێوەندی دەگەڵ وەبەرچاوگرتنی کۆنڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ‌دا، بەرپرسایەتیی لەسەر شانە. ئەو پرنسیپە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەئمورییەتانەدا کە پۆلیس یا سوپای دەوڵەتێک لە دەرەوەی خاکی ئەو دەوڵەتەدا، بەڕێوەیان دەبەن، لە کردەوەدا بەکار دەبرێ. بەتایبەت لە کاتێک دا کە سوپای دەوڵەتێک کۆنترۆڵی بەسەر ناوچەیەک لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی‌دا هەیە. جا ئەو کۆنترۆڵە چ لە ڕێگای داگیرکردنەوە بێ، یان لە ڕێگایەکی دیکەوە مەیسەر بووبێ، هیچ لە ئەسڵی مەسەلەکە ناگۆڕێ. چونکە ئەو دەوڵەتە لە پێوەندی لەگەڵ پێ‌شێل‌کاری‌یەکانی مافەکانی مرۆڤ‌و لەو ناچەیەدا بە بەرپرس بەحیساب دێ‌و دەبێ وەڵامدەر بێ. ئەو پرنسیپە بە جۆرێک بەکار دەبرێ، کاتێک پۆلیس یان هێزە نیزامی‌یەکانی دەوڵەتێک، کەسێک دەگرن یان ئەسیری دەکەن، ئیدی ئەوان بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤ، بەرپرسایەتی‌یان سەبارەت بە وەبەرچاوگرتنی کۆنڤانسیۆنەکان لە پێوەندی دەگەڵ ئەو کەسە دا کە گرتوویانە دەکەوێتە سەر شان. چونکە ئەو کەسە لە کۆنترۆڵی ئەوان دایەو ئەوانیش بە نوێنەرایەتیی دەوڵەتی خۆیان ئەرک بەڕێوە دەبەن. بۆ نموونە سەربازێکی نۆرویژی کە خەریکی بەڕێوەبردنی مەئموورییەتە لە دەرەوەی وڵات، ئەگەر کەسێک بەدیل بگرێ، ناتوانێ ئەو کەسە ئەشکەنجە بکا، ئازار بدا، یان سووکایەتی‌و بێ‌حورمەتیی پێ بکا، یان بیکووژێ، بەو بیانووەی کە ئەو لە دەرەوەی خاکی وڵاتەکەی خۆی‌دا خەریکی بەڕێوەبردنی مەئموورییەتی دەوڵەتی‌یە.

لە راستی‌دا زاراوەی (jurisdiction) لە پێوەندی دەگەڵ کۆنڤانسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤ‌دا،

---

1. Se Larsen (2009).

2. Gjeldende rett oppsummeres i EMD, Al-Skeini (2001) punkt 130-142.

مانایەکی دیکەی جیا لەو مانایە کە بەگوێرەی یاسای گشتیی نێونەتەوەیی هەیەتی، دەبەخشێ[1]. لە گۆشەنیگای کۆنڤانسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤەوە (jurisdiction) بە مانای کۆنترۆڵ لێک دەدرێتەوە. بەگوێـــرەی ئەو لێکدانەوەیە، دەوڵەت لە پێوەندی دەگەڵ کۆنڤانســـیۆنەکانی مافی مرۆڤدا، بەرانبەر هەموو ئەو کەســـانە بەرپرســـایەتیی لەسەر شـــانە کە دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتو کۆنترۆڵی ئەو دەوڵەتەوە. جا ئەو کەســـانە چ لەســـەر خاکی ئەو دەوڵەتە بن یان لەســـەر خاکی دەوڵەتێکی دیکە بن هیچ لەو راســـتی‌یە ناگۆڕێ. بەڵام باســـمان کرد لەو بارەوە پرنســـیپی هەرە ســـەرەکی ئەوەیـــە کە دەوڵەت لە پێوەندی دەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا، لە پێش هەموو شـــتێکدا بەرانبەر ئەو کەســـانە بەرپرســـە کە دەکەونە چوارچێوەی خاکی ئەو دەوڵەتەوە. لە راستی‌دا ئەو پرنسیپە کاتێک جێ‌بەجێ دەبێ کە دەوڵەت حاکمییەتو دەســـەڵاتی بەســـەر هەموو خاکی وڵاتی خۆی‌دا هەبێت. واتە خاوەنی jurisdiction یانی کۆنترۆڵ بێ، بەسەر خاکی خۆی دا. لە حاڵەتی دووهەمدا تەنیا لە هەندێک هەل‌ومەرجی دیاری کراودا (exceptional circumstances) دەوڵەت لە پێوەندی دەگەڵ کۆنڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ، لە دەرەوەی خاکی وڵاتەکەی‌دا، بە بەرپرس دەناسرێ[2].

### ٢.٣.٣ مەرجەکانی پێ‌ڕاگەیشتنی نێونەتەوەیی بە سکاڵاو شکایەتە تاکەکەسی‌یەکان

یەکێک لە تایبەتمەندی‌یە سەرەکی‌یەکانی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە ئەوان بەمەبەستی پێ‌ڕاگەیشتن بە سکاڵای ئەو کەسانەی کە دەڵێن بەگوێرەی ئەو کۆنڤانسیۆنانە، مافەکانیـــان پێ‌شـــێل کراون، میکانیزمی تایبـــەت بە خۆیان دادەمەزرێنن. بەو جـــۆرە میکانیزمانە دەگوتـــرێ میکانیزمی ســـکاڵا کردن. بەڵام بۆ کەڵـــک وەرگرتن لەو جـــۆرە میکانیزمانە کە پێیان دەگوترێ میکانیزمی ســـکاڵا، گەلێک مەرج هەن کە دەبێ وەبەرچاو بگیردرێن. چونکە ئەگەر بەرز کردنەوەی هەر ســـکاڵایەک لەگەڵ ئەو مەرجانە نەیەتەوە، ئۆرگانەکانی کۆمیسیۆنەکان ئەو سکاڵایە ڕەد دەکەنەوە. بەوە دەڵێن هۆکارەکانی ڕەدکردنەوەی سکاڵاکان. دیارە ئەو هۆکارانە کە دەبنە هۆی ڕەدبوونەوەی سکاڵایەک، لە میکانیزمێکەوە بۆ یەکێکی تر ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ. بۆیە زۆر گرنگە مرۆڤ بەگوێرەی پرنسیپو ڕێوشوێنەکانی ئەو کۆنڤانسیۆنە سکاڵای خۆی بەرز کاتەوە کە پێی وایە ئەو مافو ئازادی‌یانەی پێ‌شـــێل کراون کە کۆنڤانســـیۆنی ناوبراو دەستەبەری کردوون. هۆکارەکانی ڕەد کردنەوەی ســـکاڵایەک زۆرن. هەمیشە مەترســـیی ئەوە هەیە کە لە کاتی بەرز کردنەوەی هەر ســـکاڵایەکدا، بەهۆی لە گۆڕێ‌دا نەبوونی هەموو مەرجە پێویستەکان بۆ پێ‌ڕاگەیشتن، سکاڵاکە ڕە دەکرێتەوە.

لە پێوەندی دەگەڵ لێکدانەوەی هۆکارە جیا جیاکانی ڕەد کردنەوەی ســـکاڵاکان، پراکسیسێکی

1. I folkeretten viser «jurisdiction» til statens lovgivnings-, doms- og tvangsjurisdiction, se Helmersen (2014) kam 4.

2. Se f.eks EMD. Al-Skeini (2011) punkt 132.

بەرین هەیە[1]، بەڵام ئێمە لێرەدا زۆر بە کورتی باسی لێوە دەکەین.

مەرجی ســـەرەکی ئەوەیە کە تەنیا کەســـێک دەتوانێ ســـکاڵا بکات، یان سکاڵا بەرز کاتەوە کە ئیددعـــای ئەوە بکات کە مافەکانی پێشـــێل کراون. ئـــەو مەرجە بە زمانی ئینگلیســـی بەو جۆرە دارێـــژراوە: «Claiming to be a vicitim of a violation» واتە تەنیا کەســـێک دەتوانێ شـــکایەت بـــکات کە پێی وایە بۆتە قوربانی. لە پێوەندی دەگـــەڵ لێکدانەوەی مانای «قوربانی»ش‌دا، بەتایبەت لەلایەن دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ پراکسیســـێکی بەرین لە گۆڕێ دایە. ئەگەر سکاڵایەک، سکاڵایەکی فەرزی یا کەیسێک بێ کە پێوەندیی بە داهاتووەوە هەبێ، یان سکاڵاکە پێشتر لەلایەن دادگاکانـــی ئەو وڵاتەوە خرابێتە بەر لێکۆڵینەوەو قەرەبوو کرابێتەوە، ئەو ســـکاڵایە ڕەد دەکرێتەوەو دەخرێتە پشت گوێ.

بێجگە لەو پرنســـیپە ســـەرەکی‌یە، هۆکارەکانـــی دیکەی ڕەد کردنەوەی ســـکاڵایەک دەکرێنە ســـێ بەش: ئـــەو هۆیانەی پێوەندی‌یان بـــە ئۆتۆریتەی قانوونیـــی «jurisdiction» ئۆرگانەکانی ئەو کۆنڤانسیۆنەوە هەیە کە سکاڵاکەی بۆ بەرز کراوەتەوە. ئەو هۆکارانەی کە پێوەندی‌یان بە چۆنیەتیی پرۆســـەی چوونە پێشـــی پەروەندە یان ســـکاڵاکەوە هەیە. هەروەها ئەو هۆکارانەی پێوەندی‌یان بە هەل‌ومەرجی ماددیی وەزعەکەوە هەیە.

ســـکاڵایەک بێ ئـــەولاولا ڕەد دەکرێتەوە ئەگەر ئۆرگانەکانی پێڕاگەیشـــتنی کۆنڤانســـیۆنەکە ســـەڵاحیەتی یاســـایی‌و قانوونی یانی jurisdiction یان بۆ پێڕاگەیشـــتن بەو سکاڵایە نەبێ. یانی سکاڵاکە بکەوێتە دەرەوەی سەڵاحیەتی یاسایی ئەو ئۆرگانەوە[2]. سکاڵایەک ڕەد دەکرێتەوە بە هۆی ئەوەی کە دەکەوێتە دەرەوەی ratione loci، ســـەڵاحیەتی ئەو ئۆرگانە بە هۆی «شوێن»ی ڕوودانی کەیســـەکە. ئەگەر لە جێگایەک مافەکانی مرۆڤ یان کۆنڤانســـیۆنەکە خرابێتە ژێر پێ کە بکەوێتە دەرەوەی مەیدان‌و حەوزەی ســـەڵاحیەتی ئەو کۆنڤانسیۆنە، سکاڵاکە ڕەد دەبێتەوە. یان کاتێک ئەو پێشێل‌کاری‌یە لە جێگایەک ڕووی داوە کە دەکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە کە شکایەتی لێ کراوە. جاری واشە سکاڵاکە بە هۆیretione temporis یانی بەهۆی «کات»ەوە ڕەد دەبێتەوە. یانی ئەو پێشـــێل‌کاری‌یە کاتێک ڕووی داوە کە ئەو دەوڵەتەی کە شکایەتی لێ کراوە، کۆنڤانسیۆنەکەی ئیمزاو پەســـند نەکردوە. بە واتایەکی تر پێش ئەوەی کە دەوڵەتی ناوبراو کۆنڤانســـیۆنەکەی ئیمزاو پەســـند کردبـــێ‌و پابەندیی خۆی بە جێبەجێ کردنی‌یەوە ڕاگەیاندبێ، ئەو پێشـــێل‌کاری‌یە ڕووی داوە. جاری واشـــە ســـکاڵاکە بە هۆی ratione personae واتە «بە هۆی کەسی‌یەوە» ڕەد دەبێتەوە. بـــۆ نموونە کاتێک ســـکاڵا لە دەوڵەتێک دەکرێ کە هەر لە بنەڕەتڕا ئـــەو دەوڵەتە بۆخۆی ئەندامی

1. Til illustrasjon har EMD publisert en «partical Guide on Adamissbility Criteria». Se http://www.echr.coe.int/Documents/Admissibility_guide_ENG.pdf. Som er på intet mindre enn 114 sider.

2. «Jurisdiktion» betyr noe annet her enn i punkt 2.3.4 ovenfor. Her viser det konvensjonsorganets jurisdiktion, ikke til statens Jurisdiktion.

کۆنڤانسیۆنەکە نیەو پابەندیی خۆی بە جێبەجێ کردنی ئەو پەیماننامەیە ڕانەگەیاندوە. جاری واشە سـکالاکە بە هۆی ratione materiae واتە بە هۆی شـتێکەوە ڕەد دەکرێتـەوە. بۆ نموونە کاتێک سـکالایەک بەرز دەکرێتەوەو لەویدا ئەو کەسەی کە سکالاکەی بەرز کردۆتەوە، ئیددعا دەکات کە مافێکی پێشێل کراوە کە لە راستیدا ئەو مافە لەلایەن ماددەکانی کۆنڤانسیۆنەکەوە پارێزگاریی لێ ناکرێ، هەر بۆیە ئەو جۆرە سکالایە وەرناگیرێ. چونکە ئەو مافەی کە گوایە پێشێل کراوە دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەو نێوەرۆکی بەندەکانی کۆنڤانسیۆنەکە.

ئەو هۆکارانەی پێوەندییان بە پرۆسەی چوونە پێشی سکالاو پەروەندەیەکەوە هەیە، بریتیین لە هەندێک مەرجو ڕێوشوێن کە پێویستە لەلایەن ئەو کەسەوە کە سکالا دەکات، وەبەرچاو بگیردرێن:

- بەشێوەیەکی گشتی سکالا نابێ بەشێوەی anonym ئەنۆنیم، بەرز بکرێتەوە. واتە پێویستە ئەو کەسەی شکایەت دەکات دیار بێو ناسراو بێو ناونیشانی ڕوونو ئاشکرا بێ.

- تەنیا سـکالایەک بۆ پێڕاگەیشـتن وەردەگیرێ کە پێشـتر هەموو قۆناخەکانی چوونە پێشی پەروەندەکە لە دادگاکانی ئەو وڵاتەدا کە شکایەتی لێ کراوە، ڕەوتی ئاسایی خۆیان بڕیبێو بڕیاری کۆتایی لەسـەر درابێ. یان بەڕوونو ئاشکرا دیار بێ کە سیسـتەمی قەزاییو دادرەسی لەو وڵاتەدا کارا نیە.

- سـکالاکە دەبێ لە ماوەیەکی دیاریکراودا، پاش تەواو بوونی پرۆسەی چوونە پێشی خۆی لە دادگاکانی ئەو وڵاتەداو پاش بڕیاری کۆتایی، بەرز بکرێتەوە. بەشێوەیەکی ئاسایی ئەو ماوەیە شەش مانگـە. دیارە لێرەدا لە نێوان کۆنڤانسـیۆنە جیاوازەکاندا، جیاوازیـی زۆر بەرچاو دەکەوێ. هەموو کۆنڤانسیۆنەکان، ئەو شەش مانگە وەبەرچاو ناگرن.

- ئەگـەر سـکالایەک پێشـتر لەلایەن هەمان ئـۆرگان، یان لـە لایەن دادگایەکـی دیکەوە لێکۆڵینەوەی لەسـەر کرابێ، ڕەد دەکرێتەوەو وەرناگیرێ. ماددەی یەکەمی کۆنڤانسیۆنی ئورووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئەو مەسـەلەیە بەو جۆرە ڕوون دەکاتەوە «ئەگەر کەیسێک بەئاشکرا لەو کەیسە بچـێ کە پێشـتر لە لایەن دادگاوە لێکۆڵینەوەی لەسـەر کراوە، یان لەلایـەن دادگا یا ئۆرگانێکی دیکەی نێونەتەوەییەوە کاری لەسـەر کراوە یان بڕیاری لەسەر دراوە و لە لایەکی دیکەشەوە هیچ زانیارییەکی تازەی ئەوتۆی تێدا نیە کە یارمەتی بە وەگەڕ خستنەوەی سەر لەنوێی سکالاکە بکات، ڕەد دەکرێتەوە».

- سـکالایەک ڕەد دەکرێتەوە کە بیەوێ کەڵکی خراپ لە میکانیزمی سکالای کۆنڤانسیۆنەکان وەرگرێ. زۆر سکالا بەو هۆیەوە ڕەد دەبنەوە. بۆ نموونە سکالایەک کە لەویدا هەڕەشە لە ئۆرگانەکانی کۆمیسـیۆنەکە کرابێ، یان بە زمانێکی پڕ لە هەڕەشـەوە، شکایەتەکە داڕێژرابێ یان شکایەتێک کە مەبەستێکی ڕەواو مەشرووعی لە پشتەوە نەبێ، وەرناگیرێ.

ئەو هۆکارە ماددییانەی بۆ ڕەد کردنەوەی سکالا بەکار دەبرێن، لە کاتی لێکدانەوەدا گیروگرفتی

زۆر دروســـت دەکەنو پێویســـتی‌یان بە سرنجو وردبینی‌یەکی زۆر هەیە. ئاخر زۆر جار سنووری ئەو پەروەندانەی کە بۆ پێ‌ڕاگەیشـــتن وەردەگیرێنو بە جورێک کاریان لەســـەر دەکرێ کە لە ڕاستی‌دا جۆرێک پێ‌شـــێل‌کاری لـــەوان‌دا هاتۆتە گۆڕێ، لەگـــەڵ ئەو پەروەندانەی کـــە ڕەد دەکرێنەوەو وا لەقەڵەم دەدرێن کە هیچ پێ‌شـــێل‌کاری‌یەک لەوان دا ڕووی نەداوە، زۆر ڕوون نیە. دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ پێش ئەوەی لەبەر هۆکارە ماددی‌یەکان ســـکاڵایەک ڕەد بکاتەوە، وەختێکی زۆر بۆ هەڵسەنگاندی ڕاستی‌و دروستیی نێوەرۆکی سکاڵاکان تەرخان دەکات.

زۆرترینی ئەو سکاڵایانەی لەو پێوەندی‌یەدا ڕەد دەکرێنەوە، ئەو سکاڵایانەن کە هەر لە بنەڕەت‌ڕا هیچ بنەمایەکیان بۆ پێ‌ڕاگەیشـــتن تێ‌دا نیە. ئەگەر پاش هەڵســـەنگاندنێکی ورد دەرکەوێ کە لەو ســـکاڵایەدا هیچ پێ‌شـــێل‌کاری‌یەک نابینرێ، کە بکەوێتە چوارچێوەی سەلاحیەتی کۆنڤانسیۆنەکە، ئەوە سکاڵاکە هەر بەو هۆیەوە ڕەد دەکرێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە هەر لەو پێوەندی‌یەدا هەندێک ســـکاڵا ڕەد دەکرێنەوە کە زۆرتر فەرزی‌و ئەبســـتراکتن. واتە نێوەرۆکەکەیـــان ڕوون نیە. بۆ نموونە کەسێک شـــکایەت سەبارەت بە یاســـایەک، یان قانوونێک لە وڵاتێک‌دا دەکات کە ئەو یاسایە یان قانوونە ئەگەر بەکار بێ لە ڕاستی‌دا بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنەکە بە پێ‌شێل‌کاری بەحیساب دێ. بەڵام ئەو یاســـایە جاری بەکار نەهاتوە، یان بە دژی ئەو کەســـەی کە سکاڵای کردوە بەکار نەهاتوە. هەر بۆیە لە وەزعێکی ئاوا ناڕوون‌دا، سکاڵاکە وەرناگیرێ‌و ڕەد دەکرێتەوە.

کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ لە پەرەگرافی سێ‌یەمی ماددەی ٣٥ی خۆی‌دا سەبارەت بە هۆیەکانی ڕەد کردنەوەی ســـکاڵایەک، شـــتێک بـــاس دەکات کە لە کۆنڤانســـیۆنەکانی دیکەدا وەبەرچاو ناکەوێ.

دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ دەتوانێ سکاڵایەک ڕەد کاتەوە «ئەگەر ئەو کەسەی سکاڵای کـــردوە زیانو زەرەرێکی ئەوتۆی وێ نەکەوتبێ کە بەرچاو بێ». ئەم پرنســـیپە لە ســـاڵی ٢٠١٠دا بەمەبەســـتی کارا کردنـــی دادگای ئۆرووپا بـــۆ مافەکانی مرۆڤ بۆ ڕاگەیشـــتنی خێراتر بەو هەموو ســـکاڵا زۆرەی کە ئاراســـتەی دادگاکە دەکران، پیادە کرا. دەبێ بگوترێ کە ژمارەیەکی زۆر سکاڵا ئاراســـتەی دادگاکە دەکران کە لە راســـتی‌دا لە زۆربەی ئەو سکاڵایانەدا، پێ‌شێل‌کاری‌یەکی ئەوتۆ، بەرچاو نەدەکەوت. بۆ نموونە ســـکاڵای وا ئاڕاستەی دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ کرابوون کە ڕادەی ســـەرجەمی ئەو زیانەی کە کەسی ســـکاڵاکەر ئیدعای دەکرد کە پێی کەوتووە، لە هەشت کرۆنی نۆرویژی تێ‌نەدەپەڕی[1]. بۆیە تەنانەت ئەگەر بەشـــێوەیەکی ئوســـوولی بەپێی پرنســـیپەکانی کۆنڤانســـیۆنەکانی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، پێ‌شـــێل‌کاری‌یەکیش هاتبێتە پێش، پێ‌ڕاگەیشـــتن بە ســـکاڵایەکی لەو جۆرە بە کارێکی بێ مانا لەقەڵەم دەدرێ. بەگوێرەی ئەســـڵە پەسند کراوەکان،

1. Klageren i EMD, Korolev (2010) anførte at russiske myndigheter hadde unnlatt å betale ham 22.50 rubler (ca. åtte kroner) som han hadde blitt tilkjent av nasjonale domstoler.

ئۆرگانەکانی ئەو کۆنڤانسیۆنانە کە وەک میکانیزمی ڕاگەیشتن بە سکاڵای خەڵک ناسراون، بۆخۆیان ڕاستەوخۆ دوای هەڵسەنگاندنی سکاڵاکان لەبەر ڕووناکایی ئەو پرنسیپانەدا کە سکاڵایەکیان پێ ڕەد دەکرێتەوە، سکاڵاکان ڕەد دەکەنەوە. مانای ئەو قسەیە ئەوەیە کە بێئەوەی ئەو دەوڵەتە کە سکاڵای لێ کراوە، ســـکاڵاکە ڕەد بکاتەوە، ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی کۆنڤانســـیۆنەکان، ئەگەر بۆیان دەرکەوێ کە ســـکاڵایەک لە بنەڕەتڕا بێبنەمایە، ئەوە ئەو سکاڵایە ڕەد دەکەنەوە. لەو بارەوە بیروڕای جیاواز لە گۆڕێ دان. بۆ نموونە ئایا ئۆرگانی کۆنڤانســـیۆنێک کە لە بنەڕەتڕا بۆ ڕاگەیەشـــتن بە ســـکاڵای خەڵک دامەزراوە، ئەرکی ئەوەیە کە بە ئیبتکارو دەستپێشخەریی خۆی، بەمەبەستی ئاسانکاری لە کارەکانی خۆیدا، بەدوای ئەو هۆکارانە دا بگەڕێ کە سکاڵایەکیان پێ ڕەد دەکرێتەوە، یا ئەو ئۆرگانە تەنیا کاتێک دەتوانێ ســـکاڵایەک ڕەد بکاتەوە کە هۆیەکانی ڕەد کردنەوەی ســـکاڵاکە لە شـــوێنی دیکەوە سەرچاوەیان گرتبێ.

### ٢.٣.٤ پرنسیپی ڕێژەیی

بۆ ئەوەی لە کارکردی مافەکانی مرۆڤ وەک سیستەم حاڵی بین، پێویستە لە گرینگیی ئەو بارودۆخانە تێبگەین کە لە هەموو ئاســـتەکاندا، مافەکانی مرۆڤیان تێدا پیادە دەکرێ. پرنســـیپی ڕێژەیی بۆ نموونە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە مافەکانی مرۆڤ تا کوێ بڕ دەکەنو چ ســـنوورێک بۆ کاربەدەستانی دەوڵەت دادەنێنو لە کوێ ئازادیی هەڵسوکەوتو ڕەفتاری ئەوان مەحدوود دەکەنەوە؟ تا کوێو تا چ رادەیەک مافەکانی تاکەکەس دەپارێزن؟ چۆن باڵانسو هاوسەنگی لە نێوان مافە جۆراوجۆرو لەگەڵ یەک ناتەباکانی تاکەکەس دا پێک دێ؟ یان چۆن باڵانسو هاوسەنگی لە نێوان مافەکانی تاکەکەس و مافو قازانجو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵدا پێک دێ؟ بۆیە دەتوانین بڵێین پرنســـیپی ڕێژەیی زۆر گرنگە بۆ دەســـت نیشـــان کردنی ئەوەی کە مافەکانی مرۆڤ تا کـــوێ دەڕۆنو تا کوێ بڕ دەکەن. یان بەپێچەوانەوە دەوڵەتەکان تا کوێ دەســـتیان ئاواڵایە کە بەهۆی وەبەرچاوگرتنی تێبینییەکانی دیکەوە، ســـنوور بۆ مافەکانی مرۆڤ دانێن. لەو بارەوە ســـێ جۆرە تێگەیشـــتن هەن. تێگەیشتنی بەربەرین، تێگەیشتنی ئاسایی و تێگەیشتنی بەرتەسک.

پرنســـیپی ڕێژەیی لە شێوەی بەربەرینی خۆیدا ئەوە دەگەیەنێ کە هەر جۆرە سنووردار کردنو مەحدوود کردنەوەیەکی ئەســـڵەکانی مافی مرۆڤ، پێویســـتە بەگوێرەی قانوون بێو مەشرووعییەتی یاسایی لە پشت بێ. مەبەست لە تێگەیشتنی ئاساییش ئەوەیە کە ئەو مەحدوود کردنەوەیە پێویستە لە ڕێگای ئامرازو مێتۆدی گونجاوەوە پیادە بکرێ. واتە پێویستە لە نێوان ئامانجی مەحدوود کردنەوەی مافەکانـــی مرۆڤو ئەو ئامرازو مێتۆدانەدا کە کارەکـــەی پێدەکرێ، باڵانسو هاوئاهانگی هەبێ. واتە پێویســـتە هەر چەشنە هەڵپەســـاردنو مەحدوود کردنەوەیەکی مافەکانی مرۆڤ، بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە ســـەرەکییە، کە دەوڵەت دەیەوێ پێی بگات،بە پێویست دابنرێ . مەبەست لە تێگەیشتنی

بەرتەسکیش ئەوەیە کە هەرچەشنە مەحدوود کردنەوەیەکی مافەکانی مرۆڤ، یان هەڵپەساردنی ئەوان، هێندە پێویستە کە دەوڵەت هیچ ئامرازو ڕێگایەکی دیکەی لەدەستدا نیە، جگە لەوە، بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کە بەدواوەیەتی. لەو حاڵەشدا ئامرازو مێتۆدەکان پێویستە لەگەڵ ئامانجە سەرەکی‌یەکە بێنەوەو هاوئاهەنگی‌یان هەبێ. مەبەست لەو پرنسیپە ئەوەیە کە هەڵپەساردن‌و مەحدوود کردنەوەی مافەکانی مرۆڤ، پێویستە قانوونی‌و مەشرووع بێ‌و بۆ وەدیهێنانی ئامانجێکی مەشرووع بەڕێوە بچێ‌و لە ڕێگای ئامرازو مێتۆدی مەشرووعو گونجاویشەوە پیادە بکرێ.

لە ڕاستی‌دا تێگەیشتن لەو پرنسیپە لە ئاستی ئەبستراکت‌دا دژوارە. یانی ئەوە کە هەر چەشنە هەڵپەساردن، یان مەحدوود کردنەوەی مافەکانی مرۆڤ، پێویستە قانوونی بێ، مەشرووع بێ‌و بەدوای ئامانجێکی مەشرووعەوە بێ. لەوەش زیاتر ئەو میتۆدو ڕێگاو ئامرازانەش کە بۆ گەیشتن بەو مەبەستە بەکاریان دێنێ، تەناسوبیان لەگەڵ ئامانجەکە هەبێ. دیارە ئەگەر بمانەوێ لە پێوەندیی دەگەڵ مافێکی دیاری‌کراو و کۆنکرێت‌دا کەڵک لەو پرینسیپە وەرگرین، دەکرێ ئاسانتر پیادە بکرێ.

لە هەندێک لە ماددەکانی کۆنڤانسیۆنەکان‌دا ئەو مەسەلە باشتر ڕوون کراوەتەوە. بۆ نموونە لە ماددەکانی ٨، ٩، ١٠و ١١ی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ‌دا هاتووە کە هەڵپەساردن یان مەحدوود کردنەوەی مافەکانی مرۆڤ نابێ بەشێوەیەکی خودسەرانەو سەرەڕۆیانە بێ. لە ڕاستی‌دا بەبێ ئەوەی کە پێوست بێ، لە هەموو شوێنێک، ڕاستەوخۆ ئیشارە بەو مەسەلە بکرێ، پرنسیپی ڕەیژەیی لە پێوەندی دەگەڵ هەموو کۆنڤانسیۆن‌و ماددەکانی کۆنڤانسیۆنەکان‌دا، دەبێ بەو جۆرە لێک بدرێتەوە. واتە هیچ کات نابێ هەڵپەساردن‌و مەحدوود کردنەوەی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەوڵەتەوە بەشێوەیەکی خودسەرانەو سەرەڕۆیانە پیادە بکرێ. دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە زۆر بڕیارو ڕاسپاردەی خۆی‌دا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە لە کاتی پیادە کردنی ماددەکانی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ‌دا، پێویستە باڵانسێکی عادڵانە لە نێوان مافو قازانجو بەرژەوەندی، بایەخو نرخە جۆراوجۆرەکان‌دا، پێک بێ[1].

## ٢.٣.٥ دەسەڵاتی دەوڵەت‌و پرنسیپی چاوپۆشی لێ‌کردن

لە نێوان مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی نەتەوەیی‌و مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا بارودۆخێکی بارگاوی‌و جۆرێک ناتەبایی هەیە. لەلایەک مافەکانی مرۆڤ جیهانیین‌و پێویستە بۆ هەمووان وەک یەک پیادە بکرێن، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەوان پێویستە بە کردەوە هەل و مەرجی میللی، ناوچەیی، ئیتنیکی، فەرهەنگی، ئایینی‌و دابونەریتە جیاوازەکان لێرەولەوێ وەبەرچاو بگرن‌و لە کاتی پیادە کردن‌دا حیسابیان بۆ بکەن. لەوەش زیاتر لەلایەک سیستەمێکی نێونەتەوەیی کارا بۆ کۆنترۆڵ کردنی چۆنیەتیی جێ‌بەجێ کردن‌و پیادە کردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەوڵەتەکانەوە

---

1. Se f.eks. EMD, Christine Goodwin (2002) punkt 72.

دامەزراوە، کە چی لەلایەکی دیکەوە ئەوەش بە ڕەسمی ناسراوە کە لە پێوەندی دەگەڵ پیادە کردنی مافەکانی مرۆڤدا بەرپرسـایەتیی بنەڕەتی بە ئەسـتۆی دەوڵەتەکانەوەیەو لەو بارەوە بەرپرسایەتیی سەرەکییش بۆ چاوەدێریی جێبەجێ کردنی ئەو مافانە هەر دەبێ بە ئەستۆی ئەوان خۆیانەوە بێ. لەو پێوەندی‌یەدا ئەو میکانیزمە سەرەکی‌یانە لێرەدا دەخەینە بەر باس کە دەکرێ بۆ کەم کردنەوەی ئەو ناڵێکیو وەزعە دژوارە کەڵکیان لێ وەربگرین. ئەو میکانیزمە سەرەکی‌یە پێی دەگوترێ: مەودای دەسەڵاتی دەوڵەتو پرنسیپی چاولێ‌پۆشین[١]. ئەو دوو زاراوەیە زۆر لێک نزیکن. پرۆتۆکۆلی پازدەهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بەوان دەڵێ:

> Affrming that the High Contracting Parties, in accordance with the principle of subsidiarity, have the primary responsibility to secure the rights and freedoms defined in this Convention and the Protocols thereto, and that in doing so they enjoy a margin of appreciation, subject to the supervisory jurisdiction of the European Court of Human Rights …

پرنسـیپی مەودای دەسـەڵاتی دەوڵەت، باسی لەسـەرە. نەک هەر لە بەر ئەوەی کە بەشێوەیەکی بەرین لێک دەدرێتەوە، بەڵکوو لە بەر ئەوەی ئەو ئەسـڵە پـڕ لە تەمومژە. نێوەرۆکەکەی ڕوون نیە. زۆر بەزەحمەت دەتوانرێ لە چارەسـەریی مەسەلەو کەیسـە کۆنکرێتەکان‌دا کەڵکی لێ‌وەرگیرێ[٢]. پرنسیپی مەودای دەسەڵاتی دەوڵەت یان حاشیەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە پێوەندی دەگەڵ کاروباری دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، بایەخو گرینگی‌یەکی زۆری هەیە. بەڵام ئەو پرنسـیپە لە لایەن کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی دیکەشەوە کەڵکی لێ‌وەردەگیرێ[٣].

پرنسـیپی حاشیەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ئەسڵی تێکسـتەکانی نێو کۆنڤانسیۆنەکان‌دا، باسی لێ‌نەکراوە، بەڵکوو لەلایەن دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤو کۆنڤانسیۆنەکانی دیکەوە داهێنراوەو پەرەی پێ‌دراوە[٤]. جەوهەری پرنسـیپی حاشـیەی دەسـەڵاتی دەوڵەت بریتی‌یە لەو مەیدانەی کە

---

1. For norsk litteratur, se Andenæs mfl. (2015).

2. EMI) ser selv ut til å legge denne vagheten til grunn som ønsket, se Bratza (2012); CJhe doctrine of margin of appreciation is a complex one about whicil there has been Jnuch debate. do not dispute importans:e a valuable tool devised by the Court it selfto assist it in defining the scope oi jtB review. It ås a variable notion Inuich is not susceptible oiprecise definiOon. 1t is in part for this reason that we have diificulty in seeing the need 10L or the wjsdom of, attempting to legislate for it in the Convention. any more than for the many Other 1001s of interpretation which have been developed by the Court in carrying out the judicial rue entrusted to it.

3. Eks: FN-komitéen for personer med nedsatt funksjonsevne, Jungelin mot Sverige (2014).

4. Læren er utviklet på grunnlag av nasjonale rettssystemer, slik som den franske læren om «marge d'appréciation» eller den tyske læren om «Ermessensspielraum». Vi går ikke nærmere inn på disse nasjonalrettslige inspirasjonskildene. I norsk rett er det læren om forvaltningens frie skjønn som er skjønnsmarginens nærmeste slektning.

کاربەدەستانی دەوڵەت لە بەر ڕووناکایی وەزعی وڵاتەکەی خۆیان‌دا بۆ پیادە کردنی کۆنڤانسیۆنێکی مافی مرۆڤ، لە بەر دەســـتیان دایە. لەو بارەوە ماددەکان‌و بڕیارەکانی هەر کام لە کۆنڤانســـیۆنەکان سنووری هەڵس‌وکەوت‌و ڕەفتاری کاربەدەستانی دەوڵەت دیاری دەکەن، بەڵام ئەوان لە ئاستی میللی‌و لە ئاستی وڵاتانی خۆیان‌دا، ئازادی‌و ئیختیاری ئەوەیان هەیە کە بەگوێرەی وەزعی وڵاتی خۆیان، ئەو ئامرازو ڕێگاو مێتۆدانە هەڵبژێرن کە پێیان وایە لە ڕێگای ئەوانەوە بەو ئامانجە دیاری‌کراوانە دەگەن کە کۆنڤانســـیۆنەکان لە پێناویان‌دا دامەزراون. واتە مەبەست لە مەودای دەسەڵاتی دەوڵەت ئەوەیە کە چۆنیەتیی کار کردنی کاربەدەســـتان لە پێوەندی دەگەڵ پیادە کردنی مافەکانی مرۆڤ‌دا دیاری دەکەن. ئەوان ئەرکیان دەکەوێتە ســـەر شان لەو سنوورە تێنەپەڕن کە کۆنڤانسیۆنەکان دیاری‌یان کردووە. بەڵام لە چوارچێوەی ئەو ســـنوورەدا ئازادی‌و ئیختیـــاری ئەوەیان هەیە بەگوێرەی وەزعی وڵاتەکەیان بۆ جێبەجێ کردنی کۆنڤانســـیۆنەکە کار بکەن. بەو جۆرە پرنســـیپی سنووردار کردنی مەودای دەســـەڵاتی دەوڵەت، لانی‌کەمی پاراســـتنی مافەکانی مرۆڤ، لە هەموو وڵاتەکانی ئەندامی کۆنڤانســـیۆنەکان‌دا دەستەبەر دەکات. لە هەمان کات‌دا دەرگاش بۆ ئەوە دەکاتەوە کە هەر دەوڵەتە، بەگوێرەی وەزعی تایبەتیی وڵاتی خۆی، ڕێگاو مێتۆدی پیادە کردنی کۆنڤانســـیۆنەکە بدۆزێتەوە. تا چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی کۆنڤانســـیۆنەکە لەگەڵ ئەو بارودۆخە بگونجێنێ کە لە وڵاتەکەی‌دا لە گۆڕێ دایە. لەو بارەوە لەلایەن دادگای ئۆرووپاوە لە پێوەندی دەگەڵ کەیسی Handysideدا، ڕوون کردنەوەیەک دراوە کە ئەو مەســـەلە زۆرتر ڕوون دەکاتـــەوە. دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، بە ئیشـــارە بە پەرەگرافی یەکەمی ماددەی دەهەم، ســـەبارەت بە مەحدوود کردنەوەی قانوونی ئازادیی بەیان، بەم شێوەیەی خوارەوە بیروڕای خۆی دەردەبڕێ:

> «by reason of their direct and continuous contact with the vital forces of their countries, State authorities are in principle in a better position than the international judge to give an opinion on the exact content of these requirements[1]»

بەپێی ئەو قســـەیە دادگا میللی‌و کاربەدەســـتە میللی‌یەکان، لە هەر وڵاتێک‌دا لە پێوەندی لەگەڵ هـــەوڵ‌دان بۆ پیادە کردن‌و جێبەجێ کردنی مافەکانی مـــرۆڤ‌دا لە چاو ئۆرگانە نێودەوڵەتی‌یەکان، سەڵاحیەت‌دارترن. ئاخر ئەوان شارەزایی‌و لێوەشاوەیی زیاتریان لەو بارەوە هەیە و باشتر دەزانن چۆن لـــە بەر ڕووناکایی وەزعی وڵاتەکەی خۆیان‌دا، مافەکانی مرۆڤ جێبەجێ‌و پیادە بکەن. بە واتایەکی دیکە کاربەدەســـتانی هەر وڵاتێک لە پێوەندی دەگەڵ جێبەجێ کردنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتی خۆیان‌دا سەڵاحیەتی یەکەمیان هەیە.

لە کاتی شـــی کردنـــەوەی ئەم ئەســـڵەدا بۆمان دەردەکەوێ کـــە دادگای ئۆرووپـــا لە ڕێگای

1. EMD, Handyside (1976) punkt 48.

بەکارهێنانی ئەم پرنســـیپەوە، لە کردەوەدا دوو ئامانج دابین دەکات. یەکەم ئەوەی کە ئەم پرنسیپە دەبێتـــە پێوانەو معیارێک کە لە ڕێگای ئەوەوە بتوانرێ هاوئاهەنگیو باڵانســـێک لە نێوان ئازادیە تاکەکەسییەکانو قازانجو بەرژوەندییەکانی کۆمەڵدا پێک بێ. ئەو پرنسیپە بەتایبەتی لە پێوەندی دەگەڵ ئەو مافو ئازادییانەدا، رۆڵێکی بەرچاوی هەیە کە کراوەنو دەکرێ دەســـتتێوەردانیان تێدا بکرێ. وەک ماددەکانی ٨، ٩، ١٠و ١١ی کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ. دووهەم، ئەو پرنسیپە دەستی دادگای ئۆرووپاش، بۆ کۆنترۆڵ کردنی کاربەدەستانی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی ئەندامی کۆنڤانسیۆنەکە، بۆ گرتنە پێشی سیاسەتو ئامرازی تایبەت بە هەر کامیان، ئاواڵا دەکات. بۆ نموونە دادگای ئۆرووپـــا دەتوانێ زۆر بەوردی ئەوە هەڵســـەنگێنێ کە ئایا لـــە وڵاتێکدا بارودۆخێکی ئەوتۆ هاتۆتە پێش کە کاربەدەســـتانی ئەو وڵاتە، بیانەوێ وەزعی تایبەتی ڕاگەیەننو مافو ئازادییەکانی مرۆڤ هەڵپەسێرن یان سنووردایان بکەن[1].

لە لایەکی دیکەشـــەوە چۆنیەتیی کار پێ کردنی ئەم پرنســـیپە لە بڕیارنامەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە. ئەو پرنسیپە لە پێوەندی دەگەڵ ئەو مافو ئازادییانەدا کە بۆ دەستتێوەردان کراوەن، لێکدانەوەیەکـــی بەرینتری بۆ دەکرێ . بەڵام لە پێوەندی لەگـــەڵ ئەو مافو ئازادییانەدا کە کراوە نین، واتە تەعبیرو لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ ناکرێ، کارکردی ئەو پرنســـیپە زۆر بەرتەسکە، یان زۆر بەکەمیو بەدەگمەن بەکار دەبرێ، یان هەر لە بنەڕەتڕا لە جێگایەکی ئاوادا کەڵکی لێوەرناگیرێ[2].

پرنســـیپی مەودای دەســـەڵاتی دەوڵەت بە توندی لەگەڵ پرنســـیپی چاولێپۆشین گرێ دراوە. بەگوێرەی ئەو پرنســـیپە لە پێوەنـــدی دەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا، بەرپرســـایەتیی یەکەم دەکەوێتە ســـەر شـــانی دەوڵەت. بەو پێیە ئۆرگانە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ، تەنیـــا ئەو کاتە دەتوانن لـــە پێوەندی لەگەڵ پیادە کردنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتێـــکدا بێنە گۆڕەپانەکە کە دەوڵەتی ئەو وڵاتە لێکدانەوەی پێویســـتی لەو بارەوە کردبێو ئەو مەســـەلانەی شی کردبنەوە کە دەکرێ ئۆرگانە نێونەتەوەییەکان پێیان ڕابگەنو کاریان لەســـەر بکەن[3]. ئەو پرنسیپە لە چۆنیەتیی کار کردنی ئەو میکانیزمە نێونەتەوەییانەدا کە بۆ ڕاگەیشـــتن بە ســـکاڵاکان دامەزراون، رەنگ دەداتەوە: سکاڵایەک تەنیا ئەو کاتـــە وەردەگیرێو دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوە کە هەموو پرۆســـەی دادوەریو قۆناخەکانی چوونە پێشـــی خۆی لە دادگاکانی ئەو وڵاتەدا کە ســـکاڵاکەی ئاراستە کراوە، تێپەڕاندبن. بەو جۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە ئۆرگانە ئیجراییەکانی کۆنڤانسیۆنەکان، لە پێوەندی دەگەڵ جێبەجێ کردنی ماددەکانی کۆنڤانسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤدا، مەیدانێکی زۆر بۆ کاربەدەستانی دەوڵەتەکان بەجێ

1. White/Ovey (2010) s. 79.

2. For norsk litteratur om skjønnsmarginen, se Skoghoy (2011) og Borvik (2011).

3. EMD, Scordino (2006), punkt 140: «The primary responsibility for implementing and enforcing the rights and freedoms guaranteed by the Convention is laid on the national authorities. The machinery of complaint to the Court is thus subsidiary to national systems safeguarding human rights,»

دەهێڵن. واتە دەستی ئەوان بۆ کار کردن بەگوێرەی وەزعی تایبەتی وڵاتی خۆیان ئاواڵا دەکەن. ئەم میکانیزمانەی کە بەگوێرەی کۆنڤانسـیۆنەکان وەک ئۆرگانێکی تایبەتی بۆ راگەیشـتن بە سکاڵاکان دامەزراون، نایانەوێ هەموو لایەنەکانی کەیسـێک بۆ خۆیان بەرنە پێش. بەڵکوو لە کۆتاییدا، ئەوە هەر دەوڵەتەکانن کە پێویسـتە بڕیارو راسـپاردەکانی ئەو ئۆرگانە ئیجراییانەی کۆنڤانسـیۆنەکان، جێبەجێ بکەنو بەڕێوەیان بەرن.

# بەشی سێهەم
# مافە سەرەکی و بنەڕەتیەکان

## ٣.١ مافی بەرابەریی هەمووان بۆ پاراستن لە بەرامبەر جیاوازیدانان‌دا

مافی پاراســـتن لە بەرابەر هەر چەشـــنە جیاوازیدانانێک‌دا بە یەکێک لـــە بنەڕەتی‌ترین مافەکانی مرۆڤ دادەنرێ‌و لە زۆربەی پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤ دا جێگای بۆ کراوەتەوە. لەوەش زیاتر لە دەســـتوورو یاســـای بنەڕەتیی زۆر وڵاتانیش‌دا بۆ نموونە نۆروێژ وەک مافێکی بنەڕەتی بەڕەســـمی ناســـراوە[1]. لە پەرەگرافی دووهەمی ماددەی نەوەدوهەشتی دەستووری وڵاتی نۆروێژدا هاتووە کە «نابێ بەهیچ جۆر، بێ‌دەلیل‌و بەشـــێوەیەکی ناموناســـب‌و غەیرە مەنتیقی، جیاوازی لەگەڵ هیچ مرۆڤێک بکرێ.»

پاراســـتنی مرۆڤەکان لە بەرانبەر هەر چەشنە جیاوازیدانانێک‌دا، پێوەندیی زۆر نزیکی بە مافی بەرابەریی هەموو ئینســـانەکان لەگەڵ یەکتردا هەیـــە. بەگوێرەی ئەو مافە، مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر بەرابەرن. مافی ئەوەشـــیان هەیە وەک یەک ڕەفتارو هەڵس‌وکەتیان دەگەڵ بکرێ. ئەوە بەو مانایەیە کەسێک کە بەشێوەیەکی جیاواز هەڵس‌وکەوتی دەگەڵ دەکرێ، بەچەشنێکی غەیرە قانوونی ڕەفتاری دەگـــەڵ کراوە. بۆیە ئەو جۆرە جیاوازیدانانە بە کردەوەیەکی نایاســـایی لەقەڵەم دەدرێ. لە بەندی یەکەمی ماددەی نەوەدوهەشـــتی قانوونی ئەساسیی نۆروێژدا هاتوە کە «هەموو لە بەرانبەر قانوون‌دا بەرابەرو وەک یەکن». بەو جۆرە مەبەســـت لە پرنسیپی وەک یەک بوون و بەرابەر بوونی مرۆڤەکان

1. Vernet mot diskriminering følger også av EU/EØS-retten og nasjonale lover

بریتی‌یە لە بەرابەریی ئەوان لە پێوەندی دەگەڵ سیستەمی قەزاییو دادوەریی وڵاتدا.

لە پێوەندی دەگەڵ پاراستنی مرۆڤەکان لە بەرانبەر جیاوازی‌داناندا، گەلێک بڕیارو ڕێککەوتننامەو کۆنڤانسیۆنی جۆراوجۆر پەسند کراون. هەموو ئەو بڕیارنامەو کۆنڤانسیۆنانە دان بە بەرابەری‌و هاوکوف بوونی مرۆڤەکان دا دادەنێن. ئامانج هەر ئەوە نیە کە بەشـێوەیەکی ڕەسـمی بەرابەریی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر دەستەبەر بکرێ. مەبەست لە مافی وەک یەک بوونو بەرابەریی ئینسانەکان ئەوەیە کە بەشێوەیەکی ڕاستەقینەو واقعی بەرابەریی ئەوان دابین بکرێ. واتە مەبەست لە بەرابەری، بەرابەریی مرۆڤەکان، بەشێوەیەکی واقعی لەگەڵ یەکترو لە بەرانبەر قانوون دایە[1].

بۆ دابین کردنی بەرابەریی ڕاسـتەقینە، هەر ئەوە بەس نیە کە وەک یەک هەڵسوکەوت لەگەڵ بارودۆخو هەلومەرجە وەک یەکەکان بکرێ[2]. بەرابەریی راستەقینە ئەو کاتە دابین دەبێ‌و وەدی دێ کە لـە هەر هەلومەرجێکی تایبەتی‌دا، ئەو جیاوازی‌یانە ببینین کە لە نێوان مرۆڤەکاندا بەرچاو دەکەون. زۆر جار پێوستە هەلومەرجە جیاوازەکان، بەشێوەیەکی جیاواز ببینرێن‌و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ.

جیاوازی‌دانـان دیاردەیەکی نوێ نیە. ئەو جیاوازی‌دانانەی ئەمـڕۆ بەرچاو دەکەوێ، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ڕیشـەی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخە مێژوویی‌یەکانی ڕابردوو، بۆ چۆنیەتیی سـترەکتورو پێکهاتەی کۆمەڵ، بۆ ئەم بیرو باوەڕە کلێشەیی‌و عادەت‌و داب‌ونەریتە جۆراجۆرانەی کە ساڵانێکی زۆرە هەن‌و بەشـێکی بەرچاو لە پراکسیسی کۆمەڵگا ئینسانی‌یەکان پێک دێنن. لە زۆربەی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانـی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە کە هـەر ئەوە بە تەنیا بەس نیە کە ڕابگەیەنین هەر چەشـنە جیاوازی‌دانانێـک قەدەغەیە. لـەوەش گرینگتر ئەوەیە کە بەشـێوەیەکی کاراو چالاک بۆ لەنێوبردنی زەمینەکانی ئەو جۆرە جیاوازی دانانە کارو خەبات بکەین.

بەم جۆرە پاراسـتنی مرۆڤەکان لە بەرانبەر هەر چەشـنە جیاوازی‌دانانێکدا، بێجگە لەو مافو ئازادی‌یانەش کە بۆ مرۆڤەکان لەبەرچاو گیراون، بە ئەرکی هەرە سەرەکیی دەوڵەت بەحیساب دێ‌و دەوڵەت لەسـەریەتی بەگوێرەی قانوون هەموو مرۆڤەکان لە بەرانبەر هەر چەشنە جیاوازی‌دانانێکی نامۆناسب‌و نامەنتیقی‌دا بپارێزێ.

لێـرەدا هەوڵ دەدەین کـە چۆنیەتیی کارکردی کۆنڤانسـیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ سەبارەت بە پاراستنی مرۆڤەکان لە بەرانبەر جیاوازی‌دانان‌و لە پێوەندی لەگەڵ دابین کردنی مافی بەرابەریی ئینسانەکاندا، ڕوون بکەینەوە.

### ٣.١.١ جیاوازی‌دانان‌و هەڵاواردن لە کۆنڤانسیۆنە جۆراوجۆرەکاندا.

لە نێو هەموو کۆنڤانسـیۆنە جۆراوجۆرەکانی مافەکانی مرۆڤدا، حەوت دانەیان، لە پێوەندی دەگەڵ

---

1. Hva som menes med reell likhet, er omdiskutert, se CESCR, General Comment No. 20 (2009) punkt 8 (b).
2. Dette omtales ofte som formell likhet.

جیاوازی‌دانان‌و دەستەبەر کردنی مافی بەرابەریی مرۆڤەکان‌دا، بایەخو گرینگی‌یەکی تایبەتی‌یان هەیە. ئەو پەیماننامانە بریتیین لە کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان، کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکان، کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵ، کۆنڤانسیۆنی قەدەغە بوونی هەر چەشنە جیاوازی‌دانانێکی ڕەگەزی‌و کۆنڤانسیۆنی تایبەت بە مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت.

لەو کۆنڤانسیۆنانە دا، بڕیارەکان بە دوو جۆر داڕێژراون. لە هەندێکیان دا بە ئاشکراو بە موتڵەقی هەر جۆرە جیاوازی‌دانانێک قەدەغەیە، کەچی لە هەندێک لە بڕیارەکان‌دا، ئەرکی ئەرێنی دەخرێتە سەر شانی دەوڵەت تا بۆ لەنێوبردنی جیاوازی‌دانان هەنگاو هەڵگرێ. زۆر جاری واشە سنووری نێوان ئەوان تێکەڵ بە یەک دەبێ. لە بەشێک لە ماددەکان‌دا بە موتڵەقی هەر چەشنە جیاوزای دانانێک قەدەغەیە. بەڵام لە هەندێک بڕیاری دیکەدا، دەگوترێ کە دەوڵەت ئەرکی لەسەر شانە کە بەشێوەیەکی زۆر چالاک بۆ لەنێوبردنی جیاوازی‌دانان تێبکۆشێ.

ئاخر بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنەکان‌و بەگوێرەی زۆربەی ماددەو بڕیارە جیاجیاکانی نێو پەیماننامەکان، دەوڵەت لە زۆربەی هەلومەرجەکان‌دا، ئەرکی ئەوەی لەسەر شانە کە بەشێوەیەکی چالاک‌و کارا بۆ لە نێوبردن‌و قەدەغە کردنی هەر چەشنە جیاوازی‌دانان‌و هەڵاواردنێک کار بکا[1].

بۆ نموونە دەتوانین لەو بارەوە نموونەیەک لە کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپاییی مافەکانی مرۆڤ بێنینەوە کە بەشێوەیەکی نەرێنی سنوور بۆ قەدەغە بوونی جیاوازی‌دانان دادەنێ. لە ماددەی چواردەهەمی ئەو کۆنڤانسیۆنەدا دەگوترێ:

هەموو ئەو ماف‌و ئازادی‌یانەی کە لەو کۆنڤانسیۆنەدا هاتوون، بەبێ وەبەرچاوگرتنی هەر چەشنە جیاوازی‌یەک لە سەر بنەماکانی جنسیەت، ڕەگەز، ڕەنگ، زمان، دین، سیاسی یا هەربیرو بۆچوونێکی دیکە، پێشینەی نەتەوایەتی یان کۆمەڵایەتی، سەر بە کەمایەتی‌یەکی نەتەوەیی بوون، خاوەنداریەتی، لەدایک بوون‌و هەرچەشنە مەوقعییەتێکی دیکە، بۆ هەموان دابین‌و دەستەبەر دەکرێن.

نموونەیەکی دیکەی لەو جۆرەمان لە پەرەگرافی دووهەمی ماددەی دووهەمی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان، لە پەرەگرافی یەکەمی ماددەی دووهەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان‌و لە پەرەگرافی یەکەمی ماددەی دووهەمی کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵ‌دا بەرچاو دەکەوێ.

ماددەی بیست‌شەشەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان هەر لەو کاتەدا کە جیاوازی‌دانان قەدەغە دەکا، مافی بەرابەریی مرۆڤەکانیش بە ڕەسمی دەناسێ. واتە قەدەغەبوونی جیاوازی‌دانان‌و مافی بەرابەریی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر، بەسەر یەکەوە بەڕەسمی دەناسێ.

هەموو لە بەرامبەر قانوون‌دا وەک یەکن. بەبێ هیچ چەشنە جیاوازی‌یەک هەمووان مافی

1. Ulike tilfeller skal behandles ulikt. Eks, EMI), Ihlimmenos (2000).

ئەوەیان هەیە کە وەک یەک لەلایەن قانوونەوە پارێزگاری‌یان لێ بکرێ. بەپێی قانوون هەر چەشنە جیاوازی‌دانانێک قەدەغەیە. لەوەش زیاتر قانوون هەمووان وەک یەک‌و بەشـــێوەیەکی کاریگەرو کارا لە بەرانبەر هەر چەشـــنە جیاوازی دانانێک لەسەر بناخەی ڕەگەز، ڕەنگی پێست، جنسییەت، زمان، دین، سیاســـی یان هەر عەقیدەیەکی دیکە، بنەچەی نەتەوایەتی یان کۆمەڵایەتی، خاوەنداری‌یەتی، لەدایک بوون‌و یان هەر چەشنە مەوقعییەتێکی دیکەوە دەپارێزرێن.

مافی بەرابەریی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکترو هاوبایەخ بوون‌و وەک یەک بوونی ئەوان، بەشێوەیەکی بەرینترو کۆنکرێتتر، لە کۆنڤانسیۆنی قەدەغە بوونی هەر چەشنە جیاوازی‌دانانێک بەرانبەر بە ژنان‌دا، لە کۆنڤانسیۆنی قەدەغە بوونی جیاوازی‌دانانی ڕەگەزی‌و کۆنڤانسیۆنی تایبەت بە مافی کەسانی خاوەن پێداویســـتیی تایبەت‌دا باســـی لێ کراوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مەســـەلەی قەدەغەبوونی جیاوازی‌دانان‌و هەڵاواردن‌و دەســـتەبەر کردنی پێڕاگەیشـــتنی وەک یەک، بابەتی ســـەرەکیی ئەو کۆنڤانسیۆنانەیە. یانی هەر لە بنەڕەت‌ڕا ئەو سێ کۆنڤانسیۆنە بەمەبەستی قەدەغە کردن‌و لەنێو بردنی جیاوازی‌دانان پەســـند کراون. یان بە واتایەکی دیکە بەخاتری دەســـتەبەر کردنی مافی وەک یەک بۆ ئەو کەسانە پەســـند کراون کە کۆنڤانسیۆنەکان بۆ پاراستنی ئەوان دامەزراون. ئەو کۆنڤانسیۆنانە هەر لە بنەڕەت‌ڕا بۆیە پەسند کراون، چونکە کۆنڤانسیۆنەکانی دیکەی مافی مرۆڤ، نەیاتوانیوە وەک پێویست مەســـەلەی جیاوازی‌دانان بەرانبەر بە ژنان، مەسەلەی جیاوازی‌دانانی ڕەگەزی‌و مەسەلەی جیاوازی‌دانان بەرانبەر بە کەســـانی خاوەن پێداویســـتیی تایبەت چارەســـەر بکەن. لە هەرســـێکی ئەو کۆنڤانسیۆنانەدا، وێڕای پێ‌داگرتن لەســـەر قەدەغەبوونی جیاوازی‌دانان، داواش لە دەوڵەتەکان‌و کاربەدەســـتانی دەوڵەت دەکرێ کە بەمەبەســـتی پێش‌گیری کردن لـــە جیاوازی‌دانان‌و هەڵاواردن لە هەموو جـــۆرە ڕێگاو ئامرازێک کەڵک وەرگرن. لە بەندی دووهەمی کۆنڤانســـیۆنی قەدەغەبوونی هەرچەشـــنە جیاوازی‌یـــەک بەرانبەر بە ژنان‌دا هاتـــوە هەموو دەوڵەتانی ئەندامی کۆنڤانســـیۆنەکە: «لەسەریانە کە هەموو ڕێ‌وشوێنێکی پێویست بۆ پێشگیری کردن لە جیاوازی‌دانانی تاکەکەسەکان، ڕێکخراوەکان یان کۆمپانیاو دامودەزگا جۆراوجۆرەکان، بەرانبەر بە ژنان بگرنە پێش». هەر لەو بارەوە لە پەرەگرافی «F»ی ماددەی دووهەمی هەمان کۆنڤانســـیۆن‌دا هاتوە کە ئەرکی سەرشـــانی هەموو دەوڵەتانی ئەندامی کۆنڤانسیۆنەکەیە کە:

«بەمەبەستی گۆڕین یان هەڵوەشـــاندنەوەی هەموو ئەو یاساو قانوون‌و پەخشنامەو داب‌ونەریت‌و پراکسیسە باوانەی کە لە گۆڕێ دان‌و جیاوازی بە ژنان ڕەوا دەبینن، هەموو ڕێ‌و شوێنێکی پێویست، تەنانەت لە ڕێگای دانانی قانوون‌و یاسای تازەشەوە، بگرنە پێش».

بەو جۆرە دەبینین کە لە کۆنڤانســـیۆنی قەدەغە بوونی جیاوازی‌دانان بە بەرانبەر ژنان‌دا هاتووە کە ئەوە ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە کە بۆ پاراستنی ژنان لە بەرانبەر هەرچەشنە جیاوازی دانانێک‌دا کە لەلایەن ئەکتەرە شەخسی‌و خسووسی‌یەکانەوە بەرانبەر ئەوان بەڕێوە دەچێ، هەنگاوی پێویست

هەڵگرێ. لەو بارەوە ئەرکی دەوڵەت هەر ئەوە نیە کە تیَکۆشێ بە جۆرێک قانوونو یاساکان داڕێژێ کە لەواندا هیچ جیاوازی‌یەک دەگەڵ ژنان نەکرێ، بەڵکوو لەوەش زیاتر ئەرکی سەرشـــانی دەوڵەتە کە بەشـــێوەیەکی کاراو چالاک بۆ لەنێو بردنو ڕیشەکێش کردنی ئەو جیاوازی‌دانانو بێ‌عەداڵەتیو هەڵاواردنە جۆراوجۆرانە کە ژنان لەگەڵیان بەرەوڕوون، هەنگاو باوێ [١].

### ٣.١.٢ پێوەندیەکانی نێوان پاراستنی تاکەکەسو پاراستنی گرووپیو بەکۆمەڵ.

لەبنەڕەتڕا ئەوە تاکەکەســـە کە لـــە بەرانبەر جیاوازی‌دانـــاندا دەپارێزرێ. ئەوەش لەو پرنســـیپە ســـەرەکی‌یەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەڵێ هەموو تاکەکەسەکان واتە هەموو مرۆڤەکان خاوەن مافو ئازادیی وەک یەکن. هەر بۆیە حەقی ئەوەیان هەیە کە ئەو مافو ئازادی‌یانەیان، بێ هیچ چەشـــنە جیاوازی‌دانانێک، بۆ دابینو دەستەبەر بکرێن. ئەو ئەسڵەش لە دێڕی یەکەمی پێشەکیی بەیاننامەی جیهانیـــی مافەکانی مرۆڤەوە ســـەرچاوە دەگرێ. لەوێ‌دا هاتوە کە: «بەڕەســـمی ناســـینی ئابڕوو و کەرامەتی زاتیی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیو مافی بەرامبەرو حاشـــا لیَ‌نەکراوی ئەوان، بناغەی ئازادی، دادپەروەریو ئاشتی لە جیهاندا پێک دێنێ».

ئەو جیاوازی‌دانانو هەڵاواردنەی کە بە درێژایی مێژوو دەگەڵ تاکەکەســـەکان کراوە، زۆرتر لەوە ســـەرچاوەی گرتوە کە ئەو تاکە کەسانە، ســـەر بە گرووپێکی تایبەت بوون. واتە ئەو جیاوازی‌دانانەی کە پێیان ڕەوا بینراوە لە بەر ئەوە بووە کە ئەوان سەر بە ڕەگەز، جنسیەت، دین، مەزهەب، نەتەوە، ئیتنیک، یا دەســـتەو تاقمێکی کۆمەڵایەتیی دیاری‌کراو بوون. یان بەو هۆیەوە بووە کە ئەوان خاوەن پێداویستیی تایبەتیو کەم‌ئەندام بوون، یان بە زمانێکی تایبەتی قسەیان کردوە، یان ڕەنگی پێستیان تایبەتی بووە. بۆ ئەوەی مافی تاکە کەســـەکان وەک یەک دابینو دەســـتەبەر بکرێ، پێویســـتە لە ڕێگای دانانی یاساو قانوونی جۆراوجۆرەوە پێش بە هەر چەشنە جیاوازی‌دانانێک بگیرێ کە بە هۆی تەعەلوقی تاکەکەســـەکان بە دەستەو گرووپە جۆراوجۆرەکانەوە بەرانبەریان ئەنجام دەدرێ. هەر بۆیە دەست نیشان کردنی ئەو گرووپو کاراکتەرانەی کە لەسەر بناخەی تەعەلوق بەوان جیاوازی دەگەڵ تاکەکەسەکان دەکرێ، بۆ پێشـــگیری لە جیاوازی‌دانانو دانانی یاساو قانوونی تایبەتی، بەمەبەستی کەم‌کردنەوەو ڕیشەکێش کردنی ئەو جیاوازی‌دانانە بایەخێکی زۆر گرینگی هەیە.

لە یاســـا دا بەو جیاوازی‌دانانەی کە لەســـەر بناخەی «گرووپ»ەوە بە کەســـێک ڕەوا دەبینرێ، دەگوتـــرێ «بنەمای جیاوازی‌دانان» هەر بۆیە لە کۆنڤانســـیۆنە جیاجیاکانی مافی مرۆڤدا، زۆر جار ئەو بنەمایانە دەســـت نیشـــان دەکرێن کە لەســـەر بناخەی ئەوان تاکەکەســـەکانجیاوازیان دەگەڵ دەکرێ. ئەگەر تەماشای بەندی بیست‌وشەشەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکان بکەین،

1. Se FNs kvinnediskrimineringskomite, General Recommendation nr. 28 (2010) punkt 9. også KDK art 5. a) er helt sentral når det gjelder statens plikt til å avskaffe sedvaner og praksiser om bygger på ulikhet mellom kjønnene.

دەبینین کە ئەو کۆنڤانسـیۆنە جیاوازیدانان بەرانبەر تاکەکەسەکان لەسەر ئەو بنەمایانەی خوارەوە قەدەغە دەکات: رەگەز، رەنگی پێسـت، جنسـیەت، زمان، دین، سیاسـەتو عەقیدە، بنەچەکەی نەتەوەیـیو کۆمەڵایەتی، خاوەنداریەتیو لەدایکبوون». لە کۆتایی دا ئەم رسـتەیە بەوە کۆتایی دێ: «یا هەر چەشـنە مەوقعییەتێکی دیکەی لەو جۆرە». ماددەی چواردەهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤیش هەروەک ماددەی بیستشەشەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکان، بەشێوەیەکی «کراوەو سەرئاوەڵا» کۆتایی دێ. ئەمەش دەستی ئەو کۆمیتەیەی کە چاوەدێری بەسەر جێبەجـێ بوونی کۆنڤانسـیۆنەکەدا دەکا، بۆ لێکدانەوەی تازە، بەگوێـرەی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، ئاواڵا کردوە. کۆمیتەکە چەند بواری دیکەی دەسـت نیشـان کردوون کە هەر چەشنە جیاوازیدانانێک لەسەر بنەمای ئەوان بەرامبەر تاکەکەسەکان قەدەغە دەکا. بۆ نموونە جیاوازیدانان لەسـەر بنەمای هاووڵاتی بوون، هاوسـەرگیریو مەیلی جنسییەوە قەدەغە دەکات. ئەوە لە کاتێک دایە کە لە ماددەی بیستوشەشـەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکاندا باسێک لەو سێ بوارەی جیاوازیدانان نەکراوە[1].

دەست نیشان کردنی بنەماکانی هەڵاواردنو جیاوازیدانان بەو جۆرەی سەرەوە، زۆر جار کەوتۆتە بەر ڕەخنە. ئاخر بۆچوونێکی ئاوا بەرتەسک ناتوانێ سەرتاپای ئەزموونی ژیانی مرۆڤەکان بگرێتە خۆ. ئیدی ئێسـتا بۆ هەموو لایەک دەرکەوتووە کە ژیانی ڕاسـتەقینەو واقعیی مرۆڤ، زۆر لەوە ئاڵۆزترو پرپێچو پەناو گێرەو کێشەترە، کە بکرێ لە ڕێگای ریز کردنی لیستەیەکی لەو چەشنە هەموو لایەنو بارودۆخەکانی دەست نیشان بکرێن.

زۆر جـاری وایە گەلێک هۆکارو پێشـینەی جۆراوجۆر، پێکەوە لە یەک کاتدا دەسـت وێک دەدەنو کەسێک دەخەنە مەوقعییەتێکی ناسکو لاواز کە سەرەنجام زەمینەی ئەوە پێک دێنن کە ناوبـراو جیاوازیی دەگەڵ بکرێ. بۆ نموونە ژنانی سـەر بە کەمایەتییـەکان، لەو گرووپانەن کە زۆر جار لە چەندین لاوە بە هۆی ئەومەوقعییەتە ناسـکەی کە تێیدان، جیاوازییان دەگەڵ دەکرێ. لە حاڵەتێکی ئاوادا هۆکاری جۆراوجۆری ئێتنیکی، جنسـیەتیو ئایینی دەست وێک دەدەنو وەزعێک دروست دەکەن کە بە ئاسانی زەمینە پێک دێنن تا جیاوازی دەگەڵ ئەو ژنانە بکرێ. دەستەواژەکانی «جیاوازیدانانـی چەند لایەنە» یان «چەوسـانەوەی چەند قات» یـا «جیاوازیدانانی فرەڕەنگ»، بەو جۆرە جیاوازیدانانە دەگوترێ کە لە یەک کاتدا، چەند هۆکاری جۆراوجۆر دەسـت وێک دەدەنو بارودۆخێک دروسـت دەکەن کە کەسـێک بە ئاسانی جیاوازیی دەگەڵ بکرێ. جاری واشە باس لە «جیاوازیدانای تێکەڵاو» دەکرێ. لە حاڵەتێکی ئاوادا زۆر هۆکارو بنەمای جۆراوجۆر لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە، پێکەوە دەست وێک دەدەنو هەلومەرجێک دەخوڵقێنن کە کەسێک جیاوازیی پێ ڕەوا ببینـرێ. لەو جـۆرە حاڵەتانەدا زۆر هۆکار پێکەوە کار دەکەنو هەلومەرجی ئەوە دروسـت دەکەن

1. Nowak (2005) s. 626.

کە کەسێک بەشێوەی جیاواز هەڵسوکەوتی دەگەڵ بکرێ[1]. لەخۆڕا نیە هەندێک لە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی کۆنڤانسیۆنی قەدەغە بوونی هەرچەشنە جیاوازی‌یەک بە دژی ژنان، کۆنڤانسیۆنی قەدەغە بوونی هەر چەشنە جیاوازی‌یەکی ڕەگەزیو کۆنڤانسیۆنی تایبەت بە مافەکانی کەسانی کەم‌ئەندام، ئەرکی ئەوە دەخەنە سەر شانی دەوڵەتەکان کە بەشێوەیەکی کاراو شێلگیر بۆ لەنێو بردنی هەموو ئەو زەمینە جۆراوجۆرانە کە کەسێک دەخەنە بارودۆخێکی ناسکو لاوازی ئەوتۆوە کە جیاوازیی دەگەڵ بکرێ، پێک بێنن[2].

جەوهەری هەموو ئەو بڕیارو ماددە جۆراوجۆرانە کە لەو کۆنڤانسیۆنانەدا هاتوون، بریتی‌یە لە پاراستنی تاکەکەسەکان لە بەرامبەر هەڵاواردنو جیاوازی‌داناندا. ئەو کۆنڤانسیۆنانە قورسایی دەخەنە سەر قەدەغە کردنو لەنێوبردنی ئەو جۆرە جیاوازی‌دانانو هەڵاواردنە جۆراوجۆرە کە لەسەر بنەمای ئەو کاراکتێرو تایبەتمەندی‌یانەوە سەرچاوە دەگرن کە بە تایبەتمەندیو کاراکتەری هەندێک گرووپو دەستەو تاقم بەحیساب دێن. ئەو ئۆرگانە ئیجرایی‌یانەی کە لە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤدا بۆ چاوەدێری بەسەر جێ‌بەجێ بوونی پەیماننامەکاندا پێک هاتوون، لە ڕێگای لێکدانەوەی تازەو خوێندنەوەی قووڵتر بۆ ماددەکانی ئەو کۆنڤانسیۆنانە، چوارچێوەی ئەوان بەرینترو ناوەرۆکیان دەوڵەمەندتر دەکەن. بەجۆرێک کە بتوانن وەڵامدەری ئەو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی‌یانە بن کە پێ‌بەپێی چوونە پێشی کۆمەڵگا دێنە پێشێ. ئەوان لە کاتی خوێندنەوەی قووڵ بۆ تێکستەکانی نێو کۆنڤانسیۆنەکان، لێکدانەوەی بەرین بەدەستەوە دەدەنو بەو جۆرە مەودای کارکردی ئەو کۆنڤانسیۆنانە بەرینتر دەکەنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە بەردەوام داوا لە دەوڵەتەکان دەکەن کە لە کاتی داڕشتنی سیاسەتو بەرنامەو پرۆگرامەکانیاندا، بەهەموو جۆرێک هەوڵ بدەن کە سرنجی تایبەتی بدەنە ئەو کەسانەی کە بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە لە مەترسیی جیاوازی لەگەڵ کران، هەڵاواردنو بێ‌عەداڵەتی دان. لە ئاکامدا لەو بارەوە پێشکەوتنێکی بەرچاو هاتۆتە کایەوە. هەموو ئەو زەمینەو هۆکارانەی کە دەبنە مایەی جیاوازی‌دانانو هەڵاواردن، لەلایەن کۆنڤانسیۆنەکانو ئۆرگانەکانی ئەوانەوە، بەمەبەستی پاراستنی تاکەکەسەکان لە بەرامبەر جیاوازی‌داناندا ، کار یان لەسەر دەکرێ.

### ٣.١.٣ چوارچێوە وسترەکتوری قەدەغەبوونی جیاوازی‌دانان

### ٣١.٣.١. شێوە لاوەکیو غەیرە لاوەکی‌یەکانی قەدەغە بوونی جیاوازی‌دانان

زۆربەی ئەو قەدەغە نەرێنیو سنووردارانەی کە لە کۆنڤانسیۆنەکاندا بە دژی جیاوازی‌دانان دانراون،

---

1. Samme begrepsbruk anvendes for eksempel i Prop. 88 L (2012—2013). s.89. Se Hellum (2014). For en nærmere beskrivelse av begrepene multippel diskriminering» og «interseksjonell diskriminering», se for eksempel FNs kvinnediskrimineringskomité General Recommendation No. 27 (2010) og CESCR General Comment No. 20 (2009) punkt 15 flg.

2. Hellum (2014).

لاوەکین. مانای ئەو قســـەیە ئەوەیە کە ئەو بڕیارنامانەی کە سەبارەت بە قەدەغەبوونی جیاوازیدانان پەســـند کراون، قەدەغە بوونی جیاوازیدانان، لـــە هەموو هەلومەرجێکدا ناگرنەوە. بەڵکوو تەنیا ئەو کاتە کە کەیســـێک بکەوێتە چوارچێوەی ئەوانەوە کەڵکیان لـــێ وەردەگیرێ. بۆ نموونە لە ماددەی چواردەهەمی کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپا بـــۆ مافەکانی مرۆڤدا دەگوترێ «ئەو مـــافو ئازادییانەی لەو کۆنڤانســـیۆنەدا هاتوون، بێجیاوازی بۆ هەمووان دابین دەکرێن[1]». بەگوێرەی ئەو تەعبیرە، ماددەی چواردەهەمـــی ئەو کۆنڤانســـیۆنە تەنیا ئـــەو کاتە کەڵکی لێوەردەگیرێ کە کەیســـێکی کۆنکرێتو دیاریکراو بکەوێتە چوارچێوەی ئەو ماددانەی کە لە کۆنڤانســـیۆنەکەدا هاتوون. بۆ ئەوەی کەڵک لە ماددەی چواردەهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ وەرگیرێ، پێویست نیە ڕوون بێت کە ماددەکانی ئەم کۆنڤانسیۆنە پێشێل کراون[2].

دادگای ئۆرووپا لە پێوەندی لەگەڵ کەیســـی Knostantin Markin دا، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن دەکرێ لە ماددەی چواردەهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپاییی مافەکانی مرۆڤ لە پێوەندی دەگەڵ جیاوازیداناندا بۆ کەیسێکی دیاریکراو کەڵک وەرگیرێ.

> Article 14 complements the other substantive provisions of the Convention and its Protocols. It has no independent existence since it has effect solely in relation to «the enjoyment of the rights and freedoms» safeguarded thereby. Although the application of Article 14 does not presuppose a breach of those provisions - and to this extent it is autonomous - there can be no room for its application unless the facts at issue fall within the ambit of one or more of them[3].

لە ســـوپای ڕووسیەدا لە کاتی لەدایکبوونی منداڵدا سێ ساڵ پشوو دەدرایە ژنان، بەڵام ئەو پشووە بۆ پیاوان تەنیا ســـێ مانگ لەبەرچاو گیرا بوو. لێرەدا لەو کەیســـەدا کێشـــە لەسەر ئەو جیاوازییە زۆرو بەرچاوە بوو کە لە چاو ژنان لەگەڵ پیاوانی نێو ســـوپای ڕووســـیەدا دەکرا. نێوەرۆکی کەیسی Konstantin ئەوە بوو. پرسیاری ئەسڵی لێرەدا ئەوە بوو کە چۆن ماددەی چواردەهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپـــا بۆ مافەکانی مرۆڤ، لەگەڵ ماددەی هەشـــتەمی ئەو کۆنڤانســـیۆنە کە باس لە پاراســـتنی ژیانی خسووسیو بنەماڵەیی دەکات، دەکرێ پێکەوە بەکار بهێنرێن. بەگوێرەی لێکدانەوەی دادگای ئۆرووپا، ماددەی هەشتەمی کۆنڤانســـیۆنەکە بەتەنیا هیچ ئەرکێکی پۆزەتیڤی نەدەخستە سەرشانی دەوڵەت تا لە پێوەندی دەگەڵ مەرەخەســـیو ئیجازەی لەدایکبوونی منداڵدا، ڕێوشوێنو بڕیارێکی

1. Vår utheving. Tilsvarende er også diskrimineringsforbudene inntatt i CESCR art.2 (2), SP art. 2 (1) aksessoriske.

2. Se for eksempel EMD, Rasmussen (1984) punkt 29.

3. EMD, Konstantin Markin (2012) punkt 124.

تایبەتـــی دەر بکات. هەر بۆیە دادگا ماددەی چواردەهەمو ماددەی هەشـــتەمی کۆنڤانســـیۆنەکەی، پێکەوە لێک گرێ دانو لە پێوەندی دەگەڵ ئەو کەیسەدا کەڵکی لێ وەرگرتن. سەرەنجام لەو بارەوە دادگا بڕیاری دا کە:

> It is true that Article 8 does not include a right to parental leave or impose any positive obligation on States to provide parental leave allowances. At the same time, by enabling one of the parents to stay at home to look after the children, parental leave and related allowances promote family life and necessarily affect the way in which it is organized. Parental leave and parental allowances therefore come within the scope of Article 8 of the Convention. It follows that Article 14, taken together with Article 8, is applicable. Accordingly, if a State does decide to create a parental leave scheme, it must do so in a manner which is compatible with Article 14 of the Convention …[1]

بەوجۆرە دەبینین کە ماددەی چواردەهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، دەکرێ لە زۆر بواری جۆراوجۆرەدا لە پێوەندی دەگەڵ جیاوازیدانانو هەڵاواردنو فەرقو جودایی کردندا کەڵکی لێ وەرگیرێ. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو جۆرە کار پێ کردنە بە ماددەی چواردەهەم، جۆرێک ناڕوونی ســـەبارەت بە چۆنیەتیی کەڵک وەرگرتن لەو ماددەیە لـــە پێوەندی لەگەڵ جیاوازیداناندا، دێنێتە پێش.

ماددەی بیستوشەشەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکان، پتر لە هەموو کۆنڤانسیۆنەکان، لە پێوندی دەگەڵ قەدەغە کردنی هەڵاواردنو جیاوازیداناندا دەڕواتە پێش. ئەو ماددەیە بێجگە لەو بوارانەی کە لە کۆنڤانســـیۆنەکەدا ناویان دێنـــێو جیاوازیدانان لە پێوەندی دەگەڵ ئەواندا قەدەغە دەکا، ئەرکی پۆزەتیڤیش دەخاتە سەرشـــانی دەوڵەت کە لە هەموو بوارێکەوە بۆ لەنێوبردنو خاشەبڕ کردنی جیاوازیدانـــانو هەڵاواردنو فەرقو جودایی کردندا، هەنگاو هەڵگرێو بەتایبەتی لە ڕێگای قانوون دانانەوە چالاکانە پێش بە جیاوازیدانان بگرێ. لەو بارەوە ئەو کۆنڤانسیۆنە سەربەخۆیە.

دەبێ بگوترێ مەیدانی ئەو جۆرە بۆچوونە بە پەسند کردنی پرۆتۆکۆڵی ژمارە دوازدەی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەرینتریش بۆتەوە. ئەو پرۆتۆکۆڵە لە مانگی ئاپریلی ساڵی ٢٠٠٥دا کەوتە حاڵەتی جێبەجێ کردنەوە[٢]. ئەو پرۆتۆکۆلە لە چوارچێوەی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤدا

---

1. Ibid, punkt 130.

2. Tilleggsprotokoll nr. 12 art.1 lyder: «The enjoyment of any right set forth by law shall be secured without discrimination on any ground such as sex, race, colour. language, religion, political or other opinion, national or social origin, association with a national minority, property, birth or other status.»

ئەرکی زۆرتری خســـتنە سەر شانی دەوڵەتەکانی ئەندام. چونکە پرۆتۆکۆڵە سەرەکی‌یەکە، کە پێشتر ئیمـــزا کرابوو، نەیدەتوانی بەتەواوی جیاوازی‌دانان لە هەموو بوارەکان‌دا قەدەغە بکات. لە راســـتی‌دا پرۆتۆکۆڵی ئیزافیی ژمارە دوازدەهەم ئەرک دەخاتە ســـەر شـــانی دەوڵەتەکانی ئەندام کە بەگوێرەی ماددەی ٢٦ی کۆنڤانسیۆنەکە، بۆ لەنێوبردنی جیاوازی‌دانان‌و هەڵاواردن تێبکۆشن. ئەو دەوڵەتانەی کە ئەو پرۆتۆکۆڵە ئیمزاو پەسند دەکەن، بەگوێرەی قانوون پابەندی ئەوەش دەبن کە دادگای ئۆرووپا بۆ جێ‌بەجێ کردنی ئەو ماددانەی کە لە کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپادا هاتوون، لێ‌پرسینەوەیان لەگەڵ بکات. بۆ نموونە ئەگەر دەوڵەتی نۆرویژ ئەو پرۆتۆکۆلە ئیزافی‌یە مۆر بکات، ئەودەم بێجگە لە کۆمیتەی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، دادگای ئۆرووپاش ئۆتۆریتەی ئەوەی دەبێ کە ســـەبارەت بە چۆنیەتیی پیادە کردنی بڕیارەکانی پێوەندی‌دار بە جیاوازی‌دانانەوە، لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات[1].

### ٣.١.٣.٢ کەی جیاوازی‌دانان ڕوو دەدات؟

بۆ ئەوەی بتوانین بڵێین کە جیاوازی‌دانان‌و هەڵاوارن ڕووی‌داوە، پێویستە هەندێک مەرجی جۆراوجۆر لە گۆڕێ دابن. لە پێش هەموو شـــتێک‌دا دەبێ مەســـەلەیەک هاتبێتە پێش‌و فەرق‌و جودایی تێدا کرابێ. واتە کەسێک بەشێوەیەکی جیاواز هەڵس‌وکەوت‌و ڕەفتاری لەگەڵ کرابێ. دواتر پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە ئەو فەرق‌و جودایی کردنە, ئەو جۆرە جیاوازی‌دانانە ڕاســـتەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەچێتـــە چوارچێوەی یەک یان چەند لەو بنەمایانەی کە لەســـەر بناخەی ئەوان، جیاوازیی دەگەڵ تاکەکەســـەکان دەکرێ. ئاخر وا نیە کە هەر جـــۆرە جیاوازی‌دانانێک، یان هەر جۆرە هەڵس‌وکەوت کردنێکی جیاواز لەگەڵ کەســـێک، خۆی لە خۆی‌دا قەدەغە بێت. پاشـــان نابێ ئەو جیاوازی‌دانانە، ئەو فەرق‌و جودایی‌یەی کە کراوە لەســـەر بناخەیەک ئەنجام درابێ کە پاکانەی بۆ بکرێ. واتە نابێ جیاوازی‌دانان‌و فەرق‌و جودایی‌یەکەی کە کراوە بە هۆکارێکی مەحکەمەپەســـند، ڕێگا پێدراو بێ. کە واتە دەتوانین بڵێین کە تەنیا ئەو جیاوازی‌دانانەی کە غەیرە قانوونی‌یەو دەکەوێتە دەرەوەی یاساوە، بە جیاوازی‌دانان‌و هەڵاواردن بەحیساب دێ.

بـــۆ ئەوەی بتوانین بڕیار بدەین کە لە مەســـەلەیەکی دیاریکـــراودا، جیاوازی‌دانان ڕووی داوە، پێویســـتە هەموو ئەو هۆکارو زەمینەو یاساو ڕێساو پراکسیسانە لێک دەینەوە کە ڕاستەوخۆ بوونەتە هۆی ئەوەی ئەو کەسە بەو جۆرە جیاوازە، ڕەفتاری لەگەڵ بکرێ. ڕوونە کە بڕیارنامەکانی نێو دووتۆی کۆنڤانســـیۆنەکان لەو بارەوە لە تێکستەکانیان‌دا هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ ناگرنەوە. بەڵکوو ئەوە ئۆرگانە ئیجرایی‌یەکانی ســـەر بەو کۆنڤانســـیۆنانەن کە چاوەدێری بەسەر بەڕێوەچوونی

1. For mer informasjon 0m spørsmålet om norsk ratifikasjon av EMK Tp 12, se NOU 2009: 14, punkt 24. For en kritisk vurdering av at Norge ikke har ratifisert EMK TP 12, se Blaker Strand (2010) s. 218—228.

ئەوان‌دا دەکەن، دەتوانن بە بەرین کردنەوەی گۆشـــەنیگای خۆیان لە کاتی لێکدانەوەی ماددەکانی کۆنڤانســـیۆنەکان‌دا، لە کردەوەدا مەیدانێکی بەرین بۆ قەدەغە بوونی جیاوازی‌دانانو فەرقو جودایی کردنی غەیرە قانوونی دەستەبەر بکەن. بەجۆرێک کە هەر چەشنە جیاوازی‌دانانێک کە ڕوو دەدات، بەگوێـــرەی ئەو پرنســـیپە بێ کە وەک پێوانـــە کاری پێ دەکـــرێ «objective and reasonable justification».[1] واتـــە مەوزووعیەتی هەبێو هۆکاری مەنتیقیو مەعقوولی لە پشـــتەوەبن. دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ زۆر بەوردی ئەو پێوەرە شـــی دەکاتەوەو ئەوە دەســـت نیشان دەکات کە مەبەســـت لە «objective and reasonable justification» چیـــە. لەو بارەوە دەڵێ: جیاوازی‌دانان کاتێک روو دەدا کە لە هەڵس‌وکەوت کردن دەگەڵ کەســـێک‌دا فەرقو جیاوازی کرابێت بەجۆرێک کـــە: «dose not pursue a legitimate aim or if there is not a reasonable relationship of proportionality between the means employed and the aim sought to be ralized»[2] واتە ئامانجێکی ڕەواو مەشـــرووع، لە پشتی ئەو جیاوازی‌دانانەوە هەبێ. لەوەش زیاتر پێوەندی‌یەکی گونجاو و موناســـب لە نێوان ئەو ئامانجەو ئەو وەسیلەو ئامرازەدا هەبێ کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکە کەڵکـــی لێ وەردەگیـــرێ. بەو جۆرە دەگەینە ئەو بڕوایە کە تەنیا کاتێـــک جیاوازی‌دانان ڕەوایە کە ئەو جیاوازی‌دانانە بەمەبەســـتی وەدیهێنانی ئامانجێکی مەشرووع کەڵکی لێ وەرگیرێ. لەوەش زیاتر پێویســـتە ئامرازو میتۆدو وەســـیلەیەک بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە بـــەکار ببرێ کە لەگەڵ خودی ئامانجەکە بێتەوە. واتە پێوەندیی نێوان ئامانجو وەســـیلە، پێوەندی‌یەکی گونجاو و مناســـب بێ. لە کاتی جیاوازی‌دانان لە هەر کەیســـێک‌دا، پێویســـتە بەوردی‌و دیقەتی زۆرەوە، سرنج بدرێتە ئەوەی کە ئەو جیاوازی‌دانانە چ ئاکامێکی لەسەر ژیانو بارودۆخی ئەو کەسە دەبێ کە بەشێوەیەکی جیاواز هەڵس‌کەوتو ڕەفتاری دەگەڵ دەکرێ.

پێویســـتە بگوترێ کە قەدەغەبوونی جیاوازی‌دانان، جیاوازی‌دانانی ڕاســـتەوخۆ و ناڕاســـتەوخۆ دەگرێتەوە. مەبەست لە جیاوازی‌دانانی ڕاستەوخۆ، ئەو جیاوازی‌دانانەیە کە کەسێک لەسەر بنەمایەکی دیاریکـــراو جیاوازیـــی دەگەڵ دەکرێ، واتە هیچ هۆکارێکی دیکەی جگـــە لەوە، بۆ جیاوازی کردن دەگەڵ ئەو کەســـە، بێجگە لە هۆکارە ئەســـڵی‌یەکە لەگۆڕێ دا نیە. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک تەنیا لەبـــەر ئەوە کە ژنە، ڕێگای پێ نەدرێ لە جێگایەک کار بکا، یان دابمەزرێ، ئەوە بە جیاوازی‌دانانی راستەوخۆ لەقەڵەم دەدرێ.

مەبەست لە جیاوازی‌دانانی ناڕاســـتەوخۆ ئەوەیە کە یاسایەک، داب‌ونەریتێک یان پراکسیسێک

1. I EMI), Den belgiske språksak (1986) punkt 10 slo ENID for første gang fast det må innfortolkes et krav til proporsjonalitet i EMK art.14. Se også CESCR General Comment No. 20 (2009) punkt 13, som nærmere belyser spørsmålet om «permissible scope of ditferential treatment» etter CESCR. I de nasjonale lovene på diskrimineringsfeltet er unntaksadgangen eksplisitt angitt

2. EMI), Konstantin Markm (2012) punkt 125.

لـــە یەکەم چاوپێ‌خشـــاندن‌دا، زۆر بێ‌لایەن دێتە بەرچاو. بەجۆرێک کـــە وا نانوێنێ کە دەگەڵ ئەو قانوونانـــە ناتەبا بێ کە جیاوازی‌دانان قەدەغە دەکەن. کەچی بەو حاڵەش لە کردەوەدا دەبێتە هۆی ئەوەی کەسانێک کە بە هۆی جنسیەتەوە، بەهۆی زمان‌و ئیتنیسیتێەوە، بەهۆی دین، یان کەم‌ئەندام بـــوون، یان بەهۆی تێکەڵاوێک لەو هۆکارانەوە لە بارودۆخێکی لاواز دان، جیاوازی‌یان لەگەڵ بکرێ. ئەو مەســـەلە زۆر جار بۆ ئەو کرێکارو کارمەندانە دێتە پێش کە هەموویان لە دامەزراوەیەک دا، لە کۆمپانیایەک‌دا، لە ئیدارە یان شـــیرکەتێک‌دا پێکەوە کار دەکەن. بەگوێرەی پرنســـیپەکانی شوێنی کارەکە، هەموو کرێکارو کارمەندەکان پێویســـتە جل‌وبەرگی ڕەســـمیی وەک یەک لەبەر بکەن کە لەلایەن کۆمپانیاکەوە دیاری کراوە. ئەو بڕیارە لە ڕواڵەت‌دا هیچ جیاوازی‌کردنێکی تێدا نیە. بەڵام ئەو کەسانەی کە عەقیدەی دینی‌یان هەیەو بڕوایان وایە کە حیجاب بەکار بەرن، بەگوێرەی ئەو ئەسڵە، ئەو حەقەیان لێ وەردەگیرێتەوە. لێرەدا مەسەلەی جیاوازی‌دانان خۆی نیشان دەدا. دەبینین کە ئەو خانمەی لەو کۆمپانیەدا کار دەکات، لەبەر ئەوەی لەلایەک ژنەو لەلایەکی دیکەشـــەوە ئیتنیســـیتەو دینێکی جیاوازی هەیە، جیاوازیی دەگەڵ دەکرێ. لە پێوەندی دەگەڵ ئەوەدا کە چ جیاوازی‌دانانێک ڕەواو بەرحەقە، لەسەرەوە باسمان کرد. ئەو پێوانەیەی سەرێ، چ لە پێوەندی دەگەڵ جیاوازی‌دانانی ڕاســـتەوخۆ و چ لە پێوەندی دەگەڵ جیاوازی‌دانانی ناڕاســـتەوخۆدا هەر ڕاســـتە. واتە تەنیا کاتێک ڕەفتاری جیاواز دەگەڵ کەســـێک ڕەواو مەشـــرووعە کە ئامانجێکی ڕەوا بەرێتە پێش. لەوەش زیاتر پێویستە ئامرازو مێتۆدی چوونە پێشی ئەو ئامانجە دەگەڵ ئامانجەکە بێتەوە. ئۆرگانە ئیجرایی‌یەکانی کۆنڤانســـیۆنەکان، لە کاتی لێکدانەوەی هۆکارەکانی جیاوازی‌دانان‌دا، لە گۆشـــەنیگایەکی بەرینەوە تاوتۆی کەیســـەکان دەکەن. ئەوان بە دیقەتەوە هەموو ئەو هۆکارە ڕاســـتەوخۆو ناڕاستەوخۆیانە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە کەیسەکان‌دا کە بوونە هۆی ئەنجامدانی جیاوازی‌دانا, وەبەرچاو دەگرن .

### ٣.١.٤ لایەنە سترۆکتووری‌یەکانی پاراستن بەرانبەر بە جیاوازی‌دانان

کۆمیتەی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە لە چ ڕێگایەکەوە دەتوانرێ لەنێوبردنی جیاوازی‌دانان‌و دەســـتەبەر کردنی مافی وەک یەک بۆ مرۆڤەکان، دابین‌و دەستەبەر بکرێت:

> Merely addressing formal discrimination will not ensure substantive equality... The effective enjoyment of Covenant rights is often influenced by whether a person is a member of a group characterized by the prohibited grounds of discrimination. Eliminating discrimination in practice requires paying sufficient attention to groups of individuals which suffer historical or persistent prejudice instead of merely

comparing the formal treatment of individuals in similar situations. States parties must therefore immediately adopt the necessary measures to prevent, diminish and eliminate the conditions and attitudes which cause or perpetuate substantive or de facto discrimination[1].

ئەو وتەیەی سەرەوە لایەنە سترەکتوری‌یەکانی پاراستن‌و پارێزگاری لە بەرانبەر جیاوازی‌دانان‌دا نیشان دەدەن. لە پێش هەموو شتێک‌دا ئەرکی سەرشانی دەوڵەتەکانە کە بۆ پێشگیری‌و بەمەبەستی کەم کردنەوەو لەنێوبردنی جیاوازی‌دانان‌و هەڵاواردن، هەنگاوی پێویست هەڵگرن‌و بەشێوەیەکی چالاک تێ‌بکۆشن. پاشان دەوڵەتەکان لەسەریانە بۆ لەنێوبردن‌و ڕیشەکێش کردنی ئەو سترەکتورو زەمینەو چوارچێوەو داب‌ونەریت‌و پراکسیسانە تێ‌کۆش کە دەبنە مایەی جیاوازی‌دانان‌و هەڵاواردن. لە ڕێگای ئەو جۆرە کارو کردەوەو سیاسەت‌و میکانیزمانەوە کۆمەڵگا ئاڵوگۆڕی بەسەر دادێ‌و جیاوازی‌دانان‌و هەڵاواردن لە ئاستی تاکەکەسی‌دا بەرەو کەم بوونەوە دەچێ[٢]. دەتوانین بڵێین لایەنی سترەکتوری پاراستن بەرانبەر بە جیاوازی‌دانان لە کۆنڤانسیۆنی قەدەغەبوونی جیاوازی بە دژی ژنان‌دا، لە کۆنڤانسیۆنی قەدەغەبوونی جیاوازیی ڕەگەزی‌و لە کۆنڤانسیۆنی تایبەت بە کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت‌دا زۆر بەڕوونی خۆی نیشان دەدات. بۆ نموونە بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتی، دەوڵەت ئەرکی لەسەر شانە کە سترەکتورو چوارچێوەو گەڵاڵەی تایبەت کە دەبنە مایەی ئاسانکاریی جۆراوجۆر بۆ کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتی‌و بردنە سەری ئاستی ژیان‌و ڕەفاهی ئەوان، داڕێژێ. واتە دەبێ گۆڕانکاریی جۆراوجۆر لە سترەکتورو شێوەی ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگادا پێک بێنێ، بەجۆرێک کە ئەو گۆڕانکاری‌یانە ئاسانکاری‌و ڕەفاهـ و ژیانێکی باشتر بۆ کەم‌ئەندامان دابین بکەن. لە کۆنڤانسیۆنەکە دا هاتوە کە ئەرکی سەر شانی دەوڵەتە کە بە جۆرێک کۆمەڵگا ڕێک بخا کە پێداویستی‌یە تایبەتی‌یەکانی کەسانی کەم‌ئەندام‌و خاوەن پێداویستیی تایبەتی، لەبەرچاو گیراب‌و بایەخ‌و گرینگی‌یان پێ‌درابێ. بەو سیاسەتە دەڵێن («reasonable accomodation») ماددەی دووهەمی کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتی بەم جۆرەی خوارەوە مانای «reasonable accomodation» لێک دەداتەوە. مەبەست لە ڕێکخستنی گونجاو و لەبار، ئەوەیە کە دەوڵەت هەموو ئەو ئاڵوگۆڕو پێداویستی‌یانە لە کۆمەڵ‌دا دابین‌و دەستەبەر بکات کە پێویستن بۆ ئەوەی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتی

1. CESCR General Comment No. 20 (2009) punkt 8(b).

2. Det vil noen ganger være vanskelig å fastlegge helt konkret hva statenes strukturelle forpliktelser går ut på. What substantive equality contains on a concrete level is not always clear-cut, as substantive equality involves complex decisions as to the objectives to be achieved and the means to be taken», se Fredman (2008), s. 178.

بتوانن بەشـــێوەیەكی بەرابەر لەگەڵ كەسانی دیكەدا، لە هەموو ئەو مافو ئازادی‌یانە كەڵك وەرگرن كە بە مافەكانی مرۆڤ ناسراون. واتە ئەركی سەر شانی دەوڵەتو كۆمەڵگا ئەوەیە كە هەلومەرجێك بخوڵقێنن كە لەوێدا كەســـانی خاوەن پێداویســـتیی تایبەتی، بتوانن لە هەموو ئەو مافو ئازادی‌یە بنەڕەتیانە كەڵك وەرگرن كە كۆنڤانسیۆنەكانی مافی مرۆڤ، بۆ ئینسانەكانیان وەبەرچاو گرتوون.

لە لایەكی دیكەشـــەوە بەكارهێنانی ئامڕازو ڕێوشـــوێنو میكانیزمی تایبـــەت بۆ كەم‌كردنەوەو نەهێشتنی جیاوازی‌دانان بە پێكهێنانی ئاڵوگۆڕی سترەكتوری لە قەوارەی كۆمەڵدا لەقەڵەم دەدرێ. ئاڵوگۆڕێـــك كە هەلومەرجی لەبار بـــۆ دابین بوونی مافی وەك یەكـــی هاووڵاتیانو كەم كردنەوەو لەنێـــو بردنی جیاوازی‌دانـــان پێك دێنێ. پەرەگرافی یەكەمی ماددەی چواردەهەمی كۆنڤانســـیۆنی قەدەغـــە كردنی جیاوازی‌دانان بە دژی ژنان، پەرەگرافی چوارەمی ماددەی یەكەمی كۆنڤانســـیۆنی قەدەغـــە بوونی جیاوازیی رەگـــەزی، كە تایبەتن بە جیاوازی‌دانانو هـــەڵاواردن بەجۆرێك بایەخی لایەنی ســـترەكتوری قەدەغە كردنی جیاوازی‌دانان دەردەخەن. كۆمیتەی كۆنڤانســـیۆنی رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان سەبارەت بە قەدەغەبوونی جیاوازی‌دانان بەرانبەر بە ژنان، بەم جۆرەی خوارەوە ئامانج لەم جۆرە میكانیزمانە ڕوون دەكاتەوە.

> to accelerate the improvement of the position of women to achieve their de facto or substantive equality with men, and to affect the structural, social and cultural changes necessary to correct past and current forms and effects of discrimination against women, as well as to provide them with compensation. These measures are of a temporary nature[1].

كۆمیتەی كۆنڤانسیۆنی قەدەغەبوونی جیاوازی‌دانانی رەگەزییش، لێكدانەوەو تێگەیشتنی خۆی هەر لەسەر بناخەی ئەو بۆچوونە دارشتووە كە دەڵێ:

> the concept of special measures is based on the principle that laws, policies and practices adopted and implemented in order to fulfil obligations under the Convention require supplementing, when circumstances warrant, by the adoption of temporary special measures designed to secure to disadvantaged groups the full and equal enjoyment of human rights and fundamental freedoms[2].

بەگوێرەی رێنوێنی‌یەكانی كۆمیتەی كۆنڤانســـیۆنی قەدەغەبوونـــی جیاوازی‌دانان بە دژی ژنان، ئەو ڕێوشـــوێنو میكانیزمـــە كاتی‌یانەی كە بۆ پێشـــگیریو كەم‌كردنەوەو لەنێو بردنـــی جیاوازی‌دانان

1. FNS kvinnediskrimineringskomité, General Recommendation NO.25 (2004) punkt 15.
2. FNs rasediskrimineringskomité, General Recommendation No. 32 (2009) punkt 11.

کەڵکیان لێ وەرگیرێ بریتیین لە:

> A wide variety of Legislative, executive, administrative and other regulatory instruments, policies and practices, such as outreach or support programmes; allocation and/or reallocation of resources; preferential treatment; targeted recruitment, hiring and promotion; numerical goals connected With time frames; and quota systems[1].

مەبەست لە گرتنە پێشـــی میکانیزمو ڕێشوێنی کاتی بە قازانجی هەندێک گروپو دەستەو تاقمی تایبەتی کە لە کۆمەڵدا خاوەن کاراکتەری جیاوازن، وەک جنســـیەت، یان ئیتنیک، ئەوەیە کە لەو ڕێگایەوە وەزعی ژیانو گوزەرانی ئەوان بگۆڕینو بەرابەریی ئەوان لەگەڵ خەڵکانی دیکە دەســـتەبەر بکەین. بەجۆرێک کە کۆمەگ بکەین بە گۆڕانی ژیانی ئەوان لە بنەڕەتەوە. واتە لە ئاستی ساختاری دا ئاڵوگۆڕی پۆزەتیڤ بەسەر ژیانی ئەواندا بێنین.

لە پێوەندی دەگەڵ گرتنە پێشـــی ئەو میکانیزمو سیاسەتە تایبەتی‌یانەدا، جیاوازیی بیروڕا هەیە. ئایا دەوڵەت بۆ گۆڕینی ژیانی ئەو گروپە تایبەتی‌یانە، ئەرکی لەسەر شانە کە سیاسەتو ڕێوشوێنی تایبەتی‌و کاتی بگرێتە پێش، یان تەنیا ئەگەر ئیمکانو توانای کارێکی لەو چەشنەی هەبێ، پێویستە لـــەو بارەوە هەنگاو هەڵگرێ. کۆمیتەی کۆنڤانســـیۆنی قەدەغە بوونـــی جیاوازی‌دانان بە دژی ژنانو کۆمیتەی کۆنڤانســـیۆنی قەدەغە بوونی جیاوازیی ڕەگەزی، هەردووکیان داوا لە دەوڵەتەکان دەکەن کە بەشـــێوەیەکی چالاکو کارا لە میکانیزمو ڕێوشـــوێنە کاتی‌یەکان، بۆ گۆڕینی ژیانو گوزەرانی ئەو دەســـتەو تاقمانە کە خاوەنی کاراکتەری جیاوازنو بە هۆیـــەوەی جیاوازی‌یان دەگەڵ دەکرێ، کەڵک وەرگرن. واتە دەوڵەتەکان لەســـەریانە کە هەموو چەشـــنە سیاسەتو ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ستراتیژیی بەرابەری‌و وەک یەک بوونو لەنێوچوونی هەرچەشنە جیاوازی‌دانانێک بەکار بەرن[2].

کۆنڤانسیۆنی قەدەغە بوونی جیاوازی‌دانان بە دژی ژنان، کۆنڤانسیۆنی قەدەغەبوونی جیاوازی‌دانانی ڕەگەزی‌و کۆنڤانســـیۆنی تایبەت بە مافەکانی کەم‌ئەندامان هەموویان پێ لەســـەر ئەوە دادەگرن کە دەوڵەت ئەرکی لەســـەر شانە کە هەموو جۆرە سیاسەتو ڕێوشوێنێکی پێویست بۆ خاشەبڕ کردنی ئـــەو دابونەریتو چوارچێوەو ســـاختارو پراکسیســـانە بگرێتە پێش کە دەبنـــە مایەی هەڵاواردنو جیاوازی‌دانان.

لەو بارەوە کۆنڤانسیۆنی قەدەغە بوونی هەر چەشنە جیاوازی‌دانانێک بەرانبەر بە ژنان لە پەرەگرافی «F»ی ماددەی دووهەمی خۆی دا دەڵێ:

ئەرکی ســـەر شـــانی دەوڵەتەکانە کە هەموو جۆرە میکانیزمو ڕێوشوێنو سیاسەتێک، لە ڕێگای

---

1. FNs kvinnediskrimineringskomité, General Recornmendation No.25 (2004) punkt 22.
2. Ibid. Punkt 18 og FNs rasediskrimineringskomité, General Recommendation NO32 (2009) punkt 20.

قانوون‌گوزاریشەوە کە بە گۆڕینی ئەو یاساو قانوون‌و بەخشنامەو داب‌ونەریت‌و پراکسیسانە، پێویستن کە جیاوازی بەرانبەر ژنان دەکەن بگرنە پێش.

بەگوێرەی ماددەی حەوتەمی کۆنڤانسیۆنی قەدەغە بوونی هەر چەشنە فۆرمێکی جیاوازی‌دانانی ڕەگەزی، دەوڵەتەکانی ئەندامی کۆنڤانسیۆنی ناوبراو ئەرکیان لەسەر شانە کە:

سیاسەت‌و بەرنامەو ڕێ‌شـــوێن‌و میکانیزمی فەوری‌و کاریگەر، بەتایبەتی لە بوارەکانی خوێندن‌و فێر بوون، پەروەردەو فێر کردن، کولتوورو فەرهەنگ‌و زانیاری‌دا، بەمەبەســـتی خەبات‌و بەربەرەکانی کـــردن لەگەڵ بیرکردنـــەوە کلێشـــەیی‌و قەزاوەتە نابەجێ‌یـــەکان‌دا بگرنە پێش کـــە دەبنە هۆی جیاوازی‌دانانـــی ڕەگەزی. لەو پێوەندی‌یەدا ئەرکی سەرشـــانی دەوڵەتەکانە کە میکانیزم‌و پرۆگرام‌و سیاســـەت‌و ڕێ‌وشـــوێنی ئەوتۆ بگرنە پێش کە دەبنە مایەی تەشویق‌و پەرەپێدانی لێک تێگەیشتن، وێک‌هەڵکردن‌و دۆســـتایەتیی نێوان گەلان‌و ئەو دەســـتەو تاقمە جۆراوجۆرانەی کە لە باری ڕەگەزو ئیتنیکی‌یەوە خاوەن کاراکتەری جیاوازن.

کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی کەم‌ئەندامان لە پەرەگرافی «b»ی ماددەی هەشتەمی خۆی‌دا دەڵێ دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەو کۆنڤانسیۆنە ئەرکیان لەسەر شانە کە «میکانیزم‌و ڕێ‌وشوێنی فەوری، کاریگەرو ئامانج‌دار» بگرنە پێش: بۆ ئەوەی خەبات‌و بەربەرەکانی دەگەڵ ئەو پراکسیس‌و قەزاوەتە نابەجێ‌و بیرکردنەوە کلێشەیی‌یانە کە لە پێوەندی لەگەڵ کەسانی خـــاوەن پێداویســـتیی تایبەتی لە کۆمەڵ‌دا لەگـــۆڕێ دان، بکەن. بە تایبەت لـــە پێوەندی دەگەڵ ئەو جیاوازی‌دانانەی کە لەســـەر بناخەی جنســـیەت، تەمەن‌و بوارە جۆراوجۆرەکانی دیکەی ژیان‌دا بەرانبەریان دەکرێ.

کۆنڤانسیۆنی قەدەغە بوونی جیاوازی‌دانان بە دژی ژنان، لە پەرەگرافی «a»ی ماددەی پێنجەمی خۆی‌دا، زۆر بەڕوونی ئەرک دەخاتە ســـەر شـــانی دەوڵەت کە بەمەبەســـتی پێک‌هێنانی ئاڵوگۆڕ لە ســـاختاری کۆمەڵ‌دا بۆ ئەوەی جیاوازی‌دانان بە دژی ژنان بنەبڕ بکات، هەموو جۆرە ڕێ‌وشوێنێکی پێویست بگرێتە پێش. ئەو بڕیارە دەڵێ:

دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەم کۆنڤانســـیۆنە پێویســـتە هەموو سیاســـەت‌و میکانیزم‌و ڕێ‌شوێنێکی پێویست بۆ گۆڕینی چۆنیەتیی هەستان‌و دانیشتن‌و ڕەفتاری فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتیی ژنان‌و پیاوان بگرنە پێش. مەبەست لە کارێکی لەو چەشنە ئەوەیە کە هەموو ئەو داب‌ونەریت‌و عادەت‌و پراکسیس‌و بیرکردنەوە کلێشەیی‌و بۆچوونە نابەجێ‌یانە خاشەبڕ بکرێن کە لەسەر بنەمای ئەوان ڕۆڵە جیاوازانەوە بنیـــات نراون کە لـــە کۆمەڵ‌دا بۆ ژنان‌و پیاوان، لەبەرچاو گیـــراون. ڕۆڵ‌و جێگەو پێگەیەک کە لەو قەناعەتەوە ســـەرچاوە دەگرێ کە یەکێک لەوان بە بەرزتر یان نزمتر لەچاو ئەوی دیکەیان لەقەڵەم دەدا.

بەو جـــۆرە دەبینین کە ئەو بڕیارو ڕاســـپاردەو ماددانەی نێو دووتۆی کۆنڤانســـیۆنەکان، ئەرک

دەخەنە سەر شـــانی دەوڵەت تا بەشێوەیەکی کاریگەرو چالاک بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لەو سترکتورو سـاختارە کۆمەڵایەتی‌یانەدا کە دەبنە مایەی جیاوازی‌دانان‌و هـەڵاواردن، هەنگاو هەڵگرن. لەوەش زیاتر ئەو کۆنڤانسـیۆنانە ئەرک دەخەنە سـەر شـانی ئەکتەرە تایبەتی‌و خسووسی‌یەکانیش کە لەو پێوەندی‌یەدا ئەرکی خۆیان بەرێوە بەرن. ئەمە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە داب‌ونەریت‌و ڕێ‌وشوێنە ئایینی‌و فەرهەنگی‌یەکانیـش‌دا، کە بەجۆرێک بەرابەری‌و یەکسـانیی نیوان ژن‌و پیاو وەبەرچاو ناگرن ، هەر دەگرێتەوە[1]. یان مافی وەک یەک‌و بەرابەریی نێوان ژن‌و پیاو دەخەنە پشت گوێ[2].

## ٣.٢ مافی ژیان

مافی ژیان لەلایەن زۆربەی کۆنڤانسـیۆنەکانی مافی مرۆڤەوە بە کەمێک جیاوازی‌یەوە دەپارێزرێت. گرنگترینی ئەو بڕیارە گشـتی‌یانەی کە مافی ژیان دەپارێزن، لە ماددەی شەشـەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی‌و سیاسـی‌یەکان‌و ماددەی دووهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ‌دا بەرچاو دەکەون. لەوەی دوایی‌دا هاتوە:

١ «مافی ژیان»ی هەموو کەسـێک لەلایەن قانوونـەوە دەپارێزرێ. کەس نابێ مەگەر لە ڕێگای دادگاوە، ئەویـش بـە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسـە جینایەتێکی ئەنجام داوەو لەو بـارەوە بەتاوانبار ناسراوە، ژیانی لێ بستێندرێ. سزایەکی لەو چەشنەش پێویستە لەلایەن یاساوە دیاری بکرێ.

٢ کاتێک لە ئاکامی بەکارهێنانی هێزو دەسـەڵات‌دا کەسێک ژیانی لەدەست دا، ئەو جۆرە ژیان لەدەسـت دانە بە کردەوەیەکی پێچەوانەی ئەو بەندەی سـەرەوە بەحیسـاب نایەت، بەو مەرجەی بەکارهێنانی هێزو دەسەڵات لە حاڵەتێک دابووبێ کە بەتەواوی‌و بە موتڵەقی پێویست بووبێ بۆ:

- بەرگری کردن لە کەسێک لە بەرانبەر توندو تیژیی نایاسایی‌دا.
- گرتن یان دەسـت بەسـەر کردنی یاساییی کەسـێک یان بۆ پێش‌گیری کردن لە ڕاکردنی کەسێک لە زیندان یان لە گرتووخانەدا کە بەشێوەیەکی قانوونی زیندانی کراوە.
- کۆتایی هێنان بە خۆپێشان‌دان‌و ڕاپەڕین بەشێوەیەکی قانوونی.

ماددەی شەشـەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکانیش هەر بەو شێوەیە مافی هەموو کەس بۆ ژیان دەرپارێزێ. واتە پارێزگاری لە مافی ژیان بۆ هەموو ئینسانەکان دەکات. سەبارەت بەو حاڵەتانەش کە دەکەونە دەرەوەی ئەو ئەسڵە گشتی‌یە، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە کۆتایی هێنان بە ژیانی هەر کەسـێک بەشێوەیەکی خودسەرانەو سەرەڕۆیانە قەدەغەیە. واتە ئەگەر لە جێگایەک‌و بارودۆخێـک‌دا زەروورەتـی ئەوە لە گۆڕێ دایە کە ژیان لە کەسـێک وەرگرێتـەوە، ئەو کارە نابێ بەشێوەیەکی خودسەرانەو سەرەڕۆیانە ئەنجام بدرێ. لەو بارەوە بڕیاری زۆر ڕوونترو تایبەتی سەبارەت

---

1. FNs kvinnediskrimineringskomite, General Recommendation NO.28 (2010) punkt 9.
2. Raday (2003) s.678.

بە پاراســـتنی مافی ژیان لە ماددەی شەشەمی کۆنڤانسیۆنی منداڵو ماددەی دەهەمی کۆنڤانسیۆنی تایبەت بە مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دا هاتوون.

لە قانوونی نۆروێژدا مافی ژیان لەلایەن یاســای بنەڕەتیی وڵاتەوە پارێزراوە. پەرەگرافی یەکەمی ماددەی نەوەدوسێ ی قانوونی ئەساسی دەڵێ «هەموو مرۆڤێک مافی ژیانی هەیە. هیچ کەس سزای مردنی بەسەردا داناسەپێ»[1].

مافی ژیان بەشـــێوەی جۆراوجۆر دەپارێزرێ. پرســـی ســـەرەکی لە زۆربەی ئـــەو بڕیارانەدا کە پێوەندی‌یان بە پاراســـتنی مافی ژیانەوە هەیە، بریتی‌یە لە پاراســـتنی تاکەکەســـەکان لە بەرانبەر بە بەکارهێنانی هێزو دەســـەڵات، بەشێوەیەکی غەیرە پێویســـت لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە. (پۆلیس، ســـوپا، هێزە ئەمنیەتی‌یەکانو چاوەدێرانو پارێزەرانی زیندانەکانو هتد). پێویستە بگوترێ مافی ژیان بە مافێکی موتڵەق دانانرێ. دەوڵەت حەقی ئەوەی هەیە کە «ئەگەر بە موتڵەقی پێویست بێ» بۆ وەدیهێنانی ئەو مەبەســـتانەی کە لە ماددەی دووهەمی کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤدا باسیان لێ‌کراوە، ژیان لە کەسێک بستێنێتەوە.

ئەگەر ســـەیر بکەین، ئەو دەربڕینە ســـەخت‌گیرترە لەچاو ئەو تەعبیـــرەی کە لە ماددەکانی ٨، ٩، ١٠و پەرەگرافی دووهەمی ماددەی ١١ی کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤدا هاتوە کە دەگوترێ ئەگەر ئەو گیان لێوەرگرتنەوە «پێویســـت بێ». لە ماددەی دووهەمی هەمان کۆنڤانسیۆن‌دا دەگوترێ پێویســـتە ئەو ژیان لێ ئەســـتاندنەوەیە «بەشـــێوەیەکی موتڵەق پێویست بێ»، بۆ ئەوەی دەوڵەت حەقی هەبێت، کردەوەیەکی لەو جۆرە ئەنجام بدات. زاراوەی «بە موتڵەقی پێویســـت» بێ، ئـــەو مانایەی هەیە کە لە کاتی بڕیاردان لەســـەر بەکارهێنانی هێزدا، پێویســـتە هەموو لایەنەکانی بارودۆخەکـــە بە وردی لێک بدرێنەوەو پێوەندیی نێوان ئامانجو وەســـیلەی گەیشـــتن بە ئامانجەکە دەست نیشان بکرێ. دەبێ زۆر بەوردی ئەوە لێک بدرێتەوە کە ئایا بەکارهێنانی هێز، لەو حاڵەتەدا بۆ وەدەســـت هێنانی ئەو ئامانجە حەتمەن پێویستەو ئاڵترناتیوی دیکە بۆ گەیشتن بەو مەبەستە لە گۆڕێ‌دا نیە. لەبەر ئەوەی لە بارودۆخێکی ئاوادا ژیان لە کەســـێک وەردەگیرێتەوەو پرسی لەدەست دانی ژیانی کەسێک لە گۆڕێ دایە، پێویستە ئەو قازانجو بەرژەوەندی‌یە کە لەو ڕێگایەوە، دەپارێزرێ یان دابینو دەستەبەر دەکرێ، زۆر گەورەو پڕبایەخو بەنرخ بێ.

لایەنێکـــی دیکـــەی ئەو بڕیارانەی کە لـــە پێوەندی دەگەڵ مافی ژیان لەو کۆنڤانســـیۆنانەدا بە زەقـــی دەردەکەوێ ئەوەیە کە هەموویان پێ لەســـەر ئەوە دادەگرن کە دەبێ قانوون، مافی ژیان بۆ هەمووان دابینو دەســـتەبەر بکات. بە واتایەکی دیکە هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە ژیانی هەموو کەس پێویســـتە لەلایەن یاساوە بپارێزرێ. مانای ئەو قســـەیە ئەوەیە کە دەوڵەتەکان لەسەریانە لە ڕێگای دانانی یاســـاو قانوونی تایبەتی‌یەوە پێش بە کوشتن بگرن. لەوەش زیاتر ئەوان لەسەریانە کە

1. Dok. 16 (2011-2012) punkt 93.

لە کاتی کوژرانی هەر کەسێکدا، لێکۆڵینەوەی پێویست لەسەر مەسەلەکە بکەنو سزای پێویست بۆ ئەو کەسە دیاری کەن کە تاوانێکی لەو چەشنەی ئەنجام داوە. ئەمە بە ئەرکی دەوڵەت بەرانبەر بە پاراستنی ژیانی تاکە کەسێک لە بەرانبەر پەلاماری کەسانی دیکەدا لەقەڵەم دەدرێ. واتە ئەوە وەک ئەرکی دەوڵەت بۆ پاراستنی ژیانی تاکە کەسەکان لە بەرانبەر هێرشو پەلاماری کەسانی دیکەدا، دەناسرێت. بەڵام ئەرکی دەوڵەت بۆ پاراستنی ژیانی تاکەکەس هەر بەوەندە کۆتایی نایەو لەوەش زیاتر تێدەپەڕێ. دەوڵەت ئەرکی سەرشانیەتی کە لە هەموو تواناو ئیمکاناتو دەسەڵاتو سەرچاوەکانی بەردەستی خۆی کەڵک وەرگرێ تا بتوانێ مافی ژیان بۆ تاکە کەسەکان دەستەبەر بکات. دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئەو مەسەلەیە بەم جۆرە دەردەبڕێو دەڵێ دەوڵەت ئەرکی لەسەر شانە کە:

> «not only to refrain from the international and unlawful talking of life, but also to take appropriate steps to safeguard the lives of those within its Jurisdiction[1]».

دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئەو جۆرە ئەرکە ئەرێنیyانە بەگوێرەی بەندی یەکەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەشێوەیەکی ئاسایی دەکەونە سەر شانی دەوڵەت. لەوێدا دەگوترێ ئەرکی سەرشانی دەوڵەتەکانە ئەو مافو ئازادیyانەی لەو کۆنڤانسیۆنەدا هاتوون، بۆ هەموو ئەو کەسانە «دابینو دەستەبەر بکەن» کە دەکەونە ژێر چوارچێوەی دەسەڵاتو حاکمییەتی قانوونیی ئەوان. لە هەندێک بارودۆخێ دیاریکراودا، ئەوە بەو مانایەی خوارەوە دەێ:

> «a positive obligation on the authorities to take preventive operational measure to protect an individual whose life is at risk form the criminal acts of other individual[2]».

سەرەڕای ئەوەش، ئەو ئەرکە ئەرێنییانە کە بەگوێرەی ئەو بڕیارانە دەکەونە سەرشانی دەوڵەت، پێویستە وا لێک بدرێنەوە کە ناتوانن بارێکی هێندە قورس بخەنە سەر شانی دەوڵەت کە بۆی هەڵنەگیرێو لە تواناو هێزو ئیمکاناتی ئەو بەدەر بێ. دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ لەو بارەوە دەڵێ:

> not every claimed risk to life, therefore, can entail for the authorities a Convention requirement to take operational measures to prevent that risk from materializing. For a positive obligation to arise, it must be established that the authorities knew or ought to have known at the

1. EMD, Kontrova (2007) punkt 49.
2. Ibid.

time of the existence of a real and immediate risk to the life of an identified individual from the criminal acts of a third party and that they failed to take measures within the scope of their powers which, judged reasonably, might have been expected to avoid that risk[1].

پێویستە بگوترێ کە مافی ژیان، هەندێک پرسی تایبەتییش دەگەڵ خۆی دێنێتە گۆڕێ. بۆ نموونە پرسی سزای مەرگ یا ئیعدام. ماددەی دووهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤو ماددەی شەشـــەمی کۆنڤانســـیۆنی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکان ، دیارە بەشـــێوەیەکی زۆر سەختگیرانە ، لە پێوەندی دەگەڵ پرسی سزای مەرگدا، کراوەن.

کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپـــا بۆ مافەکانی مرۆڤ لـــە پێوەندی دەگەڵ ئیعدامو ســـزای مەرگدا، دوو پرۆتۆکۆڵی زیادیو ئیختیاریی پەســـند کردوون. پرۆتۆکۆڵی ژمارە شەشـــەم کە لە ســـاڵی ١٩٨٣دا پەسند کراو لە ساڵی ١٩٨٥دا کەوتە حاڵی جێبەجێ کردنەوە. ئەو پرۆتۆکۆڵە سزای مەرگو ئیعدام لە کاتی ئاشتی‌دا قەدەغە دەکات. لەوەش زیاتر لە پێوەندی دەگەڵ جێبەجێ کردنو بەڕێوە بردنی سزای مەرگ لە کاتی شەڕیش‌دا مەرجی زۆر توندو سەختگیرانە دیاری دەکات. هەروەها پرۆتۆکۆڵی ژمارە ١٣ کە لە ساڵی ٢٠٠٢دا پەسندا کراو لە ساڵی ٢٠٠٣دا کەوتە حاڵی جێبەجێ کردنەوە. ئەو پرۆتۆکۆڵە ســـزای مەرگ لە هەموو هەلومەرجێکو بارودۆخێک‌دا قەدەغە دەکات. شـــایانی باسە کە پرۆتۆکۆڵی ژمارە شەشـــەم لە لایەن هەموو وڵاتانی ئەندامی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ ئیمزاو پەسند کراوە. هەموویان پابەند بوونی خۆیان بە جێبەجێ کردنی ماددەکانی ئەو پرۆتۆکۆڵەوە ڕاگەیاندوە، بێجگە لە رووســـیە. بەڵام پرۆتۆکۆڵی ژمارە سێزدەهەم، لەلایەن هەموو وڵاتانی ئەندامی ئەو کۆنڤانسیۆنەوە جگە لە وڵاتەکانی ئەرمەنیا، ئازەربایجانو رووسیە، ئیمزاو پەسند کراوە. هەموویان پابەند بوونی خۆیان بە نێوەرۆکی ئەو پرۆتۆکۆڵەوە ڕاگەیاندوە. ژمارەی ئەو وڵاتانەی ئەم پرۆتۆکۆڵەیان ئیمزا کردوە گەیوەتە ٨١ وڵات.

مەســـەلەیەکی دیکە کە هەر لەو بـــارەوە جێگەی باسو لێدوانە، بریتی‌یە لە پرســـی کۆرپەلە لەبارخۆبـــردن. کۆنڤانســـیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ ئـــەوە ڕوون ناکەونەوە کە کەی ژیان دەســـت پێ‌دەکات. بەڵام بەگوێرەی ماددەی دووهەمی کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤو ماددەی شەشـــەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاســـی‌یەکان، ژیان دوای لەدایکبوون دەست پێ دەکات. هەر بۆیە بەگوێرەی ئەو دوو کۆنڤانسیۆنە، پرنسیپی پاراستنی ژیانیش لەدوای لەدایکبوونەوە کاری پێ دەکرێ. ئەوە بەو مانایەیە کە ئەو دوو کۆنڤانســـیۆنە ناتوانن پێش بە کەســـێک بگرن کە دەیەوێ کۆرپەکەی لەبەر خۆی بەرێ.

هەر لەو بارەوە مەسەلەیەکی دیکەش جێگای باسە. ئەویش بریتی‌یە لە «مردنی چالاک». مەبەست

1. Ibid. Punkt 50.

له «مردنی چالاک» ئەوەیه که کۆمەک بکرێ به خێراتر بوونی مردنی کەسێک که له بارودۆخێکی زۆر خراپ دایەو ئازارێکی زۆر دەچێژێ. کەیفیەتی ژیانی لەدەست داوەو هیچ ئومێدێکیش بەباش بوونەوەی نیه. ئەو کەسانەی لایەنگری ئەوەن که مردنی چالاک بکرێته کردەوەیەکی قانوونی، دەڵێن که «مافی ژیان» خۆیله خۆیدا «مافی مردن»یش دەگرێتەوە. بەگوێرەی ئەو بۆچوونه بێ، ماددەی دووهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئەرک دەخاتە سەر شانی دەوڵەتەکان تا بەشێوەیەکی کارا له هەموو ڕێوشوێنو میکانیزمێک بۆ بەڕێوە چوونی مردنی چالاک، واته یارمەتی دانی کەسێک که دەیەوێ خۆی بکووژێ کەڵک وەرگرن. بەڵام ئەوە ڕاست نیه. دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ زۆر بەڕوونی ئەوەی ڕەد کردۆتەوە که ماددەی دووهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەرک بخاته سەرشانی دەوڵەت بۆ پێک هێنانی ئاسانکاری بۆ «مردنی چالاک». به واتایەکی دیکه دادگای ئۆرووپا قانوونی کردنی مردنی چالاک ڕەد دەکاتەوە.

مەسەلەیەکی دیکەش لەو بارەوە که پێویسته باسی بکەین بریتییه لەوەی که هیچ جۆره هەڵپەساردنو ئیستیسنایەک له مافی ژیاندا قبووڵ ناکرێ[1]. ئەو ڕاستییه له پەرگرافی دووهەمی ماددی چوارەمی کۆنڤانسیۆنی مافه مەدەنیو سیاسییەکان، به لێکگرێدانەوەی دەگەڵ ماددەی شەشەمی هەمان کۆنڤانسیۆندا ڕوون کراوەتەوە. هەروەها ماددەی دووهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، لەو بارەوە کراوەیەو له پەرەگرافی دووهەمی ماددەی پازدەهەمدا ڕێگا به مردنێک دەدات که له ئاکامی کردەوەیەکی قانوونیو له حاڵەتی شەڕدا هاتبێته پێش. بەو پێیه له تیئۆریدا ئەو کۆنڤانسیۆنه بۆ هەڵپەساردنی پرنسیپی پاراستنی مافی ژیان له کاتی شەڕدا کراوەیه. بەڵام له کردەوەدا هەرگیز شتێکی ئاوا ڕووی نەداوە. بەگوێرەی یاسای نێونەتەوەیی شەڕ، کوشتنو لەنێوبردنی کەسێک که له شەڕدا بەشداره، بەگوێرەی پرنسیپەکانی بردنه پێشی شەڕ کارێکی غەیره قانوونی نیه. بەڵام بەگوێرەی ماددەی شەشەمی کۆنڤانسیۆنی مافه مەدەنیو سیاسییەکانو ماددەی دووهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ، له پێوەندی دەگەڵ مافی ژیاندا هیچ جۆره هەڵپەساردنو ئیستیسنایەک قبووڵ ناکرێ. دیاره لەو بارەوە جیاوازیی بیروڕا هەیه. ئایا مردنێک که له ئاکامی کردەوەیەکی یاساییدا له حاڵەتی شەڕدا، ڕوو دەدا و بەگوێرەی یاسا نێونەتەوەییەکانی شەڕ کردەوەیەکی قانوونییه، به پێشێلکاریی مافی ژیان بەحیساب دێ یا نا؟ وەک وتمان ئەو مەسەلەیه جێگای باسه.

### ٣.٣ قەدەغه بوونی ئەشکەنجه

قەدەغەبوونی ئەشکەنجه یەکێک لەو مافانەی مرۆڤه که وەک مافێکی موتڵەقو بێئەملاولا لەقەڵەم دەدرێ. واته هیچ جۆره هەڵپەساردنو ئیستیسنایەک له قەدەغەبوونی ئەشکەنجه له هیچ

1. Se punkt 5.2 om derogasjon.

هەلومەرجێکدا ڕێگای پێ نادرێ. لەوەش زیاتر لە کاتی پەسەند کردنی کۆنڤانسیۆنەکانیشدا ڕێگا بە دەوڵەتەکان نادرێ خۆیان لە قبووڵ کردنی ئەو بەرپرسایەتییە دەرهاوێن. ماددەی سێهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ دەڵێ: « کەس نابێ بخرێتە بەر ئەشکەنجە، یان هەر جۆرە سزاو کردەوەیەکی دیکەی غەیرە ئینسانیو پڕ لە سووکایەتی».

بڕیارێکی هەر لەو جۆرەش، بە ئۆتۆریتەوە لە ماددەی حەوتەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکاندا بەرچاو دەکەوێ[1]. دەبێ بگوترێ کە لە پێوەندی دەگەڵ قەدەغەبوونی ئەشکەنجەدا، ئەو بڕیارو پرنسیپانەی کە بۆ قەدەغە بوونی ئەشکەنجە دانراون، بەشێوەیەکی گشتیو بەربڵاو لە کۆنڤانسیۆنی قەدەغە بوونی ئەشکەنجەدا جێیان بۆ کراوەتەوە. بەو حاڵەش عەینی حەقیقەت، بەڵام بەشێوەیەکی کورتو چڕوپڕ لە کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤو لە کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام بەشێوەیەکی زۆر تایبەتی قەدەغە بوونی ئەشکەنجە لە پەرەگرافی «b»ی ماددەی پێنجەمی کۆنڤانسیۆنی قەدەغەبوونی جیاوازیدانانی ڕەگەزی، لە پەرەگرافی «a»ی ماددەی ۳۷ی کۆنڤانسیۆنی منداڵ، لە ماددەی ۱۵ی کۆنڤانسیۆنی مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتیدا، دەبینرێ. لەوەش زیاتر لە بەندی ۲.۲.۲ی کۆنڤانسیۆنی تایبەتی شووڕای ئۆرووپا بۆ پێشگیری کردن لە ئەشکەنجەو هەر چەشنە سزاو کردەوەیەکی نائینسانیو پڕ لە سووکایەتی دا، وەبەرچاو دەکەوێ.

لە قانوونی نۆرویژدا بەگوێرەی دەستوور واتە بەپێی قانوونی ئەساسیی ئەو وڵاتە، هەرچەشنە ئەشکەنجەیەک قەدەغەیە. لە ماددەی ۹۳ی قانوونی ئەساسیی نۆرویژدا قەدەغە بوونی ئەشکەنجە هەر بەو جۆرە کە لە ماددەی سێهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ دا هاتووە، پێی لەسەر داگیراوە. جەوهەری ئەو قەدەغە بوونە ئەوەیە کە دەڵێ هەموو ئەو کارو کردەوە جۆراوجۆرانە قەدەغەن کە دەچنە خانەی «ئەشکەنجە»وە. واتە بە ئەشکەنجە بەحیساب دێن. لە ڕاستیدا نە کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤو نە کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکان، نێوەرۆکی ئەو دەستەواژەیە شی ناکەنەوەو ئەوە ڕوون ناکەنەوە کە مەبەست لە ئەشکەنجە چیە. بەڵام کۆنڤانسیۆنی قەدەغە بوونی ئەشکەنجە لە ماددەی یەکەمی خۆیدا بەو جۆرەی خوارەوە ئەشکەنجە پێناسە دەکات:

> For the purposes of this Convention, the term «torture» means any act by which severe pain or suffering, whether physical or mental, is intentionally inflicted on a person for such purposes as obtaining from him or a third person information or a confession, punishing him for

---

1. SP art.7 forbyr også uttrykkelig å utsette noen for medisinske eller vitenskapelige eksperimenter uten deres samtykke. Dette medfører i praksis neppe noen utvidelse sammenlikner med EMK art.3.

an act he or a third person has committed or is suspected of having committed, or intimidating or coercing him or a third person, or for any reason based on discrimination of any kind, when such pain or suffering is inflicted by or at the instigation of or with the consent or acquiescence of a public official or other person acting in an official capacity. It does not include pain or suffering arising only from, inherent in or incidental to lawful sanctions.

لە پراکسیسی دادگای ئۆرووپادا وا دەردەکەوێ کە ئەو دادگایە، ئەم پێناسەیەی سەرەوە وەک چرای ڕێنیشـــاندەری خۆی لە پێوەندی دەگەڵ چۆنیەتیی تێگەیشتن لە ماددەی سێهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤدا بەکار دێنێ. هەرچەند لە کردەوەدا دادگای ئۆرووپا هیچ پابەندییەکی بە کۆنڤانسیۆنی قەدەغەبوونی ئەشکەنجەو بە بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆمیتەی تایبەتی ئەو کۆنڤانسیۆنەوە نیە.

In order to determine whether any particular form of ill-treatment should be classified as torture, the Court must have regard to the distinction drawn in Article 3 between this nation and that of inhuman or degrading treatment. This distinction would appear to have been embodied in the Convention to allow the special stigma of «torture» to attach only to deliberate inhuman treatment causing very serious and cruel suffering... In addition to the severity of the treatment, there is a purposive element, as recognized in the United Nations Convention against Torture and Other Cruel, Inhuman or Degrading Treatment or Punishment, which came into force on 26 June 1987, which defines torture in terms of the intentional infliction of severe pain or suffering with the aim, inter alia, of obtaining information, inflicting punishment or intimidating …[1]

لێرەدا دەبینین کە بۆ ئەوەی کردەوەیەک بە ئەشکەنجە دابنرێ، پێویستە گەلێک مەرج لە گۆڕێدا بن. پێش هەر شـــتێک دەبێ کردەوەیەکی لەو چەشـــنە «deliberate» واتە بە ئەنقەستو عەمدیو مەبەســـتدار بێ. مەرجی دووهەم ئەوەیە کە کردەوەیەکی لەو چەشـــنە ئەزیـــەتو ئازارێکی زۆرو بێڕەحمانەو جیددیی بەدواوە بێ. واتە ببێتە هۆی «very serious and cruel suffering» بەو جۆرە بۆمـــان دەردەکـــەوێ کە تەنیا ئەو جۆرە کردەوەیە بە ئەشـــکەنجە لەقەڵەم دەدرێ کە ببێتە مایەی

1. EMD, Husayn. (2015) punkt 500.

ئەزیەتو ئازارێکی زۆرو جیددیو بێرەحمانەو پڕئێشو ئازار. مەرجی سێهەم ئەوەیە کە کردەوەیەکی لەو چەشنە بە مەبەستێکی تایبەتی بۆ وەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو، ئەنجام درابێ. بۆ نموونە بەمەبەستی وەدەست هێنانی زانیاری، یان بەمەبەستی سزادانی کەسێک یان بەمەبەستی ترساندنی کەسێک یان کەسانێکی دیکە بەڕێوە چووبێ.

دادگای ئۆرووپا بەشـێوەیەکی گشتی خۆی لەوە دەپارێزێ کە بڵێ ئەشکەنجە ڕووی داوە. بەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا، زۆر جار باسـی «توندو تیژییەکی ئاشـکرا، واتـە «grov vold» دەکا کە ڕووی داوە. بۆ نموونە لە پێوەندی دەگەڵ دەسـتدرێژیی سێکسی بۆ سەر کەسێک کە لەلایەن پۆلیسەوە ڕاگیراوە یان زیندانی کراوە. واتە دەسـتدرێژیی سێکسـی بۆ سەر کەسـێک کە لە گرتووخانەی پۆلیسدا بەسەر دەبا[1]. یان لە هەندێک کەیسی دیکەدا، باس لەوە دەکات کە کردەوەیەکی دڕندانەو وەحشـیانە بەرانبەر کەسـێک ئەنجام دراوە. بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ کەسـێکدا کە لەلایەن پۆلیسەوە لێکۆڵینەوەی دەگەڵ کراوە، لەوجۆرە دەربڕینە brutalitet، کەڵک وەردەگرێ. بەو مانایەیە کە پۆلیس لە کاتی لێکۆڵینەوە لەو کەسـەدا، لە مێتۆدو ڕێوشـوێنی دڕندانەو وەحشـیانە کەڵکی وەرگرتووە. لەوەش زیاتر دادگای ئۆرووپا بە ئاشـکرا ئەوەی ڕاگەیاندوە کە دەستەواژەی «ئەشکەنجە» دەکرێ بەشێوەیەکی دینامیک لێکدانەوەی بۆ بکرێ. بەجۆرێک کە هەندێک هەڵسوکەوتو ڕەفتار کە پێشـتر بە کردەوەی غەیرە ئینسانیو پڕ لە سـووکایەتی دەزانرانو وەک ئەشکەنجە بەحیساب دەهاتن، دەکرێ لە داهاتوودا لە ژێر ناونیشانێکی دیکەدا دەستەبەندی بکرێن. بە جۆرێک کە:

> «certain acts were classified in the past as inhuman and degrading treatment as opposed to 'torture' could be classified differently in future[2]».

دەبـێ بگوترێ کە قەدەغەبوونی ئەشـکەنجە ئەو ڕەفتارو کارو کردەوانـەش هەر دەگرێتەوە کە بە پلەیەکـی کەمترو ڕادەیەکی نزمتر بە ئەشـکەنجە دادەنرێن. چونکە ئـەو قەدەغەبوونە، قەدەغەش دەخاتە سـەر هەر چەشنە «سـزاو کردەوەیەکی نائینسانیو پڕ لە سـووکایەتیو بەکەمگرتن» واتە «inhuman and degraiding treatment and punishment». هەر کاتێک کارو کردەوەیەک کە بە دژی کەسـێک ئەنجـام دەدرێ، ئەگەر ئـەو مەرجانەی تێدابێ، ئەوە بەجۆرێک بە سـزاو ڕەفتاری نائینسانی دەزانرێت. دیار هەمیشە مەیدان بۆ لێکدانەوەی ئەوەش هەیە کە ئایا ئەو کردەوە کۆنکرێتەی کە بە دژی ئەو کەسە کراوە، ئەو ڕەفتارە خراپو دوور لە ئینسانییەتە کە بەرانبەر ئەو کەسـە کراوە، چ شوێنەوارێکی خراپی لەسەر ئەو کەسـە داناوە کە بۆتە قوربانی. دەبێ بگوترێ کە هەمیشە کەیسەکە دەبێ لەبەر ڕووناکی ئەو بارودۆخەدا لێک بدرێتەوە کە ڕووداوەکەی تێدا هاتۆتە

1. EMD, Selmouni (1999); EMD, Virabyan (2011); EMD, Nechipourk og Yonkalo (2011).
2. EMD, Selmouni (1999) punkt 101.

پێش. لەساڵی ١٩٧٨ەوە تا ئێستا، دادگای ئۆرووپا، بۆ لێکدانەوەی ئەوە کە ئایا کەیسێک دەکەوێتە چوارچێوەی ماددەی سێهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپاوە یان نا، خۆی بەو ڕێنمایی‌یانەی سەرەوە بەستۆتەوە، لە ماددەی سێهەم دا دەگوترێ:

> The Court reiterates that ill-treatment must attain a minimum level of severity if it is to fall within the scope of Article 3. The assessment of this minimum is relative: it depends on all the circumstances of the case, such as the nature and context of the treatment, its duration, its physical and mental effects and, in some instances, the sex, age and state of health of the victim …[1]

لە کاتی لێکدانەوەو لێکۆڵینەوە لە هەندێک کەیسی کۆنکرێتدا، دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، قەناعەت بەوە دەکات کە بڵێ لەو کەیسەدا پێشێل کردنی ماددەی سێهەم ڕووی داوە. بەو جۆرە خۆی لە بەکارهێنانی دەستەواژەکانی ڕەفتارو سزای «غەیرە ئینسانی»و «پڕ لە سووکایەتی» دەبوێرێ. بەڵام بەو حاڵەش بەگوێرەی پرنسیپ، پێویستە جیاوازی لە نێوان ئەوان دا بکرێ. سزاو ڕەفتاری «غەیرە ئینسانی»، لە چاو هەڵسوکەوتی پڕ لە سووکایەتی‌دا، زۆر جیددی‌ترو پڕمەترسی‌تر دێتە بەرچاو. تێگەیشتنی دادگای ئۆرووپا لە نێوەرۆکی ئەم دوو دەستەواژەیە بەم جۆرەی خوارەوەیە:

> Treatment has been held by the Court to be «inhuman» because, inter alia, it was premeditated, was applied for hours at a stretch and caused either actual bodily injury or intense physical and mental suffering … Treatment has been considered «degrading» when it was such as to arouse in its victims' feelings of fear, anguish and inferiority capable of humiliating and debasing them and possibly breaking their physical or moral resistance . . .[2]

بۆ دیاری‌کردنی سنووری نێوان ئەو دوو دەستەواژەیە، پێویستە سرنج بدرێتە هەموو فاکتۆرو توخمەکانی پێک‌هێنەری ئەو هەلومەرجە کە کەیسەکەی تێ‌دا ڕوودواوەو هەروەها لێکدانەوەی هەموو لایەنەکانی کەیسەکەش. وەک ڕادەی ئەو ئێش‌و ئازارەی کە لە ئاکامی ئەو کردەوەیەدا بۆ قوربانی هاتۆتە پێش، ڕادەی ئەو زیان‌و زەرەرە جیسمی‌و ڕووحی‌و ڕەوانی‌یە کە وە قوربانی کەوتووە؟ لە چ کاتێک‌دا قوربانی کەوتۆتە بەر پەلامار؟ لە چ شوێنێک کەوتۆتە بەر پەلامار؟ لە چ وەزعێک‌دا کەوتۆتە بەر هێرش؟ لە چ تەمەنێک‌دا بووە؟ ئایا ئەو هێرش‌و پەلامارە ڕەوانی بووە یان فیزیکی»؟[٣]

---

1. EMD, Irland mot Storbritannia (1978) punkt 162.
2. EMD, Ilievska (2015) punkt 57.
3. Høstmælingen (2015) s.156

دەتوانیـــن بڵێین کە «کردەوەی پڕ لە ســـووکایەتی» پلەی هەرە خوارەوەو نزمی ئەو پرنســـیپە دەگرێتەوە کە دەڵێ ئەشـــکەنجە قەدەغەیە. بەڵام ئەوەش بەو مانایـــە نیە ئەگەر ئەو هەڵسوکەوتە خراپەی کە دەگەڵ کەســـێک کراوە، نەکەوتە چوارچێوەی «کردەوەی پڕ لە سووکایەتی»، ئیتر ئەوە بە کردەوەیەکی قبووڵ کراو دادەنرێ. لە هەر حاڵدا پێویســـتە هەموو لایەنەکانی کەیســـەکە لێک بدرێنەوە، نەکا ئەو کردەوەیە بووبێتە هۆی پێشێل کرانی هەندێک مافو ئازادیی دیکەی ئەو کەسە کە وەک قوربانی دەناسرێ. دوو نموونە دەتوانن ئەو پرسەمان باشتر بۆ روون بکەنەوە: ئەگەر پۆلیس لە کاتی پەلاماردانو گرتنی کەسێک دا توندوتیژی بەکار بێنێ، ئەوە ماددەی پێنجەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤی پێشـــێل کردوە، تەنانەت ئەگەر ئەو توندوتیژی‌یەی کە پۆلیس بەکاری هێناوە هێندەش جیددی نەبێت کە بکەوێتە چوارچێوەی ماددەی ســـێهەمی کۆنڤانســـیۆنەکەوە. هەروەهـــا ئەگەر پۆلیس بۆ گرتنی کەســـێک، پەلاماری ژیانی خسووســـیو بنەماڵەی ئەو کەســـە بدات، ئەوە ئەو کردەوەیە بە پێشـــێل کردنی ماددەی هەشتەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ لەقەڵەم دەدرێ، تەنانەت ئەگەر پەلامارەکە بەگوێرەی ماددەی ســـێهەمی کۆنڤانسیۆنەکە بە «کردەوەیەکی پڕ لە سووکایەتی»یش لەقەڵەم نەدرێ.

هەروەها کاربەدەســـتانی دەوڵەت بەشـــێوەیەکی بەرین، ئەرکیان لەســـەر شـــانە کە تاکەکەس لە بەرانبەر ئەشـــکەنجەو ســـزاو کردەوەی غەیرە ئینسانیو پڕ لە ســـووکایەتیی کەسانی دیکەشدا بپارێزن. واتە ئەگەر کەسێک لەلایەن کەسانی غەیرە دەوڵەتی، وەک تاکەکەس، یان دەستەو تاقمە جۆراوجۆرەکانی دیکەشەوە کەوتە بەر ئەشکەنجەو کردەوەو سزای غەیرە ئینسانیو پڕ لە سووکایەتی، ئـــەوە ئەرکی دەوڵەتە کە لە هەموو تواناو ئیمکاناتی خۆی بۆ پاراســـتنی ئەو کەســـە لەبەامبەر ئەو ئەشکەنجەو ڕەفتارو سزا غەیرە ئینسانیو پڕ لە سووکایەتی‌یانەدا کەڵک وەرگرێ. لە لایەک دەوڵەت پێویســـتە لە ڕێگای دانانی قانوونو یاســـا و سیاسەتو ڕێشـــوێنی تایبەتی‌یەوە پێش بە ڕوودانی کردەوەی لەو جۆرە بگرێ. واتە دەوڵەت پێویستە لە ڕێگای قانوون‌گوزاری‌یەوە بارودۆخێک لە وڵاتدا پێک بێنێ کە پێش بەو جۆرە کردەوە خراپو ناپەسەندانە بگرێ. لەلایەکی دیکەش دەوڵەت ئەرکی لە ســـەر شانە کە لێکۆڵینەوە لەمەڕ هەر چەشنە کارو کردەوەیەکی لەو چەشنە بکاتو تاوانباران بە ســـزای خۆیان بگەیەنێ. سەرەڕای هەموو ئەوانە، ئەرکی سەر شـــانی دەوڵەتە لەو پێوەندی‌یەدا ئەو کەسو لایەنە کۆنکرێتانە بپارێزێ کە دەزانێ لە بەر هەڕەشەو مەترسیی ئەو جۆرە کارو کردەوانە دان. بۆ نموونە دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ بە هەمان نەفەسی ماددەی دووهەمی کۆنڤانسیۆنەکە، ئەو مەســـەلەیە لێک دەداتەوە[1]. لەو بارەوە دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، زۆر جار لە پێوەندیی دەگەڵ ئەزیەتو ئازاردانی منداڵان یان هاوســـەران لەلایەن مێردەکانیانەوە، ئەزیەتو ئازارێکی لەو چەشـــنەی بە پێشێل کرانی ئەو ئەرکە ئەرێنی‌یە لەقەڵەم داوە کە لەو بارەوە دەکەوێتە سەر شانی

1. EMD, O’Keeffe (2014) punkt 144

دەوڵەت. واتە ئەرکی دەوڵەت بۆ پاراستنی تاکەکەسەکان، لە بەرانبەر سزاو ئەزیەتو ئازاری کەسانی دیکەدا.

ئەو پراکسیسە لە پێوەندی دەگەڵ ئەو پەروەندانەدا کە ئەزیەتو ئازاری منداڵان[١] یان ژنان لەلایەن مێردەکانیانەوە[٢] دەگرنەوە، لەلایەن دادگای ئۆرووپاوە کاری پێکراوە.

لە کۆتایی‌دا پێویستە ئەوەش بڵێین کە قەدەغە بوونی ئەشکەنجە لە پێوەندی دەگەڵ دەرکردن، وەدەرنانو ناردنەوەی کەسانی بیانییش‌دا، ناڕاستەوخۆ ئەرک دەخاتە سەر شانی دەوڵەت. واتە ئەگەر ناردنەوەی کەسێکی بیانی، ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسە لەلایەن دەوڵەتێکی دیکەوە بکەوێتە بەر ئەشکەنجەو سزاو کردەوەی غەیرە ئینسانیو پڕ لە سووکایەتی، ئەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە پێشێل کرانی ئەرکی دەوڵەت سەبارەت بە پاراستنی ژیانی تاکەکەس لەبەرانبەر ئەشکەنجەدا لەقەڵەم دەدرێ. بەو جۆرە ئەو دەوڵەتە لەو بارەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەرپرسایەتیی دەکەوێتە سەر ئەستۆ. پرنسیپی قەدەغە بوونی ئەشکەنجە، قانوونێک بە ناوی «non-refoulement»، کە لەلایەن کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی ئاوارەو پەنابەران پەرەی پێدراوەو بەرەسمی ناسراوە، دەگرێتە خۆ. ئەو بڕیارە لە ماددەی ٣٣ی کۆنڤانسیۆنی ناوبراودا، باسی کراوە[٣]. ئەو بڕیارە، ئەو قانوونە، پێش بەوە دەگرێ کە دەوڵەتێک بتوانێ کەسێک بنێرێتەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە ئەگەر بەشێوەیەکی واقعیو ڕاستەقینە مەترسیی ئەوە لە گۆڕێ دابێ کە ئەو کەسە لەو وڵاتەدا کە بۆی ڕەوانە دەکرێتەوە، بەپێچەوانەی ماددەی سێهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، دەکەوێتە بەر ئەشکەنجە، یان سزاو کردەوەی نائیسنانیو پڕ لە سووکایەتی[٤].

## ٣.٤ قەدەغە بوونی کۆیلەتی، بێگاریو کاری زۆرەملی

کۆیلەتی لە هەموو شکڵو شێوەکانی خۆی دا قەدەغەیە. بۆیە قەدەغەبوونی کۆیلەتی بە یەکێک لەو مافانەی مرۆڤ دادەنرێ کە لە هیچ هەلومەرجێک‌دا هەڵناپەسێردرێو ناتوانرێ مەحدوود بکرێتەوە. بەڵام ئەگەر قەدەغە بوونی کۆیەلەتی بە موتڵەقی قەدەغەیە، بێگاریو کاری زۆرەملی مەرجدارە. ئەوە بەو مانایەیە کە قەدەغەبوونی بێگاریو کاری زۆرەملی بەگوێرەی هەلومەرج دەگۆڕدرێ. وا

---

1. EMD, Z og andre (20019).
2. EMD, Opuz (2009).
3. FNskonvensjon om flyktningers stilling, art. 33(1) lyder som følger: «Ingen kontraherende stat må på noen som helst måte utvise eller avvise en flyktning over grensen til områder hvor hans liv eller frihet ville være truet på grunn av hans rase, religion, nasjonalitet, politiske oppfatning eller det forhold at han tilhører en spesiell sosial gruppe.»
4. Se f.eks. EMI, Soring (1989); EMD, Harkins og Edwards (2012); EMD, Kaboulov (2009); EMD, N. mot Finland (2005); EMD, Mamatkulov og Askarov (2005).

نیە کە هەر کەســـێک لە هەر بارودۆخێکدا ئەرک یان کارێکی بۆ دیاری کرا کە پێویستە بەڕێوەی بـــەرێ، ئەوە لە ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤەوە بە بێگارو کاری زۆرەملی بەحیســـاب بێ. لەوەش زیاتر قەدەغەبوونـــی کاری زۆرەملیو بێگاری دەکرێ لە هەندێک هەلومەرجدا هەڵپەســـێردرێ، مەحدوود بکرێتەوە یان ئەگەر پێویست بێ، ئەو قەدەغەیە هەڵگیرێ.

ماددەی ۱۴ی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ دەڵێ:

۱- هیچ کەس نابێ بە کۆیلە بکرێو بخرێتە ژێر کۆیلەتییەوە.

۲- هیچ کەس نابێ بخرێتە ژێر کاری زۆرەملیو کاری بەزۆری.

۳- بەگوێرەی ئەو ماددەیە «کاری زۆرەملی»و «کاری بەزۆری» ئەو خاڵانەی خوارەوە ناگرنەوە:

ئا. ئەو کارانەی کە کەســـانێک کە بەشێوەیەکی ئاسایی لە زینداندا ڕاگیراون یان ئازادییان لێ وەرگیراوەتەوە، پێویستە بەپێی ڕێو شوێنە پەسندکراوەکان بەڕێوەیان بەرن.

ب. ئەو خزمەتگوزاریانەی کە دەکەونە چوارچێوەی خزمەتی سەربازییەوە. لەو وڵاتانەشدا کە خەڵک ئازادن بە هۆی بیروڕاو عەقیدەو ویژدانەوە خۆ لە سەربازی ببوێرن , بەڵام پێویستە بەجۆرێکی دیکە ئەو خزمەتە قەرەبوو بکەنەوە، خزمەتێکی لەو چەشنە کە بۆ قەرەبوو کردنەوی سەربازی ئەنجام دەدرێ، بە کاری زۆرەملی لەقەڵەم نادرێ.

ج. کارو خزمەتگـــوز اریـــەک کە لـــە هەلومەرجێکی زۆر تایبەتیدا دەخرێتە ســـەر شـــانمان کە ئاســـایشو ڕەفاهی کۆمەڵگا دەکەوێتە مەترســـیو بەر هەڕەشـــە، هەر بۆیە لەسەرمانە ئەو کارو خزمەتگوزارییە ئەنجام بدەین.

د. ئەو کارو خزمەتگوزاریانەی کە بەشێوەیەکی ئاسایی دەکەونە سەر شانی هەر هاونیشتمانییەک. واتە ئەو کارو ئەرکانەی کە بەشێوەیەکی ئاسایی پێوەندییان بە ئەرکی هاووڵاتی بوونەوە هەیە، هیچ کات بە کاری زۆرەملی دانانرێن.

لـــە ماددەی هەشـــتەمی کۆنڤانســـیۆنی مافە مەدەنـــیو سیاســـییەکانیش دا، هەندێک بڕیارو ڕێوشـــوێنی لەو جۆرەمان بەرچاو دەکەون[1]. لە قانوونی ئەساســـیی نۆروێژدا بەگوێرەی پەرەگرافی سێهەمی ماددەی نەودوسێ، کۆیلەتی قەدەغەیە.

کۆنڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ دەســـتەواژەکانی کۆیلەتی، کاری زۆرەملیو کاری بەزۆر، بەڕوونی پێناســـە ناکەن. هەر بۆیە بەشێوەی جۆراوجۆر لێکدانەوەیان بۆ دەکرێ. واتە لە کردەوەدا بەگوێرەی هەلومەرجو بارودۆخی کەیســـە جیاوازەکانەوە لێکدانەوەی جیاوازیان لەسەر دەکرێ[2]. بەوحاڵەش لە پێوەندی دەگەڵ ماددەی چوارەمی کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤدا، دادگای ئۆرووپا بەم

---

1. Det finnes også et forbud i CMW art. 11, som ikke er i trådt kraft for Norge. I tillegg finnes det en egen slaverikonvensjon av 1926, og innenfor ILO finnes det egne tvangsarbeid konvensjoner av 1930 og 1957.

2. EMD har konstatert krenkelse av EMK art. 4 bare i fem saker.

جۆرەی خوارەوە تێگەیشتنی خۆی لەمەڕ «کۆیلەتی»و کاری زۆرملی و کاری بەزۆریو بێگاری بەیان دەکات[١]:

> (C)considering the scope of «slavery» under Article 4, the the Court referred to the classic definition of slavery contained in the 1926 Slavery Convention, which required the exercise of a genuine right of ownership and reduction of the status of the individual concerned to an «object»... With regard to the concept of «servitude», the Court has held that what is prohibited is a «particularly serious form of denial of freedom»... The concept of «servitude» entails an obligation, under coercion, to provide one's services, and is linked with the concept of «slavery»... For «forced or compulsory labour» to arise, the Court has held that there must be some physical or mental constraint, as well as some overriding of the person's will …

هەرکاتێک مەسەلەی بەکۆیلە کردن، کاری بەزۆر، بێگاریو کاری زۆرملی دێتە پێش، زۆر بەدەگمەن وا هەڵدەکەوێ کە کردەوەیەکی لەو چەشـــنە بەشـــێوەیەکی چالاکو ڕاستەوخۆ لەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجـــام بدرێ. هەر بۆیە لەو حاڵەتانەدا ئەو جۆرە کەیســـانە پێوەندی دەگەڵ ئەرکە ئەرێنیی‌یەکانی دەوڵەت بۆ پێشـــگیری کردن لە بەکۆیلە کردنی تاکەکەســـەکان لەلایەن کەســـانی دیکەوە، پەیدا دەکەن. بۆ نموونە ئەو جۆرە کەیسانە کە پێوەندی‌یان بە کڕینو فرۆشتنی ئینسانەکانەوە هەیە، یان پێوەندی‌یان بە ڕووســـپی‌گەریی زۆرەملی‌یەوە هەیە، ئەو جۆرە کەیســـانە لە سەردەمی ئێستادا زۆر جار ڕوو دەدەن. بەڵام شـــتی لەو جۆرە، دەکرێ لە هەلومەرجی دیکەش‌دا وەک کەیسی Siliadin، کەپێوەندیی بە کارەکەریو قەرەواشی لە نێوماڵان‌دا هەبوو، ڕوو بدات.[٢]

دەبـــێ بگوترێ کە قەدەغەبوونی بێـــگاری، کاری زۆرە ملی و کاری بەزۆری ئەو هەلومەرجانەی خوارەوە ناگرێتەوە[٣].

ئـــەو کارانەی کە پێوەندی‌یان بە ئەرکی هاووڵاتی‌یەکی ئاســـایی‌یەوە هەیـــە، ئەو ئەرکانەی لە هەلومەرجێـــک دا کە کۆمەڵ دەکەوێتە بارودۆخێکی نالەبارەوە دەکەونە سەرشـــانمان، ئەو ئەرکو کارانەی پێوەندی‌یان بە خزمەت‌گوزاری‌یە ســـەربازی‌یەکانەوە هەیە، ئەو ئەرکانەی کە وەک ســـزای زیندان یان لە کاتی زیندانی بوون‌دا، بەگوێرەی ڕێوشـــوێنە پەســـند کراوەکان دەکەونە سەرشانی کەسێک.

---

1. EMI, M. og andre (2012) punkt 149.
2. EMD, Siliadin (2005).
3. Høstmælingen (2012) s. 162-163.

## ٣.٥ مافی ئازادیو ئەمنیەتو ئاسایشی شەخسی

مافـــی ئازادیو ئەمنیەتی شەخســـی بە یەکێک لە مافە هەرە ســـەرەکییەکانی مـــرۆڤ دادەنرێ. لەلایەک ئەومافە پێوەندیی بە ئازادیی ئێمەوە هەیە کە بۆ هەموو کەسێک زۆر پڕ بایەخە. لەلایەکی دیکەش ئەو مافە پێوەندیی بە کاربەدەستانی دەوڵەتەوە هەیە کە هەندێک جار ناچارن بەمەبەستی پاراستنی قازانجەکانی کۆمەڵ، کەسێکی تاوانبار زیندانی بکەنو لە ئازادی بێبەشی بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو مافە لەلایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە زۆر دەخرێتە ژێر چاوەدێری. واتە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی وەبەرچاوگرتنی ئەو مافە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا وەک پێوانەیەک بۆ وەبەرچاوگرتنی ئازادی لەو وڵاتانەدا بەکار دێنێ. پێویســـتە بگوترێ کە مافی ئازادیو ئەمنیەتی شەخسی بە ئاشکرا دیـــارە کە مافێکی موتڵـــەق نیە. چونکە ئەگەر ئەو مافە بەمافێکی موتڵـــەق لەقەڵەم بدرێ، ئەودەم دەوڵەت هەرگیز ناتوانێ کەســـێک بگرێ یان زیندانی بـــکات. هەر بۆیە ئەوەی لە پێوەندی دەگەڵ مافـــی ئازادیو ئەمنیەتی شەخســـیدا زۆر ســـەختو دژوار دێتە بەرچاو، بریتییـــە لەوە کە چۆن باڵانسێک لە نێوان مافی تاکەکەس بۆ ئازادیو ئەمنیەتی شەخسیو پێویستیی دەوڵەت بۆ مەحدوود کردنەوەو مەرجدار کردنی ئەو مافەدا پێک دێ.

ئەو مافە بەشـــێوەی جۆراوجۆر لەلایەن کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ و کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاســـییەکان دەپارێـــزرێ[1]. لەو بارەوە لە پەرەگرافـــی یەکەمی ماددەی پێنجەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ دا هاتووە:

١- هەموو کەس مافی ئازادیو ئەمنیەتی شەخسیی هەیە. ئازادی لە هیچ کەس وەرناگیرێتەوە مەگەر بەگوێرەی ئەو ڕێشـــوێنانەی خوارەوەو بەپێی ئەو ڕێکارو ڕێســـایانەی کە قانوون دیارییان دەکات.

ئا- کەسێک کە بەگوێرەی قانوون لەلایەن دادگایەکی قانوونیو خاوەن سەلاحیەتەوە مەحکووم کراوەو بەو هۆیەوە ئازادیی لێ ئەستێنراوەتەوە.

ب- کەســـێک کە بەمەبەســـتی وەدیهاتنی چاوەڕوانییەک، یان جێبەجـــێ بوونی ئەرکێک، بەگوێرەی بڕیارێکی یاسایی گیراوە یان ئازادیی لێوەرگیراوەتەوە.

ج- گرتنی کەسێک بەشێوەیەکی قانوونی کە تاوانێکی ئەنجام داوەو لەو بارەوە پێویستە تەسلیمی دادگا بکرێ. یان بۆ پێشگیری کردن لە ئەنجامدانی تاوان، پۆلیس ئازادیی لە کەسێک وەردەگرێتەوە تا پێش بە ڕوودانی تاوانێک بگرێ. یان لە حاڵەتێکدا کە زۆر بەڵگەو دەلیلی ئەوتۆ لە گۆڕێدان کە کەســـێک خەریکە تاوانێک ئەنجامدەدات، پۆلیس ناوبراو دەگرێ تا پێشگیری لە ڕوودانی کارەسات بکات. هەندێک جاریش پۆلیس بۆ ڕاگواســـتنی تاوانبار لەو شـــوێنە کـــە تاوانەکەی کردوە، تاوانبار کەلەبچە دەکاو ئازادیی لێ وەردەگرێتەوە.

---

1. Spesifikke bestemmelser finnes i tillegg i BK art.37, CMW art. 16, CRPD art.14, og i CED.

د- گرتنی مێرمنداڵی خوارتەمەن، بەگوێرەی قانوون‌و بەپێی یاســاو ڕێســا پەســند کراوەکان، مەبەست لەو کارە ئەوەیە کە ناوبراو بەمەبەستی پەروەردە کردن بخرێتە ژێرچاوەدێری، یان تەسلیمی ئەو بەشـــە لە کاربەدەستانی دەوڵەت بکرێ کە لە پێوەندی دەگەڵ پێ‌ڕاگەیشتن بە وەزعی ناوبراودا خاوەن شارەزایی‌و لێوەشاوەیی‌و سەلاحیەت‌و ئۆتۆریتەی پێویستن.

هـ – گرتنی قانوونیی هەندێک کەس بۆ نموونە بەمەبەســتی پێشگیری کردن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی‌یە درمەکان، گرتنی کەسانی ئالوودە بە ماددە سڕکەرەکان‌و ئەلکحوول، ڕاگرتنی کەسانێک کە لە باری ڕەوانی‌یەوە گیروگرفتیان هەیەو بە نەخۆش دادەنرێن. یان گرتنی کەســانی شــەقاوەو سەرسەری لەلایەن پۆلیسەوە. شایانی باسە کە لە هەموو ئەو جۆرە کەیسانەدا هەر جۆرە هەوڵدانێک بۆ گرتنی ئەو کەســانە، پێویســتە بەگوێرەی قانوون‌و بەپێی ڕێ‌وشــوێنە دیاری‌کــراو و لەپێش‌دا پەسندکراوەکان بێت.

و- گرتن‌و ڕاگرتنی کەسێک بەگوێرەی قانوون، بۆ ئەوەی پێش بە هاتنە ژووری ناوبراو بگرێ تا بەبێ ویزاو ڕەزامەندیی دەوڵەت نەیەتە نێو خاکی ئەو وڵاتەوە. یان گرتنی کەسێک بەگوێرەی قانوون کە دادگا یان کاربەدەســتانی ســەلاحیەت‌داری ئەو وڵاتە بڕیاری ناردنەوە یان وەدەرنانی ئەویان لە وڵاتەکەیان‌دا، لە پێش‌دا دەرکردوە. بەو جۆرە پۆلیس ناوبراو دەگرێ تا ئەو بڕیارە جێ‌بەجێ بکات.

هــەر ســەبارەت بەو بابەتە لە بەندی یەکەمــی ماددەی نۆهەمی کۆنڤانســیۆنی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان دا هاتوە:

هەموو کەســێک مافی ئــازادی‌و ئەمنیەتی شەخســیی هەیە. هیچ کەس نابێ بەشــێوەیەکی ســەرەڕۆیانەو خودســەرانە بگیردرێ، یان ئازادیی لێ‌وەرگیردرێتەوە. هیچ کەس نابێ بەشێوەیەکی نایاســایی‌و لە دەرەوەی ڕێ‌وشــوێنە پەســندکراوەکان‌دا بگیردرێ یان ئازادیی لێ وەرگیردرێتەوە. هەر چەشــنە گرتن‌و دەستبەسەر کردنی کەسێک بەبێ قانوون‌و بێ بەڵگەی یاسایی‌و لە دەرەوەی ڕێ‌وشوێنە دیاری کراوەکان‌دا، بە پێ‌شێل کردنی ئازادی‌و ئەمنیەتی شەخسی دژمێردرێ.

شایانی باسە لە پەرەگرافی یەکەمی ماددەی ۹۴ی یاسای بنەڕەتیی نۆرویژدا لەو بارەوە بڕیارێک هاتوە کە تارادەیەکی زۆر وەک ئەو بڕیارە دەچێ کە لەو پێوەندی‌یەدا لە کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان‌دا هاتووە:

هیچ کــەس نابێ بگیردرێ، زیندانی بکرێ یان ئازادیی لێ وەرگیردرێتەوە، بەبێ ئەوەی قانوون لــەو بارەوە بڕیاری دابــێ. لەوەش زیاتر گرتــن‌و زیندانی کردنی هەر کەســێک، نەک هەر دەبێ بەگوێــرەی قانوون بێ، بەڵکوو دەبێ بەپێی ئەو ڕێوشــوێن‌و مێتۆدانەش بێ کــە لەو بارەوە دیاری کراون. هیچ کەس نابێ لەخۆڕاو لە دەرەوەی قانوون بگیردرێ یان زیندانی بکرێ. بۆیە هەر چەشنە گرتن‌و دەست بەسەر کردنی کەسێک، نەک هەر پێویستە زەرووی بێ، بەڵکوو دەبێ بۆ مەبەستێکی مەشرووع‌و قانوونییش ئەنجام بدرێ.

لێرەدا جیاوازی‌یەک لە نێوان کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤو یاسای بنەڕەتیی نۆروێژو کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکان، لە پێوەندی دەگەڵ ئەو بابەتەدا دەبینین. کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا لیستەیەک لەو حاڵەتانە دەست نیشان دەکات کە بە پێ‌شێل کردنی مافی ئازادیو ئەمنیەتی شەخسی ناژمێردرێن. بەڵام کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو یاسای بنەڕەتیی نۆروێژ لەو بارەوە کراوەترن. ئەوان گرتنو زیندانی کردنی «سەرەڕۆیانەو خودسەرانە» قەدەغە دەکەن. بە واتەیەکی دیکە ئەوان تەنیا ئەو گرتنو دەستبەسەر داگرتنانە قەدەغە دەکەن کە دەکەونە دەرەوەی یاساوە. ئەو جیاوازی‌یە لە کردەوەدا گرینگیی تایبەت بەخۆی هەیە. بۆ نموونە گرتنو ڕاگرتنی کەسانێک کە مەترسیی ئەوەیان لێ دەکرێ لە باری ئەمنیەتی‌یەوە هەڕەشەو جێگای مەترسی بن، بەو مەرجەی بەشێوەیەکی خودسەرانەو سەرەڕۆیانە نەبێ، بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکان ڕێگای پێ‌دراوە. بەڵام بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا، کارێکی لەو چەشنە ڕێگای پێ نادرێ. ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە مەبەست لەو حاڵەتانەی کە لە کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا، لە لیستەکەدا وەک حاڵەتی بەدەر، دەست نیشان کراون، زۆرتر بریتی‌یە لە پێشگیری کردن لە گرتنو ڕاگرتنی کەسێک بەشێوەیەکی خودسەرانەو سەرەڕۆیانە تا دەستەبەر کردنی مافی ئازادیو ئەمنیەتی شەخسی[1].

لێرەدا بابەتی سەرەکی بریتی‌یە لە وەرگرتنەوەی ئازادی لە کەسێک. هەر کات ئازادی لە کەسێک وەربگیردرێتەوە، پێویستە بەگوێرەی ئەو ڕێ‌وشوێنە قانوونی‌یانە بێت. لە دەرەوەی ئەو ڕێ‌وشوێنانەدا، وەرگرتنەوەی ئازادی لە تاکەکەسەکان، ڕێگاپێ‌دراو نیە. دەبێ ئەوەش بزانین کە پەلاماردان دەبێ سنووردار بکرێ. ئاخر سنوردارکردنی ئازادیی کەسێک تەنانەت ئەگەر نەگاتە ڕادەی وەرگرتنەوەی ئازادییش لەو کەسە، بەو مانایە نیە کە بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنەکان کارێکی یاسایی‌یە. چونکە زۆر جار ڕەنگە ئەو جۆرە پەلامارو مەحدوود کردنەوەیە، ببێتە هۆی پێ‌شێل کرانی مافەکانی دیکەی ئەو کەسە، وەک مافی ژیانی تایبەتیو ژیانی بنەماڵەیی[2].

نێوەرۆکی دەستەواژەی «وەرگرتنەوەی ئازادی» ڕوونە. گرتنو زیندانی کردنی تاکەکەسەکان تەنیاو تەنیا لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە بەڕێوە دەچێ. بەگوێرەی ماددەی پێنجەمی کۆنڤانسیۆنەکە، جۆرەکانی دیکەی گرتنو سنووردار کردنی ئازادیی تاکەکان بریتین لە: گرتنو ڕاگرتنی کەسێک لە زینداندا وەک دژکردەوەیەک بە بێ‌نەزمیو بێ‌دیسپلینی لە کاتی بەڕێوە بردنی خزمەتی سەربازیدا، ڕاگرتنی بەزۆریی ئەو کەسانەی کە لە باری ڕەوانی‌یەوە نەخۆشن بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەری لە خەستەخانەکاندا، سزادانی کەسێک لە ڕێگای سنووردار کردنی ئازادیی ناوبراو بە هۆی بەکارهێنانی

1. Det kan diskuteres hvor stor forskjellen er i praksis: FNs menneskerettskomité har i General Comment No. 35 (2014) punkt 15 uttalt at sikkerhetsinternering «would normally amount to arbitrary detention», og at det bare kan godtas under helt eksepsjonelle omstendigheter.

2. Høstmælingen (2012) s. 167.

دەزگای ئەلەکترۆنی لە قاچەکانیدا، دەست بەسەری لە ماڵێ، حەپسی خانەگی، قەدەغە بوونی سەفەر لە کەسێک، حکوومەتی نیزامی، کەرەنتینە، قەدەغە بوونی هاتوچۆ لە ماوەیەکی دیاریکراو دا و هتد. لەو بارەوە دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ بەم جۆرە ڕوانگەی خۆی دەردەبڕێ: The distinction between deprivation of and a restviction upon. Liberty is merely» one of degree or intensity and not one of nature or substance»، بەو پێیە جیاوازی کردن لە نێوان وەرگرتنەوەی ئازادی لە کەسێک لەگەڵ مەحدوود کردنەوەی ئازادی لە کەسێک، پێویستی بە هەڵسەنگاندنی هەموو لایەنەکانی کەیسەکە هەیە. «a whole range of factors arising in a particular case, such as the type, duration, effects and manner of implementation of the measure in question». یانی پێویستە ئەو میکانیزمەی کە بۆ وەڵامدانەوە بە کەیسەکە دەکار دەکرێ، لە هەموو بارێکەوە شی بکرێتەوە. وەک ئەوەی کە لە چ فۆرمێک کەڵک وەردەگیرێ؟ ئەو میکانیزمە بۆ چ ماوەیەک بەکار دەبرێ؟ چۆن پیادە دەکرێ؟ چ شوێنەوارێکی دەبێو ڕادەی کاریگەربوونو کارا بوونی چەندە؟ هەموو ئەو لایەنانەی مەسەلەکە پێویستە وەبەرچاو بگیردرێن[1]. بۆ نموونە بەگوێرەی ماددەی پێنجەمی کۆنڤانسیۆنەکە، ڕاگرتنی کەسێک بۆ ماوەی نیوکاتژمێر دەکەوێتە خانەی پێشێل کرانی مافی ئازادیو ئەمنیەتی شەخسییەوە. بەگوێرەی بڕیارەکانی دادگای ئۆرووپا، ڕاگرتنی کەسێک بۆ ماوەی نیوسەعات دەبێتە پێشێل کردنی ئازادیی ئەو کەسە. کەیسی (Grlland and Quinton)[2] لە کەیسی (Simolovs) دا ئەو ماوەیە دەبێتە ٤٥ دەقیقە[3]. ئەوەش هەر بە وەرگرتنەوەی ئازادی دادەنری، ئەگەر کەسێک لە ڕووبەرێکی بەرینیشدا ڕێگای هاتوچۆی پێ بدرێ، بەڵام نەتوانێ لە چوارچێوەی ئەو ڕووبەرە بڕواتە دەرەوە. Guzzardi، لە ڕووبەرێکی دوو و نیو کیلۆمیتری چوارگۆشەدا ڕاگیرابوو. یانی لەو شوێنەدا ئازاد بوو، بەو حاڵەش ئەو کەیسە لەلایەن دادگاوە وەک وەرگرتنەوەی ئازادی لە ناوبراو لەقەڵەم درا[4].

هەر کاتێک ئازادی لە کەسێک وەرگیردرێتەوە، پێویستە بەوردی ئەوە لێک بدرێتەوە کە ئاخۆ ئەو کارە بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ، ڕەوایە یان نا. بەندی پێنجەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆ ئەوەی کەیسێک بکەوێتە چوارچێوەی کۆنڤانسیۆنەکەوەو وەرگرتنەوەی ئازادی لەو کەسە، لەگەڵ ئەسڵەکانی کۆنڤانسیۆنەکە بێتەوە، پێویستە ئەو وەرگرتنەوەی ئازادییە هەم قانوونی بێو هەم بەپێی ڕێوشوێنە قانوونیو دیاری

1. EMD, Engel (1976); EMD, Guzzardi (1980) punkt 93; EMD, H.L. (2004) punkt 89. Se også FNS menneskerettskomité, General Comment No. 35 (2014), punkt 15: «Deprivation of liberty involves more severe restriction of motion within a narrower space than mere interference with liberty of movement.»

2. EMD, Gillam og Quinton mot Storbritannia (2010).

3. EMD, Shimolovs (2011).

4. EMD, Guzzardi (1980).

کراوەکانیش جێبەجێ بکرێ. پێویستییی قانوونی بوونی هەر چەشنە وەرگرتنەوەیەکی ئازادی، لە ماددەکانی ٨، ٩، ١٠، و ١١ی کۆنڤانسیۆنەکەشدا هەر باسی لێ کراوە.

لە پێش هەموو شتێک دا پێویستە ئازادی وەرگرتنەوە، لە کەسێک قانوونی بێت. هەر کات ئەو مەسەلەیە دابین کرا، نۆرەی ئەوەیە هەوڵ بدەین ئەو جۆرە کردەوەیە، خودسەرانەو سەرەڕۆیانە نەبێ. هەر بەو جۆرەی کە لە کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکاندا باسی لێ کراوە. بە واتایەکی دیکە دەبێ ئەو کردەوەیە دەگەڵ یەکێک لەو خاڵانە بێتەوە کە لەو لیستەدا ڕیز کراون کە لەلایەن کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپاوە باسیان لێ کراوە. لەلایەکی دیکەشەوە پێویستە بزانین کە جیاوازی لە نێوان قانوونی بوونی وەرگرتنەوەی ئازادی لە کەسێکو چۆنیەتیی جێبەجێ کردنو پیادە کردنی ئەو ڕێساو یاسایانەدا هەیە کە لەو بارەوە پێویستە وەبەرچاو بگیردرێن. جاری وایە قانوون ڕێگا بە وەرگرتنەوەی ئازادی لە کەسێک دەدات، بەڵام بەو حاڵەش لە پیادە کردندا، مەسەلەکە دەگەڵ ڕێوشوێنە دیاری کراوەکان ناتەبایی پەیدا دەکات. جاری واشە بەپێچەوانەوە لە کاتی وەرگرتنەوەی ئازادی لە کەسێکدا، هەموو ڕێوشوێنە پێویستەکان وەبەرچاو دەگیردرێن، بەڵام لە ئەسڵدا کارەکە خودسەرانەیەو دەکەوێتە دەرەوەی قانوونو یاساو ڕێسا دیاری کراوەکان. چونکە قانوون ڕێگای بەو کارە نەداوە، یان دەسەڵاتێکی قانوونیو خاوەن سەڵاحیەت لەو بارەوە بڕیارێکی تایبەتی دەرنەکردوە.

کۆمیتەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەو بارەوە دەڵێ ماددەی نۆهەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکان، پێویستە بەشێوەیەکی بەرینو ئاواڵا لێک بدرێتەوە.

«to include elements of inappropriateness, injutice, lack of predictability and process of low, as well as elements of reasnoableness, necessity and proportionality[1]».

ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە کە وەرگرتنەوەی ئازادی لە کەسێک پێویستە دەگەڵ ئەو ڕێوشوێنو داوایانە بێتەوە کە لە کۆنڤانسیۆنەکەدا هاتوونو، لەلایەکی دیکەشەوە پێویستە مەنتیقیو گونجاو بێو بەپێی کەیسەکە مەعقووڵو موناسب بێ.

کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ بەڕوونی ئەو ڕێوشوێنانەی دەست نیشان کردوون کە مەشرووعیەت بە وەرگرتنەوەی ئازادی لە کەسێک دەدەن.

لە خاڵی «ئا»دا دەگوترێ کە ئەگەر کەسێک لەلایەن دادگایەکی خاوەن سەڵاحیەتەوە حوکمی گیرانی دەرکرابێو سزای زیندانی بۆ بڕابێتەوە، دەتوانرێ ئازادیی لێ وەربگیردرێتەوە. بەو حاڵەش لێرەدا هەندێک پرسیار دێتە پێش. دەگوترێ کە ئەو دادگایەی کە حوکمی وەرگرتنەوەی ئازادیی کەسێک دەردەکا، پێویستە خاوەن سەڵاحیەت بێ. پرسیار ئەوەیە کە سەڵاحیەتدار بوونی دادگا چ ئەرکێک دەخاتە سەرشانی ئەو کەسەی کە «مەحکووم» کراوە. لەوەش زیاتر لێرەدا ئەوەش گرنگە

1. FNs menneskerettskomite, General Comment No.35 (2014) punkt 12.

کە پێوەندی‌یەکی روون‌و ئاشـــکرا لە نێوان بڕیاری دادگاو وەرگرتنەوەی ئازادی دا هەبێت. پێویستە وەرگرتنەوەی ئازادی لە کەســـێک پاش هەڵسەنگاندنی هەموو لایەنەی کەیسەکەو وەبەرچاوگرتنی هەمو ڕاستی‌یەکان حوکمی لەسەر بدرێ.

ب- ئەم بەنـــدە بەبێ بڕیاری دادگاش تەنانەت ئەگەر لەو بارەوە یاســـاو قانوونیش دەرنەکرابێ، ڕێـــگا بە وەرگرتنەوەی ئازادی لە کەســـێک دەدا. بۆ نموونە ناوچەیـــەک وەک ناوچەی قەدەغەکراو دانـــراوە. واتە هاتوچۆی خەڵک بۆ ئەو شـــوێنە قەدەغە کراوە، بەو حاڵەش کەســـێک ئامادە نیە ڕێز لەو ڕێوشـــوێنە بگرێ‌و ئەو قەدەغەبوونە وەبەرچاو ناگرێ. لـــە وەختێکی ئاوادا پۆلیس دەتوانێ ئەو کەســـە بگرێ‌و ئازادیی لێ وەربگرێتەوە، یان کەســـێک کەماڵیاتی لەســـەرەو ئامادە نیە ئەو ماڵیاتە بدات کە دەکەوێتە سەر شانی[1]، یان کەسێک کە ئەو دەستوورە وەبەرچاو ناگرێ کە بۆ بڵاوەکردنی خۆپێشـــاندانێک دەرکراوە، یان لە حاڵێک‌دا کە لە نێوان چەند کەس‌دا شەڕو کێشە لە گۆڕێ دایەو پۆلیـــس داوای ئەوەیان لێ دەکات یەخەی یەکتر بەردەن‌و لەو شـــوێنە دوور کەونەوە، بەڵام ئەوان گوێ بە داوای پۆلیس نادەن[2]. لێرەدا، پێویســـتە کەیســـێکی کۆنکرێت‌و حاڵەتێکی زیندوو لە گۆڕێ دابێ، تا لەو پرنسیپە کەڵک وەربگیردرێ. ناکرێ لەپێش‌دا ئازادی لە کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک وەرگریەوە بەو بیانووەی کە دەتەوێ بەشـــێوەیەکی گشـــتی یاســـاو قانوون بپارێزی، یان ئەو کارە پێویســـتە بۆ وەبەرچاوگرتنی قانوون‌و یاســـا. هەروەها ناکرێ ئازادی لە کەسێک وەربگیردرێتەوە بۆ ئەوەی کەسێکی دیکەی خزمی ئەو، یان کەسێکی دیکەی نزیکی ئەو ئەرکێک جێ‌بەجێ بکات، یان چاوەڕوانی‌یەک وەدی بێنی. لەلایەکی دیکەشەوە بەگوێرەی ئەو بەندە، هەرچەشنە وەرگرتنەوەیەکی ئازادی لە کەســـێک پێویستە ڕاستەوخۆ بۆ جێ‌بەجێ کردنی ئەو ڕێوشوێنانە بێ کە دیاری کراون. واتە ڕاستەوخۆ بەمەبەستی وەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنە دیاری کراوەکان ئەنجام بدرێ.

ج- لە کردەوەدا ئەو خاڵە لە کاتی پیادە کردنی‌دا، زۆرترین ناڕوونی دەگەڵ خۆی دێنێ. بەگوێرەی ئەم خاڵە، دەکرێ بەشێوەیەکی قانوونی کەسێک بگیردرێ، یان ئازادیی لێ وەرگیردرێتەوە. بۆ ئەوەی تەســـلیمی دادگایەکی ســـەلاحیەت‌دار بکرێ، ئەگەر گومانێکی زۆرو مەنتقی لەو بارەوە هەبێت، کە ناوبـــراو تاوانێکـــی ئەنجام داوە، یان زۆر نیشـــانە لەگۆڕێ دان کە ئەو کەســـە خەریکی ئەنجامدانی تاوانێکـــە، یان تاوانێکی کـــردووەو دەیەوێ ڕابکا. بەو جۆرە دەردەکەوێ کە ئەو بەندە، ڕێگا بە گرتن‌و زیندانیی کەســـێک دەدا، بەمەبەستی پێشگیری کردن لە ڕوودانی تاوانێک یان کارەساتێک «گرتن‌و زیندانی کردنی کەسێک، بۆ پێشگیری کردن لە ڕوودانی کردەوەیەکی سزاهەڵگر، یان جینایەتێک» بەو جۆرە ئەم بڕیارە کەمێک کێشەخوڵقێنە. چونکە ڕێگا بە پەلاماردانی کەسێک دەدا، ڕێگا دەدات کەســـێک بخرێتە بەر پەلامار، ڕێگا بە پۆلیس دەدات کە کەســـێک دەســـتگیر بکات، ڕێگا دەدات

1. EMD, Gothlin (2014); EMd, Llioyd (2005).

2. EMD, Ostendorf (2013).

کەسێک بخرێتە حەپسەوە تا لەو ڕێگایەوە پێش بە ڕوودانی تاوانێک بگیردرێ.

بەشی دووهەمی ئەو بڕیارە مەرجی ئەوە دادەنێ کە مەبەست لە وەرگرتنەوەی ئازادی لە کەسێک دەبێ ئەوە بێ کە بەمەبەستی لێپرسینەوەو پێڕاگەیشتن، «ناوبراو بدرێتە کاربەدەستانی یاسایی‌و سەلاحیەتدار». دیارە ئەوە لەو حاڵەتەش‌دا هەر ڕاستە کە «ئازادی لە کەسێک وەردەگیردرێتەوە تا پێش لە ڕوودانی کردەوەیەکی سزاهەڵگر لەلایەن ئەو کەسەوە بگیردرێ»[1]. دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، لەو بارەوە دەڵێ ئەو بڕیارە تەنیا لە پێوەندی دەگەڵ ئەو کەیسانەدا کەڵکی لێوەردەگیرێ، کە بە کەیسی جینایی دادەنرێن. لەوەش زیاتر بەگوێرەی ئەو بەندە، گرتن‌و وەرگرتنەوەی ئازادی لە کەسێک تەنیا ئەو کاتە دروستە کە پێش بە کردەوەیەکی کۆنکرێتی سزاهەڵگر بگرێ. واتە بەشێوەیەکی ڕوون‌و ئاشکرا پێش بە ئەنجامدانی تاوانێک بگرێ. بە واتەیاکی دیکە ناکرێ لەو بەندە بۆ گرتنی کەسێک کەڵک وەرگیرێ کە بەشێوەیەکی گشتی وەک مەترسی‌و هەڕەشە بۆ سەر یاساو قانوون بەحیساب دێ‌و وێدەچێ کە یاسا بخاتە ژێر پێ‌وە.

د- ئەو خاڵە ڕێگا دەدات کە کەسێکی ژێر تەمەن، واتە مێرمنداڵێکی ژێر هەژدە ساڵ، بگیردرێ، یان ئازادیی لێ وەربگیردرێتەوە، بەمەبەستی ئەوەی کە بخرێتە ژێر پرۆگرامێکی پەروەردەیی‌یەوە[2]. یان بۆ ئەوەی تەسلیمی «کاربەدەستانی یاسایی‌و سەلاحیەتدار» بکرێ. لە بەشی یەکەمی ئەو بەندەدا دەگوترێ کە دەکرێ مێرمنداڵێک بەمەبەستی پەروەردە کردن بخرێتە چوارچێوەی ئەنستیتۆیەک واتە دامەزراێکی پەروەردەیی‌یەوە، یان ئەنستیتۆیەکی پەروەردەیی تایبەت بە منداڵان. بەشی دووهەمی ئەو بەندە ڕێگا دەدات کە نەک هەر بەمەبەستی پەروەردەیی‌و بۆ پێشگیری کردن لە تاوان، بەڵکوو بەگوێرەی بڕیارێکی تایبەتی‌و دیاری‌کراو، بۆ نموونە بەهۆی پێداویستی‌یەکانی پێوەندی‌دار بە سەرپەرستی‌و پێڕاگەیشتنەوە، ئازادی لە مێرمنداڵێک وەرگرێتەوەو تەسلیمی کەسێک یان کەسانێک بکرێ کە بەگوێرەی قانوون‌و بە بڕیاری کاربەدەستانی سەلاحیەتدار بۆی دیاری کراوە.

هـ - ئەو بەندە بۆ هەندێک مەبەستی کۆمەڵایەتیی ڕوون‌و دیاری کراو، ڕێگا بە وەرگرتنەوەی ئازادی لەتاکە کەسەکان دەدات . بەگوێرەی ئەو بەندە دەکرێ ئازادی لە کەسێک وەرگیردرێتەوە ئەگەر ئازادیی ناوبراو مەترسی‌و هەڕەشە بۆ سەر ئەو ژینگەیە دروست کات کە ناوبراو تێی‌دا دەژی. بە مانایەکی دیکە کاتێک ئازادیی کەسێک هەڕەشەو مەترسی دەخاتە سەر ژینگەی دەوروبەری ئەو کەسە، بەگوێرەی ئەو بەندە دەکرێ ناوبراو بگیردرێ‌و ئازادیی لێ وەربگیردرێتەوە.

و- ئەو بەندە ڕێگا بە وەرگرتنەوەی ئازادی لە پێوەندی دەگەڵ ئەو کەیسانەدا دەدا کە پێوەندی‌یان بە کەسانی بیانی‌یەوە هەیە، بۆ نموونە بۆ پێشگیری کردن لە کەسێک کە دەیەوێ

---

1. Fast praksis utviklet siden EMD, Lawless (1961).
2. Engelsk originaltekst: «educational supervision».

بەشێوەی نایاسـایی بێتە نێوخۆی وڵاتەوە یان بۆ وەدەرنانی کەسێک کە حوکمی وەدەرنانی ناوبراو لەلایەن کاربەدەسـتانی سـەڵاحیەتدارەوە ڕاگەیەنراوە. ئەو ماددەیە لەو بارەوە تا ڕادەیەک ناڕوونە. لەوێدا دەگوترێ «بەمەبەسـتی ناردنەوەی» ئەو کەسە ڕێوشوێنی ئیبتکاری دەکار بکرێ. شایانی باسـە لەو بارەوە دادگای ئۆرووپا دەڵێ لە حاڵەتی ئاوادا کاربەدەسـتان پێویستە هەموو لایەنەکانی کەیسـەکە لێک دەنەوەو بەوردی هەموو ڕاسـتییەکانی پێوەندیدار بە مەسەلەکە بخەنە ژێر باسو لێکۆڵینەوە، جا لەسـەر بناخەی ئەو ڕاسـتییانە بڕیاری وەرگرتنەوەی ئازادی لەو کەسە بدەن. واتە وەرگرتنەوەی ئازادی لە کەسێک پێویستە پاکانەی پێویستی بۆ بکرێو بەگوێرەی بەڵگەو ڕێوشوێنە دیاری کراوەکان بێ[1].

ماددەی پێنجەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤو ماددەی نۆهەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکان ئەو ڕێوشوێنو ئەسڵە جۆراوجۆرە ئیزافییانەیان دیاری کردوون کە لە کاتی وەرگرتنەوەی ئازادی لە کەسێک پێویستە لەبەرچاو بگیردرێن. ئەو پرنسیپانە هەوڵ دەدەن، قازانجو بەرژەوەندییەکانی ئەو کەسە دەستەبەر بکەن کە ئازادیی لێوەردەگیردرێتەوە. ئەو بڕیارنامانەی لەو دوو کۆنڤانسـیۆنە دا لەو بارەوە هاتوون، لە شێوەی داڕشـتنیاندا جیاوازییان دەگەڵ یەک هەیە، بەڵام لە نێوەرۆکدا بەدوای یەک مەبەستەوەن. لە پەرەگرافی دووهەم تا پێنجەمی ماددی پێنجەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ دا هاتوە کە:

٢- ئەو کەسەی دەگیرێو دەست بەسەر دەکرێ، دەبێ دەستبەجێ بە زمانێک کە لێی تێدەگا، حاڵی بکرێ کە لەبەرچی گیراوەو چ گومانێکی لەسەرە.

٣- هەر کەسـێک بەگوێرەی بەندی پەرەگرافی I.Cی ئەم ماددەیە دەگیردرێ یان ئازادیی لێ وەردەگیردرێتەوە، پێویسـتە تەسلیمی کاربەدەستانی یاساییو سـەڵاحیەتدار بکرێ تا بەگوێرەی قانـوونو لە ماوەیەکی گونجاو لەدادگای بەراییدا بە کێشـەکەی ڕابگەن، یا تا پێداویسـتییەکانی ئامـادە بوونـی پەروەندەکەی پێک دێن، ئـازاد بکرێ. دەبێ بگوترێ کە ئازادیی ئەو کەسـە دەبێ مەرجدار بکرێ بە ئامادەبوونی ناوبراو لە دادگادا، لە کاتی بەڕێوە چوونی دادگای سەرەکیدا کە پاش ئامادەبوونی هەموو لایەنەکانی پەروەندەکەی بەڕێوە دەچێ.

٤- هەر کەسـێک کە دەگیرێ، دەستبەسـەر دەکرێ، یان ئازادیی لێ وەردەگیردرێتەوە، مافی ئەوەی هەیە کە سکاڵا بەرێتە بەر دادگا بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە کە ئایا گیرانی ناوبراو قانوونییە یان نا. ئەگەر دەرکەوێ کە گرتنو دەستبەسەر کردنی ناوبراو قانوونی نیە، پێویستە ناوبراو دەستبەجێ ئازاد بکرێ.

٥- هـەر کەس کە بۆتـە قوربانیو بە پێچەوانەی بەندەکانی ئەو ماددەیـە گیراوە، یان ئازادیی

---

1. Andre menneskerettigheter supplerer denne bestemmelsen ved å gå lenger i å sette grenser for frihetsberøvelser i slike saker.

لێوەرگیراوەتەوە، حەقی ئەوەی هەیە قەرەبوو بکرێتەوەو قەرەبوو کردنەوەکەشی بۆ جێبەجێ بکرێ.

بەو جۆرە دەبینین کە لێرەدا زۆر مەرج بۆ وەرگرتنەوەی ئازادی لە کەسێک ڕیز کراون. داوا دەکرێ کە زانیاریی پێویست سەبارەت بەو کەیسە لەگۆڕێ دابێو هەموو لایەنەکانی مەسەلەکە لێک بدرێنەوە، جا پاشان بڕیاری گیران یان وەرگرتنەوەی ئازادی لە کەسێک بدرێ. پاشان دەگوترێ کە پێویستە لە ماوەیەکی گونجاودا پەروەندەکە لەلایەن دادگاوە بخرێتە بەر لێکۆڵینەوەو بڕیاری لەسەر بدرێ. سەرەڕای ئەوەش ئەو کەسەی ئازادیی لێوەردەگیردرێتەوە حەقی ئەوەی هەیە دەستبەجێ کەیسەکەی بەرێتە بەردەم دادگا بۆ ئەوەی بزانێ کە ئایا گرتنو دەستبەسەر کردنی ئەو، کارێکی یاسایییە یان نا. لەوەش زیاتر ئەگەر دەرکەوێ کە ئەو کەسە بۆتە قوربانیو بەشێوەیەکی نایاسایی گیراوەو ئازادیی لێ زەوت کراوە، ئەوە پێویستە قەرەبوو بکرێتەوە. ماددەی دەهەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکان لەوەش تێدەپەڕێو دەڵێ «هەموو ئەوانەی ئازادییان لێ زەوت دەکرێ پێویستە بەشێوەیەکی ئینسانیو بە ڕێزو حورمەتەوە و بەوەبەرچاو گرتنی نرخو بایەخە ئینسانییەکانەوە ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێ». بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ باسێک لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوت کردن دەگەڵ کەسانی زیندانی بکات. ئەو بڕیارە لە کاتی بەکارهێنانیدا سەربەخۆیییەکی سنوورداری هەیە[1].

دەبێ بگوترێ کە دەوڵەتەکان دەتوانن مافی ئازادیو ئەمنیەتی شەخسی هەڵپەسێرن، یان لە جێبەجێ کردندا ئاڵوگۆڕی تێدا پێک بێنن، یان دەگەڵ وەزعی تایبەت بە وڵاتی خۆیان بیگونجێنن. ئەو مافە، لەو مافو ئازادییانەیە کە لە کردەوەدا دەوڵەتەکان زۆرترین هەڵپەساردن، سنووردار کردنو تەعدیل کردنی تێدا پێک دێنن. لە هەندێک هەلومەرجی تایبەتیو پێویستدا، دەوڵەتەکان ناچارن بەندەکانی ئەم کۆنڤانسیۆنانە وەبەرچاو نە گرن، تا ئازادی لەو کەسانە وەرگرنەوە کە بەجۆرێک قازانجو بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی وڵاتو نەتەوە دەخەنە مەترسیو هەڕەشەوە،[2].

دەبێ بگوترێ کردەوەیەکی لەو جۆرە کە لەلایەن دەوڵەتەکانەوە ئەنجام دەدرێ، بەو مەرجەی بەگوێرەی قانوونو یاسا بێ، ڕێگا پێدراوە. واتە بەو مەرجەی سڕ کردنی ئەو مافە یا سنووردار کردنی، یان تەعدیل کردنو گونجاندنی بەگوێرەی یاساو قانوون چووبێتە پێش ڕێگاپێدراوە .

### ٣.٦ ئازادیی هاتوچۆ

مافی ئازادیی هاتوچۆ پێوەندییەکی نزیکی بەو ڕێوشوێنانەوە هەیە کە بۆ سنووردار کردنی

1. Norge har avgitt reservasjon for så vidt gjelder «article 10, paragraph 2 (b) and paragraph 3 'with regard to the obligation to keep accused juvenile persons and juvenile offenders segregated from adults'», fordi dette i visse tilfeller strider mot prinsippet om at innsatte skal sone nærmest mulig hjemmet.

2. EMD, A mot Storbritannia (1998).

وەرگرتنەوەی ئازادی لەبەرچاو گیراون. بەوحاڵەش لە نێوان ئەو دووانەدا جیاوازی هەیە. ئەم جیاوازی‌یەش لە کردەوەدا بایەخی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ سنووردار کردنەوەی وەرگرتنەوەی ئازادی دانراون، زۆر سەختگیرترن لەو ڕێوشوێنانەی کە ڕێگای پەلامار بۆ سەر ئازادیی هاتوچۆی تاکەکەسەکان دەدەن.

کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ماددەی دووهەمی پرۆتۆکۆڵی ژمارە چوارەمی خۆی‌دا (TP4-2)، ئازادیی هاتوچۆ دەپارێزێ. لەوێ‌دا دەگوترێ:

١- هەرکەس کە بەشێوەیەکی یاسایی لەسەر خاکی وڵاتێک‌دا بەسەر دەبا، مافی هەیە بە ئازادی لە سەرتاسەری خاکی ئەو وڵاتەدا هاتوچۆ بکاتو بەئازادی شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی هەڵبژێرێ.

٢- هەموو کەسێک ئازادە کە هەر وڵاتێک کە بیهەوێ بە وڵاتەکەی خۆشیەوە بەجێ بێڵێ.

٣- بۆ کەڵک وەرگرتن لەو مافانە هیچ چەشنە مەحدوودیەتێک لەگۆڕێ‌دا نیە. هەر جۆرە مەحدوودیەتێک بخرێتە سەر ئەو مافانە، دەبێ بەگوێرەی قانوونو بۆ هەڵسووڕانی کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیک، پێویست بێ. لە قازانجو بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەیی و نەزمو هێمنیی کۆمەڵایەتی‌دا بێ، یان بەمەبەستی پێشگیری کردن لە تاوان، پاراستنی تەندروستی‌و مۆراڵی گشتی یا بەمەبەستی پاراستنی مافو ئازادیی کەسانی دیکە دانرابێ.

٤- ئەو مافو ئازادی‌یانەی لە بەندی یەکەمی ئەو ماددەیەدا هاتوون، بەگوێرەی قانوونو بە لەبەرچاوگرتنی قازانجو بەرژەوەندی‌یەکانی کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیک، دەکرێ لە هەندێک بوارو هەلومەرجی تایبەتی‌دا، مەحدوود بکرێنەوە. لەوەش زیاتر ماددەی سێ‌هەمی هەمان پرۆتۆکۆل (TP4-3) دەڵێ: هیچ کەس نابێ لە وڵاتی خۆی دەربکرێ، یان ڕێگای نەدرێ بگەڕێتەوە وڵاتەکەی.

مافی ئازادیی هاتوچۆ هەر بەو شێوەیە لە ماددەی دوازدەهەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکانیش‌دا پارێزراوە. لە ماددەی ١٠٦ی دەستووری وڵاتی نۆروێژدا سەبارەت بە مافی ئازادیی هاتوچۆ دەگوترێت:

هەر کەس کە بەشێوەیەکی قانوونی لەسەر خاکی وڵاتێک‌دا دەژی، مافی ئەوەی هەیە لە چوارچێوەی سنوورەکانی وڵات‌دا بە ئازادی هاتوچۆ بکاو ئازادانەش شوێنی ژیانی خۆی هەڵبژێرێ. هیچ کەس ڕێگای ئەوەی لێ ناگیرێ کە وڵاتەکەی بەجێ بێڵێ، مەگەر ئەوەی کە ئەو کارە بۆ جێ‌بەجێ بوونی کارایی دادوەری یان لەبەر جێ‌بەجێ کردنی خزمەتی سەربازی پێویست بێ. هاووڵاتیانی نۆروێژ ئەگەر بیانەوێ بێنە نێو خاکی وڵاتی خۆیان لە هیچ هەلومەرجێک‌دا پێشیان لێ ناگیرێ.

هەر بەو جۆرە پەرەگرافەکانی «d»و «i» و«ii»ی ماددەی پێنجەمی کۆنڤانسیۆنی قەدەغەبوونی جیاوازیی ڕەگەزی، هەروەها پەرەگرافی چوارەمی ماددەی پازدەهەمی کۆنڤانسیۆنی قەدەغە بوونی جیاوازی کردن بەرانبەر ژنان، هەروەها ماددەی دەیەمی کۆنڤانسیۆنی منداڵ، ماددەی هەژدەهەمی

کۆنڤانســـیۆنی تایبەتی بە مافەکانی کەســـانی خاوەن پێداویســـتیی تایبەتی مافی ئازادیی هاتوچۆ دەپارێزن.

مافی ئازادیی هاتوچۆ لە سێ بەشی سەرەکی پێک دێ. یەکەم، مافی هەموو کەس بۆ هاتوچۆی ئازادانەو لە چوارچێوەی سنوورەکانی وڵاتی خۆیداو بۆ هەڵبژاردنی ئازادانەی شوێنی نیشتەجێ بوون لـــە وڵاتەکەیدا دەپارێزێ. دووهەم، ئەو مافە ئازادیی ئـــەوە بە هەموو کەس دەدا کە ئەگەر بیەوێ وڵاتی خۆی بەجێ بێڵێ. بەشـــی ســـێهەمیش رێگا بە هەموو کـــەس دەدات کە هەر کات بیەوێ، بێتـــەوە بۆ وڵاتـــی خۆی. واتە بەگوێرەی ئەو مافە، هەر هاووڵاتییـــەک مافی ئەوەی هەیە هەرکات بیەوێ بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆیو نابێ لەو بارەوە کۆسپی لەسەر رێگادا بۆ دروست بکرێ، یان رێی لێ بگیرێ. شـــایانی باســـە مافی ئازادیی هاتوچۆ کردن لە چوارچێوەی سنوورەکانی وڵاتدا و مافی هەڵبژاردنی ئازادانەی شوێنی نیشتەجێ بوون، تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی یاسایی لەو وڵاتەدا بەسەر دەبەن. بەڵام مافی بەجێهێشتنی هەر دەوڵەتێک، ئەگەر یەکێک بیهەوێ، هەموو کەس دەگرێتەوە جا ئەو کەســـە چ بەشـــێوەی قانوونی لەو وڵاتەدا بێ یان بەشێوەیەکی نایاسایی، هیچ لە ئەسڵی مەسەلەکە ناگۆڕێ. بەو حاڵەش دەبێ ئەوە بزانین کە مافی ئازادیی هاتوچۆ مافێکی موتڵەق نیە. ئەوە  کە چ لە کردەوەداو چ لە باری قانوونییەوە، زۆر جار ئازادیی هاتوچۆ ســـنووردار دەکرێ، یان مەحدوودیەتی لەســـەر دادەنرێ، بەمەبەستی دەستەبەر کردنو وەبەرچاوگرتنی مافو ئازادییەکانـــی دیکە. جاری واشـــە بە پێی خاڵەکانی ســـێهەمو چوارەم، کە لـــە پێوەندی دەگەڵ کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤدا باســـمان لێ کردون، مەحدوودیەت دەخرێتە سەر مافی ئـــازادی هاتوچۆ[1]. دیارە لە کردەوەشدا کەڵک وەرگرتن لـــەو مافەو جێبەجێ کردنو پیادە کردنی لەگـــەڵ گیروگرفت بەرەوڕوو دەبێ. ئاخر مرۆڤ چ لە بـــاری ئابووریەوە، چ لە باری وەزعی ژیانو بەرێوەچوونەوە، چ لە باری کارو ئیشـــەوە، چ لە پێوەندی دەگەڵ بەرپرسایەتییەکانیدا، هێندە ئازاد نیە کە بە ئارەزووی خۆی لە چوارچێوەی سنوورەکانی وڵاتێکدا ئازادانە بگەڕێ، یان شوێنی ژیانو نیشـــتەجێ بوونی خۆی هەڵبژێرێ. بە واتایەکی دیکە، لە کردەوەدا مرۆڤ هێندەش ئازاد نیە کە بە ئارەزووی خۆی لەو مافە کەڵک وەرگرێ.

لەلایەکی دیکەشـــەوە مافی ئازادانەی هاتنە نێو خاکی وڵاتەوە، تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە هاووڵاتیی ئەو دەوڵەتە دادەنرێن. ئەو مافە لە کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤو تەنانەت لە یاســـای بنەڕەتیی نۆرویژیشدا وەک مافێکی موتڵەق ناسراوە. بەڵام بەو حاڵەش پێویستە وا لێک بدرێتەوە کە زۆر جار ڕەنگە دەوڵەت ئەو مافە ســـنووردار بکات، یان هەڵیپەســـێرێ یان تەعدیلی تێدا پێک بێنێ. لە بەندی دوازدەهەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکاندا هاتوە کە هیچ کەس نابێ بەشـــێوەیەکی «خودسەرانە» رێگای لێ بگیردرێ کە بێتە نێو خاکی وڵاتی خۆیەوە. ئەوە

1. Vilkårene for inngrep samsvar i all hovedsak med vilkårene for inngrep i EMK art.8 til 11, se punkt 5.3.

لە پێوەندی دەگەڵ بڕیارەکانی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپاش‌دا هەر ڕاستە، تا ئێستا دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ لە پێوەندی دەگەڵ ئەو مەسەلەیە لە پراکسیسی خۆی‌دا هەڵوێستێکی وەرنەگرتووە.

## ٣.٧ مافی بەرانبەریی بەرامبەر قانوون، مافی دەستڕاگەیەشتن بە مەحکەمەو دادگایەکی عادلانەو دادپەروەرانە

### ٣.٧.١ بڕیارەکانی کۆنڤانسیۆنەکان

لەنێو هەموو ئەو بڕیارانەی سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە کۆنڤانسیۆنەکان‌دا دراون، ئەو بڕیارە، لە پێوەندی دەگەڵ ڕادەی بەکار بردنی‌دا لە پلەی دووهەم‌دا دێت[1]. ئەم مافە بە یەکێک لە پرنسیپە سەرەکی‌یەکانی دەوڵەتی قانوون بەحیساب دێ. لەوەش زیاتر ئەو مافە ڕۆڵی سەرەکی لە دەستەبەر کردنی دابەش کردنی دەسەڵاتو ڕاگرتنی بالانس لە نێوان دەسەڵاتەکانی قانوون‌گوزاری، دادپەروەری‌و بەڕێوەبەری‌دا دەگێڕێ. ئامانجی سەرەکیی ئەو بڕیارە ئەوەیە کە بەرابەری‌و مافی وەک‌یەکی هەموان لە بەرانبەر یاسادا دابین‌و حەق‌و عەداڵەت‌و بەرپرسایەتی لە پرۆسەی دادوەری‌دا دەستەبەر بکات.

ماددەی شەشەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ دەڵێ:

١-هەموو کەسێک لە پێوەندی دەگەڵ ئەو مافو ئەرکانەدا کە وەک هاووڵاتی دەکەونە سەر شانی، یان لە پێوەندی دەگەڵ ئەو تاوانانەی کە ئاراستەی دەکرێن، لە ماوەیەکی گونجاو دا، لە دادگایەکی عادلانەی کراوە و سەربەخۆو بێ‌لایەن‌دا کە بەپێی قانوون دامەزراوە، مەحکەمە بکرێ. بڕیاری دادگا بەشێوەیەکی ئاشکرا لە ڕۆژنامەی ڕەسمی‌دا بڵاو دەکرێتەوە. ئەگەر ئەو تێبینی‌یانەی خوارەوە لە گۆڕێ دابن، دەکرێ هەموو یان بەشێک لە پرۆسەی دادگا بەشێوەیەکی نائاشکراو بە بێ بەشداریی مێدیا، بڕواتە پێش. ئەو تێبینی‌یانە بریتیین لە تێبینی‌یە ئەخلاقی‌یەکان، ئەمنیەت‌و ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیک‌دا، وەبەرچاوگرتنی ژیانی شەخسیی لاوان، یان ژیانی شەخسی‌و بنەماڵەییی هەر دوو لایەنی کێشەکە، یان کاتێک کە بە هۆی وەزعێکی تایبەتی‌یەوە، ئاشکرابوونی دادگا، زیان بە قازانجو بەرژەوەندی‌یەکانی عەداڵەت دەگەیەنێ.

٢- هەر کەس کە گومانی ئەوەی لێ دەکرێ کە کردەوەیەکی سزاهەڵگری ئەنجام دابێ، تا ئەو کاتەی لە دادگادا و بەپێی قانوون بە تاوانبار لە قەڵەم نەدراوە، بە کەسێکی بێ‌تاوان دەناسرێ‌و وەک بێ‌تاوانیش سەیر دەکرێ.

٣- ئەو مافانەی خوارەوە، لانی کەمی ئەو مافانەن کە بۆ ئەو کەسە لەبەرچاو گیراون کە گومانی ئەوەی لێ دەکرێ کردەوەیەکی سزاهەڵگری ئەنجام دابێ. بۆیە هەر کەس کە گومانی لێ دەکرێ

---

1. Historisk sett angår over halvparten av sakene i EMD retten til rettferdig rettergang, hvor spørsmål om varigheten av rettsprosesser er den største kategorien.

کردەوەیەکی ســـزاهەڵگری ئەنجـــام داوە، حەقی خۆیەتی کە لانی کەم ئەو مافانەی بۆ دەســـتەبەر بکرێن:

ئا: بە زمانێک کە لێی تێدەگا، هەروەها بەشـــێوەیەکی زۆر ســـادە پێویستە بۆی ڕوون بکرێتەوە کـــە گومانی ئەنجامدانی کام تاوانی لێ دەکرێ. بەوردی لە نێوەرۆکی ئەو تاوانە ئاگادار بکرێتەوە کە گومان دەکرێ ناوبراو ئەنجامی داوە.

ب: وەختو دەرفەتی تەواوی بۆ بەرگری کردن لە خۆی بدرێتێ.

ج: ڕێگای پێ بدرێ خۆی یان لە ڕێگای پارێزەرێک کە بۆخۆی هەڵیدەبژێرێ، دیفاعو بەرگری لـــە خۆی بکات. ئەگـــەر بۆ خۆی توانای دابیـــن کردنی خەرجی‌یەکانی پارێـــزەری نەبێ، دەوڵەت بەمەبەستی دابین کردنی بەرژەوەندی‌یەکانی عەداڵەت، پێویستە خەرجی پارێزەری بۆ دابین بکات.

د: ڕێگای پێ بدرێ کە قسە لەگەڵ ئەو کەسانە بکات یان گوێ لەو کەسانە بگرێ کە شاهیدی بەدژی ئەو دەدەن. هەر بەو جۆرە حەقی ئەوەی هەبێ کە لەگەڵ ئەو کەســـانەش قسە بکات کە بە قازانجی ئەو دەیانەوێ شاهیدی بدەن.

هـــ : ئەگەر لەو زمانە حاڵی نەبێ کە لە دادگادا کەڵکـــی لێوەردەگیرێ، مافی ئەوەی هەیە بە خەرجی دەوڵەت، لە دیلمانج کەڵک وەرگرێو لەو بارەوە پێویستە دیلمانجێکی بۆ ئامادە بکرێ.

ماددەی چواردەهەمی کۆنڤانســـیۆنی مافە مەدەنیو سیاســـی‌یەکانیش ئـــەو مافە دەپارێزێ. ئەو مافە لەو کۆنڤانسیۆنەدا زۆر بەوردی شی کراوەتەوە. گەلێک ڕێوشوێن لەوێدا بۆ دەستەبەر کردنی ئـــەو مافە وەبەرچاو گیراون. بەو حاڵـــەش جیاوازی‌یەکی زۆر لە نێوان ئەو بڕیارانەدا نیە کە لەو دوو کۆنڤانسیۆنانەدا، بەمەبەستی دابین کردنی ئەو مافە فۆرمۆڵە کراون.

دادگای ئۆرووپا لە پراکسیســـی خۆیدا تێگەیشـــتنی خۆی لە هەردووکیان هەر بە یەک شێوە لێک دەداتەوە. لە بەر ڕووناکایی هەمان تێگەیشتنو لێکدانەوەشدا، بڕیارەکانی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا لە پێوەندی دەگەڵ مافی مەحکەمەیەکی عادلانەدا پیادەو بەڕێوە دەبا.

ماددەی نەوەدوپێنجی دەستووری نۆروێژیش ئەو مافە دەستەبەر دەکا. لەو ماددەیەدا بەشێوەیەکی گشتی لەو بارەوە دەگوترێ کە:

هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە کە کێشەکەی لە دادگایەکی سەربەخۆ و بێ‌لایەن‌دا لە ماوەیەکی گونجاودا، بەشێوەیەکی عادلانەو ئاشکرا یەکلا بکرێتەوە. ئەگەر ژیانی شەخسیی لایەنەکانی کێشەکە، یان قازانجو بەرژەوەندی‌یە گشـــتی‌یەکان ئەوە بخوازن، دادگاکە دەکرێ بەشێوەیەکی داخراو بەڕێوە بچێ. کاربەدەستانی دەوڵەت سەربەخۆیی‌و بێ‌لایەنیی دادگاکان دابین‌و دەستەبەر دەکەن.

ئـــەو بڕیارانەی لە کۆنڤانســـیۆنەکەدا هاتوون، دەبنـــە تەواوکەری ئەو بڕیارانـــەی لەو بارەوە لە دەستووردا باســـیان لێ کراوە[1]. لە کاتی پیادە کردنی بڕیارەکانی دەستووردا، دادگاکان زۆر بەوردی

1. Tvisteloven (17.juli 2005) og straffeprosessloven (22.mai 1981).

ئەو خاڵانە وەبەرچاو دەگرن کە لە کۆنڤانسیۆنەکان دا باسیان لێ کراوە.

کۆنڤانسیۆنەکان زۆر بە وردی ئەو ڕێوشوێنانەیان دیاری کردوون کە بۆ بەڕێوەچوونی دادگاو مەحکەمەیەکی عادڵانە پێویستن. ئەو ڕێوشوێنانە گەلێک یاساو ڕێسای تایبەتی لەو بارەوە دەگرنە خۆ[1].

### ٣.٧.٢ کێشە مەدەنیو جینایییەکان

یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا ئەوەیە کە لە ماددەی شەشەمی خۆیدا، کۆمەڵە مافێکی زۆرتر بۆ کێشە جینایییەکان بە بەراورد لەگەڵ کێشە مەدەنییەکاندا وەبەرچاو دەگرێ[2]. بەشی یەکەمی ئەو ماددەیە، هەم کێشە مەدەنیو هەم کێشە جینایییەکان دەخاتە ژێر ئۆتۆریتەی خۆی. واتە ئەو بەشە لە پێوەندی دەگەڵ هەردووکی ئەو جۆرە کەیسانەدا بەکار دێت. بەڵام بەشی دووهەمو سێهەم تەنیا بۆ پێڕاگەیشتن بە کێشە جینایییەکان تەرخان کراوە. هەر بۆیە سنووردانان لە نێوان ئەو دوو جۆرە کەیسانەدا مەسەلەیەکی زۆر سەرەکییە. پێش ئەوەی لەو بارەوە بدوێین، وا باشە لە پێوەندی دەگەڵ موحاکەمەی عادڵانەدا باسی فاکتۆرێکی گەلێک گرنگ بکەین کە لە تێکستەدا زۆر بەڕوونی باسی لێ کراوە. ئەویش بریتییە لەو خاڵە گرنگەی کە دەڵێ هەمووان مافی ئەوەیان هەیە بەشێوەیەکی ڕەسمیو واقعی لە حەقی موحاکەمەو دادگایییەکی عادڵانە کەڵک وەرگرن. واتە مافی هەموو کەسێکە کە بەڕەسمیو بەشێوەیەکی ڕاستەقینە، بەکردەوە، لە دادگایەکی عادڵانەو سەربەخۆو بێلایەندا کێشەکەیان یەکلا کرێتەوە. دادگای ئۆرووپا لەسەر ئەو بڕوایەیە کە مافی موحاکەمەی عادڵانە ئەگەر هەر بریتی بوایە لەوەی کە پێویستە کێشەکان بۆ چارەسەر کردن بەرێتە دادگا، دەستەواژەیەکی خەیاڵی دەبوو، چونکە دەوڵەتەکان زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی پێش بەوە بگرن کە کێشەکان بۆ پێڕاگەیشتن بدرێتە دادگا[3]. مەسەلەی «Access to Court» پێویستە لە بەر ڕووناکایی ئەو پرنسیپە گشتییەدا لێک بدرێتەوە کە دەڵێ پێویستە دەسڕاگەیشتن بە دادگا، بێ ئەولاولا بەشێوەیەکی واقعیو ڕاستەقینەو کارا بۆ هەمووان دابین بکرێ[4]. ئەوە بەو مانایەیە کە ئەو مافانە پێویستە بەشێوەیەکی واقعیو لە کردەوەدا بۆ هەمووان گەرانتیو دەستەبەر بکرێن. واتە «guarantee not rights that are theoretical or illuosory but rights that are partical and effective»[5].

بە وتەیەکی دیکە ئەو مافانە پێویستە بەشێوەیەکی ڕاستەقینەو کارا جێبەجێو پیادە کرێن.

---

1. For mer utførlig litteratur, se f.eks. White/Ovey (2010) w.242-277.

2. Det samme gjelder SP art.14, men i fortsettelsen diskuterer vi bare EMK.

3. EMD, Golder (1975).

4. Se punkt 2.3.1.2.

5. Fast praksis siden EMD, Airey (1979) punkt 24.

مافی دەستڕاگەیشـــتن بە دادگاو موحاکەمەیەکی عادڵانە تەنیا ئەو کاتە دابینو دەستەبەر دەکرێ کە زۆر فاکتۆری دیکە لە گۆڕێ دابنو لە زۆر بواردا زەمینەی پیادە کردنی ئامادە کرابێ. دادگایەکی عادلانە ئەودەم ئیمکانی بەڕێوەچوونی هەیە کە سیستەمێکی دادوەریی سالـمو سەربەخۆو بێ‌لایەن لەگۆڕێ دابێ، ئیمکانی جۆراوجۆر بۆ دەستڕاگەیشـــتن بە یارمەتیو مەشۆرەتی یاساییو قانوونی بۆ هەمووان هەبێ، خەرجی دادگاو موحاکەمە بە جۆرێک بێ کە خەڵک لە بنی بێنە دەر، بێ‌جیاوازیو هـــەڵاواردن هەمووان دەســـتیان وە دادگاو موحاکەمەیەکی عادڵانە رابـــگاو ژمارەیەکی زۆر وەکیلو پارێزەر هەبن کە خەڵک بتوانن بۆ چارەســـەریی کێشەکانیان، بەکاریان بێنن. نەک هەر لە ناوەندی شـــارە گەورەکان دا، پێویستە لە هەموو شوێنەکانو ناوچە دووردەستەکانی وڵاتیش‌دا ئەو ئیمکاناتە لە بەر دەســـتی خەڵـــک دابێ. تەنیا لە بارودۆخێکی ئاوا دایە کـــە موحاکەمەی عادڵانە، بۆ هەموان دابین دەبێ.

بڕیارەکانی کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ لە پێوەندی دەگەڵ مافی موحاکەمەیەکی عادڵانە لە دوو بواردا بەکار دێن. «مافو ئەرکەکانی هاووڵاتیان»و «کێشـــەو کەیســـە جیناییەکان». هەر کام لەو دەســـتەواژانە مانای تایبەت بەخۆیان هەیەو بەشـــێوەیەکی سەربەخۆ لێک دەدرێنەوە. ئەوە مانای وایە کە نێوەرۆکی ئەو دوو دەستەواژانە لەلایەن دادگای ئۆرووپاوە دەست نیشان دەکرێ. نەک لەلایەن کاربەدەستانی وڵاتانی ئەندامی کۆنڤانسیۆنەکەوە.

«مـــافو ئەرکەکانی هاووڵاتیان» کە بە ئینگلیســـی «civil rights and obligations» مانایەکی زۆر بەرین دەگرێتە خۆ. ئەو دەستەواژەیە هەر ئەو مافو ئەرکانە ناگرێتەوە کە کەسێک لە بەرانبەر کەســـانی دیکەدا دەکەونە سەر شـــانیان و بۆی پەیدا دەبێ. ئەو مافو ئەرکانەش دەگرێتەوە کە لە بەرانبەر کاربەدەســـتانی دەوڵەتو دامودەزگا ڕەســـمی‌یەکان‌دا دەکەونە سەر شانی تاکەکەسەکان، یان بە پێچەوانەوە، لەو پێوەندی‌یەدا دەکەونە ســـەر شـــانی کاربەدەســـتان. وەک بیمەو یارمەتی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانو هتد. دادگای ئۆرووپا لەو بارەوە ســـنوورێک دیـــاری دەکات. ئەو دادگایە دەڵێ مافە سیاســـی‌یەکان ئەو بڕیارە نایانگرێتەوە. هەروەها دانی ماڵیات ناچێتە چوارچێوەی ئەو باسەوە[1]. هەروەها هەندێک مەســـەلەی دیکەش کـــە پێوەندی‌یان بە وەزعی بیانی‌یەکانـــەوە هەیە هەر بەو جۆرە تەماشـــا دەکرێن. ئەگەر کێشەیەک بکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو دەستەواژەوەو هەروەها نەکەوێتە چوارچێوەی کێشـــەو کەیسە جینایی‌یەکانیشەوە، ئیدی ئەوە بەو مانایەیە کە خاوەنی ئەو کەیسە مافی ئەوەی نیە کە کێشەکەی لە دادگادا یەکلا بکرێتەوە.

هەر بەو جۆرە دەستەواژی «کێشە جینایی‌یەکان»یش مانایەکی بەرین دەگرێتە خۆ. بەشێوەیەکی ســـەرەکی ئەو کێشانەش بەسەر دوو بواردا دابەش دەبن. دیارە زۆر جار لە هەندێک جێگا هەر دوو جۆرەکان یەکتر دادەپۆشـــن، یان دەکرێ بڵێین یەکتر دەبڕن. لە پێش‌دا پێویستە «دژکردەوە»یەک

1. Men saken om straffeskatt eller tilleggsskatt omfattes derimot av «straffesiktelse».

ڕووی دابێ تا وەک «سزا» بەحیساب بێ. دژکردەوەکە پێویستە بەرانبەر بە نەزمو مەسەلە ئینزیباتیو دیسپلینی‌یەکان نەبێ. لەو حاڵەتەدا دەکەوێتە دەرەوەی بڕیارنامەکانەوە. لەلایەکی دیکەشەوە پێویستە قسە لە تاوانبار بوونی کەسێک لە گۆڕێ دابێ. یان کەسێک گومانی لێ بکرێ کە لەو بارەوە تاوانبارە. واتە تۆمەتێک لە ئارا دابێ. بۆ ئەوەی دژکردەوەیەک بە سزا بناسرێ، زۆر ڕێوشوێن دیاری کراون. ئەو ڕێوشـــوێنانە پێوەندی‌یان بەوە هەیە کە ئەو دژکردەوانە، چۆن لە یاساو قانوونی وڵاتەکان‌دا جێ‌یان بۆ کراوەتەوە، کاراکتەری ئەو ســـکاڵایە چۆنە کە لە گۆڕێ دایە، ڕادەی دژکردەوەکە چۆن بووەو چ جیددییەتێکی تێ‌دایە. لەلایەکی دیکەشـــەوە مەبەســـت لە «تۆمەت» بەگوێرەی پێناسەی دادگای ئۆرووپـــا بریتی‌یە لـــە: «the official notification given to an individual by the competent authority of an allegation that he has committed a criminal offence»، دیـــارە دادگای ئۆرووپا لەوەش زیاتر تێدەپەڕێو دەڵێ کەســـێک بە تاوانبار دەناســـرێ ئەگەر بکەوێتە بەر کارکردی هەندێـــک میکانیزمی دیکەی کە: «which carry the implication of such an allegation and which likewise substantially affect the situation of the suspect[1]».

### ٣.٧.٣ نێوەرۆکو پێداویستی‌یەکانی موحاکەمەیەکی عادڵانە

ئەگەر ســـەرنج بدەینە ئەو بوارانەی کە بڕیارەکانی کۆنڤانسیۆنەکان دەیانگرنەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە بەمەبەســـتی دابین کردنی موحاکەمەیەکی عادڵانە، زۆر ڕێوشـــوێنو یاســـاو ڕێســـای ورد لەو بارەوە وەبەرچاو گیراون. ئەو یاســـاو ڕێســـایانەش لە پراکسیســـی قەزاییو حقووقیی بەرین‌دا ڕوون کراونەتەوەو چۆنیەتیی بەکارهێنانیان دیاری کراوە. پێش هەر شـــتێک بۆ ئەوەی موحاکەمەیەک بە موحاکەمەیەکی عادڵانە دابنرێ، پێویســـتە بەشێوەیەکی گشتی هەموو لایەنەکانی ئەو موحاکەمەیە لێک بدرێتەوە. زۆر جار موحاکەمەیەک، هەرچەند بەڕواڵەت هیچ کام لەو پرنسیپانەشی نەخستوونەتە پشـــت گوێ کە بۆ بەڕێوەچوونی دادگایەکـــی عادڵانە لەبەرچاو گیـــراون، موحاکەمەیەکی عادڵانە نیـــەو دەکەوێتە دەرەوەی ئەو خاڵانەی کە وەک مەرجـــی بەڕێوەچوونی دادگایەکی عادڵانە دیاری کراون. جیا لەوە ئەو ڕێوشـــوێنە کۆنکرێتانە کە بۆ بەڕێوە چوونی دادگایەکی عادڵانە دیاری کراون، دەگەڵ هەندێک ڕێوشـــوێنی گشـــتی‌تریش لێک گرێ دراون کە بۆ ئەو مەبەســـتە پێویستن. واتە ڕێوشـــوێنە گشـــتی‌یەکان، دەبنە تەواوکەری یاساو ڕێســـا کۆنکرێتو دیاری کراوەکان. بۆ نموونە پرنسیپی بەرابەریو وەک یەک بوون لە بەرانبەر دادگادا، لەو وەسڵە گرنگانەیە.(equality of arms) ئەســـڵێکی گشتی ئەوەیە کە پێویستە هەر دوولایەنی کێشـــەکە «دەستیان بە ئەندازەی یەک بێ». واتە پێویســـتە هەر دووک لا دەرفەتی ئەوەیان بۆ بڕەخسێ، بە یەک ئەندازە لە ئیمکاناتی پێویست بۆ بردنە پێشی قازانجەکانی خۆیان لە کاتی بەڕێوەچوونی دادگادا کەڵک وەرگرن.

---

1. EMD, Foti (1982) punkt 52.

پرنسـیپێکی گشـتیی دیکە ئەوەیە کە هەردوو لا بە یەک ئەندازە دەستیان بەو بەڵگەو سەنەدو دۆکیومێنتانـە ڕا بـگا کە لە پێوەندی دەگەڵ پەروەندەکەیان‌دا لەبەر دەسـتی دادگا دان. هەروەها هـەردوولا دەرفەتی ئەوەیان بـۆ دابین بکرێ کە بزانن لایەنی بەرانبەر چ زانیاری‌یەکی بۆ دژایەتیی ئەو لەبەردەسـت دایە. پرنسیپێکی گشـتیی دیکەش بریتی‌یە لەو پرنسیپە کە دەڵێ هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە خۆی لە هەر چەشـنە قسـەو ڕەفتارو یارمەتی‌یەک دوور بگرێ کە ببێتە هۆی ئەوەی وەک تاوانبار بناسـرێ. یانـی پرنسـیپی «the prohibition of self incrimination» واتە «قەدەغە بوونی خۆتاوانبار کردن». بە واتەیەکی دیکە کەس ئەرکی ئەوەی لەسەر شان نیە کە قسەو کردەوەیەک ئەنجام بدا کە یارمەتی بە تاوانبار بوونی خۆی بکات.

ئەسـڵێکی گشـتیی دیکە ئەوەیە کە دەڵێ کێشەکان پێویسـتە «لە ماوەیەکی گونجاودا» یەکلا بکرێنەوە. واتە پێویستە لە ماوەیەکی مەعقوول‌دا پەروەندەکە لە دادگادا بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە. ئەو مەسەلەیە پێویستیی بە شی کردنەوەو هەڵسەنگاندنێکی گشتی هەیە. ئایا پەروەندەکە چەندە ئاڵۆزە؟ پێ‌ڕاگەیشـتن بە پەروەندەیەکی لەو جۆرە چەندی وەخت دەوێ؟ ئایا پێداویستی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی کار کردن لەسـەر ئەو پەروەندەیە لەبەر دەسـت دان؟ ئەو کەسەی سکاڵای کردوە تا چە ڕادەیەک یارمەتی داوە کە کەیسـەکە لـە ماوەیەکی دیاری‌کراوی مەعقووڵ‌دا بخرێتە بـەر لێکۆڵینەوە؟ ئایا سکاڵاکەر پێویستی بەوەیە کە هەرچی زووتر پەروەندەکە بخرێتە بەر لێکۆڵینەوەو یەکلا کردنەوە یان نا؟ ئایا کاربەدەستان توانیویانە ئەو کارە پێویستانە ئەنجام دەن تا کەیسەکە لە ماوەیەکی مەعقوول‌و گونجاودا بە ڕێگای یەکلاکردنەوەدا بڕواتە پێش؟

پرنسـیپێکی گشتیی دیکە ئەوەیە کە دەڵێ کێشەکان پێویستە لەلایەن «دادگایەکی سەربەخۆو بێ‌لایەن کە بەگوێرەی قانوون دامەزرابێ» یەکلا بکرێتەوە. ئەوە مانای وایە کە دادگا پێویستە سەربەخۆ لە کاربەدەسـتان کاروباری خۆی بەڕێوە بەرێ. لەوەش زیاتـر نەک هەر دەبێ لە پێوەندی دەگەڵ کاربەدەسـتانی دەوڵەت‌دا، بەڵکوو پێویستە لە پێوەندی دەگەڵ لایەنەکانی کێشەکەش‌دا، سەربەخۆ بێ‌و بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ کار بکات. هەروەها لە پێوەندی دەگەڵ لایەنەکانی کێشـەکەش‌دا، پێویستە دادگا تەواو بێ‌لایەن بێ.

بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ دادگا سـەربەخۆیە یا نا، پێویسـتە زۆر لایەنی مەسەلەکە لێک بدرێتەوە. وەک ئـەوەی کە ئەندامانی دادگا چۆن دیاری کراون، بۆ چ ماوەیەک لەو پۆسـتەدا کاریان کردوە، چەنـدە لەو پۆسـتەدا ماونەتەوە، چ گەرانیتی‌یەک لـە گۆڕێ دایە کە ئەوان نەکەونە ژێر فشـارو پاڵەپەسـتۆی دەرەوەی دادگا، لەوەش زیاتر ئاخۆ دادگا وەک دادگایەکی سەربەخۆ ڕەفتار دەکا یان ئایا دادگا وەک دادگایەکی سەربەخۆ ناوی دەرکردوە یان نا؟ ئایا دادگا سەربەخۆ دێتە بەرچاو؟

بۆ ئەوەی بزانین دادگایەک بێ‌لایەنە پێویسـتە لەبەر ڕووناکایی ئەو ڕاسـتی‌یەدا ئەو مەسەلەیە بخرێتـە بەر لێکۆڵینەوە کە لە بـاری عەینی‌یەوە دادگا تا چ ڕادەیەک بێ‌لایەنـە. واتە ئایا وا دێتە

بەرچاو کە دادگا بێلایەن بێو بەشـــێوەیەکی بێلایەنانە ڕەفتار بکات. بەڵام ئەو مەسەلەیە پێویستە لە باری زەینیشەوە، لێک بدرێتەوە. واتا ئایا قازییەکی دیاریکراو لە پێوەندی دەگەڵ پەروەندەیەکی دیاریکراودا، بێ لایەن دەجووڵێتەوە یان نا؟ یان لەو پێوەندییەدا هەست دەکرێ ناوبراو لە یەکێک لە لایەنەکانی کێشەکە نزیکترە، یان بە جۆرێکی دیکە قازانجی لەوە دایە کە کێشەیەک بە لایەکی دیاریکراودا یەکلا بێتەوە؟

وەک ئەسڵێکی سەرەکی پرۆسەی چوونە پێشی دادگا، قەزاوەتی دادگاو بڕیاری دادگا، پێویستە بەشێوەی ئاشکرا بڕۆنە پێش. ئەو پرنسیپە سەرەکییە بۆیە دانراوە تا پێش بە هەر چەشنە پرۆسەیەکی نهێنیکاری لە پێوەندی دەگەڵ یەکلا کردنەوەی کێشـــەکەدا بگـــرێو قازانجو بەرژەوەندییەکانی عەداڵەت دەستەبەر بکرێن.

پێویســـتە بگوترێ کە زۆر ڕێگاو ڕێساو یاسای جۆراوجۆر دەست نیشان کراون کە لەو بارەوە بە ریزپەڕ دادەنرێن. دیارە ئەو ڕێســـاو یاســـایانەی کە وەک ڕیزپەڕ دیاری کراون، بۆ دابینو دەستەبەر کردنی قازانجو بەرژەوەندییە گشتییەکان، تێبینییە ئەخلاقییەکان یان پاراستنی ژیانی شەخسیو بنەماڵەیی لایەنەکانی کێشەکان لەبەرچاو دەگیردرێن.

ئەو پرنسیپانە هەم لە کەیسە مەدەنیو هەم لە کەیسە جینابیەکاندا پێویستە وەبەرچاو بگیردرێن. ســـەرەڕای ئەوانە، لە پێوەندی دەگەڵ کەیسە جینابییەکاندا زۆر ڕێوشوێنی دیکەش دانراون کە پێویستە بەوردی لەکاتی بەرێوە چوونی دادگا، وەبەرچاو بگیردرێن.

لە پێوەندی دەگەڵ کێشـــەو کەیســـە جینابییەکاندا، پرنســـیپێکی زۆر گرنگ لە گۆڕێ دایە کە پێویســـتە هەمیشـــە وەبەرچاو بگیردرێ. بەگوێرەی ئەو پرنســـیپە ئەو کەسەی کە گومانی لێ دەکـــرێ تاوانێکی ئەنجـــام دابێ، بەبێ تاوان دادەنـــرێ تا ئەو کاتەی لـــە دادگادا پێچەوانەی ئەوە بە بەڵگەوە دەســـەلمێنرێ. ئەو پرنســـیپە پێش بەوە دەگرێ کە دادگا، یان کاربەدەســـتان لە قسەو بڵاوکراوەکانیاندا، پێش دەرچوونی بڕیاری دادگا، کەســـێک بە تاوانبار دابنێن. لەوەش زیاتر، پێش لەوەش دەگرێ کە لە کاتی بەڕێوەچوونی دادگادا، ئەو کەســـە بە چاوی تاوانبار تەماشا بکرێو هەر بەو چاوەش هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ. کردەوەیەکی لەو چەشنە شوێنەوار لەسەر بڕیاری دادگاش دادەنێ. واتە ئەگەر کەســـێک لە دادگادا بەچاوی تاوانبار ســـەیر بکرێو هەر بەو جۆرەش ڕەفتاری لەگەڵ بکرێ، لە کۆتاییدا ئەو هەڵوێستە لە بڕیاری دادگاشدا بە جۆرێک خۆی نیشان دەداو ڕەنگ دەداتەوە. یان تەنانەت ئەگەر ئەو کەســـە بە بێتاوانیش دەرچێ، هەر بەو جۆرە ســـەیری دەکرێو ڕەفتاری دەگەڵ دەکرێ[1].

هەر کەســـێک کە شـــکی ئەوەی لێ دەکرێ تاوانێکی ئەنجام داوە و بەو هۆیە ڕادەگیرێ، مافی ئـــەوەی هەیە بـــەو زمانەی کە بۆخۆی لێی حاڵی دەبێ، زانیاری ســـەبارەت بەو تۆمەتە بدرێتێ کە

1. For norsk rett, se Grunnloven 96(2).

ئاڕاستەی کراوە. دیارە ڕادەی ئەو زانیاری‌یەی لەو بارەوە دەبێ بدرێتە ئەو کەسە، یان ڕادەی خێرایی جێبەجێ کردنی ئەو پرنسیپە لە کەیسێکەوە بۆ کەیسێکی دیکە دەگۆڕدرێ. مەسەلەیەکی دیکەش لێرەدا لە گۆڕێ دایە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو کەسەی کە دەچێتە دادگا، ئەگەر لەو زمانە حاڵی نەبێ کە دادگا کاری پێ دەکا، مافی ئەوەی هەیە بێ‌بەرانبەر، واتە بەخۆڕاییو لەســـەر خەرجی دەوڵەت دیلمانجێکی بۆ ئامادە بکرێ کە هەموو باسو لێدوانو قســـەو باسەکانی دادگای بۆ وەرگێڕێتە سەر زمانی خۆی یان ئەو زمانەی کە زۆر باش لێی حاڵی دەبێ. پاشان ئەو کەسە وەختی تەواوی بدرێتێ کە خۆی بۆ بەرگری کردن لە خۆی ئامادە بکات. هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە بەرگری لە خۆی بکات، یان لەو بارەوە یارمەتیو مەشـــوەرەتی قانوونیو یاسایی وەربگرێت. هەموو کەس حەقی هەیە کە ئەو شـــاهیدانە ببینێ کە بەدژی ئەو شـــاهیدی دەدەنو گوێی لە قســـەو باسەکانیان بێ. لەوەش زیاتر مافی ئەوەی هەیە کە کەسانێک بۆخۆی دیاری بکاتو داوایان لێ بکات کە بە قازانجی ئەو شاهیدی بدەنو گوێشی لەو قسەو باسانە بێ کە ئەوان قەرارە لە دادگادا بیانهێننە گۆڕێ.

کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکان لەوەش زیاتر دەڕواتە پێش. هەموو ئەو ڕێو شوێنانەی لـــەو بارەوە لە کۆنڤانســـیۆنی مافە مەدەنیو سیاســـی‌یەکان‌دا هاتوون لە ئاســـتی ئۆرووپادا بە پێی ماددەکانی ٢، ٣، ٤ی پرۆتۆکۆڵی ئیزافیی ژمارە حەوتەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، دەستەبەر کراون. بەگوێرەی «TP-2» ئەو کەسەی کە بە بڕیاری دادگا ڕازی نیە، مافی ئەوەی هەیە داوای پێداچوونەوە بەو بڕیارەدا بکات. حەقی هەیە بزانێ بە چ هۆیەکەوە تاوانبار کراوە، چ گوناهێکی خراوەتە پاڵ[1]. لەوەش زیاتر مافی ئەوەی هەیە کە ســـکاڵای خۆی بەرێتە بەر دادگایەکی بەرزتر تا ســـەرلەنوێ چاو بە کەیسەکەی‌دا بخشێنێتەوەو ئەگەر پێویست بێ لەو بارەوە ئاڵوگۆڕ لە بڕیارەکەدا پێک بێنێ. بەگوێرەی TP7-3، ئەگەر کەسێک بەپێی بڕیاری دادگا مەحکووم بکرێو دواتر دەرکەوێ کە ئەو بڕیارەی دادگا لە جێی خۆی دانەبووە، مافی ئەوەی هەیە کە قەرەبوو بکرێتەوەو خەســـاراتی بدرێتێ. واتە ئەو زەرەرو زیانەی بۆ قەرەبوو بکرێتەوە کە لەو بارەوە بۆی هاتۆتە پێش. چونکە ناوبراو بەشێوەیەکی ناعادڵانەو لەسەر بناخەیەکی نادروست مەحکووم کراوە، مافی ئەوەی هەیە کە قەرەبوو بکرێتەوە. هەروەها بە پێی «TP-4» سزادانی دووبارەی کەسێک، قەدەغەیە. واتە ناکرێ کەسێک دوو جار بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێکەوە ســـزا بدرێت یان مەحکووم بکرێ. لەوەش زیاتر ئەو پرنســـیپەش وەک ئەســـڵێکی ســـەرەکی لە پێوەندی دەگەڵ عادڵانە بوونی موحاکەمەدا سەیر دەکرێ کە دەڵێ کردەوەیەک بە تاوان دادەنرێ کە لە کاتی ئەنجامدانی‌دا، بەگوێرەی قانوون، بەتاوان بناسرێ.

بەپێی ماددەی ٧ی کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤو ماددەی پازدەهەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاســـی‌یەکان، کردەوەیەک تەنیا ئەو کاتە بە تاوانو جینایەت، یان بە کردەوەیەکی سزاهەڵگر دادەنرێ کە لە کاتی ئەنجامدانی ئەو کردەوەیەدا، بەگوێرەی قانوون بە تاوان بەحیساب بێ.

1. SP art. 14(5) sier «og».

بۆیە هیچ کەس نابێ بە تاوانی ئەنجامدانی کردەوەیەک سزا بدرێ کە دواتر بەپێی قانوون بە تاوان ناســـراوە . هەر لەو پێوەندی‌یەدا ئەسڵێکی دیکەی گرینگیش هەیە کە پێویستە لەبەرچاو بگیردرێ. ئەویش ئەوەیە کە هیچ کەس نابێ سزایەکی قورستر لەوەی بۆ ببڕدرێتەوە کە لە کاتی ئەنجامدانی ئەو کردەوە ســـزاهەڵگرە دا ئەنجامی داوە، بەو شـــێوەیە نەبووە. ئەوە بەو مانایەیە کە ئەگەر کەسێک تاوانێکی کردوە، پێویســـتە بەپێی ئەو قانوونانە ســـزای بۆ دیاری بکرێ کە لە کاتی ئەنجامدانی ئەو تاوانەدا بۆ ســـزادانی تاوانێکی لەو چەشنە لەبەرچاو گیراون. دواتر ئەگەر قانوون سزایەکی قورستری بۆ ئەو جۆرە تاوانە وەبەرچاو گرت، نابێ لە پێوەندی دەگەڵ ئەو کەیسانەدا کار بەو یاسایە بکرێ کە پێش پەسند کرانی یاساکە ئەنجام دراون.

### ٣.٨ ڕێز گرتن لە ژیانی شەخسی‌و بنەماڵەیی‌و هتد

Njål Høstmælingen لە کتێبە دەرســـی‌یەکەی خۆی‌دا، ماددەی هەشتەمی کۆنڤانسیۆنی ئورووپا و ماددەی حەڤدەهەمی کۆنڤانســـیۆنی مافە مەدەنی‌و سیاســـی‌یەکان وەک «زمانەی دڵنیایی» واتە فۆرمێـــک لە کۆکـــراوەی ئەو مافانە کە لە کۆنڤانســـیۆنەکان‌دا بەڕوونی پێ‌یان لەســـەر دانەگیراوە» لەقەڵەم دەدا[1]. ئەو شـــێوە دەربڕینە زۆر بەجێ‌یە، چونکە ئەو بڕیارانەی کە لێرەدا باسیان دەکرێ لە زۆر هەلومەرجدا، بەکار دێن‌و لە زۆر بارودۆخدا بایەخی خۆیان نیشـــان دەدەن. کۆڵەکەی هاوبەشی نێـــوان هەموو ئەو بڕیارانە ئەوەیە کە ئـــەوان هەموو ئەو بوارە جۆراوجۆرانە کە پێوەندی‌یان بە ژیانی خسووسی‌و بنەماڵەییی مرۆڤەکان‌و ئەتمۆسفێری ژیانی تایبەتیی ئەوانەوە هەیە دەپارێزن.

لە ماددەی ٨ی کۆنڤانسیۆنی ئۆروپایی مافەکانی مرۆڤ دا دەگوترێ:

١- ژیانی خسووســـی‌و بنەماڵەیی، ماڵ‌و نامەنیگاریی هەموو کەســـێک جێگای ڕێزە. بەگوێرەی قانوون، ئەو مافە پێویستە بۆ هەموو کەسێک دەستەبەر بکرێ.

٢- هیچ جۆرە دەخالەتێک لەلایەن کاربەدەســـتانی دەوڵەتەوە بۆ سنووردار کردن، هەڵپەساردن‌و مەحـــدوود کردنەوەی ئەو مافانە قبووڵ ناکرێ، مەگەر ئەوەی کە ئەو چەشـــنە دەخالەتە بەگوێرەی قانـــوون بێ، لـــە کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیک‌دا بەمەبەســـتی وەبەرچاوگرتنی ئاسایشـــی نەتەوەیی، ئەمنیەتی گشـــتی، ڕەفاهی ئابووری، پێشگیری کردن لە بێ‌نەزمی‌و پشێوی‌و جورم‌و جینایەت، یان بە هۆی وەبەرچاوگرتنی تێ‌بینی‌یە تەندروســـتی‌و ئەخلاقی‌یەکان، یان بەمەبەستی وەبەرچاوگرتنی ماف‌و ئازادیی کەسانی دیکە، بەپێویست بزانرێ.

ماددەی حەڤدەهەمی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان، بە جۆرێکی دیکە داڕێژراوە. بەڵام بەشـــێوەیەکی ســـەرەکی هەر هەمان نێوەرۆکـــی هەیە[2]. هەر لەو پێوەندی‌یـــەدا لە ماددەی

---

1. Høstmælingen (2012) s.222.

2. SP art.17 nevner i tillegg uttrykkelig vern av øre og omdømme, men dette innfortolkes også i SMK art.8.

شـــازدەهەمی کۆنڤانسیۆنی منداڵدا، باسی پاراستنی مافەکانی منداڵان لەو بوارانەدا کراوە. هەر بەو جۆرە لە ماددەی ٢٢ی کۆنڤانسیۆنی تایبەت بە مافەکانی کەمئەندامان‌دا، مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتی لەو بوارانەدا پارێزراون. ئەو مافانە لە ماددەی ١٠٢ی دەستووری وڵاتی نۆرویژدا بۆ هەمووان پارێزراون. جگە لەوە هەر لەو بارەوە بە ئاشکرا لە دەستووری نۆرویژدا هاتووە کە پێویستە «the personal integrity» هەموو کەسێک بپارێزێ.

ماددەی ٨ی کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ بەشێوەی ماددەکانی ٩، ١٠و ١١ دارێژراوە. دواتـــر لەو بارەوە دەدوێین. لە بەشـــی یەکەمی ئەو ماددەیەدا بـــاس لەو مافانە دەکرێن کە لەلایەن ئـــەو بڕیارە، واتە ئەو ماددەیە، دەپارێزرێن. بەڵام لە بەشـــی دووهەمی ئـــەو ماددەیەدا ئەو مەرجانە دەست نیشان کراون کە بەگوێرەی ئەوان کاربەدەستانی دەوڵەت دەتوانن مەحدوودیەت لەسەر ئەو مافانە دانێن. لێرەدا بەشـــێوەیەکی بەرین باسی مەودای پاراستنی ئەو مافانە لەلایەن ئەو ماددەیەوە دەکەین‌و پاشـــان باســـی ئەوەش دەکەین کە بە چ شـــێوەیەک کاربەدەســـتانی دەوڵەت دەتوانن مەحدوودیەت لەسەر ئەو مافانە دانێن. ئەو ماددەیە «ژیانی خسووسی»، «ژیانی بنەماڵەیی»، «ماڵ» و «نامە نیگاری» دەپارێزێ. بۆ هیچ کام لەو دەستەواژانە پێناسەیەکی ڕوون نەکراوە یان سنوورێک بۆ ماناو چوارچێوەیان دەست نیشان نەکراوە. لەوەش زیاتر سنووری هەر کام لەو دەستەواژانە زۆر جار بەرین دەبێتەوەو هەندێک جار سنووری یەکتریش دەبڕن‌و یەکتر دادەپۆشن.

بەشـــێوەیەکی ڕوون‌و کۆنکرێت کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەوە دەست نیشان دەکات کە: «the notion of private life within the meaning of article 8 of the Convention is abroad term not susceptible to exhaustive definition.»[1]

دادگای ئۆرووپـــا لـــە کاتی کار کردن بەو بڕیارانە لە پێوەندی دەگەڵ دەســـت نیشـــان کردنی نێوەرۆکـــی ئەو دەســـتەواژانەدا زۆر لایەن‌و توخمی جۆراوجۆر دەخاتـــە چوارچێوەی لێکدانەوەکانی خۆی. بەشـــێوەیەکی گشـــتی ئەو ماددەیە «the moral and physical integrity of the person» دەپارێزێ. لەوەش زیاتر «a right to personal development, the right to establish and develop relationships with other human beings and the outside world»[2] دەپاریزێ. ئەو پارێزگاری‌یە «Personal autunomy» شی دەکاتەوە.

واتـــە «multiple aspects of the persons physical and social identity»[3]. دەســـتەبەر دەکات. دادگای ئۆرووپا لەوەش زیاتر دەڕواتە پێش‌و لە کاتی بەکارهێنانی ئەو ماددەیەدا زۆر توخمی کۆنکرێتی دیکەش دەخاتە چوارچێوەی لێکدانەوەکانی خۆیەوە. بۆ نموونە ئەو ماددەیە ئەو لایەنانەش دەگرێتـــەوە: «elements such as gender identification, name, sexual orientation and

1. EMD, Aksu (2012) punkt 58; EMD, peck (2003) punkt 57.
2. EMD, Niemietz (1992) punkt 29; EMD, El-masri (2012) punkt 248; EMD, Nada (2012) punkt 151.
3. EMD, Aksu (2012) punkt 58.

«sexual life»[1] یـــان «personal choices as to an individuals desired appearance, whether in public or in private palces»[2] هـــەر چەند ئەوە بە کۆتایی ئەو لیســـتە لەقەڵەم نادرێ، بەڵام وەک چوارچێوەی ئەو پرنسیپە دادەنرێ کە «the personal identity, integrity and autonomy» دەپارێزێ.

مەبەســـت لە پاراســـتنی ژیانی بنەماڵەیی بەوە دەست نیشـــان دەکرێ کە بزانین مانای ژیانی بنەماڵەیـــی چی‌یـــەو بەچی دەگوترێ بنەماڵە. ڕوونە کە مەبەســـت لە بنەماڵـــە بریتی‌یە لە دایکو باوکو منداڵەکانیان. ئەوەی کە پێی دەگوترێ بنەماڵەی ئەتۆمی. واتە ئەو ماددەیە ژیانی هاوبەشـــی دایکو باوکو منداڵە هاوبەشـــەکانیان دەپارێزێ. بەڵام دادگای ئۆرووپا لە کارەکانی خۆی‌دا، ناچارە فۆرمـــە جیاوازەکانی پێوەندیی نێـــوان مرۆڤەکان وەبەرچاو بگرێ. دایـــکو باوکەکانو منداڵەکانیان دەپارێـــزن، بێ وەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئایا منداڵەکانیان لە چوارچێوەی ژیانی ژنو مێردایەتی‌دا، یان لە دەرەوەی ئەوە دا لەدایک بوون. لە پێوەندی دەگەڵ منداڵانی گەورەســـاڵ‌دا، ئەو پرنســـیپە وەبەر چاو ناگیرێ. یانی ئەو ماددەیە پێوەندیی نێوان دایکو باوکو منداڵانی گەورەســـاڵ ناپارێزێ، بەڵام پێوەندیی نێوان خوشـــکو برا، براو خوشـــکان دەگەڵ یەکتر دەپارێزێ. ژیانی هاوبەشـــی دوو کەس پێکەوە لەلایەن ئەو ماددەیەوە دەپارێزرێ، تەنانەت ئەگەر بەشـــێوەیەکی بێ مارەیی ڕەسمیو مەزهەبییـــش لەگەڵ یەک بژیین. بەڵام ئەوە تەنیا لە حاڵێک‌دایە کە ئەوان وەک هاوســـەر دەگەڵ یەکتر بژیین. بەڵام پێوەندیی نێوان دوو کەســـی دەزگیران ناپارێزێ. واتە دوو کەس کە دەزگیرانی یەکتـــرنو پێوەندیی لەو جۆرەیان دەگەڵ یەک هەیە، ئەو ماددەیـــە نایانپارێزێ. بەگوێرەی وەزعی تایبەتی‌و ئەو هەلومەرجەوە کە بەشـــێوەیەکی کۆنکرێت هەڵدەســـەنگێنرێ، ئەو ماددەیە پێوەندیی کەســـێک دەگەڵ نەنکو باپیـــرەش دەپارێزێ. لـــەوەش زیاتر ماددەی هەشـــتەم پێوەندیی نێوان بێوەژنێکو مێردە مردووەکەشـــی دەپارێزێ. دادگای ئۆرووپا لەو بارەوە لە پێوەندی دەگەڵ کەیسی Emonet دا بۆچوونی خۆی کورت دەکاتەوەو دەڵێ:[3]

> In keeping with its case-law, the Court notes that the question of the existence or non-existence of «family life» is essentially a question of fact depending upon the existence of close personal ties … It points out that the notion of a «family», for the purposes of Article 8, is not confined solely to marriage-based relationships but may also encompass other de facto «family ties» where partners live together without being married ... The Court also reiterates the principle that relationships

---

1. EMD, Pack (2003) punkt 57.
2. EMD, S.A.S (2014) punkt 107.
3. EMD, Emonet (2007) punkt 33-36.

between parents and adult children do not fall within the protective scope of Article 8 unless «additional factors of dependence, other than normal emotional ties, are shown to exist» . . . When deciding whether a relationship can be said to amount to life», a number of factors may be relevant, including whether the couple live together, the length of their relationship and whether they have demonstrated their commitment to each other by having children together.

دەبێ بگوترێ ئەو مافە، بیانیی‌یەکانیش دەگرێتەوە. واتە ئەوانیش دەتوانن لەو ماددەیە کەڵک وەرگرن. ئەگەر بیانیی‌یەک پێوەندیی خزمایەتیی لە نۆرویژ هەبن، ئەوە بەو مانایەیە کە کاربەدەستان لەسەریانە ڕێــز لە ژیانی بنەماڵەیی ناوبراو بگرن. بەو جۆرە ناتوانن ناوبراو لە نۆرویژ وەدەر بنێن، مەگەر ئەوەی کە بەگوێرەی ئەو بەندانەی کە لە بەشــی دووهەمــی ماددەکەدا هاتوون، کارێکی لەو جۆرە ئەنجام بدەن. لە پێوەندی دەگەڵ دەستەواژەی «ماڵ»دا پراکسیسێکی بەرتەسکتر هەیە. واتە نێوەرۆکی ئەو دەستەواژەیە بەرتەسکتر دێتە بەرچاو. دادگای ئۆرووپا لە پێوەندی دەگەڵ پاراستنی ڕێزو حورمەتی «ماڵ»ی کەسێکدا پێنج خاڵ وەبەرچاو دەگرێ.

«had established the property in question as their home, had retained ownership of it intending to return there, had lived in it with a view to taking up permanent residence, had relinquished their other home and had not established any other»[1].

چەمکی «ماڵ» حەقیقی‌یە نەک یاســایی. ئەو ماددەیە نەک هەر ئەو شوێنە دەپارێزێ کە ئەدرەسی کەسێکی لەسەر تۆمار کراوە، بەڵکوو ئەو شوێنەش دەپارێزێ کە ناوبراو بەشێوەیەکی واقعی لەوێدا دەژی.

چەمکی «نامەنیگاری» بەشــێوەیەکی ئاســانتر ســنووری بۆ دادەنرێ. ئەو چەمکە هەموو جۆرە کۆمیونیکاســیۆنێکی ڕاستەوخۆ لە کەسێکەوە بۆ کەســێکی تر دەگرێتەوە[2]. وەک کۆمیونیکاسیۆنی بە نووســراو یان کۆمیۆنیکاســیۆنی شــەفاهیو لــە ڕێگای قســە کردنەوە. لــەوەش زیاتر هەموو جــۆرە کۆمیۆنیکاســیۆنێکی ئەلەکترۆنــیو دیجیتاڵییش دەگرێتــەوە. لەوەش زیاتــر ئەو چەمکە، تیلیکۆمیۆنیکاسیۆنیش دەگرێتەوە.واتە پێوەندیە بێسیمی و بێ تەلیەکان.

لە پێوەندی دەگەڵ هەموو ئەو حاڵەتانەدا، دەوڵەت ئەرکی نەرێنیی دەکەوێتە ســەر شــان. واتە بەدەر لەو چوارچێوانەی کە لە بەشــی دووهەمی ماددەی هەشــتدا هاتوون، ناتوانێ هیچ چەشنە

1. EMD, Buckley (196) punkt 54.

2. Her finner man også avgrensningen mot ytringsfriheten, som verner ytringer som ikke behøver å være rettet mot en person.

دەخالەتێک ئەنجام بدا. لەوەش زیاتر دەوڵەت لەو بارەوە ئەرکی ئەرێنیشی دەکەوێتە سەر شان. واتە نەک هەر دەبێ ئەو مافانە بپارێزێ، بەڵکوو دابینو دەستەبەریشیان بکەن.

### ٣.٩ ئازادیی دینو روانگە فەلسەفی‌یەکانی ژیان

دێمۆکراسی‌یەکی کارا پێویستیی بە بیروڕای جیاوازو فرەچەشن هەیە. لەوەش زیاتر دێمۆکراسی بەبێ ئاڵوگۆڕی بیروڕا، لە نێوان ئەو کەسانەدا کە خاوەنی بیروڕای جیاوازن، هەڵناسووڕێ. هەر بۆیە زۆر گرنگە خەڵک بتوانن بیروڕاو عەقیدەی خۆیان بەو جۆرە کە خۆیان دەیانەوێ دیاری بکەن، یان ڕێگایان پێ بدرێ بڕوا بە هەر شتێک بێنن کە خۆیان دەیانەوێ. دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ زۆر جار پێی لەسەر ئەوە داگرتوە کە:

> freedom of thought, conscience and religion is one of the foundations of a «democratic society» It is, in its religious dimension, one of the most vital elements that go to make up the identity of believers and their conception of life, but it is also a precious asset for atheists, agnostics, sceptics and the unconcerned. The pluralism indissociable from a democratic society, which has been dearly won over the centuries, depends on it[1].

گرنگترینی ئەو بڕیارانەی پێوەندی‌یان بە ئازادیی دینو عەقیدەوە هەیە لە ماددەی نۆیەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپادا، لە ماددەی هەژدەهەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکان‌داو لە ماددەی چواردەهەمی کۆنڤانسیۆنی منداڵدا وەبەرچاو دەکەون. ئەو بڕیارانە بە چەشنێکی هاوشێوە داڕێژراون.

بەشی یەکەمی بڕیارەکە ئەو شتە دەست نیشان دەکا کە دەبێ بپارێزرێ. بەشی دووهەمیش مەودای ڕێزپەڕ لەودا دیاری دەکات:

١- هەموو کەسێک مافی ئازادیی بیروڕا، ئازادیی ویژدانو ئازادیی دینو مەزهەبی هەیە. ئەو ئازادی‌یە مافی ئەوەش بە هەموو کەسێک دەدا کە بە ئازادی بتوانێ دینو عەقیدەی خۆی بگۆڕێ. لەوەش زیاتر هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە کە بەتەنێ یان دەگەڵ کەسانی دیکە بەشێوەی خسووسی یان بەشێوەیەکی ڕەسمی، عەقیدەو بیروباوەڕی ئایینیی خۆی لە پێوەندی دەگەڵ ئیتاعەتو خواپەرەستی‌دا، لە پێوەندی دەگەڵ خوێندنو دەرس‌گوتنەوەدا، یان لە پێوەندی دەگەڵ پراکسیسی ڕۆژانەو جێ‌بەجێ کردنی ڕۆژانەی فەریزە دینی‌یەکان‌دا بەیان بکات.

٢- هەر چەشنە مەحدوود کردنەوەیەکی ئازادیی دینو عەقیدەو بیروباوەڕ پێویستە بەگوێرەی

1. EMD, Kokkinakis (1993) punkt 31.

یاسا بێو لە کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتیکدا، بەمەبەستی وەبەرچاو گرتنی ئەمنیەتو ئاسایشی گشتی، وەبەرچاوگرتنـــی نـــەزمو ئارامیی نێو کۆمەڵ، وەبەرچاوگرتنی تەندروســـتیو موراڵی خەڵک، یان بۆ پاراستنی مافو ئازادییەکانی کەسانی دیکە، بە پێویست دابنرێ. مافی ئازادیی دینو عەقیدەو بیرو باوەڕ پێوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ ژمارەیەکی دیکە لە مافەکانی مرۆڤ هەیە. وەک ئازادیی بەیانو دەربڕین، مافی ژیانی خسووســـیو بنەماڵەیی، ئازادیی کۆبوونەوەو ئازادیی پێکهێنانو دامەزراندنی کۆڕو کۆمەڵو حیزبو ڕێکخراوەکانو هەروەها ئازادیی لە تەبعیزو هەڵاواردنو جیاوازیدانان.

لە پێوەندی دەگەڵ ئازادیی دینو بیروڕادا، سێ لایەنی زۆر گرینگ هەن کە هەمیشە تەئکیدیان لەســـەر دەکرێو بە بایەخەوە ســـەیر دەکرێن. یەکەم شت ئەوەیە کە پێویستە مافی ئازادیی بیروڕا، ئازادیـــی ویژدانو عەقیدەو ئازادیی دینو مەزهەب، بەشـــێوەیەکی بەریـــنو بەربڵاو لێک بدرێتەوە. بەجۆرێـــک کە هـــەم ئازادیی ئەرێنیی دینو مەزهەب، هەم ئازادیی بیـــروڕاو عەقیدەو هەم ئازادیی بێدینیو بێ بیرو باوەڕی «بواری نەرێنیی ئازادیی دین» بگرێتەوە. لە پێوەندی دەگەڵ ڕادەی بەربەرین بوونی ئەو جۆرە تێگەیشـــتنە لە ماددەی هەژدەهەمی کۆنڤانســـیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکان، کۆمیتەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە مەودای پارێزگاری ئەو ماددەیە لە مافەکانی مرۆڤ دەڵێ:

> theistic, non-theistic and atheistic beliefs, as well as the right not to profess any religion or belief. The terms «belief» and «religion» are to be broadly construed. Article 18 is not limited in its application to traditional religions or to religions and beliefs with institutional characteristics or practices analogous to those of traditional religions[1].

مەســـەلەی دووهەم لـــەو پێوەندییەدا ئەوەیـــە کە ئازادیی دیـــنو بیروباوەڕ، نەک هـــەر ئازادیی تاکەکەســـەکان بۆ هەڵبژاردنی ئازادانەی دینو بیرو باوەڕ دەپارێزێ، بەڵکوو ئەو مافە ڕێگەش بەوان دەدات تا لەســـەر بناخەی دینو مەزهەبو بیرو باوەڕو عەقیـــدە، کۆڕو کۆمەڵو ڕێکخراوی تایبەت بەخۆیـــان پێک بێننو دامەزرێنن. بە واتەیەکی دیکـــە مافی ئازادیی دینو بیرو باوەڕو عەقیدە هەم لایەنی تاکەکەسیو هەم لایەنی دەستجەمعیو بەکۆمەڵی هەیە.

مەســـەلەی سێهەمیش ئەوەیە کە پێویســـتە جیاوازی لە نێوان forum internum و foruom eksterum دابنێین. مەبەســـت لـــە forum internum بریتییە لە بیـــروڕاو ئیمانو بڕواو عەقیدەو بێبیروباوەڕیو بێعەقیدەیی مرۆڤەکان خۆیان، بەڵام مەبەســـت لـــە foruom eksterum بریتییە لە جێبەجێ کردن، بەڕێوە بردنو پیادەکردنی عەقیدەو بیروڕاو بەڕێوە بردنی ڕێوشـــوێنە ئایینیو

1. FNs menneskerettskomite General Comment No, 22 (1993) punkt 2.

مەزهەبی‌و عەقیدەیی‌یەکان، یان بەڕێوە بردنی بێبیرو باوەڕی‌و بێعەقیدەیی‌و بێدینی[١]. جیاوازی لە نێـــوان ئەو دوو لایەنەدا، زۆر گرنگ‌و پڕبایەخە. ئاخر هیچ کاتێک‌و لە هیچ هەلومەرجێک‌دا، ئازادیی عەقیدەو بیرورا ســـنووردار ناکرێ، هەڵناپەســـێردرێ، یان قەدەغەی لەســـەر دانانرێ. هەر چەشنە ســـنووردانان، مەحدوود کردنەوەو قەدەغە کردنێک لە پێوەندی دەگەڵ ئازادیی دین‌و عەقیدەو بیرو باوەڕو بێدینی‌و بێعەقیدەیی‌دا، تەنیا لە پێوەندی دەگەڵ جێبەجێ کردن‌و پیادە کردنی چالاکانەی ئەو ماف‌و ئازادی‌یانەدا، ڕێگایان پێدراوە. ئەمە زۆر بەڕوونی لە پەرەگرافی دووهەمی ماددەی نۆیەمی کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ‌دا باســـی لێ کراوە. لێرەدا هەر چەشـــنە قەدەغەو سنوور دانانێک تەنیا لە پێوەندی دەگەڵ «بەیان کردنی ئازادیی دین‌و بیروڕاو عەقیدەدا» ڕێگە پێدراوە. ئەوە بەو مانایەیـــە کە تەنیا جێبەجێ کردن، پیادە کردن‌و بەڕێوەبردنی چالاکانەی ڕێوشـــوێنە دینی‌و ئایینـــی‌و عەقیدەیی‌یەکان، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ماف‌و ئازادی‌یەکانی کەســـانی دیکە دەکرێ ســـنوور یان مەحدوودیەتی بۆ دیاری بکرێ. کارێکی لەو چەشنەش پێویستە بەگوێرەی قانوون بێ‌و لە کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیک‌دا، بە پێویســـت دابنرێ. دیـــارە جیاوازی‌دانان لە نێوان ئازادیی بیرو عەقیـــدەو بەڕێوە بردن‌و پیادە کردن‌و بەیان کردنی ئازادیی دین‌و عەقیدەو بیرو باوەڕدا، هەمیشـــە کارێکی ئاسان‌و بێگیروگرفت نیە[٢]. واتە زۆر جار سنوور کێشانەوە لە نێوان لایەنی نێوخۆیی‌و لایەنی دەرەکیی ئەو مافە دا کارێکی دژواە. لەو ساڵانەی دوایی‌دا زۆر جار ئەو مەسەلەیە لە پێوەندی دەگەڵ مەوداو ڕادەی ســـنووردانان بۆ بەکارهێنانی حیجاب‌و بورقەو سیمبولە ئایینی‌یەکانی دیکە لە شوێنە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵ‌دا هاتۆتە پێش[٣].

لە پەڕەگرافی ٤ی ماددی هەژدەهەمی کۆنڤانســـیۆنی مافە مەدەنی‌و سیاســـی‌یەکان‌دا و هەم لە پەڕەگرافـــی دووهەمی ماددەی چواردەهەمی کۆنڤانســـیۆنی منداڵ‌دا، هاتـــوە کە دایک‌و باوک‌و ئەو کەسانەی دیکە کە بەشێوەیەکی قانوونی وەک سەرپەرست ناسراون، مافی ئەوەیان هەیە بەگوێرەی ئایین‌و عەقیـــدەو بیرو باوەڕی خۆیان، منداڵەکانیان پەروەردە کەن، ڕێنوێنی‌یان بکەن‌و ڕێگایان پێ نیشان بدەن.

لە کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ دا لە پێوەنـــدی دەگەڵ مافی دایک‌و باوکان بۆ پەروەردە کردنی منداڵەکانیان، بەگوێرەی عەقیدەو بیرو باوەڕو ئایینی خۆیان، لە ماددەی دووهەمی پرۆتۆکۆڵی ئیزافیی ژمارە یەک دا هاتووە کە: لە کاتی بەڕێوە بردنی ئەو ئەرکانەدا کە ســـەبارەت بە پەروەردەو فێر کردن دەکەونە سەر شانی دەوڵەت، دەوڵەت لەسەریەتی ڕێز بۆ مافی دایک‌و باوکەکان دابنـــێ. لەو پێوەندی‌یەدا پەروەردەو فێرکـــردن‌و خوێندن‌و فێربوون، پێویســـتە لەگەڵ ئەو بیروڕاو عەقیدەو دین‌و ڕوانگە فەلســـەفی‌یانە بێتەوە کە ئـــەوان بڕوایان پێ‌یەتی. بە واتایەکی دیکە دەوڵەت

1. Evans (2001) s. 72 flg.

2. Se f.eks. dissensen fra Vucnoc og De Gaetano i EMD, Eweida (2013).

3. Se for eksampel EMD, Leyla Sahin (2005) og EMD, S.A.S. (2014).

لەسەریەتی ڕێز بۆ مافی دایکو باوکەکان بۆ پەروەردە کردنی منداڵەکانیان بەگوێرەی بیروڕاو دینو عەقیدەی خۆیان دابنێ.

کۆمیتەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و دادگای ئۆرووپا، لە بەر ڕووناکایی ئەو بڕیارانەی کە لە پەرەگرافی چوارەمی ماددەی هەژدەهەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکانو ماددەی دووهەمی پرۆتۆکۆڵی ئیزافیی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤدا هاتوون، کەیسی نۆروێژیان سەبارەت بە دەرسی «مەسیحییەت، دینو ڕوانگەکانی ژیان» خستە بەر لێکۆڵینەوەو ئەو وڵاتەیان بەوە تاوانبار کرد کە ئازادیی دینو بیرو باوەڕی خستۆتە ژێر پێ.

ئازادیی دین، لە نۆروێژدا هەمیشە دەستەبەر نەکراوە. یاسای بنەڕەتیی نۆروێژ کە لە ساڵی ١٨١٤دا نووسراوە، بەم جۆرە ئەم مەسەلەیەی بەیان کردبوو. لە ماددەی دووهەمی دەستووردا گوترابوو کە جوولەکەکان مافی ئەوەیان نیە بێنە نێو خاکی وڵاتەوە. هەروەها هەر لەوێدا باسی ئەوەش کرابوو کە هەندێک دەستەو تاقمی کاتۆلیک لە نۆروێژدا قەدەغەن. ئەو قەدەغەیە لە ساڵی ١٩٥٦دا، کاتێک کە نۆروێژ بوو بە هاوپەیمانی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ هەڵگیرا[1].

لە نۆروێژ بۆ ماوەی ٣٥٠ ساڵ کلیسای دەوڵەتی هەبوو. لە ئاوریلی ساڵی ٢٠٠٨دا حیزبەکانی نۆروێژ، لە سەر ئەوە پێک هاتن کە ئەو ئەسڵە هەڵوەشێننەوە. واتە ئەو پێوەندی‌یەی لە نێوان دەوڵەتو کلیسای نۆروێژدا هەبوو، قرتاندیان. پێشتر بەگوێرەی پرنسیپی کلیسای دەوڵەتی، ئازادیی دین لە نۆروێژ ڕێک خرابوو. ئێستا لە دەستووری نۆروێژدا، دوو ماددەی سەرەکی لە پێوەندی دەگەڵ ئازادیی دینو مەزهەبدا بەرچاو دەکەون. لە ماددەی ١٦ی قانوونی ئەساسیی وڵاتدا هاتوە کە هەموو دینو مەزهەبەکانو پەیڕەوانی هەموویان لە پێوەندی دەگەڵ وەرگرتنی یارمەتیو پشتیوانیی دەوڵەتی‌دا، بەرابەرو یەکسانن. لەو ماددەیەدا هاتووە کە:

هەموو دانیشتووانی وڵات مافی ئەوەیان هەیە بە ئازادی ڕێوڕەسمو ڕێوشوێنە ئایینی‌یەکانی خۆیان بەڕێوە بەرن. کلیسای نۆروێژ کە evangelisk-luthersk kirkeیە، وەک کلیسای میللی دەناسرێ. لەلایەن دەوڵەتەوە پشتیوانیی لێ دەکرێ. بڕیارەکانی دواتر، هەر لەو پێوەندی‌یەدا دەڵێن کە کاروباری کلیسا بەگوێرەی یاسا ڕێک دەخرێ. پاشان دەگوترێ کە هەموو کۆمەڵگا ئایینیو مەزهەبی‌یەکانی دیکەش، هەر بەو جۆرەی کلیسا، لەلایەن دەوڵەتەوە یارمەتیو پشتیوانی دەکرێن. لە ماددەی دووهەمی دەستووردا ئەو نرخو بایەخە سەرەکی‌یانە هاتوون کە کۆمەڵگای نۆروێژیان لەسەر دادەمەزرێ. «ئەو نرخو بایەخە سەرەکی‌یانەی کە بۆ کۆمەڵو دەوڵەت گرنگنو قانوونی بنەڕەتیی وڵات لەسەریان ڕاوەستاوەو دەیانپارێزێو بەرەو پێشیان دەبا»[2].

ئەو ماددەیە دەڵێ میراتی مەسیحییەتو هۆمانیزم بناخەی ئەو نرخو بایەخانە پێک دێنێ

1. Forbudet mot jøder ble opphevet i 1851, mens forbudet mot munkeordener ble opphevet i 1897.
2. St.meld. nr. 17 (2007_2008) s. 71.

کە کۆمەڵگای ئێمەیان لەســـەر ڕاوەســـتاوە. ئەم قانوونی بنەڕەتی‌یە، دێمۆکراسی، دەوڵەتی قانوونو مافەکانی مرۆڤ دابین‌و دەستەبەر دەکات.

بەگوێرەی ئەو بڕیارە هیومانیزم‌و مەســـیحییەت وەک یەک و بەرابەر تەماشا دەکرێن‌و بە بەردی بناخەی ئەو نرخو بایەخانە لەقەڵەم دەدرێن کە کۆمەڵگایان لەسەر ڕاوەستاوە. بەڵام هەر لەو کاتەش‌دا گەلێـــک نرخو بایەخی دیکەش دەخرێنە نێو یاســـای بنەڕەتیی وڵاتو ئـــەو بناخەیە بەهێز دەکەن کە دەوڵەتو کۆمەڵگای لەســـەر دامـــەزراوە. دەبینین کە بایەخو نرخەکانـــی فەرهەنگو کولتووری مەســـیحییەت لە پێش‌دا ناویان دێ‌و هێشتاش بەشی سەرەکیی ئەو نرخو بایەخانە پێک دێنن کە بە بەردی بناخەی کۆمەڵگای نۆرویژ لەقەڵەم دەدرێن.

### ٣.١٠ ئازادیی بەیان‌و ڕادەربڕین

لـــە نێو ئەو مافو ئازادی‌یانەدا کە وەک مافەکانی مرۆڤ ناســـراون، هیچیـــان بە ئەندازەی ئازادیی بەیان باس‌و گفتوگۆو دیالۆگ‌و دیبەیت‌و موناقەشەیان لەسەر نەکراوە. کە باسی ئازادیی بەیان دێتە پێش، کێشـــەی نێوان سیاسەت‌و قانوون خۆی نیشـــاند دەدا، ناکۆکیی نێوان قازانجو بەرژەوەندی‌یە گشـــتی‌یەکان لەگەڵ قازانجو بەرژەوەندی‌یە شەخسی‌و تاکەکەســـی‌یەکان، دەکەونە بەرانبەر یەک. مەسەلەی پاراستنی ژیانی شەخسی‌و تاکەکەســـەکان لەلایەک‌و مەسەلەی پێویستیی کراوە بوون‌و ئاشکرا بوونی مەسەلەکان بۆ بیروڕای گشتی، دەکەونە دوو لای دژ بەیەک، لە ڕاستی‌دا هیچ ناکۆکی‌و ناتەبایی‌یەک لەســـەر ئازادیی بەیان‌و دەستەبەر کردنی ئازادیی بەیان لە ڕێگای قانوونەوە، لە گۆڕێ دانیە. ئەوەی جێگای ناکۆکی‌و باس‌و لێدوان‌و موناقەشەیە، بریتی‌یە لە چۆنیەتیی بەکارهێنان‌و کەڵک وەرگرتن لە ئازادیی بەیان‌و چۆنیەتیی سنووردار کردنەوەو دانانی مەحدوودیەت لەسەر ئەو مافە. لە کردەوەدا زۆرتر کێشە لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنان‌و سنووردار کردنی ئازادیی بەیان لەگۆڕێ دایە، تا لەسەر خودی ئازادیی بەیان.

دەگوترێ کە زەروورەت‌و پێویســـتیی ئازادیی بەیان، بە ســـێ هۆی لێک جیاوازەوە پاکانەی بۆ دەکرێ. یەکەم، ئازادیی بەیان بۆ کارابوونی دێمۆکراســـی پێویستی‌یەکی حاشاهەڵنەگرە. ئاخر بەبێ ئازادیی بەیان، بیروڕاکان دروســـت نابن، گفتوگـــۆ و دیالۆگ لە نێو کۆمەڵ‌دا ئیمکانی نابێ. لەوەش زیاتر بەبێ لەگۆڕێ دابوونی ئازادیی بەیان، خەڵک ناتوانن بەشـــێوەیەکی چالاک‌و کاریگەر لە بەڕێوە بردنی دێمۆکراتیکی کاروباری کۆمەڵ‌دا بەشداری بکەن.

مەســـەلەی دووهەم بریتی‌یە لە سرنجدان بە ڕاستی‌و حەقیقەت‌و گەڕان بەدوای ڕاستی‌یەکان‌دا. ئازادیـــی بەیان‌و ئازادیـــی گۆڕینەوەی بیروڕاو عەقیدە دەبنە هۆی گەیشـــتن بە زانســـتی تازەو بە حەقیقـــەت‌و واقعییەتـــی نوێ لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵ‌دا. تێبینی ســـێهەمیش بریتی‌یە لە وەبەرچاوگرتنی مافی تاکەکەسەکان بۆ خۆپێگەیاندن، گەشەسەندن‌و چوونە پێش‌و گەیشتن بە پلەی

هەر بەرزی ســـەعادەتو بەختەوەری. ئاخر مرۆڤ تەنیا لە ڕێـــگای وەرگرتنو گۆڕینەوەی ئازادانەی ئیدەو بیروڕا و عەقیدەو زانیاری‌یەکان‌دا، دەتوانێ وەک مرۆڤ گەشە بکا و خۆی پەرە پێ بدا[1].

لەئاســـتی نێونەتەوەیـــی دا، ئازادیی بەیان لەلایـــەن ماددەی دەهەمی کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپا و ماددەی نۆزدەی کۆنڤانســـیۆنی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکانەوە دەپارێزرێ. بڕیارەکان لە هەردووکی ئـــەو دوو کۆنڤانســـیۆنانەدا بە دوو جۆری جیاواز داڕێژراون، بـــەڵام لە نێوەڕۆک دا هەر یەکنو هیچ جیاوازی‌یەکیان لە نێوان‌دا نیە. لە ماددەی دەهەمی کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ دا هاتووە کە:

١- هەمـــوو کەســـێک مافی ئازادیی بەیانی هەیـــە. هەموو کەس مافی ئـــەوەی هەیە بێ هیچ چەشنە سنووردانانێک لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتو بێ‌وەبەرچاوگرتنی سنوورەکان، ڕوانگەو بیرو بۆچوونەکانی خۆی دەرببڕێ، لەگەڵ کەســـانی دیکە بیانگۆڕێتەوەو دابەشیان بکات. ئەو بڕیارە ڕێگا لە دەوڵەتـــەکان ناگرێ کە داوای ئیجـــازەو پەروانەی بڵاوکردنەوەی بەرنامـــەو پرۆگرامە ڕادیۆیی‌و تەلەفزیۆنی‌و سینمایی‌یەکان بکەن.

٢- لەبـــەر ئـــەوەی بەڕێوەبـــردنو جێبەجێ کردنو کەڵـــک وەرگرتن لـــەو ئازادی‌یانە ئەرکو بەرپرســـایەتی‌یان بەدواوەیە، دەکرێ ئەو مافو ئازادی‌یانە بەگوێرەی یاساو بەپێی پێداویستی‌یەکانی کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیک، بە وەبەرچاوگرتنی ئەو تێبینی‌یانەی خوارەوە، سنووردار بکرێن، ڕێکبخرێن یان سزایان لەسەر دابنرێ. ئەو تێبینی‌یانە بریتیین لە: وەبەرچاوگرتنی ئاسایشی نەتەوەیی، تەواویەتی ئەرزیو یەکیەتیی نیشـــتمانی، ئەمنیەتی ڕەســـمی، یان بەمەبەستی پێشگیری کردن لە بێ‌نەزمی‌و ئاژاوەو پشێوی، یان بەمەبەســـتی پاراستنی تەندروستی‌و مۆرالی خەڵک، یان بەمەبەستی پاراستنی ئابڕوو و حەیســـیەتو مافو ئازادی‌یەکانی کەســـانی دیکە، یان بۆ پێشگیری کردن لە بڵاوبوونەوەی ئەو زانیاری‌یانەی کە بەنهێنی‌و مەحرەمانە دادەنرێن، یان بەمەبەستی پاراستنی بێلایەنی‌و ئۆتۆریتەی دادگاکان.

بەشـــێوەیەکی تایبەتی‌تر، ئازادیی بەیان لەلایەن ماددەی(iii)٥ی کۆنڤانســـیۆنی قەدەغە بوونی جیاوازی‌دانانی ڕەگەزی، ماددەی ســـیزدەهەمی کۆنڤانســـیۆنی منداڵو ماددەی ٢١ی کۆنڤانسیۆنی مافەکانی کەم‌ئەندامان دەپارێزرێ. لە قانوونی نۆروێژدا ماددەی ســـەدەمی دەستووری وڵات، ئازادیی بەیان دەپاریزێ. ماددەی دەهەمی کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەشێوەیەکی سەرەکی هەروەک ماددەکانی ٨، ٩، و ١١ داڕێژراوە. بەشـــی یەکەمی باس لەو شـــتە دەکات کە پێویســـتە بپارێزرێ. بەشـــی دووهەمیش ئەو مەرجانە دەســـت نیشـــان دەکات کە دەکرێ بەگوێرەی ئەوان، مەحدوودیەتو قەدەغە، یان ســـنووردانان لەســـەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئـــەو ئازادی‌یانە دابنرێ. هەرچەنـــد ماددەی دەیەم بە بەراورد دەگـــەڵ بڕیارەکانی دیکە، هەندێـــک تایبەتمەندیی تایبەتی

1. EMD, Handyside (1976) punkt 49.

بەخۆی هەن، بۆ نموونە باســـی ئەرکو بەرپرسایەتی دەکات، بەڵام ئێمە تیدەکۆشین بەشێوەیەکی سەرەکی بەشی دووهەم لە خاڵی «٥.٣»دا بخەینە بەر باس. لەپێش دا لێرەدا ئەو تەفسیرو لێکدانەوە پێویستانە باس دەکەین کە لە پێوەندی دەگەڵ بەشی دووهەمی ماددەی دەیەم دا لە گۆڕێ دان.

ئەسڵی بنەڕەتی ئازادیی بەیان دەڵێ هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە کە خاوەنی بیروڕاو ڕوانگەو بۆچوونی تایبەت بە خۆی بێ، لەوەش زیاتر هەموو کەس لە بڵاوکردنەوەی بیروڕای خۆیدا ئازادەو دەتوانێ لە هەر شـــکڵو شێوەیەکدا کە خۆی بیەوێ، ئازادانە بیرو بۆچوونەکانی خۆی بڵاو بکاتەوە. دەربڕینو بەیان کردنی بیروڕا بەشـــێوەی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێ. بە نووسراوە، بەشێوەی زارەکی یان لە ڕێگای ئەنجامدانی کردەوەیەکەوە.

لەپێـــش دا دەبـــێ بڵێین کە هەموو جۆرەکانی بەیان کردنو دەربڕین لەلایەن بەشـــی یەکەمی ماددەی دەهەمەوە، بێوەبەرچاوگرتنی نێوەرۆکیـــان دەپارێزرێن. ڕەنجاندن، بێحورمەتی، بێڕێزی، ســـووکایەتی کردن، شـــکاندن، خۆســـوور کردنەوە، خۆتووڕە نیشـــان دان، کفر کردن، جوێن دان، دەربڕینی شۆڕشگێڕانەی شکاندنی شکۆ، دەربڕینی ڕاسیستی، پۆرنۆگرافی، دەربڕینی تەنگنەزەرانەو کلێشـــەیی، دەربڕینی پڕ لە ســـووکایەتیو بەکەمگرتنو تەنانەت پڕ درۆو بوختانیش، هەموو ئەوانە دەچنە چوارچێوەی ئەو پارێزگارییەوە کە بەگوێرەی بەشـــی یەکەمی ئەو ماددەیە لەبەرچاو گیراوە. ئەمە وەک ئەسڵێکی گشتییە.

ئازادیی بەیان هەر ئەو بەیانو دەربڕینانە ناپارێزێ کە ئێمە حەزمان لێیانە، واتە ئەو دەربڕینانەی کە پشـــتیوانی لە کەســـێک دەکەن یان بە هێرشو پەلامار بۆ ســـەر کەس بەحیساب نایەن، بەڵام ئەوە کە هەموو چەشـــنە دەربڕینو بەیانێک پارێزگاری لێ دەکرێ، بەو مانایە نیە کە دەبێ ڕێگا بە هەموو چەشنە دەربڕینو بەیانێک بدرێ. لەلایەکی دیکەشەوە، تەنیا کاتێک دەکرێ ئازادیی بەیانو دەربڕین ســـنووردار بکرێتەوە یان قەدەغەی لەســـەر دابنرێ کە ئەو مەرجانە لە گۆڕێ دابن کە لە بەشـــی دووهەمی ماددەی دەهەمدا، باســـیان لێ کراوە. واتە تەنیا لە چوارچێوەی ئەو مەرجانەدا کە لەو پێوەندییەدا دانراون، دەکرێ ئەو پاراســـتنەی کە لە بەشـــی یەکەمی ماددەی دەهەمدا هاتووە، سنووردار بکرێتەوە یان وەبەرچاو نەگیرێ.

دەبێ بگوترێ سنوورێکی دیاریکراو هەیە بۆ ئەوەی بزانین چ جۆرە دەربڕینو بەیانێک دەکەوێتە چوارچێوەی پاراســـتنی بەشـــی یەکەمی ماددەی دەهەم. دادگای ئۆرووپا بـــۆ مافەکانی مرۆڤ ئەو مەسەلەی بەم جۆرە بڕیوەتەوە:

«concrete expressions constituting hate speech, which may be insulting to particular inviduals or groups, are not protected by Article [10]».

زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کە دەربڕینو بەیانێک هەبێ وا دابنرێ کە بەتەواوی دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی پاراســـتنی مافی ئازادیی بەیانەوە. بەشێوەیەکی ئاسایی، بەگوێرەی بەشی یەکەمی ئەو

ماددەیە، هەموو چەشنە بەیانو دەربڕینێک دەپارێزرێ. بەڵام بەپێی بەشی دووهەمی هەمان ماددە، بەگوێرەی مەرجە دیاریکراوەکان، ئەو پارێزگاری‌یە دەکرێ سنووردار بکرێ. ئەو دەربڕێنانەی کە پڕن لە ڕقو قینو هەڕەشە، یان پڕن لە سووکایەتیو بێ‌حورمەتی، دەکرێ بەمەبەستی «پاراستنی ئابڕوو و مافەکانی» کەسانی دیکەوە سنووریان بۆ دابنرێ.

ئازادیی بەیان مافی هەموو کەسێکە. واتە هەمووان دەگرێتەوە. کرێکاران، کارمەندان، کاربەدەستان، ســـەربازو ئەفســـەران، ئەو کەســـانەی لە زیندان دان، ژنان، پیاوان، لاوانو هتد. لێرەش‌دا هەر ئەو مەرجانەی کە لە بەشـــی یەکەمی ماددەی دەهەم‌دا هاتوون، ئەوە دەســـت نیشان دەکەن کە تا چ ڕادەیەک دەکرێ ئازادیی بەیانو دەربڕینی کەسێک یان گرووپێک سنووری بۆ دابنرێ.

ئازادیـــی بەیـــان، ئازادیی ئەوەش دەگرێتـــەوە کە مافی ئەوەت هەبێ نەتـــەوێ لەو مافە کەڵک وەرگری. واتە مافی ئازادیی بەیان، ئازادیی خۆپاراســـتن لە بەیان کردنو لە دەربڕینیش دەپاریزێ. لە هیچ شـــوێنێک‌دا باس لەوە نەکراوە کە کەســـێک ئەرکی بەیانو دەربڕینی لە پێوەندی دەگەڵ مەســـەلەیەک دا لەسەرشـــانە. ڕەنگە لە هەندێک هەلومەرجدا ئەوە پێویســـت بێ، بەڵام بە ئەرک لەقەڵەم نادرێ. لێرەش‌دا هەر ئەو مەرجانەی لە بەشـــی دووهەمی مـــاددەی دەهەم‌دا هاتوون، ئەو مەسەلەیە ڕوون دەکەنەوە.

ئازادیی بەیان، ئازادیی ئەوەش دەگرێتەوە کە بە ئازادانە نەتوانی بەیانو دەربڕینەکانی کەســـانو لایەنەکانـــی دیکە وەربگری. ئەوە زۆرتـــر پێی دەگوترێ ئازادیی وەرگرتنـــی زانیاری. ئەو ئازادی‌یە هـــەر ئەوە ناگرێتەوە کە بەشـــێوەیەکی پاســـیڤ زانیاری وەربگری. بەڵکوو ئـــەوەش دەگرێتەوە کە چالاکانە بۆ وەدەســـت هێنانی زانیاری تێ‌کۆشـــین، چالاکانە بەدوای زانیـــاری‌دا بگەڕێین، چالاکانە هەوڵی وەدەســـت هێنانی زانیاری بدەین. هەر چەند هەمـــوو جۆرەکانی بەیانو دەربڕین، (بەدەر لە هەندێک جار) لەلایەن بەشـــی یەکەمی ماددەی دەهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤەوە دەپارێزرێـــن، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئازادیی بەیان، مافێکی موتڵەقو بێ‌ئەملاولایە. بەگوێرەی بەشـــی دووهەمی ئەو ماددەیە مافی ئازادیی بەیان دەکرێ ســـنووری بۆ دابنرێ. دەبێ بگوترێ کە بەگوێرەی قانوون هەندێک شێوەی بەیانو دەربڕین، هەر لە بنەڕەت‌ڕا قەدەغە کراون. وەک هەڕەشە کردن، هاندانی کەسێک بۆ ئەنجامدانی هەندێک کردەوە کە بە تاوان دادەنرێن، بوختان هەڵبەستن، ئـــەو دەربڕینانەی کە بە هەڵاواردنو جیاوازی‌دانان دادەنرێن، یان دەچنە خانەی ڕەگەزپەرەســـتیو ڕاسیســـتی‌یەوە. لەو حاڵەتانەدا دوای هاتنە پێشـــی ڕووداوی لەو چەشـــنە، ئەو کردەوانە سزایان بۆ دەبڕێتـــەوە، یان ئەو کەســـەی بۆتە قوربانی، قەرەبوو دەکرێتەوە، بـــەڵام لە هەندێک بارودۆخی زۆر تایبەت دانەبێ، ناکرێ پێش ڕوودانی حاڵەتێکی لەو چەشـــنە، ســـنوور بۆ شێوە دەربڕینێک دابنرێ. واتە ناکرێ لە پێش‌دا پێش هاتنە پێشـــی ڕووداوەکە، ســـنوور بۆ بەیانو دەربڕینی کەسێک دابنرێ. ئەوە تەنیا لە هەندێک بارودۆخی زۆر تایبەتی‌دا ئیمکانی هەیە. واتە مەیدان بۆ کارێکی لەو چەشنە

زۆر بەرتەسکە. لەو بارەوە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکان لە شێوەی بەیان کردنی ئەو کێشەیەدا، لێک جیاوازن، بەڵام لە پێوەندی دەگەڵ ئەو بارودۆخانەدا کە دەکرێ لەو بارەوە کۆنترۆڵ بکرێن، جیاوازی‌یەکی زۆریان لە نێوان دا نیە. دادگای ئۆرووپا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە: «Article 10 of the Convention does not in terms prohibit the imposition of prior restraints on publications. However, the dangers inherent in prior restraints are such that they call for the most careful scrutiny»[1].

لەو بارەوە لە پەرەگرافی چوارەمی ماددەی سەدەمی یاسای بنەڕەتیی نۆرویژدا دەگوترێ کە: «ڕێوشوێن دانان بۆ پێشگیریو سانسۆری پێش‌وەخت، مەگەر بە مەبەسەتی پاراستنی منداڵانو لاوان لە کەوتنە ژێر شوێنەواری وێنە زیندووەکانەوە، ئەگینا کەڵکیان لێ‌وەرناگیرێ». بەو پێ‌یە بۆمان دەردەکەوێ کە بەپێی یاساکانی نۆرویژیش، ئەسڵی سەرەکی ئەوەیە کە سانسۆری پێش‌وەخت قەدەغەیە یان ڕێگا پێ‌نەدراوە.

لە کاتی هەڵسەنگاندنی ئەوە دا کە ئایا پێویستە دەربڕینێک سنووری بۆ دابنرێ یان نا، پێویستە بایەخو گرنگی‌و مانای ئەو دەربڕینو شێوە بەیانەش لێک بدرێتەوە. هەر چەند بەگوێرەی ئەسڵ، هەموو جۆرەکانی دەربڕینو بەیان کردن دەپارێزرێن، بەڵام پێویستە بزانین کە ئەو بەیانو دەربڕینانەی کە قازانجو بەرژەوەندی‌یە گشتی‌و ڕەسمی‌یەکان دابین دەکەن، پێویستی‌یان بە پاراستنێکی بەهێزتر هەیە، لەچاو ئەوانەی کە کەمتر لە خزمەت قازانجو بەرژەوەندی‌یە گشتی‌و ڕەسمی‌یەکان دان.

بەهۆی بایەخی لەڕادەبەدەری ئازادیی بەیان بۆ کۆمەڵگا، ئەرکی ئەرێنیی دەوڵەت بۆ پاراستنو دابینو دەستەبەر کردنی کارای مافی ئازادیی بەیان، گرینگی‌یەکی گەورەی هەیە. دەوڵەت لەسەریەتی هەموو چەشنە ڕێوشوێنو میکانیزمێک بگرێتە پێش تا بەشێوەیەکی ڕەسمی‌و ئاشکرا ئاڵوگۆڕی بیروڕاو بڵاوبوونەوە ی زانیاری دەستەبەر بکاتو دەرفەتی ئەوە بۆ مرۆڤەکان دابین بکات، تا بتوانن ڕوانگەو بیرو بۆچوونەکانیان دەربڕن. ئەمە زۆر بواری جۆراوجۆر دەگرێتەوە. بۆ نموونە پەسند کرانی بڕیارو یاساو ڕێسای تایبەت بۆ پێش‌گیری کردن لە بەکارهێنانی توندوتیژی، یان هەڕەشە بە بەکارهێنانی توندو تیژی، بە دژی ئەو کەسانەی ڕوانگەو بیرو بۆچوونەکانی خۆیان دەردەبڕن، یان دەستەبەر کردنی دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان، بۆ دەربڕینی بیروڕاکانی خۆیان لە ڕێگای ئەوانەوە، یان بەشێوەیەکی گشتی‌تر هەوڵدان بۆ خوڵقاندنی هەلومەرجێکی لەبار لە نێو کۆمەڵ‌دا کە یارمەتی بە پەرەسەندنی ئازادیی بەیان، لە هەموو شکڵو شێوەکانی خۆی دا بکات.

## ٣.١١ ئازادیی کۆبوونەوەو پێک‌هێنانی کۆڕو کۆمەڵەکان

ئازادیی کۆبوونەوەو پێک‌هێنانی کۆڕو کۆمەڵەکان، لە بنەڕەتڕا ئەوە دەگرێتەوە کە هەر کەس

1. EMD. Gaweda (2002) punkt 35.

مافی ئەوەی هەیە ئازادانە بەشـــێوەی کاتی بەمەبەســـتی کۆبوونەوە یان بەشـــێوەیەکی ڕێکخراو بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەگەڵ کەسانی دیکەدا کۆبێتەوە. لە ماددەکانی ٢٠ و ٢١ی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاســـییەکاندا، هەر دوو لایەنی ئەو مـــافو ئازادییانە، واتە ئازادیی کۆبوونەوەو ئازادیی پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵەکان دەپارێزرێن. دەبێ بگوترێ وێکچوونێکی زۆر لەو پێوەندییەدا لە نێوان کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤ و کۆنڤانســـیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا هەیە. هەر بۆیە ئێمە لێرەدا پێکەوە لە هەردووکیان دەدوێین.

لە پەرەگرافی یەکەمی ماددەی یازدەهەمی کۆنڤانسیۆنی ئورووپا بۆ مافەکانی مرۆڤدا هاتووە کە: «هەرکەس مافی ئەوەی هەیە بەشێوەیەکی ئازادانە، لەو کۆبوونەوانەدا کە بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە پێک دێن، بەشـــداری بکات. یان بەشێوەیەکی ئازادانە کۆڕو کۆمەڵی دڵخوازانەی خۆی وەک نەقابەو ســـەندیکاو ڕێکخراوە پیشـــەییەکانی دیکە، بەمەبەســـتی دابین کردنی قازانجەکانی خۆی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دامەزرێنێ، یان بچێتە نێویانەوە».

لە بەشـــی دووهەمی ئەو ماددەیەدا، هەر وەک ماددەکانی هەشـــت، نۆ و دە دا ئەو ڕێوشوێنانە دیاری کراون کە بەگوێرەی ئەوان ســـنوور بۆ ئەو مافو ئازادییانە دادەنرێ کە لێرەدا لەبەر باســـن. هەندێـــک پەیماننامەو کۆنڤانســـیۆنی دیکەی مافی مرۆڤ هەن کە ئەو پارێزگارییە بەشـــێوەیەکی گشـــتی بەهێزتر دەکەن. بەتایبەتی ئەو مەســـەلەیە لە پێوەندی دەگەڵ پاراستنی مافی پێکهێنانی کـــۆڕو کۆمەڵەکاندا تا ڕادەیەکی زۆرتر ڕاســـترە. ئاخر ئەو مەســـەلەیە دەچێتە چوارچێوەی مافی خۆڕێکخستن لە بازاری کارو لە بوارەکانی دیکەی ژیانی پیشەییدا، مافێک کە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە کۆنڤانسیۆنەکانەوە دەپارێزرێ[1].

ئازادیـــی پێکهێنانی کۆبوونەوە، لێک کۆبوونەوەی ئاشـــتیخوازانەی دوو تـــا ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤەکان دەگەڵ یەکتر دەگرێتەوە. ئەو مافە هەموو ئەو جۆرە کۆبوونەوانە دەگرێتەوە کە لە ژووری یان لە دەرەوە، بەشـــێوەی شەخسی یان بەشێوەی ڕەسمی بە وەســـتاوی یان بە ڕێپێوان، داخراو یـــان ئاوالا بۆ هەمووان بەڕێوە دەچن. ئەگەر ئـــەو کۆبونەوەیە لەپێشدا بەرنامەڕێژیی بۆ کرابێ، یان بێبەرنامەو لەپڕ ساز کرابێ، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێو لەلایەن ئەو بڕیارانەوە دەپارێزرێ. بەڵام یەک مەرج لەگۆڕێ دایە کە هەمیشـــە بەشـــێویەکی موتڵەق دەبێ وەبەرچاو بگیرێ. ئەویش بریتییە لەو مەرجەی کە پێویستە ئەو کۆبوونەوەیە ئاشتیخوازانە بێت. کۆبوونەوەیەک کە بەمەبەستی ئامانجێکی نائاشتیخوازانەو پڕ لە توندوتیژی پێک بێ، لەلایەن مافی ئازادیی پێکهێنانی کۆبوونەوەوە، تەنانەت بێوەبەرچاوگرتنی ئەو مەرجانەش کە بۆ سنووردار کردنەوەی ئازادیی کۆبوونەوە دانراون، ناپارێزرێ. واتە ڕاســـتەوخۆ بە قەدەغە دادەنرێ. ئەوە لە پێوەندی دەگەڵ کۆبوونەوەیەکیشدا کە لە بنەڕەتڕا بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە دەستی پێ کردبێو پاشان بەرەو توندوتیژی ڕۆیشتبێ هەر ڕاستە.

1. Se OSK art.8 RDK art.5(d)(ix), BK art.15, ESP art.5 og 6, og CRPD art 27.

ئازادیی پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵەکان ئەو کۆبوونەوانە دەگرێتەوە کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن پێک دێن. ئەو مافە هەموو جۆرە کۆڕو کۆمەڵەیەک دەگرێتەوە کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵدا، چالاکو هەڵسوورن. وەک بوارەکانی سیاسی، کارو پیشە، ئایین، وەرزش، کولتوورو فەرهەنگو هتد. ئازادیی پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵەکان، لە پێوەندی دەگەڵ دامەزراندن یان چوونە نێو حیزبو ڕێکخراوە سیاسیو سەندیکاو نەقابەو یەکیەتییە پیشەیییەکاندا گرینگیی هەیە.

ئەو مافە بواری نەرێنییەکەشی هەر لە لایەن کۆنڤانسیۆنەکانەوە دەپارێزرێ. واتە مافی هەر کەسێک کە ئازاد بێ لە نەچوون بۆ نێو حیزبو ڕێکخراوە سیاسیو پێشەیییەکانو بەجێهێشتنی ئەوان. یانی لەو بارەوە هیچ کەس نابێ بەزۆرەملێ ناچار بکرێ بچێتە نێو حیزبو ڕێکخراوە سیاسیو پیشەیییەکان یان ناچار بکرێ بە مانەوە لە نێویاندا. بە واتایەکی دیکە هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە کە ئازاد بێ لە چوون یان نەچوونە نێو کۆڕو کۆمەڵەکانەوە. ئەو مەسەلەیە لە پێوەندی دەگەڵ هەلومەرجو بارودۆخی ئیشو کاردا گرنگە. هیچ کەس نابێ ناچار بکرێ بچێتە نێو سەندیکاو یەکیەتییە پیشەیییەکان. بەو پێیە بەگوێرەی ئەو مافانە چوونە نێو سەندیکاو یەکیەتییە پیشەیییەکان، بەئەرک بەحیساب نایەت.

دەتوانرێ هەندێک کۆڕو کۆمەڵو یەکیەتیو ڕێکخراو قەدەغە بکرێن. بۆ نموونە ئەو کۆڕو کۆمەڵانەی کە پەیڕەوی لە ئامانجێک دەکەن کە توندوتیژی لە خۆ دەگرێ. بەڵام هەر چەشنە قەدەغە کردنێک لەو بارەوە پێویستە بەگوێرەی ئەو مەرجانە بێت کە لە بەشی دووهەمی ئەو بڕیارەدا بۆ مەبەستێکی ئاوا لەبەرچاو گیراون.

### ٣.١٢ مافە سیاسییەکان

مافە سیاسییەکان ئەو مافو ئازادییانەن کە دەرفەت بۆ بەشداریی تاکەکەس لە بەڕێوە بردنی کاروباری دەوڵەتو ئەو پرۆسە سیاسییانەدا، کە لە نێو کۆمەڵدا لە گۆڕێ دان، پێک دێنن. ئەو مافو ئازادییانە، بە مافو ئازادییە بنەڕەتییەکانی تاکەکەس دادەنرێنو پێوەندییەکی زۆر نزیکیان لەگەڵ بەڕێوە بردنی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی دێمۆکراتیکەوە هەیە. یانی ئەو مافانە بە جۆرێک بە پێوەرێکی سیستەمێکی دێمۆکراتیک دادەنرێن. گرینگترینی ئەو مافانە بریتیین لە:

مافی هەڵبژاردنی ئازادانەی نوێنەرانی خۆت، مافی خۆپاڵاوتنو کاندیدا بوونو هەڵبژێران. پێویستە بگوترێ کە لەو بارەوە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان مافە مەدەنیو سیاسییەکاندا نیەو تەنانەت لە زۆر بواردا یەکتریش دادەپۆشن. ئازادیی بەیان بە مەرجێکی بنەڕەتی بۆ بەشداری لە پرۆسە سیاسییەکاندا، بەحیساب دێ. مافی ژیانی خسووسی پێوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ مافی هەڵبژاردنی نهێنی هەیە. مافی دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراو یا چوونە نێو حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان، لە ڕێگای مافی پێکهێنانی کۆبونەوەو دامەزراندنی کۆڕو کۆمەڵە پیشەییو

ســـەندیکایی‌یەکانەوە دەپاریزرێ. بەو جۆرە لە باری حقووقی‌و کارکردی ڕۆژانەوە ئەو جیاوازی‌یانەی لە نێوان کاتەگۆری‌یە جۆراوجۆرەکانی مافەکان‌دا هەن، هیچ بایەخێکیان نیە.

هەندێک لە مافو ئازادی‌یەکان ڕاســـتەوخۆ پێوەندی‌یان بە بەشـــداریی تاکەکەس لە پرۆسەی سیاسی‌دا هەیە. لەو پێوەندی‌یەدا لە ماددەی بیستویەکەمی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە کە:

«هەر کەس مافی ئەوەی هەیە راســـتەوخۆ یان لە ڕێگای نوێنەرانێک کە ئازادانە هەڵیاندەبژێرێ، لـــە بەڕێوەبردنی کاروباری گشـــتیی وڵاتی خۆی‌دا بەشـــدار بـــێ. هەموو کەســـێک مافی ئەوەی هەیە بەشـــێوەیەکی یەکسانو بەرابەر دەگەڵ کەسانی دیکە دەســـتی بە خزمەتگوزاری‌یە گشتی‌و ڕەســـمی‌یەکانی وڵاتی خۆی ڕابگا. ویست، بڕیارو ئیرادەی خەڵک بناغەی دەسەڵاتی حکوومەتە. ئەو بڕیـــارو ئیرادەیـــە دەبێ لە هەڵبژاردنێکی بێ‌فێڵ‌دا کە بەشـــێوەیەکی دەورەیی بەڕێوە دەچێ، خۆی دەربخا. هەڵبژاردن دەبێ گشـــتی بێ، بەرابەری‌و یەکســـانیی تێ‌دا ڕەچاو بکرێ، بەدەنگی نهێنی بێ یان بەشێوەیەکی ئەوتۆ بەڕێوە بچێ کە ئازادیی دەنگ‌دان دابین بکا».

ئەو بڕیارە کە بەشـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ لە باری حقووقی‌و یاسایی‌یەوە ئەرک ناخاتە سەر شانی دەوڵەتەکان، دواتر لە پەیماننامەی مافە مەدەنی‌و سیاســـی‌یەکان‌دا زۆرتر پەرەی ئەســـتاندووەو بۆتە ئەرکێکی یاســـایی‌و قانوونی بەســـەر دەوڵەتەکانەوە. لە ماددەی بیســـتوپێنجەمی ئەو پەیماننامەدا هاتووە کە:

«هەر هاووڵاتی‌یەک، بەبێ هیچ چەشـــنە جیاوازی‌یـــەک، وەک ئەوەی کە لە ماددەی دووهەم‌دا هاتووەو بەبێ هیچ چەشنە سنووردار کردنێکی بەبێ‌هۆ، مافو دەرفەتی ئەوەی هەیە کە:

ئا: ڕاســـتەوخۆ یان لە ڕێگای ئەو نوێنەرانەوە کە بۆ خۆی ئازادانە هەڵیبژاردوون، لە پاراســـتن‌و پارێزگاری کردن لە هەل‌و دەرفەتە گشتی‌یەکان‌دا بەشداری بکات.

ب: لـــە هەڵبژاردنێکی ئازادو دەورەیی‌دا کە لەســـەر بناخەی دەنگ دانێکی بەرابەر، گشـــتی‌و بەنهێنی، بۆ دابین‌و دەســـتەبەر کردنی ویســـتو ئیرادەو بڕیاری دەنگ‌دەران پێک دێ، دەنگ بداو خۆی بۆ هەڵبژاردن بپاڵێوێ یان کاندیداتۆریی خۆی ڕاگەیەنێ.

ج: بەپێی ئەو مەرجو پرنســـیپانەی کە بەشێوەیەکی گشتی‌و یەکسان بۆ هەمووان دیاری کراون، دەســـتی بە خزمەت‌گوزاری‌یە گشـــتی‌یەکانی وڵاتی خۆی ڕابگا. هەر لەو پێوەندی‌یەدا لە ماددەی سێهەمی پرۆتۆکۆڵی یەکەمی کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ واتە (TP1-3) دا هاتووە کە:

ئەو وڵاتانەی کە ئەم پەیماننامەیەیان پەسندو قبووڵ کردوە، بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانن کە بەمەبەســـتی دەســـتەبەر کردنی هەلومەرجی لەبار بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن لە پێوەندی دەگەڵ هەڵبژاردنی نوێنەرانی دەســـەڵاتی قانوون دانان‌دا، بیرو بۆچوونی خۆیان دەربڕن، لەسەر بنەمایەکی

گشتیو دەورەییو دەنگدانی نهێنی، هەڵبژاردنی ئازاد بەڕێوە بەرن.

لێرەدا دەبینین کە کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤ، پێ لەسەر گرینگیو بایەخی مافەکانی مرۆڤ بۆ بەرەو پێش بردنی «دێمۆکراسییەکی سیاسیی کارا» دادەگرێ. ڕەنگە سەیر بێتە بەرچاو کە دەبینین مافە سیاسییەکان لە کۆنڤانسیۆنی ئورووپاییدا، زۆر بە ئاشکرا خۆیان نیشان نادەن. ئەمەش بۆ دوو هۆی بنەڕەتی دەگەڕێتەوە. لەلایەک مافە سیاسییەکان بە بەراورد دەگەڵ ئەو مافانەدا کە ئەو کۆنڤانسیۆنە بایەخیان پێ دەدا، کاراکتەرێکی دیکەیان هەیە. بەتایبەتی ئەگەر بەجۆرێکی دیکە مافە سیاسییەکان فۆرمۆلە بکەینەوەو سەرلەنوێ دایانڕێژینەوە. بۆ نموونە «مافی دەستڕاگەیشتن بە دێمۆکراسیو کەڵک وەرگرتن لە دێمۆکراسی». لە لایەکی دیکەشەوە ئەو دەم کە ئەم کۆنڤانسیۆنە پەسند کراوە، دەورانێک بوو کە زۆر وڵاتی ئۆرووپایی خاوەن موستەعمەرەو کۆڵۆنی بوون. بۆیە دڵنیا نەبوون ئەو جۆرە مافانە لە پێوەندی دەگەڵ موستەعمەرەو کۆڵۆنییەکانی ئەواندا چ مانا و بایەخێکیان دەبێ[1].

بەشێوەیەکی تایبەتی پاراستنی مافە سیاسییەکان لە پەرەگرافی «٢»ی ماددەی ٥ی کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ قەدەغە بوونی جیاوازیدانانی ڕەگەزیدا، لە ماددەی ٧ی کۆنڤانسیۆنی تایبەت بە قەدەغە بوونی جیاوازیدانان بە دژی ژناندا، لە ماددەی ٢٩ی کۆنڤانسیۆنی تایبەت بە مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتیدا و لەوەش زیاتر لە هەندێک کۆنڤانسیۆنی تایبەتی دیکەش دا بەرچاو دەکەوێ.

لە بەشی «E»ی دەستووری نۆرویژدا کە تایبەتە بە مافەکانی مرۆڤ، جگە لەو بڕیارەی کە لە بەندی یەکەمی ماددەی ١٠١دا هاتووە، باسێک لە مافە سیاسییەکان نەکراوە. لە بەندی ١ی ماددەی ١٠١دا هاتوە کە هەر کەس «مافی ئەوەی هەیە کە بچێتە نێو حیزبە سیاسییەکان، لە نێو ئەوان تێکۆشێ یان بۆ دامەزراندنی ئەوان کار بکا». لە جیاتی ئەوە لە بەشی «C»ی دەستووردا کە تایبەتە بە مافەکانی هاووڵاتیانو دەسەڵاتی یاسادانان، (بەتایبەت ماددەکانی ٤٩، ٥٠، ٥٣، ٥٤ و ٦١) هەروەها لە ماددەی دووهەمیشدا هاتوە کە یاسای بنەڕەتی «دێمۆکراسی دەستەبەر دەکات».

لێرەدا کە باس لە «مافی دێمۆکراسی» دەکرێ، مەسەلە هەرە جەوهەریو سەرەکییەکان دەگرێتەوە. ئەوە بەو مانایەیە هەر وەک پێشتریش باسمان کرد کە هەر هاووڵاتییەک مافی دەنگدانی هەیەو دەتوانێ لە هەڵبژاردنێکی ئازادو دەورەییو عادڵانەدا خۆی بۆ هەڵبژاردن بپاڵێوێ. بەو حاڵەش دەبینین کە دەستی دەوڵەت لە پێوەندی دەگەڵ دیاری کردنی ئەو سیستەمەدا کە بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن کەڵکی لێ وەردەگرێ، ئاواڵا کراوە. بۆ نموونە لە پێوەندی دەگەڵ دیاری کردنی ماوەی نێوان دەورە جیاجیاکانی هەڵبژاردندا، لە پێوەندی دەگەڵ ئەوە دا کە چۆن هەڵبژاردن بەڕێوە بچێ، بەگوێرەی کام مەرجو ڕێوشوێنو پێوانە خەڵک دەنگ بدەن، یان ڕادەی

1. Høstmælingen (2012) s. 287 med videre henvisninger.

بایەخی هەر دەنگێکو هتد... دەستی دەوڵەت ئاواڵایە.

لە نۆروێژدا دیمۆکراســـییەکی کارا لە ئارا دایە. هەر بۆیە مافە سیاسییەکان لەو وڵاتەدا بەڕێوە دەچنو لەو بارەوە کەندو کۆسپێکی بەرچاو لە گۆڕێ دانیە. تا ئێستا دادگای ئۆرووپا چەند کەیسێکی لە پێوەندی دەگەڵ پێشـــێل کرانی ماددەی ســـێهەمی پرۆتۆکۆڵی یەکەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤدا خســـتوونەتە بەر لێکۆڵینەوە. ئەو کەیسانە زۆرتر لەو وڵاتانەدا هاتوونەتە پێش کە یان سیســـتەمی دیمۆکراســـی لەوێدا لاوازە، یان تازە خەریکە دادەمەزرێ. شـــایانی باسە کە مافە سیاســـییەکان نەک هەر ئەو وڵاتانەی کە دیمۆکراسی لەوان دا تازەیە، یان هەر وڵاتە سەرەڕۆکان، بەڵکـــوو زۆر جـــار وڵاتانی دیکەش دەگەڵ کەندو کۆســـپ بەرەوڕوو دەکات . کـــە دەبێ دەگەڵیان دەستەویەخە بن.

حەقـــی زیندانیـــان بۆ دەنگدان لە وڵاتـــی بەریتانیادا یەکێک لەو نموونانەیە[1]. یان لە ســـوئێد بەگوێـــرەی ئەو ڕێوشـــوێنانە کە بـــۆ هەڵبژاردن دیاری کـــراون، وەرەقەکانی دەنـــگ دان، لەلای کارمەندەکانی دەزگای هەڵبژاردنن. خەڵک دەبێ بڕۆن لەوانیان وەرگرن. ئەمە بۆخۆی بە پێچەوانەی ئەو ئەسڵە دادەنرێ کە دەڵێ دەنگدان دەبێ نهێنی بێ. لە نۆروێژیش لە پێوەندی دەگەڵ دەنگدانی ئەلەکترۆنیدا پێ لەسەر ئەوە دادەگیرێ کە پێویستە پرنسیپی دەنگدانی بەنهێنی دەستەبەر بکرێ.

## ۳.۱۳ مافی خوێندن

### ۳.۱۳.۱ سەرەتا

خوێندن هەر لەو کاتەدا کە بۆخۆی بە یەکێک لە مافەکانی مرۆڤ دادەنرێ، ئامڕازو میکانیزمێکیشە بۆ وەدیهێنانو دابین کردنی ژمارەیەکی زۆر لە مافو ئازادییەکانی دیکە. کۆمیتەی کۆنڤانســـیۆنی مافە ئابـــووری، کۆمەڵایەتی، کولتووریيەکانـــی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەم جۆرە باســـی گرینگیو بایەخی خوێندن دەکات:

> Education is the primary vehicle by which economically and socially marginalized adults and children can lift themselves out of poverty and obtain the means to participate fully in their communities, Education has a vital role in empowering women, safeguarding children from exploitative and hazardous labour and sexual exploitation, promoting human rights and democracy, protecting the environment, and controlling population growth. Increasingly, education is recognized as one of the best financial investments States can make. But the importance of

1. F.eks. EMD, Greens og M.T. (2010).

> education is not just practical: a well-educated, enlightened and active mind, able to wander freely and widely, is one of the joys and rewards of human existence.[1]

مافـــی خوێندن نموونەیەکە لەوەی کـــە چۆن مافەکانی مرۆڤ پێکەوە بەســـتراون. کۆمیتەی مافە ئابـــووری‌و کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان مافی خوێندن بە مافێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی‌و مەدەنی دادەنێ.

> It has been variously classified as an economic right, a social right and a cultural right. It is all of these. It is also, in many ways, a civil right and a political right, since it is central to the full and effective realization of those rights as well. In this respect, the right to education epitomizes the indivisibility and interdependence of all human rights[2].

لە ماددەی ١٠٩ی یاسای بنەڕەتیی نۆرویژدا سەبارەت بە مافی خوێندن بەو جۆرە نووسراوە:

هەموو کەســـێک مافی خوێندنی هەیە. منداڵان حەقـــی خوێندنی بنەڕەتی‌یان هەیە، خوێندن‌و فێربوون پێویســـتە تواناو پێداویســـتی‌یەکانی هەر کەســـێک لەبەرچاو بگرێ‌و ڕێز لە دێمۆکراسی، دەوڵەتی قانوون‌و مافەکانی مرۆڤ پەرە پێ‌بدا.

کاربەدەســـتانی دەوڵەت دەستڕاگەیشـــتن بە خوێندنـــی ئامادیی‌و هەروەها لەســـەر بناخەی لێوەشاوەیی‌یەکان، دەرفەتی خوێندنی بەرز ، دابین‌و دەستەبەر دەکەن.

لە پێوەندی دەگەڵ مافی خوێندن‌دا، بڕیاری تایبەتی‌تر لە کۆنڤانســـیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکان‌دا، لە ماددەی سێزدەهەمی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکان‌دا، لە ماددەی ٢٨و ٢٩ی کۆنڤانســـیۆنی مافەکانی منداڵ‌دا بەرچاو دەکەون. لە بەندی یەکەمی ماددەی ســـێزدەهەمی کۆنڤانســـیۆنی مافە ئابـــووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکان‌دا هاتووە کە: «ئەو کۆنڤانســـیۆنە مافی هەموو کەســـێک بۆ خوێندن بەڕەســـمی دەناســـێ»، هەر لەو بارەوە ماددەی ٢٨ی کۆنڤانســـیۆنی مافەکانی منداڵ بەم شێوەیە دەســـت پێ‌دەکات «وڵاتانی هاوپەیمانی ئەم کۆنڤانسیۆنە مافی منداڵ بۆ خوێندن بەڕەســـمی دەناسن». مافی خوێندن بەتایبەتی سێ مەسەلە لەگەڵ خۆی دێنێتە پێشێ. یەکـــەم بریتی‌یـــە لە دابین‌کردنی دەرفەت بـــۆ ئەوەی هەمووان دەســـتیان وە خوێندن ڕابگا. ئەمە نێوەرۆکی ئەرکی دەوڵەت بۆ دروست کردن‌و دامەزراندنی ئەنیستیتۆو ناوەندەکانی خوێندن‌و فێربوون دەست نیشـــان دەکات. دووهەم بریتی‌یە لە مافی دایک‌و باوکان بۆ هەڵبژاردنی قوتابخانەیەکی جیا لە قوتابخانە ڕەســـمی‌یەکان بۆ خوێندن‌و فێربوونی منداڵەکانیان. ســـێیەم بریتی‌یە لەوەی کە ئایا

---

1. CESCR General Comment No. 13 (1999) punkt 1.
2. CESCR General Comment No. 11 (1999) punkt 2.

مافەكانی مرۆڤ لە پێوەندی دەگەڵ نێوەرۆكی خوێندنو فێربوونو دەرس وتنەوەدا چ داواكاریyەک دێنێتە گۆڕێ. هەروەها ئەوە كە دەوڵەت چ ئەركێكی لە ئەستۆیە تا بەشێوەیەكی چالاک بۆ جێبەجێ كردنـــی ئەو داواكاریyانە كە لـــە پێوەندی دەگەڵ نێوەرۆكی خوێندنو فێربـــوونو دەرسوتنەوەدا دەكەونە سەر شانی، تێكۆشێ و كار بكات.

### ٣.١٣.٢ دەستڕاگەیشتن بە خوێندن

لە بەندی دووهەمی ماددەی سێزدەهەمی كۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، كۆمەڵایەتیو كولتووریyەكاندا هاتووە كە:

دەوڵەتەكانی هاوپەیمانی ئەم كۆنڤانســـیۆنە دان بەوە دادێنن كە وەدیهێنانو پیادە كردنی ئەو مافە بەشێوەیەكی تەواو، پێویستیی بە گرتنە پێشی ئەم هەنگاوانەیە:

ئا- خوێندنی بنەڕەتی پێویستە بەخۆڕاییو بەشێوەیەكی ئیجباری بۆ هەمووان دەستەبەر بكرێت.

ب- لە قۆناخەكانی دوای خوێندنی بنەڕەتیدا، هەموو شێوەو فۆرمەكانی خوێندن، وەک خوێندنی پیشـــەییو تكنیكی، دەبێ بە كەڵـــک وەرگرتن لە هەموو ڕێكارو ئامرازێكـــی گونجاوەوە بۆ هەموان دابینو بەرەبەرەو بەخۆڕاییو بێبەرانبەر پیادە بكرێ.

ج- خوێندنـــی بـــەرز لە ڕێگای بەكارهێنانی هەموو ئامڕازو ڕێكارێكـــی گونجاوەوە، بەتایبەتی لە ڕێگای پیادە كردنی خوێندنی بەخۆڕاییyەوە، لەســـەر بناخەی تواناو لێوەشاوەییyەكان، بۆ هەمووان دابین دەكرێ.

د- خوێندنـــی بنەڕەتی، بۆ ئەو كەســـانەی نەیانتوانیوە خوێندنـــی بنەڕەتی بخوێنن یان تەواوی بكەن، پێویستە لە هەموو ڕێگایەكەوە كە ئیمكانی هەیە، پشتیوانیی لێ بكرێو پەرەی پێ بدرێ.

هــ_ پێویســـتە بۆ دروست كردنی فێرگەو قوتابخانە، لە هەموو ئاستەكانی سیستەمی خوێندندا بەشێوەیەكی كاراو چالاک كار بكرێ. سیستەمێک بۆ پشتیوانیو یارمەتیدانی قوتابیانو خوێندكاران لە باری ماددیyەوە دەســـتەبەر بكرێو هەلومەرجی ماددیو ژیانو گوزەرانی مامۆســـتایانو هەموو كارمەندانی بواری پەروەردەو فێر كردن بەخێرایی بەرەو باشی ببردرێ.

شـــایانی باســـە كە ماددەی ٢٨ی كۆنڤانســـیۆنی مافەكانی منداڵیش هەر بەو جۆرە داڕێژراوە. لە خاڵی «a»ی بەندی دووهەمی ماددەی ســـێزدەهەمی كۆنڤانســـیۆنی مافە ئابووری، كۆمەڵایەتیو كولتووریyەكاندا دەگوترێ كە مافی خوێندن هەم یەكێک لە مافە بنەڕەتیyەكانەو و هەم خوێندنی بنەڕەتی و بە خۆڕاییش وەک ئەرک بەحیساب دێن. ئەوە كە مافی خوێندن لەخۆیدا ئەو ئەركەش دەخاتە سەر شانی مرۆڤ كە دەبێ بخوێنێ، گرنگیو بایەخێكی زۆری هەیە بۆ «highligt the fact that neither parents, nor guardians nor the State are enititled to treat as optional the

decision as to whether the child should have access to primary education.»[١]

ئەو داوایەی کە دەڵێ خوێندنی بنەڕەتی پێویستە بەخۆڕایی بێ، پێوەندی‌یەکی زۆر نزیکی لەگەڵ ئەوە هەیە کە خەرجو تێچوونەکانی خوێندن، شـــوێنەوارێکی نەرێنی لەسەر جێ‌بەجێ بوونی مافی خوێندن دادەنێن‌و پێش بەوەدیهاتنی ئەو مافە دەگرن. «and may jeopardize its realizition»[٢]

لە ماددەی چواردەهەمی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکان‌دا پێ لەسەر ئەوە داگیراوە کە ئەو دەوڵەتانەی لە کاتی پەسند کرانی کۆنڤاسنیۆنەکەدا سیستەمێکی تایبەتی‌یان بۆ خوێندنی بنەڕەتیی خۆڕایی‌و ئیجباری نیە، بەرپرسایەتی‌و ئەرکی ئەوە وەئەستۆ دەگرن کە:

لە ماوەی دوو ساڵ دا پلان‌و بەرنامەیەکی وردو هەموو لایەنە بۆ پیادە کردن‌و جێ‌بەجێ کردنی بەرەبەرەی، لە ماوەیەکی دیاری‌کراو و گونجاودا کە لە بەرنامەکەدا دیاری کراوە، پرنسیپی خوێندنی بەخۆڕایی  ئامادەو پەســـند دەکەن. کۆمیتەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکان لە شی کردنەوەی ژمارە یازدەهەمی خۆی‌دا کە لە ساڵی ١٩٩٩دا بڵاوی کردۆتەوە بەم جۆرەی خوارەوە ئەو ئەرکەی دەوڵەتەکان لێک دەداتەوە:

> «a State party can not escape the unequivocal obligation to adopt a plan of action on the grounds that the necessery resources are not available[3]»

ئـــەو پلانەی دەوڵەتەکان بۆ جێ‌بەجێ کردنی خوێندنی بەخۆڕایی‌و ئیجباری دایدەڕێژن، پێویســـتە ئامانجەکـــەی بریتی بێ لـــە «the progressive implementation of the right to compulsory primary education free of charge»

مەبەســـت ئەوەیە کە پێویســـتە لە پلانەکەدا قۆناخەکانی چوونە پێش‌و پیادە کردنی پرنسیپی خوێندنی خۆڕایی‌و ئیجباری دەست نیشان بکرێن:

> «a series of targeted implementation dates for each stage of the progressive implementation[4]».

بەگوێرەی خاڵەکانی «b» و «c»ی هەمان ماددە، دەوڵەتەکانی ئەندامی کۆنڤانسیۆنەکە ئەرکی ئەوەیان لەسەرشـــانە کە بۆ دابین کردنی خوێندنی خۆڕایی لە قۆناخەکانـــی خوێندنی ئامادەیی‌و خوێندنی بەرزیش‌دا هەنگاو هەڵگرن. خوێندنی بەرز لەســـەر بنەمای تواناو لێوەشـــاوەیی‌یەکان، پێویســـتە بۆ هەمووان دابین بکرێ. واتە پێوانەی وەرگیران‌و قبووڵ بوون لە زانکۆو ناوەندەکانی دیکەی خوێندنی بـــەرزدا، بریتی‌یە لەو نمرەو کاراکتەرانەی کە قوتابی بەگشـــتی، و بەتایبەتی لە هەندێک دەرســـی تایبەتی‌دا توانیویەتی لە کارنامەی خۆی‌دا وەدەســـتیان بێنێ. یان شێوەکانی دیکەی هەڵسەنگاندنی

---

1. CESCR.komiteesn Gernral Comment No.11 (1999) punkt 6.
2. Ibild. Punkt 7. Her fremkommer det imidlertid at enkelte indirekte kostnader kan være tillatte.
3. Ibid. Punkt 9.
4. Ibid. Punkt 10.

توانا زانستی‌یەکانی خوێندکاران وەک پێوانەیەک بۆ کارێکی لەو جۆرە وەبەرچاو دەگیرێ.

بەگوێـــرەی ماددەکانی یەکـــەمو دووهەمی یاســـای خوێندن لە نۆرویژ، لە قوتابخانە گشـــتیو دەوڵەتی‌یـــەکان‌دا خوێندنی ســـەرەتاییو ناوەندی واتە دەســـاڵی یەکەمی قۆناخەکانی سیســـتەمی خوێندن، بەخۆڕاییو ئیجباری‌یە. خوێندن لەو قۆناخەدا هەم بە ئەرکو هەم وەک ماف دەناســـرێ. بەگوێرەی ماددەی یەکەمو ماددەی سێهەمی یاسای خوێندن، مافی خوێندنی ئامادەییش، بۆ ماوەی ســـێ ساڵ بۆ هەمووان بەڕەسمی ناسراوە. مەسەلەی وەرگیرانو قبوولّ بوون، لە زانکۆو ناوەندەکانی دیکەی خوێندنی بەرزدا، بەگوێرەی ماددەکانی ٦-٣ی یاسای خوێندنی بەرز ڕێکخراوە.

### ٣.١٣.٣ مافی دایکو باوکان

هەموو کەس حەز ناکات لە قوتابخانە گشـــتیو ڕەسمی‌یەکان‌دا دەرس بخوێنێ. ماددەی دووهەمی پرۆتۆکۆڵی یەکەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی، پەرەگرافی چوارەمی ماددەی هەژدەهەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاســـی‌یەکانو پەرەگرافی ســـێهەمی کۆنڤانســـیۆنی مافە ئابـــووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری‌یەکان مافی دایکو باوکەکان بۆ هەڵبژاردنی خوێندنێک بۆ منداڵەکانیان کە لەگەڵ بیروڕاو عەقیدەی خۆیان دێتەوە بەڕەسمی دەناسن. ئەمە پێش هەموو شتێک ڕێگا بەوە دەدا کە منداڵەکان لەو قوتابخانەیەدا بخوێنن کە لەســـەر بنەمای بیروڕاو عەقیدە ئایینیو فەلسەفی‌یە جۆراوجۆرەکانەوە دامـــەزراون[١]. بەو پێ‌یە مافی دایکو باوکان بۆ هەڵبژاردنی خوێندن بۆ منداڵەکانیان، پێوەندی‌یەکی زۆر نزیکی لەگەڵ مافی ئازادیی دینو عەقیدەو بیرو باوەڕەوە هەیە.

دەوڵـــەت هیچ ئەرکێکی بۆ پشـــتیوانیی ماددی لە قوتابخانە خسووســـیو تایبەتی‌یەکان، لێرەدا قوتابخانـــە ئایینی‌یەکان، لەسەرشـــان نیە[٢]. بەڵام ئەگەر لەو بارەوە پشـــتیوانیو یارمەتیی ماددی لە قوتابخانە تایبەتیو خسووســـی‌یەکان بکرێ، ئەرکی سەرشانی دەوڵەت ئەوەیە کە لە نێوان ئەوان دا هیچ جیاوازی‌یەک دانەنێ[٣].

مافەکانـــی مـــرۆڤ ڕێگا بە منداڵان نادەن کـــە بۆخۆیان، بە ئارەزووی خۆیـــان، ئەو قوتابخانەیە هەڵبژێرن کە پێیان خۆشـــە لـــەوێ‌دا دەرس بخوێنن. لە پێوەندی دەگـــەڵ هەڵبژاردنی قوتابخانە لەلایەن منداڵەوە، پرنســـیپێکی زۆر گرنگ هەیە کە هەمیشـــە پێویســـتە وەبەرچاو بگیردرێ. ئەو پرنســـیپەش بریتی‌یە لە پرنسیپی «باشترین قازانجو بەرژەوەندیی منداڵ» کە لە پەرەگرافی یەکەمی ماددەی ســـێهەمی کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵ‌دا هاتووە. بەگوێرەی ئەو پرنسیپە هەر بڕیارێک کە

---

1. Den videste formuleringen av hvilke typer privatskoler staten har en plikt til å tillate, finnes i CESCR art. 13 (3), jf. den generelle formuleringen «andre skoler». Dette er i noen grad problematisert i Ot.prp. nr. 37 (2006—2007) s. 13-14.

2. Se blant annet Van Dijk mfl. (2006) s. 902 og Van Bueren (1995) s. 241.

3. Nowak (2005) s. 433.

لە پێوەندی دەگەڵ منداڵدا دەدرێ، پێویستە باشترین قازانجو بەرژەوەندی‌یەکانی منداڵ دابین‌و دەستەبەر بکات. بەگوێرەی ماددەی پێنجەمی کۆنڤانسیۆنی منداڵو پەرەگرافی دووهەمی ماددەی چواردەهەمی هەمان کۆنڤانسیۆن، پی‌بەپێی گەورە بوون‌و گەشە کردنی منداڵ، مافی دایکو باوک بۆ ڕێنوێنی کردنی منداڵەکانیان، لە پێوەندی دەگەڵ هەڵبژاردن یان هەڵنەبژرادنی قوتابخانەدا کەمترو کەمتر دەبێتەوە. تا دەگاتە ئەو قۆناخەی کە منداڵەکە گەورە دەبێ‌و دەتوانێ بێ وەبەرچاوگرتنی ویستو ئارەزووی دایکو باوک بۆخۆی بڕیار بدا[1]. لێرەدا پرسی ئەوە دێتە گۆڕێ کە مەودای مافەکانی منداڵ لە پێوەندی دەگەڵ هەڵبژاردنی قوتابخانەدا زۆر بەرتەسک دێتە بەرچاو[2].

### ٣.١٣.٤ ئەو داواکاری‌یانەی لە پێوەندی دەگەڵ نێوەرۆکی خوێندن‌و فێربوون‌دا پێویستە وەبەرچاو بگیردرێن

ئەو بڕیارانەی سەبارەت بە مافی دایکو باوکان باسمان لێ کردن، نەک هەر لەو بارەوە گرنگن کە دەرفەت بە قوتابیان دەدەن تا لە قوتابخانە تایبەتی‌یەکان دا بخوێنن، بەڵکوو ئەو داواکاریانەش دەگرنە خۆ کە پێویستە قوتابخانە دەوڵەتی‌و ڕەسمی‌یەکان لە پێوەندی دەگەڵ نێوەرۆکی پرۆگرامەکانی خوێندن‌دا وەبەرچاو بگرن. بایەخی ئەو مەسەلەیە ئەو دەم باشتر دەردەکەوێ کە قوتابخانە ڕەسمی‌یەکان، بە هۆی بەکارهێنانی سیمبۆلێکەوە، یان بە هۆی خوێندنی ئیجباری‌یەوە، گرنگی‌یەکی زۆرتر بە خوێندنی دینێک لەچاو دین‌و ئایینەکانی دیکە دەدەن. لە پێش هەموو شتێک‌دا پێویستە نێوەرۆکی خوێندن‌و فێربوون‌و پرۆگرامەکانی خوێندن، عەینی‌و ئۆبجێکتیڤ، پلۆرالیستی‌و هەمەچەشن بن‌و بە جۆرێک دانەڕێژرێن کە ئیدەئۆلۆژی‌و ڕوانگەو بیرو عەقیدەیەکی تایبەتی پەرەپێ بدەن‌و بەرنە پێش. لەو بارەوە تا ئێستا دوو سکاڵا بەرەورووی نۆرویژ بوونەتەوە. بەگوێرەی بڕیارەکانی کۆمیتەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، خوێندنی وانەی مەسیحییەت، دین‌و ڕوانگەکانی ژیان کە لە قوتابخانەکانی نۆرویژدا بەشێوەی ئیجباری دەگوترایەوە، لەگەڵ ئەو پرنسیپانەدا کە لە پەرەگرافی چواردەی ماددەی هەژدەی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان‌و ماددەی دووهەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا، لە پێوەندی دەگەڵ ئەوەدا کە ناوەرۆکی خوێندن‌و فێربوون پێویستە عەینی‌و ئۆبجێکتیڤ، ڕەخنەگرانە، فرەچەشن‌و پلۆراڵ بێ، بەتەواوی وەبەرچاو نەگیراون[3].

مەسەلەی مافەکان لە پێوەندی دەگەڵ نێوەرۆکی پرۆگرامەکانی خوێندن‌و فێربوون‌دا، بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵ، کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکان،

1. Her problematiseres imidlertid ikke forholdet mellom elevens religionsfrihet og foreldrenes syn nærmere.
2. Nowak (2001) s.262.
3. Se FNs menneskerettskomite. Leirvåg (2004); EMD, Folgerø (2007); EMD, Kjeldxen mfl. (1976); EMD, Lautsi (2001).

بەشێوەیەکی ئاسایی پێوەندی‌یەکی بە کێشانی سنوور لە نێوان خوێندنێکی ئاراستەکراو و خوێندنێکی نائاراســـتەکراو دا نیە، بەو جۆرەی کە لە کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤو کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان‌دا دەبینرێ. لە جیاتی ئەوە، بەندی یەکەمی ماددەی ٢٩ی کۆنڤانسیۆنی منداڵو بەندی یەکەمی ماددەی ١٣ی کۆنڤانســـیۆنی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکان، قورســـایی دەخەنە سەر ئەوە کە کام داواکاریی ئەرێنی لە پێوەندی دەگەڵ نێوەرۆکی پرۆگرامەکانی خوێنـــدن‌و فێربوون‌دا دەکرێ بهێنرێتە گۆڕێ. کۆمیتەی کۆنڤانســـیۆنی مافەکانی منداڵ، بەو جۆرە نرخ‌و بایەخی ماددەی ٢٩ی کۆنڤانسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لێک دەداتەوەو دەڵێ پێویستە

> «... promote, support and protect the core value of the Convention: the human dignity innate in every child and his or her equal and inalienable rights»[1].

ئامانج لەوە بریتی‌یە لە:

> empower the child by developing his or her skills, learning and other capacities, human dignity, self-esteem and self-confidence. «Education» in this context goes far beyond formal schooling to embrace the broad rangc of life experiences and learning processes which enable children, individually and collectively, to develop their personalities, talents and abilities and to live a full and satisfying life within society[2].

پەرەگرافی یەکەمی ماددەی ٢٩ی کۆنڤانسیۆنی منداڵ بەو شێوەیە دارێژراوە:

وڵاتانی ئەندامی ئەم کۆنڤانســـیۆنە لەســـەر ئەوە ڕێککەوتوون کە خوێنـــدن‌و فێربوونی منداڵان پێویستە ئەم بوارانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرێ:

ئا: کەســـایەتی، توانا فیکری، ڕووحی، فیزیکی‌و ڕەوانی‌یەکانی منداڵ تا ئەوپەڕی خۆی پەرە پێ بدا.

ب: ڕیزو حوورمەت بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یەکان‌و ئەو پرنسیپانە پەرە پێ بدا کە لە مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا هاتوون.

ج: ڕێزو حورمەت بۆ دایک‌و باوکی منداڵ، هەویەت‌و ناسنامەی منداڵ، بۆ زمان‌و نرخ‌و بایەخەکانی منـــداڵ، بۆ بایەخـــە نەتەوەیی‌یەکان لەو وڵاتەدا کە منداڵ تێـــی‌دا دەژی، یان ئەو وڵاتە کە منداڵ لێ‌یەوە دێ‌و بۆ ئەو کولتوورانەی کە لە کولتووری خودی منداڵەکە جیاوازن، پەرە پێ بدا.

د: منداڵ بۆ قبووڵ کردن‌و وەرگرتنی بەرپرسایەتی لە کۆمەڵگایەکی ئازاد دا ئامادەو بە گیانێکی

---

1. FNS Barnekomité General Comment No. 1 (2001), punkt I.
2. Ibid. Punkt 2.

ئاشـــتیخوازانەو پڕ لە تێگەیشـــتن‌و وێک‌هەڵکردن بار بێنێ‌و ڕێزو حورمەت بۆ بەرابەریی نێوان ژن‌و پیاو، برایەتی‌و دۆســـتایەتیی نێوان گەلان‌و دەستەو تاقم‌و گروپە ئیتنیکی‌و نەتەوەیی‌و ئایینی‌یەکان‌و کەسانی سەر بە خەڵکە خۆجێ‌یی‌یەکان لە منداڵ دا پەروەردە بکا.

هـ : ڕێزو حورمەت بۆ ژینگەی سروشتی لەلای منداڵ پەرە پێ بدا.

ئەو داواکاری‌یانە لە پەرەگرافی یەکەمی ماددەی ١٣ی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یـــەکان‌دا هەر بەو جۆرەی ســـەرەوە داڕێـــژراون. کۆمیتەی مافە ئابـــووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکانـــی ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەســـەر ئەوە پێ دادەگـــرێ کە هەموو جۆرە خوێندێک، چ خوێندنی ڕەســـمی‌و گشـــتی، یـــان خوێندن لە قوتابخانەو فێرگـــە تایبەتی‌یەکان دا بێ، پێویســـتە ئەو نرخو بایەخانە بەرنە پێش کە لەو بڕیارانەدا هاتوون[1]. بۆ نموونە ماددەی ١٠٩ی دەســـتووری وڵاتی نۆرویژ پێ لەســـەر گرنگیی نێوەرۆکی کتێبە دەرسی‌یەکان‌و خوێندن‌و فێربوون دادەگرێ. لەوێ‌دا گوتراوە کە پەروەردەو فێرکردن پێویستە «ڕێزو حورمەت بۆ دێمۆکراسی، دەوڵەتی قانوون‌و مافەکانی مرۆڤ پەرە پێ بدا».

بۆ ئەوەی ئەو مافانە دابین‌و دەســـتەبەر بکرێن کە پێوەندی‌یان بە نێوەرۆکی خوێندن‌و فێربوون‌و بەرنامە دەرســـی‌یەکانەوە هەیە، پێویســـتە لە هەر کام لەو وڵاتانەدا کە کۆنڤانسیۆنەکەیان پەسندو ئیمزا کردوە، زۆر هەنگاوی جۆراوجۆر هەڵگیرێن‌و گەلێک ڕێ‌وشـــوێن وەبەرچاو بگیردرێن. لە خاڵی ٢ی ماددەی ١٠ی کۆنڤانســـیۆنی قەدەغەبوونی جیاوازی‌دانان بەرانبەر بە ژنان‌دا، پێ لەســـەر ئەوە داگیراوە کە پێویســـتە لە کتێبە دەرســـی‌یەکان‌و بەرنامەکانی دیکەی خوێندن‌و فێربوون‌دا بۆ لەنێو بردن‌و ڕیشـــەکێش کردنی ئەو بیرو بۆچوونە بێ‌جێ‌و ئەو ڕۆڵە کلێشـــەیی‌یانەی کە ســـەبارەت بە مەوقعییەتی ژنان‌و پیاوان لەگۆڕێ دان، هەنگاوی پێویســـت هەڵگیرێ. ئەمەش بەتایبەتی لە ڕێگای «چاوخشـــاندنەوە بـــە کتێبە دەرســـی‌یەکان، پرۆگرامەکانی خوێندن‌و گونجانـــدی میتۆدەکانی وانە گوتنەوە»دا جێ‌بەجێ دەبێ. کۆمیتەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکان پێ لەســـەر ئەوە دادەگرێ کە دەوڵەتەکان ئەرکی ئەوەیان لەسەر شانە کە دەرفەتێک پێک بێنن تا ئامرازو میتۆدەکانی خوێنـــدن‌و فێربوون، چوونە پێشـــی ئەو نـــرخو بایەخانە دابین‌و گەرەنتی بکـــەن، کە لە پەرەگرافی یەکەمی ماددەی سێزدەهەمی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکان‌دا هاتوون. جگە لەوە دەوڵەتەکان ئەرکیان لەسەر شانە کە هەندێک سیستەمی کاراو ئاوالا بۆ کۆنترۆڵ کردنی نێوەرۆکی پرۆگرامەکانی خوێندن‌و کتێبە دەرسی‌یەکان دا بمەزرێنن[2].

کۆمیتـــەی کۆنڤانســـیۆنی مافەکانی منداڵ، زۆر ســـەرگەرمی ئەوەیە کە بزانێ لە ڕاســـتی‌دا لە کاتی دەرس وتنەوەدا چ شـــتێک ڕوو دەدا. ئەو کۆمیتەیە پێ لەســـەر ئەوە دادەگرێ کە هەر ئەوە

1. CESCR.komiteesn General Comment No. 13 (1999) punkt 4.
2. Ibid.

بەس نیە کە دەوڵەتەکان بەندەکانی کۆنڤانسـیۆنی منداڵ لە پرۆگرامەکانی دەرسیی وڵاتەکانیاندا، جـێ بکەنەوەو بیانگونجێنن، بەڵکوو پێویسـتە میکانیزمو سـازوکاری زۆر کۆنکرێت بەکار بەرن بۆ ئـەوەی« those who are expected to transmit, promote, teach and, as far as possible, exemplity the values have themsselves been convinced of their ipmortance».[١]

کۆمیتەکە لەوەش زیاتر دەڕواتە پێشو پێ لەسـەر ئەوە دادەگـرێ کە پرۆگرامەکانی خوێندن پێویسـتە بەجۆرێک داڕێژرێنـەوە و ئاڵوگۆڕیان تێدا پێک بێ کە ئەو نـرخو بایەخانەی لە بەندی یەکەی ماددەی ٢٩ی کۆنڤانسـیۆنی مافەکانی منداڵ دا هاتوون، لەواندا بەتەواوی ڕەنگ بدەنەوە. سەرەڕای ئەوە، کۆمیتەکە ئیشارە بەوەش دەکات کە ڕەنگە «systematic revision of textbooks and other teaching materials and Technologies as well as school polices»[٢]. بە پێویست بزانرێ.

دەوڵەتەکان بەرپرسایەتی‌یەکی تایبەتیان لەو بارەوە لەسەر شانە کە نەیەڵن لە پێوەندی دەگەڵ دەستڕاگەیشـتن بە قوتابخانـەو ناوەندەکانی خوێندنو فێربوونو لە پێوەنـدی دەگەڵ نێوەرۆکی پرۆگرامەکانی خوێندنو فێربووندا، جیاوازی‌دانان بەڕێوە بچێ.

## ٣.١٤ مافی کار

کار بایەخێکی گرنگی بۆ هەر مرۆڤێک هەیە، چونکە ئیمکانی ئەوەی بۆ پێک دێنێ خۆیو بنەماڵەی بەخێـو بکا، خۆی بەرێتە پێشو کەسـایەتیی خۆی پـەرە پێ بدا. هەروەهـا ڕادەی کار پێدانو دامەزران لە هەر وڵاتێکدا پێوەندی‌یەکی نزیکی لەگەڵ ئاسـایش و نەزمی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتەدا هەیـە. لەوەش زیاتر پێوەندی لە نێوان بێکاری‌یەکی زۆرو هـەژاری لەلایەک و نائەمنیو نائارامیی کۆمەڵایەتی لەلایەکی دیکەوە هەیە[٣].

لە سـاڵی ١٩٥٤ەوە، لە دەسـتووری نۆروێژدا مافی کار جێی بۆ کراوەتەوە. لە مانگی مای ساڵی ٢٠١٤دا کاتێک چاو بەسـەر دەسـتووری وڵاتی نۆروێژدا خشێنرایەوەو سـەرلەنوێ نووسرایەوە، لە ماددەی ١١٠دا بەم جۆرە مافی کار داڕێژراوەتەوە.

کاربەدەستانی دەوڵەت لەسـەریانە هەلومەرجێک پێک بێنن کە هەر مرۆڤێک کە توانای کاری هەیە، بتوانێ لە ڕێگای کارو پیشـەوە پێداویسـتی‌یەکانی ژیان وەدەست بێنێ. ئەو کەسەی ناتوانێ پێداویسـتی‌یەکانی ژیانی خۆی دابین بکات، مافی ئەوەی هەیە لەلایەن دەوڵەتەوە پشـتیوانیی لێ بکرێ. ئەو مافانەی پێوەندی‌یان بە مافی کرێکارانو کارمەندان لە شوێنەکانی کار دا هەیە، لە ڕێگای یاساوە ڕێک دەخرێنو دیاری دەکرێن.

---

1. FNs barnekoite General Comment No1 (2001) punkt 18
2. Ibid.
3. Dok.16 (2011-2012) s. 231.

پەرەگرافی یەکەمی ماددەی ١٠ی قانوونی بنەڕەتی، مافی بیمەی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکات. بەندی یەکەمی ماددەی ١١٠ بەجۆرێک دانەڕێژراوە کە مافی دامەزراندن بۆ تاکەکەسەکان دابین بکات. لێرەدا ئەو مافە بەجۆرێک داڕێژراوە کە ئەرک دەخاتە سەر دەوڵەت کە هەلومەرجێکی لەباری ئەوتۆ پێک بێنێ کە هەموو تاکەکەسەکان، وەک کرێکارو کارمەند، یان لە ڕێگای کارو کاسبیو پیشەی دیکەوە بتوانن کار وەرگرن[1]. بەو جۆرە دەبینین کە ئەو ماددەیە لە دەستووردا وا داڕێژراوە کە لەگەڵ ئەو ئەرکانە بێتەوە کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەگوێرەی ماددەی شەشەمی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری‌یەکان دەکەونە سەر شانی دەوڵەت[2]. دەستەی هەڵبژێردراوی مافەکانی مرۆڤ، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئەو ماددەیەی دەستوور، پێویستە «لەبەر ڕووناکایی ئەو کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یانەدا بخوێندرێتەوە کە سەبارەت بەو مافانە کە پێوەندی‌یان بە کارەوە هەیە، ئەرک دەخەنە سەر شانی دەوڵەت تا ڕێز لەو مافانە بگرێ، بیانپارێزێو دابینو دەستەبەریان بکات»[3].

کار هەم لایەنی تاکەکەسیو هەم لایەنی دەستەجەمعیو بەکۆمەڵی هەیە. لایەنی تاکەکەسیی ئەو مەسەلەیە لە ماددەی ٧ی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری‌یەکاندا باسی لێ کراوە. لەوێدا دەگوترێ کە هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە کە هەلومەرجێکی عادڵانەو باشی کاری بۆ دابین بکرێ. لەماددەی یازدەهەمی کۆنڤانسیۆنی قەدەغە بوونی جیاوازی‌دانان بەرانبەر بە ژناندا دەگوترێ کە ژنانیش هەروەک پیاوان، پێویستە هەمان هەلومەرجی عادڵانەو باشی کاریان بۆ دەستەبەر بکرێ. بەگوێرەی ماددەی ٢٧ی کۆنڤانسیۆنی تایبەت بە مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتی، ئەوانیش مافی کاریان هەیە. لایەنی بەکۆمەڵو دەستەجەمعیی مافی کار، لە ماددەی ٨ی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری‌یەکاندا خراوەتە بەر باس. لەوێدا مافی دامەزراندنی سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەیی‌یەکان دەستەبەر کراوە[4]. سەرەڕای هەموو ئەوانە، گەلێک پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی دیکەش هەن کە گرنگیو بایەخی تایبەتی‌یان لە پێوەندی دەگەڵ مافی کار دا هەیە. وەک پەیماننامەی کۆمەڵایەتیی یەکیەتیی ئۆرووپا، یان کۆنڤانسیۆنە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوی جیهانی کار «ILO».

لە ماددەی ٦ی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری‌یەکان دا بەشێوەیەکی سەرەکی هاتووە کە:

١- ئەو وڵاتانەی بوونەتە ئەندامی ئەم کۆنڤانسیۆنە مافی کار بە ڕەسمی دەناسن. ئەوە بەو

1. Ibid.s. 231.
2. Ibid.
3. Ibid.s231.
4. Se også retten til forenings- og forsamlingsfrihet slik dette er regulert i EMK art.11 og SP art.21 og 22. se punkt 4.12.

مانایەیـــە کە دەبێ دەرفەت بۆ هەموو کەســـێک دابین بکرێ تا بتوانـــێ ڕزق‌و نان‌و خەرجی ژیانی ڕۆژانەی خۆی لە ڕێگای کارێک کە ئازادانە هەڵی‌بژاردوە یان قبووڵی کردوە وەدەست بێنێ. ئەرکی ســـەر شانی دەوڵەتەکانە کە هەموو ڕێ‌وشوێنێکی پێویست بگرنە بەر تا ئەم مافە دابین‌و دەستەبەر بکەن.

٢- ئەم میکانیزم‌و ســـازوکارەی کە لەلایەن دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەو کۆنڤانســـیۆنەوە بۆ پیادە کـــردن‌و بەدی‌هێنانی ئەم مافە بەکار دەبرێن دەکرێ بریتی بن لە ڕاهێنانی پیشـــەیی، ڕێ‌نیشـــان دانی پیشـــەیی، بەکارهێنانی پلان‌و بەرنامەو پرۆگرامی جۆراوجۆر بەمەبەســـتی دەســـتەبەر کردنی گەشەو پەرەسەندنی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی بەشێوەیەکی یەکسان‌و هەروەها بردنە پێشی سیاســـەتی کارپێدان‌و دامەزراندن بە جۆرێک کە مافە بنەڕەتی‌یە سیاسی‌و ئابووری‌یەکان بۆ هەموو کەس دەستەبەر بکرێن.

ئەرکی دەوڵەت لە پێوەندی دەگەڵ مافی کاردا لە ســـێ کاتەگۆری، واتە لە ســـێ بواردا دەکرێ ڕێک بخرێ[1]. دەوڵەت پێویستە لەو بارەوە خۆی لە دەستتێوەردان ببوێرێ، ئەو پێویستە بەجۆرێک کار بکا کە بەرەبەرە ئەو مافە، جێ‌بەجێ‌و بۆ هەمووان دابین‌و دەستەبەر بکرێت. لەو بارەوە دەوڵەت بێ‌ئەم‌لاولا هەندێک ئەرکی حاشاهەڵنەگری دەکەونە سەر شان.

ئامانجێک کە دەوڵەت پێویســـتە بۆ وەدی‌هێنانی هەوڵ بـــدا، لەلایەن کۆمیتەی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەم جۆرە دەســـت نیشـــان کراوە. دەوڵەت پێویستە دەزگایەکی تایبەتی دامەزرینی کە یارمەتی تاکەکەسەکان بدات کە کار بدۆزنەوە، هەمووان پێویســـتە دەســـتیان وە بازاڕی کار ڕابگا. ئەوە بـــەو مانایەیە کە نابێ لە بـــازاڕی کار دا جیاوازی‌و هەڵاواردن دەگەڵ هیچ کەس بکرێ، هەموو دەبێ دەرفەتی کاریان هەبێ، لەو پێوەندی‌یەدا دەوڵەت ئەرکێکی تایبەتی ســـەبارەت بەو کەس‌و دەستەو تاقمانە لەسەرشـــانە کە پەراوێز خراون. پێویستە هەلومەرجی فیزیکیی ئەوتۆ پێک بهێنرێ کە کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتی بتوانن کار بکەن. پێویستە زانیاری بخرێتە بەر دەستی هەمووان بەجۆرێک کە یارمەتی بەوە بکا تا خەڵک بتوانن کار بدۆزنـــەوە. هەر کرێکارێک، یان کارمەندێک مافی ئەوەی هەیە لە بارودۆخێکی عادڵانەدا کار بکات. واتە هەلومەرجی کار پێویستە عادلانە بێ. لەوەش زیاتر کرێکار، حەقی هەیە لە شوێنی کارەکەی‌دا ئەمنیەت‌و ئاسایشـــی هەبێ. واتە شـــوێنی کار پێویستە بێ‌مەترســـی بێ. کرێکارو کارمەندان مافی دامەزراندنی یەکیەتی‌یە پیشـــەیی‌و سەندیکاو نەقابە جۆراوجۆرەکانیان هەیەو مافی ئەوەشیان هەیە بە ئازادی کاری خۆیان هەڵبژێرن[2].

مەبەســـت لەوە کە دەگوترێ دەوڵەت پێویستە خۆی لە دەست تێوەردان دوور ڕابگرێ، بریتی‌یە

---

1. Se også kap. 1.6.

2. CESCR General Commnet No.18 (2005) punkt 12.

لەوەی کە دەوڵەت لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێ ئیمکانی دەستڕاگەیشتنی کەسێک بە کار، سنووردار بـــکات. یان پێش بە کار کردنی کەســـێک بگرێ. ئەمە بەتایبەتی ئـــەو کاتە زۆر گرینگە کە وەزعی تایبەتیـــی ئەو کەسو دەســـتەو تاقمانە لەبەرچاو بگرین کە لە بارودوخێکی ناســـکو لاواز دان، لە پێوەندی دەگەڵ کار دا. وەک کرێکارانی بیانیو کەسانی سەر بە کەمایەتی‌یە جۆراوجۆرەکان[1].

لەوەش زیاتر دەوڵەت ئەرکێکی زۆر فەوریتریشی هەر لەو بارەوە دەکەوێتە سەر شان. کۆمیتەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری‌یەکان پێ لەســـەر ئەوە دادەگرێ کە دەوڵەت ئەرکی لەســـەر شـــانە کە بێ هیچ چەشنە جیاوازی دانانێک مافی تاکەکەسەکان بۆ کار دابینو دەستەبەر بکاو ئەو مافە بۆ ئەوان وەدی بێنێ. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵگرێ.

such steps must be deliberate, concrete and targeted towards the full realization» «of teh right to work[2] دەوڵەتەکان کاری منداڵانو بێگاریو کاری زۆرەملی قەدەغە دەکەن[3]. لانی کەمی ئەرکێک کە دەوڵەت لە پێوەندی لەگەڵ مافی کاردا دەکەوێتە سەر شانی، لەلایەن کۆمیتەی مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووکانەوە بەو شێوەیە دەست نیشان کراوە.

> In the context of article 6, this «core obligation» encompasses the obligation to ensure non-discrimination and equal protection of employment. Discrimination in the field of employment comprises a broad cluster of violations affecting all stages of life, from basic education to retirement, and can have a considerable impact on the work situation of individuals and groups. Accordingly, these core obligations include at least the following requirements:
>
> (A) To ensure the right of access to employment, especially for disadvantaged and marginalized individuals and groups, permitting them to live a life of dignity.
>
> (B) To avoid any measure that results in discrimination and unequal treatment in the private and public sectors of disadvantaged and marginalized individuals and groups or in weakening mechanisms for the protection of such individuals and groups.
>
> (C) To adopt and implement a national employment strategy and plan of

---

1. Ibid. Punkt 23.
2. Ibid pnkt 19.
3. Ibid. Punkt 24 og 25.

action based on and addressing the concerns of all workers on the basis of a participatory and transparent process that includes employers' and workers' organizations. Such an employment strategy and plan of action should target disadvantaged and marginalized individuals and groups in particular and include indicators and benchmarks by which progress in relation to the right to work can be measured and periodically reviewed[1].

لێرەدا دەگوترێ کە دانانو پیادە کردنی ستراتیژی‌یەکی نەتەوەیی‌و نیشتمانی لە پێوەندی دەگەڵ دەستەبەر کردنی مافی کار بۆ کەسانو گروپە پەراوێزخراوەکان بە کارێکی زۆر گرینگ دادەنرێ. هەر بۆیە لە گۆڕێ دانەبوونی سەرنجو کۆنترۆڵێکی لەو چەشنە سەبارەت بە چۆنیەتیی پیادە کردنو جێ‌بەجێ کردنی مافی کارو وەدیهێنانی ئەو مافە، دەکرێ بە پێ‌شێل کردنی ماددەی ٦ی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکان دابنرێ[٢].

## ٣.١٥ مافی هەبوونی ستانداردێکی ژیانی جێگای ڕەزامەندی

### ٣.١٥.١ سەرەتا

لە ماددەی ١١ی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکان‌دا هاتووە:

١- ئەو دەوڵەتانەی کە لەم کۆنڤانسیۆنە دا بوونەتە ئەندام، مافی هەموو کەسێک بۆ هەبوونی ستانداردێکی ژیانی جێگای ڕەزامەندی بۆخۆی‌و بنەماڵەکەی بەڕەسمی دەناسن. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە هەموو کەس مافی هەیە دەستی بە خواردنو جل‌وبەرگو سەرپەناو شوێنی ژیان ڕابگاو رۆژ بە رۆژیش بارودۆخی ژیانی بەرەو باشتر بوون بڕوات. وڵاتانی ئەندام بەمەبەستی وەدی‌هێنانو دابینو دەستەبەر کردنی ئەم مافە، هەموو ڕێ‌وشوێنێکی پێویست دەگرنە پێش‌و هەر لەو بارەوە بایەخو گرینگیی هاوکاریی نێونەتەوەیی کە لە بنەڕەتڕا بەشێوەی دڵخوازانە بەڕێوە دەچێ، بەڕەسمی دەناسن.

٢- وڵاتانی ئەندامی ئەم کۆنڤانسیۆنە، بۆ هەموو کەسێک ئەو مافە بنەڕەتی‌یە کە لە بەرانبەر برسیەتی‌دا پارێزراو بێ، بەڕەسمی دەناسن. ئەوان چ بەتەنیاو چ لە ڕێگای هاوکاریی نێونەتەوەیی‌یەوە، هەموو جۆرە میکانیزمو سازوکارێک وەک پلانو پرۆگرامی کۆنکرێت کە بۆ ئەو مەبەستە پێویست بێ دەگرنە بەر، وەک:

---

1. Ibid. Punkt 31.

2. Ibid. Punkt 36. CESCR-komiteesn viser imidlertid også til at manglende ressuser kan «explain the difficulties a State party may encounter in fully guaranteeing the right to work, to the extent that the State party demonstrates that it has used all available resources at is disosal in order to filfil, as d mattere of priority, the obligations outlined above». Se ibild punkt 32

ئا) باشـــتر کردنی میتۆدەکانی ئامـــادە کردن، ڕاگرتن‌و دابەش کردنـــی خواردەمەنی لە ڕێگای کەڵک وەرگرتن لە تێکنۆلۆژی‌و شـــارەزاییی زانســـتی، بڵاو کردنەوەی زانیاری سەبارەت بە ئەسڵی پرنســـیپەکانی خـــۆراک‌و خواردەمەنی، داهێنـــان‌و پەرەپێدانی میتۆدەکانی کشـــتوکاڵ‌و ئاژەڵداری بەجۆرێک کە دەرفەتی کەڵک وەرگرتن لە ســـەرچاوە سروشتی‌یەکان، بە باشترین‌و کاراترین شێوە پێک بێ.

ب) بەمەبەســـتی دابین‌و دەســـتەبەر کردنـــی بارودۆخێکی لەبار و پێویســـت بۆ دابەش کردنی خۆراوک‌و خواردەمەنی لە ئاســـتی جیهانی‌دا، سرنج دەدرێتە گیروگرفتەکانی ئەو وڵاتانە کە خۆراک دەنێرنە دەرەوەو هەر بەو جۆرە گیروگرفتی ئەو وڵاتانەش کە خۆراک دەهێننە ناوەوە.

دەســـتەواژەی «ستانداردێکی ژیانی جێگای ڕەزامەندی» کە لە بەندی ١ی ماددەی ١١دا هاتووە زۆر ڕوون نیـــە. وا دێتە بەرچاو کە تێگەیشـــتن لەوە لە کەســـێکەوە بۆ کەســـێکی تر جیاواز بێ‌و پێوەندیی بەوەوە هەبێ کە «ســـتانداردی ژیانێکی جێگای رەزامەندی» لەلای هەر کەســـێک بە چ دەزانرێ‌و چۆن وەردەگیرێ. لە تێکســـتە ئەســـڵی‌یەکەدا بە زمانی ئینگلیسی نووسراوە «adequate standard of living» کە بە مانای ئەوەیە ئاستێکی ژیان کە بە پێویست دابنرێ. ئەوە بەو مانایەیە کە «ستانداردێکی ژیانی جێگای ڕەزامەندی» پێویستە بەگوێرەی ئەو بارودۆخە لێک بدرێتەوە کە ئەو کەســـەی تێ‌دا دەژی. بۆیە لە کاتی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ئەوە دا کە کام ئاستی ژیان، جێگای ڕەزامەندی‌یەو بە پێویســـت دادەنرێ، دەبـــێ گەلێک فاکتۆری کۆمەلایەتی، ئابـــووری، کولتووری، ئاووهەوایی‌و ژینگەیی‌و ئۆکۆلۆژی وەبەرچاو بگیردرێن[1].

دەستەی هەڵبژێردراوی مافەکانی مرۆڤ پێشنیار دەکات، لە پێوەندی لەگەڵ دابین کردنی مافی (ســـتانداردێکی ژیانی جێگای ڕەزامەندی)دا قانوونێکی گشـــتی لە یاسای بنەڕەتیی نۆروێژدا پەسند بکرێ[2]. ئەو پێشـــنیارە جارێ پشـــتیوانی‌و دەنگی زۆربەی وەدەســـت نەهێناوە. لە بەندی سێهەمی ماددەی ١٠۴ی یاسای بنەڕەتی‌دا، سەبارەت بە وەزعی منداڵ دەگوترێ:

کاربەدەستانی دەوڵەت هەلومەرجی گەشەو پەرەسەندنی منداڵ پێک دێنن. ئەمە بەو مانەیە کە پێویســـتە پێداویستی‌یە ئابووری، کۆمەلایەتی‌و تەندروستی‌یەکانی منداڵ تا ئەو جێ‌یەی دەکرێ لە نێو بنەماڵەدا دەستەبەر بکرێن.

مانای سروشـــتی‌و ئاســـایی ئەم بڕیارە ئەوەیە کە بۆ نموونە دەوڵەت ئەرکی لەســـەر شـــانە تا ستانداردێکی ژیانی جێگای ڕەزامەندی بۆ منداڵ دابین‌و دەستەبەر بکات[3]. دەبێ بگوترێ کە ماددەی ٢٧ی کۆنڤانســـیۆنی منداڵیش پێ لەســـەر ئەوە دادەگرێ کە پێویستە ستانداردێکی ژیانی جێگای ڕەزامەندی بۆ منداڵ دابین بکرێ.

1. CESCR General Comment No. 4 (1991) punkt 8.
2. Dok.16 (2011-2012) s. 240 flg.
3. Ibid. S. 194.

هەر بەو جۆرە ماددی ٢٨ی كۆنڤانسیۆنی مافەكانی كەسانی خاوەن پێداویستی‌یە تایبەتی‌یەكان، مەسەلەی دابین‌و دەستەبەر كردنی ژیانێكی جێگای ڕەزامەندی‌و پارێزگاریی كۆمەڵایەتی لەو كەسانە كە وەک خاوەن پێداویستیی تایبەتی دەناسرێن، دەخاتە بەر باس.

بۆ ئەوەی ســـتانداردێكی ژیانی جێگای رەزامەندی‌مان هەبێ، پێویستە گەلێک مەرجو فاكتور لە گۆڕێ‌دا بن. لێرەدا باســـی سێ مەرجی سەرەكی كە لەو بارەوە لە ماددەی ١١ی كۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، كۆمەڵایەتی‌و كولتووری‌یەكان‌دا هاتوون دەكەین: مافی دەستڕاگەیشتن بە سەرپەناو شوێنی ژیان، مافی دەستڕاگەیشتن بە خواردن‌و مافی دەستڕاگەیشتن بە ئاو.

### ٣.١٥.٢ مافی سەرپەناو شوێنی ژیان «خانوو»

مافی هەبوونی ســـەرپەناو شوێنی ژیان، بە چەشنێكی جێگای ڕەزامەندی‌و شیاو، هەر لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەكان‌دا، جێگای باس نیە. گیروگرفتی بێ‌ماڵ‌وحاڵی، بێ‌سەرپەنایی‌و لەبەردەست دانەبوونی خانوو، بەئەندازەی پێویســـتو جێگای ڕەزامەندی، لە هەموو وڵاتەكان‌دا، گیروگرفتێكی بەرچاوە[1]. بە كورتی‌و بەڕاستی، بێ‌پێچو پەنا مافی هەبوونی سەرپەنا، شوێنی ژیان‌و خانوو و ماڵ بریتی‌یە لە «the right to live somewhere in security, peace and dinity»[2].

مافی هەبوونی خانوو، یان ماڵ‌و شـــوێنی ژیان، پێوەندی‌یەكی زۆر نزیكی لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر لە مافو ئازادی‌یەكانی دیكەی مرۆڤ‌دا هەیە. لەو بارەوە كۆنڤانســـیۆنی مافە ئابووری‌و كۆمەڵایەتی‌و كولتووری‌یەكان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ كە:

> … the full enjoyment of other rights - such as the right to freedom of expression, the right to freedom of association (such as for tenants and other community-based groups), the right to freedom of residence and the right to participate in public decision-making - is indispensable if the right to adequate housing is to be realized and maintained by all groups in society. Similarly, the right not to be subjected to arbitrary or unlawful interference with one's privacy, family, home or correspondence constitutes a very important dimension in defining the right to adequate housing[3].

مافی هەبوونی ســـەرپەناو شـــوێنی ژیان «خانوو» زۆر بەربڵاوەو بەشێوەیەكی بەرین لێک دەدرێتەوە، هەروەها لەو بارەوە كۆنڤانسیۆنەكە دەڕواتە پێش‌و دەڵێ:

---

1. CESCR General Comment No.4 (1991) punkt 4.
2. Ibid. punkt 7
3. Ibid. Punkt 9.

[I]individuals, as well as families, are entitled to adequate housing regardless of age, economic status, group or other affiliation or status and other such factors. In particular, enjoyment of this right must, in accordance with article 2 (2) of the Covenant, not be subject to any form of discrimination[1].

بایەخی ئینسانیی تاکەکەسو پاراستنی ئەو لە بەرانبەر جیاوازیدانانو هەڵاواردندا، بە لایەنە هەرە سەرەکییەکانی مافی هەبوونی سەرپەناو جێگاو ڕێگاو شوێنی ژیان دادەنرێ.

ئەرکی دەوڵەت بۆ دابینو دەستەبەر کردنی مافی دەسڕاگەیشتن بە سەرپەنا، شوێنی ژیانو خانوو لە سێ بواری سەرەکیدا کورت دەبێتەوە:

دەوڵەت لە دەستتێوەردانو دەخالەت کردن خۆی دەبوێرێ، بەشێوەیەکی تایبەتی هەڵسوکەوت دەکات، بەڵام هەندێک ئەرکی بێئەوملاولای دەکەونە سەر شان کە پێویستە جێبەجێیان بکات[٢].

وەدەرنانی زۆرە ملی واتە (forced evictions)، لەو بوارەدا دەوڵەت ئەرکێکی تایبەتی لەسەر شانە مەبەست لە وەدەرنانی زۆرە ملیو بەزۆری بریتییە لە

«the permanent or temporary removal against their will of individuals, families and/or communities from the homes and/or land which they occupy, without the provision of, and access to appropriate forms of legal or other protection»[3].

لەو پێوەندییەدا کۆمیتەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەم شێوەیەی خوارەوە مەسەلەکە ڕوون دەکاتەوە:

instances of forced eviction are prima facie incompatible with the requirements of the Covenant and can only be justified in the most exceptional circumstances, and in accordance with the relevant principles of international law[4].

لێرەدا کۆمیتەی مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکان زۆر بەڕوونی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە وەدەرنانی بەزۆری، نابێ ببێتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان بێماڵ وحاڵو بێجێوڕێ بمێننەوە یان بکەونە وەزعێکی نالەبارو بارودۆخێکی ناسکەوە کە مافو ئازادییە ئینسانییەکانی دیکەیان پێشێڵ بکرێ.

1. Ibid. Punkt 6.
2. Se også kap. 1.6.
3. CESCR General Comment No.7 (1997) punkt 3.
4. CESCR General Comment No.4(1991) punkt 18.

where those affected are unable to provide for themselves, the State party must take all appropriate measures, to the maximum of its available resources, to ensure that adequate alternative housing, resettlement or access to productive land, as the case may be, is available[1].

بەم جۆرە دەبینین کە ئەوە کە دەگوترێ دەوڵەت لەسەریەتی خۆی لە دەخالەتو دەست تێوەردان دوور بگرێ، لە هەمان کاتدا ئەرکێکی ئەرێنیو پۆزەتیڤیش دەخاتە ســـەر شـــانی دەوڵەت کە، بۆ دابینو دەستەبەر کردنی شوێنی ژیانو خانوو بۆ ئەو کەسانەی بە هەر هۆیەکەوە بێ لەماڵو شوێنی ژیانیان بەزۆر وەدەردەنرێن، هەنگاو هەڵگرێ.

لەلایەکی دیکەشـــەوە ئەرکی سەرشـــانی دەوڵەتە کە بەگوێرەی پـــلانو ئامانجێکی دیاریکراو، هەوڵ بدات لە درێژخایەن دا، مافی هەبوونی جێگاو ڕێگاو خانوو، بەشـــێوەیەکی جێگای ڕەزامەندی بۆ هەمووان دابین بکات.

ئەوە کە مەبەست لە خانوو یان شوێنی ژیان کە جێگای ڕەزامەندیو شیاو بێ، بەچی دەگوترێ، پێوەندیی بەو بارودۆخەوە هەیە کە مەسەلەکەی تێدا دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوە. لێرەدا گەلێک هۆکارو فاکتـــۆری جۆراوجۆری ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگـــی، ئاووهەواییو ئیکۆلۆژی ڕۆلیان هەیە کە پێویســـتە وەبەرچاو بگیردرێن. بۆ ئەوەی خانوو یان شوێنێکی ژیان بە شیاو یان جێگای ڕەزامەندی دابنرێ، زۆر مەرجو داواکاری دانـــراون[٢]. کۆمیتەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووریيەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە مافی هەبوونی سەرپەناو شوێنی ژیانو خانوو تا ئاستێکی دیاریکراو مافە قانوونیيەکانی تاکەکەس بۆ خاوەنداریەتی لە مڵکو ماڵی خۆی دەگرێتەوە. لە لایەکی دیکەشـــەوە ئەوەش دەگرێتەوە کە ئەو خانووە، پێداویســـتیيە بنەڕەتیيە تەندەروســـتیو ئەمنیەتیيەکانو ئەو کەلوپەلو ئامرازانەی تێدابن کە بۆ ئاســـایشو گوزەران پێویســـتن. هەروەها نابێ خەرجی کرێو تێچوونەکانی خانوو، هێندە لەســـەرێ بن کە شوێنەواری نەرێنی بخەنە سەر لایەنە بنەڕەتیيەکانی دیکـــەی ژیان کە بە پێویســـت دادەنرێن. هەروەهـــا ئەوەش دەگرێتەوە کە دەوڵەتەکان پێویســـتە سیســـتەمێک بۆ دانی یارانەو سوبســـیدی خانوو دابنێن بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیيان پێیەتی. لەوەش زیاتر ئەوەش دەگرێتەوە کە ئەو خانووە، پێویستە ئەو کەسەی کە تێیدا دەژی، لە بەرانبەر ســـەرماو گەرماو باو بۆرانو بەفرو کرێوەو شـــتی وا دا بیپارێزێ. ئـــەوەش دەگرێتەوە کە ئەو خانووە یان ئەو جێیە لە شـــوێنێک بێ کە مرۆڤ دەستی بە ئیمکاناتی جۆراوجۆر، وەک کارو لەشساخیو دەواودەرمان، قوتابخانەو باخچەی ســـاوایانو پێداویســـتیيە کۆمەڵایەتیيەکانی دیکە ڕابگا. لەوەش زیاتر دەوڵەت لەســـەریەتی لە کاتی دانانی گەڵاڵەو بەرنامە بۆ نیشـــتەجێ کردنی خەڵک لە کاتی

1. CESCR General Comment No.7(1997) punkt 16.
2. Ibid. Punkt 8.

خانووسازی‌دا، لایەنە کولتووری‌و فەرهەنگی‌یەکانیش وەبەرچاو بگرێ.

بەو جۆرە دەبینین کە دەوڵەت زۆر ئەرکی فەوری‌و حاشاهەڵنەگری لە پێوەندی دەگەڵ دەستەبەر کردنی مافی خانوو و شوێنی ژیان دا دەکەونە سەر شان. دەوڵەت ئەرکی لەسەر شانە کە

«due priority to those social groups living in unfavorable conditions by giving them particular consideration. Policies and legislation should correspondingly not be designed to benefit already advantaged social groups at the expense of others[1]».

دەوڵەت لەسەریەتی ستراتیژی‌یەکی میللی‌و نیشتمانی لە پێوەندی دەگەڵ نیشتەجێ کردن‌و دابین کردنی خانوو بۆ هاووڵاتیان ئامادەو پەسەند بکا کە:

«defines the objectives for the development of shelter conditions, identifies the resources available to meet these goals and the most cost-effective way of using them and sets out the responsibilities and time-frame for the implementation of the necessary measures»2. دەوڵەت دەبێ نیشان بدات کە: «the measures being taken are sufficient to realize the right for every individual in the shortest possible time in accordance with the maximum of available resources[3]».

لەوەش زیاتر ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە کە بێ‌وچان لە پێوەندی دەگەڵ دابین کردنی مافی تاکەکەسەکان بۆ خانوو و شوێنی ژیان لەسەر هەست بێ‌و بارودۆخەکەی بەتەواوی لە ژێر چاوەدێری‌و کۆنترۆڵ دابێ[۴].

### ۳.۱۵.۳ مافی دەستڕاگەیشتن بە خواردەمەنی

مافی دەستڕاگەیشتن بە خواردەمەنی، بەشێوەیەکی جێگای ڕەزامەندی، بایەخ‌و گرینگی‌یەکی گەورەی بۆ دەستەبەر بوونی هەموو مافەکانی دیکەی مرۆڤ هەیە. ئامانج لە دابین بوونی ئەو مافە بریتی‌یە لە:

«every man, woman and child, alone or in community with others, has physical and economic access at all times to adequate food or means for its procurement[5]».

---

1. Ibid.
2. Ibid. punkt 12
3. Ibid. Punkt 14.
4. Ibid. Punkt 13.
5. CESCR General Comment No. 12 (1999) punkt 6.

هەرچەند لە بنەڕەتڕا مەسەلەی برسیەتی، کەمخۆراکیو بەدخۆراکی بەشێوەیەکی ئاسایی لە وڵاتە تازە پێگەیشتووکاندا هەیە، بەڵام لە وڵاتە دەوڵەمەندو گەشە سەندووەکانیش زۆر گیرو گرفتی ئەوتۆ وەبەرچاو دەکەون کە پێوەندییان بە کەمخۆراکیو بەدخۆراکییەوە هەیە[1].

لێرەداش ئەرکی دەوڵەتە لە پێوەندی دەگەڵ دابینو دەستەبەر کردنی مافی دەستڕاگەیشتنی هەمووان بە خواردەمەنی، لە سێ بواری سەرەکیدا خۆی نیشان دەدا[2]. لەپێشدا دەوڵەت لەسەریەتی خۆی لە دەخالەتو دەست تێوەردان ببوێرێ. دەوڵەت لە درێژخایەندا پێویستە بەجۆرێک هەڵسوکەوت بکا کە یارمەتی بە پیادە کردنی ئەم مافە بکات. لەو پێوەندییەدا دەوڵەت هەندێک ئەرکی دیاریکراو و فەوری لەسەر شانن کە پێویستە وەبەرچاویان بگرێ.

بەگوێرەی بەندی ٢ی ماددەی ١١ی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکان، دەوڵەت لەسەریەتی لە هەلومەرجێکدا کە برسیەتی لە گۆڕێ دایە، سازوکارو میکانیزمی جۆراوجۆر بۆ بەرگری لە خەڵک لە بەرانبەر برسیەتیدا بگرێتە پێش[3]. دەوڵەت لەسەریەتی، واتە ئەرکی لەسەر شانە کە مافی دەست ڕاگەیشتن بە خواردنو خواردەمەنی بۆهەمووان بێجیاوازی دابین بکات[4]. لەوەش زیاتر ئەو مافە لە نێوەرۆکی خۆیدا ئەو داواکارییەشی تێ دایە کە دەوڵەت لەسەریەتی:

> «the satisfaction of, at the very least, the minimum essential level required to be free from hunger[5]».

بێجگە لەوەش دەوڵەت ئەرکی لەسەر شانە کە دەستبەجێو بێدرەنگ ستراتیژییەکی نیشتمانیو نەتەوەیی بۆ دابینو دەستەبەر کردنی مافی دەستڕاگەیشتنی هەمووان بە خواردنو خواردەمەنی دامەزرێنێ[6].

مافی دەستڕاگەیشتنی هەمووان بە خواردەمەنی، وردە وردە جێبەجێو پیادە دەکرێ. لەو بارەوە دەوڵەت ئازادە کە کام سیاسەتو ستراتیژی بۆ دابین کردنی ئەم مافە بە باش دەزانێ، ئەوە هەڵبژێرێ[7]. لایەنێکی دیکەی مافی دەستڕاگەیشتن بە خواردەمەنی بریتییە لەوەی کە ئەو مافە حەقی دەستڕاگەیشتنی هەمووان بە خواردەمەنییەکی ساڵمو تەندروست دابین بکات، خواردەمەنی پێویستە بۆ خواردن بشێو لەو بارەوە هیچ مەترسییەکی لەسەر نەبێ. واتە بەدڵنیاییەکی زۆرەوە بۆ خواردن بشێ. دەوڵەت لەسەریەتی کە سیستەمێکی کارا بۆ دابەش کردنی خواردەمەنی دامەزرێنێ.

---

1. Ibid. Punkt 5.
2. Se også kap 1.6.
3. CESCR General Comment No. 12 (1999).
4. Ibid. Punkt 18.
5. Ibid. Punkt 17.
6. Ibid. Punkt 21.
7. Ibid.

نرخـــی خواردەمەنی پێویســـتە بە جۆرێک بێ کە هەمووان بتوانن دەســـتیان وێـــی ڕابگا. لە باری فیزیکیشـــەوە پێویســـتە خەڵک ئیمکانی ئەوەیان هەبێ دەستیان وەخواردەمەنی ڕابگا. واتە دەبێ بۆ هەموو کەس ئاسان بێ کە دەستی وەخواردەمەنیی پێویست ڕابگا[1]. دەوڵەت بەتایبەتی ئەرکی لەسەر شـــانە کە هەموو ڕێوشـــوێنێکی پێویست بگرێتە پێش تا دەســـتەو تاقمو گروپە پەڕاوێزخراوەکانو ئەوانـــەی کە لە بارودۆخێکی ناســـک دان، دەســـتیان وەخـــواردنو خواردەمەنیی پێویســـت ڕابگا. وەک منداڵ، بەســـاڵاچووەکان، نەخۆشەکان و ئەو کەسو دەســـتەو تاقمانەی کە تووشی کارەساتە سروشتی‌یەکان دەبنو زۆر دەستەو تاقمی دیکەی لەو چەشنەش[2].

ئەوە کە مافی دەستڕاگەیشتنی تاکەکەسەکان بە خواردەمەنی ئەرکی نەرێنی دەخاتە سەر شانی دەوڵـــەت بۆ ئەوەی خۆی لە دەخالەتو دەســـت تێوەردان ببوێرێ، بـــەو مانایەش دێ کە دەوڵەت هەرگیز نابێ لەو بارەوە خۆی بکێشـــێتە دواوەو کەمتەرخەم بێ. بەڵکوو مانای ئەوەیە کە پێویســـتە هەموو ئەو یاســـاو قانوونو ڕێوشوێنو ســـازوکارو میکانیزمانە وەگەڕ خات کە بۆ جێبەجێ بوونو دابینو دەستەبەر کردنی ئەم مافە بە پێویست دەزانرێن[3].

### ٣.١٥.٤ دابین بوونی ئاو

دابین بوونی ئاو، پێوەندی‌یەکەی گەورەی بە ئاستی ژیانی مرۆڤەوە هەیە. لە بەندی ١١ی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی‌یەکاندا باسێک لە ئاو نایەتە گۆڕێ. دەستەواژەی «herunder» کە لە بەندی ١ی ماددەی ١١دا هاتوە، بەڕوونی ئەوە نیشـــان نادات کە مافی ســـتانداردێکی ژیانی جێگای ڕەزامەندی لە چی پێک دێ. کۆمیتەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی‌یەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئەو بڕوایەیە کە:

> «the right to water clearly falls within the category of guarantees essential for securing an adequate standard of living, particularly since it is one of the most fundamental conditions for survival»[4].

مافی ئاو پێوەندی‌یەکی زۆر نزیکی لەگەڵ بەندی یەکەمی ماددەی دوازدەهەمی کۆنڤانســـیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی‌یەکان دا هەیە کە باس لەوە دەکات پێویستە مافی دەستڕاگەیشتن بە پێداویستی‌یە لەشساخی‌یەکان، تا ئاستی هەرە بەرزی خۆیان، بۆ هەمووان دابین بکرێن.

مەبەســـت لە دابین کردنی مافی دەستڕاگەیشتنی هەمووان بە ئاو، بریتی‌یە لە دەستڕاگەیشتنی

1. Ibid. punkt 8-13.
2. Ibid. Punkt 13.
3. Ibid. Punkt 15 og 19.
4. CESCR. General Comment NO.15 (2003) punkt 3.

هەموو کەســێک بە ئاو بۆ دابین کردنی پێویســتی‌یە شەخســیو خسووسی‌یەکانی خۆی[1]. لەوەش زیاتــر ئاو بایەخو گرنگیی هەیە بۆ دابینو دەســتەبەر کردنی ژمارەیەکی زۆر لەو مافانەی دیکە کە وەک مافــی مرۆڤ ناســراون. کۆمیتەی مافە ئابووریو کۆمەڵایەتــیو فەرهەنگی‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ســەبارەت بە پێوەندیی نێوان بەکارهێنانی ئاو بۆ پێداویســتی‌یە شەخســیو خسووسی‌یەکانو بایەخو گرینگیی ئاو وەک ئامراز بۆ دابین بوونی مافەکانی دیکەی مرۆڤ، بەم جۆرە بیرو بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێ.

> Water is required for a range of different purposes, besides personal and domestic uses, to realize many of the Covenant rights. For instance, water is necessary to produce food (right to adequate food) and ensure environmental hygiene (right to health). Water is essential for securing livelihoods (right to gain a living by work) and enjoying certain cultural practices (right to take part in cultural life). Nevertheless, priority in the allocation of water must be given to the right to water for personal and domestic uses. Priority should also be given to the water resources required to prevent starvation and disease, as well as water required to meet the core obligations of each of the Covenant rights[2].

لە پێوەندی دەگەڵ دابین کردنی مافی دەستڕاگەیشــتن بە ئاویش‌دا ئەرکی دەوڵەت لە ســێ بواردا خۆی نیشــان دەدا[3]. دەوڵەت ئەرکی ئەوەی لەسەر شانە کە بە جۆرێک دەخالەتو دەست‌تێوەردان نەکات کە ببێتە هۆی وەستانی ئاو. دەوڵەت لەسەریەتی کە بەمەبەستی دابین کردنی ئاو بۆ هەموان، بەجۆرێک کە هەموو کەس بەشــێوەیەکی کافــی، گونجا و جێگای ڕەزامەندی، بۆ پێداویســتی‌یە شەخســیو خسووسی‌یەکان دەســتی وە ئاوی پێویســت ڕابگا، هەنگاوی ئەرێنی هەڵگرێ[4]. وەک باســمان کرد ماددەی یازدەی کۆنڤانســیۆنی مافە ئابووریو کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان باســێک لە مافی ئاو ناکات. بۆیە پێویســتە لەلایــەن دەوڵەتەوەکاری بۆ بکرێ. واتە دەوڵەت بۆخۆی بەرپرســایەتیی ئەوە بگرێتە ئەســتۆ کە حەقی هەمووان بۆ دەستڕاگەیشتنی کافی بە ئاو دابین بکات[5]. دەوڵەت ئەرکی فەوری، بێ‌ئەم‌لاولاو حاشــا هەڵنەگری لە سەر شانە کە نەیەڵێ لە پێوەندی دەگەڵ مافی دەستڕاگەیشــتن بە ئاودا، هیچ جۆرە هەڵاواردنو جیاوازی‌دانانێک بەڕێوە

1. Ibid. Punkt 2.
2. Ibid. punkt 6.
3. Se også kap. 1.6.
4. Ibid. Punkt 2.
5. Ibid. Punkt 19.

بچێ. واتە لەسەریەتی ئەو مافە بۆ هەمووان بێوەبەرچاوگرتنی هەرچەشنە جیاوازی‌یەک دابین‌و دەستەبەر بکات[١]. لەوەش زیاتر دەوڵەت بەشێوەیەکی کۆنکرێت ئەرکی ئەوەی لەسەر شانە کە مافی دەستڕاگەیشتنی هەمووان بە ئاو، بەشێوەیەکی جێگای ڕەزامەندی، بەتەواوی پیادەو دەستەبەر بکات[٢]. ئەو هەنگاوانەی کە دەوڵەت لەو پێوەندی‌یەدا هەڵیان‌دەگرێ، پێویستە بەم شێوەیەی خوارەوە بن‌و بەو جۆرە ئاڕاستە بکرێن.

«delibrate, concrete and targeted towards the full realization of the right to water»[3].

### ٣.١٦ مافی دەستڕاگەیشتن بە پێداویستی‌یە تەندرووستی و لەش‌ساخی‌یەکان

لە ماددەی دوازدەهەمی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا هاتووە کە:

١- وڵاتانی ئەندامی ئەم کۆنڤانسیۆنە مافی هەموو کەسێک بۆ کەڵک وەرگرتن لە ستاندارده هەر بەرزەکانی خزمەت‌گوزاری‌یە تەندرووستی و لەش‌ساخی‌یەکان، چ لە باری فیزیکی‌و چ لە باری ڕەوانی‌یەوە بەڕەسمی دەناسن.

٢- ئەو سیاسەت‌و ڕێوشوێن‌و میکانیزمانەی کە وڵاتانی ئەندامی کۆنڤانسیۆنەکە بۆ دابین کردنی ئەم مافانە کەڵکیان لێ وەردەگرن، بریتی دەبن لەو سازوکارو میکانیزمانەی کە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە بەپێویست دادەنرێن.

ئا- کەم‌کردنەوەی ڕادەی مەرگ‌و مردنی ساوایان‌و منداڵان‌و هەروەها پەرەپێدانی گەشەو هەڵدانی منداڵان بەشێوەیەکی درووست.

ب- باشتر کردنی هەموو لایەنەی بێهداشت‌و پاک‌و خاوێنیی ژینگەو شوێنەکانی کارو سەنعەت‌و پیشەسازی‌یەکان.

ج- پێشگیری، چارەسەرو کۆنترۆڵی نەخۆشی‌یە درم‌و هەمەگیرو نەخۆشی‌یە پیشەیی‌و جۆراوجۆرەکانی دیکە.

د- پێک‌هێنانی هەلومەرجێک کە هەمووان لە کاتی نەخۆشی‌دا، دەستیان وە دوکتورو دەواو دەرمان‌و چارەسەری‌و خزمەت‌گوزاری‌یە لەش‌ساخی‌و دەرمانی‌یەکانی دیکە ڕابگا.

دەستەی هەڵبژێردراوی مافەکانی مرۆڤ پێشنیار دەکا کە پێویستە لە یاسای بنەڕەتی‌دا بڕیارێکی تایبەتی سەبارەت بە مافە تەندروستی‌و لەش‌ساخی‌یەکان پەسند بکرێ، بەجۆرێک کە لە نێوەرۆکی خۆی‌دا بتوانێ وەڵامدەری ئەو داواکاری‌یانە بێت کە کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و

1. Ibid. Punkt 17.
2. Ibid.
3. Ibid.

کولتووری‌یەکان، لە پێوەندی دەگەڵ مافە لەش‌ساخی‌و تەندروستی‌یەکان‌دا، بە ئەرکی سەر شانی دەوڵەتەکانی ئەندامی دەزانێ[1].

تا ئێستا ئەو گەلاڵەیە لە پارلەمان‌دا دەنگی زۆربەی بۆخۆی مسۆگەر نەکردوە. بەڵام لە بەندی سێهەمی ماددەی ١٠٤ی قانوونی بنەڕەتیی نۆروێژدا هاتوە کە کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ (پێداویستی‌یە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و لەش‌ساخی‌و تەندروستی‌یەکانی منداڵ دابین‌و دەستەبەر بکەن). ئەم بڕیارە بێ ئەملاولا مافی منداڵ بۆ دەستڕاگەیشتن بە خزمەت‌گوزاری‌یە تەندروستی‌و لەش‌ساخی‌یەکان دەگرێتەوە. لەوەش زیاتر لە ماددەی ٢٤ی کۆنڤانسیۆنی منداڵ‌دا هاتوە کە منداڵ مافی ئەوەی هەیە کە دەستی بە ئاستی هەرە بەرزی خزمەت‌گواری‌یە لەش‌ساخی‌و تەندروستی‌و دەرمانی‌یەکان ڕابگا و کەڵکیان لێ وەرگرێ.

ئەرک‌و بەرپرسایەتیی دەوڵەت سەبارەت بە لەنێو بردنی جیاوازی‌دانان‌و هەڵاواردن بەرانبەر بە ژنان لەپێوەندی دەگەڵ خزمەت‌گوزاری‌یە لەش‌ساخی‌و تەندروستی‌یەکان‌دا، لە بەندی ١ی ماددەی ١٢ی کۆنڤانسیۆنی قەدەغە بوونی جیاوازی‌دانان بەرانبەر بە ژنان دا، داڕێژراوە. لەوێ گوتراوە:

وڵاتانی ئەندامی ئەم کۆنڤانسیۆنە هەموو جۆرە میکانیزم‌و سازوکارێکی پێویست بۆ لەنێو بردن‌و خاشەبڕکردنی جیاوازی‌دانان بەرانبەر بە ژنان، لە بوارەکانی دەستڕاگەیشتنی ئەوان بە خزمەت‌گوزاری‌یە لەش‌ساخی‌و تەندروستی‌یەکان‌دا دەگرنە پێش. مەبەست ئەوەیە کە خزمەت‌گوزاری‌یە لەش‌ساخی‌و تەندروستی‌یەکان بۆ ژنان دابین بکرێن. لێرەدا مەبەست لەو خزمەت‌گوزاری‌یانە بریتی‌یە لە هەموو ئەو یارمەتی دەرمانی‌و لەش‌ساخی‌یانەی کە لەسەر بنەمای یەکسانی‌و بەرابەریی نێوان ژن‌و پیاو، بۆ پلان‌دانان‌و ڕێکخستنی وەزعی بنەماڵەو خێزان، بەپێویست دادەنرێن.

مافی ژنان بۆ «پاراستن‌و ئەمنیەت لە شوێنی کار، لێرەدا پاراستن‌و ئەمنیەتی تواناکانی ژنان، منداڵ‌بوون‌و زاوزێ» لە خاڵی «f»ی بەندی یەکەمی ماددی ١١ی کۆنڤانسیۆنی قەدەغە بوونی جیاوازی‌دانان بەرانبە بە ژنان‌دا باسی لێ کراوە. ئەرکی دەوڵەت بۆ قەدەغە کردن‌و لەنێوبردنی جیاوازی‌دانان بەرانبەر ژنان، لە پێوەندی دەگەڵ خزمەت‌گوزاری‌یە لەش‌ساخی‌یە گشتی‌و دەوڵەتی‌یەکان‌دا لە خاڵی «١٧»ی ماددەی ٥ی کۆنڤانسیۆنی قەدەغە بوونی جیاوازی‌دانانی ڕەگەزی‌دا بەڕەسمی ناسراوە. لە ماددەی ٢٥ی کۆنڤانسیۆنی تایبەت بە مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتی دا هاتوە کە ئەو کەسانە مافی ئەوەیان هەیە دەستیان وە ئاستی هەرە بەرزی خزمەت‌گوزاری‌یە لەش‌ساخی‌و تەندروستی‌یەکان ڕابگاو کەڵکیان لێ وەرگرن.

ماددەی دوازدەهەمی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکان لە نێو هەموو ئەو بڕیارانەی پێوەندی‌دار بە مافەکانی مرۆڤەوە کە سەبارەت بە مافە لەش‌ساخی‌و تەندروستی‌یەکان

1. Dok. 16 (2011-2012) s. 240 flg.

پەسند کراون، بە ماددەیەکی بەرینو هەموو لایەنە دادەنرێ[١].

بەندی یەکەمی ماددەی دوازدەهەم، مافی دەستڕاگەیشـــتن بە خزمەتگوزاری‌یە تەندروســـتی‌و لەش‌ساخی‌یەکان پێناسە دەکات. بەندی دووهەمی ماددەی دوازدەهەمییش گرینگترین ئەرکەکانی دەوڵەت لەو پێوەندی‌یە دا ڕوون دەکاتەوە[٢].

مافی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری‌یە لەش‌ساخی‌یەکان پێوەندی‌یەکی زۆر نزیکی بە دابینو دەســـتەبەر بوونی ژمارەیەکی زۆری دیکە لەو مافانەوە هەیە کە بە مافی مرۆڤ ناســـراون. کۆمیتەی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو بارەوە ئەم مەســـەلەیە بەم جۆرە دەردەبڕێ:

> The right to health is closely related to and dependent upon the realization of other human rights, as contained in the International Bill of Rights, including the rights to food, housing, work, education, human dignity, life, non-discrimination, equality, the prohibition against torture, privacy, access to information, and the freedoms of association, assembly and movement. These and other rights and freedoms address integral components of the right to health[3].

مافی دەستڕاگەیشـــتن «بە ئاســـتە هەر بەرزەکانی خزمەتگوزاری‌یە لەش‌ساخی‌و دەرمانی‌یەکان»، ئەوە ناگرێتەوە کە تاکەکەسەکان داواکاری‌و ئیددیعای ئەوەیان لە دەوڵەت هەبێ کە دەبێ هەمیشە ســـاخو سلامەت بنو تووشی هیچ نەخۆشی‌یەک نەبنو تەندروستی‌یەکی باشیان هەبێ. لە ڕوانگەی تاکەکەسەکانەوە، مافی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری‌یە تەندروستی‌یەکان، هەم هەندێک ماف دەداتە تاکەکەســـەکان، هەم هەندێک ئازادی‌شـــیان بۆ دابین دەکات. لەو بارەوە مەبەست لە ئازادی ئەوەیە کە مرۆڤ، واتە تاکەکەس ئازادیی ئەوەی هەیە بڕیار بە ســـەر لەشـــی خۆی دا بدات: «The freedoms include the right to control one's health and body, including sexual and reproductive freedom, and the right to be free from interference, such as the right to be free from torture, non-consensual medical treatment and experimentation.»[٤]

مافی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری‌یە لەش‌ساخی‌و تەندروستی‌یەکان مافی ئەوەش دەداتە تاکەکەسەکان کە:

«the right to a system of health protection which provides equality of

1. CESCR General Comment No. 14 (2000) punkt 2.
2. Ibid. Punkt 7.
3. Ibid. Punkt 3.
4. Ibid. Punkt 8.

opportunity for people to enjoy the highest attainable level of health[1]».

ئەمە بەو مانایەیە کە:

«a right to the enjoinment of a variety of facilities, goods, services and conditions necessary for the realization of the highest attainable standard of health»[2].

ئەگەر بەوردی ســـرنج بدەینە نێوەرۆکی ئەو بڕیارانەی کە لەو بارەوە لە پێوەندی دەگەڵ ئەرکەکانی دەوڵەتدا دراون، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەرکەکانی دەوڵەت سێ بواری سەرەکی دەگرنەوە. لە پێش‌دا ئەرکی ســـەر شـــانی دەوڵەتە کە بەرەبەرە هەموو ئەو مافانە دابین‌و دەستەبەر بکات کە وەک مافی تاکەکەسەکان بۆ دەستڕاگەیشـــتن بە خزمەتگوزاری‌یە لەش‌ساخی‌و تەندروستی‌یەکان، بەڕەسمی ناسراون. واتە دەوڵەت لەســـەریەتی هەموو ڕێ‌وشوێنێکی پێویست بۆ پیادە کردن‌و وەدیهێنانی ئەو مافانـــە بگرێتە پێش‌و لە ماوەیەکـــی زەمانیی دیاری‌کراودا، دابین‌و دەســـتەبەریان بکات. لەلایەکی دیکەشـــەوە ئەرکی لەسەر شانە، دەخالەت نەکات‌و دەســـت لە کاروباری پێوەندی‌دار بەو مەسەلەوە وەرنەدا. لەلایەکی دیکەشەوە لە هەندێک بواردا، هەندێک ئەرکی دیاری‌کراو لەو بارەوە لەگۆڕێ دان، کە دەوڵەت لەســـەریەتی بەشێوەیەکی فەوری‌و بێ‌درەنگ کردن، جێ‌بەجێ‌یان بکات‌و بۆ ڕاپەڕاندن‌و پیادەکردنیان هەنگاو هەڵگرێ[٣].

دەوڵەت ئەرکی لەســـەر شانە کە بەشێوەیەکی چالاک‌و کارا، بەرەبەرە هەنگاوی ئەرێنی هەڵگرێ تا تاکەکەســـەکان دەستیان وەئاستی هەرە بەرزی خزمەتگوزاری‌یە لەش‌ساخی‌و تەندروستی‌یەکان ڕابگا. بەگوێـــرەی لێکدانەوەی کۆمیتەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتـــی‌و فەرهەنگی‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، مافی دەستڕاگەیشـــتن بە خزمەتگوزاری‌یە لەش‌ســـاخی‌یەکان، ئەم بوارانە دەگرێتەوە: سیســـتەمێکی کارای تەندروســـتی کە ئەم پێداویســـتی‌یانە لەخۆی بگرێ، کاڵاو ئامێرو ئامرازە پێویســـتەکان، خزمەتگوزاری‌و پرۆگرامە جۆراوجۆرەکان کە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبار پێویستن. دەبێ هەموان دەستیان بەو ئامرازو ئامێرو وەسیلە جۆراوجۆرانە ڕابگا. ئەوە بەو مانایەیە کە بێ‌جیاوازی بـــۆ هەموو کەس لەبەر دەســـت دابن‌و هەموو کەس بتوانن کەڵکیـــان لێ‌وەرگرن. ئەوە بەو مانایەیە کە ئەو ئامرزاو ئامێرو خزمەتەگوزاری‌یانە پێویســـتە لە باری فیزیکیشەوە لەبەردەست دابن‌و خەڵک بتوانن دەســـتیان پێیان ڕابگا. لەوەش زیاتر پێویســـتە هەمووان لە باری ماددی‌یەوە توانای ئەوەیان هەبێ خەرجی‌یەکانی کەڵک وەرگرتن لەو ئامێرو خزمەتگوزاری‌یانە، دابین بکەن. پێویستە زانیاریی پێویست سەبارەت بە خزمەتگوزاری‌و پرسە تەندروستی‌و لەش‌ساخی‌یەکان، لەبەر دەستی هەمووان دابێ. لە پێوەندی دەگەڵ مەســـەلە لەش‌ساخی‌و تەندروســـتی‌یەکان‌دا پێویستە مەسەلە ئەخلاقی‌و

1. Ibid.

2. Ibid. Punkt 9.

3. Se også kap. 1.6.

ئیتیکی‌یەکان، بە جیددی بگیرێن. پێویستە تاکەکەسەکان بە وەبەرچاوگرتنی هەویەت‌و پێشینەیان هەڵس‌وکەوت‌و ڕەفتاری‌یان لەگەڵ بکرێ‌و لەسەر ئەو بنەمایەش چارەسەر بکرێن. لەوەش زیاتر پێویستە سیستەمی تەندروستی، چۆنیەتی‌و کەیفیەتێکی جێگای ڕەزامەندی هەبێت[1].

مەبەست لە دەست تێوەرنەدان‌و دەخالەت نەکردنی دەوڵەت بریتی‌یە لەوەی کە دەوڵەت لە هیچ کاتێکدا پێش بەوە نەگرێ کە هەندێک کەس، گروپ‌و دەستەو تاقم دەستیان وە دەواودەرمان‌و خزمەتگوزاری‌یە تەندروستی‌یەکان ڕابگا، یان پێش بە چارەسەر کردن‌و دەرمانکردنی ئەوان نەگرێ. ئەم مەسەلەیە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی خزمەتگوزاری‌یە لەش‌ساخی‌یەکان دەگرێتەوە. دەوڵەت لەو بارەوە بە هیچ جۆر پێش بەوە ناگرێ کە ئەو کەس‌و لایەن‌و دەستەو تاقمانە کەڵک لە ئیمکاناتی لەش‌ساخی وەرگرن. ئەو دەستەو تاقمانە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

> «prisoners or detainees, minorities, asylum seekers and illegal immigrants…[2]»

لەوەش زیاتر بۆ نموونە دەوڵەت خۆی بە دوور دەگرێ لە

> «from imposing discriminatory practices relating to women›s health status and needs[3]».

سەرەڕای هەموو ئەوانە دەوڵەت هەندێک ئەرکی لەسەر شانن کە پێویستە فەوری‌و بێ‌درەنگ بۆ جێ‌بەجێ کردن‌و پیادە کردنیان هەنگاو باوێ. بۆ نموونە یەکێک لەو ئەرکانە ئەوەیە کە:

> «the guarantee that the right will be exercised without discrimination of any kind (art. 2.2) and the obligation to take steps (art. 2.1) towards the full realization of articlc 12, such steps must be deliberate, concrete and targeted towards the full realization of the right to health[4].

لە لایەکی دیکەشەوە، ئەرکی سەر شانی دەوڵەتە کە لانی کەمی مافە لەش‌ساخی‌و تەندروستی‌یەکان بۆ هەمووان دابین‌و دەستەبەر بکات. ئەوە ئەرکێکی فەوری‌و بێ‌ئەملاولای دەوڵەتە. ئەرکێک کە دەوڵەت نابێ هیچ جۆرە کەمتەرخەمی‌یەکی تێدا بکات. لەو پێوەندی‌یەدا کۆمیتەی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەم جۆرەی خوارەوە ئەم مەسەلەیە ڕوون دەکاتەوە:

> in the Committee’s view, these core obligations include at least the following obligations:

1. CESCR General Comment No. 14 (2000), punkt 12 bokstav a).
2. Ibid. Punkt 34
3. Ibid.
4. Ibid. Punkt 30.

(a) To ensure the right of access to health facilities, goods and services on a non-discriminatory basis, especially for vulnerable or marginalized groups;

b) To ensure access to the minimum essential food which is nutritionally adequate and safe, to ensure freedom from hunger to everyone;

(c) To ensure access to basic shelter, housing and sanitation, and an adequate supply of safe and potable water;

(d) To provide essential drugs, as from time to time defined under the WHO Action Programme on Essential Drugs;

To ensure equitable distribution of all health facilities, goods and services;

To adopt and implement a national public health strategy and plan of action, on the basis of epidemiological evidence, addressing the health concerns of the whole population; the strategy and plan of action shall be devised, and periodically reviewed, on the basis of a participatory and transparent process; they shall include methods, such as right to health indicators and benchmarks, by which progress can be closely monitored; the process by which the strategy and plan of action are devised, as well as their content, shall give particular attention to all vulnerable or marginalized groups[1].

مەبەست لە ئەرکە فەوریو بێئەملاولاکانی دەوڵەت لەلایەک بریتییە لەوەی کە دەوڵەت بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی تەندروستیو لەشساخی تێبکۆشێ کە لانی کەمی پێداویستییە لەشساخییەکانی هاوولاتیان دابین بکات، هەموو کەس بێ جیاوازی دەستیان بە ئیمکاناتی تەندروستیو لەشساخیو دەرمانی ڕابگا، هەروەها لەو بارەوە دەوڵەت ئەرکی لەسەر شانە کە پلانو ستراتیژییەکی میللیی ئەوتۆ دابنێ کە بەرەبەرە هەموو ئەو مافانە دابین بکات کە لە کۆنڤانسیۆنەکاندا، بە مافە لەشساخیو تەندروستییەکان ناسراون. لەوەش زیاتر ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە کە ئەم پلانە بەشێوەیەکی وردو کارا جێبەجێو پیادە بکات. کۆمیتەی مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەو بارەوە دەڵێ:

«a State party cannot, under any circumstances whatsover, justity its

1. Ibid. Punkt 43.

non-compliance with the core obligations set out… wich are non-derogable[1]».

پاش دابیکردنی لانی کەمی خزمەتگوزاریە تەندرووستیەکان، واتە لە دەرەوەی دابین بوونی لانی کەمی خزمەتگوزاری‌یە تەندروستی‌یەکان‌دا، دەوڵەت دەتوانێ پاکانە بۆ جێ‌بەجێ نەبوون‌و پیادە نەبوونی مافە تەندروستی‌یەکان بەشێوەیەکی تەواو بە هۆی کەمی سەرچاوە مادیەکانەوە لە ماوەیەکی زەمانیی دیاری‌کراو دا بکات[٢].

### ٣.١٧ مافی بیمەی کۆمەڵایەتی

لە بەندی یەکەمی ماددەی سەدودەی دەستووری نۆرویژدا هاتوە کە:

کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ هەلومەرجێکی لەبار پێک بێنن بۆ ئەوەی هەموو کەسێک کە توانای کاری هەیە، بتوانێ لە ڕێگای کار یان کاسبی‌و پێشەی دیکەوە پێداویستی‌یەکانی ژیانی خۆی دابین بکات. ئەو کەسەی ناتوانێ پێداویستی‌یەکانی ژیان‌و گوزەرانی خۆی دابین بکات، مافی ئەوەی هەیە کە لەلایەن حکوومەتەوە پشتیوانیی لێ بکرێ.

بەم جۆرە دەبینین لە بەشی یەکەمی ئەم بڕیارەدا مافی کار دەستەبەر کراوە. لە بەشی دووهەمیش‌دا مافی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کەسانەی کاریان پێ ناکرێ، وەبەرچاو گیراوە. دەستەی هەڵبژاردەی مافەکانی مرۆڤ لەسەر ئەو بڕوایەیە کە مەبەستی یاسای بنەڕەتی لە گونجاندی ئەو دوو مافە لە پاڵ یەک‌داو لە یەک ماددەدا بریتی‌یە لەوەی کە:

پێ لەسەر ئەو خاڵە گرنگە دا بگرێ کە لە بنەڕەت‌ڕا هەر تاکەکەسێک بەرپرسایەتیی ئەوەی لەسەر شانە کە بۆخۆی لە ڕێگای کار یان کاسبیی دیکە کە داهاتی بۆ مسۆگەر بکا، ژیانی خۆی بەڕێوە بەرێ. تەنیا لە کاتێک‌دا کە بە هۆی نەخۆشی، پیری، پەککەوتەیی یان بێکاری‌دا کەسێک نەتوانێ پێداویستی‌یەکانی ژیانی خۆی دابین بکات، مافی وەرگرتنی بیمەی کۆمەڵایتی یان یارمەتیی کۆمەڵایەتیی هەیە. مەبەست لە هێنانی هەر دووکی ئەم دوو مافە لە پەنا یەک، ئەوەیە کە بەڕوونی نیشان بدرێ کە بیمەی کۆمەڵایەتی‌و یارمەتیی کۆمەڵایەتی، جۆرێک یارمەتی‌و یارانەن کە لە پێوەندی دەگەڵ کاروکاسبی‌دا وەبەرچاو گیراون. واتە ئەسڵ ئەوەیە کە هەر کەس لە پێش‌دا ئەرکی لەسەر شانە بۆخۆی پێداویستی‌یەکانی ژیانی خۆی لە ڕێگای کارو کاسبی‌یەوە وەدەست بێنێ. جا ئەگەر بەو هۆیانەوە کە باس کرا، نەیتوانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی بەڕێوە بەرێ، ئەودەم مافی بیمەو یارمەتی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانی دیکە دەیگرنەوە[٣].

شایانی باسە کە لە ماددەی سەدوچوارەمی دەستووردا، مافی منداڵ بۆ بیمەو ئاسایشی کۆمەڵایەتی،

1. Ibid.punkt 74.

2. Ibid.

3. Cok. 16 (2011-2012) s. 239-240.

دەســـتەبەر كراوە. لە بەندی ســـێیەمی ئەو ماددەیەدا دەگوترێ ئەركی سەرشانی كاربەدەستانە كە: «ئەمنیەتو ئاسایشی ئابووریو كۆمەڵایەتیو لەشساخیو تەندروستی بۆ منداڵ دابین كەن».

مافی بیمەو ئەمنیەتو ئاسایشی كۆمەڵایەتی ڕۆڵێكی سەرەكی لەوەدا دەگێڕێ كە مرۆڤ بتوانێ لـــە ژیانێكی پڕ لە عیززەتو پڕبایەخدا بژیو بەشـــێوەیەكی باش كەڵك لە مافەكانی دیكەی مرۆڤ وەرگرێ. بیمەو یارمەتییە كۆمەلایەتییەكان بە ئامرازو میكانیزمێك بۆ سەرلەنوێ دابەش كردنەوەی ســـەروەتو سامان، بەحیســـاب دێن، بەجۆرێك كە ئەوانەی كە زۆرترین پێویستییان پێیان هەیە، ئـــەو یارمەتییانە وەردەگرن. لەوەش زیاتـــر یارمەتییە كۆمەڵایەتییەكان ڕۆڵێكی بەرچاو لە خەبات بـــە دژی هەژاریو نـــەداری دا دەگێڕن. لەوەش زیاتر یارمەتییە كۆمەڵایەتییەكان پێشـــگیری لە هەڵاواردنـــی كۆمەڵایەتی دەكەنو ڕێگا بۆ تێكەڵ بوونو ئاوێتە بوونی كۆمەڵایەتی خۆش دەكەن. بە واتایەكی دیكە دەبنە هۆی كەم كردنەوەی جیاوازییە كۆمەڵایەتییەكان[1].

بەندی یەكەمی ماددەی ســـەدویەكی دەستوور وەك پرنســـیپێكی قانوونی لەو ڕێساو یاسایانەدا ڕەنگی داوەتەوە كە لە قانوونی نۆرویژ دا سەبارەت بە بیمەی نیشتمانیو یارمەتییە كۆمەڵایەتییەكان پەســـند كراون.لە كردەوەدا تاكەكەســـەكان لە نۆرویژ لەپێشدا پەنا بۆ كەڵك وەرگرتن لەم یاســـاو ڕێسایانە دەبەن. بەو حاڵەش بڕیارەكانی دەستوور لەو پێوەندییەدا لایەنی قانوونیو یاساییان هەیە، بەو مانایە كە «دادگاكان پێویســـتە لانی كەمی ئەمنیەتو بیمەی كۆمەڵایەتی دەســـتەبەر بكەن. لە هەندێك حاڵەتدا ئەو بڕیارانەی لەو بارەوە لە دەستووردا هاتوون، وەك پێشینەیەك بۆ ئەو كەسانە بەحیساب دێن كە یاسا دادەنێن. بەڵام پێش هەموو شتێك بڕیارێكی دەستووری، وەك فاكتۆرێك بۆ مانا كردنەوەی ئەو بڕیارانە لەلایەن دادگاكانو بەڕێوەبەرانەوە بەكار دێ كە لە كاتی قانوونگوزاریدا، بۆ لێكدانەوەی یاساكان كەڵكیان لێوەردەگیرێ[2]».

لە كاتی لێكدانەوەی ماددەی ١١٠ی دەستووردا سروشتییە كە لەو بڕیارە هاوتەریبانەوە دەست پـــێ بكەین كە لەو بارەوە لە كۆنڤانســـیۆنەكاندا هاتـــوونو لە كردەوەشدا كاریـــان پێ دەكرێ[3]. لەو پێوەندییـــەدا گەلێك بڕیارو ماددەی جۆراوجۆر لە كۆنڤانســـیۆنەكاندا هاتوون. ماددەی ٢٦ی كۆنڤانســـیۆنی مافی منداڵ، حەقی منداڵ بۆ ئەمنیەتو ئاسایشـــی كۆمەڵایەتی دەســـتەبەر دەكات. لـــە خاڵی «e»ی بەندی یەكەمی ماددەی ١١ی كۆنڤانســـیۆنی قەدەغەبوونی جیاوازیدانان بەرانبەر بە ژناندا، مافی ژنان بۆ دەستڕاگەیشـــتنو كەڵك وەرگرتن لە بیمەو یارمەتییە كۆمەڵایەتییەكان بەڕەســـمی ناســـراوە. هەر بەو جـــۆرە ئەو مافە بۆ ژنان لـــە خاڵی «c»ی بەنـــدی یەكەمی ماددەی چواردەهەمیـــشدا دانی پێدانـــراوە. هەر بەو جۆرە لە خاڵی «iv»ی ماددەی (e)٥ی كۆنڤانســـیۆنی قەدەغەبوونی جیاوازیدانانی ڕەگەزیدا هاتوە كە هەر چەشنە جیاوازیدانانێك لە پێوەندیی دەگەڵ

1. CESCR General Comment NO. 19 (2008) punkt3.

2. Dok. 16 (2011.2012) s. 239.

3. Se punkt 3.2.

بیمەو یارمەتی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا قەدەغەیە. واتە هەر چەشـــنە هەڵاواردن‌و جیاوازی‌دانانێک لە پێوەندی دەگەڵ دابین کردنی بیمەو یارمەتی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان بۆ ئەو کەســانەی پێویســتی‌یان پێ‌یان هەیە، قەدەغەیە. ماددەی ٢٨ی کۆنڤانسیۆنی تایبەت بە مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتی، مافی ئەو کەســانە بۆ دەستڕاگەیشــتن بە بیمەو یارمەتی‌یە کۆمەلایەتی‌یەکان دەپارێزێ‌و ئەرک دەخاتە ســەر شــانی دەوڵــەت تا لەو بارەوە هەمــوو هەنگاوێکی پێویســت هەڵگرێ تا ئەو مافە بۆ ئەوان دابین‌و دەســتەبەر بکات. ماددەی ١٠ی کۆنڤانســیۆنی مافــە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکان، ئەرک دەخاتە ســەر شــانی دەوڵەت تا هەموو رێ‌وشوێن‌و سازوکارێکی پێویست بگرێتــە پێش بۆ ئەوەی ئەمنیەت‌و ئاسایشــی کۆمەڵایەتی بۆ بنەماڵــەکان، دایکان، منداڵان‌و لاوان دابین بکات. ماددەی ٩ی کۆنڤانســیۆنی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکان لە پێوەندی دەگەڵ بیمەو یارمەتی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا، زۆر بەربەرین‌و گشــتگیرە. لەوێ‌دا هاتوە کە «وڵاتانی ئەندام لەم پەیماننامە نێودەوڵەتی‌یەدا، مافی ئەمنیەت‌و ئاسایشــی کۆمەڵایەتی، بە بیمەو یارمەتی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانیشەوە بۆ هەموو کەسێک بە رەسمی دەناسن».

لێرەش‌دا ئەرکی دەوڵەت لە ســێ بــواردا کورت دەبێتەوە. یەکەم ئــەوەی کە دەوڵەت ئەرکی لەســەر شــانە بەجۆرێک کار بکات کە لە درێژخایەن‌دا هەموو ئەو مافانەی کە لێرەدا باســیان لێ کراوە، پیادەو دابین بکات. لەلایەکی دیکەشەوە دەوڵەت خۆی لە دەستتێوەردان‌و دەخالەت بەدوور بگرێ. ســەرەنجام ئەرکی فەوری‌و بێ‌درەنگ‌و حاشــاهەنەگری دەوڵەت ئەوەیــە بۆ پیادە کردن‌و جێ‌بەجێ کردنی هەندێک لە مافەکان، کە کاراکتەرێکی تایبەتی‌یان هەیە، بێ‌درەنگ‌و بێ‌هیچ جۆرە کەمتەرخەمی‌یەک بۆ وەدی‌هێنان‌و دابین کردنیان هەنگاوی پێویست هەڵگرێ[١].

بۆ ئەوەی تێبگەین کە مافی ئەمنیەت‌و ئاسایشــی کۆمەڵایەتــی‌و بیمەو یارمەتیی کۆمەڵایەتی چ دەگرێتــەوە، خاڵی هەرە گرنگ ئەوەیە کە بزانیــن: «social security should be treated as a social good, and not primarily as a mere instrument of economic or financial policy».[٢] کۆمیتەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکان هەندێک فاکتۆری دەست نیشان کردوون کە پێویســتە لە پێوەندی دەگەڵ پیادەو دابین کردنی مافی بیمەو ئەمنیەت‌و ئاسایشــی کۆمەڵایەتی‌دا وەبەرچاو بگیردرێن[٣]. لەپێش هەموو شــتێک‌دا پێویســتە لە ئاستی میللی‌و نیشتمانی‌دا، بەتایبەتی‌و تا ئەو جێ‌یەی دەکرێ لە رێگای قانوون‌دانانەوە سیســتەمێک بۆ دابین کردنی ئەمنیەت‌و ئاسایشی کۆمەڵایەتی‌و بیمەی کۆمەڵایەتی دابمەزرێ. کاربەدەســتان دەبێ بەشێوەیەکی کارا ئەم سیستەمە کۆنترۆڵ‌و بەڕێوە بەرن. ئەم سیســتەمە پێویستە بە جۆرێک بنیات بنرێ کە ئەو بوارە جۆراوجۆرانە بگرێتەوە کە لەوان‌دا بیمەو یارمەتی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان بە پێویست دەزانرێن وەک نەخۆشی، پیری،

---

1. Se også kap.1.6.
2. CESCR General Comment No. 19 (2008) punkt 9.
3. Ibid. Punkt 11-27.

بێکاری، پەککەوتەیی، منداڵبوون، یان کەسانێک کە خاوەنی پێداویستیی تایبەتین‌و پێویستی‌یان بە یارمەتی‌یە کۆمەڵایەتی‌یە جۆراوجۆرەکان هەیە. لەلایەکی دیکەشـــەوە ئەو یارمەتی‌یانەی دەدرێن، چ لە شـــکڵی پارە دابێ یان خزمەت‌گوزاریی دیکە، پێویستە بەجۆرێک بن کە «adiquate in amount duration in order that everyone may realize his or her rights to family protection and assistance, an adequate standard of living and adequate access to health care, as contained in article 10, 11 and 12 of th convenant»[1]. پێویســـتە بگوترێ کە ئەو یارمەتی‌یە خزمەت‌گوزاری‌یانە، دەبێ بەجۆرێک ڕێک بخرێن کە هەموو کەس دەســـتی پێیان ڕابگا، بەتایبەتی ئەوانـــەی کە لە کۆمەڵگادا لە هەمووان زیاتر لە بارودۆخێکی ســـەخت‌و دژوارو نالەباردا دەژین، واتە ئەو کەس‌و گروپ‌و دەستەو تاقمانەی کە بە هۆی جۆراوجۆرەوە لە وەزعێکی خراپ دا بەسەر دەبەن. لە پێوەندی دەگەڵ دەست‌وەردان‌و دەخالەتی کاربەدەستان بۆ پێشگیری کردن لەوەی کە کەسێک یان کەسانێک دەستیان بە یارمەتی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان ڕابگا، بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتـــی‌و کولتووری‌یەکان، زۆر پڕ گیروگرفتەو تەنیا لە هەندێک حاڵەتی زۆر تایبەتی‌و ئەویش لەبەر ڕووناکایی گەلێک بەڵگەی پێویست‌دا ڕێگای پێ‌دەدرێ[2].

کاتێک باس لەوە دەکەین کە مەبەست لە مافی ئەمنیەت‌و ئاسایشی کۆمەڵایەتی‌و دەستڕاگەیشتن بە یارمەتی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان، چ دەگرێتەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە لە زۆر بواردا ئەو مافە دەگەڵ مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی دیکە یەکتر دادەپۆشـــن. وەک مافی هەبوونی ستانداردێکی ژیانی جێگای ڕەزامەندی بۆ هەمووان کە لە ماددەی ١١ی کۆنڤانســـیۆنەکەدا دەســـتەبەر کراوە. ئەمە لە پێوەندی دەگەڵ مافی دەستڕاگەیشـــتن بە خزمەت‌گوزاری‌یە لەش‌ســـاخی‌و تەندروستی‌یەکانیش‌دا هەر ڕاستە کە لە ماددەی ١٢ی کۆنڤانسیۆنەکەدا لەبەرچاو گیراوە.

ئەرکە نەرێنی‌یەکانی دەوڵەت لە پێوەندی دەگەڵ خۆبواردن لە دەخالەت‌و دەســـت تێوەردان لە دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە یارمەتی‌یە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی‌یەکان، بۆ نموونە ئەوە دەگرێتەوە کە دەوڵەت نابێ لەو بارەوە بەشێوەیەکی هەڵنەسەنگێنراو و بێ‌بەڵگە پێش بەو ڕێ‌وشوێن‌و داب‌ونەریت‌و دامەزراوە کۆمەڵایەتی‌و خسووســـی‌یانە بگرێ کە بەشـــێوەیەکی ئاسایی لە کۆمەڵ‌دا هەن‌و یارمەتی بـــەو کەس‌و گروپانە دەکەن کە پێویســـتی‌یان بە پشـــتیوانی‌و دەســـتگرتن هەیە. بـــۆ نموونە ئەو دامەزراوە خسووسی‌یانەی کە لەلایەن هەندێک کەس بەشێوەیەکی خسووسی دامەزراون‌و ئامانج لە دامەزراندنـــی ئەوان بریتی‌یە لە کۆمەک کـــردن بە دابین بوونی مافە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و ئەمنیەت‌و ئاسایشی کۆمەڵایەتی[3].

لەوەش زیاتر دەوڵەت لە پێوەندی دەگەڵ دەستەبەر کردنی مافی یارمەتی‌و بیمەی کۆمەڵایەتی‌و

1. Ibid. Punkt 22.
2. Ibid. Punkt 42.
3. Ibid. Punkt 44.

دابین کردنی ئەمنیەتو ئاسایشـــی کۆمەڵایەتی‌دا هەندێک ئەرکی دەکەوێتە سەرشان کە پێویستە فەوری‌و بێ‌درەنگ بۆ جێ‌بەجێ کردن‌و وەبەرچاوگرتنیان هەنگاو باوێ. بۆ نموونە ئەرکی سەر شانی دەوڵەتـــە کە ئەو مافە واتە مافـــی بیمەو یارمەتیی کۆمەڵایەتی، بێ‌جیاوازی‌و هەڵاواردن بۆ هەمووان دەســـتەبەر بکرێ. ئەرکی ســـەر شـــانی دەوڵەتە کە لەو بارەوە هیچ جیاوازی‌یەک لە نێوان ژنان‌و پیاوان‌دا دانەنێ. هەروەها ئەرکی ســـەر شـــانی دەوڵەتە کە لەو بـــارەوە هەنگاوی ئەرێنی‌و پۆزەتیڤ هەڵگرێ تا ئەو مافە بۆ هەمووان دابین بکرێ. سەرەڕای هەموو ئەوانە ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە کە هەندێک هەنگاوی پۆزەتیڤ‌و تایبەتییش بگرێتـــە پێش تا «deliberate, condrete and trageted towards the full realization of the right social security»[1]

هەروەها ئەرکی دەوڵەتە کە لانیکەمی ئەمنیەت‌و ئاسایشی کۆمەڵایەتی‌و مافی دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە یارمەتی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان بۆ هەمووان دەستەبەر بکات. ئەگەر کارێکی ئەوتۆ جێ‌بەجێ نەکـــرێ، دەوڵەت لەســـەریەتی کـــە «demonstrate that every effort has been made to use all resources that are its disposal in an effort to satisify, sa matter of priority, these minimum obligations»[2]

لەو پێوەندی‌یەدا ئەرکی دەوڵەت ئەوەیە کە ســـتراتیژی‌و پلانێکی نیشـــتمانی‌و میللی پەسندو پیادە بکات کە لە ڕێگای ئەوەوە بتوانێ لانی کەمی مافی دەستڕاگەیشـــتنی هەمووان بە ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی، بیمەو یارمەتی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان گەرانتی بکات. ســـتراتیژی‌یەکی نەتەوەییی ئەوتۆ کـــە بتوانێ لـــە پێوەندی دەگەڵ پیادە کردنی‌دا بەدواداچوونی بۆ بکرێ‌و بەشـــێوەیەکی ناوبەناویش کۆنترۆڵ بکرێ[3].

## ٣.١٨ مافە کولتووری‌و فەرهەنگی‌یەکان

مافە کولتووری‌و فەهەنگی‌یەکان بە توندی دەگەڵ ماف‌و ئازادی‌یەکانی دیکەی مرۆڤ لێک گرێ دراون. لەو بارەوە کۆمیتەی مافە ئابووری، فەرهەنگی‌و کولتووری‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە:

> [t]he full promotion of and respect for cultural rights is essential for the maintenance of human dignity and positive social interaction between individuals and communities in a diverse and multicultural world[4].

مافە کولتووری‌یەکان لە ژمارەیەکی زۆر لە کۆنڤانســـیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤدا باسیان

1. Ibid. Punkt 40.
2. Ibid. Punkt 60.
3. Ibid. punkt 59.
4. CESCR General Comment No. 21 (2009) punkt 1.

لـــێ کـــراوەو دانیان پێدا هێنراوە. لە خاڵی «C»ی ماددەی ۱۳ی کۆنڤانســـیۆنی قەدەغە بوونی هەر چەشـــنە جیاوازیدانانێک بەرانبـــەر ژناندا هاتوە کە دەوڵەتەکانی ئەندامی کۆنڤانســـیۆنەکە هەموو جۆرە جیاوازیدانانێک کە «لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی کولتووریدا» بەرانبەر بە ژنان بەڕێوە دەچێ، لەبەین دەبەن و ڕیشـــەکێش دەکەن. هەر بەو جۆرە لە ماددەی ۳۱ی کۆنڤانسیۆنی منداڵدا هاتووە کـــە وڵاتانی ئەندامی کۆنڤانســـیۆنەکە، مافەکانـــی منداڵ بۆ کەڵک وەرگرتنو بەشـــداری کردن لە کاروباری کولتووریو هونەریدا بەڕەسمی دەناسن، ڕێز لەو مافە دەگرنو بۆ بردنە پێشی کار دەکەن. بەندی یەکەمی ماددەی سیهەمی کۆنڤانســـیۆنی تایبەت بە مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتی، مافەکانی ئەو کەســـانەی کە خاوەن پێداویســـتیی تایبەتن، بۆ بەشـــداری کردن لە ژیانی کولتووریدا، بە ڕەسمی ناســـیونو ڕوونی کردووونەتەوە. هەروەها لە بەندی «vi»ی ماددەی (5e)ی کۆنڤانســـیۆنی قەدەغە بوونی جیاوازیدانانی ڕەگەزیدا هاتـــوە کە دەوڵەتەکانی ئەندام هەموو جۆرە جیاوازیدانانێکـــی ڕەگەزی لە پێوەندی دەگەڵ «مافی بەشـــداریو کەڵـــک وەرگرتن لە چالاکییە کولتووریو فەرهەنگییەکاندا» لەبەین دەبەن.

لە کۆنڤانســـیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکاندا بڕیارێکی گشـــتی سەبارەت بە مافە کولتووریو فەرهەنگییەکان پەســـند کراوە. لە بەندی «a»ی خاڵی یەکەمی ماددەی ۱۵ی ئەم کۆنڤانســـیۆنەدا هاتوە کە دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەم پەیماننامە نێونەتەوەییە، مافی هەموو کەسێک بۆ «بەشداری لە ژیانی کولتووریو فەرهەنگی»دا بە ڕەسمی دەناسن.

کۆمیتەی مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکان ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو مافە پێویستە وەک ئازادییەکی تاکەکەسی سەیری بکرێ. ئەم ئازادییە ئەوە دەگرێتەوە کە تاکەکەس ڕێگای پێ بدرێ چ بەتەنیا یان دەگەڵ کەســـانی دیکە لە گرووپێکدا، کولتوورو فەرهەنگی خۆی بەکار بێنێ[1]. بۆ ئەوەی ئەم مافە بەشـــێوەیەکی ڕاســـتەقینە دابین بکرێ، داوا دەکرێ کە لەلایەک دەوڵەت خۆی لە دەســـتتێوەردان لە کاروباری چالاکییە کولتوورییە جۆراوجـــۆرەکان بەدوور بگرێ، لەلایەکی دیکەشـــەوە هەنگاوی ئەرێنیو پۆزەتیف هەڵگرێ تا یارمەتی بەوە بکات مرۆڤەکان بتوانن کولتوورو فەرهەنگی خۆیان بەڕێوە بەرنو کەڵکی لێوەرگرن[2].

بەگوێـــرەی لێکدانەوەو تێگەیشـــتنی کۆمیتەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتـــیو فەرهەنگییەکانی ڕێکخـــراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، «کولتوور» مانایەکی گەلێک بەرینی هەیە. مەبەســـت لە کولتوور بریتییە لە:

> ways of life, language, oral and written literature, music and song, non-verbal communication, religion or belief systems, rites and ceremonies,

1. Ibid. Punkt 15.
2. Ibid. Punkt 7.

sport and games, methods of production or technology, natural and man-made environments, food, clothing and shelter and the arts, customs and traditions through which individuals, groups of individuals and communities express their humanity and the meaning they give to their existence, and build their world view representing their encounter with the external forces affecting their lives[1].

بەوجـــۆرە دەبینین کە لێـــرەدا، پێوەندی‌یەکی زۆر نزیک لە نێوان مافە کولتووری‌و فەرهەنگی‌یەکان لەلایـــەک‌و مافـــی ئازادیی دین‌و عەقیدەو بیرو بـــاوەڕ لەلایەکی دیکەوە هەیە. لـــەوەش زیاتر مافە کولتـــووری‌و فەرهەنگی‌یەکان، بایەخ‌و گرینگی‌یەکـــی تایبەتیان بۆ کەمایەتی‌یەکان‌و گەلان‌و خەڵکە بوومـــی‌و خۆجێ‌یی‌یەکان هەیە[٢]. یانی بۆ ئەوان، مافی بەکارهێنـــان‌و کەڵک وەرگرتن لە کولتووری خۆیان بە فاکتۆرێکی زۆر گرنگی ژیان‌و مەوجوودیەتیان لەقەڵەم دەدرێ.

دەبێ بگوترێ کە هەندێک داب‌ونەریتی فەرهەنگی‌و پراکسیسی کولتووری هەن کە ناتەبایی‌یان دەگـــەڵ مافەکانی دیکەی مرۆڤ دا هەیە. بەشـــوودان‌و هاوســـەرگیریی زۆرەملی، هاوســـەرگیری‌و بەشـــوودانی منداڵان، خەتەنەی کچان‌و ژنان، تەنیا چەند نموونەیەکن لەو داب‌ونەریتانە[٣]. لەو بارەوە کۆمیتەی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە:

«no onc may invoke cultural diversity to infringe upon hutnan rights guaranteed by international law, nor to limit their scope»[4].

هەندێک جار پێویستە سنوور بۆ بەکارهێنان‌و کەڵک وەرگرتن لە مافە کولتووری‌یەکان دیاری بکرێ.

«in particular in the case of negative practices, including those attributed to customs and traditions, that infringe upon other human rights[5]».

دیارە هەر چەشنە سنووردار کردنەوەیەکی لەو چەشنەی بەکارهێنانی مافە کولتووری‌یەکان پێویستە بەگوێـــرەی ئەو مەرج‌و پێوەرانە ئەنجام بدرێ کە لە ماددەی چوارەمی کۆنڤانســـیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکان‌دا هاتوون.

سەرەڕای هەموو ئەوانە، دەوڵەت ئەرکی لەسەر شانە کە هەموو ئەو جۆرە داب‌ونەریت‌و پراکسیسە کولتووری‌و فەرهەنگی‌یانە قەدەغە بکات کە ماف‌و ئازادی‌یە ئینســـانی‌یەکانی ژنان‌و منداڵان پێ‌شێل

1. Ibid. Punkt 13.
2. Rettighetene til urfolk behandles nærmere i punkt 4.2.2.
3. Se også FNs kvinnediskrimineringskomite og FNs barnekomite Joint General Recommendation No 31 og General Comment No. 18 (2004).
4. CESCR General Comment No.21 (2009) punkt 18.
5. Ibid. Punkt 19.

دەکەن. ئەرکی ســەر شــانی دەوڵەتە کە هەنگاوی ئەرێنی هەڵگرێ تا هەموو ئەو کەندو کۆســپو گیروگرفتانە، بەتایبەت ئەوانەی پێوەندی‌یان بە دابونەریتو سونەتەوە هەیە، لەنێو بەرێ کە پێش بە بەشــداریی ژنان، منداڵان، بەساڵاچووان، کەمئەندامان، کەمایەتی‌یەکانو ... لە ژیانی کولتووری‌دا دەگرن[1].

لە پێوەندی دەگەڵ مافە فەرهەنگــیو کولتووری‌یەکانیش‌دا ئەرکی دەوڵەت لەلایەک ئەوەیە کە خۆی لە دەســتتێوەردانو دەخالەت لە مافــی بەکارهێنانی کولتوورو فەرهەنگ لەلایەن تاکەکەسو گرووپەکانەوە دوور بگرێ، لە هەمان کاتیش‌دا ئەرکی لەسەر شانە کە هەموو هەنگاوێکی پێویست، چ فەوریو چ لە درێژخایەن‌دا هەڵبگرێ تا کۆمەک بەوە بکات کە ئەوان دەستیان بە مافە کولتووری‌یەکانی خۆیان ڕابگاو بتوانن لەو مافو ئازادی‌یانە بەشێوەیەکی تەواو کەڵک وەرگرن[2]. دەوڵەت ئەرکی فەوریو حاشاهەڵنەگری لەسەر شانە کە هەر چەشنە جیاوازی‌دانانو هەڵاواردنێک لە پێوەندی دەگەڵ کەڵک وەرگرتنو بەکارهێنانی مافە کولتووریو فەرهەنگی‌یەکان‌دا قەدەغە بکات[3].

ئەگەر دەوڵەت لە پێوەندی دەگەڵ دابینو دەســتەبەر کردنی مافە کولتووریو فەرهەنگی‌یەکان، بــەو جۆرەی کــە لێرەدا هاتووە، هەنگاوی پێویســت هەڵنەگرێ، ئەوە لە ڕاســتی‌دا بەگوێرەی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتی‌یە، کۆنڤانسیۆنەکەی پێ‌شێل کردوە.

> «to take appropriate steps to achieve the full realization of the right of everyone to take part in cultural life, and the failure to enforce relevant laws or to provide administrative, judicial or other appropriate remedies to enable people to exercise in full the to take part in cultural life»[4].

### ۳.۱۹ مافی خاوەنداریەتی

مافــی خاوەنداریەتیی تایبەت، یەکێک لەو مافانەی مرۆڤە کە ناکۆکیو بیروڕای جیاوازی لەســەرە. لــە پێوەندی دەگەڵ مافی خاوەنداریەتی‌دا، قوتابخانەو فەلســەفە سیاســی‌یە جیاجیاکان، بیروڕای جۆراوجۆریان هەیە. مافی خاوەنداریەتی یەکێک لەو مافانەیە کە یاســاو قانوون لە پێوەندی دەگەڵ ئەودا دەســتبەجێ ناتەبایی لەگەڵ سیاســەت پەیدا دەکەن. یانی قانوون لە پێوەندی دەگەڵ مافی خاوەنداری‌یەتی‌دا و دەگەڵ قازانجو بەرژەوەندی‌یە سیاسی‌یەکان دەکەوێتە کێشە. پرۆتۆکۆڵی یەکەمی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ بەم شێوەیە باس لە مافی خاوەنداری‌یەتی دەکات:

هەموو کەسێکی حەقیقیو حقووقی، مافی ئەوەی هەیە کە بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە کەڵک لە

1. Ibid. Punkt 25.
2. Se også kap. 1.6.
3. CESCR Gerneral Comment No.21 (2009). punkt 55 (a).
4. Ibid. Pinkt 63.s

مڵکی خۆی وەربگرێ. هیچ کەسێک مافی خاوەنداریەتیی بەسەر موڵکی خۆیدا لێ وەرناگیرێتەوە، مەگەر ئەوەی کە کارێکی لەو چەشنە بە قازانجی گشتی بێو بەپێی قانوون ئەنجام بدرێو لەگەڵ پرنسیپە گشتی‌یەکانی یاسای نێودەوڵەتی بێتەوە.

ئەو بڕیارەی سەرەوە بە هیچ جۆرێک ڕێگا لە دەوڵەت ناگرێ تا یاساو قانوونی پێویست بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەوەی کە موڵک بەگویرەی قازانجو بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکان بەکار بێ، یان ماڵیاتو باجو خەراجو هەزینەو خەرجەکانی دیکە دابین بکات، یاسا وقانوونی پێویست دانێ.

لەو بڕیارەدا سێ یاسای جیا، بەڵام زۆر نزیک دەگەڵ یەک، باسیان لێ‌دەکرێ. لەپێش هەموو شتێکدا مافی هەموو کەس «بۆ کەڵک وەرگرتن لە موڵکی خۆی بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە» دەپارێزێ. پاشان سنوور بۆ وەرگرتنەوەی مافی خاوەنداریەتی دیاری دەکرێ. سەرەنجام ڕێگا بە کاربەدەستانی دەوڵەت دەدرێ کە ئەوە کۆنترۆڵ بکەن کە ئایا بەکارهێنانی ئەو مڵکە لەلایەن خاوەنەکەیەوە لەگەڵ قازانجو بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکان دێتەوە یان نا. واتە ئایا بەکارهێنانی ئەم موڵکە بەو جۆرە کە خاوەنەکەی بەکاری دێنێ، لەگەڵ قازانجی گشتیی کۆمەڵ ناتەبایە یان نا.

لێرەدا مەسەلەی زۆر سەرەکی‌و تاڕادەیەک ئاڵۆز ئەوەیە کە مەبەست لە دەستەواژەی «موڵک» چی‌یە. لەو بڕیارەدا مەبەست لە موڵک بریتی‌یە لە موڵکێکی دیاری‌کراو و سابت. بەڵام ئەم بڕیارە هەر ئەو جۆرە مڵکە ناپارێزێ. دەستەواژەی موڵک ئەم شتانەی خوارەوەش دەگرێتەوە، کەلوپەلو ئەموالی مەنقوول، واتە ئەو شتانەی کە لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەی دیکە دەگوێزرێنەوە، شیرکەتە سەهامی‌یەکان، پووڵ، ئەسپاردە بانکی‌یەکان، مافەکانی داهێنانو ئیختراع، بەڵگەنامەو دۆکومێنتو شەهادەو بڕوانامە جۆراوجۆرەکان. لەوەش زیاتر مافی خاوەنداری‌یەتی دەستڕاگەیشتنو کەڵک وەرگرتن لە یارمەتی‌و بیمە کۆمەڵایەتی‌یەکانیش دەگرێتەوە، ئەگەر،

«an individuel has an assertable right under domestic law to a welfare benefit[1]»

شایانی باسە دەکرێ سنوور لەسەر مافی خاوەنداری‌یەتی دابنرێت، هەرچەند ماددەی یەکەمی پرۆتۆکۆلی ژمارە یەکی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ، بە بەراورد دەگەڵ ماددەکانی ۸، ۹، ۱۰ و ۱۱ی کۆنڤاسنیۆنەکە بە جۆرێکی دیکە داڕێژراوە، بەڵام ئەو مەرجانەی کە بۆ دانانی سنوور لەسەر ئەو مافە دانراون، لە جەوهەری خۆیاندا وەک یەکن.

### ۳.۲۰ مافەکانی منداڵ

### ۳.۲۰.۱ سەرەتا

کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی منداڵ، منداڵ دەخاتە چەقی

---

1. EMD, Stec (2005) punkt 51.

پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە. بە واتایەکی دیکە بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ، پاراستنی منداڵ، پرسی هەرە سەرەکیی مافەکانی مرۆڤە. لە ماددەی یەکەمی کۆنڤانسیۆنی منداڵدا «هەر کەس کە لە خوار هەژدەساڵەوە بێ» بە منداڵ پێناسە دەکرێ[1]. کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵ، نێوەرۆکی ژمارەیەکی زۆر لەو مافانە دەوڵەمەندترو بەرینتر دەکات کە پێوەندییان بە منداڵانەوە هەیە. هەروەها کۆنڤانسیۆنەکە هەندێک پرنسیپو ئەسڵی سەرەکییش دەگرێتە خۆ کە بەشێوەیەکی گشتی لە پێوەندی دەگەڵ هەموو مافەکاندا، بایەخو گرنگیی تایبەت بەخۆیان لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵ دا هەیە.

لە پێوەندی دەگەڵ مافەکانی منداڵدا هەندێک گرفتی سەرەکی هەن کە لە کاتی پیادە کردنی ئەو مافانەدا خۆیان نیشان دەدەن. لەپێشدا دەبێ بزانین کە مەسەلەی مافەکانی منداڵ، مەسەلەیەک نیە کە تەنیا هەر لە پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتو منداڵدا بێتە گۆڕێ. ئەو مەسەلەیە پێوەندیی نێوان منداڵو دایکو باوکیش دەگرێتەوە.

مەسەلەی دووهەم ئەوەیە کە وا نیە هەموو منداڵان خاوەنی قازانجو بەرژەوەندیی وەک یەک بن. لە هەندێک هەلومەرجو کەیسدا، قازانجو بەرژەوەندییە جیاجیاکانی منداڵان بە ڕێگاو ئاراستەی جۆراوجۆردا دابینو دەستەبەر دەبن. واتە قازانجو بەرژەوەندییە جیاجیاکانی منداڵ دەبێ لەگەڵ یەک بەراورد بکرێنو هەڵسەنگێندرێنو دیاری بکرێن[2].

لەو بارەوە کۆمیتەی مافەکانی منداڵی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان چوار بڕیارو پرنسیپی سەرەکی لە کۆنڤانسیۆنەکەدا دیاری کردووە کە بایەخو گرینگیی گشتییان هەیە. لە ماددەی دووهەمی کۆنڤانسیۆنەکەدا دەگوترێ کە جیاوازیدانان بەرانبەر منداڵان قەدەغەیە. لە بەندی یەکەمی ماددەی سێهەم دا دەگوترێ کە لە هەر کەیسێکدا کە منداڵ بگرێتەوە، پێویستە باشترین قازانجی منداڵ لەبەرچاو بگیردرێ. لە ماددەی شەشەم دا دەگوترێ کە مافی ژیانو گەشەسەندنو پەرەئەستاندن، پێویستە بۆ منداڵ دەستەبەر بکرێ. لەوەش زیاتر لە ماددەی دوازدەی کۆنڤانسیۆنەکەدا هاتووە کە لە هەر کەیسێکدا کە منداڵ بگرێتەوە، منداڵ مافی ئەوەی هەیە کە گوێی لێ بگیردرێ[3]. لە بەشەکانی پێشووتری ئەم کتێبەدا لە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی جیاوازیدانان دواوین. هەر بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین کە رووناکایی زۆرتر بخەینە سەر ئەو سێ پرنسیپە گشتییە.

### ۳.۲۰.۲ پرنسیپی وەبەرچاوگرتنی باشترین قازانجو بەرژەوەندییەکانی منداڵ

لە بەندی یەکەمی ماددەی سێهەمی کۆنڤانسیۆنی منداڵ دا هاتوە کە :

---

1. Unntak gjelder der «barnet blir myndig tidligere etter den lovgivning som gjelder for barnet». Myndighetsalderen i Norge er 18 år.

2. Sandberg (2003) s. 53-53.

3. FNs barnekomite General Comment No 5 (2003) punkt 12.

لە هەموو کەیســـێک دا، لە هەموو بڕیارو کردەوەیەکدا کە منداڵ دەگرێتەوە، جا ئەو بڕیارانە چ لەلایەن دامودەزگا ڕەســـمیی‌یەکانەوە، یان لەلایەن نیهادو ئەنیســـتیتۆ خسووسی‌یەکانی پێوەندی‌دار بـــە ڕەفاهی کۆمەڵایەتی‌یەوە، یان لەلایەن دادگاکان، یـــان دامودەزگا ئیداری‌یەکانەوە، یان لەلایەن دامـــەزراوە جۆراوجۆرەکانـــی قانوون‌گوزاری‌یەوە بدرێن، پێویســـتە پێوانەی ســـەرەکی بۆ بڕیاردان، بریتی بێ لە وەبەرچاوگرتنی قازانجو بەرژەوەندی‌یە هەر بەرزەکانی منداڵ. واتە پێویســـتە باشترین قازانجەکانی منداڵ بکرێنە بەردی بناخەی بڕیاردان.

کۆمیتەی مافەکانـــی منداڵی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە تەفســـیری ژمارەی چواردەی ســـاڵی ٢٠١٣ی خۆیدا دەڵێ ئەم پرنسیپە گشتی‌یە ســـێ لایەنی هەیە[1]. لەلایەک خۆی‌لەخۆی‌دا وەک مافێکی بنەڕەتی لەقەڵەم دەدرێ. لەلایەکی دیکەشـــەوە ئەســـڵێکە کە لە ژێر ڕووناکایی ئەو دا، دەکرێ لێکدانەوەی جۆراوجۆر، بۆ دیاری کردنی باشـــترین قازانـــجو بەرژەوەندی‌یەکانی منداڵ بکرێو سەرەنجام شێوەو میتۆدو شێوازی کارو بردنە پێشی پرۆسەی ئەو کەیسانەش دەگرێتەوە کە پێوەندی‌یان بە منداڵەوە هەیە[2].

مەبەســـت لەوە کە دەگوترێ «وەبەرچاوگرتنی باشـــترین قازانجی منـــداڵ» بۆ خۆی بە مافێکی سەرەکی لەقەڵەم دەدرێ ئەوەیە کە:

> to have his or her best interests assessed and taken as a primary consideration when different interests are being considered in order to reach a decision on the issue at stake, and the guarantee that this right will be implemented whenever a decision is to be made concerning a child, a group of identified or unidentified children or children in general Article 3, paragraph I, creates an intrinsic obligation for States, is directly applicable (self-executing) and can be invoked before a court[3].

ئەوەش کە دەگوترێ پرنسیپی «وەبەرچاوگرتنی باشترین قازانجی منداڵ» پێوانەیەکیشە بۆ لێکدانەوەو تەفســـیر کردنـــی ئەو بەندو بڕیارو قانوونانەی کە لە پێوەندی دەگـــەڵ منداڵان‌دا دراون، ئەوەیە کە ئەگەر

> «a legal provision is open to more than one interpretation, the interpretation which most effectively serves the child›s best interests

1. FNs barnekomite General Comment No14. (2013).
2. Ibid. Punkt 6.
3. Ibid. Punkt 6a).

should be chosen»[1].

مەبەســـت لەوەش كە دەگوترێ پرنسیپی «وەبەرچاوگرتنی باشترین قازانجی منداڵ» جۆرێكیشە لە شێوازومیتۆدی كار، بریتی‌یە لەوە كە

«the decision-making process must include an evaluation of the possible impact (positive or negative) of the decision on the child or children concerned»

ئەو پرۆســـەیە لە هەموو ئەو كەیسانەدا، پێویستە وەبەرچاو بگیرێ كە منداڵێكی تایبەتی‌و دیاریكراو، یان بەشـــێوەیەكی گشـــتی منداڵان دەگرنەوە. واتە لە هەر كەیسێک دا كە بایەخی بۆ منداڵ، یان منداڵان هەبێ، پێویســـتە ئەم پرنسیپە وەبەرچاو بگیرێ[٢]. ئەوە بەو مانایەیە كە لە كاتی بڕیاردان‌دا، پێویســـتە ئەوە لێک بدرێتەوە كە قازانجو بەرژەوەندیی هەرە بـــەرزی منداڵەكە لە چی دایە؟ چۆن ئـــەو قازانجە دەكرێ وەبەرچاو بگیرێ؟ لێرەدا زۆر گرنگـــە كە بۆ دیاری‌كردنی ئەوە، بەڵگەو دەلیلی عەینی‌و واقعی وەبەرچاو بگیردرێن. بەشێوەیەكی ڕوون‌و كۆنكرێت مەبەست ئەوەیە كە دەوڵەتەكانی ئەندامی كۆنڤانسیۆنەكە:

shall explain how the right has been respected in the decision, that is, what has been considered to be in the child's best interests; what criteria it is based on; and how the child's interests have been weighed against other considerations, be they broad issues of policy or individual cases[3].

لە بەندی دووهەمی یاسای بنەڕەتیی نۆرویژدا هاتوە كە: لە كاتی بڕیار دان لەسەر ئەو كەیسانەدا كە منداڵ دەگرنەوە، پێویستە باشترین‌و بەرزترین قازانجو بەرژەوەندیی منداڵەكە وەک پێوانەو پرنسیپی بنەڕەتی بۆ بڕیاردان وەبەرچاو بگیردرێ. بەندی دووی ماددەی ســـەدوچوارەمی قانوونی ئەساسی لە بەر ڕووناكایی داخوازی‌یەكانی بەندی یەكەمی ماددەی ســـێهەمی كۆنڤانسیۆنی منداڵ‌دا داڕێژڕاوە[٤]. دەســـتەی هەڵبژێردراوی مافەكانی مرۆڤ پێ لەســـەر ئەوە دادەگرێ كە داڕشـــتنی ئەم ماددەیە لە یاســـای بنەڕەتی‌دا لە بەر ڕووناكایی بڕیارەكانی كۆنڤانسیۆنی منداڵ‌دا «بۆ لێكدانەوەو تەفسیر كردنی پرنســـیپی وەبەرچاوگرتنی قازانجو بەرژەوەندی‌یە هەرە بەرزەكانی منداڵ، كە لە یاســـای بنەڕەتی‌دا هاتووە بەكەڵک دێ»[٥]. دادگای بەرزی وڵات لە كاتی بڕیاردان لەســـەر كەیســـی (Maria) لە ساڵی ٢٠١٥دا، ئەو پرنسیپەی لەبەرچاو گرتووە. لەو پێوەندی‌یەدا دادگای بەرزی وڵات بە ئیشارە كردن بە

1. Ibid. Punkt 6b).
2. Ibid. Punkt 6 c).
3. Ibid.
4. Dok 16 (2011-2012) s.192.
5. Ibid.

تەفســـیرە گشتی‌یەکانی کۆمیتەی مافەکانی منداڵ لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، بەم جۆرە باشترین قازانجی منداڵ بەیان دەکات.

ئـــەوەی کۆمیتەی منداڵ لێرەدا دەری‌دەبڕێ، بەگوێرەی بۆچوونی ئێمە، وەک ئەســـڵێکی هەرە سروشتی بەحیساب دێ بۆ لێکدانەوەو تەفسیر کردنەوەی بەندی یەکەمی ماددەی سێهەم. لەوەش زیاتر بۆ تەفسیرو لێکدانەوەی بەندی دووهەمی ماددەی سەدوچوارەمی قانوونی بنەڕەتی[1].

بـــەو حاڵەش دادگای بەرزی وڵات لە پێوەندی دەگەڵ پرنســـیپی باشـــترین قازانجی منداڵدا، ئیشـــارە بەوە دەکات کە وا نیە کە هەمیشـــە تەنیا ئەوە تاقە پرنســـیپێک بێ کە پێویستە سرنجی بدرێتێو لە کاتی بڕیارداندا بە تاقە ئەســـڵی بڕیاردەر دابنـــرێ. دادگای بەرزی وڵات بەجۆرێک لە وتەکانی کۆمیتەی منداڵ تێ‌دەگا کە ئەو داخوازی‌یانە دابین بکات کە لە کۆنڤانسیۆنەکەدا سەبارەت بەو پرنسیپە گشتی‌یە باسیان لێ کراوە.

دەبـــێ بگوترێ لە کاتی هەڵســـەنگاندنی قازانجو بەرژەوەندی‌یەکانی دیکە لـــە بەرانبەر قازانجە بەرزەکانی منداڵدا، پێویستە قورسایی زۆرتر بخرێتە سەر قازانجەکانی منداڵ. ئەوە بەو مانایەیە کە لە کاتی هەڵســـەنگاندنی هەموو لایەنەکانی کەیســـەکەدا نابێ هەر پرنسیپی باشترین بەرژەوەندیی منـــداڵ لەبەرچاو بگرین، بەڵکوو پێویســـتە هەموو لایەنە جۆراوجـــۆرەکان لێک دەینەوە. بەڵام هەر چۆنێک بێ ئەســـڵی سەرەکی بریتی‌یە لەوەی کە باشـــترین قازانجی منداڵ بخرێتە پێشەوەی هەر ئیعتبارێکی دیکەوە. واتە ئەو مەسەلەیە بەرز بکرێتەوەو بخرێتە بەشی پێشەوەی وێنەکەوە[2].

### ٣.٢٠.٣ مافی ژیانو گەشەو هەڵدان

لە ماددەی شەشەمی کۆنڤانسیۆنی منداڵدا هاتووە کە:

١- دەوڵەتانـــی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە مافی هەمـــوو منداڵێک بۆ ژیان، وەک مافێکی زاتیو حاشاهەڵنەگر، بە ڕەسمی دەناسن.

٢- دەوڵەتانی ئەندام تێ‌دەکۆشـــن تا ئەو جێ‌یەی ئیمکانی هەبێ ژیانو مافو گەشەو هەڵدانی منداڵ دەستەبەر بکەن.

بەشـــی یەکەمی ئەم ماددەیە مافی ژیان دەســـتەبەر دەکات. بەڵام ئەو ماددەیە کە لە پێوەندی دەگەڵ مافی ژیاندا فۆرمۆلە کراوە، نێوەرۆکەکەی دەگەڵ نێوەرۆکی ماددەی دووەمی کۆنڤانســـیۆنی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکان جیاوازیی هەیە. هەر بەو جۆرە لە بەندی یەکەمی ماددەی نەوەدوسێی دەســـتووریشدا، مافی ژیان دەپارێزێ. بەندی یەکەمی ماددەی شەشـــەمی کۆنڤانســـیۆنی منداڵ، پێویســـتە لەگەڵ ماددی ٣٧ی کۆنڤانسیۆنی منداڵدا ببینرێ. لە خاڵی «a»ی ئەو ماددەیە دەگوترێ

1. Rt. 2015 s. 93 punkt 64.
2. Ibild. Punkt 65.

کە حوکمی مەرگ نابێ بەسەر ئەو کەسانەدا بسەپێنرێ کە یاسایان شکاندووەو تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵی‌یەوەیە.

بەندی دووهەمی ئەو ماددەیە ئەرکێکی ئەرێنی دەخاتە سەر شانی دەوڵەت تا بە هەموو تواناوە تێبکۆشێ هەلومەرجی گەشەو هەڵدانی منداڵ پێک بێنێ. ئەو ماددەیە دەکرێ لەگەڵ ماددەی ٢٤ی کۆنڤانسیۆنی منداڵو ماددەی ١٢ی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکان‌دا، لە پێوەندی دەگەڵ مافە لەش‌ساخی‌و تەندروستی‌یەکانیشدا ، لە کردەوەدا لێک گرێ بدرێ[1]. ماددەی شەشەمی کۆنڤانسیۆنی منداڵ، تا ڕادەیەک، بەندی سێهەمی ماددەی سەدوچوارەمی دەستوور دادەپۆشێ. بەڵام دەبێ بگوترێ ئەو ماددەیەی لەو بارەوە لە دەستووردا هاتووە، چوارچێوەیەکی بەرینتر دەگرێتەوە. دەبێ بگوترێ لە کۆنڤانسیۆنی منداڵدا گەلێک ماددەی دیکەش هاتوون کە ئەو مەسەلانە دەگرنەوە کە لە بەندی سێهەمی ماددەی سەدوچواری دەستووردا باسیان لێ کراوە. بۆ نموونە ماددەی شازدەهەمی کۆنڤانسیۆنی منداڵ، مافی منداڵ بۆ ژیانێکی خسووسی‌و تایبەتی بە ڕەسمی دەناسێ. ماددەی ٢٧ی کنڤانسیۆنی منداڵ، مافی منداڵ بۆ «ستادنداردێکی ئەوتۆی ژیان بە ڕەسمی دەناسێ کە بتوانێ گەشەی منداڵ لە بواری فیزیکی، ڕەوانی، مەعنەوی، ئەخلاقی‌و کۆمەڵایەتی»  دا دەستەبەر بکات. بەندی ٣ی ماددەی ١٠٤ی دەستوور دەڵێ:

منداڵ مافی ئەوەی هەیە گەشەو هەڵدانی هەموو لایەنەی بۆ دابین بکرێ. کاربەدەستانی دەوڵەت پێویستە هەلومەرجی گەشەو هەڵدانی منداڵ دروست بکەن. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە هەموو ئەو پێداویستی‌یە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و لەش‌ساخی‌یانەی کە بۆ گەشەی منداڵ، بە گرنگ دادەنرێن، بەتایبەتی لە نێو خێزانو بنەماڵەدا، دابین بکرێن.

لە بەندی ٣ی ماددەی ١٠٤ی دەستووری نۆرویژدا هاتوە کە مافی منداڵ بۆ پاراستنو بۆ گەشەی شەخسی‌و سروشتی دەبێ دەستەبەر بکرێ. ئەو مەسەلەیە زۆر گرنگە. مافی منداڵ بۆ گەشەی سروشتی و پڕ لە عیزەتو کەرامەت دەپارێزێ. ئاخر منداڵ لە بارودۆخێکی ناسک دایە. چونکە بۆ ژیانو مانەوەو هەڵدانی، بەستراوەتەوە بە گەورەکان. لە حاڵەتێکی ئاوا زۆر جار دەکەوێتە بەر کردەوەو ڕەفتاری نابەجێ‌و زیان‌هێنەر وەک توندوتیژی، چەوسانەوە، کەڵکی خراپ لێ‌وەرگیران، بەدرەفتاری‌و بەدسەرپەرستی‌و پشت‌گوێ خران[2].

دەستەواژەی «مافی پاراستن» بەو مانایە دێ کە کاربەدەستانی دەوڵەت ئەرکی سەرشانیانە، لە ڕێگای دانانی یاساو قانوونو هەروەها چاوخشاندنەوە بە یاساو قانوونەکانی پێشوودا، تێ‌بکۆشن منداڵان لە کەوتنە بەر ئاسەوارو شوێنەواری توندوتیژی، چەوسانەوە، بەدڕەفتاری‌و بەدسەرپەرستی‌و

---

1. Ibid. BK art.6 (2) antas imidlertid å rekke lenger enn ordlyden kan gi inntrykk av, se Kjørholt (2008) s. 69 flg.

2. Dok. 16 (2011-2012) s. 192.

کەمتەرخەمیو هتد بپارێزن[1]. لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە بە مانای ئەوەش دێ کە دەوڵەت ئەرکی سەر شانیەتی، لە پێوەندی دەگەڵ پاراستنی ژیانی تایبەتیو خسووسیی منداڵدا، زۆر بەکەمی دەخالەت بکات. لەو ڕێگایەوە گەشـــەی سروشتیو زاتیی کەســـایەتیی منداڵ، بەگوێرەی داخوازییەکانی ئەو ماددەیە دەســـتەبەر دەکرێن[2]. ئەرکی سەر شـــانی دەوڵەتە کە گەشەی هەموو لایەنەی کەسایەتیی سروشتی منداڵ بپارێزێ، بێوەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم منداڵە لە کوێ دەژی، لەگەڵ بنەماڵەکەی بێ، یان لە نێو دامودەزگایەکی کۆمەڵایەتەیی دیکەی وەک زیندان، دایەنخانە، یان ئەو جێگایانەی دیکە کە منداڵانی بێسەرپەرەستو بەدسەرپەرستی تێدا دەژین[3].

لـــە بەندی ٣ی ماددەی ١٠٤ی دەســـتوور دا دەگوترێ دەوڵەت ئەرکی لەســـەر شـــانە هەموو هەلومەرجێکی پێویســـت بۆ گەشـــەو هەڵدانی منـــداڵ پێک بێنێ. مەبەســـت ئەوەیە کە دەوڵەت لەسەریەتی «پەروەردەو خوێندنو فێربوونی منداڵ، خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، هەلومەرجی باش بۆ گەشـــە کردن، ئەمنیەتی ئابووریو کۆمەڵایەتی، پێڕاگەیشتنو چاوەدێریو تەعەلوق هەبوون بە بنەماڵەوە، واتە «beloning to the family» بۆ هەموو منداڵان دەســـتەبەر بکات»[4]. پێشتر وتمان کە دەستوور دەڵێ ئەو پێداویســـتییانەی  بۆگەشەی منداڵ زەروورین پێویستە لەلایەن دەوڵەتەوە بەمەبەستی دابین کردنی گەشەی منداڵ، «تا ئەو جێگایەی ئیمکانی هەیە لە نێو خێزانو بنەماڵەدا» دەســـتەبەر بکرێن. کۆمیتەی کۆنترۆڵو چاوەدێری دەستوور لە پارلەمان دەڵێ دەستەواژەی «تا ئەو جێگایـــەی ئیمکانی هەیـــە لە نێو خێزانو بنەماڵەدا» نابێ وا لێک بدرێتـــەوە کە مافەکانی دایکانو باوکان بخرێنە پێش پرنسیپی باشترین قازانجی منداڵ.

### ٣.٢٠.۴ مافی منداڵ بۆ گوێ لێ گیران

لە ماددەی  دوازدەهەمی کۆنڤانسیۆنی منداڵدا هاتووە کە:

١- دەوڵەتانـــی ئەندام ئەو مافە بۆ منداڵ دەســـتەبەر دەکەن، ئەگـــەر منداڵەکە بتوانێ ڕوانگەو بیـــرو بۆچوونی خۆی هەبێ، کە بەشـــێوەیەکی ئازاد لە پێوەندی دەگەڵ هەموو ئەو پرســـانەدا کە ئـــەو دەگرنەوە، بیـــرو بۆچوونەکانی خۆی دەربڕێ. لەوەش زیاتر پێبەپێی چوونە ســـەری تەمەنو پێگەیشتنی منداڵ، ئەو ڕوانگەو بیرو بۆچوونانەی منداڵ پتر حیسابیان بۆ دەکرێ.

٢- بۆ جێبەجێ بوونی ئەو مەبەســـتە، لە هەموو ئەو کەیسو بڕیارانەدا کە لەلایەن دامو دەزگا ئیـــداریو قەزاییو قانوونییەکانەوە کاریان لەســـەر دەکرێو بەجۆرێک منداڵ دەگرنەوە، پێویســـتە دەرفەتی تایبەتی بە منداڵ بدرێ، چ ڕاستەوخۆ بۆخۆی، یان لەلایەن نوێنەرێکی خۆی یان لەلایەن

1. Ibid. S.193.
2. Ibid.
3. Ibid.
4. Ibid. S 194.

ئۆرگانێکـــەوە، گوێی لێ بگیردرێ. دیارە ئەمە بەگوێرەی ئەو یاســـاو ڕێســـایانە دەبێ کە لە وڵاتدا بەشێوەیەکی گشتی بۆ پێڕاگەیشتنو بڕیاردان لەسەر پرسو کەیسە جۆراوجۆرەکان، بەکار دەهێنرێن.

کۆمیتەی کۆنڤانسیۆنی منداڵ لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە تەفسیری ژمارە ١٢ی خۆی، کە لە ســـاڵی ٢٠٠٩دا بڵاو کراوەتەوە، بەم جۆرەی خوارەوە نێوەڕۆکی ماددەی ١٢ی کۆنڤانسیۆنەکە ڕوون دەکاتەوە:

> is a unique provision in a human rights treaty; it addresses the legal and social status of children, who, on the one hand lack the full autonomy of adults but, on the other, are subjects of rights[1].

کۆمیتەکە لەوەش زیاتر دەڕواتە پێشو دەڵێ ماددەی دوازدەهەمی کۆنڤانسیۆنەکە:

> imposes a clear legal obligation on States parties to recognize this right and ensure its implementation by listening to the views of the child and according them due weight. This obligation requires that States parties, with respect to their particular judicial system, either directly guarantee this right, or adopt or revise laws so that this right can be fully enjoyed by the child[2].

مافــی منـــداڵ بۆ ئەوەی کە گوێی لێ بگیرێ، دەرفەتی ئەوە دەڕەخســـێنێ کە منداڵ ڕوانگەو بیرو بۆچوونەکانـــی دەرببڕێو هەر لەو کاتەش‌دا ئەو مافە بە منـــداڵ دەدات کە هیچ نەڵێ[٣]. لە ماددەی ١٢ی کۆنڤانســـیۆنی منـــداڵدا نەهاتووە کە بـــۆ ئەوەی منداڵ لەو مافە کەڵک وەرگرێ، پێویســـتە لانیکەمـــی تەمەنێکی دیاریکـــراوی هەبێت. واتە بۆ ئەوەی منداڵ حەقی هەبێ گوێی لێ بگیردرێ، هیـــچ لانیکەمی تەمەنێـــک لەبەرچاو نەگیراوە،. بەڵام ئەوە ڕێگا لەوە ناگـــرێ کە وڵاتانی ئەندام، لە قانوونو یاســـاکانی خۆیان‌دا، ســـنوورێک بۆ مەبەستێکی لەم چەشـــنە دانەنێن. بە واتایەکی دیکە وڵاتەکانی ئەندام دەتوانن بەگوێرەی قانوون، سنوورێک بۆ لانیکەمی تەمەن دانێن کە منداڵ بتوانێ لەو مافە کەڵک وەرگرێ. بەوحاڵەش دەبێ هەمیشە ئەوە لەبەرچاو بگیردرێ کە تەنانەت منداڵێک کە تەمەنەکەی ئەگەر لە خوار ئەو حەددە دیاریکراوەشەوە بێ کە دانراوە، بەگوێرەی ڕادەی پوختەبوونی، مافی هەیە کە خۆی بەیان بکاتو گوێی لێ بگیردرێ[٤].

لە بەندی یەکەمی ماددەی ســـەدوچوارەمی دەســـتوور دا، کە نێوەڕۆکەکەی زۆر وەک بەندی یەکەمی ماددەی ١٢ی کۆنڤانسیۆنی منداڵ دەچێ، دەگوترێ:

1. Ibid. Punkt 1.
2. Ibid. Punkt 15.
3. Ibid. Punkt 16.
4. Sandberg (2008) s. 85.

منداڵان مافی ئەوەیان هەیە ڕێز لە بایەخە ئینسـانی‌یەکانیان بگیردرێ. مافی ئەوەیان هەیە لە هەموو ئەو کەیس‌و بابەت‌و بڕیارانەدا کە ئەوان دەگرنەوە، گوێ‌یان لێ بگیردرێ‌و بەگوێرەی تەمەن‌و ڕادەی گەشـەو پوختەبوونیان، حیسـاب بۆ ڕوانگەو بۆچوونەکانیان بکرێ. دەستەی هەڵبژێردراوی مافەکانی مرۆڤ، لە لێکدانەوەی خۆی‌دا پێ لەسـەر ئەوە دادەگرێ کە مافی منداڵ بۆ بەشداری لە بڕیاردانی هاوبەش‌دا، نابێ لەلایەن مافەکانی مرۆڤەوە بە لاڕێدا بڕوا. ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مافی منداڵ بۆ بەشداری لە بڕیاردانی هاوبەش‌دا پێویستە بەشێوەیەکی ئاشکرا لە دەستووردا بەیان بکرێ[1]. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم مافە بۆ منداڵان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بەندی یەکەمی ماددەی سـەدوچوارەمی دەستوور دا وەبەرچاو گیراوە، پاش ئەوەی کە کۆنڤانسیۆنی منداڵ وەک بەشێک لە یاسای وڵات پەسند کرا، گەلێک بڕیارو یاساو قانوونی دیکەش لەو بارەوە پەسند کراون کە ئەو مافە بۆ منداڵان دابین دەکەن. واتە مافی منداڵ بۆ گوێ لێ‌گیران، لە زۆربەی یاساو قانوونەکانی نۆروێژدا کـە بەجۆرێک بە ژیانی منداڵانەوە پێوەندی‌یان هەیە، جێگای بـۆ کراوەتەوە. بۆ نموونە لەو بارەوە سەیری خاڵی دووهەمی ماددەی حەڤدەهەمی یاسای ئیداریی گشتی بکە[2].

## ٣.٢١ مافەکانی کەمایەتی‌یەکان,گەلان‌و خەڵکە بوومی‌و خۆجێیی‌یەکان

ئەو یاسـاو قانوونانەی مافی مرۆڤ کە لە پێوەندی دەگەڵ کەمایەتی‌یەکان‌و گەلان‌و خەڵکە بوومی‌و خۆجێیی‌یەکان‌دا، پەسند کراون، هەر ئەوە ناگرنەوە کە ئەو گروپانە لە بەڕێوەبردن‌و کەڵک وەرگرتن لـە کولتوورو فەرهەنگ‌و داب‌ونەریتەکانی خۆیان‌دا ئازادن‌و نابێ لەو بارەوە پێشـیان پێ بگیردرێ، بەڵکوو ئەوەش دەگرنەوە کە دەوڵەتەکان ئەرکی سەرشـانیانە ڕێ‌وشوێن‌و سیاسەت‌و بەرنامەو پلانی جۆراوجـۆر لـە قازانـج‌و بەرژەوەندیی ئەو گەل‌و دەسـتەو تاقمانە دانێن کە بـۆ ماوەیەکی زۆر بە بەراورد دەگەڵ زۆرایەتی لە کۆمەڵ‌دا، لە بارودۆخێکی سـەخت‌و دژوارو پەڕاوێزخراو دا ژیاون. واتە دەوڵەتەکان لەسـەریانە جیاوازیی ئەرێنی دەگەڵ ئەوان بکەن. مەبەست لە جیاوازیی ئەرێنی لەگەڵ ئەوان هەر ئەوە ناگرێتەوە کە بەشێوەیەکی یەکسان‌و بەرابەر ڕەفتارو هەڵس‌وکەوتیان لەگەڵ بکرێ، بەڵکوو مەبەسـت ئەوەشە کە بەرابەریی ڕاستەقینە لە نێوان گەل‌و خەڵک‌و گرووپە جۆراوجۆرەکان‌دا دەستەبەر بکرێ[3].

مەسـەلەی کەمایەتی‌یەکان لە ژمارەیەکی زۆر لە بەڵگەنامەو کۆنڤانسـیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکان‌دا باسـی لێ کراوە. بۆ نموونە ئەو مەسـەلەیە لە ماددەی ٢٩ و ماددەی ٣٠ کۆنڤانسیۆنی منداڵ‌دا، هەروەها لە ماددەی ١ی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان‌و ماددەی ١ی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکان‌دا جێگای بۆ کراوەتەوە. لە هەمووی ئەو ماددانەدا باسی مافی

1. Dok, 16 (2011-2012) s.191.

2. Se nærmere om dette i Ot.pr.nr. 45 (2002-2003) punkt 5.

3. NOU 2007:13. s. 172.

گەلان بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان دەکرێ. کە ئەمەش بایەخو گرینگی‌یەکی زۆری بۆ مافی کەمایەتی‌یەکان هەیە[1]. مەسەلەی سەرەکی لە پێوەندی دەگەڵ مافی کەمایەتی‌یەکان‌دا بریتی‌یە لە مافی ئەوان بۆ بەڕێوەبردنی کولتوورو فەرهەنگی خۆیان کە لە ماددەی ۲۷ی کۆنڤانسیۆنی مافە سیاسی‌و مەدەنی‌یەکان‌دا بەم جۆرە باسی کراوە:

لەو دەوڵەتانەدا کە کەمایەتی‌یە ئیتنیکی، ئایینی‌و زمانی‌یەکان دەژین، هەموو ئەو کەسانەی سەر بەو کەمایەتی‌یانەن نابێ ڕێگایان لێ بگیرێ کە چ بە تەنیا یان لەگەڵ ئەندامانی دیکەی گرووپەکەیان‌دا، کولتوورو فەرهەنگی خۆیان بەڕێوە بەرن، ڕێورەسمە ئایینی‌یەکانی خۆیان بەجێ بگەیەنن‌و لە زمانی خۆیان کەڵک وەرگرن.

لەو بارەوە کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە:

> this article establishes and recognizes a right which is conferred on individuals belonging to minority groups and which is distinct from, and additional to, all the other rights which, as individuals in common with everyone else, they are already entitled to enjoy under the Covenant[2].

هەرچەند ئەم مافە لە کۆنڤانسیۆنەکان‌دا، بەجۆرێک داڕێژراوە کە بەرواڵەت مانای ئەوەیە کە کەمایەتی‌یەکان، لە بەجێ‌گەیاندن‌و بەڕێوە بردنی کولتوورو ئایینی خۆیان‌دا ئازادن‌و نابێ لەو بارەوە ڕێگایان لێ بگیرێ‌و ئازادی‌یان لێ مەحدوود بکرێتەوە، بەڵام کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێ کە ئەم ماددەیە لە جەوهەری خۆی‌دا، ئەرکێکی ئەرێنییش لە پێوەندی دەگەڵ کەمایەتی‌یەکان‌دا دەخاتە سەر شانی دەوڵەت:

> a State party is under an obligation to ensure that the existence and the exercise of this right are protected against their denial or violation. Positive measures of protection are, therefore, required not only against the acts of the State party itself, whether through its legislative, judicial or administrative authorities, but also against the acts of other persons within the State party[3].

لەو لێکدانەوەیەی سەرەوەرا بۆمان دەردەکەوێ کە ماددەی ۲۷ی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان، مەسەلەی سەروەری‌و وەحدەتی خاکی وڵات داناپۆشێ. لە هەمان کات دا، ئەوەش بەرەسمی دەناسێ کە مەبەست لە کەڵک وەرگرتن لە کولتوورو فەرهەنگی خۆیان لەلایەن

1. Se NOU 2007: 13, s 179 flg. Og Dok 16 (2011-2012) s 217.

2. FNs menneskerettskomite Genera Comment No. 23 (1994) punkt 1.

3. Ibid. Punkt 6.1.

کەمایەتی‌یەکانەوە ئەوەش دەگرێتەوە کە:

«may consist in a way of life which is closely associated with territory and use of its resources. This may particularly be true of members of indigenous communities constituting a minority.[1]»

ماددەی ٢٧ی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکان نەک هەر ئەو مافو ئازادی‌یانە دەست نیشان دەکات کە پێویستە بۆ ئەو گەلو خەڵکە خۆجێ‌یی‌یانە لەبەرچاو بگیردرێن کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەو وڵاتەدا دەژین، بەڵکوو مافو ئازادی‌یەکانی ئەو دەستەو تاقمو گرووپانەش دەپارێزێ کە هاووڵاتی نین، بەهاونیشتمانی دانانرێن، یان بەشێوەیەکی کاتی لەو وڵاتە دەژینو ماڵیان لە وڵاتێکی دیکەیە:

Thus, migrant workers or even visitors in a State party constituting such minorities are entitled not to be denied the exercise of those rights. As any other individual in the territory of the State party, they would, also for this purpose, have the general rights, for example, to freedom of association, of assembly, and of expression. The existence of an ethnic, religious or linguistic minority in a given State party does not depend upon a decision by that State party but requires to be established by objective criteria[2].

ماددەی ٢٧ی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە پێوەندی دەگەڵ چۆنیەتیی ڕێکخستنی مافەکانی گەلی سامی لە نۆروێژدا، بایەخو گرینگی‌یەکی زۆری هەیە. لە ساڵی ١٩٨٨ دا بڕیارێکی سەربەخۆ بۆ وەڵامدانەوە بە پرسی سامەکان لە نۆروێژ، پەسند کرا. ئەو بڕیارە پێشتر لە ماددەی a ١١٠دا، جێگای بۆ کرابۆوە. بەگوێرەی ئەم ماددە دەستووری‌یە، کاربەدەستانی دەوڵەت ئەرکی سەرشانیانە کە هەلومەرجی لەبار پێک بێنن تا سامەکان بتوانن زمانو کولتوورو ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆیان پەرە پێ بدەن. ئەم بڕیارە لەبەر ڕووناکایی چۆنیەتیی لێکدانەوەو تێگەیشتن لە ماددەی ٢٧ی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکاندا داڕێژراوە. هەر بۆیە دەبینین لەو بارەوە پێوەندی‌یەکی زۆر نزیک لە نێوان ئەو ماددە دەستووری‌یەو ماددەی ٢٧ی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو کولتووری‌یەکاندا هەیە[٣].

ئەو ماددە دەستووری‌یە لە مانگی مای ساڵی ٢٠١٤دا لە قانوونی ژمارە ١٠٨ی یاسای بنەڕەتیی نۆروێژدا جێگای خۆی گرت. لەوێدا هاتووە کە:

1. Ibid. Punkt 3.2.
2. Ibid. Punkt 5.2.
3. NOU 2007: 13 s. 190.

کاربەدەســـتانی دەوڵەت ئەرکیان لەســـەر شـــانە هەلومەرجی لەبارو پێویست بۆ گەشەسەندنو پەرەسەندنی زمانو کولتوورو ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ گەلی سامی دەستەبەر بکەن.

ئەم مادده قانوونی‌یە لە دەستووری نۆروێژدا، دان بەوەدادەنێ کە بە درێژایی مێژوو گەلی سامی لە نۆروێژدا ژیاوەو مەوجوودیەتی هەبووەو هەیە. مەبەســـت لە هێنانی ئەم ماددەیە لە دەســـتووردا، بریتی‌یـــە لەوەی کە ئەرکی کاربەدەســـتانی نۆروێژ بۆ دابین کردنـــی هەلومەرجێکی لەبار بۆ گەلی ســـامی تا بتوانن فەرهەنـــگو زمانو ژیانی کۆمەڵایەتیـــی خۆیان پەرە پێ بدەن، قورســـتر بکات. بـــە واتایەکی دیکە مەبەســـت ئەوەیە کە ئەرکی دەوڵـــەت لە بەرامبەر مافەکانی گەلی ســـامی‌دا، دەستنیشانو دەســـتەبەر بکات[1]. روونە ئەم مادده دەســـتووری‌یە، چوارچێوەیەکی قانوونی دیاری دەکات کە کاربەدەستانی دەوڵەت لەسەریانە، بەگوێرەی ئەو قانوونە، بۆ پێک هێنانی هەلومەرجێکی لەبار بۆ گەشـــەو پەرەســـەندنی زمانو کولتوورو ژیانی کۆمەڵایەتیی گەلی ســـامی تێکۆشن. بەڵام دەســـتی حکوومەتو پارلەمان بۆ لێکدانەوەو مانا کردنـــەوەی ئەم ماددەیە ئاواڵایە[2]. ئەرکی دەوڵەت لە پێوەنـــدی دەگەڵ پێکهێنانی هەلومەرجی لەبار بۆ گەشـــەو پەرەپێدانی زمانو کولتوورو ژیانی کۆمەڵایەتیی گەلی سامی‌دا، لە گەلێک یاساو قانووندا دەنگی داوەتەوەو جیگای بۆ کراوەتەوە. وەک یاساکانی قانوونی تایبەت بە سامەکان، قانوونی فین‌مارکو قانوونی بەخێو کردنی گەوەزنی باکوور[3].

ســـاڵی ۱۹۸۹، رێکخراوی کاری جیهانـــی، پەیماننامەی ژمارە ۱۶۹ی ســـەبارەت بە مافەکانی گەلانی بوومی‌و خەڵکە خۆجێ‌یی‌یەکان لە دەوڵەتە ســـەربەخۆکان دا پەســـند کرد. نۆروێژ لە ساڵی ۱۹۹۰ ئەم کۆنڤانسیۆنەی پەسند و ئیمزای کرد. هەر چەند تا ئێستا ئەو کۆنڤانسیۆنە، نەبۆتە بەشێک لە قانوونی نۆروێژ، بەڵام ئەم قانوونانەی کە لە سەرەوە لە پێوەندی دەگەڵ گەلی سامی‌دا باسکران لە چوارچێوەی ئەم کۆنڤانسیۆنەو لەبەر ڕووناکایی ئەم کۆنڤانسیۆنەدا دارێژراون[4].

لـــە بەندی یەکەمی ماددەی یەکەمی ئەم کۆنڤانســـیۆنەدا، خەڵکە خۆجێ‌یی‌و بوومی‌یەکان بەم شێوەیە پێناسە دەکرێن:

> peoples in independent countries who are regarded as indigenous on account of their descent from the populations which inhabited the country, or a geographical region to which the country belongs, at the time of conquest or colonization or the establishment of present state

---

1. Dok .16 (2011-2012) s. 214.
2. Ibid. S. 215.
3. ibid
4. Finnmarksloven S 3 lyder: «Loven gjelder med de begrensninger som følger av ILO-konvensjon nr. 169 om urfolk og stammefolk i selvstendige stater. Loven skal anvendes i samsvar med folkerettens regler om urfolk og minoriteter og bestemmelser i overenskomster med fremmede stater om fisket i grensevassdragene.» Reindriftsloven S 3 lyder: «Loven skal anvendes i samsvar med folkerettens regler om urfolk og minoriteter.»

boundaries and who, irrespective of their legal status, retain some or all of their own social, economic, cultural and political institutions.

بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنەکە، بۆ ئەوەی لەو مافانە کەڵک وەرگری کە لەو کۆنڤانسیۆنەدا بەڕەسمی ناسراون، مەرج نیە لە پێش هەموو کەسو گەلانی دیکەدا لەو وڵاتە یان لەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بووبێ. گرنگ ئەوەیە کە ئەو خەڵکە، ئەو گەلە پێوەندی بەو چوارچێوە جوگرافیاییەوە هەبێ کە دەکەوێتە نێو سنوورەکانی ئەو دەوڵەتەوە کە ئەو گەلانەی تێدا نیشتەجێن[1].

سامەکان لە نۆرویژ وەک خەڵکی بوومیو خۆجێیی لەقەڵەم دەدرێن. هەر بۆیە کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی جیهانیی کار سەبارەت بە گەلانو خەڵکە خۆجێییەکان گرنگیو بایەخێکی زۆری قانوونی لە پێوەندی دەگەڵ مافەکانی گەلی سامیدا هەیە. لەبەر ڕووناکایی کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی جیهانیی کاردا، ئەو یاسایانە لە نۆرویژ پەسند کراون کە «پێگەی قانوونیی گەلی سامی دیاری دەکەنو مافی ئەو خەڵکە بۆ بەکارهێنانی ئەو سەرزەمینو ئاوانە بە ڕەسمی دەناسن کە بەشێوەیەکی سوننەتی ئەو خەڵکە ژیانیان لەسەر ئەوان بەڕێوە چووە، واتە ناوچەکانی ترۆمسۆ و پارێزگاکانی لای باشووری ئەو ناوچەیە»[2]، ئەم بڕیارانە لەلایەن کۆمیتەی تایبەت بە قانوونی سامییەوە لە NOU ٢٠٠٧:١٣و هەروەها NOU ٢٠٠٧:١٤دا ئامادە کراون.

دەستەی هەڵبژێردراوی مافەکانی مرۆڤ، پێشنیار دەکا کە پێویستە لە پێوەندی دەگەڵ شوێنو پێگەی سامەکان، ئاڵوگۆڕ لەو ماددانەدا پێک بێ کە لە دەستووردا سەبارەت بە سامەکان داڕێژراون. ئەوان داوا دەکەن کە پێویستە لە دەستووری نۆرویژدا سامەکان بەڕەسمی وەک خەڵکێکی خۆجێیی بناسرێن[3].

## ٣.٢٢ مافەکانی پێوەندیدار بە ژینگەوە

ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان بڕیارو یاساو قانوونی تایبەتییان لە دەستوورو یاسای بنەڕەتیی خۆیان دا سەبارەت بە ژینگە پەسند کردوون. بەڵام دەبێ بگوترێ مافی دەست ڕاگەیشتن بە ژینگەو سروشتێکی پاکو خاوێن، لە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤو لە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان دا باسێکی لێ نەکراوە[4]. هەر بۆیە ئەوە کە دەوڵەت بەگوێرەی یاساکانی مافی مرۆڤ ئەرکی لەسەر شانە، ژینگەو سروشتێکی خاوێنو سالم بۆ مرۆڤەکان دابینو دەستەبەر بکات، تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕێگای لێکدانەوەو ماناکردنەوەی یاساو ڕێساکانی دیکەی مافی مرۆڤو ئەو مافو ئازادییانەی دیکە کە بۆ مرۆڤ بەڕەسمی ناسراون، هەوڵ دەدرێ دەستەبەر بکرێ. بۆ نموونە ماددەی ٨ی کۆنڤانسیۆنی

1. NOU 2007: 13 s. 216.
2. Mandatet til samerettsutvalget, gjengitt på første side i NOU 2007:13.
3. Dok. 16 (2011-2012) s, 217.
4. Fauchald (2007) s. 3-4.

ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ، سەبارەت بە ژیانی شەخسیو بنەماڵەیی، بایەخو گرینگی‌یەکی زۆری هەیە، بەتایبەت لە پێوەندی دەگەڵ پیس بوونی ژینگەو سروشتی شوێنی ژیانی مرۆڤەکان‌دا. دیارە ئەوەش دەزانین کە لە پێوەندی دەگەڵ پاراستنی ژیانی شەخسیو بنەماڵەیی‌دا، دەوڵەت هەم ئەرکی نەرێنیو هەم ئەرکی ئەرێنیی دەکەونە سەر شان. دەبێ بگوترێ کە سنووری نێوان ئەرکە نەرێنیو ئەرکە ئەرێنی‌یەکانی دەوڵەت لەو بارەوە زۆر ڕوون نیە. گرینگیی ماددەی ٨ی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ لە پێوەندی دەگەڵ ئەو پرسانەدا بەم جۆرە دەست نیشان کراوە:

> Article 8 may apply in environmental cases whether the pollution is directly caused by the State or whether State responsibility arises from the failure to regulate private industry properly. Whether the case is analysed in terms of a positive duty on the State to take reasonable and appropriate measures to secure the applicants' rights under paragraph 1 of Article 8 or in terms of an interference by a public authority to be justified in accordance with paragraph 2, the applicable principles are broadly similar[1].

کۆمیتەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش بە نۆرەی خۆی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە پێویستە گرنگیو بایەخ بە مەسەلەی ژینگە بدرێ.ئەو کۆمیتەیە ئەرک دەخاتە سەر شانی دەوڵەت تا مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری‌یە بنەڕەتی‌یەکانی مرۆڤ، بۆ هەمووان دابینو دەستەبەر بکات. بۆ نموونە بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێ مافە لەش‌ساخیو تەندروستی‌یەکان بۆ هاووڵاتیان وەبەرچاو بگرێو دەستەبەریان بکات پێویستە کە «implement …national policies aimed at reducing and aliminating pollution of air, and soil[2]»

لەلایەکی دیکەشەوە مافی دەست ڕاگەیەشتن بە خواردن، پێویستە بەجۆرێک دابینو دەستەبەر بکرێ کە لەسەر حیسابی نەوەکانی داهاتوو نەبێو ژیانو قازانجو بەرژەوەندی‌یەکانی ئەوان لەبەرچاو بگیردرێن[3].

ڕوونە کە ئیدی ئێستا ئەوە بە ئەرکی سەر شانی کاربەدەستانی دەوڵەت دادەنرێ کە هەموو ڕێو شوێنێکی پێویست، بۆ پاراستنی ژینگەو سروشت بگرنە پێشو مافی هاووڵاتیان بۆ ژیان لە ژینگەیەکی پاکو خاوێن‌دا دابینو دەستەبەر بکەن. ئەو مافە لە بەیاننامەو کۆنڤانسیۆنە تایبەتی‌یەکانی پێوەندی‌دار بە ژینگەوە کە لە ئاستی نێونەتەوەییو نێودەوڵەتی‌دا پەسند کراون، جێگای بۆ کراوەتەوە. لەو بارەوە لە زۆربەی ئەو بڕیارنامەو کۆنڤانسیۆنانەدا ئەوەش دەست نیشان کراوە کە دەوڵەتەکان

1. EMD, Hatton (2003) punkt 36
2. CESCR General Comment No. 14 (2000) punkt 36.
3. CESCR General Comment No. 12 (1999) se punkt 7 ,8 og 25.

چـــۆن دەتوانن بۆ پیادە کردنی ئەو مافەو دابیـــن کردنی ژینگەیەکی خاوێن بۆ ژیان و هاووڵاتیان ، هەنگاوی پێویست هەڵگرن.

## ۳.۲۳ مافی بەهرەمەند بوون لە سازوکارە قانوونی‌یە کارا و کاریگەرەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ

کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکان داوای ئەوە دەکەن کە پێویستە لەسەر ئاستی نەتەوەییو میللی، لە هەموو ولاتانی ئەندامدا ســـازوکارو میکانیزمی قانوونی بۆ چاوەدێریو کۆنترۆڵی چۆنیەتیی جیٚبەجیٚ بوونو پیادە کردنو دەســـتەبەر بوونی کۆنڤانســـیۆنەکان دابمەزریٚو ئەگەر کۆنڤانسیۆنەکان، بخرێنە ژێر پیٚ، میکانیزمی پێویست  بۆ ڕاست کردنەوەو قەرەبوو کردنەوەی ئەو پیٚشێل‌کاری‌یانە دەستەبەر بکرێن. ئەمە لەگەڵ ئەو پرنســـیپەش دێتەوە کە پێش هەرکەسو لایەنو ئۆرگانێکی دیکە، ئەرکی دەوڵەتە کە مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی ســـنوورەکانی ولاتی خـــۆی‌دا بۆ هەمووان بیٚجیاوازی دابینو پیادە بکات. پرنســـیپێک کە دەڵیٚ دەوڵەت گەرانتیی پیادە کردنی مافەکانی مرۆڤ دەکاتو بەرپرســـایەتیو ئەرکی ئەسڵی لەو پێوەندی‌یەدا، بە ئەســـتۆی دامەزراوە دەوڵەتی‌یەکانەوەیە. بەندی ۳ی ماددەی ۲ی کۆنڤانســـیۆنی مافە مەدەنیو سیاسی‌یەکان بەوردی ئەو مەسەلەیە ڕوون دەکاتەوە کە لەو بارەوە چ ئەرکێک دەکەوێتە سەر شانی دەوڵەت.

ولاتانی ئەندامی کۆنڤانسیۆنەکە ئەرکو بەرپرسایەتیی ئەوە دەگرنە ئەستۆ کە:

ئا- هەر کەس، کە ئەو مافو ئازادی‌یانەی کە لەم کۆنڤانســـیۆنەدا هاتوون لێی زەوتو پیٚشـــێل بکرێن، حەقی ئەوەی هەیە، بۆ پیٚڕاگەیشـــتن ولیٚ پرســـینەوە، دەســـتی وە میکانیزمو سازوکاری قانوونیی کارا ڕابگەن. جا ئەو پیٚشـــێل‌کاری‌یانە چ لەلایەن کەســـانو داموەدزگا ڕەســـمی‌یەکانەوە ئەنجام درابن یان لەلایەن کەسانی دیکەوە، لەو بارەوە جیاوازی‌یەک لە گۆڕیٚ دا نیە.

ب- مافی هەموو کەس، بۆ دەســـت ڕاگەیشـــتن بەو میکانیزمە یاسایی‌یە کاریگەرانە، دەستەبەر بکـــەن، تا بتوانن لـــە ڕێـــگای داموەدزگا قەزایی، قانوونگـــوزاریو ئیداری‌یە خاوەن شـــارەزاییو لێوەشاوەیی‌یەکانەوە، یان لە ڕێگای دەسەلاتداری‌یەتی‌یەکی دیکەی شایستە کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەگوێرەی قانوون بۆ ئەو مەبەســـتە دانراوە، بەدواداچوون بۆ کێشـــەو کەیسەکانیان بکەنو تەنانەت وەزعێک پێک بێنن کە لەو بارەوە ئەو کەسانە بتوانن لە دادگاکانیش کەڵک وەرگرن.

ج_ ئەگەر دەرکەویٚ کە شـــکایەتێک لەو بارەوە بەرحەقە، پێویستە کاربەدەستان، پێڕاگەیشتنو بەدواداچوون بۆ سکالاکە دەستەبەر بکەن.

بڕیارێکـــی لەو جۆرە لە ماددەی ۱۳ی کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپایی مافەکانـــی مرۆڤیش‌دا هاتووە. کۆنڤانسیۆنەکانی دیکەش ڕێگای دیکەیان بۆ جیٚبەجیٚ بوونی ئەم مەسەلەیە دەست نیشان کردوە. بۆ نموونە ماددەی ۳۳ی کۆنڤانســـیۆنی تایبەت بە مافی کەســـانی خاوەن پێداویســـتیی تایبەتیو

ماددەی ٢ی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری‌یەکان لەو بارەوە بە جۆرێکی دیکە ئەو داخوازی‌یە وەبەرچاو دەگرن.

لەو بارەوە ماددەی ٩٨ی دەستووری نۆرویژ جێگای سەرنجە. ئەم بڕیارە ساڵی ٢٠١٥ پەسند کراوە، بەگوێرەی ئەم بڕیارە دادگاکان لە پێوەندی دەگەڵ ئەو کەیسانەدا کە دەخرێنە بەر دەستیان، بەدواداچوون بۆ ئەوە دەکەن کە ئایا کاربەدەستان دەستوورو یاسا بنەڕەتی‌یەکانی نۆرویژیشیان پێ‌شێل کردون یان نا. لەو بڕیارەدا هاتوە کە:

لە پێوەندی دەگەڵ ئەو کەیسانەدا کە دەخرێنە بەر دەم دادگاکان، دادگاکان مافی ئەوەیان هەیەو ئەرکی ئەوەشیان لەسەر شانە کە ئەوە هەڵسەنگێنن کە ئەو بڕیارو یاساو قانوونانەی کە کاربەدەستان دەریان کردوون، دەگەڵ دەستوور ناتەبایی‌یان هەیە یان نا؟ ئەمە ئەوەش دەگرێتەوە کە دادگاکان هەوڵ بدەن بزانن بڕیارو یاساو ڕێساکانی کە کاربەدەستان کاریان پێ دەکەن، دەگەڵ مافەکانی مرۆڤ کە لە دەستووردا دەستەبەر کراون، دێنەوە یان نا.

# بەشی ۴
# سنوردانان و ڕێزپەڕەکان

## ۴.۱ میتۆدو شێوە جۆراوجۆرەکانی سنووردارکردن و ئیستیسنا دانان

پێش هەموو شتێک جیاوازی لە نێوان ئەو مافانە دا هەیە کە پێیان دەگوترێ مافە موتڵەقەکان دەگەڵ ئەو مافانەی کە پێیان دەگوترێ مافە نسبی‌یەکان. مافە موتڵەق‌و حاشاهەڵنەگرەکان ئەو مافانەن کە بە هیچ جۆرو لە هیچ هەلومەرجێک‌و لە ژێر هیچ بیانوویەک دا، ڕێگا نادرێ کە وەبەرچاو نەگیردرێن، سنووردار بکرێنەوە، یان مەحدوودیەتیان لەسەر دابنرێ یا بخرێنە لاوە.

دیارە ئەو مافانە زۆر کەمن. بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی، قەدەغەبوونی ئەشکەنجە، قەدەغە بوونی کۆیلەتی‌و کۆیلەداری‌و قەدەغە بوونی دوو جار سزا بۆ یەک تاوانی دیاری‌کراو دەچنە ریزی ئەم مافانەوە.

زۆربەی مافەکان ڕێژەیین، واتە لە هەندێک هەلومەرجی دیاری‌کراودا، بەگوێرەی هەندێک مەرجو ڕێ‌وشوێنی دیاریکراو، دەتوانرێ سنووردار بکرێنەوە یان مەحدوودیەتیان لەسەر دابنرێ. ئەم سنووردانانە بۆ کەڵک وەرگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، مانای ئەوەیە دان بەوە دادەنرێ، هەندێک قازانجو بەرژەوەندیی گشتی هەن کە بایەخی زۆریان بۆ کۆمەڵگا هەیەو پێویستە بپارێزرێن. بەشێوەیەکی گشتی چوار شێوازو ڕێکاری جۆراوجۆر بۆ مەحدوود کردنەوەی بەکارهێنانی مافەکانی مرۆڤ هەن. جگە لەوە زۆر جار لە خودی کۆنڤانسیۆنەکانیش‌دا ئیشارە بەوە دەکرێ کە مەسەلەیەکی دیاریکراو، ناچێتە چوارچێوەی بڕیارێکی دیاریکراوەوە. بۆ نموونە لە بەندی سی ماددەی ۱۴ی کۆنڤانسیۆنی

ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤدا ئەو کارانە دەست نیشان کراون کە بەگوێرەی ئەو کۆنڤانسیۆنە وەک کاری «زۆرەملیو بەزۆر»، لەقەڵەم نادرێن. ئەو جۆرە ســـنووردانانە، لە خودی بڕیارو مادده جۆراوجۆرەکانی کۆنڤانسیۆنەکاندا بەئاشکرا باسیان لێ دەکرێ. لێرەدا پێویست ناکات باس بکرێن.

لەپێش هەموو شـــتێک دا کاربەدەستانی دەوڵەت دەتوانن مەحدوودیەت بخەنە سەر ژمارەیەکی بەرچاو لە مافەکان، ئەگەر لەو بارەوە پێداویستیی قانوونی، یان مەبەستو ئامانجێکی مەشرووع، یان داخوازییەکی گونجاو لە ئارا دابێ. ئەم مەسەلەیە لە درێژەی ئەو بەشەدا لەخاڵی ۴.۲ دا دەخەینە بەرباس.

دووهەم شێواز ئەوەیە کە هەرچەند لە خودی بڕیارێک یان ماددەیەکی دیاریکراوی کۆنڤانسیۆنێکدا، بە ئاشکرا باسێک لەوە نەکراوە کە کاربەدەستان دەتوانن سنوور لەسەر ئەم مافە دانێن، بەڵام ئەوان لـــە ڕێگای ماناکردنەوەو لێکدانەوەی نێوەرۆکی ئەو ماددەیە، ڕێگا بە خۆیان دەدەن بەکارهێنانی ئەم مافە سنووردار بکەن. ئەمەش لە هەر لە درێژەی ئەوباسەدا لەخاڵی ۴.۳دا ڕووندەکەینەوە.

شـــێوازی ســـێهەم بریتییە لەوەی کە دەوڵەتـــەکان، دەتوانن ڕابگەیەنن کە ئـــەوان خۆیان بە وەبەرچاوگرتنـــی ژمارەیەک لەو مـــافو ئازادییانە پابەند ناکەن کە لە کۆنڤانســـیۆنێک دا هاتوون. زۆربەی کۆنڤانســـیۆنەکان دەرگایان بۆ کارێکی لەو چەشـــنە ئاواڵا کردوە. بەتایبەتی لە هەلومەرجە ســـەختو دژوارو پڕ کارەساتەکاندا دەوڵەت دەستی ئاواڵایە کە بەشێک لەو مافو ئازادییانە بخاتە لاوە. هەر لەو بەشەدا و لە درێژەی ئەوبابەتەدائەم باسەش لەخاڵی ۴.۴ بەوردی شی دەکرێتەوە.

مەســـەلەی چوارەم ئەوەیە کـــە زۆر جار مافەکانی مرۆڤ لە کـــردەوەدا دەگەڵ یەکتر دەکەونە کێشـــەو ناتەبایی. واتە جاری وایە دوو ئەســـڵی گرنگی مافەکانی مرۆڤ، لە کاتی کار پێ کردنیاندا دەکەونە بەرانبەر یەکتر. بۆ نموونە مافی کەســـێک بۆ ئەوەی ژیانی خسووسیو بنەماڵەیی بپارێزرێ، مافێکی ڕەوای تاکەکەســـە. بەڵام جاری وایە ئەم مافە دەگـــەڵ ئازادیی بەیانو دەربڕین، دەکەوێتە کێشـــەو ناکۆکییەوە. ئەم هەلومەرجە پێی دەگوترێ «کێشەی نێوان مافەکان». ئێمە لێرەدا زۆر لەو بارەوە قسە ناکەین.

### ۴.۲ پابەند نەبوون

ئەو ئەســـڵە خۆبواردنی دەوڵەت لە جێبەجێ کـــردنو وەبەرچاوگرتنی زۆربە یا هەندێک لە مافو ئازادییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە. ئەو پرینسیپە ڕێگا بەوە دەدا کە بەتایبەت لە هەلومەرجە سەختو دژوارو پڕ کارەســـاتەکاندا، دەوڵەتەکان یەک یا چەند لە مافەکان بخەنە لاوە یا هەڵپەســـێرن. ئەم پرنسیپە بەوە پاکانەی بۆ دەکرێ کە دەگوترێ دەوڵەت لە هەلومەرجی تایبەتی لەو جۆرەدا ناتوانێ بەتـــەواوی ڕێـــز لەو مافو ئازادییانە بگرێ، هەر بۆیە بە ڕاگەیاندنی ئەوە کە لەو بارودۆخەدا ناتوانێ ئـــەم یان ئـــەو مافە وەبەرچاو بگرێ، ئـــەوە ڕوون دەکاتەوە کە چ مـــافو ئازادییەک دەخاتە لاوە.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەمە زۆربەی دەوڵەتەکان تەشویق‌و هان دەدا تا کۆنڤانسیۆنە جیاجیاکانی مافی مرۆڤ پەسندو ئیمزا و قبووڵ بکەن‌و خۆیان بۆ وەبەرچاوگرتنی ئەوان بە پابەند بزانن. چونکە ڕێگای ئەوەیان پێ دەدەن لە کاتی پێویســـت‌و لە هەل‌ومەرجە دژوارەکان‌دا، وەبەرچاوگرتن‌و کار کردن بە هەندێک لەو ماف‌و ئازادی‌یانەی کە لەوان‌دا هاتوون، بخەنە لاوە.

ســـەرەڕای ئەوەی کە دەگوتـــرێ زۆربەی مافەکانی مـــرۆڤ ڕێگا بـــەوە دەدەن لە هەلومەرجە تایبەتی‌یەکان‌دا، دەوڵەتەکان بەشـــێک لەو ماف‌و ئازادی‌یانە بخەنە لاوە کە لەوان دا هاتوون، بەڵام لە ڕاســـتی‌دا، لە کردەوەدا ژمارەی ئەم کۆنڤانسیۆنانەی ڕێگا بە کارێکی ئەوتۆ دەدەن زۆر کەمن. بۆ نموونە لە ماددەی ١٥ی کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ‌و لە ماددەی ٤ی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان‌دا، سنوورێک بۆ ئەم مەبەستە دیاری کراوە. بەڵام ئەوە لە کۆنڤانسیۆن‌و پەیماننامـــە نێونەتەوەیی‌یەکانی دیکـــەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتـــووەکان‌دا وەبەرچاو ناکەوێ. لە لایەکی دیکەشـــەوە هیچ کۆنڤانسیۆنێک بەشێوەیەکی ڕوون‌و ئاشکرا قەدەغە ناخاتە سەر ئەوەی کە ئەگەر لە هەلومەرجێک‌دا پێویست بێ یەک یان چەند لەو ماف‌و ئازادی‌یانە بخرێنە لاوە، یان هەموو کۆنڤانسیۆنەکە سڕ بکرێ.

لە ڕاســـتی‌دا ئەوە ڕوون نەکراوەتەوە کە ئایا کۆنڤانسیۆنێک کە لە هیچ کوێ‌دا باسی ئەوە ناکات کە دەکرێ لە جێ‌بەجێ کردن‌دا سنوور، یا قەدەغەی لەسەر دابنرێ، یان لە هەلومەرجی تایبەتی‌دا بخرێتە لاوە، دەســـتی دەوڵەت بۆ شـــتێکی لەو چەشـــنە ئاوالا دەکات یان نا. ئەگەر ڕێگای کارێکی لەو چەشنە دەدا، بە کام مەرج‌و لەبەر ڕۆشنایی کام ڕێ‌وشوێن‌و پرنسیپ‌دا دەکرێ ئەم کارە بکرێ. وەڵامی ئەم پرسیارانە ڕوون نیە. تا ئێستا لە کردەوەدا شتێکی لەم چەشنە ڕووی نەداوە.

لـــە بەندی یەکەم‌و دووهەمـــی ماددەی پازدەهەمی کۆنڤانســـیۆنی ئورووپایی مافەکانی مرۆڤ‌دا هاتووە کە:

١- لە کاتی شـــەڕدا و لە کاتێک کە بەشێوەیەکی گشتی وەزعێکی سەخت‌و دژوارو پڕکارەسات هاتۆتە گۆڕێ کە ئاسایشـــی وڵات لە هەڕەشـــە دایە، هەرکام لە وڵاتانی ئەندامی ئەم کۆنڤانســـیۆنە دەتوانن ڕێکارو میکانیزمی ئەوتۆ بگرنە بەر کە دەســـتی ئەوان بۆ وەبەرچاوگرتن‌و جێ‌بەجێ کردنی ئەم کۆنڤانســـیۆنە ئاوالا بکات. مەبەســـت ئەوەیە کە ئەوان لەو بارودۆخە ســـەختەدا بتوانن وەڵامی پێداویســـتی‌یەکان بدەنەوە. دیارە ئەو پێداویســـتی‌یانە پێویستە زۆر زۆر زەروورو پێویست بن. بەڵام لێـــرەدا یـــەک مەرج هەیە کـــە بریتی‌یە لەوەی کە ئەو میکانیزم‌و ســـازوکارانەی کـــە دەوڵەت لە هەلومەرجێکی ئاوادا دەیانگرێتە پێش، نابێ لەگەڵ ئەو ئەرک‌و بەرپرسایەتی‌یانە ناتەباییان هەبێ کە بەگوێرەی یاسای نێونەتەوەیی دەکەونە سەر شانی دەوڵەت.

٢- مەگەر لە حاڵەتی مردن لە ئاکامی شەڕدا، ئەگینا هیچ جۆرە ڕیزپەڕێک لە ماددەکانی دووەم‌و سێهەم‌و چوارەم‌و حەوتەمی ئەم کۆنڤانسیۆنەدا ڕێگای پێ نادرێ.

ماددەی چوارەمی كۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەكانی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكانیش بڕیارێكی تێدایە كە تاڕادەیەك وەك ئەوەی كۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەكانی مرۆڤ دەچێ. بەڵام ئەم كۆنڤانسیۆنە مەرجی ئەوە دادەنێ كە دەوڵەت بەڕەسمی ڕابگەیەنێ كە وەزعێكی تایبەتیو پڕكارەسات هاتۆتە پێش، بۆیە ناچارە بەشێك لە ئەركو بەرپرسایەتییەكانی لە پێوەندی دەگەڵ مافەكانی مرۆڤدا، بخاتە لاوە. لەوەش زیاتر كۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەكان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ كە لە كاتی ڕاگەیاندنی هەر بارودۆخێكی نائاساییو خۆبواردن لە جێبەجێ كرانی ئەركەكاندا، نابێ هیچ چەشنە جیاوازییەك وەبەرچاو بگیردرێ. واتە پێویستە لەو بوارەدا جیاوازی دانەنرێ. دەبێ بگوترێ كە دەستووری وڵاتی نۆروێژ ڕێگا بە هیچ جۆرە سنووردانانێك بۆ كار كردن بە ماددەكانی نادات[١].

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بەندی دووهەمی ماددەی پازدەهەمی كۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەكانی مرۆڤ كە لە سەرەوە باسمان كرد، بۆمان دەردەكەوێ كە ئەو بەندە ڕادەگەیەنێ كە هەندێك بڕیارو ماددە لەو كۆنڤانسیۆنەدا، لە هیچ هەلومەرجێكدا سڕ ناكرێن، یان ناخرێنە لاوە. بەگوێرەی كۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەكانی مرۆڤ یەكێك لەو مافانە كە لە هیچ هەلومەرجێكدا، ناخرێتە لاوە، بریتییە لە مافی ژیان[٢]. هەروەها قەدەغە بوونی ئەشكەنجە، قەدەغە بوونی كۆیلەتیو كۆیلەداری و قەدەغە بوونی دوو جار سزادانی كەسێك بەهۆی ئەنجامدانی یەك تاوان هەر بەوجۆرە تەماشا دەكرێن. دیارە ئەو جۆرە بڕیارانە زۆر بەرتەسكو كەمن[٣]. هەر بۆیە ئەگەر لە ماددەیەكدا ئیشارە بەوە نەكرابێ كە هەرچەشنە وەلانانێكی ئەم ماددەیە قەدەغەیە، ئەوە بەگوێرەی ئەو خالانەی لە بەندی یەكەمی ماددەی پازدەهەمدا هاتوون، دەكرێ بخرێتە لاوە یان سڕ بكرێ. بۆ كارێكی لەو چەشنەش سێ مەرج لەبەرچاو گیراون. بۆ ئەوەی هەر چەشنە سڕ كردن، یان خستنە لاوەی ماددەیەك یان وەبەرچاونەگرتنی مافێك بەگوێرەی كۆنڤانسیۆنەكە بە قانوونی دابنرێ، پێویستە ئەو سێ مەرجە لە گۆڕێ دابن.

لەپێش هەموو شتێكدا پێویستە هەلومەرجێكی سەختو دژوارو نائاسایی هاتبێتە پێش. لێرەدا بەو جۆرە بەیان كراوە: «شەڕ یان وەزعێكی نائاسایی دیكە كە ژیانی نەتەوە یا میللەتی لە مەترسی خستبێ». ڕوونە كە بە ئاشكرا باسی شەڕ لێرەدا هاتۆتە گۆڕێ. ئەمە شەڕو كێشە چەكدارییەكانی دیكەش دەگرێتەوە. جا چ بەشێوەیەكی قانوونی یان بەشێوەیەكی سروشتی بە كێشەو شەڕی

1. Beredskapsloven (15. desember 1950) gir derimot en del regler om øvelse av statlig myndighet i krig og krigsliknende forhold, som likner en del på derogasjonsmuligheten.

2. Unntaket «med hensyn til død som følger av lovlige krigshandlinger. tilsier at statene strengt tatt må derogere fra art. 2 før de deltar i krig eller væpnet konflikt. Dette gjøres ikke i praksis, og lovligheten av krigshandlinger vurderes samtidig etter internasjonal humanitærrett. Se EMO Hassan (2014) for EMDs tilnærming til dette.

3. SP har en litt videre angivelse, som også inkluderer forbudet mot gjeldsfengsel og tanke- og samvittigheten.

چەکداری دابنرێن یان نا، هەر بە «شەڕ» لەقەڵەم دەدرێن. لەوەش زیاتر ئەمە هەلومەرجو بارودۆخە نائاسایییەکانی دیکەش بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگر دەگرێتەوە.

لە کردەوەدا ئەم ڕۆژانە، ئەم جۆرە وەزعە، بۆ نموونە ئەو بارودۆخانە دەگرێتەوە کە عەمەلیاتی ترۆریستییان تێدا ئەنجام دەدرێ. دادگای ئۆرووپا ئەم جۆرە حاڵەتانەی وەک بنەمایەک بۆ ڕێگا دان بە سەر کردنو وەلانانی کاتیی هەموو یان هەندێک لە مافو ئازادییەکانی نێو کۆنڤانسیۆنەکان، قبووڵ کردوە[1].

بەو حاڵەش مەرجی زۆر سەختی دیاری کردون. بۆ نموونە نەک هەر دەبێ هەلومەرجێکی نائاساییو دژوار هاتبێتە پێش، بەڵکوو دەبێ «ژیانی نەتەوەش کەوتبێتە بەر هەڕەشە». دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ پێ لەسەر ئەوەی دادەگرێ کە سڕ کردنو ڕیزپەڕ لە جێبەجێ کردنی ئەرکو بەرپرسایەتییەکانی دەوڵەت لە پێوەندی دەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا تەنیا کاتێک ڕێگای پێ دەدرێ کە، «an exceptional situation of crisis or emergency with affects the whole population and a threat to the organised life of the community of wich the state is composed».[2]

هەروەها کۆمیسیۆنی ئورووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ «ئێستا هەڵوەشاوە»، لەو بارەوە دەڵێ بۆ ئەوەی ڕێگا بە سڕ کردنی مافەکانی مرۆڤ یان هەڵپەساردنیان بدرێ، پێویستە وەزعێکی نائاسایی هاتبێتە پێش، یان لەگۆڕێ دابێ. واتە وەزعێک کە پێی دەگوترێ «actual or imminent» واتە ئەو وەزعە تایبەتییەی کە هاتۆتە پێش، پێویستە هەموو وڵاتی داگرتبێو هەموو نەتەوە بگرێتەوە، پێویستە بەجۆرێک بێ کە درێژەکێشانی ئەم وەزعە کە هاتۆتە پێش سیستەمی ژیانی کۆمەڵ بخاتە بەر هەڕەشە. لەوەش زیاتر ئەم وەزعە تایبەتییە پێویستە نائاسایی بێت. یانی لە هیچ وەزعێکی ئاساییدا، ئەو مافو ئازادییانەی کە لە کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپاییی مافەکانی مرۆڤ دا هاتوون سنووردار ناکرێن یان ناخرێنە پشت گوێوە[3].

لەوەش زیاتر ئەو میکانیزمو ڕێوشوێنانەی بۆ سڕ کردنو وەبەرچاوگرتنی ئەم مافو ئازادییانە کە لەو وەزعە نائاسایییەدا لەبەرچاو دەگیردرێن، دەبێ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەکار بکرێن. واتە لە باری زەمانییەوە دەبێ کاتی بن. هەر کات وەزعی نائاساییو قەیرانی بەسەرچوو، ئەو ڕێوشوێنانەش کە بۆ وەڵامدانەوە بەو وەزعە دانراون، پێویستە هەڵگیرێن. مەرجی دووهەم ئەوەیە کە دەگوترێ تەنیا کاتێک ڕێگا بە سڕ کردنو ڕیزپەڕ، یان وەلانانی کاتیی ئەم بڕیارانە دەدرێ کە «زەرورەتێکی زۆر» هاتبێتە گۆڕێ. ئەمە بەو مانایەیە کە ئەو ڕێوشوێنەی بۆ وەڵامدانەوە بەو وەزعە نائاسایییەوە بەکار دەبرێ پێویستە: «a genuine response to the emergency situation, that it was fully

1. EMD. A og andre (2009).

2. EMD. Lawless (1961) punkt 28.

3. Den europeiske menneskerettskommisjonen, «The Greek Case» (1969).

justified by the special circumstances of the emergency situation, that it was fully justified by the special circumstances of the emergency and the adequate safeguards were provided against abuse»[١].

ئەمـــە ڕێگا لـــە دەوڵەت دەگرێ كە نەتوانێ بە بیانووی وەڵامدانەوە بەو وەزعە نائاســـاییی‌یەی كـــە هاتۆتە پێـــش، هەموو مافـو ئازادیی‌یەكان، یان ژمارەیەكی زۆر لەوان بخاتە پشـــت گوێ یان سڕیان بكات. واتە دەوڵەت تەنیا دەتوانێ ئەو ماددەو بڕیارو مافـو ئازادیی‌یانە سڕ بكات، یان بخاتە لاوە كە بەشێوەیەكی ڕاســـتەقینە بۆ وەڵامدانەوە بە وەزعێكی ڕوونو دیارو كۆنكرێت، سڕ كردنو وەلانانی كاتیی ئەوان بە پێویست دەزانرێ. لەوەش زیاتر هەر چەشنە سڕ كردنو هەڵپەساردنێكی لەو چەشـــنە پێویســـتە تا ئەو جێ‌یەی دەكرێ بەرتەســـك بێ. ئەمەش بەو مانایەیە كە دەوڵەت حەتمەن پێویســـت نیە، بڕیارێك یان مافێك لە تەواویەتیی خۆی‌دا، بخاتە لاوە یان هەڵپەسێرێ، دەكرێ بەشـــێك یان چەند لایەنێكی ئەو بڕیارە یا ئەو مافە سڕ بكات كە بەشێوەیەكی ڕاستەقینە بۆ وەڵامدانەوە بە وەزعە نائاســـاییی‌یەكە بە پێویســـت دادەنرێ. بۆ نموونە دەوڵەت دەتوانێ ماددەی پێنجەمـــی كۆنڤانســـیۆنی ئۆروپاییی مافەكانـــی مرۆڤ، بۆ دانانی قەدەغە لەســـەر هاتوچۆی ئەو كەسانەی كە هاتوچۆی ئازادانەی ئەوان بە هەڕەشە لەسەر ئاسایش بەحیساب دێ، سڕ بكات، بەبێ ئەوەی كە پێویست بێ ئەو پرۆسە جۆراوجۆرانە كە بۆ چاوەدێری بەسەر حاڵەتێكی ئاوادا لەلایەن دادگاكانەوە، لەبەرچاو گیراون، بخاتە پشـــت گوێ . واتە لـــە حاڵەتێكی ئاواش‌دا، ئەو گەڕانتی‌یانە كە بۆ كۆنترۆڵو چاوەدێریی وەزعێكی لەو چەشـــنە پێشبینی كراون، پێویست نیە سڕ بكرێن یان هەڵپەسێردرێن.

مەرجی ســـێ‌یەم بریتی‌یە لەوەی كە ئەو ڕێوشـــوێنو میكانیزمو ســـازوكارانەی بۆ سڕ كردنو هەڵپەســـاردنی یەك یان چەنـــد لەو مافـو ئازادیی‌یانە بەكار دەبرێن، نابـــێ ناتەبایی‌یان دەگەڵ ئەو ئەركو بەرپرســـایەتیو بەڵێنی‌یانە هەبێ كە بەگوێرەی یاســـای نێونەتەوەیی دەكەونە ســـەر شانی دەوڵەت. لە پراكتیك‌دا نموونەی ئەو جۆرە ئەركو بەرپرســـایەتی‌یانە ئەوانەن كە بەگوێرەی یاســـای نێونەتەوەیی مرۆڤدۆســـتانە، دەكەونە ســـەر ئەســـتۆی دەوڵەت. بەو پێ‌یە ئەگەر ڕێوشوێنێك یان میكانیزمێك كە دەوڵەت بۆ ســـڕ كردن یان وەلانانی یەك یان چەند لەو مافـو ئازادیی‌یانەی كە بە مافی مرۆڤ ناسراون، بەكاریان دێنێ، بەپێچەوانەی ئەو ئەركو بەرپرسایەتی‌یانە بێت كە بەگوێرەی یاســـای نێونەتەوەیی مرۆڤدۆســـتانە دەكەونە سەر شـــانی دەوڵەت، ئەو كارەی دەوڵەت بەگوێرەی كۆنڤانســـیۆنی ئۆروپایی بۆ مافەكانی مـــرۆڤ بە كردەوەیەكی غەیرە قانوونـــی دادەنرێ. بەو پێ‌یە دەتوانین بڵێین ســـڕ كردنو هەڵپەســـاردنو وەلانانی مافەكانی مرۆڤ بە ڕادەیەكی زۆر كەم كەڵكی لێ وەردەگیرێ.

1. EMD, A og andre (2009) punkt 184.

### ٤.٣ مافی دەست تێوەردان

ئەگەر Derogation، لە هەلومەرجە تایبەتیو دژوارو سەختەکاندا، ڕێگا بە دەوڵەتەکان دەدات تا خۆ لە جێبەجێ کردنی هەندێک لە ئەرکە دیاریکراوەکانیان لە پێوەندی دەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا ببوێرن، زۆربەی پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنەکان دەرگای ئەوەش بۆ دەوڵەتەکان ئاوالا دەکەن کە لە هەلومەرجە ئاساییەکانیشدا، لەو بارەوە ئەگەر بیانەوێ هەندێک مەحدوودیەتو ئیستیسنا وەبەرچاو بگرن. ئەو مەسەلەیە لە کۆنڤانسیۆنەکاندا بەشێوەی جۆراوجۆرە داڕێژراوە. هەندێک لەوان لەو بارەوە بە بڕیارێکی گشتی، هەر چەشنە مەحدوود کردنەوە، یان سنووردانانێکی «سەرەڕۆیانە» لە پێوەندی دەگەڵ ئەو مافو ئازادییانەدا کە لە کۆنڤانسیۆنەکە دا هاتوون، قەدەغە دەکەن.

هەندێکی دیکە لەوان تەنیاو تەنیا لە هەلومەرجی «تەواو پێویست»دا ڕێگا بە سنووردانانو مەحدوود کردنەوەی مافو ئازادییەکان دەدەن، ئەویش بەمەبەستی وەدیهێنانی هەندێک ئامانجی ڕوونو دیاری کراو.

هەندێکی دیکە لە پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنەکان تەنیا کاتێک ڕێگا بە سنووردانانو مەحدوود کردنەوەی مافو ئازادییەکان دەدەن، کە سێ مەرجی سەرەکی لە گۆڕێ دابن. واتە بۆ کارێکی لەو چەشنە سێ مەرج دیاری دەکەن.

یەکەم بەگوێرەی قانوون بێ، دووهەم ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێو سێهەمیش بە پێی هەلومەرجو بارودۆخەکە بێ. لێرەدا ئەوانە ڕوون دەکەینەوە:

ماددەکانی ٨، ٩، ١٠و ١١ی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤ باشترین نموونەن بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم بابەتە. هەموو ئەو ماددانەی سەرەوە لە باری فۆرمو سترەکتوورەوە وەک یەک داڕێژراون. لە بەشی یەکەمی ئەو ماددانەدا، نێوەرۆکی ئەو مافانە دیاری کراون کە بەگوێرەی ئەو ماددەیە پێویستە وەبەرچاو بگیردرێن. لە بەشی دووهەمی هەمان ماددەدا ئەو مەرجانە دیاری کراون کە بەگوێرەی ئەوان دەکرێ ئەو مافو ئازادییانە سنووردار بکرێن یان مەحدوودیەتیان بخرێتە سەر. بۆ نموونە لە ماددەی (٢) ٨ دا دەگوترێ کە:

کاربەدەستانی دەوڵەت هیچ جۆرە سنوورو مەحدوودیەتێک لەسەر جێبەجێ بوونی ئەم مافو ئازادییانە دانانێن، مەگەر ئەوەی کە کارێکی لەو چەشنە بەگوێرەی قانوون بێ، لە کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیکدا، بەمەبەستی وەبەرچاوگرتنی ئاسایشی نەتەوەییو ئەمنیەتی گشتیو ڕەفاهی ئابووری، یان بەمەبەستی پێشگیری کردن لە نائارامیو جورمو جینایەت یان بەمەبەستی پاراستنی مۆراڵو مافو ئازادییەکانی کەسانی دیکە، بەپێویست دابنرێ.

مەبەست لە قانوونی بوون ئەوەیە کە هەر چەشنە سنووردار کردنو مەحدوودیەت دانانێک لەسەر مافو ئازادییەکان، پێویستە «بەگوێرەی قانوون» بێ. دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ لە پراکسیسی خۆیدا ئەو مەسەلەیە جوان ڕوون دەکاتەوە. ئەو دادگایە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ

کە مەسەلەی قانوونی بوونی سنووردار کردنی مافەکانی مرۆڤ، پێویستە شتێکی واقعیو ماددی بێت. ئەگەر سنووردار کردنەوە لەلایەن یاسای وڵاتەکە ڕێگای پێ درابێ، پێویست ناکات بە دوای یاساکانی دیکەدا بگەڕێین بۆ پاکانە کردن، بۆ سنووردار کردنەوەیەکی لەو جۆرە. دیارە دادگای ئۆرووپا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئەو بناخە قانوونی‌یانەی کە بۆ کارێکی لەو جۆرە بەکار دەبرێن، پێویستە لە باری چۆنایەتی‌یەوە لە ئاستێکی بەرز دابن. ئەوە بەو مانایەیە کە هەموو کەس پێویستە دەستی بە قانوونو یاساکان ڕابگا. واتە پێویستە قانوون پارێزگاری لە هەمووان بکاو هەمووانیش دەستیان پێی ڕابگا. (adequately acccessible) بەتایبەت ئەو کەسانەی دەکەونە ژێر کاریگەریی یاساو قانوونەکانەوە. لەوەش زیاتر قانوونەکان پێویستە بەشێوەیەکی ڕوونو بێ‌پێچو پەناو تەمومژ داڕێژرا بن. «suffecient precision»[1]. مەبەست ئەوەیە کە پێویستە ڕوون بکرێتەوە کە ئەنجامدانی کردەوەیەک چ ئاکامێکی بەدواوەیەو چ بەرپرسایەتی‌یەک دەخاتە سەر ئەستۆی ئەو کەسە کە ئەو کردەوەیە لە خۆی نیشان دەدات. پێویستە بگوترێ کە دادگای ئۆرووپا، داوای ئەوە ناکات کە یاساکان دەبێ تەواو ڕوونو دەقیق بن. هەندێک لەوان دەکرێ بڕیارو ماددەی گشتی بن کە پێویستە لە بەر ڕووناکایی وەزعێکی تایبەتیو کۆنکرێتدا مانا بکرێنەوە.

ئەوە کە دەگوترێ هەر چەشنە مەحدوود کردنەوەی مافو ئازادی‌یەکان، پێویستە بۆ وەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو بێ، مانای ئەوەیە کە کارێکی لەو چەشنە پێویستە «بەمەبەستی» وەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو ئەنجام بدرێ. لێرەدا داوا دەکرێ کە دەوڵەت لە حاڵەتی لەو چەشنەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکاتەوە کە مەبەست لە دانانی مەحدوودیەت لە سەر مافو ئازادی‌یەکان، بریتی‌یە لەوەی کە فڵان یان فیسارە ئامانج وەدی بێ. دیارە ئەو ئامانجانە کە دەوڵەت بۆ وەدیهێنانیان ناچارە مافو ئازادی‌یەکان، سنووردار بکات، پێویستە ئامانجی ڕەواو مەشرووع بن. لە هەر کام لە کۆنڤانسیۆنەکاندا، لە هەرکام لە پەیماننامەکاندا، ئەو ئامانجانەی بۆ کارێکی ئاوا، دیاری کراون جۆراوجۆرن. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی گرینگترینی ئەو ئامانجانە بریتیین لە: ئاسایشی نەتەوەیی، پێشگیری لە جورمو جینایەت، هەروەها پاراستنی مافو ئازادی‌یەکانی کەسانی دیکە.

مەرجی سێهەم، واتە ئەوە کە دەگوترێ هەر چەشنە مەحدوود کردنەوەو سنووردانانێک، پێویستە لەگەڵ هەلومەرجەکە بێتەوە، تا ڕادەیەکی زۆر ئاڵۆزە. تێگەیشتن لە دەستەواژەی «لە کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیکدا، بە پێویست دابنرێ»، خۆی لە خۆی‌دا ئاسان نیە. لەو بارەوە پراکسیسێکی زۆرو هەمەلایەنەمان هەیە کە ئەم دەستەواژەیە ڕوون دەکاتەوە. دەبێ بگوترێ زۆر جار ئەو لێکدانەوە جۆراوجۆرانەی کە بۆ ئەم دەستەواژەیە کراون، یەکتر دادەپۆشنو دەچنە نێو یەکترەوە[2].

لەپێش‌دا، هەر چەشنە مەحدوودیەت دانانێک لەسەر مافو ئازادی‌یەکان، پێویستە وەڵام دانەوە

1. EMD, Sunday Times (1979) punkt 49.

2. Ulike forfattere fremstiller dette på ulike måter, noe som kan være forvirende for leserne, men realiteten er den samme.

بـــێ بە پێداویســـتی‌یەکی واقعی کە لە کۆمەڵدا لە گۆڕێ دایە. واتـــە «a pressing cocial need» پێداویســـتی‌یەکی کۆمەڵایەتـــی کە کۆمەڵگا پێویســـتیی پێیەتی. بە مانایەکی دیکە ســـنووردانانو مەحدوود کردنەوەی مافو ئازادی‌یەکان، پێویســـتە، پێداویستی‌یەکی کۆمەڵایەتی دابینو دەستەبەر بکات. کـــە واتە دەبێ لە ڕوانگەی قازانجو بەرژەوەندی‌یەکانـــی کۆمەڵەوە، ئەو مەحدوود کردنەوەیە بەپێویست بزانرێ. دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەم پێداویستی‌یە لە پێوەندی دەگەڵ کەیسی Silverدا، بەم جۆرەی خوارەوە ڕوون دەکاتەوە:

«the adjective ‘necessary’ is not synonymous with ‘indispensable’ neither has it the flexibility of such expressions as admissible’, ordinary., useful, reasonable or desirable»[1].

لەلایەکی دیکەشـــەوە ئەو مەحدوود کردنەوەیە، ئەو ســـنووردانانە، پێویســـتە دەگـــەڵ ئەو ئامانجە بێتـــەوە کە مەحـــدوود کردنەوەکە بۆ وەدیهێنانی ئەو، لە بەرچاو گیراوە. واتە پێویســـتە لە خزمەت وەدیهێنانـــی ئامانجەکە دابێ، نەک هیچ پێوەندی‌یەکی بە مەســـەلەکەوە نەبێ. یانی هەرچەشـــنە مەحدوود کردنەوەیەک، پێویستە یەکێک لەو مەرجو ئامانجانە دابین بکات کە لە کۆنڤانسیۆنەکە دا، یان بەشێوەیەکی گشتی لە کۆنڤانسیۆنەکاندا بۆ مەبەستی لەو چەشنە دەست نیشان کراون. ئەگەر نا، مەحدوود کردنەوەو سنووردانانێکی لەو جۆرە بە پێ‌شێل کردنی کۆنڤانسیۆنەکە لەقەڵەم دەدرێ.

لـــەوەش زیاتر پێویســـتە گونجان لە نێـــوان ئامانجو وەســـیلەدا ڕەچاو بکرێ. بـــەوە دەگوترێ (proportionality) یانی پێویستە هاوئاهەنگیو گونجانێک لە نێوان مەحدوود کردنەوەی مافەکانو ئەو ئامانجانەدا هەبێ کە لەو بارەوە دەوڵەت بەدوایانەوەیە.

دیارە پێویســـتە هەر بارودۆخێک بە جیا لێک بدرێتـــەوە. چونکە هەر هەلومەرجێکی کۆنکرێت پێویســـتی بە وەڵامدانەوەی تایبەت بەخۆی هەیە. مەحـــدوود کردنەوەیەکی بەرینو هەموو لایەنە، تەنیـــا ئەو کاتە ڕێگای پێ دەدرێ کە لە خزمەت وەدیهێنانـــی ئامانجێکی گرینگ دابێ. ئامانجێک کە لە قازانجی گشتیی کۆمەڵگا دایە. بەڵام مەحدوودکردنەوەی بەرتەسکو کەم، تەنانەت ئەگەر لە خزمەت ئامانجێکی لەو چەشنەش دانەبێ، دەکرێ قبووڵ بکرێ.

لەو بارەوە مەســـەلەیەکی دیکەش پێویستە وەبەرچاو بگیردرێ، ئەویش بریتی‌یە لە چوارچێوەی ئیختیاراتی ئەو دەوڵەتە کە دەیەوێ ئەو مافو ئازادی‌یانە سنووردار بکاتەوە.

دادگای ئۆرووپا، ســـەلاحیەت بە دەوڵەت دەدات کە بەگوێرەی ئەو هەلومەرجە کە لە وڵاتەکەی دا دەگـــوزەرێو بەپێی ئەو ئامانجەوە کە دەوڵەت دەیەوێ لە ڕێگای ســـنووردار کردنی ئەو مافانەوە وەدی بێنێ، ڕێوشوێنی پێویست بۆ کارێکی لەو چەشنە بگرێتە پێش. بەو حاڵەش دادگای ئۆرووپا بەڕوونی پێ لەســـەر ئەوە دادەگرێ کە هەر چەشنە ســـنووردانانێک لەسەر مافەکانی مرۆڤ، ئەگەر

1. EMD, Silver (1983) punkt 97.

لەگەڵ ئەو مەرجو پێداویستی‌یە ڕەواو مەشرووعانە نەیەتەوە کە لەو بارەوە دەست نیشان کراون، ڕاستەوخۆ بە پێ‌شێل کردنی کۆنڤانسیۆنەکان لەقەڵەم دەدرێ. یانی مەحدوود کردنەوەو سنووردانان لەسەر مافو ئازادی‌یەکان، دەبێ پێویست بێو لە قازانجی گشتیی کۆمەڵدا بێ، ئەگینا بۆخۆی بە پێ‌شێل کردنی کۆنڤانسیۆنەکان بەحیساب دێ.

**٤.٤ لێکدانەوەی یاساکانی پێوەندی‌دار بە سنووردار کردنو ئیستیسنا دانان**

ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە لە زۆربەی کۆنڤانسیۆنەکان‌دا ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە چۆن دەکرێ مەحدوودیەت لەسەر جێ‌بەجێ کردنی ئەو مافو ئازادی‌یانە دابنرێ کە لە بڕیارنامەکان‌دا هاتوون. واتە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە چۆنو لە چ هەلومەرجێک‌دا سنووردانان، یان ئیستیسنا دانان لە جێ‌بەجێ کردنی ئەو مافانەدا ڕێگای پێ دەدرێ، بەڵام هەمیشەش وا نیە. بۆ نموونە لە پێوەندی دەگەڵ قەدەغە بوونی جیاوازی‌دانان‌دا، لە ماددەی ١٤ی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤو لە پەرەگرافی دووهەمی ماددەی ٢ی کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا، هاتووە کە ئەم مافە، بێ وەبەرچاوگرتنی هەر چەشنە جیاوازی‌یەک، پێویستە بۆ هەموان دەستەبەر و «دابین» بکرێ. بەڵام لە خودی ماددەکان یان بڕیارەکان‌دا، هیچ سنوورێک لە نێوان جیاوازی‌دانانی قانوونیو جیاوازی‌دانانی غەیرە قانوونی‌دا دیاری نەکراوە. ئەوە کە دەگوترێ ئەگەر هەندێک مەرجی تایبەتی لە گۆڕێ‌دا بن، دەکرێ جیاوازی‌دانان لە نێوان کەسەکان‌دا بکرێ، تەنیا لە ڕێگای پراکسیسەوە بەهۆی لێکدانەوەو مانا کردنەوەی ئەو بڕیارانە ڕوون کراوەتەوە. دادگای ئۆرووپا لەو بارەوە زۆر جار ڕایگەیاندوە کە:

> not every difference in treatment will amount to a violation of Article 14. ... A difference of treatment is discriminatory if it has no objective and reasonable justification; in other words, if it does not pursue a legitimate aim or if there is not a reasonable relationship of proportionality between the means employed and the aim sought to be realized[1].

دادگای ئۆرووپا، تەنیا ئەو مەحدوودیەتو سنووردانانو ئیستیسنادانانە بە ڕەسمی دەناسێ کە لەگەڵ ماددەکانی ٨، ٩، ١٠و ١١ی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤدا، بێنەوە. لەو ماددانە دا لەسەر دوو مەسەلە پێ داگیراوە. یەکەم ئەوە کە پێویستە هەر چەشنە سنووردانانو ڕێزپەڕێک لە جێ‌بەجێ کردنی ئەو مافو ئازادی‌یانەدا لە خزمەت وەدی‌هێنانی ئامانجێکی ڕەواو مەشرووع دابێ، کە دابین بوونی بە قازانجی گشتی‌یە. دووهەمیش بریتی‌یە لەوە کە لە هەر حاڵەتێکی لەو چەشنەدا پێویستە بارودۆخی تایبەتیو کۆنکرێتی کۆمەڵگاکە لێک بدرێتەوەو لە بەر ڕووناکایی لێکدانەوەی هەموو

1 EMD. Konstantin Markin (2012) punkt 125.

لایەنەی وەزعەکەدا، ڕێوشـــوێنی پێویســـت وەبەرچاو بگیردرێ. دەبێ بگوترێ کە کۆمیتەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لەو بارەوە هەر هەمان ئەو شێوازو مێتۆدە بەکار دەبات کە دادگای ئۆرووپا لە پراکسیسی خۆی‌دا، بۆ دانانی سنووردانان لەسەر مافەکان بەکاری دێنێ.

شایانی باسە کە کۆمیتەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کاتی جیاوازی‌دانانی قانوونیـــش‌دا، هەر لەو جـــۆرە مێتۆدە واتە مانا کردنەوەو لێکدانەوەی یاســـاو قانوونەکان، بەگوێرەی هەلومەرجە دیاریکراوەکان، کەڵک وەردەگرێ[1].

1 OSK-komiteen General Comment No. 20 (2009), punkt 13. At det i vurderingen av diskrimineringsvernets rekkevidde skal foretas konkrete forholdsmessighetsvurderinger, er uttrykkelig lovfestet både i EØS/EUretten og i den nasjonale lovgivning på diskrimineringsområdet.

## بەشی پێنجەم
## بەرەو داهاتوو

بەشێوەیەکی گشتی مافەکانی مرۆڤ لە ژێر فشارو پاڵەپەستۆی هەموو لایەنە دان. لە پێش‌دا ئەوان لەلایـــەن ئەو دەوڵەتانەوە لە ژێر فشـــار دان کە پێیان وایە سیســـتەمی نیونەتەوەییی چاوەدێریو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، پێ لە بەرەی خۆی زیاتر ڕادەکێشێ. ئەوان لەو بڕوایە دان کە مافەکانی مـــرۆڤ، مەیدانی دەوڵەتەکان بۆ ئەنجامدانی کردەوەی سیاســـی، بە قازانجی هەندێک بەرژەوەندیی گشتیی دیکە، بەرتەسک دەکەنەوە. لەلایەکی دیکەوە لەو بارەشەوە مافەکانی مرۆڤ لە ژێر فشار دان کـــە زۆرن ئەوانەی ئیددیعا دەکەنو داوا دەکـــەن کە گەلێک نرخو بایەخی دیکە وەک مافی مرۆڤ بناســـرێنو لە پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ دا جێگایان بۆ بکرێتەوە. ئاخر ئەگەر ڕۆژ بە ڕۆژ نرخو بایەخی دیکەی تازە وەک مافی مرۆڤ قبووڵ بکرێنو بەڕەســـمی بناســـرێن، مەترسیی ئەوە هەیە کە ئەو مەوقعییەتە تایبەتی‌یەی کە ئێستا مافەکانی مرۆڤ هەیانە، بەرەبەرە کەم بێتەوەو سەرەنجام ئەمەش دەبێتە هۆی لاواز بوونی پێگەو شوێنی مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی.

ئێمە پێمان وایە، پێویســـتە ڕێگایەکی مامناوەندی بگرینە بەر. ڕاســـتە لـــە بنەڕەتڕا مافەکانی مرۆڤ مەیدانی عەمەلو کردەوەی سیاســـی لە دەوڵەتەکان بەرتەســـک دەکەنـــەوە. زۆر گرنگە ئەو تایبەتمەندی‌یـــەی مافەکانی مرۆڤ بپارێـــزرێ، ڕێزی لێ بگیردرێو تەنانـــەت بەهێزتریش بکرێ. مافەکانی مرۆڤ، کەمایەتی‌یەکان لە بەرانبەر زۆرایەتی‌دا کە بیەوێ لە زۆرایەتیی خۆی کەڵکی خراپ وەرگرێ، دەپارێزن. تاکەکەســـەکان لەبەرانبەر دەستدرێژیو پەلاماری سەرەڕۆیانەی کاربەدەستانی

دەوڵەتدا دەپارێزن. لەوەش زیاتر مافەکانی مرۆڤ پێگەو شوێنی قانوونیی ئەو کەسو دەستەو تاقمو گروپانە بەهێز دەکەن کە لە مەوقعییەتێکی لاوازو پەراوێزخراو دان. مافەکانی مرۆڤ بە پشتیوانێک بۆ دیمۆکراسی لەقەڵەم دەدرێن، نەک بە هەڕەشە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، مافەکانی مرۆڤ نابێ بێمانا و لە ڕادە بەدەر بەرین بکرێنەوە. واتە ئاســـتەکەیان هێندە بێنینە خوار کە بایەخو گرینگیی بناخەیی خۆیان لەدەست بدەن[1]. هەر ئێستا زۆر باسو لێدوانی گەرمو جیددی سەبارەت بە پەسند کردنی کۆنڤانســـیۆنی تازە لە هەندێک بواردا، بۆ نموونە ســـەبارەت بە مافەکانی کەسانی بەساڵاچوو لەگۆڕێ دان[2]. ئەو باسو لێدوانانە لە زۆر باری دیکەوەش لە گۆڕێ دان. بۆ نموونە باس لەوە دەکرێ کە هەندێک لە کۆنڤانســـیۆنو پەیماننامەکان، پێویســـتە بەرینتر بکرێنەوە. لەلایەکی دیکەشـــەوە وەک وتمان باســـی ئەوش دەکرێ کە پێویســـتە پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنی تازە پەرەیان پێ بدرێو پەســـند بکرێن. بۆ نموونە ئایا دەست ڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت، دەبێ وەک ماف بناسرێ؟ بەو جۆرە پێبەپێی گەشـــە ســـەندنی کۆمەڵ، پرسیاری لەو بابەتە دێنە پێش. بۆیە زۆر گرنگە کە تێگەیشتنو چوارچێوەیەکی ڕوونمان سەبارەت بەوە هەبێ کە مافەکانی مرۆڤ چنو چی دەگرنەوە.

هیوادارین خوێنەری ئەم کتێبە، پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە بایەخو گرنگیی مافەکانی مرۆڤی بۆ هەڵســـووڕانی دیمۆکراســـیو کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتیک، بۆ دەرکەوتبێ. لەوەش زیاتر هیوادارین هەمووومان لەوەش تێبگەین کە مافەکانی مرۆڤ بریتیین لە «مافو ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ»و هەر بەو جۆرەش پێویستە تەماشایان بکەین.

1. http://www.ostelndingen.no/nyheter/vegen-ristet-gebisset-i-to/s/2-2.2757-1.4608679

2. http://www.ohchr.org/EN/Issues/OlderPersons/Pages/olderPersonsIndex.aspx

# سەرچاوەکان

Aall (2015) Aall, Jørgen (2015) Rettsstat og menneskerettigheter, 4. utg. Oslo: Fagbokforlaget

Andenæs/Bjørge (2012) Andenæs, Mads og Eirik Bjørge (2012) Menneskerettene og oss, Oslo: Universitetsforlaget

Andenæs/Fliflet (2006) Andenæs, Johs. og Arne Fliflet (2006) Statsforfatningen i Norge, Oslo: Universitetsforlaget

Andenæs/mfl. (2015) Andenæs, Mads, Andreas Motzfeldt Kravik og Eirik Bjørge (2015) Høyesterett og EMD: samspill, subsidiaritet og skjønnsmargin, Lov og Rett nr. 5

Andenæs/Stenvik (2009) Arnesen, Finn og Are Stenvik (2009) Internasjonalisering og juridisk metode: særlig om EØS-rettens betydning i norsk rett, Oslo: Universitetsforlaget

Backer (2005) Backer, Inge Lorange (2005) Om Høyesteretts forhold til Den europeiske menneskerettskonvensjon, Nordic Journal of Human Rights nr. 4

Blaker Strand (2010) Strand, Vibeke Blaker (2010) På vei bort fra menneskerettslovens system? Om forutberegnelighetshensynets gjennomslagskraft, Kritisk Juss nr. 3

Blaker Strand (2012) Strand, Vibeke Blaker (2012) Diskrimineringsvern og religionsutøvelse. Hvor langt rekker individvernet?. Oslo: Gyldendal Juridisk

Borvik (2011) Borvik, Bjørnar (2011) Nasjonal skjønnsmargin etter EMK replikk til Jens Edvin A. Skoghøy, Lov og Rett nr. 11

Bratza (2012) Bratza, Nicolas (2012) Tale ved ECHR High Level Conference, Brighton, 18—20. april 2012, tilgjengelig på: http://www.echr.coe.int/Documents/Speech_20120420_Bratza_Brighton_ENG.pdf

Bårdsen (2015) Bårdsen, Arnfinn (2015) De nordiske høyesterettene som konstitusjons-domstoler: Noen nyere utviklingslinjer i Norges Høyesterett, Stockholm: Nordisk Høyester-ettsseminar 23. og 24. mars 2015

Dahlberg mfl. (2014) Dahlberg, Stefan, Göran Duus-Otterström og Johan Karlsson Schaffer (2014) Så kan valhemligheten säkras i de svenska valen, DN Debatt, september 2014

Elgesem (2015) Elgesem, Frode (2015, 19. februar) Høyesterett tar grep om de nye rettighetene i Grunnloven, Aftenposten

Emberland (2006) Emberland, Marius (2006) The Human Rights of Companies - Exploring the Structure ofECHR Protection, Oxford: Oxford University Press

Evans (2001) Evans, Carolyn (2001) Freedom of religion under the European Convention on Human Rights, Oxford: Oxford University Press

Fauchald (2007) Fauchald, Ole Kristian (2007) Forfatning og miljøvern en analyse av Grunnloven S 110 B, Tidsskrift for rettsvitenskap, vol. 120, nr. 1-2

Fredman (2008) Fredman, Sandra (2008) Human Rights Transformed: Positive Rights and Positive Duties, Oxford: Oxford University Press

Hellum (2014) Hellums Anne (2014) Vern mot sammensatt diskriminering etter internasjonale ni menneskerettigheter og norsk rett: Kvinner i krysset mellom kjønn og etnisitet i Anne Hellum og Julia Köhler-Olsen (red.), Like rettigheter ulike liv: Rettslig kompleksitet i kvinne-, barne-, og innvandrerperspektiv, Oslo: Gyldendal

Helmersen (2014) Helmersen, Sondre Torp (2014) Folkerett i et nøtteskall, Oslo: Gyldendal Juridisk

Holdø/Stabell (2015) Holdo, Håvard H. og Tolle Stabell (2015) Faktumtidspunktet ved «håndhevelsessøksmål» — omkamp om plenumsdommen i Rt. 2012 s. 1985, Lov og Rett nr. 4 n

Høstmælingen (2012) Høstmælingen, Njål (2012) Internasjonale menneskerettigheter,

Oslo: Universitetsforlaget

Kjørholt (2008) Kjørholt, Elin Saga (2008) Prinsippet om barnets rett til liv, overlevelse og optimal utvikling i Njål Høstmælingen, Kirsten Sandberg og Elin Saga Kjørholt (red.), Barnekonvensjonen, 2. utg., Oslo: Universitetsforlaget

Kvanvig mfl. (2015) Kvanvig, Gisle, Solveig Marie Igesund og Agnieszka Cybulska (2015) Regionale menneskerettighetssystemer: Amerika, Afrika og Asia, NCHR Occassional Paper Series nr. 3

Langford (2008) Langford, Malcolm (2008) Social Rights Jurisprudence: Emerging Trends in International and Comparative Law, Camridge: Cambridge University Press

Larsen (2009) Larsen, Kjetil Mujezinovié (2009) «Territorial Non-Application» of the European Convention on Human Rights, Nordic Journal of International Law 78(1)

Møse (2002) Møse, Erik (2002) Menneskerettigheter, Oslo: Cappelen Akademisk

Nowak (2001) Nowak. Manfred (2001) The right to education i Asbjørn Eide, Catarina Krause and Allan Rosas (red.) Economic, social and cultural rights, The Hague: Martinius Nijhoff Publishers

Nowak (2005) Nowak, Manfred (2005) U.N. Convenant on Civil and political Rights CCPR Commentary, N.P Engel Kehl

Olsen (2005) Olsen, Henrik Palmer (2005) Magtfordeling: en analyse of magtfordelingslæren med særligt henblik på den lovgivende magt, København: DJØF forlag

Opsahl (1995) Opsahl, Torkel (1995) Begrepet menneskerettigheter, i Torkel Opsahl, Statsmakt og menneskerettigheter, bind 2, Oslo: Ad notam Gyldendal

Opsahl (1996) Opsahl, Torkel (1996) Internasjonale menneskerettigheter: En innføring, 2. utg. Oslo: Institutt for menneskerettigheter

Raday (2003) Raday, Frances (2003) Culture, Religion, and Gender, International Journal of Constitutional Law, 1 (4)

Ross (2008) Ross, Susan Deller (2008) Women's Human Rights: The International and Comparative Law Casebooks, Philadelphia: University of Pennsylvania Press

Sandberg (2003) Sandberg, Kirsten (2003) Tilbakeføring av barn etter omsorgsovertakelse, Oslo: Gyldendal Akademisk

Sandberg (2008) Sandberg, Kirsten (2008) Barns rett til å bli hort i Njål Høstmælingen,

Kirsten Sandberg og Elin Saga Kjørholt (red.), Barnekonvensjonen, 2. utg., Oslo: Universitetsforlaget

Skoghøy (2002) Skoghøy, Jens Edvin A. (2002) Bruk av rettsavgjørelser ved lovtolking og annen rettsanvendelse i Krüger, Kai, Kåre Lilleholt, Gudrun Holgersen og Nils Nygaard (red.), Nybrott og odling: festskrift til Nils Nygaard på 70-årsdagen, Oslo: Fagbokforlaget

Skoghøy (2011) Skoghøy, Jens Edvin A. (2011) Nasjonal skjønnsmargin etter EMK, Lov og Rett nr. 4

Skoghøy (2015) Skoghøy, Jens Edvin A. (2015) Menneskerettighetenes stilling etter Grunnloven, Lov og Rett nr, 4

Smith (2006) Smith, Carsten (2006) Bør menneskerettighetene styrkes i våt Grunnlov?, Jussens Venner nr. 4

Uggerud (2002) Uggerud, Ken (2002) Forholdet mellom internasjonale forpliktelser og norsk rett, i NOU 2008: 12 Rettslig vern mot etnisk diskriminering

Van Bueren (1995) Van Bueren, Geraldine (1995) The International Law on the Rights of the Child, The Hague: Martinus Nijhoff Publishers

Van Dijk mfl, (2006) Van Dijk, 2, G.J.H. van Hoof, R. van Arjen og L. Zwaak (red.) (2006) Theory and Practice of the European Convention on Human Rights, 4th ed., Oxford: Internsentia

Vasak (1977) Vasak, Karel (1977) Human Rights: A Thirty-Year Struggle: the Sustained Efforts to give Force of law to the Universal Declaration of Human Rights, Paris: The UNESCO Courier, 39(11)

White/Ovey (2010) White, Robin C.A. og Clare Ovey (2010), The European Convention on Human Rights, 5, utg., Oxford: Oxford University Press

Lovregister

Lov 17.mai 1814 Kongeriket Norges Grunnlov

§ 2 ………….95,157,158,166

§ 3 ….93

§ 16 ……..95, 158

§ 49 ….. 166

§ 50 …. 166

§ 53 …. 166

§ 54 …166

§ 61 …166

§ 89 …. 90, 217

§ 92 … 86-93, 102

§ 93 ….04,123, 127,132,205

§ 94 ….94, 134

§ 95 …. 94,145

§ 96 … 94, 102, 149

§ 97 ….. 94

§ 98 …. 94,108

§ 100 …. 94,160, 162

§ 101 …. 94, 165

§ 102 …. 94, 101, 150, 226

§ 104 …. 95, 101, 102, 180, 188, 193, 203-208

§105 …. 95

§ 106 …. 95, 142

§ 108 … 95, 210

§ 109 ….. 95, 168, 173

§ 110 … 95, 175, 192-194

§ 110a ….. 210

§ 110b …. 213, 214

§ 110c …. 91, 92

§ 112 …. 95, 212

§ 113 …. 95

§ 115 …… 225

§ 121 …. 93

Kapittel E …. 24, 94

Lov 22.mai 1902 nr. 10 Almindelig borgerlig Straffelov (straffeloven)

§ 117a …. 38

§135a …. 95

§ 349a …. 95

Lov 15desember 1950 nr. 7 om særlig3 rådgjerder under krig,

Krigsfare og liknende forhold (beredskapsloven) …. 220

Lov 22. juni 1962 nr. 8 om Stortingets ombudsmann for forvaltningen (sivilombuds-mannsloven)

§ 3a …. 105

Lov 10. februar 1967 om behandlingsmåten i forvaltningssaker (forvaltningsloven)

§ 17 ….. 208

Lov 06. mars 1981 nr. 5 om barneombud (barneombudsloven)

§ 3 …. 105

Lov 22. mai 1981 nr. 25 om rettergangsmåten i straffesaker (straffeprosessloven) § 4 …. 87

Lov 12. juni 1987 nr. 56 om Sametinget og andre samiske rettsforhold (sameloven) ……. 211

Lov 17. juli 1998 nr. 61 om grunnskolen og den vidaregåande opplæringa (opplæringslova) § 2-1….. 170

§3-1 …. 170

Lov 21. mai 1999 nr. 30 om styrking av menneskerettighetenes stilling i norsk rett (menneskerettsloven)

§ 1 ….87

§ 2 …. 36-39, 87

§ 3 …. 88, 89, 93, 100

Lov 1. april 2005 nr. 15 om universiteter og høyskoler (universitets- og høyskoleloven) § 3-6 …. 170

Lov 20. mai 2005 nr. 28 om straff (straffeloven) § 2 ….. 87

§ 174 …. 38

Lov 10, juni 2005 nr. 40 om Likestillings- og diskrimineringsombudet og Likestillings- og diskrimineringsnemnda (diskrimineringsombudsloven)

§ 1 ….105

lov 17.juni 2005 nr. 85 om rettsforhold og forvaltning av grunn og naturressurser i Finn-

mark fylke (finnmarksloven) ….211

§ 3 ….. 211

17. juni 2005 nr. 90 om mekling og rettergang i sivile tvister (tvisteloven)

§ 1-2 ….. 87

Lov 15. juni 2007 nr. 40 om reindrift (reindriftsloven) ….. 211

§ 3 … 211

Lov 15. mai 2008 nr. 35 om utlendingers adgang til riket og deres opphold her (utlendingsloven)

§ 3 ….. 87

Lov om 21. juni 2013 nr. 60 om forbud mot diskriminering på grunn av etnisitet, religion og livssyn (diskrimineringsloven om etnisitet)

§ 5. . . . . 36

Lov 22. mai 2015 nr. 33 om Norges nasjonale institusjon for menneskerettigheter

§ 1…. 103

§ 3 …104

Nasjonal og internasjonal praksis

Norges Høyesterett

Rt, 1994 s. 610 (bØlgepapp) ….88

Rt, 2000 s. 996 (Bøler) … 100

Rt, 2000 s. 1811 (Finanger I) … 85

Rt, 2002 s. 577 (Dobbelstraff I) … 88, 99

Rt, 2005 s. 833 (Uskyldspresumsjonsdommen) …. 98

Rt, 2007 s. 1281 ….. 199

Rt, 2007 s.1306 …. 199

Rt, 2008 s. 1764 (Ankenektelse) …. 99, 100

Rt,2009 s. 1261 (Ashok) … 100

Rt, 2014 s. 702 …. 93

Rt, 2014 s. 714 …93

Rt, 2014 s. 976 …. 93

Rt, 2014 s. 1292 … 102

Rt, 2015 s. 93 (Maria) ….. 101, 102, 204, 226

Rt, 2015 s. 155 (Rwanda) …. 102

Rt, 2015 s. 421 (Tomtefeste) … 93, 99, 200

Den europeiske menneskerettighctsdomstolen

A og anam (2009) A og andre 1110t Storbritannia (snr. 3455/05) 19. februar 2009 . .. . 221,222

Aircy (1979) Airey mot Irland (snr. 6289/73) 9. oktober 1979 .. 67, 146

Aksu (2012) Aksu mot Tyrkia (snr. 4149/04 and .......................15. mars 2012 .. . 151

Al-Skeini (2011) Al-Skeini og andre mot Storbritannia (Snr. 55721/07) 7. juli 2011 . . . 73-75

Assanidze (2004) Assanidze mot Georgia (snr. 71503/01) 8. april 2004 . . 74 Buckley (1996) Buckley mot Storbritannia (snr. 20348/92) 29.

september 1996 …153

Christine Goodwin (2002) Christine Goodwin mot Storbritannia

(Snr. 28957/95) 11. juli 2002. . . . .69, 80

Cruz Varas (1991) Cruz Varas og andre mot Sverige (snr. 15576/89)

20. mars 1991…. 71

Den belgiske språksak Den belgiske språksak (snr. 1474/62, 1677/62,

1691/62, 1769/63, 1994/63 og 2126/64) 12. juli 1986 … 117

El-masri (2012) El-masri mot den tidligere jugoslaviske republikken Makedonia (39630/09) 13. desember 2012…. 151

Emonet (2007) Emonet og andre mot Sveits (39051/03) 13 desember 2007…152

Engel (1976) Engel og andre mot Nederland (snr. 5100/71; 5101/71; 5102/71; 5354/72; 5370/72) 8. juni 1976…. 136

Eweida (2013) Eweida og andre mot Storbritannia (snr. 48420/10, 59842/10, 51671/10 and 36516/10) 15. januar 2013… 156

Folgerø (2007) Folgerø og andre mot Norge (snr. 15472/02) 29. juni 2007… 67, 157, 172

Foti (1982) Foti og andre mot Italia (Snr. 7604/76, 7719/76, 7781/77, 7913/77) 10. desember 1982147

Gaweda (2002) Gaweda mot Polen (snr. 26229/95) 14. mars 2002…161

Georgia mot Russland (2014) Georgia mot Russland (I) (Snr. 13255/07) 3. juli 2014…53

Gillian og Quinton (2010) Gillian og Quinton mot Storbritannia (Snr. 4158/05) 28. juni 2010…136

Golder (1975) Golder mot Storbritannia (snr. 4451/70) 21. februar 1975 , . . 64, 146

Göthlin (2014) Göthlin mot Sverige (snr, 8307/11) 16, oktober2014 … 138

Greens og M. T (2010) Greens og M.T mot Storbritannia (snr. 60041 /08 og 60054/08) 23. november 2010, … 166

Gündüz (2004) (Gündüz Tyrkia (sn r. 2507/97) 4. desernber …160

Guzzardi (1980) Guzzardi mot Italia (snr. 7367/76) 6. november 1980… 136

Handyside (1976) Handyside mot Storbritannia (snr 5493/72) 7. desember 1976 …. 82, 159

Harkins og Edwards (2012) Harkins og Edwards mot Storbritannia (snr. 9146/07 og 32650/07) 17. januar 2012 ……. 131

Hassan (2014) Hassan mot Storbritannia (snr. 29750/09) 16. september 2014 ……….. 64, 220

Hatton (2003) Hatton og andre mot Storbritannia (snr. 36022/97) 8. juli 2003 …… 215

H.L. (2004) H.L. mot Storbritannia (snr. 45508/99) 5. oktober 2004 … 136

Husayn (2015) Husayn (Abu Zubaydah) mot Polen (snr. 7511/13) 16. februar 2015 …. 128

Ilascu (2004) Ilascu og andre mot Moldova og Russland (snr. 48787/99) 8. juli 2004 …….. 74

Ilievska (2015) Ilievska mot den tidligere jugoslaviske republikken Makedonia (snr. 20136/11) 7. mai 2015 …… 129

Irland mot Storbritannia (1978) Irland mot Storbritannia (snr. 3510/71) 18. januar 1978 … ….53, 129

Jersild(1994) Jersild mot Danmark (snr. 15890/89) 23. september 1994.. 160

Johnson (1986) Johnson og andre mot Irland (snr. 9697/82) 18. desember 1986 ….. 71

Kaboulov (2009) Kaboulov mot Ukraina (snr. 41015/04) 19. november 2009 …. 131

Kjeldsen mfl. (1976) Kjeldsen, Busk Madsen og Pedersen mot Danmark (snr. 5095/71) ….. 172

Kokkinakis (1993) Kokkinakis mot Hellas (snr. 14307/88) 25. mai 1993

154

Konstantin Markin (2012) Konstantin Markin mot Russland (snr, 30078/06) 22. mars 2012 …….. 114, 115, 117, 227

Kontrova (2007) Kontrova mot Slovakia (snr, 7510/04) 31. mai 2007 . . .124

Korolev (2010) Korolev mot Russland (snr, 25551/05) 1. juli 2010 (avvisningsavgjørelse) …. 78

Lautsi (2011) Lautsi og andre mot Italia (snr.30814/06) 18. mars 2011. 172

Lawless (1961) Lawless mot Irland (snr. 332/57) l. juli 1961 … 139, 221

Laila Sahin 2005 lilla sahin mot Tyrkia (snr. 44 774/98) 10. november 2005 … 157

Lindheim 2012 Lindheim og andre mot Norge (snr. 13221/08 og 2139/12. juni 2012 …. 199, 200

Lloyd (2005) Lloyd og andre mot Storbritannia (snr. 29798/96, 30395/96, 34327/96, 34341/96, 35445/97 36267/97, 36367/97, 37551/97, 37706/97, 38261/97, 39378/98, 41590/98, 41593/98, 42040/98, 42097/98, 45420/99, 45844/99, 46326/99, 47144/99, 53062/99, 53111/99, 54969/00, 54973/00, 54997/00, 55046/00, 55068/00, 55071/00, 56109/00, 56231/00, 56232/00, 56233/00, 56429/00, 56441/00, 2460/03, 2482/03, 2483/03, 2484/03 og 2490/03) 6. juli 2005 ……... 138

M. og andre (2012) M. og andre mot Bulgaria og Italia (Snr. 40020/03) 31. juli 2012 ……….. 132

Mamatkulov og Askarov (2005) Mamatkulov og Askarov mot Tyrkia (Snr. 46827/99 og 46951/99) 4. februar 2005 … 131

Marckx (1979) Marckx mot Belgia (snr. 6833/74) 13. juni 1979…. 69

N. mot Finland (2005) N. mot Finland (snr. 38885/02) 26. juni 2005… 131

Nada (2012) Nada mot Sveits (snr. 10593/08) 12. september 2012….151

Nechiporuk og Yonkalo (2011) Nechiporuk og Yonkalo mot Ukraina

(Snr. 42310/04) 21. juli 2011. 128

Niemietz (1992) Niemietz mot Tyskland (snr. 13710/88) 16. desember 1992 . . .. 151

O'Keeffe (2014) O'Keeffe mot Irland (snr. 25810/09) 28. januar 2014… 130

Opuz (2009) Opuz mot Tyrkia (snr. 33401/02) 9. juni 2009 ….. 130

Ostendorf (20J3) Ostendorfmot Tyskland (snr.15598/08) 7. mars 2013... 138

Peck (2003) Peck mot Storbritannia (snr. 44647/98) 28. januar 2003 … 151

Pretty (2002) Pretty mot Storbritannia (snr. 2346/02) 29. april 2002 … 126

Rasmussen (1984) Rasmussen mot Danmark (snr. 8777/79), 28.november 1984 …. 114

Saadi (2008) Saadi mot Storbritannia (snr, 13229/03) 29, januar 2008 …64........... 64

S.A.S (2014) S.A.S. mot Frankrike (snr. 43835/11) l. juli 2014 … 151, 157

Scordino (2006) Scordino mot Italia (no. 1) (snr. 36813/97) 29. mars 2006 , ….. 83

Selmouni (1999) Selmouni mot Frankrike (snr. 2803/94) 28. juli 1999 ... 068, 128

Shimovolos (20J11) Shimovolos mot Russland (snr. 30194/09). 21. juni 2011 …. 136

Siliadin (2005) Siliadin mot Frankrike (snr. 7331/01) 26, oktober 2005 . . 133

Silver (1983) Silver og andre mot Storbritannia (snr. 5947/72; 6205/73; 7052/75; 7061/75; 7107/75; 7113/75; 7136/75) 25.mars 1983 . . . … 225

Société Colas Est (2002) Société Colas Est og andte mot Pranktike (snr. 37971/97) 16. 2002 …... . .70

Soering (1989) Soering mot Storbritannia (snr.14038/88) 7. juli 1989 .. . 131

Stec (2005) Stec og andre mot Storbritannia (snr. 65731/01), 65900/01) 6.juli 2005 (avvisningsavgjørelse) …. 200

Sunday Times (1979) Sunday Times mot Storbritannia (snr. 6538/74) 26. april 1979. . . . . . . 223, 224

Thelimmenos (2000) Thlimmenos mot Hellas (Snr. 34369/97) 6. april 2000 …..110

Tyrer (1978) Tyrer mot Storbritannia (Snr. 5856/72) 25. april 1978 , . .68

Virabyan (2012) Virabyan mot Armenia (Snr. 40094/05) 2. oktober 2012 128

Z og andre (2001) Z og andre mot Storbritannia (snr. 29392/95) 10.mai 2001 ….. 130

Den europeiske menneskerettskommisjonen

«The Greek Case», Danmark, Norge, Sverige og Nederland mot Hellas (Snr. 3321/67, 3322/67, 3323/67, 3344/67) (1969) . . . . . . . . 222

Den internasjonale domstolen (ICJ)

Certain Expenses of the United Nations (Article 17, paragraph 2, of the Charter) Advisory Opinion of 20.7.1962, ICJ Reports 1962, s. 151 . . . .65

Individklagesaker fra FN-komiteer

FN-komitéen for personer med nedsatt funksjonsevne Marie-Louise Jungelin mot Sverige,

Communication no. 5/2011 (14.11.2014). ..... 81

FNS menneskerettskomité Burgos mot Uruguay, Communication no. 52/1979 (29.7.1981). . . . . . . 71

FNS menneskerettskomité Leirvåg mfl. mot Norge, Communication no. 1155/2003 (23.11.2004) …… 97, 157, 172

FNS rasediskrimineringskomité Det mosaiske trossamfunn mfl. Mot Norge, Communication no. 30/2003 (15.8.2005) …….. 97

Internasjonale konvensjoner og deklarasjoner

ASEAN-pakten (20.11.200T)

ASEANs menneskerettserklæring (19.1 1.2012)

Bill of Rights (16.12.1689), vedtatt av Det engelske parlamentet

Den amerikanske erklæringen om menneskets rettigheter og plikter (2.5.1948)

Den amerikanske uavhengighetserklæringen (04.07.1776)

Den europeiske menneskerettighetskonvensjonen (Konvensjon om beskyttelse av menneskerettighetene og de grunnleggendefriheter) (4.11.1950) vedtatt av Europarådet

Den europeiske konvensjonen om forebyggelse av tortur og umenneskelig eller nedverdigende behandling eller straff (26.11.1987) vedtatt av Europarådet

Den europeiske unions charter om grunnleggende rettigheter (7.12.2000)

Den interamerikanske menneskerettighetskonvensjonen (22.11.1969) vedtatt av Den interamerikanske menneskerettighetskommisjonen

Den reviderte europeiske sosialpakt (3.5.1996) vedtatt av Europarådet

Det afrikanske charteret om barns rettigheter og velferd (29.11.1999) vedtatt av Den afrikanske unionen

Det afrikanske charteret om menneskers og folks rettigheter (Banjul Charteret) (27,6, 1981) vedtatt av Den afrikanske unionen

Erklæringen om menneskets og borgerens rettigheter (26.08.1789) vedtatt av Den franske nasjonalforsamlingen

FN-pakten (26.6.1945)

FNs konvensjon mot tortur og annen grusom, umenneskelig eller nedverdigende behandling eller straff (10.12.1984) Generalforsamlingens resolusjon 39/46

FNs konvensjon om avskaffelse av alle former for diskriminering av kvinner (J 8. J 2, J 979) Generalforsamlingens resolusjon 34/ 180

FNs konvensjon om avskaffelse av alle former for rasediskriminering (21.12.1965) Generalforsamlingens resolusjon 2106 (XX)

FNs konvensjon om barnets rettigheter (20.11.1989) Generalforsamlingens resolusjon 44/25

FNs konvensjon om beskyttelse av rettighetene for alle fremmedarbeidere og deres familiemedlemmer (18.12.1990) Generalforsamlingens resolusjon 45/158

FNs konvensjon flyktningers stilling (28.7.1951) United Nations, Treaty Series, vol. 189

FNs konvensjon rettighetene til personer med nedsatt funksjonsevne (13.12.2006) Generalforsamlingens resolusjon 61/106

FNs konvensjon sivile og politiske rettigheter (16.12.1966) Generalforsamlingens resolusjon 2200A (XXI)

FNs konvensjon om økonomiske, sosiale og kulturelle rettigheter (16.12.1966) Generalforsamlingens resolusjon 2200A (XXI)

FNs verdenserklæring om menneskerettigheter (10.12.1948) Generalforsamlingens resolusjon 217 A (III), UN doc. A/810/71

Kampala-konvensjonen om beskyttelse og assistanse til internt fordrevne i Afrika (22.10.2009) vedtatt av Den afrikanske unionen

Konvensjon nr. 29 om tvangsarbeid (28.6.1930) vedtatt av Den internasjonale arbeidsorganisasjonen (ILO)

Konvensjon nr. 105 om avskaffelse av tvangsarbeid (25.6.1957) vedtatt av Den internasjonale arbeidsorganisasjonen (ILO)

Konvensjon nr. 169 om urfolk og stammefolk i selvstendige stater (27.6.1989) vedtatt av Den internasjonale arbeidsorganisasjonen (ILO)

Magna Carta (15.6.1215)

Rammekonvensjonen om beskyttelse av nasjonale minoriteter (1.2.1995) vedtatt av Europarådet

Slavekonvensjon (25.9.1926) vedtatt av Folkeforbundet, 60 LNTS 253

Statuttene til Den internasjonale folkerettsdomstolen (26.6.1945)

Vienna Declaration and Programme of Action (12.7.1993) vedtatt på Verdenskonferansen om menneskerettigheter, UN Doc. A/ CONF.157/23

Tilleggsprotokoller

Andre tilleggsprotokoll til FNs konvensjon om sivile og politiske rettigheter om av dødsstraff ( 15.12.1989) Generalforsamlingens resolusjon 44/128

Første tilleggsprotokoll til FNs konvensjon om sivile og politiske rettigheter (16.12.1966) Generalforsamlingens resolusjon 2200A (XXI)

Tilleggsprotokoll til Det afrikanske charteret om menneskers og folks rettigheter om etableringen av Den afrikanske menneskerettighetsdomstolen (9.6.1998) vedtatt av Den afrikanske union

Tilleggsprotokoll til Det afrikanske charteret om menneskers og folks rettigheter om kvinners rettigheter (11.7.2003) vedtatt av Den afrikanske union

Tilleggsprotokoll til Det afrikanske charteret om menneskers og folks rettigheter om etableringen av Den afrikanske rettferdighets- og menneskerettighetsdomstolen (1.7.2008)

Tilleggsprotokoll til Den amerikanske menneskerettighetskonvensjonen vedrørende økonomiske, sosiale og kulturelle rettigheter (17.11.1988) vedtatt av Generalforsamlingen for de amerikanske stater

Tilleggsprotokollen til Den amerikanske menneskerettighetskonvensjonen om avskaffelse av dødsstraff (8.6.1990) vedtatt av Generalforsamlingen for de amerikanske stater

Tilleggsprotokoll til FNs konvensjon om avskaffelse av alle former for diskriminering av kvinner (6.10.1999) Generalforsamlingens resolusjon A/RES/54/4

Tilleggsprotokoll til FNs konvensjon om barnets rettigheter om barn i væpnet konflikt (25.5.2000) Generalforsamlingens resolusjon A/RES/54/263

Tilleggsprotokoll til FNs konvensjon om barnets rettigheter om opprettelsen av en klagemekanisme (8.4.2013) Barnekomiteens resolusjon CRC/C/62/3

Tilleggsprotokoll til FNs konvensjon om barnets rettigheter om salg av barn, barneprostitusjon og barnepornografi (25.5.2000) Generalforsamlingens resolusjon A/RES/54/263)

Tilleggsprotokoll til FNs konvensjon mot tortur og annen grusom, umenneskelig eller nedverdigende behandling eller straff (18.12.2002) Generalforsamlingens resolusjon A/RES/57/199

Tilleggsprotokoll til FNs konvensjon om rettighetene til personer med nedsatt funksjonsevne (13.12.2006) Generalforsamlingens resolusjon A/RES/61/106

Tilleggsprotokoll til FNs konvensjon om økonomiske, sosiale og kulturelle rettigheter (10.12.2008) Generalforsamlingens resolusjon A/ RES/63/117

Tilleggsprotokoll nr. 1 til Konvensjonen om beskyttelse av menneskerettighetene og de grunnleggende friheter (Den europeiske menneskerettighetskonvensjonen) (20.3.1952)

Tilleggsprotokoll nr. 4 til Konvensjonen om beskyttelse av menneskerettighetene og de grunnleggende friheter (Den europeiske menneskerettighetskonvensjonen) securing certain rights and freedoms other than those already included in the Convention and in the first Protocol thereto (16.9.1963)

Tilleggsprotokoll nr. 6 til Konvensjonen om beskyttelse av menneskerettighetene og de grunnleggende friheter (Den europeiske menneskerettighetskonvensjonen) Concerning the abolition of death penalty (28.4.1983)

Tilleggsprotokoll nr. 7 til Konvensjonen om beskyttelse av menneskerettighetene og de grunnleggende friheter (Den europeiske menneskerettighetskonvensjonen) (22.11.1984)

Tilleggsprotokoll nr. 11 til Konvensjonen om beskyttelse av menneskerettighetene og de grunnleggende friheter (Den europeiske menneskerettighetskonvensjonen) Restructuring the control machinery established thereby (11.5.1994)

Tilleggsprotokoll nr. 12 til Konvensjonen om beskyttelse av menneskerettighetene og de grunnleggende friheter (Den europeiske menneskerettighetskonvensjonen) (4.11.2000)

Tilleggsprotokoll nr. 13 til Konvensjonen om beskyttelse av menneskerettighetene og de grunnleggende friheter (Den europeiske menneskerettighetskonvensjonen) concerning the abolition of the death penalty in all circumstances (3.5.2002)

Tilleggsprotokoll nr. 14 til Konvensjonen om beskyttelse av menneskerettighetene og de grunnleggende friheter (Den europeiske menneskerettighetskonvensjonen) Amending the control system of the Convention (13.5.2004)

Tilleggsprotokoll nr. 15 til Konvensjonen om beskyttelse av menneskerettighetene og de grunnleggende friheter (Den europeiske menneskerettighetskonvensjonen) Amending the Convention for the Protection of Human Rights and Fundamental Freedoms (24.6.2013)

Tilleggsprotokoll nr. 16 til Konvensjonen om beskyttelse av menneskerettighetene og de

grunnleggende friheter (Den europeiske menneskerettighetskonvensjonen) (2.10.2013)

NOUer og høringsnotater m.m.

Dokument 8:32 S (2013—2014) Representantforslag fra stortingsrepresentant Olemic Thommessen om å etablere en ny nasjonal institusjon for menneskerettigheter organisatorisk underlagt Stortinget og knyttet til Stortingets ombudsmannforforvaltningen (Sivilombudsmannen) Dokument 12:31 (2011—2012) Grunnlovsforslag fra Per-Kristian Foss, Martin Kolberg Marit Nybakk, Jette F. Christensen, Hallgeir H.

Langeland, Per Olaf Lundteigen, Geir Jørgen Bekkevold og Trine Skei Grande om grunnlovfesting av økonomiske, sosiale og kulturelle menneskerettigheter, avgitt 28. september 2012

Dokument 16 (2011—2012) Rapport Stortingets presidentskap fra Menneskerettighetsutvalget om menneskerettigheter i Grunnloven, avgitt

19. desember 2011

Dokument nr. 16 (2014-2015) Rapport til Stortingets presidentskap fra arbeidsgruppen som har utarbeidet forslag til lov og instruks om nasjonal institusjon for menneskerettigheter, avgitt 26. mars 2015

NOU 1972: 16 Gjennomføring av lovkonvensjoner i norsk rett —fra et utvalg til å utrede spørsmålene ved transformasjon av internasjonale lovkonvensjoner til norsk rett (Transformasjonskomitéen). Utredning avgitt 20. mars 1972

NOU 1993: 18 Lovgivning om menneskerettigheter, Utredning avgitt mai 1993

NOU 2002: 12 Rettslig vern mot etnisk diskriminering, Utredning avgitt 14. juni 2002

........................................... NOU 2003: 19 Makt og Utredning avgitt 26. august 2003

NOU 2007: 13 Den sameretten- Utredning fra Samerettsutvalget, Utredning avgitt 3. desember 2007

NOU 2007: 14 Samisk naturbruk og retts-situasjon fra Hedmark til Troms Bakgrunnsmateriale for Samerettsutvalget, Utredning avgitt 3. desember 2007

NOV 2009: 14 Et helhetlig diskrimineringsvern Diskrimineringslovutvalgets utredning om en samlet diskriminerings lov, grunnlovsvern og ratifikasjon av tilleggsprotokoll nr. 12 til EMK, Utredning avgitt 19. juni 2009

Innstillinger

Innst. S. nr. 169 (2012—2013) Innstilling fra kontroll- og konstitusjonskomiteen om rapport til Stortingets presidentskap fra Menneskerettighetsutvalget om menneskerettigheter i Grunnloven

Innst. S. nr. 172 (1993—1994) Innstilling fra kontroll- og konstitusjonskomiteen angåendeforslag utformet av utvalget til å vurdere innarbeiding av menneskerettighetskonvensjoner i norsk rett, vedtatt til fremsettelse av Jørgen Kosmo, om ny bestemmelse av menneskerettigheter eller folkerett i Grunnloven S I annet ledd og eventuelt tredje ledd, S la, S 2a, 5 26 tredje ledd, S 91a, S 95a eller S 110c

Innst. S. nr. 186 (2013—2014) Innstilling fra kontroll- og konstitusjonskomiteen om grunnlovsforslag fra Per-Kristian Foss, Martin Kolberg, Marit Nybakk, Jette F, Christensen, Anders Anundsen, Hallgeir H Langeland, Per Olaf Lundteigen, Geir Jørgen Bekkevold og Trine Skei Grande om grunnlovfesting av sivile og politiske menneskerettigheter, med unntak av romertall X og romertall XXIV

Innst. S, nr. 187 (2013—2014) Innstilling fra kontroll- og konstitusjons.komiteen om grunnlovsforslag fra Per-Kristian Foss, Martin Kolberg, Marit Nybakk, Jette F. Christensen, Hallgeir H. Langeland, Per Olaf

Lundteigen, Geir Jørgen Bekkevold og Trine Skei Grande om grunnlovfesting av økonomiske, sosiale og kulturelle menneskerettigheter, med unntak av romertall IX

Innste S. nr. 233 (2011-2012) Innstilling fra kontroll- og konstitusjonskomiteen grunnlovsforslag knyttet til ny organisering av forholdet mellom staten og Den norske kirke

Innst. S. nr. 240 (2013-2014) Innstilling fra Stortingets presidentskap om representantforslag fra stortingsrepresentant Olemic Thommessen om å etablere en ny nasjonal institusjon for menneskerettigheter organisatorisk underlagt Stortinget og knyttet til Stortingets ombudsmann forforvaltningen (Sivilombudsmannen))

Meldinger til Stortinget

St.meld. nr. 17 (2007—2008) Staten og Den norske kirke

Proposisjoner

Ot.prp. nr. 3 (1998—99) Om lov om styrking av menneskerettighetenes stilling i norsk rett (menneskerettsloven)

Ot.prp.nr. 45 (2002—2003) Om lov om endring i menneskerettsloven mv. (innarbeiding av

barnekonvensjonen i norsk lov)

Ot.prp. nr. 33 (2004—2005) Om lov om forbud mot diskriminering på grunn av etnisitet, religion mv. (diskrimineringsloven)

Ot.prp. nr. 37 (2006-2007) Om lov om endringar i friskolelova

Prop. 56 S (2012—2013) Om samtykke til ratifikasjon av valgfri protokoll av 18. desember 2002 til FN-konvensjonen av 10. desember 1984 mot tortur og annen grusom, umenneskelig eller nedverdigende behandling eller straff

Prop. 88 L (2012-2013) Diskrimineringslovgivning (diskrimineringsloven om seksuell orientering, likestillingsloven, diskrimineringsloven om etnisitet, diskriminerings- og tilgjengelighetsloven).

Generelle rekommandasjoner og kommentarer fra FNS menneskerettskomité, FNS barnekomité, FNS rasediskrimineringskomité, FNS kvinnediskrimineringskomité, ØSK-komité

FNS menneskerettskomité General Comment No. 22 «Article 18 (Freedom of Thought, Conscience or Religion)» (1993)

FNS menneskerettskomité General Comment No. 23 (‘Article 27 (Rights of Minorities)» (1994)

FNS menneskerettskomité General Comment No. 24 «lssues Relating to Reservations Made upon Ratification or Accession to the Covenant or the Optional Protocols thereto, or in Relation to Declarations under Article 41 of the Covenant» (1994)

FNS menneskerettskomité General comment No. 31 Nature of the General Legal Obligation Imposed on States Parties to the Covenant» (2004)

FNS menneskerettskomité General Comment No. 35 «Article 9 (Liberty and security of-person)» (2014)

FNS barnekomité General Comment No. 1 «The aims ofeducation» (2001)

FNS barnekomité General Comment No. 5 «General Measures of Implementation of the Convention on the Rights of the Child» (2003)

FNS barnekomité General Comment No. 12 «The right of the child to be heard» (2009)

FNS barnekomité General Comment No. 14 «on the right of the child to have his or her best interests taken as a primary consideration» (2013)

ØSK-komiteen General Comment No. 3 «The Nature of States Parties› Obligations (Art.

2, Para. 1, of the Covenant)» (1990)

ØSK-komiteen General Comment No. 4 «The Right to Adequate Housing (Art. 11 (l) of the Covenant)» (1991)

ØSK-komiteen General Comment No.7 right to adequate housing (Art.11.1): forced evictions» (1997)

ØSK-komiteen General Comment No, 11 «PIans of Action for Primary Education (Art. 14 of the Covenant)» (1999)

OSK-komiteen General Comment No, 12 «The Right to Adequate Food (Art. 11 of the Covenant)» (1999)

OSK-kmiteen General Comment No. 13 «Right to Education (Art. 13 of the Covenant)» (1999)

OSK-komiteen General Comment No. 14 (ThwRight to the Highest Attainable Standard of Health (Art. 12 of the Covenant)»

OSK-komiteen General Comment No. 15 «The Right to Water (Arts. 11 and 12 of the Covenant)» (2003)

OSK-komiteen General Comment No. 18 Theright to work (Art. 6 of the Covenant)» (2005)

OSK-komiteen General Comment No. 19 the right to social security (Art. 9 of the Covenant)» (2008)

OSK-komiteen General Comment No. 20 «Non-discrimination in economic, social and cultural rights» (2009)

OSK-komiteen General Comment No. 21 «Right of everyone to take part in cultural life (Art. 15, para. la of the Covenant on Economic, Social and Cultural Rights)» (2009)

FNS kvinnediskrimineringskomité General Recommendation No. 25 «on article 4, paragraph 1, of the Convention on the Elimination of All Forms of Discrimination against Women, on temporary special measures» (2004)

FNS kvinnediskrimineringskomité General Recommendation No. 27 «Older women and protection of their human rights» (2010)

FNS kvinnediskrimineringskomité General Recommendation No. 28 «on the core obligations of States parties under article 2 of the CEDAW» (2010)

FN kvinnediskrimineringskomité og FN barnekomité Joint General Recommendation No. 31 og General Comment No. 18 «on harmful practices» (2014)

FNS rasediskrimineringskomité General Recommendation No. 32 «The meaning and scope of special measures in the International Convention on the Elimination of All Forms Racial Discrimination» (2009)

FNS rasediskrimineringskomité General Comment No. 35 «Combating racist hate speech» (2013)

Annet

FNS Generalforsamling

Resolusjon 217 A (Ill), Universal Declaration of Human Rights, 10. desember 1948, UN doc. A/810/71

Resolusjon A/RES/48/121, World Conference on Human Rights, 20. desember 1993

Resolusjon A/RES/48/ 134 National institutions for the promotion and protection of human rights (Paris prinsippene), 20. desember 1993

Resolusjon A/RES/60/251, Human Rights Council, 3. april 2006

Resolusjon A/RES/68/268, Strengthening and enhancing the effective functioning of the human rights treaty body system, 9. april 2014

FNS Menneskerettighetsråd

Resolusjon A/HRC/RES/5/1, Institution-building of the United Nations Human Rights Council, 18. juni 2007

FNS Økonomiske og sosiale råd

ECOSOC Resolusjon 1503 (XLVIII) (27.5.1970)

ECOSOC Resolusjon 1985/17 (28.5.1985)

COSOC Resolusjon 2000/3 (19.6.2000)

This book seeks to provide a thorough overview of the International Human Rights Law. It introduces how human rights are protected in international and regional conventions. The book explains the content of a wide range of human rights, including economic, social, cultural, civil, and political rights.
Without an understanding of the international Human Rights law and how it is created and applied, we cannot really address the question that must remain central to the study of this subject: how to make human rights law an ever more effective weapon against human rights violations around the world.



Vibeke Blaker Strand is Professor of Law at the Department of Public Law at the Faculty of Law, University of Oslo.
She has been elected research dean at the faculty in the period 2020–2023. Her work is mainly related to the disciplines of discrimination and equality, international human rights and methodology.



Kjetil Mujezinovic Larsen (b. 1976) is a professor of law at the Department of Public Law at the Faculty of Law, University of Oslo. His research interests include international human rights (especially human rights in conflict), international humanitarian law, and general international law (especially the responsibilities of international organizations). His PhD dissertation dealt with the application of international human rights conventions in peace operations and was published by Cambridge University Press (2012) as “The Human Rights Treaty Obligations of Peacekeepers.

ئەم کتێبە  مافەکانی مرۆڤ و چۆنیەتی پاراستنی ئەوان لە پەیماننامە نێونەتەوەییو ناوچەییەکاندا دەخاتە بەرباس. گرنگترین مافە  مەدەنی، سیاســی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان شــی دەکاتەوە. قوتابیان، خوێندکاران، مامۆســتایان، ڕۆژنامەنووســان، چالاکانی بــوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو هەموو ئەوکەســانەی دەیانەوێ ســەبارەت بە مافــە نێونەتەوەییەکانی مرۆڤ زانیاری وەدەســت بێنن، دەتوانن کەڵکی لێوەرگرن. نووســەرانی کتێبەکە جگە لەوەی پســپۆڕو مامۆســتای یاسان لە زانکۆی ئۆسلۆ، ساڵانێکی زۆریش لە ئاستی جۆراوجۆردا بۆ بردنە پێشی مافو ئازادییەکانی مرۆڤ کاریان کردوە.

# International Human Rights in a Nutshell

ئەم کتێبە بریتی‌یە لە کورتەباسێک سەبارەت بەو ماف‌و ئازادی‌یانەی مرۆڤ کە لە سیستەم‌و میکانیزمە نەتەوەیی‌و نێونەتەوەیی‌یەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ دا، دەپارێزرێن. مەبەست لەو کتێبە ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی دەیانەوێ لەسەر مافەکانی مرۆڤ زانیاری وەدەست خەن، بێ‌ئەوەی پێویست بێ لە پێش دا سەبارەت بە بابەتەکە زۆر بزانن، بتوانن بیخوێننەوەو کەڵکی پێویستی لێ‌وەرگرن.

لەبەرئەوەی تێکۆشاوین کە تەنیا جەوهەرو کاکڵی باسەکان بخەینە بەرباس، بابەتەکان بە کورتی داڕێژراون. بەڵام لە هەمان کات‌دا، هەوڵمان داوە سەرچاوەی جۆراوجۆری دیکە لە کۆتایی بابەتەکان دا، بۆ ئەو خوێنەرانە کە دەیانەوێ شارەزایی زۆرتر لەسەر بابەتێکی دیاری‌کراو، وەدەست خەن، دەست‌نیشان کەین.

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی
دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران
www.govartishk.com